جەلال تاڵەبانی

بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان

بەرگی دووەم

بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

پرۆژەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال

پرۆژەیەکی ئامانجدارە، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ ئەدات هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی سەرۆک مام جەلال کۆ بکاتەوە، لە کتێب و وتار و نامە و چاوپێکەوتنە بیناراوو نەبیناراوەکان، پاشان چاپکردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداری هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفی خۆیاندا بەرهەمێک لەو بەرهەمانەیان پاراستووە، لەگەڵ پاراستنی مافە مەعنەوییەکانی ئەو بەڕێزانە.

ئەمە سادەترین پرۆژەی وەفادارییە بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی سەرۆک مام جەلال ، ڕێبازێک کە ڕۆشنکەرەوەی فیکری و عەمەلیی ڕێگای خەباتە بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمانی و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری گشتیی پرۆژەکە

پرۆژەی کۆ بەرهەم

١٣



جەلال تاڵەبانی

بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان

بەرگی دووەم

ئامادەکردن و وەرگێڕان و پەراوێز

سامی قادر

-ناوی کتێب: بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان ـ بەشی دووەم
-نووسەر: جەلال تاڵەبانی
ئامادەکردن و وەرگێڕان و پەراوێز: سامی قادر
- پێشەکی : ستران عەبدوڵڵا
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانە: چاپخانەی کارۆ
- چاپ: یەکەم ـ 2026
- تیراژ: (500) دانە
- نرخ: (5000) دینار
-زنجیرە: (560/ 105)
- ژمارەی سپاردن: (2461) لە ساڵی 2026 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا

بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێرست

پێشەکی - ٨

دەبێ بگوترێ - ١٤

پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکراسی ٣٣

نەهێشتنی بەڕەڵلایی ٦٥

دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد ٧١

چاوپێکەوتنی ئەلنەفیر لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی ١١٣

جووتیاران پلە و هەڵوێستیان لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا ١٣٤

هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەبێ حزبی پێشڕەو نییە ١٥١

سۆسیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لە عیراقدا ١٦٠

چەند ڕایەک لەسەر مەسەلەی کورد ٢٠٥

جەژنی نەورۆز ٢٤٥

دەربارەی پێویستیی بوونی پارتی پێشڕەومان ٢٥٤

گەشتێک بە بولگاریای نوێدا ٢٧٥

لە چلەی سادق بابۆدا ٢٩١

ئێوەی بارزانی ولاتەکەمان جێبهێڵن ٢٩٧

چۆن مارکسیزم – لینینیزم فێر ئەبین؟ ٣٠١

یەکەم سەر وتاری ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ ٣٨٨

باری ئێستای خەباتمان ٣٩٤

زەبەلاحە ڕەشەکە لە خەوی قووڵ بێدار دەبێتەوە ٤١٣

سەرچاوەی وتارەکان ٤١٨

بەڵگە نامەکان ٤٢١

پێشەکی

زنجیرە کتێبەکانی بۆردی هۆشیاری لەسەر ئەدەبیاتی مام جەلال, چ ئەوانەی (پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال) بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و چ ئەوانەی کۆششی هەڤاڵانی بە پەرۆشی وەکو کاک سامی قادرن، بەردەوامن و ئەم کتێبەی بەشی دووەمە، لە وێستگەیەکی دوورمەودا دا.

هەر بەردێکی زێڕین، کە دەخرێتە سەر تەلاری بەرزی ئەندێشە و ئەزموونی نووسینی مام جەلال شاری مەعریفەی فیکری و کەلتوری شۆڕشگێڕی کوردایەتی و ئەدەبیاتی حزبایەتی لە کوردستان بە گشتی و هی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تایبەتی، ئاوەدانتر و سەوزەلانی تر دەکات.

زیاتر لە شەست ساڵی خەباتی فیکری، ئاخاوتن و نووسین و دەربڕین، کە مام جەلال هاوشانی خەباتی پراکتیکی کۆششی بۆ کردووە، ڕەوتێکی دەوڵەمەند و ڕێگە درێژە، کە تێکۆشەرانی کایە جیاجیاکان پێی ئاشنا بوون و بەرخورد و تەماسیان لەگەڵی کردووە، لێی فێربوون و لە دونیابینی فراوانییەوە تێکۆشانی هەمەلایەنەیان کردووە، ئەم کەلتورە کەڵەگەتە بۆتە قیبلەنما و لە ڕێڕەوی کاردا بەکاریان هێناوە. بێگومان ئەمڕۆش بۆ دانانی لە ڕەفەی کتێبخانەی تینووی کوردایەتی و حزبایەتی و لەوەش گرنگترن بۆ ڕێنوێنی فەرهەنگی و سیاسی پێویستیان پێیەتی، بۆیە هەر هەنگاوێکی نوێ لە کایەی کۆکردنەوەی بەرهەمی نووسینی کتێب، گوتار و وتار و دیداری مام جەلال، بە هەموو زمانەکان و لە هەموو کایەکاندا، وێستگەیەکی تری چۆنایەتی دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتەکەمان لە ڕێی کۆکردنەوەی خەمخۆرانەی باڵاترین ڕەنجی ئەندێشەیی لەناو کوردایەتیدا، کە ئەندێشەی مام جەلالە.

ئەم زنجیرە نووسینەی هەڤاڵ سامی قادر ئیشی لەسەر وەرگێڕان، پۆلێنکردن و پەراوێز دانان و ئامادەکردنی کردووە، هەمان ئەو نیاز و ڕێبازەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کە

بەسەر هەموو بەرهەمەکانی مام جەلالدا جێبەجێ دەبێت بەری بیرکردنەوەی حزبایەتی دەیان ساڵەیەتی لەناو ڕیزەکانی پارتی، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ڕێکخستنەوە و چاپکردنەوە بۆ بەردەستی و بڵاوبوونەوەی بە فراوانترین شێوە هەم ئەرکێکی ڕۆشنبیری و هەم ئەرکێکی حزبی و دیارە هەمیش ئەرکێکی نیشتمانییە، سەبارەت بەو ناونیشانە جیا جیایانەی مام جەلال لە کایەی کوردستان و عیراق و جیهاندا هەیەتی، بەڵام ناشێ وا سەیری ئەم کۆششە فراوانەی بۆردی هۆشیاری، و ناوەندە پەروەردەکانی تر دەستیان داوەتێ، بکەین، کە تەنها و تەنها چالاکییەکی ئەرشیفی و دیکۆمنتاری، یان لەوەش واوەتر، پەیامێکی وەفاداری و جێبەجێکردنی ئەرکێکی هەڤاڵێتییە بەرامبەر هەڤاڵ و ڕابەرێکمان کە هەموومان، لە هەموو کایە و ئاراستەکاندا قەرزارین، بە کایەی نووسین و ڕەنجی فیکریشەوە. بێگومان ئەم تەداروکە ئەرشیفی و دیکۆمنتارییە بۆ پاراستنی ئەم گەنجینە دەوڵەمەندەی گەلەکەمان و بزووتنەوەکەمان هەر زۆر زۆر گرنگە و هیچ قسەی تیا نییە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەم ئەنگێزانەی لێرەدا باسی دەکەین هیچیان لە مەیلە ئەرشیفییەکە کەمتر نین:

یەکەم: ڕێڕەوی فیکری و ئەندێشەی ئەم نووسینانە بە: جیاوازی باسەکانیان، جیاوازی زمانی نووسینیان لە عەرەبی و کوردی، جیاوازی کاتوساتی نووسینیان و جیاوازی سروشتی نووسینیان (وەک وتار، توێژینەوە و دیدار) هێڵی گشتی بیرکردنەوە و هەڵوێست و ڕوانگەی خاوەنەکەیان دەردەخەن، لەسەر پرسی، نیشتمانی، داخوازییە ڕەواکانی میللەتی کورد و لینکە هاوبەشەکان لە عیراق و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر پرسە حزبی و ڕێکخراوەییەکان. لە گشتیاندا هەر ڕوانگەی نووسەر و خاوەن نەزەر نابینین، بەڵکو گەشبینی ڕابەر و خاوەن مەسەلە، ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی شۆڕشگێڕێکی بەرچاو ڕوون دەبینین کە لە سەرەتاوە سەختی ڕێگای خەباتی کوردایەتی دەرک پێدەکات و گەرەکێتی بە وشە و گوزارشتەکانی کە پێی ناسراوەتەوە کەموکوڕی و دژواریەکان ببینێ، بەڵام هەمیشە لە ڕەوایی و دادپەروەری پرسەکەیەوە ئیلهام وەردەگرێ و هێشتا دەڵێ کە هێشتا ئومێد ماوە و لەم قوڕەوە دەشێ و بگرە ئەرکە، تۆزی خەباتگێڕی و ڕابوونی شۆڕشگێڕی هەڵبستێنین.

دووەم: باسەکانی نووسەر و خاوەن نەزەر، بەو هەموو جیاوازیانەوە، تاڵە دەزوو، ئەمما تاڵە دەزوویەکی تۆکمە و پتەو، لە نێوان گشتی و تایبەتمەندی، دروست دەکات. گفتوگۆ لەگەڵ مێژوو و بەسەرهاتەکانی نەتەوە (سۆشیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لە

عیراقدا، چەند رایەک لەسەر مەسەلەی کورد، جەژنی نەورۆز، باری ئێستای خەباتمان) ئەزموونە شۆڕشگێرییەکانی ڕەوتی چەپ و سۆشیالیست و دیموکراتی لە نموونەی (پوختەی باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکراسی، جووتیاران پلە و هەڵوێستیان لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا، گەشتێک بە بولگاریای نوێدا، چۆن مارکسیزم _ لینینیزم فێر ئەبین؟، زەبەلاحە ڕەشەکە لە خەوی قووڵ بێدار دەبێتەوە) دەکات و جەدەلی قەناعەت پێکردن و گوێزانەوەی نموونەی شایەنی بەشداری فیعلی دەهێنێتەوە. بۆ ئەوەی مەنتیقی کوردایەتی سەربخات و هیچ نەبێ لە نێوان مەنتیقە زاڵەکاندا جێیان بۆ بکاتەوە، وەک ئەگەری شیاو و ئحمێکی کوردانە لە دیمەنی دەرودراوسێدا جێیان بکاتەوە (دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد، دیداری گۆڤاری ئەلنەفیر و ..).هتد.

سێیەم: باسەکان لە نێوان عەرەبی نووسین و کوردی نووسیندا دوو خەسڵەتی شێوازی نووسینی مام جەلالمان بۆ تەئکید دەکەنەوە:

ا- قەناعەتە جێگیر و نەگۆڕ و پرنسیپییەکان

ب- شێوازی دەربڕین، هاندان بۆ قەناعەتپێکردنی دۆستانە و دیتنەوەی پردی هاوبەش بۆ تێگەیاندنی بەرامبەر و تێگەیشتن لە کۆدی ڕازەکانی بۆ ئەوەی گفتوگۆ و بانگەوازی نووسین کەڵک و جەدوای خۆی هەبێت.

چوارەم: زیندوێتی ئەندێشەی مام جەلال بە دێرینیی باسەکانی و جیاوازی گێڕانەوەی هەمیشە وای کردووە نوێبوونەوە و پێشبینی و دیدگای ئایندەیی لە بەرهەمەکانیدا قوڵپبداتەوە و لەمەتنی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەربکەوێت و بدرەوشێتەوە. ڕەوتی جێگیر و پرەنسیبی لە ئەندێشەی مام جەلال هەمیشە تازەگەری و بانگەوازی بەردەوامی گۆڕانکارییە. نەیارە کورتبینەکانی مام جەلال، بە تایبەتی داگیرکەران و دوژمنانی کورد، هەمیشە ئەمە بە پڕوپاگەندەی تەکتیکیی مام جەلال لەسەر حسابی ستراتیژ پاساو دەدەنەوە، لە کاتێکدا ڕێڕەوی ئەم نووسینانە نەگۆڕیی بیروباوەڕە نەتەوەیی، نیشتمانی، دیموکرات و دادپەروەری و سۆشیالستخوازییەکانی مام جەلال دووپات دەکەنەوە و ..... زیندوویی و تەڕێتی گێڕانەوەیان لایەنی هەمیشە بەهاری زهنیەتی وی دەسەلمێنن.

پێنجەم: ئەمەیان لە دیوی ئەندێشەیی دیار و بەرجەستەیە، لە دیوی بەسەرهات و ئەزموون و گێڕانەوەی بۆ سەر نموونە بەرجەستەکانی بینیویەتی و تێیدا ژیاوە و بەسەر میللەتەکەی و بزووتنەوەی کوردایەتیدا هاتووە، لێوەشاوەیی کرداری مام جەلالی شۆڕشگێڕ ڕوون دەکەنەوە کە دەرس و دەوری قوواڵە بۆ هەر کەسێک و تەڤگەرێک بخوازێت وەربگرێ و فێربێ و پەرەی پێبدات. خۆگونجاوتر و ئەولاتریشە بۆ یەکێتی، وەک نوێنەری کوردایەتی پێشکەوتنخواز، لەم کانیاوە سازگار و قوڵپەرە هەمیشەیی کەڵک وەربگرێ و دەستنوێژی ڕێباز و نیازی لێ بگرێت، دێرینیی نووسینەکان و زەمانی نووسەرەکەی لە باسەکانی حزبی و ڕێکخراوەییدا، بۆ نموونە (نەهێشتنی بەرەڵایی، هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەبێ حزبی پێشڕەو نییە، دەربارەی پێویستی بوونی پارتی پێشڕەومان، یەکەم سەروتاری ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ) هەنجەت نییە بۆ خۆدزینەوە و تەوەللا بوون لێی. هەڵبەتە لە ڕەوتی دوو دەیەی ڕابردوو زۆر هەبوون ویستیان بە بیانووی، گوایە پۆست نوێبوونەوەوە، کەتنی (پۆست مام جەلال) ی بکەن کە خۆزگە ئازایەتی ئاشکرایان دەبوو تا هەر نەیسە ڕەوتی کوردایەتی دەوڵەمەندتر دەبوو. بەڵام واقیعی بەردەست و دار و پەردووی ئاسەوار و بەرهەمی ناجۆریان شایەتە لەسەر ئەوەی چیان لێ بەجێماوە؟ بەداخەوە خەریکە بڵێین ئەگەری گۆڕان و نوێبوونەوەی تۆکمەشیان کردۆتە ترسێکی بێ وڕەیی لە دڵدا، جا مەگەر گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی مام جەلال هیوایان پێ بداتەوە و وزەی پێویستیان بۆ دابین بکات کە کەڵکی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و حزبایەتی مۆدێرنیان پێوە بێت.

شەشەم: لەم سۆنگەیەوە خەزینی فیکری لە ڕێی ئەم زنجیرە نووسینەوە (ئەوی بەشی یەکەم و ئەوی بەردەست) پێویستی ئەرشیفی و نیازی وەفاداری تێدەپەڕێنێ و دەبێتە زەرورەتێکی ئەمڕۆیی و ئایندەیی. بۆ ئەوەی هیچ نەبێ وردەوردە جیاوازی نوێکردنەوە لە لادان و ئیدیعا و پۆزلێدانی بێ بنەما دوور بخرێتەوە، هیچ نەبێ بریقەی تەنەکە و شمەکی ناڕەسەنمان بە ناوی ئەڵماس و زێڕی ڕاستەقینە پێ نەفرۆشرێ. بۆ ئەوەی غەربزەدەیی ڕووکەش و پاشکۆیەتی و لیبرالیەتی درۆزنانە و جیهانگیری بێ پەروامان، بەناوی هاوچەرخێتی و مۆدێرنەی تازەبابەتەوە پێ نەفرۆشرێت، کە ئێستا بە هۆی زەبری کۆنەپەرستی و ڕەوتی ناپاکی نیشتمانیی جۆرێک لە پۆرنۆی سیاسی و نەهلستیی فیکری لە ولاتەکەمان خەریکە تەشەنە دەستێنێ و لە بۆشایی فیکری دەربەست و نوێبوونەوەی ڕەسەن (سوئی ئیستیفادە) دەکات.

ئەم زنجیرە نووسینانەی ئامادەکار بە ئامادەکردنیانەوە هیلاک بووە، وەختێک لە کتێبێکدا

کۆدەبنەوە پێمان دەڵێن لەجێی کەللەڕەقی و لوتبەرزی و تەوەللا بوون، هەقە مودەعی، بە قەولی حاجی مەزن، بێتە پای سەلماندنی تازەگەرێتی هەمیشە نەمری مام جەلال. جارێ لێی بخوێننەوە، دووجاریش فێریبن و تێیبگەن، ئینجا بۆ نووسین دەتوانن پەراوێز لەسەر مەتنی بدەن و بۆ پراکتیکیش وانەکانی بکەن بە وۆرکشۆپ تاوەکو نەوەکانی ئەمڕۆی پێ گۆش بکەن، نرخ و مانای بەرز بدەنە ئەدەبیاتەکەی.

بەکورتی و ڕاشکاوی قۆناغێک ڕۆح وکەرەستە نەمرەکانی ئەم تازەگەرێتیەی لێ هەلێنجێنن و پشتی چەندین قۆناغیش بەرهەمی جەوهەری بخەنە سەر و دەورانەکەی تێپەڕێنن، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی چونکە دیدی مام جەلال خۆی پەیامی تێپەڕاندن و هەمیشە بەهاری ئەندێشەییە. ئەو سەرزەنشتی سەرچڵی و بێ باکی و باغری دەکرد، بە ئەندازەی سەرزەنشتی بۆ کۆنەپەرست و تەمبەڵی سیاسی و ترسنۆکی نەتەوەیی. چونکە ڕێک دەیگوت (ئێمە واقیعبینی، واقیع گۆڕین) و (نە لەباری ببەین و نە مرداری بکەینەوە).

ستران عەبدوڵڵا

٤ / ٧ / ٢٠٢٦

دەبێ بگوترێ:

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی بەردەست وەک کتێبی دووەمی بەشێک لە وتارە ڕۆژامەوانییەکانە، کە بەشی یەکەمی لە لایەن بۆردی هۆشیاری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ٢٠٢٤ لە دوتوێی پڕۆژەی کۆبەرهەم /١٠ کەوتە بەر دیدی خوێنەران. ئەم کارە دانان نییە بەڵکو تەنیا کۆکردنەوەی نووسینەکانی ڕەوان شاد سەرۆک مام جەلالە، هەندێکیان لە بنەڕەتدا بە زمانی شیرینی کوردی نووسراون و هەندێکیشیان بە زمانی عەرەبی نووسراون و من کردوومن بە کوردی، کە پێشتر لە کتێبی مقالات فکریة صحفیة بلاوکرابوونەوە و لەکاتی ناساندنی کتێبەکە ئامادەبووان خۆزیا و داوایان ئەوەبوو بە کوردی لەبەر دەستیان بێت تا خوێنەر بە زمانی شیرینی خۆی بیخوێنتەوە و سوود لە دید و بۆچوونەکانی مام ببینێ. بێگومان بەدیوەکەی تردا ئەم خوزیا و داوایە نەک هەر هەق و ڕەوایە بەڵکو زۆر پێویستە سەرلەبەری نووسین و بەرهەمەکانی مام بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، تورکی و هیتر بخرێتە بەردەستی خوێنەر و تۆێژەر و لێکۆڵەرەوانی گەلەکەمان و نەتەوەکانی دراوسێ و زانکۆکان و کتێبخانە گەورە و موعتەبەرەکانی جیهان بۆ ئەوەی دید و تێڕوانینەکانی مام سەبارەت بە مەسەلەی کورد و ڕەوایەتی کێشەکەی و مافی چارەنووسی گەلەکەی کە نیو سەدە زیاتر بێپەروایانە بۆی تێکوشا، وێڕای زاڵمییەتی دەسەلاتداری فەرمانڕەواکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کە بە هیچ کلۆجێ مافی مرۆییانەیان بۆی ڕەچاونەکردووە و درێغیان نەکردووە لە ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتن و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی کوشندەی کۆمەڵکوژی یاساغی نێودەوڵەتیش بەرامبەریان. هێشتا ئەم سەرۆک و سەرکردە گەورە پێشکەوتنخوازە لایەنی ئینسانی و برایەتی و بانگهێشت کردنیانی بۆ لێک تێگەیشتن فەرامۆش نەکردووە و لە ئەوپەڕی بالاێدەستیدا لە مەیدانی نەبەردی و لەحوکمڕانیش بیری تۆڵەی نەکردۆتەوە و هەمیشە بانگەشەی ئاشتی و برایەتی و دیموکراسییەت، دروشمی بووە. بە دڵنیاییەوەش ئەم کاری کۆکردنەوە و ئامادەکردن

و وەرگێڕانە ئەرکی لیژنەیەکی تایبەتمەندە بە دڵسۆزییەوە خۆی بۆ ئەم پڕۆژە پیرۆزە تەرخان بکات.

ئەم بابەتە ڕۆژنامەوانییانە لە کات و ماوەی جیاجیادا بڵاوبوونەتەوە، لە ئامادەکردنەوەیان هەوڵمداوە لە مێژووی نزیکییەوە بۆ دوورتر ڕیزبەندیان بۆ بکەم. واتە بە پێی مێژووی بڵاوکردنەوەیان دامناون، بە نموونە سەرەتا مێژووی ١٩٩٣ و دوا بابەت کە مێژووی بڵاوبوونەوەکەی ١٩٥٩ یە دادەراوە نەک بە پێچەوانەوە یەکەم بابەت هی ١٩٥٩ دانرابێ تا گەیشتووە بە ١٩٩٣. هەروەها ئەگەر نووسینێک لە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامە یان گۆڤار بڵاوبوبێتەوە ئەوە هەم بابەتەکە هەمووی هێنراوەتە لای یەک هەمیش مێژووی بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی ڕەچاوکراوە لە ڕیزبەندییەکە، بەڵام میژووی بڵاوبوونەوەی بەشی دووەمیشی لە پەراوێزدا شوێن و ساڵی بڵاوبوونەوەی نووسراوە، بەنموونە بابەتی پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکراسی، بەشی یەکەمی لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕێبازی نوێ ساڵی ١٩٩٣ بڵاوبۆتەوە، بەشی دووەمی لە ژمارە سێی هەمان گۆڤار ساڵی ١٩٩٤ بڵاوبۆتەوە، ئێمە تەنیا مێژووی ١٩٩٣ مان لەبەرچاو گرتووە لە ڕیزبەندیدا و بەم شێوەیە.

شایانی باسە ئەوەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هاتووە بریتییە لە حەڤدە سەرباس یاخود وتار، کە هەندێکیان بە دووبەش، هەندێکیان بە سێ بەش، هەندێکیان بە پێنج بەش بڵاوبوونەتەوە و هەر هەمووشیان وتاری ڕۆژنامەوانین جگە لەو وتارەی بە ناوی (سۆسیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و مەسەلەی کورد لە عێراقدا) کە وەک بابەتێک بۆ کۆڕبەندنی سۆسیالستانی عەرەب لە جەزایری پایتەخت ئامادەی کردووە و پێشکەشی کردووە، هەروەها چاوپێکەوتنەکەی ڕۆژنامەی نەفیر لەگەڵی ئەنجامی داوە و لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی ئەلنەفیر بڵاوکراوەتەوە ئەگینا کۆی ئەوانی تر وتاری ڕۆژنامەوانین بەم شێوەیە:

وتـاری یەکەم: بەهۆی هاتنە ئارای سیستەمی نوێی جیهان و ئاڵوگۆڕ لە دنیابینی و ئایدیۆلۆژیای بەشی زۆری پارتە چەپەکانی دونیا و هەرەسی بلۆکی سۆسیالستی و زاڵبوونی تاک جەمسەری و بانگەشەی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و خەباتی پەرلەمانی و پاشەکشەی خەباتی چەکداری و بەرەودان بە ڕاپەرین و خەباتی مەدەنیانە و بەستنی یەکەم کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حەلکردنی باڵەکانی ناو یەکێتی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تەبەنی کردنی بیروبۆچوونی سۆسیال دیموکرات لە بەرنامە و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مام بابەتی، پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکراتی لە دوو

ژمارەی گۆڤاری ڕێبازی نوێ، کە گۆڤاری فیکری و سیاسی ئەو قۆناغەی دوای ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکبوو، کە یەکێتیی نیشتمانیی دەری بچوێنێ، بۆ بەرچاو ڕوونی کادیر و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بڵاوکردەوە، هەرخۆشی بابەتەکەی وەک چەند دەرسێک لە پەیمانگای کادیران پێشکەش کرد بە مەبەستی گەڵاڵەبوونی دیدێکی پوخت لەسەر فەلسەفەی سۆسیال دیموکراسی کە ئیمڕۆ لە سەرانسەری دنیادا هەوادار و هەڵگری هەیە. لێرەدا بە پێویستی نازانین قسە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکەین بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی لەمیانەی خوێندنەوەی دەقەکە تێڕامان و لێ تێگەیشتن و قوڵبوونەوەی خۆی لەبارەی فەلسەفەکە بنیات بنێ.

وتـاری دووەم: ئەمیشیان هەر لە گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە یەک، ساڵی ١٩٩٣ بە ناونیشانی نەهێشتنی بەرەڵڵایی بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە ڕێنوێنی و پەرۆشیە بۆ هەڤاڵانی ڕێکخستن، هەوڵدەدات نەخۆشیەک کە دەبێتە مایەی هەڵتەکاندنی ڕیزەکانی حزبایەتی بە چەند خاڵێک دەست نیشان بکات و لەهەمان کاتدا شێوەی چارەسەرکردن و بنبڕکردنیان دەخاتە ڕوو، ئەم نەخۆشی و دەردە درمەش بەرەڵڵاییە، کە لە هەندێ قۆناغی خەبات و تێکۆشاندا دووچاری دەبێت. مام لەم وتارەیدا بە ناونیشانی نەهێشتنی بەرەڵڵایی، کە شێوەیەکی ئینتهازیەت و مۆرانەی ململانێی ئایدیۆلۆژییە، شێوازەکانی دەژمێری وەک خۆخۆڕی، ڕەخنە گرتن لە پشت ملە و ناوهێنانی هەڤاڵانی بە سووکی و تۆمەت بۆ دروست کردن، بەرگری نەکردن لە بیروباوەڕەکەی و هەڤاڵەکانی کاتێک نەیار و ناحەزان لێی دەدوێن، خۆپەسندی و لاساری و تەمبەڵی و خۆبەزلزانی، گوێنەدان بە کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵنەستان بە ئەرک و فەرمان. بۆ زاڵبوونیش بۆ نەهێشتنی بەرەڵڵایی چەند خاڵێک دیاری دەکا وەک چارەسەر لەمانە: چەسپاندنی سەرەتاکانی ڕێکخستن و گیانی حزبایەتی و کارکردن بە پرنسیپی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن، دڵسۆزی، دەست و دەم و داوێن پاکی و ڕاستگۆیی و چەند شتی تریش. ئەم وتارە بە ناوی خوازراوی توانا بڵاوکراوەتەوە.

وتـاری سێیەم: بە ناونیشانی دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد، یەکەمجار ئەم وتارە لە ژمارە دووی گۆڤاری کلتووری کوردی، کە لەلایەن سەنتەری ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن دەردەچوو بڵاوکراوەتەوە پاشان لە لایەن ڕاگەیاندنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئایاری ١٩٩٠ بە شێوەی نامیلکە بڵاو بۆتەوە، ناواخنی دوتوێی ئەم وتارە گفتوگۆکردنی ئەو بۆچوونە هەڵانەیە کە دکتۆر ئەتاسی لە نووسینی پێشەکی کتێبی عەرەب و کورد تێڕوانینێکی عەرەبیانە بۆ کێشەی کورد، کە لە لایەن مونزر ئەلموسلی نووسراوە، دەکات. ئەتاسی خاوەن هەڵوێست، بەرامبەر بە کێشەی کورد و ڕایەڵەیەکی کۆنینەی ڕۆژگاری زوو لە ئاست کێشەی کورد لەگەڵ

مونزر کۆیکردونەتەوە بەتایبەت ئەو ڕۆژگارەی هیوایەک هاندەریان بووە لە نزیک کەوتنەوەیان لە بەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکانیان، بەڵام دواتر ئاراستەکەیان لێک دوورکەوتۆتەوە و جیاوازی لە هەڵوێستیان دەرکەوتووە. ئەتاسی پێی وایە مونزر هەر بە وەفاداری لەسەر سۆزە کۆنەکەی بۆ بەعس ماوەتەوە کەچی ئەو خۆی دان بەوە دادەنێ کە ماوەیەکی زۆرە ڕێبازی بەعس بە ڕێبازی خۆی نابینێ و لێی چۆتە دەرەوە وەک بەرهەڵستکارێک لەساڵی ١٩٦٣دا بەرامبەری وەستاوەتەوە، واتە لەو کاتەوەی بەعس بۆتە دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی، دواتریش بوو بە سیستمی جیاجیا و گروپ بەندی. ئەم لێک دوورکەوتنەوەیە لەمیانەی ئەو کۆششەوە دێت کە پێشتر و تا کۆچی دواییشی پەیڕەوی لێکرد، کە هەندێک لە سەرکردەکانی بەعس خولیای گرتنە دەستی دەسەلآت و پاوانکردنی لە کەللەی دابوون ئەو ڕێگریی کردووە و بەگژ ئەو ڕەخنانەیان داچۆتەوە کە پەڵپیان پێ لە میتۆدە نەتەوەییەکەی ناسڕیەت گرتووە لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی عەرەب، وەک شۆڕشێکی دیموکراسی و نەتەوەیی، لەدەستدانی دەرفەتێکی مێژوویی لە بەدیهێنانی یەکێتییەکەی، ئەو دەرفەتەی بە ڕاچەنینی سەرکردایەتی مێژووییانەی عەبدولناسڕ فەراهەم بوو بوو، کە تا ئیمرۆش نەتوانراوە ئەو دەرفەتە لە دەست چووە بڕەخسێنرێتەوە ئەو تا مردیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە شانازی بە ناسڕییەت بوونی خۆیانەوە دەکەن.

ئەم وتارە پەیوەندی بە مەسەلەی چارەی خۆنووسینەوە هەیە، بەرگرییەکی زانستی و ئەکادیمیانەی قوڵی مام جەلالە بۆ مەسەلەی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە وەلآمی ئەو پێشەکییەی ئەتاسی بۆ کتێبەکەی مونزر ئەلموسڵی نووسیویەتی کە تیایدا ئەتاسی کەوتۆتە هەڵەی زانستیانەی مێژوویی و دیدی نادروست بەرامبەر بە کێشەی ڕەوای گەلی کورد، ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی مام بە وێژیارانە وەلآمی بداتەوە و بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی بە بەڵگە و داتا گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

مام ستایشی ئەتاسی دەکات لە هەندێک هەڵویست و بۆچوونەکانی، هەروەها سەرزەنشتی دەکا لە ئاست خۆلێگۆڕین و پشتیوانی کردنی لە ڕێبازی بەعسییە فاشیستەکان بەرامبەر لە ناوبردنی کورد، لە سەرەتا ئەو تاوانە قێزەون و دڕندانەییەی دار و دەستەی سەدامی خوێن ڕێژ بەرامبەر بە کورد ئەنجامیان داوە بۆی دەخاتە ڕوو وەک:

*- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە کورد

*- ڕاگواستن و ڕماندنی سەرجەم گوندەکان بە مزگەوت و تەکیە و خانەقا و کەنیسە و دێر و شوێنە پیرۆزەکانی تری خاوەن مەزهەب و ئەو دەستە و گروپانەی تر, کە لە سەر خاکی

کوردستان بوونیان هەیە.

*- بێبەش کردنی مرۆڤی کورد لە کەمترینی مافە مرۆییەکانی.

*- هەروەک گفتوگۆ دەربارەی هزری پان عەرەبیانە لەگەڵ ئەتاسی دا دەکات، بۆی ڕوونەدەکاتەوە و پێی دەڵێت ئینتمای عەرەبایەتیت مانای ئەوە نییە کە ڕق و کینەت بەرامبەر گەل و نەتەوەی تر هەبێت، بەڵکو پێویستە خێر و خۆشیت بۆ خەڵک و نەتەوەی تریش بوێت وەک بۆ نەتەوەکەی خۆت دەتەوێت. مام دەڵێت ئەتاسی لە بانگەواز و نووسینەکەیدا بە دوو پێوانە ڕەفتار دەکا، لەمەڕ دەسبەردارببوونی سەرکردە عەرەبەکانی عێراق بۆ دوژمنانی عێراق مێشی میوان نییە، بەڵام ئەگەر کەمترین پەیوەندی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ یەک لە دەوڵەتە دراوسێکانی - کە لە زۆر کاتدا ئەم پەیوەندی کردنە زۆر ناچارییە – ئەوە کارەساتە و تاوانێکە نابوردرێت.

بێ لەوە مام جەلال دژبەرییەک نابینێت لەنێوان داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد و عەرەب. دەکرێ ئەم داخوازییانە چارەسەریش بکرێن بەهاوکاری کردنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد، ئەگەر هاتوو ڕەهەندەکانی وەک پرۆژەی ڕزگاری نیشتمانی لەگەڵ ئامانج و خواستی ڕزگاری و یەکێتیخوازییەکانی عەرەب دژبەر و ناکۆک نەبوو ئەمەش بە:

یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب، دان بە بوونی گەلی کورددا بنێت لەسەر خاکی نیشتمانیی (کوردستان) وەک ڕاستییەکی زیندووی مێژوویی.

دووەم: داننان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد هاوشێوەی گەلانی تری دنیا.

سێیەم: پەسندکردنی دیموکراسیەت و یەکێتی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەبی برایدا لە بری یەکێتی زۆرەملێیی یاخود پاشکۆیەتی.

چوارەم: ڕازی کردنی هەردوولایەنی – کورد و عەرەب – بە ئەهمیەتی برایەتی عەرەب و کورد پێویستییەتی گۆڕینی بۆ کرداری ڕاستەقینەیی.

لەمەی لەپێشەوە باسی لێوەکرا دەردەکەوێت مام جەلال نەخشە ڕێگایەکی بۆ برایانی عەرەب دیاری کردبێت لەمەڕ چۆنیەتی ڕەفتار کردنیان لەگەڵ نەتەوەی کورد و کێشە ڕەواکەیدا دەبێ، لە کۆتاییدا ئاماژە بەوەش بدەین مام جەلال بە هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانە و ڕێبەرایەتی سەرۆک جەمال عەبدولناسڕدا هەوڵدەدا لە ئاست کێشەی کورد و پشتگیری کردنی لە کێشەی ڕەوای گەلی کورد.

وتـاری چوارەم: چاوپێکەوتن و دیداری ڕۆژنامەی ئەلنەفیرە، لەگەڵ مام جەلال. ئەم

ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بە زمانی عەرەبی لە پاکستان دەریدەچواند، لە دوو ژمارەدا چاوپێکەوتنەکە بڵاوکراوەتەوە، بەشی یەکەمی لە ژمارەی شەش کە لە مانگی هەشتی ١٩٩٠ و بەشی دووەمی لە ژمارە حەوت لە مانگی دووی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە. دیارە ڕۆژگاری دیدارەکە ئەوکاتەیە کە لە دنیادا، سەرەتای درک کردنە بە کەم بایەخ بوونی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم لە میانەی ڕاگەیاندنی بەرنامە چاکسازییەکانی گۆرباتشۆف بەناوی دووبارە بنیاتنانەوە و و شەفافیەت (بیریسترویکا و گلاسنۆست)کە بەرەنجامی ئەم چاکسازیە بووە هۆی هەرەسی ئۆردوگای ڕۆژهەلاتی واتە بلۆکی سۆسیالیست و سیستەمی کۆمۆنیستی لە ولاتانی ئۆردوگاکە یەک لەدوای یەک. بێگومان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان باڵێکی سەرەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە سەرۆک مام جەلال سکرتێری گشتی بوو. لەم ڕوانگەوە ڕۆژنامەی ئەلنەفیر دەیەوێ مام جەلال بخاتە ئەو هەڵوێستەوە کە مارکسیزم سوودی بۆ کورد نەبووە و نابێت و گەڕانەوە بۆ جیهانبینی ئیسلامی دروست تر بۆ پشتیوانی و سەرخستنی بزووتنەوەی کوردایەتی. لە دوتوێی وەڵامەکاندا دەردەکەوێت مام ستراتیژییەتی خەباتەکەی بە تاقە ستراتیژیک نەبەستۆتەوە بەڵکو ئەو هەمیشە هەموو شێواز و ڕێگایەکی لە پێناو سەرخستنی دۆزی ڕەوای کورد گرتۆتە بەر و هەوڵیداوە هەموو توانا و وزەکان لە بەرەیەکدا دژ بە دوژمنەکانیان کۆبکاتەوە و پێی وایە کاتی ئەوە هاتووە کاری بەرهەمدار ئەنجام بدرێ و واز لە دروشم و دروشمبازی بهێنرێت، کە هیچی لێ بەرهەم نەهاتووە، لە وەڵامەکانیدا بۆ پرسیاری ڕۆژنامەکە مام هۆکاری شکست خواردن بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە پشت بە تاقە تیۆرێک یان ستراتیژیەتێک ببەسترێت دیارە لەمەش مەبەستی پراکتیزەکردنی مارکسیزمە کە تەنیا دروشم بووە چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تیۆری و پراکتیزەدا هەیە، هەروەها لە نیوان گوتە و کردارا، کە ئەمە بەسەر حزبە ئیسلامیەکانیش دروستە. مام باوەڕ دەکا کە ئیسلام چارەسەرە بەڵام چۆن و لەکوێ؟ کوردێکی مارکسیست پێش هەموو شتێک لەلایەن شیوعیەتەوە دژایەتی دەکرێ، هەروەها کوردی موسڵمان لەلایەن ئەو دەوڵەتە بەناو ئیسلامی و ئەوانەی ئیدعای ئیسلامیەت دەکەن خوێن و سەروماڵی حەلاڵ دەکرێ بۆیە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا. کەواتە چارەسەر لای مام ئەوەیە کە لە واقیعی کورد لە دۆخی زاتی و بابەتیانەی کورد خۆی سەرچاوەی گرتبێ و پێویستە بە پلەی یەکەمیش پشت بەخۆی ببەستێ و چارەسەرەکان بەرهەمی هزری بیرمەند و ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی خۆی بێت نەک لە دەرەوە بهێندرێت. لە وەڵامەکاندا جۆرێک لە بێهیوایی مام، سەبارەت بە پشتیوانی دەوڵەتانی

ئیسلامی بۆ کێشەی کورد دەبینرێت بۆیە جەخت لەسەر پشت بەخۆ بەستن و تیۆری چەپکە گوڵ دەکاتەوە.

وتـاری پێنجەم: بریتییە لە وتارێک لە ڕۆژنامەی التآخي ساڵی ١٩٧١ بە ناونیشانی جووتیاران پلە و هەڵوێستیان لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانیدا، بە زمانی عەرەبی و بە ئیمزای پیرۆت کە ناوی خوازراوی مام جەلالە بلاوکراوەتەوە. لەم وتارەدا مام زانستیانە لەبەر ڕۆشنایی دیموکراسیەتی نوێ و شۆڕشی درێژخایەن، هەڵسەنگاندن بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی هاوچەرخ دەکات، کە جووتیاران لەشکری سەرەکی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانی پێکدەهێنن، جا لەم ڕوانگەوە شیکاری بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی دەکا کە لە کڕۆکیدا بزووتنەوەی جووتیارانە، کە زۆربەی زۆرینەی گەل لەوان پێکدێت و بەگشتی دووچاری چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی و ستەمی نەتەوایەتی و زوڵمی ئیمپریالی دەبنەوە.

وتـاری شەشەم: ئەویش وتارێکە لە ڕۆژنامەی (النور) بەناونیشانی هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەبێ حزبی پێشڕەو نییە. کە لە ژمارە ٤١٨ لە ٦ مارسی ١٩٧٠ بلاوبۆتەوە، لە بنچینەدا ئەم وتارە لە کۆبوونەوەی کرێکارانی شاری سلێمانی، کە بە چینی پێشەنگ دەژمێردرێن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان بە گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی. کرێکاران لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا، وەک چینێکی نوێ و شۆڕشگێڕ، خاوەنی توانایەکی ناوازە و نەبەزیون بۆ ڕێکخستن و خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن. لە هەر ولاتێکدا کە کرێکاران توانیبێتیان ئەم ڕۆڵە مێژوویییە بگرنە ئەستۆ، خەباتی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشکەوتن و بەدیهێنانی ئاواتەکان پێشکەوتووە. بە پێچەوانەوە لەو ولاتانەی کە کرێکاران نەیانتوانیوە ڕۆڵی پێشەنگایەتی خۆیان بگرنە ئەستۆ، دەرئەنجامەکەی ئەوە بووە کە ئەو ولاتانە بە دواکەوتوو و ژێردەستەیی ماونەتەوە و خەباتەکەشیان بە پاشکەوتوویی ماوەتەوە. لە نێو ئەو ولاتانەدا کوردستانی خۆشەویستمان، کە چینی کرێکار نەیتوانیوە ڕۆڵی پێشەنگی خۆی جێبەجێ بکات. بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد – کوردایەتی – بەو فۆرمەی ئەمڕۆ دەیبینین، لەم قۆناغەی ئێستادا کە ئەزموونی دەکەین، دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانێت هیچ کام لە ئامانجە ڕەوایە دیموکراسی، نەتەوەیی، یان شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان بەدیبهێنێت. چینی کرێکار چینێکی تازە و پێشکەوتووە, کە توانای ڕێکخراوەیی گەورەی هەیە و هێزێکی بێئەندازەی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا هەیە،

چونکە پەیوەستە بە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، کە ئامێری هاوچەرخی تازەن، لە ڕووی کارپێکردن و تەکنەلۆجیادا. کرێکاران بە شێوەیەکی دەستە جەمعی لە کارگە و کارخانە و کەرتەکانی تردا کە ڕێخۆشکەرە بۆ پرۆسەی ڕێکخستن لە نێوانیاندا و هۆشیارکردنەوەیان لە پرنسیپە پێشکەوتنخوازە تازەکان و زیندووکردنەوەی چالاکییەکانیان و جولاندنیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە چەوساندنەوە، دژی ئیمپریالیزم و دژی سەرمایەدارە خوێنمژەکان. چینی کرێکار تەنیا نوێترین چینی ئەم سەردەمە نییە و بەس، بەڵکو بەبێ ئەملا و ئەولا شۆڕشگێڕترینی ئەو چینەیە کە بە خەبات و تێکۆشان دەستکەوتەکانی بەدەست دەهێنێت. لێدان لە دەسەلاتە کۆنەپەرست و ستەمکارەکان و نەهێشتنی ئیمپریالیزم و ئیستغلالکاران و ستەمکاران لە بەرژەوەندی ئەودایە. چینی کرێکار نوێترین چینی ئەم سەردەمەیە، چونکە لە چاوی بەرژەوەندیی جەماوەرەوە تەماشای بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و ڕزگاربوونی بەندە بە ڕزگارکردنی جووتیاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ پێکەوە. چینی کرێکار کاتێک دەگات بە مافەکانی کە چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگاش لەگەڵ ئەودا ئازاد دەبن و گەل دەگات بەو قۆناغە کە تیایدا لە ڕەگەوە ئیستغلال و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی ڕیشەکێش کراوە.

لەم وتارەشدا مام بە نەفەسێکی شۆڕشگێڕانە وەک لە وتاری جووتیاران کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بە تێڕوانینێکی چەپی شۆڕشگێڕانە هانی کرێکاران دەدا بۆ خۆڕێکخستن و جۆشدانی خەباتیان لە ڕوانگەی ئەو تێزەی لەو قۆناغەدا بڕەوی سەندبوو.

وتـاری حەوتـەم، سۆسیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لە عێراقدا، لە ساڵی ١٩٦٧دا بە ناونیشانی (الاشتراكية والقضية القومية والمسالة الكوردية في العراق) بەشداری (ندوة الاشتراكيين العرب)ی کردووە لە جەزایر، کە لە نێوان ٢٢ تا ٢٨ مایسی ١٩٦٧ لە جەزایری پایتەخت بەستراوە، مام جەلال وەك نوێنەری کورد تیایدا ئامادە بووە، دواتر لە ١٩٦٧/٨/٢ لە بەکرەجۆ بە قەبارەی نیو فۆلسکاب تایپ کراوە و ڕاکێشراوە، کۆی لاپەڕەکانی (٥٣) لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٦٧، ئەوسا مام جەلال تەمەنی تەنیا ٣٤ ساڵ بووە، ئەم توێژینەوەی پێشکەش کردووە، توێژینەوەکە بە پێنجسەد دانە بەسەر نوێنەری ولاتانی جیاواز و ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و بیانی و ولاتە سۆسیالستەکانی وەک چاودێر ئامادەی کۆڕبەندییەکە بوون، دابەشکراوە. توێژینەوەکە کاریگەری زۆری خستۆتە سەر دەرونی نوێنەران و ئامادەبووان پەسندیان کردووە و بەرز

نرخاندویانە، بە بەڵگەی ئەوەی ئامادەبووان پێداگریان کردووە، کە هەڵسوڕێنەری دانیشتنەکە کاتێکی زیاتر لەو بیست خولەکەی بۆ هەر توێژینەوەیەک دیاریکراوە بە مام جەلال ببەخشێ تا بتوانێ تەواوی توێژینەوەکە پێشکەش بکات و دەرفەتەکەشی پێدراوە. مام لە پێشەکی توێژینەوەکەدا نووسیوویە و دەڵێ: ئەو شانازییە بۆ من بەسە, کە نوێنەران بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لە توێژینەوەکە کرد، وەک بەڵگەیەک لە سەر پەسند کردن و ئاسوودەبوون لێی. بەم هۆیەوە زۆرێک لە نوێنەران لە ڕاستییە تازەکان گەیشتن سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتە پێشڕەوەکەی و کوردە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخواز و سۆسیالستەکان، دەربارەی کێشەی کورد و پەیوەندییەکەی بە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و هاوخەباتیی شۆڕشگێڕانەی کورد و عەرەب.

ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو سەردەمە گرنگییەکەی لەوەدا خۆی دەبینێ، کە مام هەوڵی ناساندنی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی و پارتە پێشڕەوەکەی و کوردە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان بە سۆسیالست و چەپەکانی عەرەب داوە و تیاشیدا سەرکەوتووبووە. بۆ ئیمڕۆش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمە بەشێکە لەکلتووری فیکر و قەڵەمی مام جەلال، کە نیوسەدە زیاتری بەسەردا تێپەڕیووە زۆر چەمک و تێڕوانیین گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەوەش هێشتا بیروبۆچوونەکانی زیندوون، لە کۆڕبەندی سیاسیی نێوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمی و دەولیدا مشتومڕی لەسەرە.

سەبارەت بە کۆڕبەندی سۆسیالیزمی عەرەبی، کە لە جەزایر بەستراوە، مام لە دیداری تەمەن، ئەو چاوپێکەوتنەی سەلاح ڕەشید لە گەڵیدا ئەنجامی داوە و ئامادەی کردووە دەڵێت:

هەموو حزبە شیوعی و ئیشتراکی و بەعسییەکان جگە لە بەعسی ڕاستڕەو، هەموو حزبەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی و ئیتحادی ئیشتراکی عەرەبی بانگهێشت کرابوون، لە کوردیش، لە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها من بانگهێشت کرابووم. دیارە من لەگەڵ وەفدەکە چوومە جەزایر، ئەوانەی لەگەڵمان دابوون بریتی بوون لە: فوئاد ڕیکابی، هاشم عەلی موحسین سەرۆکی ئیتحادی نەقاباتی کرێکاران، دواتر بووە سکرتێری گشتی حزبی کرێکارانی عەرەبی ئیشتراکی، پیاوێکی زۆر چاک و دۆست بوو. ئێمە وەک وەفدێکی نیمچە ڕەسمی بەڕێکراین چووینە لوبنان و قاهیرە، لەوێوە هەموومان بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ جەزایر، لە شەخسیاتی ناوداری ئەو زەمانە، کەمال جانپۆلاّد، فوئاد نەسسار سکرتێری حزبی شیوعی ئوردونی، کەمالەدین ڕەفعەت، ئەحمەد حەمڕوش، عەبدولخالیق مەحجوب لە سودان، موحسین ئیبراهیم و نایف

حەواتمە لە لوبنان و فەلەستین.

لەوێ من سێ بابەتم پێشکەش کرد، ئێستاش باسی گرنگ و سەرەکین ئەگەر بیخوێننەوە پێموایە هێشتا بەکەڵک دێن، یەکێکیان سۆسیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لەعێراقدا، ئەوە بووە کوراسێک بلاوکرایەوە.

باسی دووەم, بەناوی گرنگی مێژوویی بۆ یەکێتیی عەرەبی لەسەر بناغەیەکی پێشکەوتنخواز و دیموکراتی، ئەمە باسێکی ئیقتیسادی سیاسیی و ئیستراتیجی بوو، باسی لەوە دەکرد ئەگەر یەکێتیی عەرەب لەسەر بناغەی پێشکەوتنخوازی و دیموکراتی دابمەزرێت چ کاریگەرییەک دەکات لە سەر تەرازووی هێزەکان لە ناوچەکە و لە جیهاندا و بە بەرژەوەندی گەلان کۆتایی دێت.

باسی سێیەم، ڕۆڵی بورژوازی بچوک لە بیناکردنی سۆسیالیزمدا، ئەمە زۆربەی خەڵکەکە پێی ناخۆش بوو، چونکە بۆچوونی چەپ زاڵبوو بە سەر نووسینەکەدا، گوتم ئەو بۆچوونانە ڕاستن کە دەگوترێ بەبێ سەرکردایەتی هێزی کرێکار سۆسیالیزم بینا ناکرێ و بۆرژوازی بچوک ناتوانێ سۆسیالیزم بینا بکات. هەروەها گوتم پەرەسەندنی ناسەرمایەداری شتێکی باشە بۆ ئەو ولاتانەی ئیشتراکییەت تیایدا نییە، نموونەی قسەیەکی (لینین)م هێنایەوە، کە نابێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بزووتنەوەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ تێکەلاو بکرێت لەگەڵ بۆچوونەکانی شیوعییەت.[1] سۆڤیەتییەکان بۆچونەکانی منیان پێناخۆش بوو، سەفیری سۆڤیەت لەوێ گوتبوی بۆ بارزانیتان داوەت نەکردووە، موحسین ئیبراهیم بە ناوی هەیئەتی تەحریرەوە پێی دەڵێت هاوڕێ ئەگەر کۆنگرەی عەشائیری عەرەبمان بەست و بارزانیمان داوەت نەکرد مافی خۆتە گلەیی بکەی، بەڵام ئەمە کۆنگرەی ئیشتراکی عەرەبییە. هەروەها جەزایریییەکانیش پێیان ناخۆش بوو من باسی مەسەلەی ئازادکردنی بنبیللام کرد.

بێ سوود نییە لە سەر زاری مام چەند نوکتە و قسەی تۆپکڵداری پەراوێزی ئەم کۆنفرانسە بگێڕینەوە کە دەرخەری کاریگەری و کارێزمایی مام جەلالە لە سەربەشداربووانی کۆنفرانسەکە. مام دەگێڕێتەوە و دەڵێت دوای پێشکەش کردنی وتارەکەم لە دەرەوە لەگەڵ خەیرەدین حەسیب و موحسین ئیبراهیم ڕاوەستابووم، کەمال جانپۆلاد هات پیرۆزبایی لێکردم و وتی جەلال دەزانی ئێمەش ئەسڵمان کوردە، گوتم بەڵێ عائیلەی جانپۆلاد مەشهورن لە مێژووی کوردا. لەودەمەش

١- مام جەلال، دیداری تەمەن لەلاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی سەلاح ڕەشید، بەشی یەکەم، چاپی چوارەم ٢٠١٩، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان. لا ٣٢٧ بەدواوە .

کورێکی ڕەشتاڵەی بچکۆلە سەرۆکی وەفدی یەمەنی باکوور بوو، خۆی تەقدیم کردم وتی ئوستاز جەلال منیش کوردم باپیرم قازی بووە چۆتە یەمەن ئێمە بە ڕەچەڵەک کوردین، پێمگوت خۆشحاڵ بووم. خەیرەدین حەسیب قۆڵی گرتم وتی (كاكا هذا اشلون ينجرع هم كوردي هم يمني) بەو مانایە کاکە چۆن دەبێ یەمەنیش بیت و کوردیش بیت. هەروەها دەڵێت لەناو فرۆکە من و عەبدولخالیق مەحجوب لەتەک یەک دانیشتبووین یەکێک لە تەنیشت موحسین ئیبراهیم لەوبەرمانەوە دیار بوو گوێی هەڵخستبوو بۆ قسەکانی بەینی من و عەبدولخالیق، باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە کورد لە سودان هەیە منیش گوتم ئاگام لەشتی وانییە وامزانی سوعبەت دەکات، وتی وەڵاڵا بەجدیمە کورد لە سودان هەیە لەچەند ساڵی ڕابوورد و ئێمە هاتوچۆی یانەیەکی ڕۆشنبیریمان دەکرد بەناوی یانەی قەڵەم لەوێدا شاعیرێکی کورد لەگەڵ شاعیرە عەرەبەکان بە شیعر هەجوی یەکتریان دەکرد، بەهەموو عەرەبەکان دەرەقەتی کوردەکە نەدەهاتن لە داخان یەک لە شاعیرە عەرەبەکان شیعرێکی نووسیبوو قافیەکەی وادەهاتەوە (انيک الكورد و التتر). منیش گوتم هاهای هاوڕێ تۆ نوێنەری پڕۆلیتاریای قسەی وادەکەی، وتی جەلال من نوکتە دەگێڕمەوە گوتم نا لە مارکسیەت دەڵێ هەموو فکرێک بناغەیەکی ماددی هەیە، ئەویش وتی کوڕە جەلال خوابتگرێ خۆت دەزانی عەواتفم چۆنە بەرامبەر کورد، گوتم وەڵاڵا دەزانم بەڵام ئەوە ئاساری شۆڤینیەتی عەرەبییە. کە شەڕی شەش ڕۆژەی حوزەیران لە نێوان میسر و جولەکە دەست پێدەکا وەفدەکە لە لوبنانەوە دەگەڕێنەوە بۆ سوریا، مام دەگێڕێتەوە و دەڵێ لەسەر سنوری سوریا هەموو وەفدەکە پێکەوە بووین ڕێگای هەموانیان دا تەنیا من و فوئاد ڕێکابی نەبێ، ئیتر ئێمە لەسەر قسەی برادەران بەچاوەنواری ماینەوە چونکە ئەوان وتیان ئێمە دەچین لەگەڵ ئەوانی سەروو قسەدەکەین قسەکردن لەگەڵ ئەم بچوکانە بێسودە، لەوکاتەش شەپۆڵی سەربازی سوریمان ئەبینی کە لە جەنگ شکابوون و فیراریان کردبوو پیاو دڵی پێیان دەسوتا. ئەوەبوو شەو درەنگ سەیارە بە دواماندا هات چوینە بارەگای نەقاباتی کرێکاران، مستەفا تلاس وەزیری بەرگری سوریا (لەکاتی گێڕانەوەی بیروەرییەکانی مام دەڵێت مستەفا تلاس ئەگینا ئەوکاتە مستەفا پلە و پۆستی نەبوو) لەوێ بوو پاش ئیسراحەت و قسەی خۆش باسی چەکی ناپاڵم کرا کە چەند چەکێکی ترسناک و کاریگەرە، ئەفسەرێکی فرۆکەوانی عێراق پەنابەربوو لەوێ باسی مەترسی ناپالمی دەکرد کە چەند وێرانکەرە، مستەفا ڕوو لە ئەفسەرەکە دەکا و پێی دەڵێ هاوڕێ تۆ ئەو هەموو زانیاریەت لەکوێ بوو لەسەر ناپاڵم ئەویش وەڵامی دایەوە(كيف ما اعرف مو احنا استعملناها ضد اخواننا الاكراد – چۆن نازانم ئەی ئێمە دژی براکوردەکان بەکارمان نەهێنا)

دەستیشی بۆ لای من درێژ کرد. دواتر ئەم قسەیە ببوە نوکتە و لەنێوان خۆمان دەمانگووتەوە.

وتـاری هەشتەم: بە ناونیشانی چەند ڕایەک دەربارەی مەسەلەی کورد، چیرۆکی ئەم نامیلکەیە لای من ئەوەیە کە، من لەگەڵ برایانی ئازیز و ڕێزدارم شێخ سەلاح شێخ شەرەف و تالیب سەید عەلی بەرزنجی رۆژ مێژووی (٢٠٢٤/٧/٢٦) سەردانێکی برای گەورە و تێکۆشەرو نووسەری خامەڕەنگین ڕەهبەری سەید برایممان کرد. لەو دانیشتنە لە کەشێکی دۆستانە و ئەدەبیانە قسە لەسەر بەرهەمی نەمر مام جەلال هاتە ناو باسەکانمان، کاک ڕەهبەر نامیلکەی (آراء في المسألة الكوردية)ی بلاوکراوەی ڕۆژنامەی ئەلنور کە لە (٥٢) لاپەرەدا بە تیراژی (٣٠٠٠) دانە لە ئازاری (١٩٧٠) بلاوکراوەتەوە نیشان داین و گوتی دەزانن ئەمە مام جەلال نووسیویەتی. دواتر لە کۆتایی نامیلکەکەدا بە دەست نووس ڕێزدارێک بە ناوی ئەحمەد حوسێن ئەحمەد نووسیویەتی ئەمە هی مام جەلالە و خۆی لەزاری خوالێخۆشبێت خالید دلێری بیستوە کە لێی پرسیوە.

هەر ئەو ڕۆژە من بۆ شەوەکەی پەیوەندیم بەڕۆژنامەنووس و لێکۆلەر لە بواری مێژوو بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنەوە کرد و پێم گووت کاک ئەحمەد حوسێن وا دەڵێت و بە ئیمزای خۆی لە دواوەی نامیلکەکەدا نووسیویەتی، گوتی من ئەم پیاوە دەناسم نووسەرە و کەسێکی شارەزا و دلسۆزە. دیار بوو پەیوەندی تەلەفۆنی پێوەکردبوو. ڕووداوەکەی بۆ گێڕابۆوە بۆیە زەنگەنە پێی دەڵێت؛ سامی، مەبەستیەتی بەدەست خەتی خۆت بۆی بنووسی کە نامیلکەکەی (آراء في المسألة الكوردية) لە نووسینی مام جەلالە، چونکە لە نووسینی پشت نامیلکەکە ئاماژە بە ناوی نامیلکەکە نەدراوە. ئەوەبوو ناوبراو داوای لە زەنگەنە کردبوو ژمارە تەلەفونەکەی ئەوم بداتێ بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەم، زەنگم بۆ کرد ماوەیەکی باش نەک هەر لەسەر ئەم نامیلکەیە بەڵکو لەسەر زۆر بابەتی تریش قسەمان کرد دواتریش ئەم نامەیەی بۆ ناردم کە لە دوای ئەم پێشەکییە وەک خۆی دایدەنێمەوە.

بێ لەوە کتێبی (كتابات في المسألة الكوردية) پڕۆژەی هاوبەشی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، لە ئامادەکردنی ڕەفیق سـاڵح و نووسینی پێشەکی سـتران عـەبدوڵڵا، لـە لاپەڕە (٥٥٠) دا لە پەراوێزی بابەتی (آراء في المسألة الكوردية) ئاماژەیان بەوە داوە کە خوالێخۆشبوو خالید دلێری شاعیر و هونەرمەند و نووسەری سیاسی لە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای ڕاپەڕینی

ئازاری ساڵی ١٩٩١ بە بەڕێز ئەحمەد حوسێنی ڕاگەیاندووە، ئەم نووسینە لە دانانی جەلال تاڵەبانییە. بێگومان ئەم بەڕێزانە ئەگەر دڵنیا نەبان لەوەی ئەم بابەتە بە قەڵەمی مام جەلالە لە دووتوێی کتێبەکە دایان نەدەنا [2].

من بە وردی کەوتمە دووبارە خوێندنەوەی نامیلکەی ناوبراو شتێک تیایدا سەرنجی ڕاکێشام کە زیاتر دڵنیابم نووسینەکە هی ڕەوانشاد مام جەلالە: ئەویش ئەوەیە، مام جەلال لە دووکتێبی تریدا کە بە ناوی خۆی بڵاوی کردونەتەوە، ئاماژە بە دەقێکی مامۆستای زانکۆی هالەی ئەڵمانیای دیموکراتی پرۆفیسۆر بوخارد برینتیس لە لێکۆڵینەوە بە بەهاکەیدا ((دەربارەی هەندێ گیروگرفتی مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد)) کە لە گۆڤاری زانستی زانکۆی مارتن لۆسەر لە جووت ژمارەی ٩ -١٠ی ساڵی سێزدەیەمی - ١٩٦٤ بڵاوکراوەتەوە، دەدات، کە بریتین لە کوردایەتی و (کوردستان والحرکة القومیة الکوردیة) ئەم دەقە کە لەم نامیلکەیە هاتووە لەم دوو کتێبەشدا هاتوون، ئەوەندەی بشزانم هیچ مێژوونووس یان لێکۆڵەر بەکاریان نەهێناوە، شایانی باسیشە مام جەلال لە پەراوێزێک دەنووسێ ئەم دەقە (دارا ئەدیب) بەتایبەت بۆمنی لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕاو[3]

ئەم بڵاوکراوەیە لە دووتوێی ٥٢ لاپەڕەی نیو فۆلسکاب، لە چاپخانەی (دارالسلام) لەبەغدا، بە ناوی بڵاوکراوەی (ئەلنور) بڵاوکراوەتەوە و پێنج سەرباسی گرتۆتەخۆ بەم شێوەیە: یەکەم، ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن پارتییەوە سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. دووەم، پارتی و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. سێیەم، پارتی و بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی. چوارەم، چارەسەری شۆڕشگێڕانەی دیموکراسییانە بۆ مەسەلەی کورد زامنی ئاشتی و سەقامگیرییە لە هەرێمی کوردستان. پێنجەم، پارتی و داخوازییە مەحاڵەکان. لێرەدا پوختەی ناوەڕۆکی هیچ سەرباسێکم نەخستۆتە ڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی زانیارییەکانی تیادا هەڵێنجی. بۆ دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ ئەم بابەتە هەر بەم شێوەیە لە ڕۆژنامەی ئەلنور بڵاوکراوەتەوە، ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەم هەڵگێر و وەرگێڕ کرد دەرکەوت بەڵێ بە پێنج ئەڵقە لە ژمارەکانی (٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧) بەدوای یەکدا لە ڕۆژانی ٢٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ تا٣٠ ی کانوونی یەکەم ١٩٦٩ لە

---

٢ - بڕوانە: کتابات في المسألة الکردیة، ثلاثة اجزاء (مزیدة ومنقحة)، اعداد، رفیق صالح، تقدیم ستران عبدالله، مشروع مشترک (مرکز ژین للتوثیق والدراسات ومکتب اعلام الاتحاد الوطنی الکردستانی)، مطبعة پیرەمیرد، السلیمانیة، ٢٠٢٢، ص، ٥٥٠.

٣ - بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٨٦) لە کتێبی (کردستان والحرکة القومیة الکردیة) لاپەڕەی(٨٢) پڕۆژەی کۆبەرهەم ژمارە پێنج، بڵاوکراوەی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی،٢٠٢٢.

گۆشەی (نەهج ئەلنور) بڵاوکراونەتەوە، لە ڕۆژنامەکەش ئیمزا یان ناوی نووسەری بەسەرەوە نییە. ماوەتەوە بڵێم لە دوتوێی ئەم کتێبەدا هەندێ گوزارشت و دەستەواژە هاتووە تێڕوانینی ڕۆژگاری نووسینی وتارەکەیە، کە بە داخەوە نەدەبوا بزووتنەوەی ڕزگاری کورد بەخۆیەوە ببینێ. ئێمەش لە وەرگێڕانەکەدا گەرچی لەگەڵ گوزارشتەکان کۆک نەبین بەڵام ئەمانەتی زانستی لێمانی خواستووە دەقەکان وەک خۆی ڕابگوێزین. ئەم وتارە پێنج ئەڵقەییە لە وەڵامی حەمید عوسمان نووسراوە، کە ناوبراو چەند تۆمەتێک و بەهەڵەداچوونی دژ بە پارتی لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حزبی بەعس بڵاوکردۆتەوە. دواتر ئەم وەڵامە لە شێوەی نامیلکەیەک بڵاوکراوەتەوە. بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەران و زیاتر پاڵپشتی ساغکردنەوەی نووسینەکە دەقی پەیام و ڕوونکردنەوەکەی مامۆستا ئەحمەد حوسێن دەخەمە بەرچاو: ڕوونکردنەوە و پەیامێک.

برای ئازیز و دڵسۆزی وشەی کوردی کاک سامی قادر

سڵاو ....

بەڕێزم ئەم ڕوونکردنەوەیە لە زانیاری نووسینی نامیلکەی (المسالة الکوردیة) ی کتێبی جەریدەی ئەلنور سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دەخەمەڕوو، دیسان دووپاتی دەکەمەوە، دەریدەبڕم کە لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەو نامیلکەیەم لەیەکێ لەکتێبفرۆشەکانی شەقامی مەولەوی کڕی بە دینارێ یان زیاتر کە بردمەوە بۆ ماڵەوە سەرنجمدا ناوی دانەری پێوە نییە. بوو بە مەراقم بردم بۆ بازاڕ تا لەیەکێکی سیاسی و شارەزا و ڕاستگۆ بپرسم کێ ئەم نامیلکەیەی داناوە؟ بەڕێکەوت مامۆستای نەمر شاعیر و دەنگخۆش پێشمەرگەی دێرین و زیندانی و نووسەری بوێر و بەهەڵویست، هاوڕێم خودا لێخۆشبوو خالید دلێرم بێنی، دوای چاک و چۆنی لای دانیشتم کتێبەکەم دایە دەستی پێمووت: مامۆستا گیان تۆ بڵێی ئەم کتێبە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یان حیلمی عەلی شەریف دایاننابێت؟ دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بە خەندەیەکەوە فەرمووی چۆن دەزانم تۆ ئەحمەد حوسێنی، ئاوا دەزانم ئەم کتێبە جەلال نووسیوێتی! وتم: قوربان جەلال کێیە؟ وتی: ئەو جەلالەی تۆ خۆشت دەوێت! کورە جەلال تاڵەبانی، مام جەلال ... ئیتر تەوقەیەکم لەگەڵدا کرد و سوپاسم کرد کە دڵنیا بووم. ئیتر هەر ئەوەندەی لێ دەزانم کە ئەم پەیامە ڕابگەیەنم، سوپاس.

براتت: ئەحمەد حوسێن

وتـاری نۆیەم، وتارێکە بە سەردێری دەربارەی جەژنی نەورۆز، لەبنەرەتدا وتارێکە مام جەلال وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ئەم وتەیەی لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز، کە لقی بەغدای پارتی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی ئادار لە هۆڵی خولد بەبۆنەی جەژنی نەورۆز پێشکەش کردووە و دواتر لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٥٩ لە ٢٣ ی ئاداری ١٩٦٠ بڵاوکراوەتەوە. مام لەم وتارەیدا تیشکی خستۆتە سەر جەژنی نەورۆز و ئەم هێمایانەی ئەو جەژنە هەڵیدەگرێت و پەیوەست بوو بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز و شۆڕشی کاوە، کە هەردوکیان دژ بە ستەم و ناعەدالەتی بوون. دەرفەتەکەشی قۆستۆتەوە بانگەوازی لە عیراقییەکان کردووە لە جیاتی ململانێ و دووبەرەکی بە ئاڕاستەی یەکریزی و لێک تێگەیشتن کاربکەن چونکە سەرکەوتنی عێراقییەکان بەندە بە یەکڕیزیانەوە، ئاماژە بەوەش دەدا پیلانگێڕییەکان لە دژی عیراق و گەلەکەی زۆرە بەبێ پشت بەستن بە برایەتی و یەکریزی ناتواندرێ پیلانگێڕییەکان لەناو ببرێن. هەروەها ستایشی ڕۆڵی پارتی دەکات لە چەسپاندنی یەکریزی و برایەتی لە نێوان عێراقییەکاندا.

وتـاری دەیەم، وتارێکە بە ناونیشانی دەربارەی پێویستی بوونی پارتی پێشڕەومان، لەبنچینەدا ئەم وتارە بەپێنج ئەڵقە بە زمانی عەرەبی لە ژمارەکانی (٣٠٧، ٣٠٨، ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥ و ٣١٨) ی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبۆتەوە، ساڵی ١٩٦٠ یش نامیلکەیەک بەهەمان ناونیشان بەزمانی کوردی لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، تێزی پارتی پێشڕەو، تێزی حزبە مارکسیە لینینییەکانە، بناغە دارێژەری یەکەمی تێزەکەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرانی مانیفستۆی حزبی شیوعی و دواتریش بۆ لینین و سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. بەڵام حزبە شیوعییەکان لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتیش لە عێراقدا، تێزەکەیان بە شێوەیەک پێناسە دەکرد، کە پێچەوانەی بۆچوونە بنەڕەتییەکەی دارێژەرانی تێزەکە بوو، کە حەقیقەتەکەی سەبارەت بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئازادیخوازییەکان لە ولاتانی کۆڵۆنیال و داگیرکراودا ئەوەیان نەکردۆتە مەرج کە حزبی چینی کرێکار یان پرۆلیتاریا پێشڕەوی بزووتنەوەکە بن. بۆیە دەبینین مام لە وتارەکەیدا وەک تیۆریسیەنێک و داکۆکیکارێکی سەرسەخت لە ڕوانگەی فەلسەفەی مارکسیزم خۆیەوە مەسەلەی پارتی پێشڕەو شیدەکاتەوە و بۆچوونی شیوعییەکان دەداتە دواوە و تەنانەت بوونیشیان بە زەرەر دەزانێ. سەبارەت بەم وتارە ڕۆژنامەوانییانەی ڕۆژنامەی خەبات بە لەبەرچاوگرتنی نامیلکە کوردییەکە، کە لەگەڵ برای بەڕێزم دکتۆر نەوزاد عەلی ئەحمەد، ساڵی ٢٠٢٤ ساغمان کردبووەوە و بڵاومان کردەوە، دووبارە کردمەوە بەکوردی، لەبەر دوو هۆکار

ئەوانیش یەکەمیان تێبینیم کرد پاش و پێش کەوتنێک لە دەقی ناو ڕۆژنامە و نامیلکەکەدا هەیە، دووەمیش ڕێنووسی نامیلکەکە لەگەڵ ڕێنووسی ئیمڕۆی کوردی تاڕادەیەک خوێنەر ماندوو دەکات.

وتاری یانزیەم، وتارێکە بە ناونیشانی گەشتێک بە بوڵگاریای نوێدا، کە بە سێ ئەڵقە و سەردێری جیا لە ژمارەکانی (٢١٦، ٢١٨ و ٢٣٤) ی ڕۆژنامەی خەبات لە بەرواری جیا بلاوکراونەتەوە، ئەم سێ وتارە بەرەنجامی گەشتێکی ڕۆژنامەوانی عێراقییە کە لە ٦ / ٩ / ١٩٦٠ لەسەر بانگهێشتی سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی بوڵگار بە بۆنەی یادی ڕزگاربوونی ولاتەکەیان لە ساڵی ١٩٤٤ ڕێکخراوە. ڕۆژنامەنووسانی عێراق کە مام جەلال وەک یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ شاندەکە بووە، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنە ببینن کە یەک لەو دەوڵەتانەی لەچوارچیوەی ئەو دەوڵەتانەدایە کە دەوڵەتانی بلۆکی سوسیالست پێکدەهێنن بۆ ئەوەی لەمیانەی تێڕوانین و سەرنجەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسانە گەلی عێراق ئەو پێشکەوتنە ببینن کە ئەم دەوڵەتە پێیگەیشتوە. لە خوێندنەوەی وتارەکان ژمارەیەک دیاردەی سەرنجڕاکێش دەکەونە بەرچاو، وەک سەرسام بوونی مام لە بەچاکی پێشوازی کردنی شاندەکە لەلایەن بوڵگارەکانەوە. هەروەها تێبینی دەکرێ هیچ شتێک بەڕاگوزەری تێنەپەڕیوە کە مام پرسیاری نەکردبێ و دەربارەی نەینووسیبێ، لەم ولاتە دڵگیرە هەمیشە دڵی بە کوردستانەوە بووە کە بۆشی لواوە شوێنەکانی بە یەکتر بەراورد کردووە. مام شێوازێکی شارشتانیانەی وێژیاری هەبووە بۆ دواندنی بەرانبەرەکانی کە بەمەش سەرنجیانی بۆ لای خۆی و کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی ڕاکێشاون. لەکاتی بینینی ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنەی لە ژێرخانی ئابووری و ئەو ڕێکخستنە وردەی لەکار و ژیانی کرێکاران و گوزەرانیان بەدیهاتووە تۆماربکا بۆ ئەوەی هانی عێراقییەکان بدات شوێن پێی بوڵگارەکان بکەون لە چۆنیەتی بنیاتنانی نیشتمان و کارکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولاّت، کە هەردوولا بەم دواییانە لەدەست کۆنەپەرست و داگیرکەری بێگانە ئازادبوون. سەرباری ئەمانەی پێشەوە دەبینین مام زۆر بە وردی لەمەر ژیان و گوزەرانی کەمینەی تورک لە بوڵگاریا وەستاوە، چۆتە ناو وردەکاری ژیانی ڕۆژانەیان و لەگەڵ ژیانی کەسێکی تورک لە تورکیا و عێراق بەراوردی دەکا، بۆ ئەوەی بەپوختی بڵێت کورد مافی خۆیەتی کە لە تورکیا شۆڕش دژ بە ڕژێم بەرپا دەکا چونکە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیی دەکرێت و هیچ مافێکی مرۆیی بۆ ناسەلمێندرێ.

وتـاری دوازدەیەم، وتارێکە مام جەلال وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە چلەی ماتەمینی تێکۆشەر سادق بابۆ بارزانی پێشکەشی کردووە و دواتر لە ژمارە (٢٧٩) ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا ئەم مرۆڤە کەسێکی ژیر و لەخۆبووردوو و خۆڕاگر بووە، لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباد حزووری هەبووە و دوای شکستی کۆمار گەڕاوەتەوە عێراق، دەسەلاتدارانی پاشایەتی خستویانەتە زیندان و حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپێنراوە، بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەی گرتووە ملکەچی خواستەکانی دارودەستەی پاشایەتی نەبووە، دواتر بڕیارەکەی بۆ سوککراوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی. دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز لە زیندان ئازادکراوە، سادق پیاوێکی خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بووە لەناو عەشرەت و ناوچەکانی دەوروبەری، ئەرکی کاروباری کۆمەلایەتی پێ سپێردراوە لە چوونی بۆ ناوچەی ڕەواندز بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەلایەتی لە ڕێگا ئۆتۆمۆبێلەکەی وەرگەڕاوە و گیانی لە دەست داوە.

وتـاری سێزدەیەم، وتارێکە بە ناونیشانی ئێوەی بارزانی ولاتەکەمان بەجێبهێڵن، کە لە ژمارە (٢١٢) ی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە تیایدا مام ڕۆشنایی خستۆتە سەر تێکۆشان و قوربانی دانی بارزانییەکان و ئەو کەس و لایەنانە ڕیسوا دەکا کە سوودیان لە کەشی ئازادی بەدیهاتووی ١٤ی تەممووز وەرگرتووە بۆ پەلاماردانی بارزانییەکان و داواکردنی دوورخستنەوەیان و نانبڕینیان.

وتـاری چواردەیەم، بریتییە لە پێنج وتار کە لە گۆڤاری کۆمەڵە، ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ئەم وتارانە بە ئیمزای توانا کە ناوی خوازراوی مام جەلالە بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە:

چۆن مارکسیزم لینینیزم فێر ئەبین، لە ژمارە ١ خولی ١ ساڵی ١٩٧٨.
چۆن مارکسیزم لینینیزم تێدەگەین، لە ژمارە ١ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٥.
چۆن مارکسیزم لینینیزم بەکاردێنین، لە ژمارە٣ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٥.
خۆپاراستن لە لادان و سەرلێشێوان، لە ژمارە ١٠ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٦.
خۆپاراستن لە لادان و سەرلێشێوان، لە ژمارە١٣ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٦.

کۆی ئەم وتارانە بەمەبەستی گەلاڵە کردنی دیدێکی زانستی و ڕاست و دروستە لەسەر

بیری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم بۆ سوودی کادیر و ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەم قۆناغەی تێکۆشانیان لە پێناو دەست خستنی ئامانجی پیرۆزی گەلەکەیان، کە ئەوسا مارکسیزم وەک چەکێکی کاریگەر لە خەباتی ڕزگاریخوازی لێی دەڕواندرا، بە تایبەتیش وتارەکان وەک مەشخەڵی ڕێ ڕۆشنکەرەوە نووسراوان بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بۆ خۆلادان لە تەحریفیەت. لە دەسپێکی وتارەکەدا گۆڤاری کۆمەڵە بە سەر دێری باسێکی تیۆری نووسیویەتی:

تیۆری شۆڕشگێڕانە چرای ڕۆشن کەرەوەی ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە، هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە نابێت و هەر حزبێکی شۆڕشگێڕیش ئەگەر چەکدار نەبێت بە تیۆری شۆڕشگێڕانە ناتوانێت بە ڕاستی و دروستی بچێتە بنج و بناوانی ڕووداو و دەرکەوتە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و هۆی ڕاستەقینە و چارەی ڕاست و دروستییان بۆ بدۆزێتەوە، ناتوانێ سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت.

وتـاری پـازدەیەم، دوو سەر وتاری ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێیە، کە ساڵی ١٩٧٦، واتە ساڵێک دوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێویست زانراوە شانبەشانی ڕۆژنامەی الشرارة ڕۆژنامەیەکی کوردیش هەبێت وەک لە دەقی وتارەکەدا هاتووە، کە ڕێبازی نوێ مەشخەڵی ڕێبازێکی نوێیە کە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان گرتویانەتە بەر شانبەشانی بزووتنەوەکانی ئازادی و ڕزگاری و دیموکراسیی گەلانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و نەتەوەی دۆست و برای عەرەبمان بە تایبەتی کە لەبەر تیشکیا دوژمنە خوێنینەکانی گەلەکەمان کە ئیمپریالیزم و چینە مووڵکدار و بۆرژوازییە کۆمپرادۆر و بیرۆکراتەکانی گەلانی دەسەڵاتدارن. وە دەرەبەگایەتی و بۆرژوازی سەر بە بێگانەی کوردستانن، بۆ خەڵک ڕیسوا ئەکرێن و دۆست و هاوپەیمانەکانمان دێنە ڕوو کە بریتین لە کرێکار و جووتیار و ڕەنجدەرانی تر و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووی گەلانی هاونیشتمانیمان. هەروەک لەبەر تیشکیدا هێزی سەرەکی شۆڕشەکەمان کە جووتیارانن و هێزی پێشڕەو کە چینی کرێکار و هێزە دۆست و سوێند خۆرەکان بە خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و بۆرژوازی بچوک و سەرمایەداری نیشتمانیپەروەرەوە ئەخرێنە ڕوو تاکو خەباتمان ئاراستەی ڕاپەڕاندن و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنیان بکەین بەسەر ئەم ڕێبازە نوێیەدا کە بەخوێنی گەشی شەهیدەکانمان مەشخەڵەکەی هەڵکراوە.

وتـاری شازدەیەم، وتارێکە بە ناونیشانی باری ئێستای خەباتمان، کە ساڵی ١٩٧٦ بلاوکراوەتەوە لە بنەڕەتدا ئەمە ڕاپۆرتێکە پێشکەش بە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوە ، دوای هەڵسەنگاندن و دیراسەکردنی بلاوکراوەتەوە.

وتـاری حەڤدەیەم، وتارێکە بە ناونیشانی زەبەلاحە ڕەشەکە لە خەوی قوول بێدار دەبێتەوە، کە لە گۆڤاری (ڕزگاری) جووت ژمارەی ٢-٣ لەنیسانی ١٩٥٩ بلاوکراوەتەوە. تیایدا باس لە بێداربوونەوە و ڕاپەڕینی گەلانی ئەفریقا دەکات و ئاماژە بە هاوخەباتی گەلانی دنیا دەکات دژ بەستەم و داگیرکاری و خوێنمژین بەتایبەتیش خەباتی گەلی کۆنگۆ دژ بە ئیستعماری بەلژیک و پاکردنەوەی ولاتەکەیان لە داگیرکەران.

ئەمە کۆی ئەو بابەتانەیە کە لە دووتوێی ئەم بەرگەدا هاتووە، لە هەر شوێن و بابەتێک پێویستی کردبێت ڕوونکردنەوە و پەراوێزمان بۆ داناوە، جگە لەو پەراوێزانەی مام جەلال بۆ هەندێک بابەت داینـاوە ئەوە لە پەراوێزەکەدا لەناو کەوانە (مام) دانراوە بەو مانایەی ئەم پەراوێزە هی ئەوە، ئەوانەی تر هەموو لەلایەن ئێمەوەیە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین سەرچاوەی متمانە پێکراو و ئەکادیمیمان بەکارهێناوە بۆ پەراوێزەکان و دەوڵەمەندکردنی دەقەکان، کە لە کۆتایی کتێبەکە ئاماژە بە سەرچاوەکان دراوە هەروەها وێنەی ئۆرجینالی دەقەکانمان داناوە. هیوادارین بەم کارەمان توانیبمان ڕۆحی هەمیشە زیندووی سەرۆک تاڵەبانی و دڵی خوێنەرانمان لە خۆمان ڕازی کردبێ.

سامی قادر

پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکراسی

لەوەتەی لەناو کۆمەڵی مرۆڤدا زوڵم و زۆرداری و خوێنمژین پەیدا بووە، دژایەتی زۆرداری و خوێنمژینیش لێیانەوە پەیدا بووە. لەو ناکۆکیەی کە لەنێوان زۆرداران و خوێنمژان لە لایەک، زۆرلێکراوان و خوێنمژراوان لە لایەکی ترەوە لەو ناکۆکییەوە خەباتێک هاتۆتە کایەوە. واتە ئەو خەباتە مێژووکردە و دەستکرد نەبووە. واتە خەباتێکی بابەتییە و بەناچاریی ڕووەدا.

جا لەو خەباتە بابەتییە مێژووکردە، بە ناچارییەوە ململانێیەک پەیدا دەبێ کە زۆر لە کۆنەوە زانایان و پیاوچاکان بیروڕای جیاجیا و بۆچوونی جۆراوجۆریان هەبووە لەسەری، هەندێکیان وتویانە ئەو خەباتە ململانێی نێوان چاکە و خراپەیە، خێر و شەڕە، حەق و ناڕەواییە، هی داد و زۆردارییە، لە ئیسلامی خۆماندا ناوی (طغیان) و (مستضعفین) هاتووە.

لە ئەوروپاش زۆر دەمێکە بگرە هەر لە زەمانی یۆنانی کۆنەوە، لەو خەباتە دواون. زۆریشیان بیر لە نەهێشتنی زۆرداری و چەوساندنەوە و خوێنمژین کردۆتەوە. هەرچەندە بە شێوەی جیاواز و بەجۆرێک بووە کە لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زانیاری هەر سەردەمە جۆر بووبێت. واتە نەتواندراوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردەی زۆرداری و خوێنمژین و چەوساندنەوەکە یان چارەکردنیان بۆیان لە جغزی هەلومەرجەکانی زەمان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و فیکری سەردەمەکە دەرچێت وەیان پێشینەیەکی دووربینانەی ڕاست و ڕەوای ورد و تێر و تەسەلیان بۆ بکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا دینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بە تووندی دژایەتی زۆرداری و زۆردارانی کردوە و ئەرزی بە میراتی پیاوچاکانی بەندەی خوا داناوە و کاروباری حوکمڕانیش بە زۆر لێکراوان و ڕەنجدەران ڕەوا بینیوە، ((ونرید ان نمن علی الذین استضعفوا في الارض ونجعلهم ائمة ونجعلهم الوارثین .....)) وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. بەڵام ئیسلام بەڵێنی بەهەشتی لەو دنیا بەخەڵک داوە. کە لە بەهەشتدا هەموو خۆشییەک، هەموو جۆرە خواردەمەنییەک، هەموو جۆرە خۆشگوزەرانییەک بە شەرابی (خواردنەوەی) پاکیشەوە، بەپەری زۆر جوانیشەوە بۆ ئینسان دابین کراوە بە هەموو جۆرە ڕەوشت و خوی پاک و نایابیشەوە. لە ئەوروپاشدا کەسانێک پەیدابوونە، داوای بەهەشتی سەر زەوییان بۆ خەڵک کردوە، ئەوان داوای ئەوەیان

کردوە کە هەموو مرۆڤ پێکەوە کاربکەن و وەک یەکیش بەخۆشی بژین، بێ ئەوەی کەس زوڵم لەکەس بکات و یان کەس خوێنی برای خۆی بمژێت و کۆمەڵێکی یەکسانی بەختەوەری بێ فرتوفێڵ و زوڵم و زۆر و درۆ و دەلەسە و داوێن پیسی دروست ببێت. ئەوانە ویستوویانە بەشەر لە ((کۆمیۆن))ی واتە کۆمەڵی - ئا ئەوها ڕێک بخەن و کۆببنەوە- هەر لەو وشەی ((کۆمیۆن)) یشە کۆمۆنیزم پەیدابووە کە بە عەرەبی بە شیوعیەت ناوی براوە.

شیوعیەتی سەرەتایی زۆرتر خەیاڵپلاو بووە، ویست و ئارەزووی پیاوچاکانی سەردەم و ئاوات و ئومێدی دوژمنانی زۆرداری و چەوساندنەوە بووە، ئەو جۆرە شیوعییەتە چەند سەد ساڵێک پێش مارکس و ئەنگڵز باسی لێ کراوە بەتایبەتی لەکتێبی ((تۆباویەت - یۆتۆپیا))ی تۆماس و ((شاری ڕۆژ)) کامپانیللادا کە لە سەدەکانی شانزە و هەڤدەدا نوسراوون. هەروەک بیرو بۆچوونی ئاشکرای شیوعیەتیش لەلایەن ((موریللی)) و ((مایلی))یەوە لەسەدەی هەژدەمین دا دەربراوون. ئینجا وردە بیروباوەڕی مساواة- وەک یەکی - هاتە کایەوە. لەسەرەتادا لەمافی سیاسیدا پاشان مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیشدا، تا ئەو ڕادەیەی کە نەک هەر داوای نەهێشتنی ئیمتیازاتی چینایەتی دەکرا بەڵکو داوای نەمانی جیاوازی چینایەتیش بکرێت.

پاشان سێ تۆباوییە زلەکان پەیدابوون سان سیمۆن و فۆریە و روبیرت ئۆوین ئەو سێ بیرکەرەوە مەزنانە خۆیان بە نوێنەری هیچ چینێک بە کرێکارانیشەوە دانەدەنا. بەڵکو داوای ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتییان دەکرد. بەیەکجاری و بەیەک هەنگاو، داواکەش بەبانگەواز و ئاموژگاری و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مرۆڤدۆستان و وەک یەکییەوە نەوەستا، بەڵکو ئۆوین کاری گەیاندە ڕادەی داواکردنی نەهێڵانی جیاوازییە چینایەتییەکانیش و خۆشی دەستی کرد بە دروست کردنی کۆمۆنێکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە تێدا زۆر چاک کردنی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی لە ژیان و گوزەرانی بەشداربووەکانی کۆمیۆنەکاندا پێک هێنا.

١- لەساڵی ١٨٠٠ی میلادیەوە ڕۆبیرت ئۆوین سەرپەرشتی (نیولانارک)ی گرتە ئەستۆ کە لە ئوسکوتلەندە کارگەیەکی گەورەی چنینی پەمۆ بوو. خەڵکەکەی (نیولانارک) کە ٢٥٠٠ کەس دەبوون و لە کەسانی جۆراو جۆر پێکهاتبوون و زۆریشیان لات و گەجەر و گوجەربوون کەچی توانی بیکاتە کۆمیۆنێکی نموونەیی کە هیچ جۆرە گێچەڵ و شەڕ و خواردنەوەی سەرخۆشانە و ڕەوشتی خراپی تێدا نەبوو. خەڵکەکەی ڕۆژی لەجیاتی ١٤ سەعات هەر دە سەعات کاریان دەکرد و ژیان و گوزەرانیان دابین کرا بوون و لەکاتی بێ ئیشیشدا موچەکەیان هەر وەردەگرت و منااڵەکانیان باغی خۆیان و خوێندنگەی خۆیان هەبوو.

بەم جۆرە. بەکردەوە بەڵام لەچوارچێوەیەکی تەسک و پەرژین کراودا ئۆوین شیوعیەتەکەی خۆی بەکردەوە بەدی هێنا، هەروەک هەوڵیشی دا کـە چەند کۆمیۆنی شیوعیانە بۆ نەهێشتنی کوێرەوەری لە ئیرلەندا دروست بکات، بەڵام ئۆوین ورده ورده هاتەسەر ئەو باوەڕەی کە ((٣)) کۆسپی گەورە ڕێگری گۆڕاندنی کۆمەڵی مرۆڤن: مولکداری تایبەتی، ئایین ((مەسیحی و شێوەی ژنهێنانی ئەوسا. جا کە چوو بەگژ ئەو سێ کۆسپەدا لە هەموو لایەکەوە پەلاماری درا، لەلایەن حکومەت و خانەدانەکان و کەنیسە و کاربەدەستانەوە - ڕۆژنامەکانیش خۆیان لێ کەڕ و لاڵ کرد. ئەویش ڕووی کرده ئەمریکا بۆ دانانی کۆمیۆنی تر لەوێ هەموو سەروەت و سامانەکەی خۆشی لەسەر دانا و تێکشکا، ئینجا ڕووی کرده چینی کرێکاران و لەناویاندا درێژەی بەچالاکییەکانی خۆی دا.

شایەنی باسە کە ئەوسا هەموو دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی چینی کرێکار مۆری ئەویان پێوەبوو، لە ساڵی ١٨١٩دا و لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی ئەو دوای پێنج ساڵ خەبات یەکەمین قانوونی سەعات دانان بۆ کاری ژن و منالاّن لە کارگەکان داندرا و یەکەمین کۆنگرەی نەقابەکانی کرێکارانی ئینگلیز بە سەرۆکایەتی ئۆوین بەسترا. بۆ گواستنەوە بۆ سیستەمێکی شیوعیانەی تەواو چەندین کۆمەڵی بەرهەم هێنان و ئیستهلاکی تەعاونی (هەرەوەزی) دروست کرد، کە هیچ نەبێ ئەوەیان سەلماند کە دەکرێ دەست لە بازرگان و سەناعییەکان هەڵگیرێت.

٢- سان سیمۆن ڕۆڵەی شۆڕشی فەرەنسە بوو، پێی وابوو کە شۆڕشەکە سەرکەوتنی چینی سێیەمینە (واتە زۆربەی گەل کە سەرگەرمی بەرهەمهێنان و کەسابەت و بازرگانین) بەسەر دوو چینە بێ کار و ئیشنەکەرەکەی کۆمەڵ (واتە خانەدان و شازادەکان و تۆێژی ئەکلیرۆسی دینی). بەڵام زۆری نەخایاند دەرکەوت کە سەرکەوتنەکە هی هەموو چینی سێیەمین نەبوو بەڵکو هی بەشێکی بچوکیان بوو کە ئەویش بۆرژوازییە هەبووەکان بوون. کەچی سان سیمۆن لای وابوو کە ناکۆکییەکە لە نێوان ئیشکەران و ئیشنەکەراندایە کە دەکەنە: هەموو کرێکاران و بازرگانان و پیشەسازەکان و خاوەن بانکەکان لەلایەک و خانەدان و شازادەکان و ئەکلیرۆسەکان و هەموو ئەوانەی بێ ئەوەی کاربکەن سوودیان دەست دەکەوێت. بەڵام سان سیمۆن لە هەموو شتێک زیاتر پەرۆشی ((چینی هەرەوەز و هەرە هەژارەکە بوو)) لەڕاستیشدا بۆچوونەکانی سان سیمۆن شتێکی نوێی گرنگ هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە ناکۆکییەکە هەر لەنێوان خانەدان و سەرمایەدارەکان دا نییە، بەڵکو نەدار و نەبوەکانیش بەشێکن لێی. لە ساڵی ١٨١٦ دا هاتەسەر ئەو باوەڕەش کە ((سیاسەت عیلمی بەرهەم هێنانە)) و وای پێشبینی کرد کە

ئابووری (اقتصاد) سیاسەت هەڵدەڵووشێ، واتە گەلاڵەی ئەو بۆچوونەی کە وەزعەکانی ئابووری ژێرخانی دەزگا سیاسیەکانن. هەروەها وردە وردە هاتە سەر ئەو باوەڕەش کە حوکمڕانی دەبێ ببێتە ((بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ڕێبەری کردنی بەرهەم هێنان، واتە گەلاڵەی بیری ((لابردنی دەوڵەت)).

جا گەر سان سیمۆن بلیمەتێک بوو بێت لە بیر و بۆچوونەکانیدا بۆ جۆرێک پنجەکانی بیرە نا ئابووریە ڕووتەکانی تێدا بەدی بکرێن کە پاشان ئیشتراکییەکان - سۆشیالیستەکان - نیشانیان داوە گەلاڵەیان کردوە و خەملاندویانە، ئەوا ئەتوانین لای.

٣- فۆریە ڕەخنەیەکی تووندوتیژ بەدی بکەین لە ڕژێمی کۆمەلایەتی ئەوسا، ڕەخنەیەک کە بەچاکی یەخەی بورژوازیەت دەگرێت و دەچێتەوە بەگژ چڵکاوخۆر و پارێزەرەکانی و بێ باکانە پەردە ڕادەمالێت لەڕووی کڵۆڵی و زۆرداری مەعنەوی و مادی دنیای سەرمایەداری، و هەموو فرت و فێڵەکان و درۆ و دەلەسە و چاوبەستییەکانی سەرمایەداری دەداتە بەر شەنەبای ڕەخنە و گاڵتە پێ کردن و ڕیسوا کردن. فرتوفێڵ و قۆڵبڕینەکانی بازاڕ و گیانە ساختەچیەکەی بازرگانی و چەوساندنە جۆراوجۆرەکانیان ڕیسوا دەکات. کە دەچێتە سەر ئەو شێوەی بۆرژوازی پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو و وەزعی کۆمەڵی بۆرژوازیش دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ((ڕادەی ڕزگاری گشتی هەر کۆمەڵێک لە ڕادەی ڕزگاری ژناندا خۆی دەنوێنی)).

فۆریە کە دەگاتە سەر جۆری تێگەیشتنی خۆی لەمێژووی کۆمەڵ، مەزنییەکی تەواو نیشان دەدا. ئەوسا ئەو کۆمەڵ وا دادەنێت کە بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە: دڕندایەتی، پاتریارکی، بەربەریەت، شارستانییەت. نیاز لەشارستانییەکەی ئەو ڕژێمە کۆمەلایەتییە کە لە سەدەی شانزەمینەوە گەشە دەکات واتە ڕژێمی سەرمایەداری، کە پێی وایە ئەو ڕژێمە هەموو سووکایەتی و خراپەکانی بەربەریەتی بەچەندین قات پیستر هێشتۆتەوە هەر چەندەی پەچەی ڕیا و دوڕویی و فرت و فێڵیشی بەسەردا دابن.

بەڵام بۆچی ئەو سێ پیاو چاکە، دڵسۆز و بە پەرۆشە بۆ خەڵک و هەڵکەوتە و هۆشیاری سەردەمی خۆیان نەیانتوانی بچنە قولایی کۆمەڵەوە و هەموو ناکۆکی و خەباتەکانی ناوجەرگەی کۆمەڵ دیار و ئاشکرا بکەن و ڕێگەی گەشەکردن و بۆ پێشەوە چوونی ئەو خەبات و ململانێیەش دیاری بکەن کە لێیانەوە پەیدابوونە؟ سەبارەت بەوەی کە:

١- ئەوسا هێشتا سەرمایەداری بە تەواوی گەشەی نە کردبوو، هێشتا ئوسلوبی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری نەخەملێ بوو، هێشتا پەیوەندییەکانی چینایەتی نەخەملێ بوون. بۆیە بێ گومان

دەبوایە بیروباوەڕی نەخەملێویش لێیانەوە پەیدا ببێت و تیۆری ناخەملێیو و ناتەواو لێیانەوە دەرچن. ((چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی، هێشتا لەناو تۆوی پەیوەندییەکانی ئابووری دا کە نەخەملێیو و نەمەییو بوون، هەر قەتیس مابوون)). واتە پەیوەندییەکانی ئابووری هێشتا کاڵ و کرچ و دەڵەمەبوون، گیروگرفتەکانیشی لەناو تۆوی ئەو پەیوەندییە ئابووریی کاڵ و کرچەدا شاردرابوونەوە: بۆیە چارەسەرکردنیان، لەڕووی زانیاری و واقیعیەوە نەدیاربوو نەدەزانرا. بۆیە هەر دەبوایە لەمێشکی مرۆڤدا بەشێوەی بۆچوون و تەخمین و خەیاڵ لێکردنەوە و هەڵهێنان ڕەنگ بداتەوە، ((ڕژێمی کۆمەڵایەتیش پڕ بوو لەکەم و کورتی و شورەیی و خراپە: لابردنیشیان هەر کێشەی هۆش و عەقڵی بیرکەرەوە بوو)) واتە هەردەکرا باسی ئەو هەموو کەم و کورتی و شورەییانەی کۆمەڵایەتی بکرێت و خراپەکانیان نیشان بدرێن: ئەویش هەر بە بیرلێکردنەوە و هۆش و عەقڵی ڕووت و قوتی مرۆڤ، کە هیچ ڕوودواوێکی دیار و خەملێوی ئەوتۆش لەبەرچاو نەبێت، کە نێوانەکانی ئابووری ئاوەژوو کاتەوە و ڕەگ و ڕیشەی ئابووری، بنجوبنەوانی ئابووری خوێنمژین و چەوساندنەوە دەرخات، و هەر دوو لایەنە کۆمەڵایەتی یەکەشی خوێنمژ و خوێنمژراوەکان بە قیتو زەق بەرامبەر یەکتر ڕابگرێت. ئەوسا بۆیە هەر دەکرا ڕژێمێکی نوێ چاکتر و باشتر بۆ تەلاری کۆمەڵایەتی دابهێندرێ، ئەویش بەخەیاڵ لێکردنەوە، ئەو جۆرە ڕژێمە هەر دەبوایە لەدەرەوەڕا بەسەری کۆمەڵی مەوجودا بسەپێندرێ، ئەویش بە پڕوپاگەندە بۆ کردن و بە نموونە نیشان دان- ئەوەندەی نیشاندانیان لە توانا دابێت-.

کەواتە ئەو جۆرە ڕژێمە کۆمەڵایەتییە نوێیانە، بەچاکتر زانراوانە، هەر دەبوایە ویستراو یان هەر دەبوایە خەیاڵ لێوەکراو یان هەر دەبوایە بەری ئارەزووی چاک و ئاواتی خۆش و نیازی پیرۆزیان بوایە: واتە دەبوایە هەر تۆباوی، یان چەندەی زۆرتریش لە سەریان بنوسرابا و بدوابان، ئەوەندەش زۆرتر دەبوایە خەیاڵی باشی مرۆڤ بە ئاسمانی ئاوات و ئارەزووی چاکدا لەشەقەی باڵانیان دابا.

٢- لەئەنجامی ئەو گەشەکردنە ناتەواو و نەخەملێویەی پەیوەندییەکانی ئابووریشدا، هێشتا چینە نوێیەکانی ناو کۆمەڵی سەرمایەداری نەخەملێویش واتە بۆرژوازی و چینی کرێکارانی نوێ (پڕۆلیتاریا) هێشتا نەخەملێبوون. بەتایبەتی چینی کرێکاران هێشتا بەدەڵەمەیی بوو. هێشتا هەر بەجۆری گەڵاڵە نەکراوی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی بوو. هێشتا هیچ خەباتی چینایەتی سەربەخۆی خۆی، بۆخۆی دەست پێ نەکردبوو، هێشتا هیچ توانای خەباتی سیاسی سەربەخۆشی نەبوو. واتە هێشتا نەوەک چینێک، چینێکی تایبەتی، لەبۆتەی خۆیدا قەتیسی

خواردبووە و لەناو قاوغی خۆیدا مەیی بوو، نەخەباتی سیاسەتی تایبەتی چینایەتی خۆشی دەستی پێ کردبوو.

ئەوسا کرێکاران هەر وەک تۆپژێکی زۆر لێکردوی کۆمەڵ، تۆپژێکی چەوساوەی ئازاردراوی کۆمەڵ دەهاتنە ڕوو، بۆیە هەر دەکرا مرۆڤ بەزەیی پێیان بێت و لەدەرەوەڕا یارمەتی یان بدات و لەسەریان هەڵبداتێ، چونکە خۆیان نەیاندەتوانی، بۆیە هەر دەبوایە کەسانی تر لەسەریان هەڵبدەنێ و لەسەریان بکەنەوە. ئەویش بەجۆر و شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕادەی گەشەکردنی خۆیان وەک چینێکی تایبەتی و ڕادەی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی ئابووری ئەوسا.

جا کەواتە لەو سەردەمەدا سۆشیالیزم نەدەکرا تۆباوی نەبێت بۆیە هەر دەبوایە بەو جۆرە بێت، کە هەلومەرجی بابەتی گەشەکردنی کۆمەلایەتی و هەلومەرجی بابەتی مێژوو دیاری دەکرد، ئەوسا سۆشیالیزم هەر دەبوایە زۆرتر بە ئاسمانی ئارەزووی خۆش و خەیاڵی چاک دابنرێت و بخولێتەوە. هەرچەندە تا دەهات ڕووداوەکانی مێژوو، گەشەکردنی کۆمەلایەتی، ڕاپەڕین و شۆڕشەکان بیری زانا و هۆشی بلیمەتەکانیان ڕادەکێشایەوە بەرەو ڕووی زەمین و بەرەو کۆمەڵی مرۆڤ: واتە ئاسمانی خەیاڵ و لێکدانەوەی بالاڤڕ و ویست و ئارەزووی چاک و خۆشەوە بۆ ناو واقیع و سەرزەمینی ڕووداوەکان. هەوڵ و کۆششەکانی تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤایەتیشیان ڕادەکێشا بەرەو چەقی ڕێگەی ململانێی ڕاستەقینە و مەوجوود و مێژووکردی ناو کۆمەڵی مرۆڤ، ناوچینەکان و تۆپژەکانی کۆمەڵ، بەڵام جۆری بیرکردنەوەی تۆباوی یانە تا نیوەی سەدەی نۆزدەمینیش هەر زاڵ بوو بەسەر بیروڕاکانی سۆشیالیستیدا. تا ئەوساش هەموو سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا و ئینگلیز هەر پێوەی نوسابوون تەنانەت شیوعیەتی پێشوی ئەڵمانیش بە (وتیلینک)یشەوە هەر گیرۆدەی سۆشیالیستی تۆباوی بوون. بەلایانەوە سۆشیالیزم دەربڕینی ڕاستییەکی تەواو بوو، لێکدانەوەی هۆش و ڕەوایی بوو. بۆیە دۆزینەوەکەشی دەبێتە هۆی تێکشکاندنی دنیای کۆن ئەویش هەر بەو هێزەی هۆش و ڕەوایی و ڕاستییەکەوە.

ئەو جۆرە بۆچوون و لێکدانەوەی تۆباوییانەش وردە وردە سۆشیالیزم بەرەو جۆرێک لە سۆشیالیستی هەڵبژاردراوی لێل (اشتراكية اختيارية غامضة) برد. کە بۆ ماوەیێک لەناو سۆشیالیستەکانی فەرەنسا و ئینگلیزدا باوبوو. بەڵام ژیان و گەشەکردنی کۆمەلایەتی و ئابووری چینەکان و سەرهەڵدانی ململانێ و خەباتی نێوان دوو چینە نوێیەکەی کۆمەڵی بۆرژوازی و کرێکاران، تا دەهات ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵیان باشتر ڕوون دەکردەوە و سۆشیالیزمیش لەگەڵیا

بەرەو واقیع و زانینی واقیع دەچوو. واتە بەرەو زانیاری دەچوو تاکو ببێتە سۆشیالیستی عیلمی، بیرۆراکانی لە دنیای خەیاڵ و ئارەزووی خۆش و ویستی باشەوە بێنەوە سەر زەمین و بنیشنەوە لەسەر گۆڕەپانی واقیع و سۆشیالیستەکەش ببێتە سۆشیالیستی عیلمی تەواو.

واتە: ((بۆ ئەوەی سۆشیالیزم بکرێتە عیلم، دەبوایە لە پێش هەموو شتێکدا لەسەر ئاستی واقیع دابندرێت و بەجۆرێک داڕێژرێت کە ڕاستییەکانی زیندوی ناو جەرگەی کۆمەڵ لەخۆیدا بنوێنێت و وەزعی هەر چینە و نێوانی ئۆرگانێکییان و ناکۆکی و ململانێ و خەباتی نێوانیان باش بزانێت و بەو ڕێگەیەش بزانێت کە ئەو ململانێیەی نێوانیان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەسەریا تێپەڕ دەکەن، بەرەو لە بنەڕەتەوە چارەکردنی ناکۆکییە ڕاستەقینەکانی ناو کۆمەڵ و لابەلاکردنی خەباتی نێوان چینەکانی بەپێی قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و بۆ لەڕەگ و ڕیشە هەڵکەندنی ماکی چەوساندنەوە و زۆرداری واتە ڕزگاری تەواو یەکجارەکی کۆمەڵی مرۆڤ بەگشتی، کە ئەمەش دەکاتە کردنی سۆشیالیزم بە عیلم و کردنی سۆشیالیزمی علمیش بەچرای ڕێگەی ئەو خەباتی ڕزگارییە.

سۆشیالیزم بەرەو زانینی ڕاستەقینە بەرەو زانیاری (علم)

گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤ لەقۆناغی سەرمایەداری هەمەلایەن بوو، لەلایەکەوە کۆمەڵی سەرمایەداری بەرەو گەشەکردنی ئابووری (لەزەراعەت و سەناعەت و تیجارەتدا) دەچوو، لەلایەکی تریشەوە بەپێی پێویستییەکانی ئەو گەشەکردنەش گەشەکردنی زانیاری جیاجیا و جۆرا و جۆریش بەدی دەکرا، زانین و فێربوونی مرۆڤیش بۆ پێشەوە دەچوو. فەلسەفە، عیلمیە جیاکانیش بە سیاسەتیشەوە، بەعیلمی ئابووریشەوە پێش دەکەوتن و گەشەیان دەکرد.

بەو جۆرە دەبینین کە گەشەکردنی سەناعەتی گەورە و پەرەسەندنی لەلایەک و زاڵ بوونی سیاسی بۆرژوازی بەسەر کۆمەڵدا لەلایەکی ترەوە بوونە هۆی خەملاندنی هەردوو چینی بۆرژوازی و کرێکاران. دیارە بۆرژوازی پێش چینی کرێکار کەوتبوو. ئەو زووتر گەشەی کردبوو چاکتر خەملیو بوو، باشتر دەسکەوتەکانی خۆی زانیبوو هەربۆیەش - بەگوێرەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش - توانیبوی زاڵ بێت و جڵەوی کاروباری کۆمەڵ بگرێتە دەست.

بۆرژوازی لەخەباتی خۆیدا دژی دەرەبەگایەتی و شازادە و خانەدانەکان، دروشمەکانی نەهێشتنی زۆرداری و سەربەستی و ئازادی و برایەتی و وەک یەکیی هەمووانی هەڵگرتبوو، داوای دیموکراسی و مافی مرۆڤی دەکرد، چونکە لەڕووی ئابووری و سیاسی و هۆشیاریشەوە

لەسەرووی هەموو چینەکانی ڕەنجدەریشەوە بوو، توانیبووی ببێتە پێشڕەوی گۆڕاندنەکان و ڕێبەری خەباتی هەموو چین و توێژە زۆرلێکراوەکانی کۆمەڵیش. بەڵام کە چینەکان بەتایبەتی بۆرژوازی سەناعی و تیجاری نوێ لەگەڵ چینی کرێکارانی نوێ لێک جیابوونەوە و هەر یەکە لە قاوغ و بۆتەی خۆیاندا توانەوە و قاڵ بوونەوە، کە چینی بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵی گرتە دەست و دەرەبەگ و خانەدانەکانی لە حوکم داگرت ئەوسا ڕاستەوخۆ گیروگرفت و کوێرەوەرییەکانی کۆمەڵی ڕەنجدەر ڕووبەڕووی خۆی بوونەوە. زۆربەی ئەو شتانەی پێشتر کۆمەڵ لێی دەچێشت هەرمانەوە و هەندێکیان خراپتر بوون. چەوساندنەوە و خوێنمژینی چینایەتیش هەر مایەوە بەڵام شێوەکەی گۆڕا.

ژیانی کرێکاران و ڕەنجدەران هەر پڕ بوو لە کوێرەوەری و هەژاری و نەدارایی و زۆربەی زۆری داخوازیە ئابووری و سیاسیەکانیشیان هەر پشت گوێ خران. ئەوەش بووە هۆی خەبات و ئینجا ڕاپەڕینی کرێکاران لەدژی زۆرداڕە نوێیەکانیان لە دژی خوێنمژەکانی خۆیان کە چینی بۆرژوازی بوو، یەکەمین ڕاپەڕینی کرێکاران لە ساڵی ١٨٣١دا لە شاری لیۆنی فەڕەنسا دەستی پێ کرد. لەساڵی ١٨٣٨-ەوەش تا ١٨٤٢ یەکەمین جوڵانەوەی سەرتاسەری کرێکارانی ئینگلیز ناسراو بەجوڵانەوەی چارتیستەکان (پەیمانبەستەکان) گەیشتە لوتکەی خۆی.

بەم جۆرە خەباتی چینایەتی لە نێوان سەرمایەداران و بۆرژوازیەکاندا هاتەسەر شانۆی مێژوو، ئەویش لە پێشکەوتوترین وڵاتانی ئەوروپادا، ڕووداوەکان تا دەهات چاکتر ئەم ڕاستییەیان دەردەخست، کە گوتە و بۆچوونەکانی ئابووری سیاسی بۆرژوازی دەربارەی یەکێتی دەسکەوتەکانی کار و سەرمایە و پێکەوە گونجانی تەواویان و بەسترانەوەی بەختیاری و خۆشحاڵی و ژیانباشی گەل هەمووی بەندە بە ئازادی مونافەسەوە، کە ئەوانە هەموویان فرت و فێڵ و درۆ و دەلەسەی سەرمایەدارەکانن. ئەو ڕاستییە ئاشکرا بووە نوێیانەش نەدەکرا نادیدە بگیرێن و ڕەنگ نەدەنەوە. هەر بۆیەش با بەناکاملێیش بوو بێت بەڵام لە ناو سۆشیالیزمی فەڕەنسی و ئینگلیزی دا ڕەنگی خۆیان دایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نهێنییەکانی ئوسلوبی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دەرنەکەوتبوون. هێشتا قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پێیان نەزاندرابوو. بەڵام ڕووداوە نوێیەکان و گەشەکردنی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفی وایان کرد کە سەر لەنوێ بەمێژوودا بچنەوە و لەڕووداوەکانی بکۆڵدرێتەوە و ڕاستییە شاردراوەکانی ئاشکرا بکرێن و نهێنییەکان بزاندرێن. ئەوسا دەردەکەوت، کە مێژووی مرۆڤ لەوەتەی کۆمەڵەکەی بەسەر هەبوو و نەبوودا دابەش بووە، لەوەتەی ڕەنجدەر و ڕەنجخۆر

پەیدا بوونە، مێژووی خەبات و ململانێی نێوان چینەکان بووە: نێوان هەبوو و نەبووەکان و زۆردار و زۆرلێکراوان و بەشخوراو و بەشخۆران و خوێنمژ و خوێنمژراوان.

لێکۆڵینەوەکانی ئابووری و کۆمەلایەتیش دەریانخست کە پەیدابوونی چینەکانیش بەری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕیان بوونە. واتە بەری پەیوەندییەکانی ئابووری سەردەمی خۆیان بوونە. بەگوتەیەکی تر دەرکەوت کە پێکهاتنی ئابووری (التركيب الاقتصادي) کۆمەڵ لەهەر قۆناغێکی دیاری کراودا بناغەی ڕاستەقینەی هەموو سەرخانی سیاسی و قانوونی و فەلسەفی و حقوقی و بیروڕا و بۆچوونەکانی گونجاویش لەگەڵ ئەو قۆناغە بووە، هەروەک دەریش کەوت، کە سۆشیالیزم داهێنەری بیرو هۆش فلانە بلیمەت و فلانە لێزان نییە، بەڵکو ئەنجامی پێویستی خەباتی نێوانی دوو چینە نوێیە تازە دروست بووەکەی مێژووە، کە بۆرژوازی و چینی کرێکارانن، ئەرکی سۆشیالیزمیش داهێنانی ڕژێمێکی کۆمەلایەتی هەرەباش و ڕازاوەی بیرو خەیاڵ نییە. بەڵکو ئەرکەکەی دیراسەتی گەشەکردنی ئابووری مێژوویییە، ئەو گەشەکردنەی بەناچاری ئەو دوو چینەی پێکهێناوە و ململانێ و ناکۆکیشی لە نێوان دروست کردوون، هەروەک ئەرکەکەشی دۆزینەوەی ئەو وەسیلانەی وەزعە ئابووریییەکەی پێکهاتووە لە ئەنجامی ئەو گەشەکردنەی ئابووری مێژوویییە، ئەویش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێ و ناکۆکییە. بەڵام سۆشیالیستەکان هێشتا باش لەو ڕاستییانە نەگەیشتبوون. و هەرچەندە زۆر دژی چەوساندنەوەی کرێکاران بوون، کە لەئەنجامی شێوە و ئوسلوبی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە پەیدابوو بوو، بەڵام هێشتا نەیان توانیبوو ماک و بنجی ئەو چەوساندنەوەیە بزانن، مەسەلەکەش بەوە چارە دەکرا کە:

یەکەمین: ئوسلوبی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە پەیوەندییە مێژووییەنەکانی خۆیدا شیکرێتەوە و نیشان بدرێت، کە هەروەک چۆن پەیدابوونی لە پلەیەکی دیاری کراوی گەشەکردنی کۆمەلایەتیدا ناچاری بووە و پێویست بووە و هەردەبوایە وابێت، ئا ئەوهاش نەمان و تیابردنیش هەر پێویست و ناچاری دەبێت لەدوا ڕۆژدا لەکاتی پێویستی خۆیدا.

دووەمین: کە تاوتوێی ئوسلوبی بەرهەمهێنان بکرێتەوە و نهێنییەکەی بدۆزرێتەوە و هەڵبهێندرێت. ئەویش بەدۆزینەوەی بە ئاشکراکردنی، بەزانینی (القيمة الزائدة-زێدەبایی)) بوو. بە بەڵگە و ئەژمار نیشان درا و دەرکەوت کە دەست بەسەراگرتنی بەری کاری نرخ نەدراو(واتە دزینی بەرەی ڕەنجی بەشێک لەکاری کرێکار بێئەوەی مزەکەی بدرێت). ئەوەیە شێوەی بنەڕەتی ئوسلوبی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری هەروەک شێوەی بنەڕەتی چەوساندنەوەی کرێکاریشە

لەو ئوسلوبەی بەرهەمهێناندا. واتە ئەوەبوو نهێنییە سەرەکییەکەی ئوسلوبی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. بەو جۆرە دەبینین کە ئەو دۆزینەوە گرنگە واتە لێکدانەوەی مەتریالیستی مێژوو لەگەڵ دۆزینەوەی نهێنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەهۆی (القیمة الزائدة-زێدەبایی)ەوە بوونە مایەی ئەوەی سۆشیالیزم ببێتە زانیاری(علم). ئەو کەسەی ئەو دوو دۆزینەوەشی ئەنجام دا کارل مارکس بوو. جا کەواتە سۆشیالیزمی سەردەم لە ناوەڕۆکیا، لەپێش هەموو شتێکدا بەری زانینی ناکۆکی یە چینایەتیەکانی کۆمەڵی سەردەمە، ناکۆکی نێوان هەبوو و نەبوودا، نێوان سەرمایەداران و کرێکارانی بەکرێگیراودا. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بەری زانین و ڕەچاوکردنی پشێوی و فەوزای زاڵە بەسەر بەرهەمهێناندا.

مارکس و ئەنگڵز ،کە پێکەوە سۆشیالیزمی عیلمیان جاردا پێکەوە بناغەی تیۆری و فەلسەفی و سیاسی ئەو خەباتەیان داڕێژت، کە کرێکاران دەبێ بیکەن لەپێناوی سۆشیالیزمدا. پێش ئەوان سۆشیالیزم بە خەیاڵ و ئارەزوو، لە ئاسمانی ئاواتی خۆش و نیازی پاکدا لەشەقەی بالآنی دەدا. زانایانی سۆشیالیزمی پێش ئەوان لە ئاسمانی بیروبۆچوون و داهێناندا باسیان لە سۆشیالیزم دەکرد و ئاواتیان بۆ دەخواست و خەباتیان بۆ دەکرد. بەڵام ئەمان سۆشیالیزمیان هێنایەوە سەرزەوی، هێنایەوە ناو کۆمەڵ. ناو چینەکانی کۆمەڵ و بردیانە سەر بنج و ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەناو پەیوەندییەکانی ئابووری نێوان چینەکانی سەرمایەداری و کرێکاران، نێوان ڕەنجدەران و ڕەنجخۆراندا.

مارکس و ئەنگڵز سۆشیالیزمیان دانەهێنا، پێش ئەوان زۆر کەس باسی سۆشیالیزمی کردبوو هەروەک کۆمۆنیزمیشیان دانەهێناوە چونکە زۆر پێش ئەوان باسی لێوەکراوە. بەڵکو مارکس و ئەنگڵز سۆشیالیزمیان کردە زانیاری واتە علم. عیلمیش کۆمەڵێک زانینی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵ یان تەبیعەتە، کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ڕاست و ڕەوای ڕووداوەکان و دیاردەکان و سەرکەوتنی بۆچوونەکان لەتاقی کردنەوەدا دروست بووە. بۆیە، کە دەڵێین شتێک زانستییە (عیلمییە) لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ ڕاست و ڕەوا بێت. ڕاستیش ئەوە دەگەیێنێ کە دەبێ وابێت. واتە، کە ئەوەی دەیڵێین لەسەر هەر شتێک وابێت، دەق وابێت، کە دەگوترێ. بۆ نموونە گەر دەستمان لەسەر شتێک دانا و گوتمان ئەوە فلانە شتە، گەر وابوو ئەوە ڕاستە. گەر وانەبوو ئەوا ڕاست نییە، واتە ڕاستی ڕەنگدانەوەی واقیعە. هەر بۆیەش ڕاستیەکان لەواقیعەکانەوە هەڵدەهێنجرێن. هەر بۆیەش هەر گوتە و بۆچوون و تیۆر و بیرورایەکیش وانەبێت ئەوا ڕاست نابێت. چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوەی وابن ئەمەیە کە لەتاقی کردنەوەدا وادەرچێت وەک

دەگوترێ. واتە گۆتەکە، تیۆرەکە، ڕەئیەکە لەگەڵ واقیع یەک بگرێتەوە و گونجاو بێت.

بەڵێ پێش مارکس و ئەنگڵزیش زاناکان و پیاوچاکان باسی سۆشیالیزمیان کردوە. بەڵام سۆشیالیزم وەک عیلم، وەک زانیاری هەڵهێنجراو لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە لەسەر دەستی ئەو دوو زانایە دۆزرایەوە و تیۆرەکەی دارێژرا. سۆشیالیزمیش کە گەشەی پێدراو بەشێوەیەکی عیلمی دارێژرا کرا بەچرای ڕووناک کەرەوەی خەباتی چینی کرێکاران. سەرچاوەکانی ئەو سۆشیالیزمە عیلمیەش بریتین لە سۆشیالیزمی فەرەنسی+ ئابووری سیاسی ئینگلیزی + فەلسەفەی ئەڵمانی. بۆیە چاکتر تێگەیشتنی سۆشیالیزم دەبێ باشتر لەو ((٣)) سەرچاوەیەش بکۆڵینەوە: کە دیارە ئەمە ئەرکی ئەم باسە نییە، بەڵام سۆشیالیزم، کە عیلم بێت، وەک هەموو عیلمێکیش گەشە دەکات، بەرەو پێشەوە دەگۆڕێت و دەخەملێت. واتە ناکرێ و ناشێ بەدین و مەزهەب بدرێتە قەڵەم. بەڵکو دەبێ وەک عیلمێکی زیندوی هەمیشە گەشەکردووی بناسین. سەرەتاکانی سۆشیالیزمی عیلمیش هەر لە گەشەکردن و پێشکەوتندان.

جوڵانەوەی کرێکاران بەرەو سۆشیالیزم

ئەوروپای سەرمایەداری دوو چینی نوێی هێنایە سەر شانۆی مێژوو: چینی بورژوازی و چینی کرێکاران (پڕۆلیتاریا)، چینی بۆرژوازی کاربەدەست و دەسەلاتدار بەسەر هەموو کۆمەڵدا وەک خوێنمژ و چەوسێنەرەوەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کۆمەڵیش. چینی کرێکارانیش وەک ڕەنجدەری بەشخوراو، چەوساوە و زۆرلێکراو.

چیتر حوکمڕانی خانەدان و شازادەکان و دەرەبەگەکانیش نەمابوو تاکو ناکۆکی نێوان بۆرژوازی و پڕۆلیتاریا داپۆشێت و یان بکەوێتە نێوانیانەوە. واتە بۆرژوازی و پڕۆلیتاریا ڕوبەڕووی یەکتر بوبوونەوە و ناکۆکییەکانی نێوانیان زەق و ڕەق دیار و ئاشکرا و تاکو دەهاتیش تووندتر دەبوو. خەبات و ململانێی حەتمیش کە لەو ناکۆکی و چەساندنەوەیە پەیدا بووبوو، تا دەهات ڕوو لەپەرەسەندن و هەڵچوون بوو. تا ئەوە بوو لەشارەکانی فەرەنسا بۆ یەکەمین جار، ڕاپەڕینێکی کرێکاری لە ساڵی ١٨٣١دا ڕوویدا. لەساڵی ١٨٣٨ەوە تاکو ١٨٤٢ یەکەمین جوڵانەوەی کرێکاری، کە سەرتانسەری بریتانیای گرتبووە. گەیشتە تۆپەڵەی خۆی، ئەو جوڵانەوەیەی کە بە (جوڵانەوەی چارتیستەکان) ناسراوە لە مێژوودا.

بەو جۆرە ناکۆکی و ململانێ و خەباتی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران هاتە سەر شانۆی مێژووی گەلان، لە پێشەوە، لە دەسپێکدا بەجۆری خەباتی ئابووری و سەندیکایی (نەقابی)

ئینجا ورده ورده خەباتی سیاسیش. ئەو خەباتەی کە لەسیەکانی سەدەی نۆزدەمدا خۆی لەهەندێ ڕێکخراوی سیاسی کرێکاران و پاشان لەڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی ڕاپەڕینی ١٢ی ئایاری ١٨٣٩ی پاریس و شۆڕشی ١٨٤٨-١٨٤٩ی ئەڵمانیادا خۆیان نواند. هەروەک لەو جولاّنەوە سەربەخۆییەی کرێکارانی ئەڵمانیاش خۆی دەنواند کە لەساڵی ١٨٣٦ەوە دەستی پێ کردو لەساڵی ١٨٥٢دا تەواو بوو. ئەو جولاّنەوەیەی کە لەهەموو ئەو ولاّتە خوێندەوارانەدا بلاّوبوبۆوە، کە کرێکارانی ئەڵمانی تێدا بلاّودەبونەوە. واتە ئەو جولاّنەوەی دەستپێکی، سەرەتای جولاّنەوەی کرێکارانی گێتی چەرخی نۆزدەم بوو. جا هەر بۆیەش بۆ ئەوەی باشتر لەبلاّوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی لەناو کرێکارانی ئەوروپا بگەین و بزانین چۆن جولاّنەوەی کرێکارانیش بەروە سۆشیالیزم ڕۆیشتووە. ئەبێ شوێن پێی جولاّنەوەی کرێکارانی ئەڵمان لە ولاّتانی ئەوروپا هەڵگرین و لێی ورد ببینەوە تاکو ببینین و بزانین چۆن ئەو بەرەو سۆشیالیزم چوونە هاتۆتە کایەوە. بەتایبەتی چونکە ئەو کرێکارە ئەڵمانیانە لە زۆربەی ولاّتە گرنگەکانی ئەوروپا بلاّوبوبوونەوە: ئەڵمانیا، نەمسا، مەجەر، سویسرا، فەرەنسا، هۆڵەندە و بەلجیکا، بریتانیاو هتد. و لەناو ئەو ولاّتانەشدا هاوکاری و هاوبەشی خەباتی کرێکارە ژیر و هۆشیارەکانی ئەوانیشیان دەکرد. وەک شێوەی گەلاّڵەکراوی جولاّنەوەی کرێکارانی ولاّتانی ئەوروپایان لە جولاّنەوە و ڕێکخراوەکانیاندا دەنواند. با بەشێوەیەکی سادە و سەرەتاییش بووبێت. هەروەک زووتریش بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و هۆشیاری سۆشیالیستیان لەناو بلاّوبووە.

هەر لەساڵی ١٨٣٤ەوە پەناهەندەکانی ئەڵمان لەپاریس ڕێکخراوێکیان هەبوو کە لەساڵی ١٨٣٦دا کرێکار و تونڕەوەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ خۆیان ڕێکخراوێکی تریان پێکهێنا بەناوی ((کۆمەڵەی دادپەروەران))، ئەو ڕێکخراوە نوێیە زوو گەشەی کرد. لە سەرەتادا وەک لقە ئەڵمانییەکەی کۆمۆنیستی کرێکاری فەڕەنسی، کە پەیڕەویان لە ڕەوشتەکانی (بابۆف) دەکرد، کە جۆرە شیوعییەتێکی سادەی ماڵ تێکەلاّو بوو. هەروەک کۆمەڵەکە باوەڕی بەپلانگێڕان و بەزۆر خۆ سەپاندن نەبوو نەک بەکاری جەماهیری. نێوانیشیان زۆر خۆش بوو لەگەڵ ((ڕێکخراوی وەرزەکان))ی بلانکی و باربیس کە دوو سەرکردەی شیوعیەتی ئەو سەردەمەبوون. هەر بۆیەش لەڕاپەڕینی ئایاری ١٨٣٩ی پاریسدا بەشداریان کرد. کە ڕاپەڕینەکەش ژێرکەوت ئەوانیش شکان و دوو سەرکردەی کۆمەڵەکەیان بەناوی (کارل شابەر و هەزیخ باوەر) دەستگیرکران و پاشان لە فەرەنسا دەرکران. ئەو دووانە پاشان لەگەڵ مارکس و ئەنگڵز یەکیان گرتەوە و پێکەوە لە سەرکردایەتی ((کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان))دا خەباتیان کرد. ئەو کۆمەڵەیەش بەری یەکگرتنی

کۆمەڵە جیاجیاکانی کرێکارانی ئەڵمان بوو لە ئەوروپا. کە لە لەندەن (شابەر) و (باوەر) و (مۆڵ) کۆمەڵەی دادپەروەرانیان پێکهێنابوو. کەچی لەسویسراش کۆمەڵی هۆشیاری کرێکارانی ئەڵمان لەساڵی ١٨٤٠ەوە دامەزرابوو. بەو کۆمەڵەی هۆشیارییەش کۆمەڵەی دادپەروەران کرێکاری زۆری رادەکێشا بۆ خۆی چونکە لەهەر شوێنێک دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکارانی سیاسی قەدەغەبا. ئەوا بەهۆی کۆمەڵەی هۆشیاری، یان کۆمەڵەی گۆرانیبێژ و یاری وەرزش و هتد کرێکارانی ئەڵمان کۆدەکرانەوە و هۆشیاری سیاسیان لەناودا بڵاودەکرایەوە. بەو جۆرە کۆمەڵەی دادپەروەران پەلوپۆی بەزۆر لادا هاوێشت. لە سویسرا (ویتلینک) و (بیکەر) کۆمەڵێکیان پێکەوەنا کە پەیڕەوی لە کۆمۆنیستی (ویتلینک) دەکرد. هەروەک پاشان لە پاریس و شوێنی تریش لقی ئەو کۆمەڵەیە دامەزرێندران. شان بەشانی ئەوانیش کرێکارانی ولاتانی تریش هاتبوونە جوڵان و خەبات. بەتایبەتی لەشاری لەندەن کۆمەڵەکە وردە وردە بووە کۆمەڵەیەکی فرەنەتەوە: جگە لەکرێکارانی ئەڵمان کرێکارانی ئەسکەندیناڤی و هۆڵەندی و مەجەری و چیکی و سلاڤیەکانی باشوور و رووس و ئەلزاسیەکانیشی تێدا بەشداربوون.

بەم جۆرە کۆمەڵەی داداپەروەران بووە کۆمەڵەیەکی ئومەمی(فرەنەتەوە) دروشمەکەشی بریتی بوو لە((هەموو کەس بران)).

بەڵام مارکس و ئەنگڵز بەجیا درێژەیان بەخەباتی خۆیان دەدا، هەرچەندە لەگەڵ هەموو شۆڕشگێڕان و رێکخراوەکانی کرێکارانیش کەمو زۆر پەیوەندیان هەبوو. بەڵام تا دەهات بیروڕاکانیان باشتر بڵاودەبووەوە و خەڵکی هۆشیاری لێ دەئاڵا و کاریشیان دەکردە سەر کۆمەڵەکە خۆشی. تا وای لێهات زۆربەی سەرکردایەتییەکانی کۆمەڵەی دادپەروەران هاتنە سەر بیر و بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگڵز ئەوە لە ساڵی ١٨٤٧دا (یوسف مۆل)یان نارد لایان لە بڕۆکسل تا داوایان لێ بکات بێنەوە ناو کۆمەڵەکەوە. ئەوەشی پێڕاگەیاندن کە کۆمەڵەکە ئامادەیە، کە بیروڕاکانی کۆمۆنیستی ئەوان بە بەیانێک بڵاوبکاتەوە و ماوەشیان دەدا سەرلەنوێ کۆمەڵەکە رێک بخەنەوە. ئەوانیش هەردووکیان پەسەندیان کرد، کە بچنە ناو کۆمەڵەکەوە. دەستیان کرد بە دامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەڵە لە بڕۆکسل و پاریسدا. لەهاوینی ١٨٤٧دا یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەکە لە لەندەن گیرا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئەنگڵز بەنوێنەری رێکخراوی پاریس بەشداری تێدا کرد و (ویلهیلم ڤۆلف) بەنوێنەری رێکخراوی بروکسڵ ناوی کۆمەڵەکە گۆڕاو کرا بە ((کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان)). رێکخستنەکەشی سەر لەنوێ لەسەر بناغەی دیموکراتی تەواو داڕێژرایەوە، کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی، دەزگاکانی سەرکردایەتی، لق و رێکخراوەکان داندران.

ئامانجی کۆمەڵە بووبە:

ڕووخاندنی سەرمایەداری، دەسەڵاتداری پڕۆلیتاریا و نەهێشتنی کۆمەڵگەی کۆنی بۆرژوازی کە لەسەر ناکۆکی چینایەتی دامەزراوە و داهێنانی کۆمەڵێکی نوێ، بێ چین و بێ مووڵکایەتی تایبەتی - بەتەواویش وازهێندرا لەپلانگێڕی و ئەرکی کۆمەڵەکەش لەکاتی ئاشتیدا کرا بە پڕوپاگەندەی ڕووت. پاشان کۆنگرەی دووەمینی کۆمەڵە لەتشرینی دووی ١٨٤٧دا بەسترا، لەو کۆبوونەوەیدا مارکس و ئەنگڵز و زۆربەی سەرکردەکانیش بەشداریان کرد. دوای دە ڕۆژ لێکۆڵینەوە و لێدوان هەموو ناکۆکییەکان چارەکران و بەگشتی دەنگ سەرەتاکانی نوێ پەسەند کران، بڕیاریش درا، کە مارکس و ئەنگڵز بەیاننامەی ئەو کۆمەڵەیە بنووسن. ئەوە بوو هەردووکیان لەسەرەتای ساڵی ١٨٤٨دا بەیاننامەی بەناوبانگی ((مانفێستی کۆمۆنیست))یان نووسی و بڵاویان کردەوە. دروشمی کۆمەڵەکەشیان کرد بە ((ئەی کرێکارانی هەموو وڵاتان یەکگرن)) لەجیاتی دروشمی ((هەموو کەس بران)).

ئا ئەوها یەکەمین ڕێکخراوی جیهانی ((ئومەمی)) کرێکاری لەدنیا پەیدا بوو، ئەوەش یەکەمین هەنگاوی کاریگەری هۆشیارکردنەوە و سازدانی جوڵانەوەی کرێکاران و پەروەردەکردنیان بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی بوو. ئەو ڕێکخراوە هەوێنی بە سۆشیالیستیکردنی جوڵانەوەی کرێکارانی دنیا بوو، سەرکردە ناوداراکانی ئەو کۆمەڵەش بریتی بوون لە:

کارل مارکس، کارل شابەر، هەزیخ باوەر، فریدریک ئەنگڵز، یوسف مۆل، ویلهیلم ڤۆلف، کە پێکەوەیان کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەیان پێک دەهێنا.

هەردوای پێکهاتنەوەی کۆمەڵەش بەو شێوە تازەیەی ڕووبەڕووی شۆڕشی شوباتی دیموکراتی ئەڵمانیا و ڕاپەڕینی حوزەیرانی ١٨٤٨ پاریس بوونەوە کە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی فەڕەنسا بوو لەگەڵ بۆرژوازی لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕش لە ئەڵمانیا مارکس و هەندێ لە سەرکردەکانی کۆمەڵەش چونەوە ئەڵمانیا، لەوێ مارکس دەستی کردەوە بە دەرچواندنەوەی (نۆیە ڕاینیشە تسایتونگ - ڕۆژنامەی راینی نوێ)، کە کردیە ئۆرگانی بیروڕای پڕۆلیتاری شۆڕشگێڕ لە جوڵانەوەی دیموکراتی ئەڵماندا. بەڵام دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ئایار لەدریسدن و هەرێمی ڕایندا و پاش هێرشی لەشکری بڕوسیا بۆ سەر ڕاپەڕانی بادن- بلاتینا حکومەت ئەو هێزەی بەخۆیەوە دی کە ڕۆژنامە داخات و مارکس دەربەدەرێنێتەوە بۆ پاریس. لەویش دوای خۆپیشاندانەکەی ١٣ی حوزەیرانی پاریس مارکسیان ناچار کرد بچێتە لەندەن.

لەساڵەکانی ١٨٤٨- تا -١٨٤٩دا چەندین ڕاپەڕینی دیموکراتی و کرێکاری لە ئەڵمانیا-نەمسا

(ڤیەننا) و پاریس و مەجەر ڕووییاندا بەڵام هەموویان دامرکێندرانەوە.

دوای دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینانە بەژێرکەوتنی ڕاپەڕینی ئایاری ئەڵمانیا و دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانی پاریس و هاڕینی ڕاپەڕینی مەجەر لەلایەن لەشکری ڕووسەوە قۆناغێکی تەواوی شۆڕش لەئەوروپا دوایی پێهات. و کۆنەپەرسی باڵی ڕەشی بەسەر ئەوروپادا کێشایەوە. جا لەکاتێکدا هێزەکانی ڕژێمی سەرمایەداری لەگەشەکردن بوون و هێزەکانی بەرهەمهێنانیان لەپەرەسەندن و ئیزدیهاردا بوون چیتر ماوەی ڕەچاوکردنی شۆڕشێکی ڕاستەقینە نەما، چونکە شۆڕش هەر لەو کاتوساتەدا مومکین دەبێت کە ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و شێوەکانی بەرهەمهێنان لەپەرەسەندن و تەقینەوەدابن. بۆیە مارکس و ئەنگڵز و کۆمەڵە دژی ئەوان وەستان کە پێیان وابوو (شۆڕش دروست دەکرێ) و لەدەرەوەی کۆمەڵەوە دەشی و دەکرێ تاقمی چەکدار دروست کرێت و بنێردرێتەوە ولّات بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕین. جا لەکاتێکدا لە پاریس و لەندەن هەندێ لە شۆڕشگێڕانی ناواقیعی کرێکارانیان هاندەدا و ڕێک دەخست بۆ پێکهێنانی دەستەی چەکدار و دەیان ناردنەوە ولّات، کۆمەڵە بەتوندی دژی ئەو یاریکردنە بوو بە ئاگری شۆڕش و پێیان وابوو شۆڕش ڕووداوێکی کۆمەلّایەتییە لەناو جەرگەی کۆمەڵەوە هەڵدەگیرسێت ئەویش لەکاتو ساتی خۆیدا، کە هەموو شەرتەکانی بابەتی و تایبەتی دێنەدی.

لەسەر ئەوە ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتە ناو جولاّنەوەی کرێکارانەوە، لەدوای سەرکەوتنی کۆنەپەرستی و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکان و حوکمدانی ئەندامانی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان لەکۆڵۆنیا، چیتر مارکس چالاکی هاندەرانە و شۆڕشگێڕانەی هاندەری درێژە پێنەدا بەڵکو لەو ڕاستی یە گەیشت کە سەردەم گۆڕاوە و جولاّنەوەی کرێکاران لە پاشەکەشەدایە و چیتر کاری ئاشکرای شۆڕشگێڕانە لە توانادا نییە، بەڵکو سەردەم سەردەمی خۆسازدانەوەی فیکرییە، سەردەمی کاری فیکری هێمنانە و بەشێنەیییە .... تا جولاّنەوەی کرێکاران هەڵدەسێتەوە و دەبوژێتەوە و دێتە کایەی خەباتی فیعلی، بەو جۆرە دەبینین مارکس پیاوێکی واقیعبین بووە، بەئارەزووی خۆی کاری نەکردوە. بەڵکو بەگوێرەی واقیعی جولاّنەوەی کرێکاران جولاّوەتەوە، باوەڕی بەوە نەبووە کە لە دەرەوەی جولاّنەکەوە ئەتوانرێ نەخشە و پلانی بۆ دابندرێ، بەڵکو هەموو نەخشە و پلانێکی ڕاست بەندن بە جولانەوەکە و گەشەکردنییەوە، بەهەڵچوون و نیشتنەوەیەوە، بە بوژاندنەوە و پێشکەوتنیەوە یان بە پاشەکشە و دامرکاندنیەوە، بۆیە لە سەردەمی دامرکاندنەوەی جولاّنەوەکەدا ملی نایە دیراسەت و خوێندنەوە و خۆسازدانەوەی فیکری و دەرس و پەند هەڵێنجان لە ڕابردوو. هەر بۆیەش دوای محاکەمەی شیوعیەکان لە

کۆڵۆنیا کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانیان هەڵوەشاندەوە.

بەڵام لە دەساڵی دوای ئەوەوە، دیسان جوڵانەوەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ و جوڵانەوەی کرێکاران لە ئەوروپادا بوژایەوە و هەڵسایەوە. ئەوسا مارکسیش هاتەوە سەر ئەو بیرەی کە کۆمەڵێکی نوێ بۆ کرێکارانی هەموو ئەوروپا و ئەمریکا پێک بێنێت و بەجۆرێک کە شێوەی جهانگیری جوڵانەوەی سۆشیالیستی تێدا بنوێنێت. ئەوەبوو مارکس هەلی قۆزتەوە. هەلی کۆبونەوەیەکی جەماهیری کە لە ٢٨-ئەیلولی١٨٦٤دا لە هۆڵی سانت مارتینیس لە لەندەن ڕێکخرا بۆ پشتیوانی کردنی گەلی پۆڵۆنیا کە تازە ڕوسیا ڕاپەڕینەکەی بە زۆری زۆردار دامرکاندبووەوە. لەو کۆبونەوەیەدا پێشنیاری پێکهێنانی کۆمەڵی ڕەنجدەرانی جیهانی (جمعیه الشغیله العالمی) پێشکەش کرد و بەگەرمی پێشوازی لێکراو لەو کۆبوونەوەیەدا ئەنجومەنە کاتییەکەی هەڵبژاردراو لەندەن کرا بە مەڵبەندەکەی.

بەو جۆرە کۆمەڵی ڕەنجدەرانی جیهانی دامەزرا و دەستی بە خەباتی بێووچان بۆ بۆژاندنەوە و سازدانەوە و ڕێکخستنەوەی جوڵانەوەی کرێکارانی جیهان، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی لە ناویدا، بۆ موتوربەکردنی جوڵانەوەکەی کرێکاران بەو بیروباوەڕەی سۆشیالیزمی عیلمی تاکو ڕێکخراوی سیاسی کرێکارانی لێوە پێک هات. ئەوە بو لە ساڵی ١٨٦٩ دا پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان وەک هێزێکی گەورە هاتە کایەوە، کە لە شاری ئیزناخ لە ٧-٩ی ئابی ١٨٦٩دا بەسترا. لە کۆنگرەکەشدا سۆشیال دیموکراتەکانی ئەڵمان و نەمسا و سویسرا بەشداربوون بەڵام لە ساڵی ١٨٧١دا ڕووداوێکی گرنگ ڕویدا، بۆ یەکەمین جار کرێکاران و ڕەنجدەرانی پاریس لە بەرەبەیانی ١٨ی مارتی ١٨٧١دا گوێ دنیایان پڕ کرد لە دروشمی ((بژی کۆمۆنە VIRE LA COMMUNE)). بانگەوازی یەکەمین ڕاپەڕینی کرێکارانی دنیا بوو- یەکەمین شۆڕشی سۆشیالیستی کۆمۆنەی پاریس لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابوو. بەشی زۆریان لە کرێکاران بوون. دەزگاکەی هەم دەسەلاتی قانوون دانان و هەم دەسەلاتی جێ بەجێ کردنیان هەبوو. هەردوو زەروە مشەخۆرەکەی کۆمەڵی هەڵوەشاندەوە کە لەشکری نیزامی و مەئموری حکومەتین، لەجیاتی ئەوان خەڵکی چەکدار و مەئموری هەڵبژێردراوی داهێنا کە موچەی هەرە گەورەکەیان بەقەدەر موچەی کرێکاران بوو. خوێندنی کردە خۆڕایی. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی بۆ هەموو گەڕەک و گوزەر و کارگە و لادێیەک داهێنا. کۆمۆنە لە ناوەڕۆکی حوکمی چینی کرێکاران بوو. بەڵام جەمهوریەتی کۆمۆنە لەسەر بناغەی دەزگا دیموکراتیەکان دامەزرابوو. هەموو دەزگایەک بە هەڵبژاردنی گشتی و ئازاد بوو. کۆمۆنە بەری خەباتی بەرهەمهێنەران بوو لە

دژی چینی مولّکدار و سەرمایەداری خوێنمژ. چینی ناوەراست و مام ناوەنجیش لەگەڵ کۆمۆنە بوو، پشتیوان و بەشداری بوو. ئالاّکەیان سوور بوو. دەسەلاّتەکەی بە دەست خەڵکی سادە و رەنجدەر و هەڵبژێردراوەوە بوو. بەڵام ئەو ڕاپەڕینەی کرێکاران لەخوێن و فرمێسکدا نوقووم کرا لەلایەن خوێنمژانی سەرمایەدار و مولّکدارە گەورەکانی فەرەنساوە بەیارمەتی کۆنەپەرستانی داگیرکەری ئەڵمان. بەو جۆرە دەبینین ساڵەکانی دەیەی شەشەم (شەستەکان) ساڵی هەڵسانەوە و بوژاندنەوە و ڕێکخستنەوەی جوڵانەوەی کرێکاران بوون، ساڵی موتوربەکردنیان بوون بەبیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی، کەچی دەیەی حەوتەمین (هەفتاکان) ڕاپەڕینی کرێکارانی پاریس و یەکەمین شۆڕش و یەکەمین حوکمی کرێکارانی فەڕەنسا بوون. هەروەک ساڵانی لەدایک بوونی حزبەکانی سیاسی سەربەخۆی کرێکارانی سۆشیال دیموکرات بوون. ئەو حزبانەی کە بڕیارەکانی کۆبونەوەی لاهای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی جیهانی لە ٢-٧ی ئەیلوولی ١٨٧٢دا بناغەی پێکهێنانی حزبە سیاسییەکانی چینی کرێکارانی داڕێژتبوو. واتە لەهەفتاکاندا جوڵانەوەی چینی کرێکارانی ئەوروپا چووە قۆناغێکی تازەوە.

لە شەستەکان ڕێکخستنی جوڵانەوەی کرێکاران باوبوو: ڕێکخستنی هەموو کرێکاران لە بۆتەی چینی کرێکاراندا، کەچی لە هەفتاکاندا ڕێکخستنی کرێکارانی سۆشیال دیموکرات لەبۆتەی حزبی سیاسی سەربەخۆیی خۆیدا هاتە کایەوە. ئەو ڕێکخستنەش پێکهاتنی حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکرات، لەدایک بوونی ئەو حزبانە نەک دروست کردنییان، واتە ئەو حزبانە لەئەنجامی موتوربەکردنی جوڵانەوەی کرێکاران بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی لەدایک بوون، نەک بە ئارەزوو دروست کران. ئەو گواستنەوەیەش لە ڕێکخستنی کرێکاران لەبۆتەی چینی خۆیاندا. لەخۆناسینیان کە چینێکی سەربەخۆن و دەسکەوت و هەڵوێستی خۆیان، هی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ خۆڕێکخستن لەحزبی سیاسی تایبەتی خۆیاندا گەشەکردنێکی گەورەی نەوعی بوو لەجوڵانەوەی کرێکاراندا:

سەرەتای ڕێکخستن و سازدانی هێزو توانایان بوو، لەڕێناوی روخاندنی بۆرژوازی و رزگارکردنی کرێکاران و ڕەنجدەران و هەموو کۆمەڵ لەزوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و دامودەزگا مشەخۆرەکانی دەوڵەت.[٤]

٤ – گۆڤار، ڕێبازی نوێ، ژمارە (١) لە ١٩٩٣، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی(ی . ن . ک) دەریدەکات، لا ١٥ – ٣٧. دواتر ئەم وتارە وەک نامیلکەیەک لە ژیر ناوی زنجیرەی بیری سۆسیال دیموکراتی (١) لە لایەن مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی . ن . ک) ساڵی ٢٠٠٧، بە هەمان ناونیشانی پوختە باسێک دەربارەی سۆسیال دیموکراتی، نووسینی: زانا بڵاوکراوەتەوە. زانا ناوی خوازراوی (مام جەلال)ە. (ئامادەکار)

دەربارەی سۆشیال دیموکراسی

بەشی دووەم

لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا جوڵانەوەیی کرێکارانی ئەورووپا جارێکیتر بوژایەوە. ژێرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان، کە کرێکاران تێیدا دەوری دیاریان نواند و مارکس و ئەنگڵز هیوایەکی زۆریان بە شۆڕشەکەی ئەڵمانیا هەبوو، کە هەرچەندە لە ناوەڕۆکیدا شۆڕشی بۆرژوازی بوو، بەڵام هیوایان زۆر بەدەوری دیار و تایبەتی کرێکاران هەبوو.

کە شۆڕش دامرکایەوە، خەباتی شۆڕشگێڕانەی مێژوو کرد نیشتەوە، دەبوایە شێوە و جۆری خەباتی سیاسی هۆشیارانیش بگۆڕێت و بگونجێت لەگەڵ ڕاستییەکان و توانای ڕاستەقینەی جوڵانەوەی کرێکاران. لەوکاتەدا نەدەکرا درێژە بەهاندان و ڕاپەڕاندنی جوڵانەوەیی دامرکایەوە، بدرێت.

بۆیە وەک تێکۆشەرانی عیلمی و واقیعی، مارکس و ئەنگڵزیش ملیان نایە خەباتی فیکری و خۆسازدان بۆ کات و ساتی بووژانەوە و هەڵچوونەوەی جوڵانەوەی کرێکاران بەتایبەتی و جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی بەگشتی. بەتایبەتی، کە هێشتا ئەرکی داڕێژتنی تیۆری سۆشیالیستی عیلمیان بە تەواوی بەجێنەهێنا بوو، هیشتا خەملاندنی تیۆری و بیروڕاکانیان مابووی. بۆیە لە پەنجاکان و نیوەی یەکەمی شەستەکاندا خەریکی کاروباری تیۆری و سیاسی بوون، خەریکی خۆسازدان و کادیر پەروەردەکردن بوون لە هەر کوێیەکی بۆیان لوابێت و پێیان کرا بێت. واتە نێوانیان هەر تووند و پتەو مابووە لەگەڵ هۆشیاترین و شۆڕشگێڕترین کەسانی جوڵانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی لە ئەورووپادا. هەر شۆڕشگێڕترین کەسانی جوڵانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی لە ئەورووپادا. هەر بۆیەش لە یەکەمین هەلی لەباری مێژووییدا دەستیان کردەوە بەڕێکخستنەوەی جوڵانەوەی کرێکارانی ئەورووپا. ئەوە بوو لەکۆبوونەوەی ٢٨/ ئەیلوولی ساڵی ١٨٦٤دا، کە لە لەندەن لە هۆڵی سانت مارتینیز بەسترا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دژی دامرکاندنەوەی زۆردارانەی شۆڕشی پۆڵۆنیا، کە لەساڵی ١٨٦٣دا هەڵگیرسا بوو، مارکس هەلەکەی قۆستەوە و بە هاوکاری هەندێ کرێکارانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئەڵمان نێو نەتەوەیی یەکەمیان دامەزراند.

ئەرکە سەرەکی یەکەشی ڕێکخستنی جوڵانەوەی کرێکاران بوو بە جیاوازی بیروراکان (بێ گوێدانە بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیان) و بەجیاوازی شوێن و وڵاتەکانیان و جیاوازی ڕێبازی هەر بەشەشیان. بەو جۆرە لەناو کاروانی یەکگرتوویی کرێکاراندا لایەنگران و پەیڕەوانی (مازینی) ئیتاڵیایی و (برودوون)ی فەڕەنسی و (باکونین)ی ڕووسی و (لاسال)ی ئەڵمانی و نەقابیە لیبڕاڵەکانی ئینگلیز، شان بەشانی پەیڕەوانی مارکس و ئەنگڵز کۆکرابوونەوە و خرابوونەگەڕ.

دەبوایە لە پێشەوە، کرێکاران هەروەک کرێکار کۆبکرێنەوە و ڕێکبخرێن و لەبۆتەی چینی کرێکاری خۆیاندا قاڵ بکرێنەوە. و لەڕەوتی خەبات و جەرگەی تێکۆشانەکانیشدا وەک چینێکی کرێکاری سەربەخۆ و تایبەت بخەملێندرێن و ئەم ڕاستییە لەدڵ و دەروونی هەمووانداً بچەسپێندرێ کە (چینی کرێکاران خۆیان، خۆیان ڕزگار دەکەن و لەگەڵ خۆشیاندا دەبێ هەموو کۆمەڵ ڕزگار بکەن) لە هەموو جۆرە زوڵم و زۆرێکی هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەک. مارکس و ئەنگڵز زۆر چالاکانە لە نێونەتەوەیی یەکەمدا بەشداریان کرد و پێیان وابوو کە بەکۆکردنەوەی جوڵانەوەی هەموو جۆرەی کرێکارانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و بە ئاڕاستەکردنی هەموو جۆرە سۆشیالیزمی پڕۆلیتاری و ناپڕۆلیتاریش لەناویەک تاکە ڕێکخراودا کە شێوەیەکی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیونال) بەخۆیەوە گرتبێت، ئەتواندرێ وردە وردە، بەسەر یەک ڕێبازی هاوبەشدا گەشەیان پێ بدرێت و بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی و سیاسەتی ڕاستی کرێکارانەیان لەناودا بڵاوبکرێتەوە، بەرەو موتوربەکردنی جوڵانەوەکەیان بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی و زاڵکردنی ڕاستی بەسەر چەوتیدا و ئنجا داڕێژتنی یەک ستراتیژ و دانانی تاکتیکی ڕاست و ڕەوا بۆ خەباتی کرێکاران لەوڵاتە جیاجیاکاندا.

ئەوەی ڕاست بێت نێونەتەوەیی یەکەمین (الاممیة الاولی) لە هەشت نۆ ساڵی تەمەنی خۆیدا توانی، کە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی بەرێتە ناو جوڵانەوەی کرێکاران و کرێکاران لەناو بۆتەی چینی خۆیدا ڕێکخات و یارمەتی خەملاندنی کرێکاران لەناو چینی سەربەخۆی خۆیاندا بدات و بەکار و کردەوەش - جگە لە ململانێ تیۆری و سیاسی - زەمینەش خۆش کات بۆ لێکجیاکردنەوەی (تمایز) بیروڕا و بۆچوونە جیاجیاکانی ناو جوڵانەوەی کرێکاران و ئنجا بۆ پەیدابوونی حزبی کرێکاری سەربەخۆش، حزبی سۆشیالیستی کرێکاران. ئیتر و چیتر پێکەوەژیانی بیروباوەڕی جیاوازە خەملێوەکانی دژ بەیەکتر لەناو یەک تاکە ڕێکخستنی نێونەتەوەییدا جێیان نەدەبووە و پێکەوە هەڵیان نەدەکرد.

بۆیە لەدوای پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ناو (نێونەتەوەیی یەکەمین) و هاتنە کایەی

پێویستییەکانی ڕێکخستنی کرێکارانی سۆشیالیست لەناو پارتی سەربەخۆی کرێکاری نیشتمانیدا چیتر مانەوەی شێوەی پێشووی نێونەتەوەیی یەکەمین گونجاو نەما بوو لەگەڵ هەلومەرجی نوێی ناو جوڵانەوەی کرێکارانی دنیا. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی نێونەتەوەیی یەکەمین کارێکی ڕاست و ڕەوا و پێویست بوو. تاکو ئەرکی سەرەکی خەباتی هۆشیارانەی کرێکاران لەهەفتاکاندا بێتە دی، کە بریتی بوو لەپەیدابوون و ویلادەتی پارتی کرێکارانی سۆشیالیست لەناو وڵاتانی جیاجیادا، نەک یەک تاکە پارتی بۆ هەموو وڵاتان، کە ئەمەش دەکاتە پەیدابوون و ویلادەتی پارتی سۆشیالیستی کرێکاری سەربەخۆ بۆ هەر وڵاتە، واتە شێوەی سەرکردایەتی نیشتمانی بەڵام بە ناوەڕۆک هەر نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیۆنالیست).

پارتییە سۆشیال دیموکراتەکان دەستپێک و گۆڕان و گەشەکردن

پێکهاتنی حزبە کرێکارییە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەورووپا لەئەنجامی بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی بوو لەناو جوڵانەوەی کرێکاراندا. خۆشیان نۆبەرەی موتوربەکردنی جوڵانەوەی(ئابووری، سیاسی، فیکری) کرێکاران بوون بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی کە مارکس و ئەنگڵز لەناو خەباتی جوڵانەوەی کرێکاراندا بڵاویان کردبووە، بەهۆی خەباتیان لەناو نێونەتەوەیی یەکەمیندا لەلایەک و بەهۆی نووسین و بڵاوکراوەکانیان و خەباتی پەیڕەوەکانیشیاندا لەلایەکی ترەوە. واتە پێکهاتنی حزبە کرێکارییە سۆشیال دیموکراتەکان کە هەنگاوێکی مێژوویی گەورە بوو، کە گەشەکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی گرنگ بوو لەجوڵانەوەی کرێکاران و خەباتی سیاسی کرێکاراندا، واتە ئەو پێکهاتنە نۆبەرەی موتوربەکردنی جوڵانەوەی بوو بەبیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی لەپڕۆسەی خەباتێکی مێژووکردی پێویست و ناچاردا.

بۆیە بێ بوژانەوە و هەڵچوونی جوڵانەوەی کرێکاران، بێ خەملێنی کرێکاران لەبۆتەی چینی تایبەتی خۆیاندا، بێ موتوربەکردنی ئەو جوڵانەوەیەی کرێکاران بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی، واتە بێ بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی لەناو خەباتی کرێکاراندا، پێکهاتنی پارتی (حزبی)کرێکاری سۆشیال دیموکرات لەتوانادا نەبوو، واتە بۆ پێکهێنانی حزبی کرێکارانی سۆشیالیست (شۆشیالیستی عیلمی) هاتنەکایەی هەندێ تێکۆشەری هۆشیار و دانانی بەرنامەی ڕێک و پێک و بانگەواز و جارِدانی دروستبوونی حزبەکەی کرێکاران نە بەسە و نە ڕاست و ڕەواشە.

ڕاستە هەفتاکان لە خەباتی کرێکاراندا کۆمۆنەی پاریسی بەخۆیەوە دی کە یەکەمین

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی پاریسی فەڕەنسا بوو، سەردەمی گەشەکردنی سیاسی و فیکری بوو لەجوڵانەوەی کرێکاراندا بەڵام دیسان بۆ پێکهێنانی حزبی کرێکاری سەربەخۆی جەماهیری هەم گەشەکردن و هەڵچوونی خەباتی جوڵانەوەی کرێکاران پێویست و هەم بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی لە ناویدا، ئەو دووانە دایک و باوکی حزبەکە و بێ پێکەوە جووت بوونیشیان حزبەکە ویلادەتی نەدەکرد. ئا ئەمە دەرسێکی گرنگ و زۆریش بایەخدارە بۆ دروستبوونی ڕاست و ڕەوای حزبی کرێکارانی سەربەخۆ. ئا ئەمە سەرەتایەکی گرنگە لەپێکهاتنی ئەو جۆرە حزبەدا. ئەم سەرەتایە لەزەمانی مارکس و ئەنگڵز زۆر باو بوو، زۆر بەوردی کاری پێدەکرا و هەر بۆیەش مارکس و ئەنگڵز لەخۆیانەوە، بەگوێرەی ئارەزوو، حزبی کرێکاریان جارِ نەدا، خۆ مارکس و ئەنگڵز ئەیانتوانی چاکترین بەرنامە دابڕێژن و چاکترین ڕۆڵەی خەباتگێڕی ئەو سەردەمەی جوڵانەوەی کرێکارانیش لە هەر ولاتەدا کۆبکەنەوە و جاری حزبی کرێکارانی سۆشیالیستیشیان پێ بدەن. بەڵام هەڵەی خۆیان نەکرد چونکە نە لەسەر و ڕیشی ئەوان دەوەشایەوە و نە ڕاست و نە ڕەوا و بەکەڵک و پێویستیش بوو. بەڵکو تەنانەت لە هەفتاکان و هەشتاکانیش دا لە ساڵی ١٨٦٩-ەوە تا ١٨٨٩ش هەر چاودێری و ڕێنوێنی پێکهاتنی حزبە کرێکارییە سۆشیالیستەکانی ولاتانی جیاجیای ئەوروپای کردوە، بێ ئەوەی پەلەیان پێ بکەن و پێش وەخت و لە ناو وەختدا جاری حزبیان پی بدەن. بگرە لە هەر ولاتەدا هەر لە ئەنجامی هەڵچوون و گەشەکردنی جوڵانەوەی کرێکارانی ئەو ولاتەدا ئنجا موتوربەکردنی بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی ئەو حزبە کرێکارییە بەشێوەی ئاسایی و ڕاست و ڕەوای خۆیان هاتنەکایەوە، ئەو سەرەتا ڕاست و گرنگە لە سەردەمی دەستپێکی نێونەتەوەیی دووەمی و نێونەتەوەیی سێ یەمینیش دا هەر بەوردی ڕەچاو و پەیڕەوکراوە.

نموونە مەشهورەکەی مەنگولیا بەڵگەیەکی دیاری ئەو ڕاستییانەی سەرەوەیە. کاتێک سەرکردەکانی حزبی خەڵکی شۆڕشگێڕی مەنگولیای سەرکەوتوو لەولاتی خۆیاندا چوونە لای لینین و پرسیان پێکرد، کە ئایە دەبێ و دەشێ حزبەکەیان نە ڕاست و نە ڕەواشە. بۆچی؟ چونکە حزبی کۆمۆنیست، حزبی کرێکارانی سۆشیالیستی عیلمیە، واتە بۆ پەیدابوونی دەبێ هەم چین و خەباتی چینایەتی کرێکاران هەبێت و هەڵچووبێت و گەشەی کردبێت و هەم بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمیش موتوربەکرا بێت. ئەگینا (دەنا) حزبی وا دروست نابێت، واتە پێک نایەت!

دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو سەرەتا گرنگ و ڕاست و ڕەوایەی لە ناو کوردستاندا زۆر

پێویستە. سەبارەت بەوەی کە بیرۆرا سەر لێشێوێنەرەکانی مەنسووری حیکمەت بە پێچەوانەی ئەو سەرەتا سۆشیالیستییە عیلمیەی پێکهاتنی حزبی سۆشیالیستی کرێکاران، بۆتە هۆی بەهەڵەبردنی تاقمێکی بچووک لە کوردستانی ئێمەدا و تاقمێکی تێکۆشەری گرنگیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. بەوەی کە هان دان - لەڕاستیدا فریوەی دان- بەجارێدانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاران، بێ ڕەوچاوکردنی ئەو سەرەتایە بگرە بەپێچەوانەی ئەو سەرەتایە ڕاست و ڕەوایەی پێکهاتنی حزبی کرێکارانی سۆشیالیست. ئەو جۆرە حزبە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا، بەجۆرێکی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی جوڵانەوەی کرێکارانی ئێران و عێراق (بەکوردستانیشەوە) لە سنە و مهابادەوە یان لە سلێمانی و هەولێرەوە، جارێ نادرێت: ئەویش لەلایەن تاقمی هۆشیار و خوێندەوارەوە، با شۆڕشگێڕیش بن ئەو جۆرە حزبانە لەناو جەرگەی جوڵانەوەی کرێکاراندا، لەگەرمەی حزباتی چینایەتی کرێکارانی ئێران و عێراقدا، دوای موتوربەکردنی ئەو خەباتە هەڵچووە و گەشە کردوەی ئەو چینە کرێکارییە خۆی بەبیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی ویلادەت دەکەن.

هەڤاڵێکی تێکۆشەر و ژیر و هۆشیاری خۆمان هی (ی.ن.ک) تەعلیقی خۆش و ساکاری خۆمانەی هەبوو لەسەر ئەو جۆرە جارێدانە کە دەیگووت ئەوە وەک ئەمە وایە تاقمێک پیاوی سمێڵ باپری هۆشیار بێن و جارێ دامەزراندنی یەکێتی ژنانی ولاّت بدەن!

ئەو جۆرە جارێدانە لەویلادەتی منالّی شوشەش ناچێت، چونکە منالّی ناو شوشە هیچ نەبێ لە ئەنجامی موتوربەی تۆوی پیاو بە هێلکەی ژن و ئەویش لەناو ڕەحمی دایکەکەدا پەروەردە دەبێت. کەچی ئەو جۆرە جارێدانە دوور لە دایکەکە و بێ موتوربەکردنی خەباتی جوڵانەوەی کرێکارانە بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی.

جگە لەو ڕاستی یانەی ڕابرد - جارێدانی ئەو جۆرە حزبانە بەو شێوەیەی گوتمان ڕاستوخۆ دژی مەتریالزمی مێژوویییە، واتە دژی بەردی بناغەی فەلسەفەی مارکسیزمە. چونکە بەپێی مەتریالزمی مێژوویی (المادية التاريخية) گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤ بەگوێرەی ویستی پیاوچاکان و ئارەزووی خێرخوازان نابێت بەڵکو بەگوێرەی قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەبێت، کە قانوونی بابەتی و هەوراز ویست و خوستی مرۆڤن، کە قانوونی مێژووکردن نەک دەستکرد. هەروەک سۆشیالیستی عیلمی لەسەرەتای خۆشیەوە ئەم ڕاستیەی داهێنا کە (لم تعد الاشتراكية اكتشافا طارئا لهذا الفكر العبقري او ذاك. بل النتيجة الضرورية للصراع بين طبقتين متطورتين تاريخيا الا وهما البروليتاريا والبورجوازية. ولم تعد مهمة الأشتراكية بعد

الان هي صناعة نظام للمجتمع كامل قدر الأمكان، بل دراسة التسلسل التاريخي الأقتصادي للأحداث التي انبثقت منه هاتان الطبقتان وتناحرهما بالضرورة، واكتشاف وسائل إنهاء هذا النزاع في الشروط الأقتصادية الناجمة عن ذلک الوضع).

جا دەور و ئەرکی خەباتگێڕی هۆشیار، جارِدان و بانگەواز نییە، بەڵکو دەوریان تەنانەت، کە دەگەنە پلە و قۆناغی شۆڕشیش - واتە بەکارهێنانی زۆری شۆڕشگێڕانەش، بە پلەی پەیدابوونی سەرکردایەتی شۆڕشگێڕ و پارتی پێشڕەو و هێزی جەماوەری شۆڕشگێڕی ڕاپەڕیوبشەوە هەر دەوری ماماننییە لەمێژودا.

دروست بوونی چینەکان - کرێکاران و سەرمایەداران- پەیدابوونی خەبات و ململانێی نێوانیان دەستکردی هیچ کەسێک و حزبێک نین، بەڵکو مێژووکردن. ئەرکی شۆڕشگێڕانی سۆشیالیستیش هەر (دراسه التسلسل التاريخي الأقتصادي للأحداث التي انبثقت منه هاتان الطبقتان وتناحرهما بالضرورة)یە هەر (إكتشاف وسائل انهاء هذا النزاع)ەیە ئەویش لەناو (الشروط الأقتصادية الناجمة عن هذا الوضع) دا.

جا بۆ هەڵسان بەچاکی و بەڕاستی و بەتەواوی بەئەرکی مامانی دەبێ: دایکێکی دوو گیانمان هەبێت: لەم حالەتەی باسەکەی ئێمەدا: دەبێ کۆمەڵێکی ئاوسمان هەبێت بە ڕژێمێکی نوێ- واتە دەبێ هەل و مەرجەکانی بابەتی و تایبەتی هاتنەکایەی ڕژێمە نوێیەکەی پێگەیشتبن، ئەوسا مامانەکە، کە لەو حاڵەتەدا، شۆڕشەکەیە ئەتوانێ دەوری مامانی خۆی واتە دەوری لەدایک بوونی ڕژێمەکە بەچاکی ببینێت. واتە لێرەدا چەندێکی گرنگ ئەمەیە: کە نە لە باربردنی پێش وەخت، وە نە مردار کردنەوەی پاش وەخت. کەواتە، کە ئەمە دەوری شۆڕش بێت بە هەموو دام و دەزگاکانیشەوە، بەهێزی پێشڕەوەکەیەوە، بە جەماوەرەکەیەوە، بەهێزی ڕاپەڕیوە چەکدارەکەیەوە، بە ڕێکخراوە جیاجیاکان و دەزگا جۆراوجۆرەکانیشیەوە، ئەبێ مرۆڤی هۆشیار و ژیر زۆر بە وردی و بە چاکی پەیڕەوی ئەو سەرەتایە گرنگە بکات کە باسمان لێ کرد و هەڵپە هەڵپ و پەلە پەل نەکات، بەڵکو خەباتی درێژخایەن و پشوو درێژ بکات بۆ خەملاندنی هەلومەرجەکانی بابەتی و تایبەتی، بۆ پەیدابوونی هەلومەرجەکانی لەدایک بوون، ئەوسا دەوری خۆی ببینێت لەپێکهێنانی پارتی کرێکارانی سۆشیالیست.

دیارە هەروەک هەڵپە هەڵپ و پەلە پەلی نابەجێ هەڵەولادان و سەر لێ شێوانە، هێز و توانا بەفیڕۆدان نەبێ هیچی تری تیا بەستە نییە، ئا ئەوهاش مردارکردنەوەی نۆبەرەکەش بەخاوخلیچی و سستی و خۆ خافلاندن بەکاری لاوەکییەوە لەجیاتی کار و ئەرکی سەرەکی و

پەیڕەوی کردنی سیاسەتی سازشکارانە لەجیاتی سیاسەتی شۆڕشگێڕانە ئا ئەوهاش ئەمەش هەل و لادان و خەبات شێواندن و دستخەڕۆکردنە. کەواتە مێژوو، ڕووداوە گرنگەکانی مێژوو، گۆڕانکاریە بابەتییەکان، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و هاتنەکایەی ڕژێمی ئابووری و سیاسی نوێ بەژێرخان و سەرخانیشیانەوە واتە بە حزب و ڕێکخراوەکان و دام و دەزگاکانی حوکمڕانیشەوە، بەری ئارەزوو ویستی کەسانی دەسەڵاتدار و بەتوانا و یان زۆردار و کاربەدەست و ژیر و هۆشیارنین بەڵکو ئەنجامی حەتمی کاریگەری بوون و هەمیشە جوڵان و کارکردنی بابەتی قانوونەکانی گەشەکردن و گۆڕانی لەدەروونی کۆمەڵایەتیدا. ئەو قانوونانە بەکۆرایی چاوی کۆنەپەرست و خوێنمژان و زۆرداران هەرگیز لە جوڵە و پێشکەوتن ناکەون با سەبر و لەسەر خۆش بن، هەروەک ئەو قانوونانەش بە ویستی پیاوچاکان و ئارەزووی خێرخوازان ناخوڵێتەوە- دەوری مرۆڤ زانین و بەکارهێنانی ژیرانەی ئەو قانوونانەیە، لابردنی کەند و کۆسپە مرۆڤ کردەکانی سەر ڕێگەکەیانە، نەهێشتنی بەرهەڵستی کۆنەپەرستان و زۆردارانە لەسەر ڕێگەکەیان دا.

بە ڕاست و دروستی خوێندنەوەی مێژووی خەباتی جوڵانەوەی کرێکاران بەشێوەیەکی ڕێک و پێک واتە بەشێوەی ڕێکخراوەیی نیشانی دەدات، کە خەباتەکە لە پلە و قۆناغی یەکگرتنی کرێکارانەوە - بۆ حزبی کرێکارانەی سۆشیال دیموکراتی مارکسی یەوە و ئنجا حزبی سۆشیالیستی عیلمی (کۆمۆنیستی) لینینی چووە و لەناو کاروانەکەش دا زۆر جیاوازی و مشتومڕی جیا دروست بوونە.

لەهەر قۆناغێکیشدا کاروان دوو لەت و سێ لەت بووە و هەموی نەیتوانیوە بەسەر یەک تاکە ڕێبازی موشتەرەکدا بڕوات. بەڵکو هەر بەش و بڕە ڕێگەی تایبەتی خۆی گرتوتەبەر، ئەو جیابونەوە و لێکترازان و پارچەبوونە لە سەردەمی نێونەتەوەیی یەکەمیندا ڕوویان داوە، هەروەک لە سەردەمی نێونەتەوەیی دووەمین و سێیەمینیشدا هەمان جیابوونەوە و لێکدابڕان ڕوویانداوە، جا، بەکورتی و پوختی ئەو ڕاستییانەش لەناو توێی باسەکانماندا بخەینەڕوو:

پێکهێنانی پارتییە سۆشیال دیموکراتەکانی کرێکاران لەسەردەمی مارکس و ئەنگڵزدا

هەروەک باسمان کرد پارتییە سۆشیالیستە دیموکراتەکانی کرێکاران نۆبەرەی موتوربەکردنی خەباتی جوولانەوەی کرێکاران بوون بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی. لێرەدا دەوری مارکس و ئەنگڵز لە پێکهێنانەکەیان دەردەکەوێت لە داڕێژتن و خەملاندنی سۆشیالیستی عیلمیەوە تا سەر بلاوکردنەوەی بیروڕاکانی و ئنجا پەروەردەی کادیری کرێکاری چالاک و توانا و ڕێنوێنی

کردنیان و سازدانیان بۆ سەرکردایەتی کردنی جولانەوەکە و حزبەکە. هەروەها ڕاماڵینی تەگەرە و کۆسپەکانی فیکری و سیاسی لەڕێگەی خەباتەکەیاندا وە سازدانی زەمینەی فیکری و ڕێکخستن و سیاسی لە بۆ پێکهێنانێکی ڕاست و دروست و ڕەوای پارتییەکان.

هەرچەندە مارکس و ئەنگڵز دوو مرۆڤی ئینتەرناسیۆنالیست بوون و ڕێنوێنی و ڕێبەری هەموو جولانەوەی کرێکاری ئەوروپایان دەکرد و پێیان وابو کە جولانەوەی کرێکارانی دنیا یەکە و هەمیشە دروشمی (ئەی کرێکارانی هەموو جیهان یەکگرن)یان هەڵکرد بوو -بەڵام خۆشیان بەئەندامی پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی ئەڵمان دادەنا. بەتایبەتی کە لەبەر هەندێ هۆی بابەتی و تایبەتی هیوایەکی زۆریان بەچینی کرێکارانی ئەڵمان هەبوو و بەو هێزە شۆڕشگێڕەیان دەزانی کە توانای لەناوبردنی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی پروسی (پیرۆزی هەبێت) کە لانەی کۆنەپەرستی ئەوروپا بوو.

جگە لەوەی کە یەکەمین حزبی کرێکارانی سۆشیالیستیش لە ئەڵمانیا پێکهات. وەپاش ژێرکەوتن و هاڕینی کۆمۆنەی پاریس و دوای گەندەڵ کردنی جولانەوەی کرێکاری ئینگلیز و پەرەسەندن و گەشەکردنی جولانەوەی کرێکارانی ئەڵمان و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی لەناویاندا، ئەوسا جولانەوەی کرێکارانی ئەڵمان سەر شاری جولانەوەی کرێکارانی جیهانی بۆ خۆی گرتبوو، بەکردەوەش چو بووە ڕیزی پێشەوە و سەرەوە.

حزبی کرێکارانی سۆشیالیستی ئەڵمان

هەر لە ساڵەکانی (١٨٦٥)ەوە ئاڵقەکانی کۆمەڵەی کرێکارانی نێونەتەوەیی ئەڵمان چالاکانە بیروباوەڕی سۆشیالیستییان لە ڕیزەکانی خۆیاندا بڵاودەکردەوە. کۆمیتەی ناوەندی لقەکانی زمانی ئەڵمانیش لە سوێد، کە تێکۆشەری بلیمەت (یۆهان فیلیپ بیکەر) ڕێبەر و سەرکردەیان بوو، دەورێکی دیاریان نواند لەو بوارەدا. یەکێتی کۆمەڵەکانی ڕووناکبیری کرێکارانی ئەڵمانیش دەوریان گەلێک دیار و کاریگەر بوو لە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی نێونەتەوەیی و سۆشیالیستیدا. بەتایبەتی دوای ئەوەی (لیبکنیخت) لەگەڵ کرێکاری لاوی چالاک و زیرەک (ئوگست بیبل) پێکەوە چالاکانە کاریان تیاکرد و بیروباوەڕی نێونەتەوەیی و سۆشیالیستیان لەڕێزەکانیان دا بڵاوکردەوە. دەسەڵات و هەیبەتی هەردووکیشیان زۆر پەرەی سەند بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنیان بو (ڕایخشتاخ) لەساڵی ١٨٦٧دا. بەو جۆرە هەردووکیان توانیان یارمەتی زاڵبوونی بەرنامەی نێونەتەوەیی و سۆشیالیستی بدەن لەناو کۆنگرەی کۆمەڵەکانی ڕووناکبیری کرێکارانی ئەڵمان کە لە نورنبیرگ بەسترا لەساڵی ١٨٦٧دا.

هەموو ئەو گەشەکردنە زەمینەی خۆش کرد بۆ گرتنی کۆنگرێسێکی گشتی لەساڵی ١٨٦٩ لەشاری ئیزباخ دا کە نوێنەرانی زۆربەی کۆمەڵەکانی ڕووناکبیری و لقەکانی نێونەتەوەیی و ئەوانەی لەیەکگرتنی کرێکارانی گشتی ئەڵمانیش جیابوبوونەوە، تێیدا بەشداریان کردبوو.

لەو کۆنگریسەدا بڕیاری پێکهێنانی حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان درا، (لە٩/ ئابی/١٨٤٩ دا لەئیزباخ).

پارتییە کرێکارییە سۆشیالیستە گرنگەکانی تر

لە هەفتاکاندا دوا بەدوای پێکهاتنی پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان، وردە وردە لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەورووپادا هەلومەرجی بابەتی و تایبەتی دەخەملێن و پارتییە سۆشیال دیموکراتەکانی کرێکاران ویلادەتیان دەکرد. لەساڵی ١٨٧٥دا هەردوو باڵەکەی جولانەوەی کرێکارانی ئەڵمان یەکیانگرتەوە و بەرنامەیەکی مام ناوەنجیان پەسند کرد کە ناسراوە بە بەرنامەی گۆتە کە مارکس و ئەنگڵز چەندین ڕەخنەیان لێگرتبوو:

لەساڵی ١٨٧٧دا پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی ئەمریکا پێک هات.

لەساڵی ١٨٧٩دا پارتی کرێکارانی فەڕەنسا هاتە کایەوە.

لەساڵی ١٨٨٨دا پارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسا پێک هات.

لەنەتەوەکانیش پارتی یە کرێکاری یەکانی ڕوسیا و وڵاتانی تری ئەورووپا پێکهاتن.

سۆشیال دیموکراتی لەسەردەمی مارکس و ئەنگڵزدا

پارتییە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەو سەردەمی، پارتی کرێکاری بوون، باوەڕیان بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی هەبوو (کە پاشان نازناوی مارکسیزمی بەسەردا بڕا) هەوڵیان دەدا ببنە پارتی جەماهیری کاریگەر. ڕێگەی سەرەکی خەباتەکەیان ڕێگەی خەباتی سیاسی، پەرلەمانی، فیکری و ڕاگەیاندن بوو، چونکە سەردەمەکەیان سەردەمی خۆ ڕێکخستن و هێز سازدانی چینی کرێکاران بوو، سەردەمی ڕێکخستنی ڕێبەری چینی کرێکاران بوو، سەردەمی پێکهێنانی پارتی کرێکاران و هۆشیاکردنەوە و پەروەردەی کادیر و ئەندامەکانیان بوو بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی عیلمی.

وە چونکە دوای دامرکاندنەوەی کۆمۆنەی پاریس لە هەموو ئەورووپا هەموو هەل و مەرجەکانی بابەتی و تایبەتی ڕاپەڕینی یان شۆڕشی کرێکاران لەکایەدا نەبوون. ئەو سەردەمەش خەباتەکە

نێونەتەوەیی بوو، شۆڕشی کرێکارانیش وا ڕەچاو دەکرا کە هی هەموو ولاتان بێت پێکەوە، هیچ نەبێ ولاتانی ئەوروپا. بۆ ئەوەی پارتییەکانی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەوروپاش یەکێتی تێکۆشانی خۆیان بپارێزن و سەریان لێ نەشێوێندرێ و بەهەڵە نەبڕێن، لەساڵی ١٨٨٩دا ئەنگڵز کە ئەوسا خۆی بەتەنها دوای مردنی مارکس ڕێبەری گشتی بوو، مارکسیەکانی ئەڵمان و فەڕەنسای هاندا کە کۆبونەوەی ١٤/تەممووزی/١٨٩٩ی پاریس بکەنە کۆبونەوەی دامەزراندنی نێونەتەوەیی دووەم. بەو جۆرە ئەو نێونەتەوەییە لەپارتییە سیاسیە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوسای ئەوروپا پێک هات.

نێونەتەوەیی دووەمی

بەڕێنوێنی و هاندانی فریدریک ئەنگڵز و دەستپێشکەری مارکسیستەکانی فەرەنسا و ئەڵمان کۆنفڕانسێک لە١٤/تەممووزی/١٨٩٩دا لەپاریس بەستراو تێیدا بڕیاری دامەزراندنی نێونەتەوەیی دووەمین درا. کۆنفڕانسەکە لەژێر چاودێری و بەسەپەرشتی ئەنگڵز بوو لەو کۆنفراسەدا بڕیاری پێکهێنانی پارتی سیاسی بۆ خەباتی سیاسی چینی کرێکاران درا بۆئەوەی بەهۆی ئەو پارتیانەوە دەسەڵات بگرنە دەست و دیارکرا، کە ئامانجی هەرە دوایشیان سۆشیالیزمە. لەو کۆنفرەنسەشدا بڕیاردرا کە یەکی ئایار بکرێ بەجەژنی کرێکارانی جیهان.

دامەزراندنی نێونەتەوەیی دووەمین هۆیەکی تری جۆشدانەوەی جوڵانەوەی کرێکاران بوو کە لەساڵی ١٨٩٠دا کرێکارانی ئەڵمانیا زاڵ بوونەوە بەسەر قانوونی قەدەغەکردنی حزبەکەیان و لەچەندین وڵاتیش مانگرتن و خەباتی ئابووری کرێکاران پەرەی سەند.

هەتا ئەنگڵز مابوو، وەک ڕێنوێنی نێونەتەوەیی دووەمین یەکێتی و تەبایی لەناو حزبە کرێکارییە سۆشیال دیموکراتەکاندا بەردەوام و پارێزراوبوو. بەڵام دوای مردنی ئەنگڵز هێدی هێدی ناکۆکی و جیاوازی کەوتە ناو ڕیزەکانی پارتە سۆشیال دیموکراتەکانەوە لەسەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە:

١- شێوەی خەباتی کرێکاران، ئایە هەر پەرلەمانی و سیاسی دەبێت، یان شۆڕشگێڕانە دەبێت، خەباتی پەرلەمانیش لەخزمەتیدا دەبێت.

٢- ئایە سۆشیال دیموکراسی بۆ دەسەڵاتداری دیموکراتانەی کرێکاران خەبات دەکات یان بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

٣- دژی جەنگ و بوجەی جەنگی هەر دەنگ دەدەن لەپەرلەمان و یان بەکار و کردەوەش پەکی شەڕی نێونەتەوەیی ناڕەوا دەخەن و شەڕەکە وەردەچەرخێننەوە بۆ شۆڕشی ڕەنجدەران دژی

سەرمایەدارەکان.

٣- دژی داگیرکردنی ولاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی دەبن لەلایەن دەوڵەتە ئیستعماریەکانەوە و ئالای مافی چارەی خۆنووسین بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەو ولاتانە هەڵدەکەن یان ئیستعمار بە بلاوکردنەوەی شارستانیەت و سەناعەت و خوێندەواری دەزانن!

لەسەر ئەم خاڵانەی سەرەوە، گۆڕاندنی (یان گەشەپێدانی) هەندێ گوتەی مارکس وەک دەورانی سەرمایەداری نوێ، شۆڕش لەسەرتانسەری ئەوروپا دەبێت یان لەیەک ولاتیش دەبێت، جۆری ڕێکخستنی حزبی کرێکاران و کەوتە ناو حزبە سۆشیال دیموکراتەکانەوە. ئەوسا پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان کە سەرکردە ناوداڕەکەی (کارل کاوتسکی) هاوڕێی ئەنگڵز بوو، بە حزبی ڕێبەر دادەندرا. حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی و ڕوسیاش ناکۆکی تووندوتیژی تێدا کە باڵە بۆلشەویکەکەی بە سەرۆکایەتی لینین گوتەی نوێی دادەهێنا کە (پلیخانۆف) بۆ جیاکردنەوەی لە مارکسیزم و بەگاڵتەوە پێی دەگوت: ئەوانە مارکسیزم نین بەڵکو (لینینیزم)ن. واتە لەسەرەتادا گوتەی لینینیزم بۆ گاڵتە داهێندرا و پاشان بو بەڕاست و پەیڕەوەکانی کردیانە (مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم).

١- لەسەر شێوەی خەبات لینینیزم ڕێگەی شۆڕشی چەکداری دیاری دەکرد. و خەباتی پەرلەمانیشی بۆ هاندان و هۆشیارکردنەوە پێ باش بوو.

٢- لەسەر دەسەلاتی کرێکاران، لینینیزم داوای دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاری دەکرد، دیکتاتۆریەتی تەواوی بێ پەروا، وپێی وابو ئەوەش بەپەرلەمان نایەتەدی. دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریای تووندوتیژی بێ پەرواش بەڕێبەری پێشڕەوی چینەکە واتە پارتییە سۆشیالیستە دیموکراتەکە دەبێت.

سۆشیال دیموکراتە دێرینەکان دەستیان بەو گوتانەی مارکس و ئەنگڵزەوە دەگرت کە دەیان گوت بەئاشتیش و بەپەرلەمانیش سەرمایەداری لادەبرێت و دەسەلاتی کرێکاران دادەنرێت. دەشیان گوت دەسەلاتەکە دەبێ دیموکرات بێت و بەهەڵبژاردنی ئازاد بێت وەک هینەکەی کۆمۆنەی پاریس.

٣- لەسەر مەسەلەی جەنگیش لینینیزم دەیگوت هەر دژایەتی بەقسە و بەنووسین و خۆپیشاندان و دژی خۆ پڕ چەککردن لەپەرلەمان کافی نییە، بەڵکو دەبێ جەنگی ئیمپریالیستی ناڕەوا وەرچەرخێندرێتەوە بەجەنگی شۆڕگێڕانەی ڕەوا، واتە بە شۆڕش بەرەنگاری جەنگی ناو سەرمایەدارەکان بکرێت.

٤- لەسەر مەسەلەی موستەعمەرەکان و گەلانی ژێر دەستیش، لینینیزم داوای مافی چارەی

خۆنوسینی بۆ دەکردن بەسەربەخۆیی تەواو جیابونەشەوە، داوای پشتیوانی کردنی جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلانی ژێردەستی دەکرد و بەجۆگەلەیەکی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی دادەنا.

لەسەر مەسەلەی شۆڕشی سەرتانسەریش لینینیزم دەیگوت ئەوە سەردەمی بەسەرچووە(واتە ئەوسا) سەردەمی شۆڕشی سۆشیالیستی یە لەیەک تاکە ولاتدا کە هەلومەرجەکانی شۆڕشیان تێدا خەملێ بێت.

حزبی لینینیش حزبی مەرکەزیەتی تووندوتۆڵی بەناو دیموکرات بوو، حزبی(نەواتی سەرکردایەتی نەگۆڕ) و (کادیری پیشەیی) و شێوەی نهێنی گرێدراو بەشێوەی خەبات بوو. حزبی هەر ئەو کەسانە بوو کە هەموو بەرنامە و هەموو سەرەتاکان پەسەند دەکەن و لەشانەشدا کۆدەبنەوە و مەرکەزیەتی دیموکراتی دەسەلمێنن بێ هیچ جۆرە تاقمگەریەک. حزبی لێک ترازاندنی باڵە جیاجیاکانی سوشیالیست بوو.

ئەمانە و چەندین ناکۆکی تریش کە دەبێ لەکاتی خۆیدا بەدرێژی باسیان بکەین بوونە هۆی دابەش بوونی سۆشیال دیموکراتەکان بە دوو سێ باڵ، باڵی چەپی شۆڕشگێڕ(لینینیزم) باڵی سۆشیال دیموکراتی دێرین (کاوتسکی) باڵی سۆشیالیزمی لیبڕاڵ و ناشۆڕشگێڕ و دژ بەشەڕ و شۆڕ و شۆڕش.

لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆربەی حزبەکان یان باشتر و وردتر بڵێین زۆربەی سەرکردەکانی حزبەکان بەشی سێیەمین بوون. حزبی ئەڵمان و هەندێکی تر بەشی مام ناوەنجی بوون- بۆلشەویکەکانیش و هەندێ گروپی چەپی بچووک بەڵام ڕوو لەگەشە بەشی شۆڕشگێڕ بوون. دیارە ئەوسا لینین نە زۆر بەناوبانگ بوو نە وەک کەڵەپیاوی سۆشیالیستی ئەو سەردەمە کارل کاوتسکی و پلیخانۆف کە هەڤاڵی ئەنگڵز بو بوون، دەسەلاتدار بوو. بەڵام لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، زۆربەری چەپەکان و شۆڕشگێڕەکانی حزبە سۆشیال دیموکراتەکان لینینیزمیان پەسەند کرد و حزبی کومونیستی یان پێکهێنان.

بەم جۆرە بەشێکی زۆری سۆشیال دیموکراتەکانی پێشوو چوونە حزبە کۆمۆنیستەکانەوە. وە حزبەکانی کۆمۆنیستی لەئەڵمانیا و فەڕەنسا و چیکۆسلۆفاکیا و ئیتاڵیا بوونە حزبی زل و بەهێز، بەڵام دیسان هەر زۆربەی زۆری کرێکاران و سۆشیال دیموکراتەکانی دێرین لەناو پارتی یە سۆشیال دیموکراتەکاندا مانەوە.

بەسەرهاتەکانی ئەو حزبانە و هەڵوێستی ناشۆڕشگێڕانەیان لە پشتیوانی کردنی شەڕی

جیهانی و دەنگدانی هەر سەرکردایەتییە لەگەڵ حکومەتی ولاّتی خۆی بۆ شەڕ و بەبیانوی پاراستنی نیشتمانی وای لەیەکێکی وەک (روزا لوکسمبورگ) کرد تا بڵێ: ئەو جۆرە سەرکردانە دروشمی(ئەی کرێکارانی هەمو ولاّتان یەکگرن)یان کرد بە دروشمی(ئەی کرێکارانی هەمو ولاّتان تێک بەربن و یەکتر بکوژن).

بۆیە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا نێونەتەوەیی دووەمین هەڵوەشایەوە و ڕیزەکانی لێک ترازا و هەر حزبە بەلای حکومەتی خۆیدا دایشکاند تەنها حزبی بۆلشەویک نەبێت کە بەسەرکردایەتی لینین دژی حکومەتی خۆی و دژی جەنگی سەرمایەدارەکان وەستا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش بەسەرۆکایەتی بۆلشەویکەکان و بەڕێبەری لینین نێونەتەوەیی سێیەمین هاتەکایەوە. کەچی پاشان نێونەتوەیی دووەمین ماوەیێکی ویست تا سەر لەنوێ خۆی سازبداتەوە، لەژێر ناوی(سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال)دا.

نێونەتەوەیی سێیەمین

نێونەتەوەیی سێیەمین کە ناوەکەی (کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنال) بوو لەیەکگرتنی حزبە مارکسیە لینینیەکان(حزبە کۆمۆنیستەکان)پێک هات. کۆنگرەی دامەزرێنەری خۆی لەشاری مۆسکۆ لە ٢-٦/ئازاری ١٩١٩دا بەست.

لەو کۆنگرەیەا نوێنەرانی حزبە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە سۆشیالیستە چەپەکانی ٣٠ ولاّت بەشداربوون وەک جەمهوریەتەکانی سۆڤیاتی، ئەڵمانیا، نەمسا، مەجەر، پۆڵۆنیا، فلەندا، فرنسا، بلغاریا، چین و کۆریا و هتد.

ئەرکە سەرەکیەکەی خەبات کردن بو لەپێناوی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریادا. پاشان چەند کۆنفڕانسی تریان بەست و تا دەهات ژمارەی حزبەکانی زیادیان دەکرد تاکو گەیشتە دەیان حزبی بزێوی نوێی چالاک و شۆڕشگێڕ و توندوتیژ.

جگە لەو دروشمەش ئامانجەکانی تریان بریتی بوون لە:

* دروست کردنی حزبی (م.ل)[٥]ی شۆڕشگێڕ کە دوژمنی سەرسەختی سۆشیال دیموکرات بوون.
* هەوڵدان بۆ هۆشیار کردنەوە و ڕاکێشانی جووتیاران بەلای پڕۆلیتاریادا.

٥ - (م.ل) = مارکسی- لینینی

* هەوڵدان بۆ هاندان و هۆشیارکردنەوە و ڕاکێشانی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی وڵاتانی ژێر دەست بەلای پرۆلیتاریا و جەمهوریەتی سۆڤیەتیدا.

* خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری، ڕێگەی سەرەکی خەباتی چەکدارە. بەڵام کەڵک وەرگرتن لەپەرلەمانەکان بۆ هاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک.

* بەگژاچوونی بێ پەروای (هەڵمەتەکانی) و (مام ناوەنجیەتی) و (چەپڕەوی منالانە) و پێویستی کارکردن لەسەندیکا زەردەکانیشدا.

* هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر سۆشیال دیموکراسیدا بەڕاکێشانی زۆربەی چینی کرێکاری هەر وڵاتە بەلای خۆیاندا.

* پارێزگاری یەکێتیی سۆڤیاتی وەک بیلبیلەی چاوەکان.

* دژایەتی سەرسەختی ئیمپریالیزم کە پێیان وابو بەرزترین پلەی سەرمایەداری ڕزۆکە.

* داڕێژتنی سەرەتای تایبەت بۆ ژیانی حزبایەتی و شێوەکاری بۆلشەویکانە بۆ هەموو حزبەکانی تر. واتە بە بۆلشەویک کردنی هەمو حزبەکان.

ئەمانە و چەندین شتیتر، هەر بەیەکجاری جوڵانەوەی سۆشیالیستی دنیای کردە دوو بڕی لێک جیاواز و پێکەوە دوژمن- سۆشیال دیموکراسی- و کۆمۆنیزم (بۆلشەفیزم).

نێونەتەوەیی سێیەمین، ساڵ بە ساڵ پەرەی دەسەند و گەشەی دەکرد. لە کۆنگرەی دووی خۆیدا (٤١)حزب بەشداری کرد، لە هی سێیەمیندا چەندین حزبی وەک چینی و چیکۆسلۆفاکی و ئیتاڵی زیادیان کرد. لەکۆنگرەی چوارەمینیدا ژمارەی حزبەکانی گەیشتە ٥٨ و لەکۆنگرەی حەوتەمینی دا کە ٢٥ تەممووز – تا ٢٥ ئابی ١٩٣٥ بەسترا نوێنەرانی (٥٦) حزب و لەکۆی (٧٦) لقی نیشتمانی (واتە حزبی ئەو وڵاتانە) بەشداریان کرد کە نوێنەرایەتی ..../ ٣/٤ کۆمۆنیستیان دەکرد. بەو جۆرە نێونەتەوەیی سێیەمین ڕوی لەگەشەکردن بوو هەتا چوونە سەرکاری فاشیزم لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و دەستڕۆیشتنیان بەسەر زۆربەی ئەوروپادا لەکاتی جەنگی دووەمیندا.

کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆمنتیرن لە ١٥/ ئایاری ١٩٤٣دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمینتیرنی دەرکرد بۆ ئەوەی حزبە شیوعیەکان کە لەهەمو دنیا ڕوو لەگەشەکردن و پەرەسەندن بوون، ئازاد بکات لەکۆت و پەیوەندی نێونەتەوەیی و سەربەستیان بکات لەهەڵبژاردنی شێوە و تاکتیکی نیشتمانی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی بابەتی و تایبەتی خۆیان، وە بۆ بەهێزکردنی بەرەی دیموکراتی دژ بە فاشیزم و سڕینەوەی تۆمەتی کلکایەتی مۆسکو بەسەر حزبەکانیەوە.

هەڵوەشاندنەوەی کۆمنتیرن لەکاتێکدا بوو کە جوڵانەوەی کۆمۆنیستی لەزۆربەی وڵاتانی

ئەوروپا و لەچین و ڤێتنام و هەندێ وڵاتی ئاسیایشدا ڕووی لەگەشەکردن و پەرەسەندن بوو، وە لە زۆر وڵاتی داگیرکراو خەباتی چەکدارانە و شۆڕشیان ڕێبەری دەکرد. لەئەنجامی جەنگی جیهانیدا ئەو حزبانەی سەر بەکۆمنتیرن بەیارمەتی لەشکری سوور لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا حوکمیان گرتەدەست و دیموکراتیە گەلییەکانیان دامەزراند. هەروەک شۆڕشەکانی گەلانی چین و ڤێتنام و کۆریای باکووریش سەرکەوتن و حزبەکانیان چوونە سەرکار. حزبەکانی ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ئەندونیسیا و هیندستانیش بوونە حزبی گەورە و بەنفوز. [٦]

٦ – گۆڤار، ڕێبازی نوێ، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٤،لا، ١٠ – ٢٣. گۆڤاری بیری سیاسی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن و مەکتەبی ڕێکخستن دەریدەکات. ئەمە وەک بەشی دووەمی پوختە باسێک دەربارەی سۆسیال دیموکراتی بڵاوکراوەتەوە.(ئامادەکار).

نەهێشتنی بەرەڵڵایی

چەکی ململانێی ئایدیۆلۆجی لە ناوخۆدا - بەشێوەیەکی سازندە و ئیجابی – چەکێکی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ پاراستن و پتەوکردنی یەکێتی ڕیزەکانی ڕێکخستنمان، بۆ دۆزینەوەی لادان و کەموکورتییەکان و ڕاکردنەوەی ناتەواوییەکان و لابردنی هەڵە و چەوتیەکان بۆ هێنانە جۆش و خرۆشی هەڤاڵان و ڕێکخستن. هەر بۆیەش هەموو هەڤاڵێکی هۆشیاری تێکۆشەر دەبێ ئەوچەکە بە دەستەوە بگرێت و ژیرانە و هۆشیارانەش بەکاری بهێنێت. دیارە هەموو تیغ و چەکێکیش گەر باش ڕەنێو نەهێندرێ ئەوا ژەنگ هەڵدێنێت و گەر ڕاست ئاراستە نەکرێت ئەوا ڕەنگە خاوەنەکەشی بریندار بکات و زیان بە خۆمان بگەینێت نەک بە دوژمن. یەکێک لە گەورەترین دوژمنانی ململانێی ئایدیۆلۆجی سازندە و ئیجابیشی لە ناوخۆماندا بەرەڵڵاییە، کە هەم ئاژاوە و هەم سستی و خاووخلیچی و هەم گێرەشێوێنی و پشێوی و هەم هەڵمەتەکانی و هەم فەوتاندنی گیانی حزبایەتی و هەڤاڵایەتی و هەم پەکخستنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی لێ دەبێتەوە. هەر بۆیەش بەرەڵڵایی لەناو ڕێکخستنە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکاندا زۆر زیانبەخش و خراپە مایەی هەڵتەکاندنەوەی یەکێتیی ڕیزەکان و کزکردنی پەیوەندییەکان و تێکدانی نێوانی هەڤاڵان و پەست کردن و ساردکردنەوەیان دەبێت. ئەنجامەکەشی دابڕینی ڕێکخراوەکانی ڕێکخستن لە جەماوەر و دابڕینیانە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک.

بەرەڵڵایی لە خۆویستی و سەرخستنی دەسکەوتی تایبەتی بەسەر گشتیدا و بەلاوەنانی سەرەتاکان و پێشێلکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و خەبات و لە دەروونی نەخۆش و داخ لەدڵەوە پەیدا دەبێت.

بەرەڵڵایی شێوەیەکی ئینتیهازیەت و ژەنگی چەکی خەباتی شۆڕشگێڕانە و مۆرانەی ململانێی ئایدیۆلۆجی ڕاست و ڕەوایە.

کەواتە بابزانین جۆر و شێوەکانی چین لەناو ڕێکخستندا و چۆن دەچینەوە بەگژیاندا و زاڵ دەبین بە سەریاندا: واتە چۆنیان ناهێڵین لەناو ڕێکخستندا؟

یەکەمین جۆری بەرەڵایی خۆخۆرییە: واتە سووک کردن و شکاندنی هەڤاڵان و کادرەکانە، لەخوتو خۆڕایی، بۆ مەبەستی تایبەتی و لە ئەنجامی خۆشەویستی و خۆڕەپێش کردن و خۆسەپاندندا. دیارە ڕەخنە لەخۆگرتن و ڕەخنەگرتن دووچەکی کاریگەر و باش بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی ڕاست و ڕەوای ناوخۆ و چاک کردن و ڕاست کردنەوەی هەڵە و لادانەکان بەڵام ئەویش بۆ چاک کردنەوەی هەڤاڵە لادەرەکە و ڕاست کردنەوەی ڕەفتار و ڕەوشتەکەی و هێنانەوەی بۆ سەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوا. واتە بۆ چاک کردنەوەی، بۆ پێشخستن و بوژاندنەوەی نەوەکا بۆ شکاندن و سووک و چروک کردنی یان بۆ دەرپەڕاندن و بەزاندنی یان بۆ مراندنی وزە و وڕە و گیانی خەبات و فیداکاری لە دەروونیدا.

بەداخەوە بۆ ماوەیەک خۆخۆڕی لەناو (ی . ن . ک) دا زۆر باوبوو. تەنانەت وەک نەخۆشیەکی بەربڵاوی لێهاتبوو، بوبوو بە سەعادەتی هەندێک هەڤاڵ کە کورد مەجلیس و دانیشتنەکانی خۆیان لەناو دۆست و ناحەزاندا بەجێ و بێ جێ، زۆرتریش لە دەرەوەی کۆبوونەوەی حزبی و زیاتر بە پێچەوانەی سەرەتاکان، بەجنێودان و تۆمەت بە پاڵدانی هەڤاڵان گەرم بکەن. بە دووپات کردنەوە و گۆتنەوەی تۆمەت و هێرشی ناحەزان بۆ سەر هەڤاڵانی خۆمان ببەنە سەر. لەجیاتی ڕەتدانەوەی هێرشەکانی دوژمنان و ناحەزان و بەرپەرچدانەوەی تۆمەت و گۆتەکانیان، بە داخەوە هێندێ جار هێرشی دوژمن و بوختانەکانی لە لایەن هەندێ هەڤاڵانی خۆمان دووپات دەکرانەوە، لە جیاتی تووڕدان و پێشێل کردنیان هیچ نەبێ لە داخی دوژمن، چونکە ناڕاست و ڕەوان با ئەو هەڤاڵەشمان خۆش نەوێ.

سەردەمی یەکتر شکاندن لە جیاتی ڕێز لە یەکترنان، یەکتر سووک کردن لە جیاتی یەکتر خۆشویستن و بەرزکردنەوە، بوبووە ڕەوشتی هەندێکمان. مایەی شادییە کە ماوەیەکە زۆر کز بووە لە ناوماندا بەڵام دەبێ لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵیکەنین و زۆر دوور تووڕی دەین لە کۆڕەکەماندا. وە لە شوێنەوارەکەیدا خۆشەویستی و برایەتی و تەبایی و ڕێز لەیەکترنان و چاک کردنی هەڵە و لادانەکان بە چەکی ڕەخنە لەخۆگرتن و ڕەخنەگرتن بڵاوبکەینەوە و بچەسپێنین.

دووەمین شێوەی ڕەخنەگرتنە لە پشت ڕێکخستن و هەڤاڵەکانەوە. ئەویش بە شێوەیەکی نا مەسئولانە. واتە لەجیاتی ئەوەی لە ڕووی هەڤاڵەکە لە کۆبوونەوەی ڕەسمیدا، بەپێی سەرەتاکانی ڕێکخستن ڕەخنەی برایانە بگرین بۆ ڕاست کردنەوە و چاک کردن لە پشت ملە و لەملا و لەملا پرتە وبۆڵە وچەنەبازی دەکرێ. واتە لە جیاتی پێکەوە گیروگرفتەکان باس بکەن و چارەیان بۆ بدۆزینەوە و هەڵەکان ڕاست بکەنەوە، جڵەو دەدەنە دەست لاساری و مزاجی تایبەتی و لاساری.

سێیەمین شێوەی ئەمەیە کە دڵی کەس نەیەشێنیت و هەڵەی هەڤاڵەکە دەرنەخەیت و ڕێگەی ڕاست کردنەوەی نیشان نەدەیت بەڵکو چاوی لێ بپۆشیت و گوێی لێ کەڕکەیت جا چ بەهۆی برادەرایەتی بێ، یان کلک لێک گرێدان و بێباکی بێت. هی واهەیە کە دەبێ دەست بە کلاوی خۆیەوە بگرێت با نەیبا. باکیشی نەبێت ڕەشەباتەلاری ڕێکخستن و سەرەتاکانیش لە بنەوە ڕاقەنێنیت.

چوارەمین شێوەی گوێنەدان بە سەرەتاکانی ڕێکخستن و بەلاوەنانی شێوەی ڕاستی ڕەخنەگرتن و پساندنی شیرازەی گیانی حزبایەتی و دەرچوون لە جغزی نهێنی و شانە و کۆمیتەکان. بەڵکو چەنەبازی لە هەموو کۆڕ و مەجلیس و چایخانە و مزگەوت و نادیەکدا.

پێنجەمین شێوەی خۆپەسندی و لاساری و سووربوونی لاسارانە لەسەر بیر و بۆچوون و سەرەتاکاندا. داوای دەسکەوتی تایبەتی بۆخۆ. داوای موعامەلەی تایبەتی لەگەڵ خۆی. ئەمەیە شێوەی خراپی بەرەڵڵایی.

شەشەمین شێوەی هێرشی شەخسی کردنە سەر هەڤاڵان و داخ لە دڵی و حەقد و کینە هەڵگرتن لە هەڤاڵان و هەوڵدان بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان لە جیاتی ململانێی فیکری و سیاسی ڕاست و ڕەوا لەگەڵیان و خەباتی ڕەوا بۆ چاک کردنی هەڤاڵەکە و ڕاست کردنەوەی هەڵە و لادانەکانی ئەویش لە پێناوی هاوکاری و یەکێتیی نێوان هەڤاڵاندا.

داخ لە دڵی و کینە هەڵگرتن لە دڵ و دەروونداو و هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لەسەر ئەو داخ و کینە، خاسیەتێکی زۆر خراپ و ناڕەوا و ترسناکە بە تایبەتی گەر لێپرسراوان و ئەندامانی سەرکردایەتی وابن. چونکە ئەوانە دەبێ لە هەموو هەڤاڵان وەک برا و جگەرگۆشەی خۆیان بنواڕن و یارمەتیان و دەستیان بگرن بۆ هەڵسانەوە گەر خلیسکان و دووچاری هەڵە و لادان هاتن.

حەوتەمین شێوەی خۆمات کردن و خۆ کڕکردنە لە ئاستی هێرش و پەلاماری ناڕەوای هەڤاڵان و دۆست یان دوژمنان و ناحەزاندا. واتە هەروەک باکی ناوبانگ و ڕێزی ڕێکخستن و هەڤاڵانی نەبێت. گوێی خۆی شۆڕکات بۆ جنێوفرۆش و هێرش کەران بۆ سەر ڕێکخستن و هەڤاڵان.

هەندێک واتێدەگەن کە ئەم بێباکی و ناپەرۆشییە ڕێزگرتنە لە ئازادی بیروڕا. لە ڕاستیدا ئەوە شێواندنی ئازادی بیرو ڕایە. هەڤاڵێکی سەرکردایەتی مان قسەیەکی نەستەقی هەبوو لەسەر ئەو کەسانەی کە هێرش کردن و پەلاماردانی (ی . ن . ک) بە ئازادی بیرو ڕا دەزانن. بە تایبەتی لەسەر ئەو سەربازی ڕاکردووانە و ئەو بەزیوانەی کە لە کوردستان هەلدێن و ڕووەکەنە کوردستانی سوێد و لەوێش دەستپێکی نووسین و بە یاننامەکانیان دژی(ی . ن . ک)و سیاسەتەکانیەتی

بەتایبەتی سیاسەتی گفتوگۆ و پەیوەندیەکان لەگەل دەر و جیران و هەندەران. ئەوهەڤالەمان دەیگۆت هەلوێستی ئەو جۆرە گێرەشێوێنە بەزیوانە لەوە دەچێت کە ئەو ئازادی پەیوەندیەی لە ئەوروپا لە نێوان کچ و کوڕ و ژن و پیاودا هەیە پیاو لەگەل دایک و خوشکی دەستی پێ بکات !

ئەوەی راست بێت ئەو هێرشانە و ئەو جنێودان و پەلامارانەی لە کوردستانی سوێد و هەندێ ولاتی ئەوروپی تریەوە دەکرێتە سەر (ی . ن . ک)، دوو سەرچاوەی سەرەکی هەیە : یەکێکیان پەیوەندیە بە ڕژێمەوە کە هەندێک لەوانە ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ لەلایەن عەفلەقیەکانەوە هان و پول دەدرێن و بەکرێی حەرام ئەو کارانە بۆ دوژمن دەکەن. هەندێکی تریان کەسانی سەرلێشێواو، بەزیو، هیچ لەبارادا نەبوو، ترسنۆک و خۆویست و هەلمەتەکاس، بەلاّم خۆ بەزلزان و خۆ بە هۆشیارزان. دەیانەوی هەم عەیب و خراپیەکانی خۆیان پێ داپۆشن و پێپاکانەی بۆ بکەن و هەمیشە خۆیان لە گۆڕەپانەکەی کوردایەتدا بسەپێننەوە. ئەمەشیان سەرچاوەی دووەمین ئەو هێرش و جنێو فرۆشی و بەرەڵلاّیەکەیانە. بەلاّم بێگومان سەگ بە مانگەشەو وەرین و ڕووڕەشی هەر بۆ خۆیانە .

هەشتەمین شێوەی ئەمەیە کە مرۆڤ لەناو خەڵکدا بێت بەلاّم تەمەڵ و تەوەزەل پاڵی لێبداتەوە و هیچ کارێکی بە کەڵک نەکات. نەخەڵک هۆشیار کاتەوە، نەقسە بۆ خەلک بکات، نە گوێ بداتە دەسکەوت و کار و باریان و نە هەلسێت بە لێکۆلینەوە و پشکنینی وەزع و هتد . یان مرۆڤ لەناو خەڵکدا بێت کاری خراپ دژی خەڵک ببینێت و خۆی لێ کوێر و کەڕ کات، نەتورەبێت، نەبجولێت، نەکارێک بکات بۆ بەرهەلستی کردنی قڕوقپ لێی پال بداتەوە.

نۆیەمین شێوەی مرۆڤ خۆی بە خاوەنی چاکە و سەروەری بزانێت لە شۆرشدا و هەمیشە خۆیان پێوە هەلّکێشێت و لاف و گەزافی پێش دەستی و خۆ بەزلزانی لێبدات و پێی شەرم بێت کاری بچوک و باش ئەنجام بدات و ساردبێتەوە لە چالاکی و چاپوکی و خوێندنەوە و گەشە بە خۆدان بە واتەی ئەوەیە ((عەبەسە : خوێندن بەسە ، وەتەوەللا: بووم بە مەلا)).

دەیەمین شێوەی ئەمەیە کەمرۆڤ هەلّە بکات و سوور بێت لەسەری یان دانی پیابنێت و بەلاّم هەوڵ نەدات بۆ ڕاست کردنەوەی. یان مرۆڤ کەم و کورتیەکانی خۆی بزانێت بەلاّم چاکیان نەکات و کورک بێت بە سەریانەوە .

یانزەمین شێوەی ئەمەیە کە مرۆڤ نەچێتە کۆبونەوەکانی شانەو کۆمیتە و کۆبوونەوە جیا جیاکانی حزبی بێباک و بێپەرۆش بمێنێتەوە. یان نەچێتە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و جەماوەر. ئیهمال کردنی ئەو کۆبوونەوانە دەبێتە هۆی ئیهمال کردنی

سەرەتاکان و نەزانینی وەزعی ڕێکخستن و خەڵک و دابرانی تەدریجی لێیان .

دوانزەمین شێوەی گوێ نەدانە بە ئەرکەکان و هەڵنەستان بە فرمان و پێویستیەکانی سەرشانی خۆی یان سستی و تەمەڵییە لەکاروکردەوەدا. پشت گوێ خستنی کارەکانی ڕێکخستن و ئەرکەکانی خەبات و خۆ خەریک کردن بە کاروباری تایبەتی و ڕابواردن و گوزەرانی شەخسی و کۆڕو مەجلیسی یاران و هتد. هەموو ئەوانەی سەرەوە شێوە گرینگەکانی ڕێکخستن و هەندێکی تریش هەن دۆزینەوە و دەستنیشان کردنیان بۆ هەڤاڵان وکادیرە ژیرەکان بەجێ دەهێلین .

مایەوە بزانین چۆن بەسەر بەرەڵڵایدا زاڵ دەبین؟ بۆ نەهێشتنی بەرەڵڵایی بەو هەموو زیان و زەرەر و مەترسیە زۆر و زەوەندەیانەوە، پێویستە لە سەرمان هەوڵدەین بۆ :

١- چەسپاندنی سەرەتاکانی ڕێکخستن و گیانی حزبایەتی و گیانی هاورێیایەتی لە دژی هەوێیایەتی .

٢- بەچاکی و ژیری و لەناو جغزی خۆیدا بەکارهێنانی ڕەخنە لەخۆگرتن و ڕەخنە.

٣-جۆشدانەوەی گیانی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ ڕێکخستن و سەرەتاکان و سیاسەتی (ی . ن . ک) و جۆشدانەوەی خو و ڕەوشتە باشەکانی مرۆڤ.

٤- مرۆڤ دەبێ دلسۆز و دڵپاک بێت، دەبێ دەست و دەم و داوێن پاک بێت، دەبێ سەر ڕاست و ڕاستگۆ بێت، دەبێ بە جورئەت و بەهەڵمەت بێت، چوست و چالاک بێت، هەمیشە دەسکەوتەکانی تایبەتی خۆی بخاتە ژێر دەسکەوتی ڕێکخستن و گەل و شۆرشەوە. هەمیشە توند دەست بە ئاڵقەی جوامێری و دلێریەوە بگرێت.

٥- پێویستە ئەهمیەتی یەکێتیی ڕیزەکان و ڕاپەراندنی کارەکان دووبارە و چەندین بارە بکەینەوە بۆ هەموو هەڤاڵان و حەملەیەکی هۆشیاری بۆ ئەو مەبەستە بێنینە جۆش و خرۆش.

٦- پێویستە خەڵاتی دڵسۆزان و سەرەتا پەروەران و سزای لاسارە لە ڕێ لادەرەکان بدەین و ئەمەش بکەینە دەرس و پەند بۆ هەمووان.

٧- پێویستە سەرکردایەتی لەناو ڕێکخستندا بێت پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ مەڵبەند و کۆمیتە و کەرت و هەڤاڵان و ڕێکخراوەکانی تر هەبێت. گوێیان لێبگرێت، وەڵامی پرسیار و ڕەخنە و داخوازیەکانیان بە جۆرێکی عیلمی و ئیجابی بداتەوە، ئامۆژگاریان بکات و ڕێنوێنیان بکات. پێویستە پەرۆشی ڕێکخستن و هەڤاڵانمان بێت لەگەلیاندا بژین لە ڕووی سیاسی و

فیکری و کۆمەڵایەتیشەوە.

٨- پێویستە لە ڕووی تیۆریەوە، دژی دۆگماتیزم و قەتیسمان لە قالبێکدا، دژی کۆنەویستی و خەیاڵپڵاوی بین. پێویستە تیۆری وەک عیلم وەک ڕێنوێنتی کارو کردەوە، وەک ڕووناک کەرەوەی ڕێبازی خەباتەکەمان تێبگەین و بەکاری بهێنین. [٧]

٧ - گۆڤار، ڕێبازی نوێ، ژمارە (١) لە ١٩٩٣، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی . ن . ک) دەریدەکات، لا ٦٠ – ٦٧.

دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد

لە پێشەکییەکەیدا بۆ کتێبی (عەرەب و کورد، تێڕوانینێکی عەرەبیانە بۆ کێشەی کورد)ی، هاوڕێ موقەدەم مونزر ئەلموسلی برا، دکتۆر جەمال ئەتاسی کەسایەتی ناسراوی عەرەبی سوریا و تێکۆشەری یەکێتییخوازی عەرەبی (دەرچووی بەعس و دەرچوو لە بەعس – الخارج من البعث والخارج على البعث)، وەک خۆی گوزارشتی لێکردووە، تێڕوانین و تێگەیشتن و بۆچوونەکانی خۆی، بۆ دۆزینەوەی چارەسـەرێکی گـونجاو، دادپەروەرانە بۆ کـێشەی کـورد دەخاتە ڕوو لە سەر بنەمای ئەو باوەڕەی، کە (کێشەی کورد، کێشەیەکی تایبەتی عەرەبیشە) و (یەکێکە لە کێشە نەتەوەییە بنچینەییەکانی ئەم هەرێمە، کردنەوەی دۆسیەکەی، بانگهێشت کردنی هێزە سیاسییە عەرەبییەکان بۆ دیالۆگ دەربارەی و دیاریکردنی هەڵوێست لە سەری، کە بە ناچاری مامەڵە لەگەڵ خودی کێشەی نەتەوەیی عەرەب، پێکهاتە و پرنسیپەکانی، هەروەها ڕێگای بەدیهێنانی مەسەلەی یەکێتیی عەرەب دەکات)، وەک خۆی لەو پێشەکییەدا کە بۆکتێبەکەی نووسیوە دووپاتی کردۆتەوە[٨].

لە ڕاستیدا دکتۆر جەمال ئەتاسی لەسەر ئەم باوەڕە دەمێنێتەوە و لە کاتی گێڕانەوەی چەمک و تێڕوانینەکانی نووسەر سەبارەت بەمەسەلەی کورد، هەروەها لە کاتی خستنە ڕووی ڕا و لێدوان و هەڵوێستەکانی خۆیدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد، کە بە دروستی بە یەکێک لە کێشە نەتەوەییە سەختەکانی دەزانێت، کە لە گۆڕەپانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی عەرەبییدا، لەم قۆناغە قەیراناوییەی ململانێکانی ناوچەکە و جیهاندا دێتە پێشەوە.

لە کاتێکدا لە گەڵ گرنگی مەسەلەی کورد، پێویستی کاری هاوبەشی کورد و عەرەب دەردەکەوێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە و گونجاو بۆی (گفتوگۆگردن یان هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی جدی عەرەبی بۆ مەسەلەی کورد نەک هەر مافێکی کوردییە، بەڵکو ئەرکێکی کوردیشە) بەو هیوایەی (بەیەکەوە) هەنگاو بنێن، یەکەمجار بۆ پاراستن و بەهێزکردنی برایەتی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردی برا، خەباتی هاوبەشیان لە دژی دوژمنە هاوبەشەکان، دووەمیش بۆئەوەی بە ڕاستی چۆنیەتی پرۆژەی نەتەوەیی کورد زامن بکەین. (ئەگەر ڕەهەندەکانیمان وەک پرۆژەی

٨ – عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية لمؤلفها المقدم منذر الموصلي.(مام).

ڕزگاری نەتەوەیی، یەکڕیزی گەل و خاک لەبەرچاوگرت، بۆلێک نزیکبوونەوە، هاوکاری کردن نەک ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ ئامانج و ئاواتەکانی ڕزگاریخوازی، یەکڕیزی عەرەبی لە چوارچێوەی هەلومەرجی سەپێنراوی ئێستای ناوچەکەدا)، ئەم دووانەش ئەو ئامانجە بەرزەن کە دەبێت پەرۆشی تێکۆشەرانی کورد و عەرەب بۆ ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسییەت و مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەردوو نەتەوەی برا کورد و عەرەب، درێژە بدەن بە هەوڵی هاوبەش بۆ بە دەستهێنانیان لە سەر بنەمای پێویستی دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی کەوایدەبینم ئەرکە و بەسووده، ڕاشکاوانە لە بارەیەوە ڕای تێکۆشەرانی کورد و عەرەب، ئەوانەی باوەڕیان پێیە و هەوڵی بەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجە بەرزەی باسیان لێوەکرا دەدەن بخەمەڕوو. بەتایبەتی لە کاتێکدا، کە یەکەمین جاریشە لە مێژووی درێژخایەنی هاوبەشدا ئەم برایەتییە مێژوییە لە نێوان گەلی عەرەب و کورددا (بەردی بناغەی خەباتی هاوبەشیان و یەکڕیزی خۆبەخشانەی برایەتییەکەیان) بۆتە مەترسییەکی ڕاستەقینە، مەترسییەک کە شانبەشانی ئەمە ئەگەر هەڕەشەی داڕووخان نەبێت، هەڕەشەی درزبردنە لەسەر پێکەوە هەڵکردنی کورد و عەرەب و ئەو هاوبەندییە مێژوویی و ئایین و کلتوورییانەی نیوان ئەم دوو گەلە پێکدێنێ. چونکە گەلی کورد، یەکەمجارە لە مێژوودا ڕووبەڕووی شەڕێکی کۆمەڵکوژیی ڕاستەقینە دەبێتەوە، کە بەئامادەکاری و پلانی پێشوەختە، بەم فراوانی و ترس و دڕندەییە بەبێ گوێپێدان، بەڵکو بگرە پێچەوانە و دژ بە هەموو بەها عەرەبی، ئیسلامی، مرۆییەکان، حکومەتێکی عەرەبی (بەعسی)، بە فەرمانی سەرۆکە عەرەبەکەی، بە ئەنقەست بە سەریدا سەپێنراوە، کە کەڕەنای پڕوپاگەندەکەی پێداگری لەسەر وەسفکردنی وەک سوار چاک و پاڵەوانی گەلی عەرەب دەکات لە نێو بێدەنگییەکی سەرسوڕهێنەری عەرەبیدا، تەنانەت لەنێو پشتیوانی(فەرمی) عەرەبییانەی ترسناک، نابەجێ، چاوەروان نەکراودا بەڕێوە دەچێت.

ئەم جەنگە دڕندانەییە، تاوانەکانی فاشیزم، نازیزم و کەمالییەکانی بە دڕندایەتییەکی دەگمەن، بێهاوتا تێپەڕاندووە، کە یەکەمجارە لە مێژووی هاوچەرخدا ڕووەدات، هاوڵاتیانی بێوەی و بێچەکی (کورد) ڕووبەڕووی هەڵمەتی کۆمەڵکوژی دەبنەوە بە چەکی کیمیاوی، کە فڕۆکەی عێراقی (عەرەبی) و (فڕۆکەوانی لووت بەرزی هەڵوی عەرەب) لێیدەخوڕێ، بەسەریاندا دەبارێنی و بەفەرمانی خودی سەرۆکی حکومەتەکەیان بە تایبەت بۆ کوشتن و شێواندنی هەزاران هەزار لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە، کە لەگەڵ سەدان گوندی بێوەی لە دۆڵی جافایەتی، قەرەداغ، بالیسان، هیران، دەشتی مەرگە، شوان، گەرمیان و شارەزوور تەخت کران، هەموو (بیانووەکەشیان) ئەوەیە، کە ئەمانە لە ژیر دەسەلاتی ئەوانەدان کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعسی عەرەبی لە عێراق و دەرەوەی عێراق بە بەردەوامی بە (بەکرێگیراوی ئیران)، (نەوەی خیانەت)، (یاخیبووان) و (تێکدەر) وەسفیان

دەکەن و ناویان دەبەن!

لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لە ڕێگەی وەزیری بەرگری و (تاکە)سەرکردەیەوە دان بەوەدا دەنێت کە زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ کورد خۆبەخشن لە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیی بۆ (شەڕکردن لەگەڵ ئیران) و (بەکرێگیراوەکانی)[٩]، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و ئاشکرایە لە سەر پوچەڵکردنەوەی تۆمەتەکانی تاوانبارانی جەنگ لە عێراق، کە بۆ پاساو دانەوەی تاوانە بێهاوتاکەیان دەیهێننەوە، کە بۆ هەمیشە وەک پەڵەی شەرم بە نێوچەوانی ئەنجامدەرانی و خاڵێکی تاریک لە مێژووی هاوبەشی دوور و درێژ و شکۆداری نێوانیان دەمێنێتەوە، مێژووی ئیسلام هاوبەشە لە نێوانیاندا، لە بیروباوەڕ و بەها ئەخلاقییەکانی لە زۆربەی پێکهاتە کلتووری و ئایدولۆژییەکانی هەریەکێکیاندا سەرچاوەی گرتووە، پێویستە ئەم تاوانە قێزەونە بێهاوتایەی لەجیهاندا، نامۆ بە مێژوو، بەها ئەخلاقی، کلتووری و ئایدیولۆژییەکانی باڵی بەسەردا کێشاوە نەهێڵدرێت، پێویستە بۆ دەرکێشانی ئەمە لە یادەوەری و نەهێشتنی شوێنەوارەکانی لە سەر گیان و سڕینەوەی ئەدگارەکانی لە مێژوودا هەوڵێکی ماندوونەناسانەی یەکبیینە بدرێت بۆ ماوەیەکی ئەوەندە کە لە ئێستادا زەحمەتە بتواندرێ ئەوە دیاری بکرێ کە دەبێ تاکەی درێژەی هەبێ. بە کورتی لەمەڕ دڕندەیی، مەترسیەکانی ئەم جەنگە ترسناکە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

یەک: بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد، هەرکاتێ هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیبا لەمەیدانی شەڕدا شەڕیان لەگەڵدا بکەن، دواتریش زۆرجار بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لە دژی هاوڵاتیانی بێوەی لە جووتیارانی گوندەکان، دانیشتوانی شار و شارۆچکەکان. لە بەدرۆ خستنەوەی تۆمەتەکانی حکومەتی عەفلەقی دەڵێین هۆکارەکە بەشداری شۆڕشگێڕانی کورد لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا نەبوو بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە وەک کەڕەناکانی عەفلەقییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو چەکی کیمیاویی لە ساڵی ١٩٨٧ بەدیاریکراویش لە نیسانی ١٩٨٨دا لە دۆڵی بالیسان، مەرگە و دۆڵەڕووت بەکارهێناوە، کەتێیدا سەدان ژن، منداڵ و بەسالاچوو کوژران، ١٢٢کەسیان تەنها لە گوندی (شێخ وەسانان بوو، کە لە ناویاندا ٧٢ منداڵ هەبوو، تەمەنیان لە نێوان یەک ڕۆژ و ساڵێک و دووساڵ بۆ نۆ ساڵدا بوو، ٣٨٥ بریندارەکە دوای ئەوەی بۆ چارەسەر ڕوویان لە هەولێر کرد، پۆلیس ڕاپێچی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کردن و زیندەبەچاڵکران.

٩ – سەرباری بەشداری کردنی هەزارەها سەرباز و ئەفسەری کورد لە قادسییەی بەدناودا.(مام).

دوو: تێکدان و وێرانکردنی سەرجەم گوندە کوردنشینەکانی دەشت و دۆڵ و چیاکانی کوردستان، بەعسیە عەفلەقییەکان ئەم سیاسەتەیان گرتەبەر، کە ئامانج لێی چۆلکردنی کوردستان لە دانیشتوانەکەی و بە عەرەبکردنی و لەناو بردنی ئابووری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری گەلی کورد، نەهێشتنی بوونیان لەسەرخاکەکەیاندابوو، ئەم سیاسەتە ساڵی ١٩٦٣ لەناوچە نەوتییەکان و دەوروبەری کەرکوک دەستی پێکرا و لە ساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەسی شۆڕشی کورد بەهۆی خیانەتی دیکتاتۆری عێراق و فرۆشتنی زەوی و زاری عێراق بەشای ئێران بەتوندی جێبەجێکرا، ئەوکاتە ژمارەی گوندە کورد نشینە وێرانکراوەکان تادواییین شالاوی وێرانکردنی گوندەکان لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ زیاتر لە ١٢٤٧ گوندی کوردی، ئێستاش ژمارەی زیاتر لەچوار هەزار گوندە (بەگوێرەی ئامار).

سێ: کوشتنی کوردەکان، تەنانەت هاوکارانی حکومەتیش، بەمندالانیشەوە وەک ئەوەی زیاتر لە ٨٠٠٠ بارزانی، کەتەمەنیان لە نێوان ١١ بۆ ٨٥ ساڵ بوو، ٣٠٠ منداڵی تری کورد لە سلێمانی تەمەنیان لە نێوان ٨ بۆ ١٢ ساڵدابوو کۆمەڵکوژکران.

سەبارەت بە وێرانکردنی گوندەکان و کوشتاری بە کۆمەڵ، پێویستە ئەم تێبینیانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

وێرانکردنی گوندەکان تەنیا بە پشتێنەی سنورەوە بەند نییە، سەرەڕای مەترسی چۆلکردنی پشتێنەکە، لەسەر یەکریزی گەلی کورد و پێکەوەژیانی مێژوویی لە نێوان بەشەکانی، کە بەزۆرەملێیی لە نێوان تورکیا و ئیران و عێراقدا دابەش بووە، بەڵکو گوندە کوردنشینەکانی قوڵایی عێراقیش دەگرێتەوە. گوندە کوردنشینەکان لەدەشتەکانی هەولێر، قەراج، مەخموور، کەرکوک، باشووری هێڵی شەمەندەفەری کەرکوک بەغدا، تەنانەت گوندەکانی دەوروبەری شاری نەینەوا، لەسەر کەناری ڕووباری دیجلەش، کە بە ناوەڕاستی عێراقدا تێدەپەڕێت وێران بوون.

گوندە وێرانکراوەکان تەنیا ئەو گوندانەی نەگرتۆتەوە کە پشتیوانی شۆڕشی کوردن، بەڵکو گوندە کوردنشینەکانی ئەو عەشیرەتانەشی گرتۆتەوە، کە هەر لەسەردەمی پاشایەتی تاسەردەمی قاسمی و عارفی[١٠] و عەفلەقی[١١] سەر بە حوکمی عێراق بووین.

١٠ – مەبەست سەردەمی هەردووبرا عەبدولسەلام عارف وعەبدولڕەحمان عارفە (ئامادەکار).

١١ – مەبەست ئەو ڕێباز و بۆچوونەیە، کە میشیل عەفلەق دایمەزراند و بەعسییەکان پەیڕەویان لێدەکرد. (ئامادەکار).

وێرانکردنی گوندەکان بە شەڕی ئیران و عێراق یان بەهۆی بەشداری کورد لەگەڵ ئیران لە شـەڕی دژ بە حـوکمی عەفلەقی دەستی پێنەکرد، بەڵکو بەعسییەکان دوای گرتنە دەستی دەسەلاّت لەساڵی ١٩٦٣ دەستیان پێکرد و لە ساڵی ١٩٧٤ەوە دەستیان پێکردەوە تا لەساڵی ١٩٨٩، دوای تەواوبوونی شەڕی ئیران و عێراق، کۆتاییان پێهێنا.

پ- کوشتنی بە کۆمەڵی کورد تەنها کوشتنی تێکۆشەرانی کورد، کە دژی دەسەلاّتن نییە، بەڵکو کوردە موالییەکان، سەربازانی ناوڕیزەکانی هێزە بەکرێگیراوەکانیش دەگرێتەوە و ئەم کۆمەڵکوژییە دەستە جەمعییە بە دادگایکردن، تەنانەت دادگایی سەربازی یان بیابانیش ئەنجام نادرێت، بەڵکو بەو فەرمانە شەخسییەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری عێراق دەریدەکات، جێبەجێ دەکرێت.

چوار: ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوەی بە کۆمەڵ، بە زۆر نیشتەجێکردنی سەدان هەزار ئاوارە، دوورخراوی کورد لە ماڵ، گوند و شارەکانیان، کە شارە بچوکە کوردییەکان ٩ قەزا و١٥ ناحیەی تێپەڕاندووە واتە زیاتر لە ٢٤ شاری بچووک.

پێنج: بێبەشکردنی مرۆڤی کورد لە هەموو جۆرە مافێکی مرۆیی، کە لە لیستی نێو دەوڵەتیی مافی مرۆڤدا هاتووە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە واژۆکراوە، مەترسییەکە مافەکانی مرۆڤی تێپەڕاندووە، هەڕەشە لەخودی مرۆڤی کورد دەکات.

هەڵسەنگاندنی پێشەکی

بیگومان هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ پێشەکییەکەی دکتۆر جەمال ئەتاسی بۆ کتێبی هاوڕێی هەردوولامان موقەدەم مونزر ئەلموسڵی (عەرەب و کورد تێڕوانینێکی عەرەبیانە بۆ کێشەی کورد) پێویستە سەرەتا لەلایەنە ئەرێنییەکانی بدوێین (کە تیایدا کۆکین لەگەڵیدا) ئەو لایەنانەش، کە پێمان وایە نەرێنین و دواتر لە گەڵیدا ناکۆکین، ئەمەش بێگومان لە ڕوانگەی خۆمانەوە قسەیان لەسەربکەین.

١- لە خستنە ڕووی کێشەی کورددا، دکتۆر لە ڕووداوەکانەوە دەست پێدەکات و ڕاستییەکانیانی لێوە دەردەخات، لەگەڵ دانەردا مێژوومان بیر دەخاتەوە کاتێک دەڵێت: ئەم نەتەوەیە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر ئەو گەلە شاخاوییە دێرینە ئازا و جەنگاوەرەی، کە لە بەر ئەم خەسڵەتانەیان ناویان لێنراوە کورد، کە لە ڕەوتی پێکهاتنە مێژوویییەکەیان بنەماکانی کۆمەڵێکی لێکهەڵپێکراو و پێکهێنەرەکانی گەلێک هەڵدەگرن کە مافی ئەوەی هەبێ بنەماکانی هەبوونی نەتەوەیی خۆی وەکو میللەتێک تەواوبکات و قەوارەیەکی سەربەخۆ و نیشتمانێکی هەبێت . دەکرێ و تەنانەت ڕەوایە قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەم گەلە دابمەزرێت وەک گەل و نەتەوەکانی تر..گەلێک هەیە دەیان ساڵە لە ژمارەیەک لە ولاّتانی جیهاندا بە پێداگری و ویست و هەوڵ و قوربانی زۆرەوە تێدەکۆشیت بۆ ئەوەی دان بە هەبوونی نەتەوەیی بنرێت و بێ کەم و کوڕی بگات بە هەموو مافەکانی[١٢].

دکتۆر جەمال بەم هاوەمییەی نووسەر رازی نییە، بەڵکو لەڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە بۆی دەچێ. (هەرچەندە دواترجیاوازی کەوتۆتە نێوانیان چونکە ئەوان بەعسی بوون، نووسەر لە سەر ئەوە مایەوە دڵی بۆ بەعسیبوونە ڕەسەنەکەی خۆی لێبدات کەچی دکتۆر لەناو بەعس دەرچوو و بوو بە یەکێک لە ناسڕییەکان، کە هێشتا شانازی بە ناسڕیەتی خۆیانەوە دەکەن و ڕوانگەیەکی پێشکەوتنخوازانە و بێلایەنانەیان لەسەری هەیە. (بۆیە دەبینین ئەم شتانە دەربارەی هاوڕێکەی دەڵێت): کێشە سەرەکییەکەی کێشەی نەتەوەی عەرەب و پابەند بوونە بە پرۆژەیەک بۆ ڕزگاری و بنیاتنانی یەکڕیزی و پێشکەوتنی گەلی عەرەب و لەم ڕوانگەیەوەش دێتە سەر کێشەی کورد و نەتەوەی کورد وەک مافێکی سروشتی و مرۆیی. وەک ڕاستییەکی مێژوویی بۆ گـەلێکی چەوساوە و پارچە پارچەکراو، کە ئەو دابەش بوون و دواکــەوتوییەی هێشتا بەرۆکی بەرنەداوە ببێتە غـەمی

١٢ - عرب واكراد رؤيه عربية للقضية الكردية ص١٦.(مام).

نووسەر و تەنانەت ئەو کێشەیەی پابەندە پێیەوە، کە هیچ ململانێ و بەریەککەوتنێک لەنێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورددا نەیێتە ئارا و کوشتار و ناخۆشی لەنێوان گەلی عەرەب و گەلی کورددا بەرپا نەبێت، هەروەها پرۆژەی ڕزگاری و یەکڕیزی عەرەبی لە هیچ شوێن و قۆناغێکدا لەگەڵ پرۆژەی کورد ناکۆک نەبێ، کە گەلی کورد نیشتمان و قەوارەیەکی هەبێت. بەم شێوەیە نووسەر لە کتێبەکەیدا لەسەرەتاوە تاکۆتایی بۆ جەختکردنەوە لەسەربەیەکگەیشتنی عەرەب و کورد، ئەو پەیوەندییە مێژوویی و ئایینی و کلتوورییانەی، کەلە نێوان ئەم دووگەلەدا هەن بەردەوام دەبێت[١٣].

٢- دوای ئەوەی دکتۆر بە شێوەیەکی سەرپێی باسی ئەم پێکەوە هەڵکردنە دەکات، کە مێژووی ئیسلام لەنێوان ئەم دوو گەلەدا هاوبەشە و هەریەکەیان زۆربەی بنەما و بیروباوەڕ و بەها ئەخلاقی و کلتووری و ئایدیۆلۆژییەکانییانی لێ وەردەگرن، دەمانباتە ناو ئەو خەباتە هاوبەشەی لە دژی ئەو داگیرکەرانە دەیانکرد، کە لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە دەهاتن و بۆ ئەوشوێنەی بە سیستەمی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ناوزەد کــرا، بۆ ئەوەی نیشانی بدات، (ئەگەر ئەو سیستەمە لەو پەرتەوازەیی و دابەشبوونەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ڕژێمی کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر دایمەزراند، دواتر کۆلۆنیالیزمی نوێ بە شێوەی ئیمپریالیستییە سەرمایەدارییەکەی خۆی جەختی لێکردەوە، ئەوا سنووری جیاکاری و بەربەستی هەرێمایەتی لەنێوان گەلانی ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی عەرەبی دامەزراند، سەرباریش قەوارەی زایۆنی وەک کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێی فراوانخواز بۆ زیاد کرد، ئەم سیستەمە خاک و نیشتمانیی بۆ کورد نەهێلایەوە و گەلەکەی پەرتەوازەکرد هەروەک ئەو خاکەی، کە کورد لە ئامێزی دۆل و شاخ و دەریاچە و ڕووبارەکانی دەژیان لە نێوان چەند ولاّتێکی نەتەوە جیاواز دابەشکرد. ئەگەر (هاوپەیمانە) ڕۆژئاواییەکان بەڵێنیان بە نیشتمانپەروەرانی کورد دابوایە کە پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەکەن لە باکوری کوردستان لە سەر داروپەردووی میراتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، کە لەجەنگدا شکستی هـێنا بوو وەک لە پەیمانی سیڤەری لەساڵی ١٩٢٠ داهاتووە، ئەوا هـەرزوو لە پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ دا، بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی ئەتاتورکی تورک و ڕاکێشانی بۆ ناو هاوپەیمانییەتی ڕۆژئاوایی، ئەو بەڵێنەیان سڕییەوە.

بەم شێوەیە دەبینین دکتۆر ڕوونی دەکاتەوە کە گەلی کورد وەک گەلی عەرەبی برایان بوونەتە قوربانی ئەم سیستەمە پەرتەوازەییەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە هەژموونی ئیمپریالستی بەسەر ناوچەکەدا، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە (ئەم ڕژێمە گرتوویەتییە خۆی و ئەوەی لە پێکهاتە

١٣ - نفس المصدر ص١٦.(مام).

و پشتیوانی یەک لە دوای یەکی بەرژەوەندی و هاوسەنگی نێودەوڵەتی و هێزە دەرەکییەکاندا تێکەڵ دەبێت و لەگەڵ هەموو ناکۆکی ناوخۆیی و قەوارە دەستکردەکان و بەرژەوەندییە ئیقلیمی ودەستەییەکاندا، کەهەڵیگرتووە و پەیوەستە پێیانەوە). دکتۆر بەردەوام دەبێت و دەڵێت، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی خەریک بوو یا نەیتوانی ئەم ڕژێمە لەسەروبەندیی شەپۆلی ڕاپەڕینە جەماوەرییە زۆرەکەیدا لە قۆناغی ناسڕییەتدا تێپەڕێنێت، کە ئەویش بەداخی زۆرەوە درێژەی نەکێشا، پاشان دەگاتە ئەو دەرەنجامە دروستەی خوارەوە:

پرۆژەی نەتەوەیی کورد و توانای چوونی بۆ ناو ئەو سیستەمە پەرتەوازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەو هەموو بارە نوێیانە لەو ململانێ و شکستانەی تێکەڵی بووینە وا دەردەکەوێ، کە کۆسپ و تەگەرەی گەورە و هەندێ پرسی ئاڵۆزتری لەبەردەم دایە.

کەواتە هەردوو گەلی عەرەب و گەلی کوردی برای ڕووبەڕووی ئەم ڕژێمە دەبنەوە، هەرچەندە توانایان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەش جیاواز بێت، بەو جۆرەی دکتۆر جەمال گوزارشتی لێدەکات، کە بە ڕوونی دان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دادەنێت بەو پێیەی سەرەتایترین مافیەتی، دەبینین دەڵێت: ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەم بۆ ئەوەی دووپاتی بکەمەوە، کە وریابوونەوەی کێشەی نەتەوەیی عەرەب پێشینەترە و پێکهاتەکانی لە کات و شوێندا زیاتر چەسپیوون و لە قۆناغەکانی گەشەسەندنییدا لە ئابووری و کلتووری وسیاسییدا پێگەیشتووترن، ئەمە بەواتای کەمکردنەوەی هیچ کام لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردنییە، لە مانەش سەرەتاییترین ماف، کە مافی چارەی خۆنووسینە ومافی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانەیە لەسەر خاکەکەی، کەلە دێر زەمانەوە چەندەها پشت ژیانیان لەسەرکردووە، هەروەها قەوارە و نیشتمانێکی هەبێت. کورد گەلێکە بە مکوڕی خەبات دەکات بۆ بوونی نەتەوەیی و نیشتمانێکی هەبێت، سەرچاوە مێژوورییەکان پێمان دەڵێن شۆڕشەکانی ئەم گەلە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە گەیشتۆتە لوتکە[١٤].

لێرەدا منیش دەمەوێ شانبەشانی هەردووبرا، ئەتاسی و ئەلموسڵی بوەستم بۆ بەراوردکردنی هەڵوێستی نەتەوەییان لەسەر بنەمای دانپێدانان بەو ڕاستییانەی لە مێژوو هەڵێنجدراون، لەگەڵ هەڵوێستی بەعسییە عەفلەقیەکان، کە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد دەکەن لەسەر خاکەکەی، کە لەدێر زەمانەوە چەندان وەچەی زۆر و زەوەند لەسەری ژیاون، وەک لە بڕیاری کۆنگرەی نەتەوەیی یازدەیەمینی بەعسی عەفلەقی ئەمەی خوارەوە هاتووە:

١٤ –نفس المصدر ص١٨ –١٩.(مام).

(...لەهەمان کاتدا هەڵەیە کە بەنەتەوەی جیاواز لە نەتەوەی عەرەب لە هەمان ئاستی فارس و هیندی یان نەتەوەکانیتر سەیریان بکەین. ئەو نەتەوانەی کە خاوەن زمان و تایبەتمەندی جیاوازن لە زمان و تایبەتمەندی عەرەبی و ماوەیەکی زۆرە لەنیشتمانیی عەرەبیدا ژیاون وەک نەتەوەی کورد، کە بە خزمایەتی قوواڵی ڕەگئاژۆ، بەنەتەوەی عەرەبەوە بەستراونەتەوە.. لە بنەڕەتدا هەر لە پەیدابوونییەوە بە درێژایی ئەم ماوەیەش لەسەر ئەم خاکە ژیاوە، کە لە مێژوودا بە نیشتمانیی عەرەب ناسراوە، سەرەڕای جیاوازی ناوبردنی لە ناو بەشەکانیدا و جیاوازی ناوی ئەم دەوڵەتانەی لەسەری بووە. ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە ئەو خاکەی ئەو نەتەوانەی لەسەر دەژین بەشێک بووە لەو دەوڵەتە عەرەبییەی کە هەزاران ساڵە پەیدابووە، کە دواهەمینیان دەوڵەتی گەورەی عەباسییەکان بوو. ئەم خاکەش – لە هەمانکاتدا – نیشتمانیی ئەم نەتەوانە بووە. بەرمەبنای ئەمەش ناسنامەی عەرەبی ئەو خاکەی ئەم نەتەوانەی لەسەر دەژین لە ڕێگەی چەوساندنەوە و داگیرکردن و بێبەشکردنەوە نەهاتووە، بەڵکو لەئەنجامی ئەو واقعە مێژووییەی هەزاران ساڵ درێژەی کێشاوە هاتووە و بە درێژایی ئەو سەردەمە مێژووییە دوور و درێژە هیچ مشتومڕ و ناکۆکییەک لەو بارەیەوە نەبووە).[١٥]

بەڵێ عەفلەقییەکان بەم شێوەیە ساختەکاری لە مێژوودا دەکەن بێ ئەوەی وێدان یاخۆ لۆژیک وەیان ڕیزگرتنی مێژوو بیان سڵەمێنێتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ مشتومڕ و ناکۆکیەک نییە (تەنانەت لەلایەن ئەو کوردانەش کەخاوەنی خاکەکەن) لەسەر شوناسی عەرەبییانەی خاکی کورد، کە کورد هەزاران ساڵە بەتەنیا خۆی لەسەری ژیاوە وەک لە مێژوو و تەنانەت جوگرافیا سەڵمێندراوە، هەردوو برا، دکتۆر و نووسەریش بەیەکەوە دانیپیادەنێن.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە مرۆڤ دووچاری سەرسامی و واق وڕمان دەبێتەوە بەرامبەر زاتکردنی عەفلەقییەکان لە دەستکاریکردن بە وشە و لۆژیک و مێژوو، هەروەها لە تەعریبکردنی خاکی کوردستان بە نوکە قەڵەمێک، کاتێک مرۆڤ گوێی لەقسەی عەفلەقییەکان دەبێت کە دەڵێن خزمایەتی قووڵ و ڕەگئاژۆ، کورد بە عەرەب دەبەستێتەوە پێشبینینی ئەو دەرەنجامە لۆژیکییەی پەیوەندی خزمایەتییە دەکرێ، کە بریتییە لە ڕێزگرتنی مافەکانی گەلی کورد بەلانی کەمەوەش بوونی لەسەرخاکی کوردستانی نیشتمانییدا و دواتر داننان بە مافەکانی وەک هەموو گەلانی دیکەی دنیا. بەڵام دیارە پەندە عەرەبییەکەی دەڵێت (لە عیشقییەوەیە دەیکوژێ) لە لایەن

١٥ – مسألة الاقليات القومية في الوطن العربي – المؤتمر الحادي عشر، دار الثورة، بغداد / العراق، ص٧–٨.(مام).

عەفلەقییەکان بەرانبەر کورد پەیڕەو دەکرێت بە کوشتن و قڕکردنیان، لە ئامادەکاریدا بۆ بەعەرەبکردنی کوردستانەکەیان. لە جێبەجێکردنی ئەو حیکمەتە عەفلەقییەی دەڵێت، پێکەوە ژیانی کورد و گەلانی تری موسڵمان لەگەڵ عەرەب لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئیسلامی عەبباسیدا هۆکارێکی سەرەکییە کە خاکی نیشتمانەکەیان بە عەرەبی بناسرێت و خاوەن ناسنامەیەکی عەرەبی پەتی بێت.

بێگومان ئەم تیۆرە عەفلەقییەی تا سەر ئێسقان شۆڤینییە، بەمانای ئەوەدێت کە تورک و کورد و ئازەر و فارس و پاکستانی و گەلانی موسڵمانی کۆمارەکانی شۆرەوی لەسەر خاکی نیشتمانیی عەرەبدا دەژین و ناسنامەی عەرەبیانەی خاکی نیشتمانییان هیچ مشتومڕ و ناکۆکیەک دەربارەیان نییە (چونکە زادەی درێژبوونەوەی واقیعی مێژوویی هەزاران ساڵەن)، هەروەها ئەم هەزارانەی ئێرەش زیادەڕۆیی و دروستکراوی چەواشەکارییانەی عەفلەقییەکانە، چونکە بەیەکەوە ژیانی کورد و گەلانیتری موسڵمان لەگەڵ عەرەب لە هەزار و سێسەدساڵ تێناپەڕێ، کە نیوەی زیاتری ئەم ماوەیەش لەگەڵ ئەوان بەیەکەوە لە ژێر حوکمڕانی تورک دابووین. جا مامۆستای نووسەر - تەنانەت کە سۆزداری بۆ بەعسی کلاسیکە- چۆنچۆنی ڕاڤەی ئەم بانگەشە عەفلەقیانەییە دەکات؟!.

٣- دکتۆر ئەتاسی لە پەرۆشی زۆریدا بۆ پرسەکە وەک پرۆژە و چەمک لێرەدا لە یەک کات دوو پرسیاری گرنگی بەیەکەوە بەستراو و دژبەیەک دەخاتە ڕوو تەنانەت تەواوکەری یەک و بەیەکەوە لکاون ئەگەر وەلامەکانییان بە پێی پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و ئیسلامی و دیموکراسی ڕاستبن یان جیاواز و دژبەیەکبن ئەگەر وەلامەکان کەم و کوڕییان تێدابێت یان لەو پێوەرانە لابدەن، کە بریتین لە:

یەکەم: چۆن پرۆژەی یەکێتیی خوازانەی عەرەبی دەتوانێ پێشبکەوێت و بەسەر سوریادا بلاوبێتەوە و بگات بەعێراق بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەم ئامانجە نێشتمانیی یانەی کورد بەریەک بکەوێ یان بەربەست بخاتە سەر ڕێی لە کاتێکدا خاکی نیشتمانیی و مرۆڤی هاولاتی تێکەڵ دەبن و بەرژەوەندییە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییەکان لە ململانێدان، ئایدیۆلۆژیاکان و هێزەکان بە یەکەوە دەئاڵێن، هاوپەیمانی نەتەوەیی و نا نەتەوەیی دروست دەبن، هەروەها ململانێی سیستەم و هێزە حزبییەکانیش بە ئاڕاستەیەکدا توندتر دەبن و دەمارگیرییەک، کە هی قۆناغەکانی پێش نەتەوەیی بوون و لە خوار نیشتمانپەروەریشەوەیە دەخوڵقێن، کە لەوانەیە بەرەنگاریان ببێتەوە ئامانج و یەکڕیزیان پەرتەوازە بکات.

دووەم: چۆن پرۆژەی نەتەوەیی کورد ئەگەر ڕەهەندەکانیمان پێدا وەک پرۆژەی ڕزگاری نیشتمانیی و یەکڕیزی گەل و خاک دەتوانێ لەگەڵ ئامانج و ئاواتەکانی عەرەب بۆ ڕزگاری و یەکڕیزی لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجەی ئێستا بەسەرناوچەکەدا سەپاوە بەیەک بگات و هاوکار بێت.[١٦]

دکتۆر ئەتاسی پرسیارەکانی ڕاستن و دەتوانین لێیان تێبگەین، چونکە مەسەلەیەکی بنەڕەتی و هەستیار دەخاتە ڕوو، کە چارەنووسی پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبی برای بەندە بە چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی دروست. بەتایبەتی کە تێبینی ئەوە دەکات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ نووسەر بین و جەخت لە سەر خزمایەتی و برایەتی و پەیوەندی ئاینی و مێژوویی بکەینەوە، ئاخۆ هەموو ئەمانە ڕێگریان لە هەڵگیرسانی ئەم ململانێ خوێناوییە کردووە کە لەسەر خاکی عێراقی عەرەبی و دەوروبەری درێژەی کێشاوە و دووبارە دەبێتەوە؟. بێگومان بێئەوەی سەرکەوتوو بێت لە درێژەدان بە پرسیارەکانی، چونکە پرسیارەکانی دیکەی دژ بە ڕاستی و ڕووداوەکانن، ئایا هەروەها ڕێگری کردووە لە زۆر بزووتنەوە و جوولّە سیاسییە کوردییەکان، کە بێنە بەردەم پرۆژە و بزووتنەوە یەکێتییخوازەکانی عەرەب؟ سەرباری ئەمە ئەی زۆرانێک ئاماژەیان نەکردووە کە لەمیانەی ئەو فاکتەرانەی وایکرد هەندێ لە حزبە شیوعییە عەرەبییەکان دژایەتی پرۆژەکانی یەکگرتنی نێوان میسر و سوریا بکەن و دواتر لە نێوان ئەوان و عێراقدا ئەو دەمارگیرییەی کورد، کە هەندێک لە سەرکردەکانی ئەو حزبانەی ناچار دەکرد وەک هەڵوێستێکی نانەتەوەیی لەسەر مەسەلەی یەکێتیی عەرەب و لەپاڵ ئەو هێزە نەرێنیانەی کە هەل و دەرفەتی گەورەی مێژوویییان لەکیس گەلەکەمان داوە، بوەستنەوە؟![١٧]

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە گرنگەی دکتۆر ئەتاسی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پێمانوایە پێویستە هەندێک ڕاستی بابەتی ڕوون بکەینەوە، کە وەک دەسپێکێک ئاسانکاری بۆ ئەم وەڵامانە دەکەن:

یەکەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلان شانبەشانی مەیلی ڕزگاریخوازی و دیموکراسی، (لانی کەم وەک کۆڕپەڵەیەک) مەیلێکی شۆڤینی و فراوانخوازی بەرامبەر بە گەلانی بچوک یان داگیرکراو، لە دووتوێیدا هەڵدەگرێت، ئەگەر سەرکردەیەکی مەزنی وەک جەواهیر لال نەهرۆ

١٦- عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، ص١٩. (مام).

١٧ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩. (مام).

سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیت لە گۆڕانی نەتەوەپەروەری لە بزووتنەوەیەک لە پێناو ڕزگاری نەتەوەوە، بۆ بزووتنەوەیەکی تاڵانکردنی ئەوانیتر کە لە پێناو ڕزگاری گەل و نیشتمان و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین خەبات دەکەن، وەک لەو لێدوانەیدا لە سەرگۆڕانی بزووتنەوەی ڕزگاری تورکیای کەمالی بۆ بزووتنەوەی کۆیلەکردنی کوردستان و لە ناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەبەر ئەوەی هەمان دروشم و داخوازیان هەبوو، کە کەمالیستەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. سۆسیالستە عەرەبەکان نابێ سەریان سوڕبمێنێ لەو خەسڵەتە بابەتییەی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتییدا هەیە، کە بۆڕژوازییەکانی بە هۆی سروشتی چینایەتییانەوە، هەڵگری کۆرپەڵەیەکی فراوانخوازی ئیستعماریانەن بۆ ئازادی نەتەوەکەیان و مافی مانەوەیان بە زاڵی بەسەر نەتەوەکانیتردا لە نێو قەوارە حکـومیەکەیاندا. سۆسیالستەکان دەبێت بزانن، کە بۆڕژوازیەتی نەتەوەییان یاخۆ نەتەوەگەرییە بورژوازیەکەیان تەنها مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلەکەی خۆیان پەسند دەکەن، نەک بۆ ئەو نەتەوە چەوساوانەی تر کـە لەیەک قـەوارەدا لەگەڵیان دەژین. هەر ئەمەش بوو نەتەوەخوازانی تورک و دواتر نەتەوەخوازانی عەرەب بەرامبەر بە کورد ئەنجامیاندا، کەبرایەتییان لەگەڵ دەکردن و بەیەکەوە دژ بە ئیمپریالیزم وەستانەوە و لەبەدبەختی و نەهامەتی و کارەساتەکان بەشداریان کردن. بەڵام کاتێک لەدەست کۆڵۆنیالیزم (لانی کەم ڕاستەوخۆ) ڕزگاردەبن و سەربەخۆیی (لانی کەم لە ڕووی سیاسییەوە) بەدەست دێت نەتەوەی تورک و نەتەوەی عەرەبیش وەک ئەوبایەخیان پێدا، دواتر بە گاڵتە جاڕییەوە پشتیان لە نەتەوەی کورد کرد و لێی هەڵگەڕانەوە و نکۆڵیان لەمافی ئازادی و چارەنووسی کرد. لە کاتی خەباتی هاوبەشدا بۆ ڕزگارکردنی تورکـیا لەدەست داگـیرکەرانی ئەوروپی، کـەمالییەکان لەسەر زاری مستەفا کـەمال پاشـا (١٨) بەڵێنی بە گـەلی کـورد دا کە ئۆتۆنۆمییەکی فراوانتر و گشتگیرتر لەوەی لەپەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ داهاتووە پێبدات، کاتێکیش سەرکەوتنە سەرەتاییەکانیان بەدەست هێنا، وەزیری بەرگریان لەبەردەم مۆنیۆمێنتی سەربازی نەناسراودا وتارێکی دا و وتی: بەگومانێکی زۆرەوە ئەم سەربازە کورده، لەمەدا وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو قوربانییە زۆرانەی لەشەری سەربەخۆییدا کورد بەخشیبووی. بەڵام کاتی ئازادبوون و دانپیانانی ولاتانی ئەوروپایان بە کۆماری تورکیا بەدەست هێنا، نکۆڵییان لە هەموو بەڵێنەکانیان و بوونی

١٨ – مستەفا کەمال پاشا (ئەتاتورک): (١٨٨١ – ١٩٣٨) پێشەوا و دامەزرێنەری تورکیای نوێیە. نازناوی ئەتاتورک واتە باوکی تورکان لە ساڵی ١٩٣٤دا بەسەریدا بڕاوە. لەسالونیک لە دایکێکی جوولەکە و باوکێکی یونانی لەدایک بووە. (یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی، ٢٠٠٥، لا٣٦). (ئامادەکار).

نەتەوەی کورد کرد و مافەکانیانیان خستە ژێر پێ ونوقمی دەریای خوێن و فرمێسکیان کردن، ڕایانگەیاند کە کورد جگە لەو تورکە شاخاوییەی لەسەرخاکی تورکیادا دەژین بەولاوە، هیچیتر نییە.

بەعسییە عەفلەقییەکانی نەتەوەییانی عەرەب، هەر وایان بە ئێمەی کورد کرد لەباشووری کوردستان لە ماوەی خەباتی درێژخایەنی هاوبەش لەگەڵ هێزە نیشتمانیی و نەتەوەییانی عەرەبی لە عێراقدا دوای ئەوەی بە زارەکی دانیاننا بە بوون و مافی گەلی کورد، وتیان برایانی کورد ئێوە هەرئەوەندە ئارام بگرن تا عێراق لە ژێر دەستی ئیستعماری بریتانی ئازاد دەبێت، ئێمەش وامانکرد و گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانیان بووین، بەڵام کاتێک ڕزگاربوون لەلایەن هێزە دیموکراسیخوازەکانەوە پێیان وتین دەبێ چاوەڕێبن تا کۆمار جێگیر دەبێ و دروشمی بەرگری و پاراستنی بەتەواوەتی لەلایەن هێزەکانی نەتەوەیی عەرەب بەدیدێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین تا یەکڕیزی عەرەب بەدیدێت، چونکە هەر ئەو دەتوانێت دان بەمافەکانی گەلی کورد بنێت. ئەمەش ویزەویزێکە وشەکانی تەنانەت لە نووسینەکانی دکتۆر جەمالیشدا دووبارە دەبێتەوە. کاتێک نەتەوەیی عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٦٣ بە پشتیوانی کورد و بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخەرانی جوولانەوەکە بە دانپیانانی خوالێخۆشبوو عەلی سالح ئەلسەعدی برای خودی دکتۆر، پشتیان تێکردین و لە بەڵێنەکانیان لە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی پاشگەز بوونەوە لە ژێر ئەو وەهمەی، کە دەتوانن شۆڕشی گەلی کورد لەمیانەی چەند هەفتەیەکدا یان لەسەیرانێکی باکووردا وەک خوالێخوشبوو فەریق سالح مەهدی عەماش گوزارشتی لێدەکرد، لەناوبەرن. ئەوەتا دکتۆر جەمال پێمان دەڵێت، کە پرسیاری لە خوالێخۆشبوو سەعدی کرد ئێوە چی دەکەن بەرامبەر بە کورد و مەسەلەی کورد. ڕوونکردنەوەکەی لەم بارەیەوە بەم شێوەیەبوو: لێتانی ناشارمەوە ئێمە پێش بزووتنەوەکەمان پەیوەندیمان بە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد کرد بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە، کە لەکاتی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکەمان ئارامییان زامن بکەین و پشتیوانی لە شۆڕشەکەمان بکەن، ئێمە بەڵێنمان پێدان خواستەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی بەدیبهێنین وسوورین لەسەر بەدیهێنانی هەندێک لە داواکانییان ئەگەر قبوڵیانکرد ئەوە باشە ئەگینا ئۆباڵەکە بە ئەستۆی خۆیانە، چونکە ئێمە کاروبارەکانی خۆمان ڕێکخستووە بۆ ئەوەی بتوانین یاخیبوونەکەیان بنبڕبکەین و لە ماوەی دووسێ هەفتەدا کۆتایی پێبهێنین.[١٩]

١٩ –هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل،٣٠.

با دکتۆری برا ڕێگەم بدا پاشماوەی ئەم بابەتەی بۆ تەواو بکەم بەوپێیەی ئەوسا سەرۆکی نێردەی کورد بووم کە لە لایەن خوالێخۆشبوو ژەنەرال بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی و پاشان کۆنگرەی گەل کە لە کۆیێ لە ئازاری ١٩٦٣ بەڕێوەچوو سەرپشک کرابووم .

کاتێک چەند ڕۆژێک دوای سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان لە ٨ ی شوبات گەیشتینە بەغدا، ئەو بەڵێنانەی پێیاندابووین و ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵیان کردبووین بیرمان هێنانەوە، بەڵێن و ڕێککەوتنەکەیان بە زارەکی سەڵماندەوە، بەڵام بیانویان ئەوەبوو کە لە دانپیانی ئۆتۆنۆمی بۆمان لە خوالێخۆشبوو سەرۆک جەمال عەبدولناسڕ دەترسن، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین بەیەکەوە بچینە قاهیرە و جەزایر بۆ وەرگرتنی ڕای هەردوو سەرۆک ناسڕ و بنبیللا و (بۆ بە عەرەبیکردنی دانوستانەکە)، لەکاتی دیدارمان لەگەڵ سەرۆک عەبدولناسڕ، کە مەترسی بەعسم پێڕاگەیاند سەرۆک جەمال جەختی کــردەوە (ئەوان ڕاست ناکــەن) و ئامــادەیی خـۆی بۆ دەربڕیم کە ئامادەیە واژۆ لەسەر ئەو پرۆژە ئۆتۆنۆمییە بکات کە ئێمە لە بەغدا لەگەڵ بەعس لەسەری ڕێکدەکەوین تەنانەت ڕاشیبگەینێت لە قاهیرە، بۆ ڕێگرتن لە دڵەڕاوکی و ئەو ترسەی، کە دەیڵێن. سەبارەت بە سەرۆک ئەحمەد بن بێلا لە سەرۆک عەبدولناسڕ ڕوونتر بوو، کاتێک لە بەردەم وەفدی عێراقدا وتی: دەبێت بە خێرایی مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد بدرێت، پێش ئەوەی ململانێیەکە پەرەبستێنێ ببێتە دەرەنجامێکی ناخۆش. کاتێک گەڕاینەوە ڕەزامەندی سەرۆک عەبدولناسڕم بە خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر گەیاند کە ئەوکاتە سەرۆک وەزیران بوو، فێڵەکە لەناو دەستی کەوتەخوارەوە دەمی تێکئالاّ و قسەی نەگونجاوی دەرهەق بە سەرۆکی نەمر کرد بۆ پاساوی ڕانەگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، ئیدیعای ئەوەی کرد ئەگەر ئەوکارە بکەن ئەوە (ملیان دەشکێنێت)، شایانی باسە کاتێ لە بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دانیاننا بە ئۆتۆنۆمی کوردستان، سەرباری ئەوەی ناکۆکی توند و ئاڵۆز لەنێوان قاهیرە و بەغدادا هەبوو وێرای هەڵمەتی جنێوە بێزراوەکانی عەفلەقییەکان بۆ سەر میسر و عەبدولناسڕ، سەرۆک عەبدولناسڕ یەکەم کەس بوو پیرۆزبایی لێکردن.

بەڵام ڕەزامەندی عەرەبی دادی نەداین و حوکمڕانی بەعس شەڕی (تەفروتوناکردنی شۆڕشی کورد) و (لەناوبردنی شۆڕشی کورد) یان دژ بەگەلی کورد بەرپاکرد بە هیوای ئەوەی لە سەیرانە گەشتێکی سێ هەفتەییدا بەدیبێنن، کە گەیشتە چەندان مانگ و هەتا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە پایزی ١٩٦٣یش بەردەوام بوو.

هەرچی سەبارەت بە عەفلەقییەکانە، ئەوکاتەی حزبێکی بچوک بوون لەلایەن هەموو

هێزە نەتەوەیی و نیشتمانیی و دیموکراسییەکانی عێراقەوە ڕەتکراوەبوون، جگە لە هێزە کوردییەکان کە لەساڵی ١٩٦٨ دووبارە دەسەلاتیان گرتەوە دەست!؟ لە سەرەتادا خۆیان واپیشاندا ئەوکاتەی لاواز و حزبێکی بچوک بوون، ڕووبەڕووی کۆی بزووتنەوە نیشتمانیی و دیموکراسی و نەتەوەییە عێراقییەکان، لەناوەخۆ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی بە سەرۆکایەتی عەبدولناسڕ لە دەرەوە، بەعسی چەپی فەرمارەوا لەسوریا (لە چوارچێوەی بزووتنەوەی مێژوویی بەعس) دەبوونەوە. ئامادەیی خۆیان دەردەبڕێ بۆ دیالۆگ و چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد و گوێگرتن لە پاساوەکانی ئۆتۆنۆمی، بەڵام بە کردەوە دەستیان کرد بەیاریکردن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی پارتی، باڵی سەرۆک و باڵی مەکتەبی سیاسی، بەڵێنیاندا لە ئایندەدا ئۆتۆنۆمی بەدیبێنن بەڵام دەیان ویست کات بەسەر بەرن و شەڕی براکوژی خۆش بکەن و پیلانگێڕی بکەن و هەوڵ بدەن لە کێشەی کورد کەمبکەنەوە، کاتێکیش ڕووبەڕووی پێداگری باڵی مەکتەبی سیاسی بوونەوە، لەسەر ئۆتۆنۆمی و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەرکوک لە چوارچێوەی کوردستانە، هێشتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، هێشتنەوەی دۆستایەتی، پەیوەندی خەباتکارانە لەگەڵ سەرۆک عەبدولناسڕ، کە ئەوان دژایەتییان دەکرد، دوای بێهیوا بوونیان لە لەناوبردنی باڵی سەرۆک بارزانی و شۆڕشی چەکداری لە مانۆڕێکی پەلوپۆداردا چوونە لای خوالێخۆشبوو بارزانی، کە ئەویش بە خێرایی تێگەیشت و دەست پێشخەری کرد بۆ یەکخستنی هەردووباڵی حزبەکە دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ ئازار ١٩٧٠ و ڕێککەوتننامەی بەعسی دەسەلاتدار لە گەڵیدا. بەڵام هەرزوو دەستی کرد بە پیلانگێڕی بۆ تیرۆرکردنی بارزانی، هەوڵی سەرنەکەوتووی کوشتنی و دواتریش بەردەوامی پاشگەزبوونەوەی لە بەڵێنەکان، ئامادەکاری بەردەوام بۆ شەڕ لە دژی شۆڕشی کورد، دوای شکستهێنانیان لە بەرەی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و کشانەوەی سوپای عێراق لە ژێردروشمی ڕواڵەتیانەی تووندڕەوی بانگەشەی ڕزگارکردنی فەلەستین لە ڕوبارەوە تا دەریا. دەبێ بشزانین بەعسی فەرمانڕەوا دەستی بەخۆدا شۆڕکردۆتەوە و تەنانەت پشتگیری شا حوسێن دەکات لە کۆمەڵکوژییەکانی ئەیلوولی ڕەش، کە تێیدا ناپاکی کردن لە شۆڕشی فەڵەستین لە بە ئاشکراترین شێوە دەرکەوت، بەعسی فەرمانڕەوا توانی بەکردەوە ڕەزامەندی ئیسرائیل و دەستخۆشی ڕاستەقینەی ئەمریکا بە دەست بهێنێت و دەستی کرد بە سەوداکردن لەگەڵ شای ئیران لەسەر حسابی سەروەری عێراق و ئاو و خاکەکەی و مافە مێژووییەکانی لە شەتول عەرەب تا ئەوکاتەی بە چەندین دەست هەڵگرتن، شا ڕازی بوو بە گۆڕینی ناوی کەنداوی عەرەبی و

قەبوڵکردنی ڕۆڵی شا وەک پۆلیسییێک بۆ کەنداو هەروەها دەست بەرداربوونی شەتول عەرەب و خاکی بەرفراوانی عێراق بەرامبەر ڕەزامەندی شا بۆ کۆتایی هێنان بە هاوکارییەکانی بۆ شۆڕشی کورد، کە سەرکردایەتییەکەی هەڵەیەکی کوشندەی کرد بەوەی ڕازی بوو دوای ڕێککەوتننامەی بەدناوی جەزایر کۆتایی بە شۆڕش بهێنێ.

بەعسی فەرمانڕەوا ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی لەبەدیهێنانی بەعەرەبکردنی ناوچە نەوتیەکانی کوردستان، دواتر هەڵبەستنی پشتێنەی ئاسایشی سنوری ئەمەش بەچۆلکردنی ناوچە کوردییەکانی سەر سنوور، کە بووە هۆی لێک دابڕین و پارچە پارچە کردنی نەتەوەی کورد و وێرانکردنی زیاتر لە ١٢٤٧ گوندی کوردنشین و دەربەدەر بوونی نزیکەی ٧٥٠ هەزار کورد و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگای نیشتەجێی هاوشێوەی ئۆردوگای زۆرەملێ.

ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتەکەی خۆی و چارەسەری ئاشتیخوازانەی ڕەتکردەوە، یارمەتی ئەو دەستە بەخشندە کوردییەی ڕەتکردەوە کە شۆڕشی کورد بۆی دڕێژکردبوو دوای سەر لەنوێ هــەڵگیرسانەوەی لە ١٩٧٦دا، تەنانەت کاتێک شەڕێکی دڕندانەی دژ بە ئیران دەکرد، گفتوگۆیەکی جدی قەبوڵ نەکرد تاوەکو دوای شکستە ترسناکەکانی لە خوزستان و تێکشکانی هێزەکانی لە محەمەڕە و گەیشتنی هێزەکانی ئیران بەسنووری نێو دەوڵەتی بە شێوەیەک هەڕەشەی داگیرکردنی بەسرە و ڕووخاندنی ڕژێمی عەفلەقی دەکرد، دوای ئەوەی سەدام حوسێن دڵنیابوو لە بەڵێنە نێو دەوڵەتییەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤییێت بەوەی ناهێڵن ئیران بەسەریدا سەرکەوێت تەنانەت ئەگەر دەست تێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆش بکەوێتە سەرشانیان، هەر زوو جارێکیتر سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن لە ڕۆژی دیاریکراودا لە ژێر فشاری تورکیا پاشگەزبووەوە لەو بەڵێنانەی بە نووسین و بەزار پێی دابووین و نەیسەلماند کە واژۆ لەسەر ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان خۆی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات. کە پێشوەخت ڕەزامەندی لەسەر دابوو . پاشان کۆمەڵکوژی لە دژی گەلی کورد ئەنجامدا و پێشنیاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی ڕەتکردەوە بۆ ئاگر بەستێکی بەردەوام بە درێژایی ماوەی شەڕی عێراق و ئیران لە نێوان هەردوو لادا، ئامانج لە پێشنیازەکە ڕزگارکردنی گەلی کوردبوو لە ناوچە ئازادکراوەکان لە باریگرانی جەنگ و وێرانکردنی گوندەکان.

وە بۆ ئەوەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ناچار نەبێ شەڕ لە دژی سوپای عێراق بکات، کە لەناو خاکی ئیراندا دەجەنگا، هەروەها بۆ ئەوەی خۆمان لە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ دوژمنی دەرەکی دژ بەحکومەتی (نیشتمانیی)عێراقی بە دووربگرین. بەڵام سەدام هەموو ئەو

پێشنیازانەی ڕەتکردەوە، کە داوای ئاشتی و چارەسەری سیاسیی و ئاگربەستێکی درێژخایەنی دەکرد، جەختی لەوە کردەوەکە شەری قڕکردن لەدژی گەلی کورد بکات وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە. ئابەم شێوەیە دەبینین نەتەوەییانی (بەعسی) عەرەب هاوشێوەی نەتەوەییانی تورکی تۆرانی هەمان سیاسەتی شۆڤینیانە پەیڕەو دەکا، کە دژ بەجەوهەری دروشمەکانیانە لە ڕزگاری و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین، ئەمەش دژ بە گەلێکی برا کە بەشداربووە لە سەرجەم ئەو شەڕە مێژوویییانەی عەرەب کردوویەتی. کەواتە ئەوخۆشییەی بیرمەندانی عەرەبی هۆشیاری وەک ئێوە و هەروەها ئەو کوردانەی درک بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیان بەرامبەر ئومەی عەرەبی و برایەتی عەرەب و کورد دەکەن، کاتێک هەوڵیاندا ئاشتەوایی نیشتمانیی لە عێراقدا بەدیبهێنن سەرەڕای ئەو ناخۆشیانەی بەدەست بەعسییە عەفلەقییەکان چەشتویانە، ئەزمونێکی تاڵیان لەگەڵیا هەیە، بۆیە زۆر بەداخەوە ئەو ڕوونکردنەوەی لە لاپەڕەکانی ٤٠ و٤١ فەرموبووتان بەدینەهات، کە دەڵێن: (لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕامانەی جەلال تاڵەبانی بەناوی برایانی کوردەوە ساڵی ١٩٦٣ لە قاهیرە خستیەڕوو، یەکێک لەو فاکتەرانەی کە گەشبینم بەوەی لە ڕووی گونجان یان ئاشتەوایی لە عێراقدا ڕوودەدات ئەوەیە کە تاڵەبانی و ئەوبرایانەی هەڵگری هەمان تێڕوانینی ئەوبوون سەرتۆپی ئەو هاوپەیمانییە نیشتمانییە کورددییەن کە هەنگاو بۆ ئەم ئاشتییە دەنێت).

دووەم: ئەو نەتەوانەی لە یەک دەوڵەتدا دەژین لە ماف و ئەرکدا یەکسان نین کاتێک لە مافی چارەی خۆنووسین بێبەش دەکـرێن، بەڵکـو دابەش دەبن بۆنەتەوەی فەرمانڕەوای زاڵ و نەتەوەیەکی ڕەشۆکی ژێردەستە. ئەمەحاڵەتی گەلی کوردبوو لە عێراق، کاتێک دەوڵەتی عەرەبی لە بەغدا دامەزرا ساڵی ١٩٢٠ فەیسەڵی یەکەم لە تەختە ڕووخاوەکەی لە دیمەشق گوازرایەوە بۆ تەختی پاشایەتی عێراق کە خاتوو مس بێڵ تاجی شاهانەی بۆ نەخشاند چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵ ناڕۆشن بوو هەروەک دەوڵەتی عەرەبی لە عێراقدا لە سنووڕە ناسراوەکانی عێراقی عەرەبی دامەزرا، کە کۆمیسیۆنی نێو دەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا لەسەر سنووڕەکانی ئەمەی خوارەوەی خستە ڕوو:

(لێژنە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سێ ناوچەی ڕۆشن هەن: عێراقی عەرەبی، جەزیرە و کوردستان. عێراق لە باکوڕەوە لە هیت- تکریت یان چیای حەمرین تێناپەڕێ ... دڵنیابوونەتەوە کە سەرجەم ئەدەبیاتە جوگرافییەکان لە سەردەمی فەتحی عەرەبی تا بەرواری لێکۆڵینەوەی

لێژنەکە (١٩٢٥) بەناوچەی جێناکۆک هەژمار نەکراوە و ناونەبراوە – واتە ویلایەتی موسڵ- هەرگیز نە بە ڕەچاوکردن، نەبە وەسفکردن وەک بەشێک لە عێراق ناوی نەهاتووە. لە ڕاپوردووش ناوی عێراق ناسراو نەبووە لەلای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ وەک ناوی ولاتەکەیان، بەڵام هەرچۆنێک بێت عەرەب لایان پەسندترە لەناوی میسۆپۆتامیای ئەورووپایی کە پێی ئاشنانین. تەنیا نیوەی ڕۆژئاوای ناوچە جێناکۆکەکان دەکەوێتە چوارچیوەی میسۆپۆتامیاوە. حکومەتی تورکیاش کە دەڵێت ویلایەتی موسڵ بەشێک بووە لە ئەنادۆل، لێژنەکە پێی وایە ئەم قسەیە ڕاست نییە چونکە ئەم دوو ناوچەیە سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان کەوتۆتە نێوانیانەوە[٢٠].

ئەوسا لە لایەن هاوپەیمانانەوەبە پێی پەیماننامەی سیڤەر بەڵێنی ئۆتۆنۆمییەک بەگەلی کورد درابوو لەماوەی ساڵێک پەرەی پێبدرێت بۆ سەربەخۆیی تەواو کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش بگرێتەوە ئەگەر خۆیان داوابکەن، لە ساڵی ١٩٢٢دا هەردوو حکومەتی بریتانیا و عێراق لە ژێر فشاری گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و زیادبوونی مەترسیەکانی کەمالیزم لەسەر ویلایەتی موسڵ و بەهۆی کەم توانایی بریتانیا لە ڕووی سەربازی و دارایییەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکیتر لە ناوچەکە ناچاربوون بەیاننامەی داننان بە حکومەتی کوردی لە ٢٢ کانوونی یەکەمی ١٩٢٢دا دەربکەن ئەمە دەقەکەیەتی:

(حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عێراق، دان بەمافی کوردەکانی ناو سنووری عێراق دادەنێن، کە حکومەتێکی کوردی لەناو ئەم سنووره بۆخۆیان دامەزرێنن. هیواش دەخوازن کەسە دیدگا جیاوازەکانی کورد لە نێوان خۆیاندا لە سەر شێوەی ئەو حکومەتە دڵمەند و سنووورەکەی بگەنە ڕێککەوتنێک، هەروەها نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندیی ئابووریان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆ و حکومەتی عێراقدا).

بەڵام بەرژەوەندییە کۆڵۆنیاڵیەکانی بریتانیا، دواتر بڕیاری بێبەشکردنی گەلی کورد لەم مافانەدا، هێزەکانی بریتانیا (نەک هێزی عێراقی کە هێشتا بوونی نەبوو) لە ساڵی ١٩٢٣دا هێرشێکی دوژمنکارانەیان کردە سەر باشووری کوردستان و تا ساڵی ١٩٢٥ یش نەیتوانی ئەرکەکەی خۆی لە لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە بە ئەنجام بگەیەنێ.

٢٠ – مشكلة الموصل، الدكتور فاضل حسين، جامعة بغداد، ١٩٧٧، ص ٧٨. الاستاذ فاضل موصلي آخر وكتابه هو اطروحته للدكتوراه وبالتالى فهي وثيقة علمية قدمها عربي موصلي (مام). واتە مامۆستا فازیل موسڵاویەکی تره و کتابەکەی تێزی دکتۆراکەیەتی کە بەڵگەنامەیەکی زانستییە عەرەبێکی تری موسڵاوی پێشکەشیکردووە.

مامۆستا عەزیز شەریف، کەسایەتی ناسراوی عەرەبی عێراقی بەم شێوەیە ڕاڤەی هۆکارەکانی ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی بریتانیا، دەکا:

(بەڵام لە باشووری کوردستان سیاسەتی بریتانیا هەر بە ڕاڕایی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٢٦ بەتەواوی جێگیربوو. لە ١٠ی ئایاری ١٩١٩ حکومەتی بریتانیا فەرمانی بە حاکمی گشتی کرد لە عێراقدا، کە هەندێ دەوڵەتۆکەی خۆبەڕێوەبەر لە ژێر حوکمی شێخانی کورد، بۆی دابمەزرێنی بە مەرجێ ئەم شێخانە لە ژێر ڕێنوێنی ئەفسەرانی بریتانی کاربکەن. هۆشداریشی پێدا کە هیچ هەنگاوێک نەگریتەبەر نیشانەی ئەوەی پێوە دیاربێ کە ئەمە سیاسەتی بریتانیا دیاری کردووە، هەروەک ئەوەی حکومەتێکی لەسلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود دامەزراندبوو. لەکاتی دانانی پەیماننامەی سیڤەردا پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی باسی لێوەکرابوو، پاشان بریتانییەکان لەبەردەم ناڕەزایی تورکەکان لەم پرۆژەیە پاشگەزبوونەوە. لە ساڵی ١٩٢٢دا بریتانیا و حکومەتی عێراقی دەستکردی بریتانیا، کە لەژێر ئینتیداب (ماندات)ی بریتانیادابوو، پشتیوانییان لە پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی کرد. بەڵام هۆکاری ئەم ڕاڕاییە لە سیاسەتی بریتانیا (جگە لەو سازشانەی بوونە هۆکاری دەست بەرداربوونی کۆڵۆنیالیزمی فەڕەنسی بۆی لە ناوچەکە – کوردستانی عێراق – بە پێی پەیماننامەی سان ریمۆ ساڵی ١٩٢٠، کە پێشتر باسیکرا) لەوانەیە بۆ ئەم دووهۆکارە سەرەکییە بگەڕێتەوە:

سیاسەتمەدارانی بریتانیا متمانەیان بەهیچ کوردێکی خاوەن دەسەلات نەبوو بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پێبسپێرن، کە بۆیان بپارێزێ.

دواکەوتنی یەکلایی کردنەوەی هەڵوێستیان لەگەڵ حکومەتی تورکیای تازە(کەمالیزم) ودەست نیشانکردنی ئاڕاستە سیاسییەکانی.

سەبارەت بەهۆکاری یەکەم دەبینین کۆڵۆنیالیزمی بریتانیا ڕووی کردە شێخ مەحموود کە دەسەلاتی لە هەموو شێخەکانی تری کورد فراوانتربوو، بە حوکمداری سلێمانی دایمەزراند و ڕاشیگەیاند لاری نییە لەوەی هۆزە کوردەکان لەزێی گەورەوە تا ڕووباری دیالە بێنە ناو دەوڵەتەکەی. بەڵام ئاوات و ڕەفتارەکانی شێخ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریەت نەدەهاتەوە – ئەوەتا یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانی لەمەڕ شێخ دەڵێت: (ئەو کێشەی سەرەکیمان بوو، نەزانە بەڵام ساویلکە و بێتاوان نییە، ئەگەر بنکەی سەربازی دیار نەبێت زۆر شەڕەنگێزە. بە پێی پێشینەی لە سەردەمی تورکەکان جێی متمانە نییە، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە شۆڕش دابووە دژ بەحوکمی تورک). ئیتر ئەم تاشە بەردە سەختە لەکوێ و ئەومەڕمەڕی فەیسەڵی

لێدروستکرا، کە وەستا و پەیکەر تاشانی ئیمپراتۆریەت بەدەستییەوە حەسابوونەوە لەکوێ؟ دەربارەی هۆکاری دووەمیش، واتە دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی تورک ئەو سازشکاری و درندایەتییەی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی کوردانی پێ سەرکوتکرد، بەتەواوی ئاڕاستە فاشیستیانەکەی ئاشکرابوو، هەر لە هەمان ساڵدا بریتانیا توانی بڕیارێک لەکۆمەڵەی نەتەوەکان بە دەست بێنی، کە بەهۆیەوە ویلایەتی موسڵ(کە کوردستانی باشووریشی دەگرتەوە) بخاتە سەر عێراقەوە. ساڵی ١٩٢٦ لێکتێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لە پەیمانی سێقۆڵی ئەنقەرە بەدەست هات، کە لەنێوان بریتانیا و تورکیا و عێراقدا مۆرکرا، ئیتر بەمشێوەیە سیاسەتی بریتانیا سەبارەت بە باشووری کوردستان جێگیرکرا بەوەی بە عێراقیانەوە لکاند و هیچ دەرفەتێکیان نەڕەخساند کە هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمیەک بە کورد بدرێ. ئەم لکاندنە لە زۆرێک لە وتار و لێدوانەکان و بەرهەمەکانی نووسەرانی سەرمایەدار بەوە لێکدەدرایەوە، کە لە پێداویستییە جوگرافیایی بازرگانییەوە سەرچاوەی گرتووە. گومانی تێدانییە لە نێوان باشووری کوردستان و ناوەڕاستی عێراق چەندین پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییانە پێویستیان بەم لکاندنە کۆڵۆنیالیانە نییە. چونکە مەرامەکانی ئەم لکاندە بێ پەردە کۆڵۆنیاڵی و ستراتیژی و چەوسێنەرانەیە. تەنانەت خودی نوێنەرانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیاش نەیانتوانیوە ئەم ڕاستیە بشارنەوە، نوێنەری باڵای بریتانیا لە ١١ / ئاب / ١٩٣٠ لە سلێمانی لە وتارەکەیدا وتی: (بینیومە هەندێ سەرچاوەی نابەرپرس پێیانوایە سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا بریتییە لە هاندانی نەتەوەی کورد، بێگومان ئەمە ڕاست نییە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق دەشڵەژێنێ بەڵکو هەردوو دراوسێ خۆشەویستەکەشی، حکومەتی تورکیا وحکومەتی ئیرانیش دەشڵەژێنێ. هیچ شتێکیش بەقەد ئەم بەد گومانییە لە ڕاستییەوە دوور نییە).

(گرفتی بەڕێوەنەبردنی کوردستانی باشوور بە داگیرکردنی ڕاستەوخۆ بۆ خۆلادان بوو لەوخەرجییە زۆرەی، کە داگیرکردن دەیخستە سەر خەزێنەی بریتانیا. کۆڵۆنیالیزمی بریتانیا بینی حوکمڕانانی عێراق ئەو پۆلیسەن کە ئەرکی پاسەوانیکردنی بۆ دەبینن لەعێراق بە کوردستانیشەوە. خەرجی خۆی و خەرجی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی لە جەماوەری زەحمەتکێشی عێراق بۆ کۆدەکەنەوە لەجیاتی ئەوەی بکەوێتە سەرشانی خەزێنەی بریتانیا).[٢١]

٢١ – المسألة الكردية في العراق – للأستاذ عزيز شريف.(مام).

بەمشێوەیە دەبینین لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە گەلی کوردی لەمافی چارەی خۆنووسین و مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێبەشکردووە و جیاوازییەکی گەورەی لە پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و کورددا دروست کردووە، وایکردووە گەلی کورد بکەوێتە ژێر دەسەلاتی حوکمی عێراقی پاشکۆی بریتانیا، بەشێوەیەک، کە: یەکەم: بەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەدەست حوکمی عەرەبی کۆنەپەرست، دووەم: بەدەست چەوساندنەوەی کۆڵۆنیالی، سێیەم: بۆ دۆزینەوەی یەکێتییەکی عێراقیانەی لکێنراو، کە پێچەوانەی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی ئازادە لە نێوان هەردوو گەڵدا، بناڵێنێت. سەرباری بەڵێنی هێزە دیموکراسی ونەتەوەییەکانی عێراق بۆ نەتەوەی کورد لەکاتی تێکۆشان لەدژی هەژموونی بریتانیا بۆ چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد. ئەم یەکێتیی لکاندن و کۆڵۆنیالیزمە وەک ماموستا عەزیز شەریف گوزارشتی لێکردووە بریتیبوو لە یەکێتیی کۆت و زنجیر کە دواتر بووە یەکێتییەکی پیرۆز لە لایەن حوکمرانی عێراقی لایەنگری کۆڵۆنیالیزم و حوکمرانی نیشتمانیی و دواتر نەتەوەیی بەدوای یەکدا، پاشان بوو بە شمشێری هەڵکێشراوی دامۆکڵس لەدژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کە هەر کاتێ بۆ داواکردنی مافە دیموکراسی و نەتەوەییە ڕەواکانی ڕاپەڕیبوایە، لەئەنجامدا تۆمەتی جوداخوازی و دژایەتی کردنی یەکڕیزی عێراق و تێکدانی یەکڕیزی خاکی عێراق و تۆمەتی تری هەڵبەستراو لە دەزگا پرۆپاگەندەکانی کۆڵۆنیالیزم یان شۆڤێنییەکان یان هەردووکیان بەیەکەوە، لە دژیان بڵاودەکرایەوە.

سێیەم: مێژوو و ئەزموون لە وڵاتانی سەرمایەداری و سۆسیالستی، دیموکراسی و دیکتاتۆری سەلماندویەتی، کە یەکێتیی و برایەتی و بەیەکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی ڕاستەقینەی گەلان، ئەگەر لەسەربنەمای یەکسانی تەواو سیاسی، (بەمافی چارەی خۆنووسینەوە) ئابووری، (بە ڕێگریکردن لە چەوسانەوە و وەبەرهێنانی لایەنێک بۆ لایەنێکیتر) دیموکراسییەتی ڕاستەقینە و ڕێزگرتنی هاوبەش بۆ بەرژەوەندی و مافەنەتەوەیی و دیموکراسییەکان، دانەمەزرابێت ناتوانێ تەواو و بەردەوام بێت. هەروەها مێژوو شکستی گەورەی شێوازەکانی چەوساندنەوە، لەناوبردن و ولەناوبردنی نەتەوەکان، هەروەها شکستی گەورەی تواندنەوە و قەڵاچۆکردن وهەڵڵوشینی یەکخستنی سەلماندووە جا بە ڕوسیکردن بێت، یان بە تورککردن، یان بەفەرەنساییکردن، یان بەعەرەبکردن، یان بە فارسکردن، یان بە ئەڵمانی کردن بێت.

چوارەم: ئەزموونی ولاتەکانمان و جیهانی سێیەم سەلماندویەتی کە دیموکراسییەتی ڕاستەقینە، بنیاتنراو لەسەر مافی دەنگدان و هەڵبژارنی فەرمانڕەوا و سیستەم و یاسادانان، لەسەر بنەمای ئازادییە دیموکراسییەکان، لەوانە ئازادی پێکهێنانی حزب و ڕۆژنامەگەری و ڕا و بیروباوەڕ و ئایین و پەیڕەوکردنی ڕێوڕەسمی نەتەوەیی و مەزهەبی، لەسەر مافی جەماوەری دانیشتوان لە بەڕێوەبردن و بەشداری کردنی ڕاستەقینەیان لە دەسەلاتدا، هەروەها گوزارشت کردنی ئازادانە لە خواستی پێکەوە ژیان یان بە جیاوازی بۆ ئەو نەتەوانەی لەیەک دەوڵەتدا دەژین، لەسەردەستوریّک کە ئەم ماف و ئازادییانە زامن بکات، تەنیا ئەم دیموکراسییەیە کە دەتوانێت سەربەخۆیی نەتەوەیی، ئابووری، گەشەسەندنی کۆمەلایەتی، کلتووری، شارستانی، بەدەست هێنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، سەقامگیر، بەدەستهێنانی برایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوەکان مسۆگەر بکات.

کەواتە ئەگەر دەرس و پەندی پێویست لەم ڕاستیانە وەربگرین دەتوانین بەسوک و ئاسانی وەلامی ئەو دوو پرسیارە گرنگە بدەینەوە، کە برامان دکتۆر جەمال خستۆیەتییە ڕوو. چۆن پرۆژەی یەکگرتن لە سوریا بەرەو پێش بچێت و بلاّوببێتەوە و بگاتە عێراق بەبێ بەریەک کەوتن لەگەڵ ئەو ئامانجە نیشتمانییانەی کورد هەیەتی؟ دەکرێ وەلامەکەی ئەوە بێت کە پرۆژەی یەکگرتنی عەرەبی بە دیموکراسییەت و داننان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد(برا مێژوویییەکەی)، داننان بە مافی یەکسانی، یەکێتیی ئارەزوومەندانە لە جیاتی خۆسەپاندن، یەکگرتنی لکاندنیانە، بە تێگەیشتن لە دەرسە مێژوویییەکانی کە ئەستەمە بە تواندنەوە و قوتدانی نەتەوەکان پرۆژەی یەکگرتنی عەرەبی لە سوریا بتوانێ بەرەوپێش بچێت و سەربکەوێت و بگاتە عێراق بەبێ بەریەککەوتن لەگەڵ ئەو ئامانجە نەتەوەییانەی کورد هەیەتی، بەڵکو پشتیوانی ڕەها و پشتگیری پشتیوانی هەمەلایەنەی نەتەوەی کورد بە دەست دێنێ، چونکە ئەوسا بە مافێکی ئاسایی ڕەوا و زەروری گەلی عەرەبی(برای مێژوویی) دەبینێ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو واشی دەبینێ کە ئەمە حوکمێکی گشتییە بۆ ڕزگاری و ئازادی و پاڵپشتیشە بۆ مافە سروشتییەکانی لە مافی چارەنووس، پشتگیریەکی ڕاستەقینەیەتی لە ڕزگاری و ئازادی خۆیان، هەروەها بەدیهێنانی یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی ئازاد لە نێوان هەردوو گەلی برا، عەرەب و کورد کە لەو کاتەی بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسیی، ستراتیژیە ڕاستەقینەکانیان پێویستی دەکەن.

ئایا نەبوونی دیموکراسییەت هۆکارێکی سەرەکی نەبوو بۆ پەککەوتن و نوچدانی پرۆژەی

یەکگرتنی عەرەبی لەماوەی سەرهەڵدانی مێژوویی خۆیدا لە ژێر سەرکردایەتی عەبدولناسڕ، ئەگەر دیموکراسییەت هەبوایە، تەنانەت بۆ جیابوونەوەی سوریاش لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ، ئەم جیابوونەوەیەی کە لەسەرەتاوە زەمینە و کەشوهەواکەی لەبار و ساز نەبوو، ئەگەر دیموکراسییەت هەبوایە ئەوا ڕێی تێنەدەچوو بە کودەتایەکی سەربازی کە لە هەلومەرجی دیموکراسییدا ئەستەمە ڕووبدات، ئایا بێبەشی لە دیموکراسییەت، یەکسانی، مافی چارەنووس هۆکاری سەرەکی نەبوو بۆ ترسی خەڵکی عێراق بەهەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و سەرجەم هاوڵاتیانی تر لە یەکگرتنێکی یەکانگیری دەسبەجێ، کە تکام وایە برام دکتۆر جەمال ئەتاسی دڵنیا ببێتەوە لەوەی زۆرینەی زۆری خەڵکی عێراق دوای شۆڕشی ١٤ تەممووزی شکۆدار ڕەفزیان دەکردەوە. ئەی تەنانەت نەبوونی دیموکراسییەت هۆکارێکی ڕاستەقینەی تر نەبوو لە ڕێگرتن لە بەدیهاتنی یەکێتیی سێقۆڵی ساڵی ١٩٦٣ی نێوان میسر و سوریە و عێراق؟!.

سەبارەت بەوەی کە چۆن پرۆژەی نەتەوەیی کورد ئەگەر ڕەهەندەکانی خۆیمان وەک پرۆژەی ڕزگاری نیشتمانیی، یەکڕیزی گەل و خاک پێدا، تا لەگەڵ ئامانج و ئاواتەکانی عەرەب بۆ ڕزگاری و یەکڕیزی بەیەک بگەن و هاوکار بێت نەک دژایەتی و ناکۆکی لە چوارچیوەی هەلومەرجی ئێستای ناوچەکەدا؟!

ئەوا بەمجۆرە دەبێت:

یەکەم: بە دانان بەحەقیقەتە مێژوییە زیندووەکان لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبەوە، لەوانە مافی بوونی گەلی کورد و نیشتمانەکەی لە جیاتی نکۆڵی کردن لە بوونیان و خۆنەبانکردن لە هەبوونی لەسەر خاکی نیشتمانیی کوردستان یان بەعەرەبکردنی کوردستان لە بەرهۆی شۆڤینی و ڕەنجخۆری یان ئابووریییەوە.

دووەم: بە دانان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد وەک هەموو گەلانی تری دنیا وەک ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی دانی پێدادەنێ بۆ هەموو گەلانی دنیا جگە لە گەلانی کورد و ئەمازیغ و ڕەشپێست(ژەنگیی)ەکانی باشووری سودان، واتە ئەو گەلانەی لەچوارچیوەی کەوشەنی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دەژین؟ چۆن دەبێت سەرەڕای ڕایەڵە و پەیوەندییە مێژوویی، ئایینییەکان، شکۆمەندییەکانی خەباتی هاوبەش، جوامێریەکانی پێکەوەژیانی درێژخایەن و بەردەوام، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی دان بەو مافانەدا نەنێت بۆ گەلێکی هاوسێ و برا کە لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبییەوە لەگەڵ عەرەب بەشدار بووە لە ناخۆشی و لە شارستانییەت و کلتوورەکەیان و هەموو ئەو شەرە مێژوونووسیانەی کردوویەتی. کەچی بۆ سەرجەم

گەلانی سەر زەوی نەک هەر دان بەو مافەدا دەنێ بەڵکو چەپڵەشی بۆ لێدەدا ؟ ئایا ئاخۆ ئەگەر بە نموونە کوردستانی باشوور ساڵی ١٩٢٥ بە عێراقی عەرەبییەوە نەلکێنرایە، بەڵکو حکومەتی کوردستان مابایەوە کە بریتانیا و عێراق دانییان پیانابوو لە ٢٢ / کانوونی دووەم / ١٩٢٢، ئەم نکۆڵی کردنەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد ڕوویدەدا ئەگەر بە نموونە گەلی کورد لە دورگەی واقواق[٢٢] بژیانایە، یان ئەمە بە تاوان نەدەژمێردرا، بەمجۆرەش ئەگەر لە دەوڵەتی عێراق نەبوایە یان هاوسنوور نەبووایە لەگەڵ عێراقی عەرەبی و سوریای عەرەبی؟! ئایا بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب ولەناویاندا بەعس، دەیەوێت لە کورد بگەینن، کە تاوانیان ئەوەیە دراوسێی عەرەبن و بەشداریان کردووە لە گەڵیان لە شەڕەکانییان و لە مێژووی بەردەوامی خەباتی هاوبەشی درێژ و تاڵدا؟ یان ئەمانە هەمووی بە شانازی و جوامێری دادەنرێن و هۆکاری هۆکانی ئەوەن عەرەب ناچاربکەن پشتیوانی لە خەباتی براکانییان بکەن یان ئەمانە هۆکاری ئەوەن پاڵ بە عەرەبەوە بنێن بۆ دژایەتیکردنی کورد و هەڵگیرساندنی شەڕی قڕکەر لە دژیان.

سێیەم: هەروەها بە قبوڵکردنی دیموکراسییەت بۆ گەلی کورد و بە قبوڵکردنی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی ئەوان لەگەڵ برا عەرەبەکانیان وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆیەکێتیی زۆرەملێیانەی کۆڵۆنیالی کە ڕەگانی کۆڵۆنیالی بریتانیا دایانهێنا، بریتی بوو لە یەکێتیی کۆت و زنجیری کۆڵۆنیالی و دواتر حکومەتە نەتەوەییە عەرەبەکان بەمیرات لە کۆڵۆنیالیزمی بریتانیا بۆیان مایەوە بۆ درێژەپیدانی بەکۆتی شۆڤینیانە و زنجیری کۆنەپەرستی و فاشستانە.

چوارەم: بە قەناعەت پێکردنی کورد و قەناعەت هاتنیان بە گرنگی برایەتی عەرەب و کورد و پێداویستیەکانی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب، سوودەکانی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی عەرەب و کورد، یەکێتیی نەیاران و ئامانجەکان، هەروەها کاتێک لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەرەوەی ڕیزەکانی تێدەکۆشاین دوو ڕاستی گرنگ کە بە تەنیا ئێمەی پێشکەوتنخوازانی کورد دروستمانکرد بەبێ وەڵامی هاوشێوە لەلایەن برا عەرەبەکانمانەوە دوو دروشمی سەرەکی کە بریتن لە:

١- هەر سەرکەوتنێک کە نەتەوەی عەرەبی پێشکەوتنخواز بە دەستی دەهێنێت لە تێکۆشانیدا دژی کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم، بۆ ئازادی نەتەوەیی، دیموکراسیی و یەکڕیزی، سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی کوردیش.

٢٢ - ئەم دورگەیەکە لە کتێبە توراسییەکانی عەرەبدا ناوی هاتووە، هیچ بەڵگەیەکیش نییە بیسەلمێنێ ئاخۆ دورگەی واقواق ڕاستییە یاخود خەیاڵ. (ئامادەکار)

٢- هەر سەرکەوتنێک کە نەتەوەی پێشکەوتنخوازی کورد بە دەستی دەهێنێت لە تێکۆشانیدا دژ بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی کۆنەپەرستانەی خاکی کوردستان، بۆ ئازادی نەتەوەیی، دیموکراسیی، مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد، سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی عەرەب. بەڵێ ئەگەر بڕوامان بەم دوو دروشمە هەبێت و لێیان تێبگەین بە داتا و داواکارییەکانیان کاربکەین ئەوا کێشەکانی نێوان پرۆژە نەتەوەییەکانی عەرەب و کورد، ڕزگاری، یەکڕیزی چارەسەر دەکرێت. پێموایە ئێمە لە بنەماو چوارچیوە گشتیەکانیدا لەگەڵ دکتۆر جەمال ئەتاسی برامان ناکۆک نین، لە وەڵامەکانی سەرەوەدا. بە بۆچوونی من ئەم لێدوانەی سەرەوە یەکێکە لە مەرجەکانی بەدیهێنانی پێکەوەژیان، هاوکاری، هاریکاری هاوبەش، پشتیوانی لە نێوان پرۆژەی یەکپارچەیی نەتەوەی عەرەب و پرۆژەی نەتەوەیی کورد بۆ ئازادی، مافی چارەی خۆنووسین. هەروەها هەنگاونانی هاوبەش بەرەو ئامانجە ستراتیژییەکان لەمیانەی سەرجەم قۆناغە یەک لەدوای یەک و بەشوێن یەکدا هاتووەکانی خەبات.

سەبارەت بە پرسیارەکانمان بۆ ئەو تێبینی و پرسیار و تەنانەت تۆمەتانەش کە لەم دوو پرسیارە گرنگە پەلوپۆیان هاویشتووە، بەم شێوەیە ڕوونیان دەکەینەوە:

ئێمە لەگەڵ دکتۆردا تەواو هاوڕاین، کە تەنیا جەختکردنەوە لەسەر خزمایەتی، برایەتی، پەیوەندییەکانی مێژوو، ئایین نابێتە ڕێگر لەهەڵگیرسانی ئەو ململانێ سیاسییە خوێناوییەی کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر خاکی عێراق بەردەوامە، کە بەتەواوی عەرەبی نییە، بەڵکو ئێستا عێراقی عەرەبی و کوردییە (بەحوکمی بوونی باشووری کوردستان لە ناویدا) بەڵام بۆچی هەموو ئەمانە ڕوویدا و چۆن ڕێگری لێنەدەکرا؟ بە داخەوە دەڵێم هاوڕێمان دکتۆر جەمال ناوبژیوانێکی دادپەروەر نەبوو لە داوەریکردن لەم بابەتەدا. پێموایە بە ناڕەوا بەرپرسیاریەتی زیاتر دەخاتە ئەستۆی لایەنی کوردی، لە کاتێکدا حەق و واقیع دەیسەلمێنێ کە دەبێت بەرپرسیاریەتی گەورەتر و زۆرتر لە ئەستۆی لایەنی عەرەبییەوە بێت ؟ ئەمەش چۆن دەردەکەوێت؟ بە لێکدانەوەی کرۆک و ناوەرۆکی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە:

١- ئایا هەروەها ڕێگری لە زۆرێک جوولّە و بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان کردووە کە بێنە سەر ڕێگای پرۆژە و بزووتنەوەی عەرەبی و یەکێتییخوازییەکەیان؟

٢- ئەی زۆر کەس ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە لە نێو ئەو فاکتەرانەی وایانکرد هەندێک لە حزبە شیوعییە عەرەبییەکان دژایەتی پرۆژەی یەکڕیزی نێوان میسر و سوریا و دواتر نێوان ئەم دووانە و عێراق بکەن، کوردە دەمارگیرەکان وایان لە هەندێک سەرکردەی ئەو حزبانە کرد کە

بەشێوەیەکی نانەتەوەیی لە سەر مەسەلەی یەکڕیزی عەرەب بوەستنەوە و لایەنگری ئەو هێزە نەڕێنیانە بن و دەرفەتیکی مێژوویی گەورە لە دەست نەتەوەکەمان بدەن.

جگە لەم دوو پرسیارە لە خستنەڕووی ناوهێنانی نموونەی عێراق تۆمەتەکە ڕوون و ئاشکرایە، وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە.

بەڵام پێش وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە پێموایە دەبێ دەستخۆشی لە دکتۆر جەمال بکرێ لە بەر ڕێنماییەکانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی بە تایبەتی کاتێک ئیدانەی شۆڤینیزم و ستەم و چەوساندنەوە دەکات، کە دەڵێت:

١- (کاتێک نەتەوەخوازی بە شۆڤینزم وەردەگیرێت، ئیتر بەم پێوەرەوە نەبێت سەیری نەتەوەکانی ترناکات واتە لەمیانەی خۆپەرستیی و دەمارگیری خۆیدا. ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کە سیستەمی حوکمڕانییەکەی لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی یاخۆ دەستەگەری دامەزرابێ، ئەو سیستەمەیە کە پەیڕەوی ستەم و چەوساندنەوەی گەلانی تر دەکات. ئەو ڕژێمانەی لەسەر بنەمای دیکتاتۆری و ستەمکاری دامەزراون، بە ڕادەی چەوساندنەوەی گەلی خۆیان سەپاندنی دەسەلاتەکانیان بەسەریاندا و بە چاوی سوک سەیری ویستی نیشتمان پەروەرانەی ئازادیان دەکەن، ئەو کەمینە نەتەوەییانەش یان ئەو گەل نەتەوانەی دیکە کە لەسەر خاکی ئەوان دانیشتون یان لە سنووورەکانییانن دەچەوسێننەوە، کار دەکەن بۆ سەپاندنی دەسەلاتیان بەسەریاندا و مافی چارەی خۆنووسینیان پشتگوێ دەخەن).[٢٣]

٢- (بەو ئەندازەیەی لە چەمکی دیموکراسییەت بۆ نیشتمان، هاوڵاتیبوون، سەروەری ئازادی گەل نزیک دەبینەوە لە بنیاتنانی سیستەمە نیشتمانییەکانمان و لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بەدیهێنانی یەکڕیزی عەرەبیماندا، گروپە نەتەوە ناعەرەبیەکانی دانیشتوی ئەم ناوچەیە یاخود لەو ناوچەیەی نیشتمانیی عەرەبیمان لە ڕابردوو تێکەڵ نەبوون بە ئێمەوە و پەرۆشە بۆ بوون و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی، دەبێت خۆی بۆ ئێمە دەربخات و لە ڕێگەی هەمان پێوەری دیموکراسییەت و مرۆدۆستی، کە ڕێڕەومان ئاڕاستە دەکات، دەبێت ئەو هەڵوێستەمان هەبێ کە لە ئازادی نەتەوەیی خۆماندا دەمانویست واتە ئیرادەی نەتەوەیی ئازاد و مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت).[٢٤]

---

٢٣ - عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، ص٢٦.(مام).

٢٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.(مام).

٣- (ئــەم ڕەوتە دەبێت نەک تەنیــا لە وتەکانی حــزبە نەتەوەییە عــەرەبییەکانمان و ئەو دروشمانەی بەرزی دەکەنەوە بەڵکــو لە کــردەوە و هەڵوێستە ڕاستەقینەکانیشدا ڕوون بێت کــە دەیگرنە بەر بۆ گەیشتن بە نەهێشتنی بەریەککەوتن و دۆزینەوەی فۆرمۆلەیەک بۆ هاوکاری، تەنانەت هاوپەیمانی ستراتیژییش لە نیوان بزووتنەوەی ڕزگاری یەکێتییخوازانەی عەرەب و بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی کورد، تا لەمەوە بگەینە چارەسەری گونجاوی کاتی بۆبوونی نەتەوەی کورد لەناو سنووری نێودەوڵەتیەکاندا بۆ یەک وڵاتی عەرەبی بە تایبەت یان بۆ زیاتر لە وڵاتێک و لەڕێگەی ڕوانگەیەکی ئایندەییەوە کــە ئەدگارە گشتییە ڕوونەکانی خــۆی هەیە بە جۆرێک کە نەبەربەست بێت لەبەردەم ڕێگا بەرنامەی نەتەوەی یەکگرتومان و نە ڕێگای ئاواتەکانی نەتەوەی کورد نەبڕێت کە لە سنووری عەرەبییەکانماندا ناوەستێت، بەڵکو زۆرێک لە وڵاتانی دراوسێ و نەتەوە جیاوازەکان تێدەپەڕێت).[٢٥]

دووەم: بە تێبینییە ڕەخنەییەکانی دکتۆر کە دەڵێت:

(دەمویست لەخۆمانی عەرەبەوە دەست پێبکەم، کە لێپرسینەوە لە حزب و ڕێکخراوەکانمان بکەین پێش ئەوەی لێپرسینەوە و داوا لە لایەنە نەتەوەییە بەرامبەرەکانمان بکەین و پێداچوونەوە بە هەڵوێست، پڕاکتیک، بیر و بۆچوونەکانمان بکەین لەم بوارەدا و ئامانجە نەتەوەییەکانمان، ئەو ڕێگایە دیاری بکەین کە پەیڕەوی دەکەین بۆ بەدەستهێنانیان پێش ئەوەی لێپرسینەوە لە لایەنی بەرامبەر بکەین و پرسیاری لێبکەین و....).[٢٦] بەڵام ناتوانم لەگەڵ بڕیارە تونەدەکەی لەسەر بزووتنەوە کوردییەکان ڕازی بم، کە هەڵەکانیان بە هی ڕژێمەکان بەراورد دەکات چجای حزبەکان کە دەڵێت بزووتنەوە نەتەوەییەکان کەوتونەتە هەڵە و دوبەرەکی گەورەترەوە[٢٧].....

ئەمە دواتر وەڵام دەدەمەوە. بەڵام ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئەو دوو پرسیارەی لەسەرەوە باسمان کرد بۆ ئەوەی بزانین:

١- ئایا ڕاستە زۆرێک – بەڵێ زۆرێک - لە بزووتنەوە و جوڵانەوە سیاسییەکانی کورد ڕێیان لە پرۆژەکانی بزووتنەوە یەکیتیخوازەکانی عەرەبی گرتووە، بە دڵنیاییەوە باوەڕمان بەوە نییە و بۆ ئەوەی لــە تاریکی گشتگیر دەربچین بۆ ڕوناکی ڕاستییە مێژوییەکان دەڵێین لــە ســەردەمی

٢٥ – سەرچاوەی پێشوو، ل،٢٧.(مام).

٢٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٧.(مام).

٢٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٨(مام).

ئێمەدا دوو هەوڵ بۆ یەکڕیزی عەرەبی لەنێوان ئەو ولاتانەدا هەبووە، کە کوردەکانی تێدا دەژین، یەکڕیزی میسر و سوریا. دواتر یەکڕیزی میسر و سوریا بەیەکەوە لەگەڵ عێراق و یەکڕیزی هاشمی نێوان عێراق و ئوردن، کە پێموانییە دکتۆر ئەمەی دوایی مەبەست بێت. کەواتە هەڵوێستی کورد کە لۆمە دەکرێ یان سەرکۆنە کراوە، تەنیا بە هەڵوێستی یەکەمەوە قەتیس کراوە. ئەمەش چۆن بووە؟.

أ – کوردەکانی سوریا لەگەڵ یەکڕیزی عەرەبی و زۆرێک لە کەسایەتی و نوێنەرەکانیان بۆ دەنگدان لەسەر کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەشداربوون و دەنگیاندا.

ب – لە عێراق دوو هەوڵدراون، یەکەمیان لە ١٩٥٨، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق، کاتێک بەعسییەکان بە تەنیا دروشمی یەکێتیی ئاوێتەبوونیان بەرزکردەوە، لە کاتێکدا حزبە دیموکراتەکان و بە تایبەتیش شیوعییەکان داوای فیدراڵیەتیان دەکرد، کەواتە ئەو کاتە تاکە حزبی کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) لەکوێ بوو؟ بە چاوپۆشی لە مشتومڕ دەربارەی ئەوەی کامەیان پەسندتر یان گونجاوترە یەکێتیی فیدراڵی یان یەکێتیی ئاوێتەبوون یان پێچەوانەکەی – ئەمە بابەتێکی گرنگە خودی عەرەبە عارییەکان (قەحتانییەکان)[٢٨] و حزبەکانیان و هێزەکانییان باسی لێوە دەکەن، باشتریش وایە کوردیش لێی بکۆڵێتەوە و هەروەها گفتوگۆی لەسەر بکات – مەکتەبی سیاسیی حزب بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی، کە لەلایەن سکرتێری حزب ئیبراهیم ئەحمەدەوە پێشکەش کرابوو لەو ڕۆژەی ناکۆکی نێوان هێزە جۆرا و جۆرەکانی عێراق تووندتر ببوو، لە ڕۆژی ١١ / ٩ / ١٩٥٨ بڵاوکرایەوە کە تێیدا هاتووە:

(پێش هەموو شتێک مەسەلەی یەکێتیی یان یەکڕیزی لە دوو ڕووەوە بۆ ئێمە گرنگە، یەکەمیان ڕادەی پاراستن و بەدیهێنانی ئەو ئامانجە هەنوکەیی و دوورانەی کە گەلانی عێراق بۆی تێکۆشاون و ئێستاش خەباتی بۆ دەکەن. دووەمیان ئەو ڕادەیەی کە پرنسیپی هاوبەشی لە نیشتماندا دەپارێزێت و بەدیدەهێنێت و ڕادەی فراوان بوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، کە لە دەستوری کۆماری عێراقدا دانیپێدانراوە).

---

٢٨ – عەرەب لە باری کۆنیانەوە دەکرێن بە سێ دەستەی جیاواز:

١– عەرەبی بائیدە: ئەوانە بریتین لە گەلانی عاد و سەمود و جەدیس و عبیل بۆیەش بە بائیدە ناویان هاتووە لەبەر کۆنینەییان و نەمانییان.

٢– عەرەبی عاریبە: ئەمانە قەحتانییەکانن، کۆڕانی قەحتانی کۆڕی عابر کۆڕی شاڵخ کۆڕی ئەرفخشەد کۆڕی سام کۆڕی نوح، وەک زۆرینەی ڕەگەزناسان دەیڵێن.

٣– عەرەبی موستەعرەب. (ئامادەکار)

بێجگـە لەم دوو لایەنە هەمەلایەنە ئێمە سەرەتا باوەڕمان وایە، کـە مەسەلەی یەکێتیی و یەکڕیزی لە پلەی یەکـەمدا هی گەلی عەرەبە، چونکە ئەم دوولایەنە بەشێکن لە مافی چارەی چارەی خۆنووسینی گەلانی برا، ئەم مافە ڕەهایە گەورەیە و لەسەر ئەم بنەمایە پشتگیری لە بۆچوونی گەلانی عەرەب دەکەین سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و ئەو شێوازەی هەڵیدەبژێرن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشە پەرتەوازەکانی جیهانی عەرەبی. هەر هەنگاوێک نەتەوەی عەرەب بەرەو ئامانجەکانی بینێت پێویستە لەگەڵ فراوانکردنی زیاتری مافە نەتەوەییەکانی کورد بێت، بۆیە پێشنیاز دەکەین:

١- هەر کاتێک عێراق ئارەزوو بکات لەگەڵ ولاتانی عەرەبی ئازادبوودا بچێتە ناو یەکێتییەکی فیدراڵییەوە پێویستە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە ناو کۆماری عێراقدا بناسرێت.

٢- هەرکاتێکیش عێراق ئارەزووی کرد بچێتە ناو یەکێتییەک لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، پێویستە بۆ نەتەوەی کورد لە عێراق دان بەوەدابنێ کوردستان لەناو ئەو پێکهاتە نوێیەدا ئەندام بێت. بەمشێوەیە دەبینین تەنیا حزبی کورد ئەوسا ڕەزامەند بووە لەسەرمافی گەلی عێراق لە هەڵبژاردنی یەکگرتن لەگەڵ یەکێتیی فیدراڵی، یاخۆ لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا.

سەبارەت بە هەوڵی دووەم کە لەساڵی ١٩٦٣ بۆ چەسپاندنی یەکڕیزی سێقۆڵی ئەنجامدرا، من ئاماژە بە خودی دکتۆری برا دەکەم- وەک فارس گوتەنی کێ لە دادوەر شایەستەترە بۆ گەواهیدان – بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە نیشانبدەم کە ڕاست نییە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە دژایەتی یەکڕیزی عەرەب تۆمەتبار دەکات، لەدەقەکەدا ئەمەی خوارەوە دەڵێت:

لە میانەی گفتوگۆکانی یەکڕیزی و لەو چاوپێکەوتنانەی لەپەراوێزیدا ئەنجام دەدران جەلال تاڵەبانی ئەم تێڕوانیینەی خوارەوەی خستەڕوو:

(ئەگەر ئێوە بەنیازی دامەزراندنی یەکێتیی کۆمارەکانن وەک فۆرمۆڵەیەک بۆ یەکڕیزی سێقۆڵی نێوان میسر و عێراق و سوریا ئەوا داواکارییەکانمان وەک خۆی دەمێنێتەوە واتە ئۆتۆنۆمیمان لە ناوچە کوردنشینەکاندا لە چوارچیوەی یەکڕیزی سێقۆڵیدا هەبێت، بەڵام ئەگەر بتانەوێت وەک یەک کۆماری عەرەبی بێت دەمانەوێت کوردستان ببێتە هەرێمی چوارەم لەناو هەرێمەکانی ئەم کۆمارەدا. وەک زانیشمەوە عەبدولناسڕ ئاسودەبوو بەمجۆرە گەلاڵەیە بەهۆی خواستە ستراتیژییەکانی و ڕوانگەی ئایندەییەوە، کە لەگەڵ خواست و تێڕوانین و ڕوانگەکانی خۆیدا دەگونجا. دواتریش تاڵەبانی و هاوڕێکانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میسری عەبدولناسڕ

بەباشی مایەوە، ئەم یەکێتییەش دانەمەزرا چ وەک یەکێتیی کۆمارەکان وچ وەک یەک کۆماری عەرەبی. لە ڕاستییدا مەسەلەی کورد ڕێگری لە هیچ شـتێک نەکردبوو).[٢٩]

ئەی کەواتە چۆن دکتۆر زۆرێک لە بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان بە ڕێگری کردنی پرۆژە و بزووتنەوە یەکێتییخوازەکانی عەرەب تۆمەتبار دەکات؟ تاکە حزبی کوردی لە عێراق و تەنانەت شۆڕشی کوردیش بە ڕابەرایەتی خوالێخۆشبوو ژەنەڕاڵ مەلامستەفا بارزانی پشتیوانی لە یەکڕیزی عەرەب، جا وەک کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بێت یان وەک یەکێتیی کۆمارە عەرەبییەکان، وەک لەسەر زاری جەلال تاڵەبانی نوێنەری ژەنەڕاڵ بارزانی و پارتی و سەرۆکی وەفدی هەڵبژێردراو و سەرپشککراوی کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا هاتووە، بەشێوەیەکی فەرمی یادداشتنامەیەکی بەناوی وەفدی کوردییەوە بۆ گفتوگۆ سێقۆڵییەکان پێشکەش کرد تیایدا هاتووە:

یەکەم: لەسەرەتادا دەڵێین لەبەر سروشتە گشتگیرییەکەی گفتوگۆکانی قاهیرە دەبێت گەلی کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتی تێدا هەبێت.

دووەم: ڕوونی دەکەینەوە بۆتان کە گەلی کورد، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێگری ناکا لەبەردەم ویستی گەلی عەرەب لە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بەشەکانی وحکومەتەکانیدا دروستی دەکات، مایەی شانازییە بۆ گەلی کورد ئەگەر هەلێکی ئەوەی بۆ بڕەخسێ شکۆی بەشداری کردنی هەبێت لە ئاسانکردنی سەختی ناو پرسی ئەو پەیوەندییەی نیاز وایە بەرپا بکەن لە نێوان سەرجەم بەشەکانی نیشتمانیی عەرەبیدا بەگشتی و دەوڵەتە عەرەبییە ڕزگاربووەکان بەتایبەتی، جا ئاست و جۆری ئەم پەیوەندییانە هەر چۆنێک بێت.

سێیەم: بۆ خۆلادان لە هەر کێشەیەک، کە لەوانەیە لە ئایندەدا لە بەرەنجامی کۆبوونەوەکانی قاهیرە و نێوان مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا دەربکەوێت لێرەدا ئەو بۆچوونە لە سروشتی بوون و پێگـــەیدا لـەعێراق بە کـورتی لە میانەی خـــەبات و ئەزموونی مێژوویی لـــە چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەنێوان خۆی و نێوان گەلی عەرەبدا لە بارودۆخی جیاوازدا دەخەینە ڕوو.

أ) ئەگەر عێراق چووە پاڵ یەکێتیی فیدراڵییەوە، دەبێت گەلی کورد لە عێراقدا ئۆتۆنۆمییەکی بە چەمکە ناسراوەکەی پێبدرێت نەک بە لێکدانەوەی بە ئارەزوو یان بە بەرتەسک کراوەیی.

ب) ئەگەر عێراق بە یەکگرتنیێکی تەواو چووە پاڵ دەوڵەتێکی تری عەرەبی، ئەوە گەلی کورد لە عێراقدا دەبێتە هەرێمێکی بەستراو بە دەوڵەتی یەکگرتوو بە جۆرێک کە ئامانجی هێشتنەوەی

٢٩ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٨ –٢٩(مام).

بوونی بەدیبهێنێت و لە هەمان کاتێشدا نکۆڵی لە جیابوونەوە بکات و پەرە بە پەیوەندییە تۆند و تۆڵەکانی نێوان هەردوو گەلی برا بەڕووی ئایندەیەکی باشتردا مسۆگەر بکات.

دەمارگیری شیوعیەت و پرنسیپ و سیاسەتە ڕاستەقینەکانی شیوعیەکان، نەک دەمارگیری کورد ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەندێک سەرکردەی حزبە شیوعییەکان هەڵوێستی دژە نەتەوەیی وەربگرن، زوڵم و تۆمەتێکی دیکەیە دۆستی گەلی کورد و برا، دکتۆر دەیخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە وەڵامی ئەوەشدا دەڵێین هەر لە پێشەوە ئێمەی پێشکەوتنخوازانی کورد دژایەتی هەموو دەمارگیرییەکی نەتەوەیی دەکەین چ کورد بێت چ عەرەب، بۆیە ناکرێت پرسیار لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکرێت سەبارەت بەو خولیا و مەیلەی ڕەتی دەکاتەوە و تۆڕی هەڵدەدات. هەرچۆنێک بێت با بە تایبەتی بێینە سەر تۆمەتبارەکان بۆ ئەوەی بزانیین کە تەنیا بەڕێز خالید بەگداش دەبێت، کە تەمەنی درێژی خەباتی خۆی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی شیوعیەتی عەرەبی بەسەر بردووە و تەنیا خۆی بە عەرەبێکی بە عـەرەب دەناسێنێ، بەو پێیەی ئەو عەرەبی موستەعرەبە[٣٠] نەک عەرەبی عاریبە (قەحتانی)، کەواتە بۆچی دەبێت هەڵوێستێک لەدژی ئێمە بەهۆی خالیدەوە لەسەر ئێمە ئەژمار بکرێت لە کاتێکدا ئەو ڕەتیدەکاتەوە کە خۆی بە کورد بناسێنیت. و تاقە ڕۆژێکیش بەشدار نەبووبێ لە بزووتنەوەیەکی کورددا؟ بەڵام بۆچی ڕێگە نادەن هەڵوێستی کوردە شیوعی و پێشکەوتنخوازەکان لە بەرژەوەندی ئێمە بیت لەوانە ڕەشاد عیسا کە ئەویش کوردە، ئەندامیەتی خۆی لە مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی سوریادا کردە قوربانی، کاتێک دژی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین وەستایەوە، سەرەڕای ڕەزامەندی سۆڤیێت و سەرکردایەتی فەرمی حزبەکەی لەسەر دابەشکردنەکە؟. بۆ هەڵوێستی سەرکردە ناسراوەکانی بە ڕەچەڵەک کورد لە بەرژەوەندی ئێمە ناژمێردرێن وەک شەهیدی نەمر کەمال جانپۆلاّ کە بە داکۆکیکاری عەرەب ناسراوە لە لوبنان؟ بابەتەکەی لەسەر مامۆستا بەگداش قەتیس کردووە، چونکە پێموایە دکتۆر باش دەزانێت ساڵی ١٩٥٨ سەرکردە کوردەکان (بالاّ دەست نەبوون) بەسەر حزبی شیوعی عێراقییدا بەڵکو عەرەبەکان بوون، بەڵام ساڵی ١٩٦٣ شیوعییە عـێراقییەکان بە کـورد و عـەرەبیانەوە ڕاونران و کـەوتنە بەر هەڵمەتێکی قڕکردنی دڕندانە کە (شـۆڕشی سۆسیالستی یەکێتییخوازی شـوبات) لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمیدا بلاّویکردەوە بۆیە

٣٠- عەرەبی موستەعرەب یان موتەعریب، پێشیان دەگوترێ عەدنانییەکان، یاخود نزاریەکان، وەیان معێدییەکان، ئەمانە گوایە لەپشتی حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمن سەلامی خوایان لەسەربێ، کە ڕەعلەی جورهومی خواستووە، لەوەوە فێری عەرەبی بووە، ئیتر پێیان گوتراوە موستەعرەب. (ئامادەکار).

ناکرێ ئەوان لەجیاتی جەللادەکانیان کە یەکڕیزی عەرەبیان ڕەتکردۆتەوە، جا کــۆماری عەرەبی یان یەکێتیی کۆماری بێت، لۆمە بکرێن، وەک دکتۆر جەمال زۆر باش دانی پێدا دەنێت. ئەم هەڵوێستەی دکتۆر جەمالی برا، ڕووداوێکی خۆشم بیردێنیتەوە کە تا ئێستا لە یادەوەریمدا ماوە، پوختەکەی ئەوەیە: لەکاتی گەڕانەوەمان ساڵی ١٩٦٧ لە جەزایرەوە بۆ قاهیرە، دوای بەشداری کردنمان لە کۆڕبەندی سۆسیالستانی عەرەب، وا ڕێکەوت من لەناو فرۆکە لەتەک شەهیدی نەمر عەبدولخالق مەحجوبی سکرتێری حزبی شیوعی سودانی دانیشتبووم، باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە کورد لە سودان هەیە، ئێمە لەگەڵ گەنجەکان لە یانەیەکی ڕووناکبیری کۆدەبوینەوە گاڵتە و قسەی خۆشمان دەکرد لە ناوماندا گەنجێکی کوردی شاعیر هەبوو. بە هەجو ململانێی لەگەڵ شاعیرێکی عەرەبدا دەکرد، هەمیشەش کوردەکە زاڵبوو، ڕۆژێکیان مێملە عەرەبەکەی شیعرێکی نووسیبوو کۆتایی قافیەکەی (کورد و تەتەر دەگێم) بوو. منیش بۆ شۆخی نوقرچەیەکم لە شەهید گرت و پێمووت (تەنانەت تۆش پڕۆتس)[٣١] ئەی سۆسیالستخواز ئاوها قسە لەسەر کورد دەکەیت. مامۆستای دۆستمان موحسین ئیبراهیم کە لە نزیکمانەوە دانیشتبوو و گوێی دابووە قسەکانمان بە گاڵتەوە گووتی، گوێبگرە جەلال ئێوەی کورد چارەنووسێکتان هەیە ئەویش لەناوبردنە. ئێوە دەتوانن تەنیا جۆرەکەی هەڵبژێرن، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت نەتەوەییانە بێت ئەوە ئێمە ئامادەین – ئەوسا ناوبراو لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی دابوو – ئەگەر دەشتانەوێ نێونەتەوەییانە بێت ئەوە شیوعیەکان ئامادەن) هۆکارەکەشی؟ وەڵامی دایەوە چونکە خراپترین سەرکردەکانی ناو حزب و ڕژێمە عەرەبیەکان بە ڕەچەڵەک کوردن و ئاماژەی بە مامۆستای نەمر خوا لێخۆشبوو عەلی ساڵح ئەلسەعدی و خوا لێخۆشبووان سەعد جومعە و تاهیر یەحیا کرد. کەواتە ئایا دکتۆر ئەم نوکتە گاڵتە ئامێزەی مامۆستا موحسین دەهێنێت و باوەڕی پێدەکات لەسەرمان جێبەجێی بکات یان چی؟!

ئایا دکتۆر باوەڕی بەم قسە گاڵتە ئامێزەی موعین بەسیسۆی شاعیر هەیە کە دەڵێت: سەڵاحەددین کاتێ سەرکەوت عەرەب بوو، بەڵام ئەگەر ببەزیبا دەکرا بە سیخوڕێکی کورد. دکتۆری برا، تەنیا بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەو تۆمەتانە دەخاتە ڕوو، کە کەوتۆتە ناو هــەڵە و دووبەرەکییەوە کــە زۆر مەترسیدارترن لــەوانەی کــە لەلایەن هــێزە نەتەوەیی و ڕژێمــە

٣١– پەندێکی بەربڵاوە لە ناوخەڵکدا، لەکاتیدا دەگوترێت کە غەدر یان خیانەتێکی چاوەڕوان نەکراو لە لایەن کەسێکی لێت نزیک یان دۆست ڕوودەدات ئیلهامی ئەم گۆتەیە لە شانۆگەری یۆلیۆس قەیسەری نووسەری ئینگلیز ولیەم شکسپیر، وەرگیراوە. (ئامادەکار).

عـەرەبیەکان ئەنجام دراوە بەهۆی ملکەچ بوونی زۆرێکیان بۆ سەرکردایەتی خێڵەکی دەمارگیری دواکەوتووە. هەندێکیشیان کەوتونەتە گەڕان بەدوای پشتیوانی و هاوپەیمانیەتی هێزی دەرکی، کە دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان دەکەن.

بەڵام ئەو تۆمەتانەی لە هەمووان زیاتر بەهەندی گرتووە ئەوانەن کە دەگاتە نموونەی عێراق کە مەسەلەی کورد بە برینێکی خوێن لێبەربوو لە جەستەی نیشتمانیی عێراق وەسف دەکات و درێژی دەکاتەوە بۆ دەوروبەری. لەسەری دەڕوا وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت هەربەتەنیا لایەنی کوردی بەرپرسیارە لەم برینەدا و هەردوو گەلی کورد و عەرەب دوچاری ئەم خوێن بەربوونە بێهودەیە بوون، کە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ جگە لەسەرقاڵکردنی عێراق لەبینینی ڕۆڵی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازە دروستەکەی نەبێ. ئەم ململانێ خوێناوییە لەسەر خاکی عێراق ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە وروژاندنی ئەم شەڕە نەگریسەی نێوان عێراق و ئێران هەبوو، کە تا ئێستاش بەرچاو ڕوونییەک نییە لە کۆتایی هاتنی.

وەڵامەکەمان بە دانپێدانان بەو ڕاستییە دەست پێدەکەین کە (هەندێک لە بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکان هەڵەیان کردووە و ملکەچی سەرۆک هۆزەکان بوون و هەندێکیشیان بە دوای پشتیوانی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکانی دوژمنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلاندا ڕۆیشتوون، بەڵام دکتۆر یەک لایەنە سەیری مەسەلەکە دەکا، ئەم دوو ڕاستییە گرنگە لەبەرچاو ناگرێ، یەکەمیان ئەم هێزە کوردییانە ئەم ڕێچکەیان لەخۆوە نەگرتۆتەبەر بەڵکو بە ناچاری لە ژێرهەڕەشەی مەرگ و قڕکردندا پاڵیان پێوەنراوە، نەک بەتەواوی حەز و ویستی خۆیان بەدوای پشتیوانی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە نەیارەکانی گەلان گەڕابن. دووەمیان ئەو هێزە عەرەبی و نەتەوەییەی لە عێراق حوکمڕانە دوای ئەوەی لە گۆشەی مەرگ قەتیسی کردووە، ئەوە ناچاری کردووە ئەم ڕێچکەیە بگرێت، کەئەویش لەسەر حسابی کەرامەتی عەرەب و سەروەری خاک و ئاوی عێراق هەمان ڕەفتار بەڵکو لە هی ئەوخراپتریشی کردووە.

دکتۆر شۆڕشی بارزانی بە هاوکاریکردن لەگەڵ شەیتان تۆمەتبارەکات لەوکاتەی لەگەڵ ڕژێمی شا هاوکاری کردووە، کە دوژمنایەتی کێشەی عەرەبی دەکات ئەویش بە ڕۆڵی خۆی هاوکار بوو لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم لە پێش ڕووخانی شا و ڕژێمەکەی هەر ئەمەشە وای لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کردووە بزووتنەوە یاخیبووەکانی خۆی لە ئیران و داخوازییە نەتەوەییەکانی لەوێ بێدەنگ بکات. وەک لە لایەکی تر‌ەوەش وای لە عێراق کرد ئەو هەموو تەنازولاتانە بۆ ڕژێمی ئیمپراتۆری لەخاک و سنوور و ئاو بکات بەپێی ڕێککەوتننامەی

جەزایری نێوان هەردوولا تا حوکمڕانی عێراق بەمە بگەنە کۆتایی هێنان بە شۆڕشی بارزانی کە بوبووە هەڕەشەیەک لەسەر قەوارەکەی دوای ئەوەش شەڕی عێراق و ئیران بەرپابوو کاتێ عێراق کاری بۆ دەست خستنەوەی مافەکانی کرد پاش کەوتنی ڕژێمی شا و بەرپابوونی دەوڵەتی خومەینی).[٣٢]

ئەم پەڕەگرافەمان لە پێشەکییەکەی دکتۆ ئەتاسی هێنایەوە، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین وەڵامی بدەینەوە، چونکە زەقترینی خاڵەکانی ناکۆکیمان لەگەڵیدا لە خۆدەگرێ هەروەک نموونەیەک بەدەستەوە دەدا لەمەڕ لایەنداریەتی بۆ دیکتاتۆریەتی عەفلەقی نەک لە پاساودانەوەی ناپاکییەکەی بەڵکو تەنانەت شەڕە وێرانکارییە لەناوبەرەکەشی کە گەورەترین زیانی بە عێراق و نەتەوەی عەرەبی گەیاندووە لە ڕووی مرۆیی، ئابووری، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و سەربازی....تاد.

با لەگەڵ دکتۆردا دەست بە و وتوویژ و گفتوگۆ بکەین، لەبارەی:

١- بانگەشە کردنی بەوەی شۆڕشی (بارزانی) هاوکاری لەگەڵ شەیتان کردووە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکات کە گەلی کورد لە سەر دەستی حکومەتی بەعس ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بۆتەوە، کەچی بۆ هاوکاری(سەرکردایەتی عەفلەقی)لەعێراق لەگەڵ هەمان شەیتان و لەسەر حسابی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی عەرەب و عێراق ڕەزامەندە پاساوی بۆ دێنێتەوە.

شۆڕشی کورد، کە دکتۆر حەز دەکا بە شۆڕشی بارزانی وەسفی بکات، هاوکاری لەگەڵ شەیتانی عەفلەقی کە ڕێککەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ بەست پێ پەسندتر بوو، لە هاوکاری لەگەڵ شەیتانی شاهنشاهی. بەڵام شەیتانی عەفلەقی (کە بە جادووی جادووگەر لای دکتۆر دەبێت بە فریشتە) مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەی لە گرنگترین خاڵەکانیدا پێشێلکرد کاتێک خۆی ئەوەندە بەهێز بینی کە بەس بێ بۆ ئەوەی خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی عەرەب و عێراق بکات لە مامەڵەیەکی شەرمەزارکەر لەگەڵ شەیتانی شاهنشاهیدا. شایانی باسە شۆڕشی کورد بەهاوکاری کردن لەگەڵ شەیتانی شاهنشاهی تەنازولی نە لە شەتولعەرەب و نە لەکەنداو نە لە بستێک لە خاکی کوردی عێراق و خاکی عەرەبی عێراق نەکرد، ئەوە شەیتانی عەفلەقی بوو نەک شۆڕشی کورد، کە لەبەر چاوی کاڵی شەیتانی شاهنشاهی کەنداوی عەرەبی هەتیوو کرد، کاتێک ناوەکەی تەنیا بە کەنداو برد و عەرەبییەکەی لێ قرتاند.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەرگیز لە خەباتیدا دژ بە خەڵک نەوەستاوەتەوە و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەعێراق (لە بەغدا و ناوچە ئازادکراوەکان) بەردەوام بوون لە چالاکی دژ بە ڕژێمی شا و دواتر نازانین چی وای لە دکتۆر کردووە بگاتە ئەو ئاستەی شۆڕشی کورد دژ

٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٩(مام).

بەشەیتانی شاهنشاهی بە یاخی بوون وەسف بکات؟!

ئەی بۆچی دکتۆری برا، ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستییە تەقلیدییەی عێراق و ئیران و تورکیا لە ڕێککەوتنی ئەنقەرەوە لەساڵی ١٩٢٦ی نێوان بریتانیا و عێراق و تورکیا لەبیر دەکا، کەسیاسەتێکی کۆنەپەرستانەیە لە هاوپەیمانیەتی ئەو سێ دەوڵەتە و لەسەر دژایەتیکردنی گەلی کورد بنیات نراوە، ئەی بۆ ئەم قسەیەی خۆی لە بیربردۆتەوە (کتێبەکانی مێژوو و چیرۆکی هاوپەیمانان و پەیماننامەکان پیمان دەڵین، پەیماننامەی سەعدئابادی نێوان تورکیا، عێراق، ئیران و ئەفغانستان کـە لە ٨ ی تەممووزی ١٩٣٧ واژۆکـرا، وێنەیەکـی سەرەتایی پەیماننامەی حـلفی بەغدا بوو، دواتر بوو بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی هەوڵەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارە تێکدەرانەییەکان لە ناوچەکە و بە پلەی سەرەکیش دژی جووڵانەوە کوردییەکان بوو)[٣٣].

بەڵام چـۆن و بۆچی لە بیری دەکات کـە سەرکـــردەی نەمری عەرەب جـــەمال عـەبدولناسڕ و دوای ئەویش بەڕێز هەیکەل لە ڕۆژنامەی ئەلئەهرام لە سالی ١٩٦٣ ئاشکرایان کرد کە حوکمڕانی بەعس چیکرد بۆ زیندووکردنەوەی ئەو هاوکارییە پلان بۆ داڕێژراوەی پەیمانی بەغدا دژ بە شۆڕشی کورد، کە دکتۆر حەزدەکا بە شۆڕشی بارزانی وەسفی بکات؟!.

ڕێککەوتننامەی جەزایر ژیاندنەوەی هەمان بەرنامەی نووری سەعید و حلفی بەغدا بوو لە دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد، هەروەک ژیاندنەوەی حوکمڕانی بەعس بوو لە ١٩٦٣ کە ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوەی لەگەڵ حکومەتی تورکیای فاشستی داگیرکەری ئەسکەندەرونە و هاوپەیمانی ئیسرائیل و ئەندامی حلفی سەربازی (ناتۆ) – بەبێ بوونی هاوپەیمانی کورد لەگەڵیدا – دژ بە شۆڕشی کورد، بە دواداهات.

دەبێ بشزانن شۆڕشی بارزانی هەوڵی زۆریدا بۆ دووبارە نەبوونەوەی شەڕ ساڵی ١٩٧٤ کوڕی ژەنەڕاڵ بارزانی سەرکردەی نارده بەغدا وەک دوامین هەوڵ بۆ قەناعەت پێکردنی حوکمڕانی عەفلەقی بە دواخستنی پرۆژەی ئەوبابەتەی ململانێی لەسەربوو بۆ ساڵێکی تر کە لە میانەیدا هەردوولا برایانە گفتوگۆ بکەن بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە، بەڵام عەفلەقییەکان سووربوون لەسەر ڕێبازە سەرەڕۆییەکەیان و دووبارە ئاگری شەڕیان دژی گەلی کورد هەڵگیرساندەوە لەبەرئەوەی دڵنیابوون شا ئامادەیە مامەڵە سەوداگەرییە پڕ لە شەرمەزاریەکەی سەدام قەبوڵ بکات، کە ژێر بە ژێر لە پشت پەردەوە کۆتایی پێهێنابوو

٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٢٥.

لەگەڵ سیناتۆر مەسعودی و دیدارەکەی سەعدون حەمادیش لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئیران لە تورکیا کۆتایی پڕوداوەکە بوو! کەواتە بۆچی ڕێگە دەدرێت حکومەتێک لە بەغدا کە خاوەنی توانای دارایی و توانای سەربازی گەورەی عێراقە سوورە لەسەر بەرپاکردنی جەنگ لە دژی گەلی کوردی ئاشتیخواز، هاوکاری لەگەڵ شەیتانی شاهنشاهی بکات بە نرخێک کە لە شکۆمەندی گەلی عەرەب و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی عێراق لە ئاو و خاک و شەتە عەرەبییەکەی باجەکەی بدات؟ بۆچ بۆ گەلی کورد و شۆڕشەکەی نابێ و ڕێگەپێدراو نییە. بەبێ ئەوەی هیچ سازشێک لە سەرخاک و ئاوی عێراق بکات یان زیان بەعەرەب بگەینێت؟ لە کاتێکدا شۆڕشی کورد هەژارە و چەک و بژێوی لەوە زیاتر نییە کە بەشی ژیانی مەمرە ومەژی بکات. یان خەریکە ئەوەشی...؟.

ئایا سەیر نییە دکتۆر ئەتاسی ڕازی بووە بە ڕێککەوتنێک، کە تێیدا ڕژێمی عەفلەقی بەرژەوەندیی عەرەبەکانی لە کەنداو، بەرژەوەندییەکانی عێراق لە شەتولعەرەب بفرۆشێت (ئەمە خۆی لە خۆیدا خیانەتی نیشتمانییە) و خاکی نیشتمان بداتە شەیتانی شاهنشاهی لە بەرامبەر ڕەزامەندی وەرگرتنی بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کورد لە کاتێکدا ئەوەی لە کەسانی وەک ئەو چاوەڕوانی دەکرا و هیوای لەسەر بنیات دەنرا ئەوەبوو کە داوای ڕێککەوتن (کە هەر دەبێ واشبێت) لەگەڵ ڕۆژهەڵاتیەکان و برا کوردەکانی بکات لەجیاتی شەیتانی شاهنشاهی هەروەها بیر هێنانەوەی ئەم قسە نەستەقەی دەڵێت: هەر گەلێک گەلیکیتر بچەوسێنتەوە ئازادی خۆی لەدەست دەدا و چ کارەساتێک کاریگەری لەسەر دەبێت؟ ئاخۆ ڕێککەوتنی سەدام لەگەڵ شەیتانی شاهنشاهی بە ڕاست گەڕانی ئەم گۆتە نەمرە نییە؟ عێراقی خستە تەنگژەیەکی شەرمەزار کەرەوە و دەرفەتێکی دۆزییەوە بۆ لێدەربازبوون بە هاوپەیمانیەتی کردن لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی ئەمریکی و کۆنەپەرستانی عەرەب بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ دژی ئیرانی هاوسێی لەوکاتەی ئەو سەرقاڵی شەڕی بارمتەکان بوو لەگەڵ ئەمریکا؟! چ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی عەرەبی قەبوڵی دەکات یا دەگونجێت لەگەڵ شەڕێکی وێرانکەر و شێتانەی دیکتاتۆرێک لەدژی دەوڵەتێک کە کەمترین شتێک لە دۆستایەتی لەگەڵ عەرەب بخرێتە بەرچاو داخستنی باڵوێزخانەی ئیسرائیل و گۆڕینی بە باڵوێزخانەی فەلەستین بوو؟ لەگەڵ شەڕێک کە قوربانییەکەی لە دەستدانی هەزارەها ئەفسەر وسەرباز وگەنجی عێراق بوو لەگەڵ بەفیڕۆچوونی سەدان هەزار لە ملیۆنەها دۆلاری عێراق و عەرەب؟ لەگەڵ شەڕێک کە دوژمنی سەرەکی عەرەب و پەیمانی کامب دێڤێدی[٣٤] خیانەتکارانەی

٣٤ – کامب دێڤید: بریتییە لە ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتی، کە لە لایەن ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر و مەناحیم بێگنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٨ لە بەرەنجامی ١٢ ڕۆژ کۆبونەوەی نهێنی نێوانیان واژۆیان کرد. کامب دێڤید هاوینە هەواری جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمریکایە وکۆبونەوەکان لەوێ ئەنجامدراوە. (ویکیپیدیا). (ئامادەکار).

زاڵکرد؟!

پاشان چەند خاڵێک لە پێشەکییەکەی دکتۆر جەمال داهاتووە پێویست بەڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوە دەکات، خاکی کوردستانی عێراق خاکی عەرەب نییە وبەشێک نییە لە نیشتمانیی عەرەبی یان خاکی عەرەب. بەشێکە لە خاکی عێراق بە مانا کوردی و عەرەبییەکەی. پاشان کۆمەڵەی ئێستای ئیران[٣٥] بریتییە لە ڕێکخستنەکانی کورستانی حزبی شیوعی ئیران نەک کۆمەڵەی (ژ . ک) کە لە گەرمەی خەباتدا سەریهەڵدا و دواتر ساڵی ١٩٤٥ بوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان، کە ساڵی ١٩٤٦ یەکەم کۆماری کوردی لە مێژوودا دروست کرد.

ئەگەر بە تەواوی هاوڕابین لەگەڵ دکتۆر جەمال کە دەڵێت عێراقێکی دیموکراسیی، نەتەوەیی، سەقامگیر و دوور لە مۆتەکەی جەنگ دەتوانێت ویستی گەل و ئازادی زیاتر بەهەردوو گەل(کورد و عەرەب) و هەموو ڕۆڵەکانی نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا ببەخشێت. ناتوانین لەگەڵیدا هاوڕابین کە ئەم عێراقە چیتر ناتوانێت لە ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆیی ئیداری، هاوڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەمووان زیاتر بە گەلی کورد لە ناو سنووورەکانی خۆیدا ببەخشێت ئەگەرنا بوونی خۆی دەخاتە ناو ئەو گەردەلوولانەی کە ڕەنگە لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە دابین ببێ.

ئەگەر پێشوازی لەوە بکەین کە ئەو (تێڕوانینەکی عەرەبیانەی هەیە لە ئەگەری بوونی قەوارەی نەتەوەیی کورد لە چوارچیوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبیدا جا پێی بڵێین هەرێم یان کۆماری کوردی..) ئێمە پێشوازی لە لێدوانەکەی دەکەین کە دەڵێت (دەتوانین لەوە زیاتر بڕۆین کاتێک گەلەکەمان قەوارەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی خۆی هەبێت وەک ئەوەی لە دەستوری کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا هاتووە کە نەتەوە ناعەرەبەکان مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی تەواو و جیابوونەوەشیان هەیە ئەگەرئەمە خواستی نەتەوەییانەی گەلەکەیان بێت لە میانەی مافی چارەی خۆنووسین یاخود ئەگەر فۆرمۆلەیەکی تری دۆزییەوە بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی یەکێتییە عەرەبییەکەدا. بەبێ ڕازیبوون بەم مەرجە قورسە بۆ مومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە شێوەی جیابوونەوە یان سەربەخۆیی بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی کاتێک هەلومەرجەکانی دێنە پێشەوە یان پێدەگەن و

٣٥ – کۆمەڵەی ئیران: ناوی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشە، حزبێکە لە ١٩٦٩ لەلایەن قوتابییە چەپڕەوەکانەوە، لە تارانی ئیران دامەزراوە. تا کۆتایی ١٩٧٨ و ڕووخانی شا خۆی ئاشکرا نەکرد، ئەم حزبە چاو لە پارتی کۆمۆنیستی چینی دەکا و پشتیوانی لە جەماوەری شار و لادێکان دەکا. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە لە بنەماڵە دیارەکانبوون، عەبدوڵڵا موهتەدی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بووە و بۆ ساڵانێکی زۆر سەرکردایەتیشی کردووە. (مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێڕانی مامکاک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لا، ٢٢٤). (ئامادەکار).

پێداویستەکانی لەبەر دەستدا دەبن.

هەروەها هاوڕانەبوون لەگەڵیدا سەبارەت بە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕە لە مێژینەی ئێمە کە عێراقێکی دیموکراسیی و سەربەخۆ لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادانەی خەڵک دەتوانێت یەکێتییەکی فیدراڵی ئازاد لە نێوان هەردوو گەلەکەیدا، کورد و عەرەب پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی ئەم عێراقە ببێتە بنەما و پێشەنگ بۆ تێکۆشانی گەلانی برا، عەرەب و کورد لە پێناو یەکڕیزی، دیموکراسییەت، بەدیهێنانی پرۆژە نەتەوەییەکانی عەرەب و کورد لە پێکەوە ژیانێکی مێژوویی بێوێنە لە نێوانیاندا. لەبەر ئەوەی دەمەویست کۆتایی هەڵسەنگاندنەکەم پوختەی باسەکەبێت، من لە قسەی دکتۆر جەمال ئەتاسی برا ڕادەگوێزم و هاوڕای سەرسوڕمانیم و ئەو ڕیزەی بۆ سەرکردەی نەمری عەرەب جەمال عەبدولناسڕ لەخستنە ڕووی هەڵوێستەکانی ئەم سەرکردە عەرەبە زەبەلاحەی ڕوونکردۆتەوە، منیش هەندێک لە تێبینییەکانی خۆمی دەخەمە سەر. (کە هەموو ڕوونکردنەوەکان بۆ وتارێکی تایبەت لەسەری بەجێدەهێڵم هیوادارم بەمزووانە دەرفەتی نووسینیم بۆ بڕەخسێ و بلاّوی بکەمەوە).

دکتۆر ئەتاسی برا، باس لەوەدەکات وەک زانراوە سەرۆک عەبدولناسڕ ئاسوودە بووە بەو پێشنیازەی خراوەتە پاڵ جەلال تاڵەبانی کە لە ڕاستییدا ئەمە هەڵوێستی فەرمی شۆڕشی کوردبوو، پێشتر بە نووسراوی فەرمی بە ناوی وەفدی کوردەوە تۆمارکرابوو و لە کۆنگرەی سێقۆڵی بۆ حزبەکان ناردرا بوو، گفتوگۆکەی لە چوارچیوە گشتییەکانی لە سەرکردایەتی حزب و لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشی کورد ژەنەڕال خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی خۆی لێی کۆڵرایەوە، تەنانەت من ناوەرۆکی گرنگترین خاڵەکانیم لە دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەمدا تۆمار کردبو، لە دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵیدا گفتوگۆم کردبوو چونکە ترسم هەبوو و خۆم لە لێ بێزاربوونی بەدوور دەگرت بۆ ئەوەی لە گەڵیدا دووبارە نەبێتەوە وەک ئەوەی لە سەردانیکردنم بۆ قاهیرە و جەزایر ڕوویدا، کە لێم تورەبوو بەبێ ڕەزامەندی پێشینەی ئەو چووبووم وەک بەڕێز دانا ئادەم شمیدت[٣٦] لە کتێبی (گەشتێک بەناو پیاوە ئازاکان) دا باسی کردووە.

کەواتە ئەو هەڵوێستەی کورد کە سەرۆک عەبدولناسڕی ئاسوودە کردبوو، بریتی بوو لە هەڵوێستی حزب و شۆڕشی کورد بەیەکەوە، کە گوزارشتەکەی لەو نامەیەدا هاتبوو کە لەلایەن

٣٦ – دانا ئادەم شمیدت: ڕۆژنامە نووسێکی ئەمریکی ناوداڕە، کاری بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کردووە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە کوردستان ، کتێبێکی بە ناونیشانی گەشتێک بۆ لای پیاوە ئازاکانی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە ، جەرجیس فەتحوڵڵا کردویەتی بە عەرەبی و ئەبەبەکر سالّح ئیسماعیل کردوویەتی بە کوردی. بڕوانە مەتین .کۆم. (ئامادەکار).

جەلال تاڵەبانی واژۆی لەسەرکرابوو، بە چاودێری یەک لە ئەندامانی وەفدەکەی کورد کە بالآدەستە لەزمانی عەرەبییدا، چاکیکردبوو، ناوی ناهێنم لە پەرۆشیم بۆ سەر ژیانی لە تورەیی عەفلەقییەکان کە مەوداکەی نازاندرێ..

دکتۆر بەردەوام دەبی دەڵێت، عەبدولناسڕ لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانەی لە هەڵوێستی ئەوانیتردا ڕوویداوە بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی عێراق لە نیشتمانپەروەری و یەکگرتوویدا بمێنێتەوە ئەمەش مافێکی ڕەوایە. وێرای ئەمەش سەرۆک عەبدولناسڕ لە دیدارێکیدا لەگەڵ من و خوالێخۆشبوو شەوکەت ئاکرەیی لە ١ / حوزەیران /١٩٦٣ لەناو ئامۆژگارییە بە نرخەکانی پێیڕاگەیاندم کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی گەلان و لەناویشیاندا گەلی کورد هەیە و نموونەی ئەزموونی فیدرالیەتی یۆگسلافیا بە باشترین چارەسەر دادەنرێ بۆ مەسەلەی کورد کاتێک هەلومەرجی گونجاو لە عێراقدا دێتە پێشەوە. ئامۆژگارییە بە نرخەکانیشی بریتی بوون لە ئاگادارکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا - داواشیکرد ئەم ئاگادارکردنەوە برایانەییەم بە ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بگەینین - لەمەڕ یارییەکانی شا لەگەڵ بزووتنەوەی کورد، کە هەقیقەتەکەی ڕومالْکرد و وتی شا چاکە و سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردی ناوێ، بەڵکو نیازی ئەوەیە بیقۆزێتەوە بۆ ناچارکردنی حوکمڕانی عێراق بۆ قەبوڵ کردنی مەرج و داخوازییەکانی لە شەتولعەرەب و دوورکەوتنەوە لە هاوپەیمانی لەگەڵ قاهیرە. هەروەها ئاگاداری کردم کە پێویستە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گەورە لە بەیروت ئەنجام بدەم - ڕۆژنامە ناسڕییەکانی ئەوسای بەیروت هاوکاری زۆریان کردم بۆ ئەوەی گۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەم - بۆ ئەوەی تیایدا ڕوون بکەمەوە کورد جەنگی ناوێ و نایەوێ دووبارەش کوشتار دەست پێبکاتەوە، بەڵکو ئارەزوومەندی ئاشتی و چارەسەری سیاسیین و کورد دژی یەکڕیزی عەرەب نیین بەڵکو پشتیوانی لێدەکەن - لێرەشدا داوای لێکردم پەیامەکەمان بۆ کۆنگرەی یەکێتیی سێقۆڵی بڵاوبکەمەوە کە بەڵگەی ڕەزامەندبوون و پشتیوانی هەمەلایەنی بوو بۆی. هەروەها ڕوونکردنەوەی بەراوردکرنی بزووتنەوەی کورد بە ئیسرائیل بە بەدەرخستنی ئەو ڕاستییانەی، کە کورد گەلێکی موسڵمان و ڕەسەنە و هەزاران ساڵە بە بەردەوامی لەسەر خاکی نیشتمانییدا ژیان دەکا و برا و هاوپەیمانی نەتەوەی عەرەبن کەچی ئیسرائیل بێگانەیە و تازە هاتۆتە ناوچەکە و دژایەتی نەتەوەی عەرەب و یەکڕیزییەکەی دەکا. لە ڕاستییدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گەورەم ئەنجامدا و تیایدا بەیاننامەیەکم بڵاوکردەوە ئەم خاڵانە و داخوازییە ڕەواکانی کوردی لەخۆگرتبوو. هەروەها سەرۆکی کۆچکردوو ئاگاداری کردمەوە لە مەترسی گەڕانەوەم بۆ بەغدا. لەوانەیە من بەهەموو ژیانی خۆم قەرزاری ئەم

لالێکردنەوە بەخشندانەییەی سەرۆک عەبدولناسڕ بم کە دەیزانی حوکمڕانی بەعس چی لێمان دەوێت. ئەوەبوو دوای هەفتەیەک سەرجەم ئەندامانی وەفدەکەی کورد، کە گەڕابوونەوە لە بەغدا دەستگیر کران و لەژێر سزای مەرگ و کوشتندا، پاش ئەوەی تالاوی ئازار و ئەشکەنجەیان دەرخواردان. ناچاریان کردن ئەو دانپێدانانانەی کە ئەوان دەیانویست پێشکەش بکەن.

دکتۆر دریژەی پێدەدا و لە زاری سەرۆکەوە دەگوازێتەوە و دەڵێ: بەردەوام بوو لە تێکۆشانی ئەرێنی بۆ زامنکردنی سازانی کورد و عەرەب، بەڵام لە هەمان کاتدا بەردەوام بووە لە پشتیوانی لە مافی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانییان، تەنانەت کاتێک لەعێراقدا ناکۆکییەکان خوێناویتر تەقینەوە و سەریان هەڵدایەوە کاری بۆ ئاشتەوایی نیشتمانیی و نەتەوەیی دەکرد تیایدا. کاتێکیش ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان کورد بەعس لە ١١ ئازار ١٩٧٠ لەسەر بنچینەی داننان بە بنەمای بوونی نەتەوەیی کورد و مافەکانی ڕاگەێنرا، کە ئۆتۆنۆمیی و سەربەخۆیی ئیداری لەکوردستانی عێراق هەبێت، عەبدولناسڕ داکۆکی و پشتیوانی لێکرد. هەروەها منیش ئەو ڕۆژە پشتیوانی خۆم بۆ دەربڕی ...[٣٧].

ڕاستییەکەش ئەوەیە کە سەرۆک عەبدولناسڕ داوای لە هەردوو لایەنی بەعس و کورد کرد شەڕ وکوشتار دووبارە نەکەنەوە و ئاماژەی بەوەدا هەر لایەک دەستپێشخەر بێت لە دووبارەکردنەوەی پشتیوانی و ڕەزامەندی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەدەست ناهێنێت. هەر واشیکرد، کاتێک بەعس جەنگە شەڕەنگێزییەکەی خۆی لە دژی شۆڕشی کورد دەستپێکرد بە سەیرانێکی هاوینەی (باکوری نیشتمانیی خۆشەویست) ی دایە قەڵەم ڕۆژنامە ناسڕییەکان لە دژی چارەسەری سەربازی وەستانەوە و ئەهرام هەواڵەکانی شۆڕشی کوردی بڵاودەکردەوە، کە ئەمەش توڕەیی بەعسیەکانی لێکەوتەوە بۆیە وەزیری بەرگری[٣٨] بروسکە بەناوبانگەکەی خۆی لەدژی قاهیرە و سەرۆکەکەی بۆ سوپا بڵاوکردەوە و هەوڵیدا ڕق و کینەی سەربازی و ڕەگەزپەرستی خۆی بەرامبەریان بوروژێنیت بەڵام شکستی هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک لە دیدارێکمدا لە پاریس چەند بەڵگەنامەیەکی عێراقیم پێشکەش بە محەمەد حەسەنێن هەیکـــەل کـرد کە هاوکاری و ڕێککـــەوتنی نهێنییان لەگەڵ سەنتۆ دژ بە گەلی کـــورد دەسەڵمێنیت، دوای ئەوەی هەیکەل ڕاستیی بەڵگەنامەکانی پشت ڕاستکردەوە لە ڕۆژنامەی ئەهرام بڵاویانی کردەوە بۆ خستنە ڕووی ئەو هەڵدێرە ترسناکەی حوکمی بەعس لە عێراق لەخۆخزاندنە باوەشی سەنتۆدا هەیە. خوا

---

٣٧ –هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل،٣٩.(مام).

٣٨– ئەوکاتە سالّح مەهدی عەماش وەزیری بەرگری بوو. (ئامادەکار).

بەزەیی خۆی بەسەر عەبدولناسڕدا ببارێنی لەسەر هەڵوێستی خۆی مایەوە دەرهەق بە مەسەلەی کورد و ڕێگەی دا نوێنەرێکی کورد لە قاهیرە[٣٩] وەک نوێنەری شۆڕشی کورد بمینێتەوە، تەنانەت لە دوای ڕووخانی بەعس و سەرکەوتنی ژمارەیەک ئەفسەری ڕوانگە ناسڕی لەگەڵ موشیر عارف بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی، ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر داواکردنی چارەسەری سیاسیی و ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی جێگرەوەشی قەبوواڵنەبوو. سەرەڕای دوژمنایەتی کردنیشی بۆ بەعسییە عەفلەقییەکان کە لە کودەتای ڕەشی ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨دا هاوکاری نوێیان لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستان ئاشکرا کرد، دەستپێشخەری کرد لە ناردنی بروسکە بۆ ڕێککەوتننامەی ئازار و ئۆتۆنۆمی.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ دکتۆر جەمال ئەتاسی برا، دووپات دەکەمەوە لە بەرامبەر بایەخدانی بە کێشەی کورد و هەڵوێستی مرۆڤدۆستی و نەتەوەیی و عەرەبی ڕاستەقینەی، هاوڕای بۆچوونی ئەوم سەبارەت بە زەرورەتی دیالۆگی عەرەبی لەسەر مەسەلەی کورد، ئەو دەرفەتەش دەقۆزمەوە و بانگهێشتی هەموو ناسڕییە خۆشەویستەکان لە ڕۆژهەلات و میسر و مەغریب دەکەم بۆ دەستپێشخەری لە ڕێکخستنی دیالۆگێکی عەرەب و کورد کە بانگهێشت و ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم لایەنە کوردییەکان لە سەرتاسەری کوردستان و نوێنەرانی سەرجەم بزووتنەوە عەرەبییەکان لە نیشتمانیی گەورەی عەربیدا لەگەڵ چەند شارەزایەک لەدۆستانی هەردوولا بۆ پتەوکردن و گەشەپێدانی برایەتی عەرەب و کورد (ئەگەر نەڵێین بۆ بوژاندنەوەی بە جۆرێک کە بەهێز، کاریگەر و پڕ لە چالاکی بێت) هەروەها بە هاوبەشی بەرە و پێوەرەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژی چاوەڕوانکراوی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی و کوردی هەنگاو بنێن بە شێوەیەک کە هەماهەنگی و یەکخستن و پێکەوەیی نێوان پرۆژەی یەکڕیزی نەتەوەیی عەرەب و پرۆژەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و دیموکراسیی کورد مسۆگەر بکات.

هــەموومان پێویستمان بە دیالۆگی برایانە هــەیە بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کــە جیهان گرنگی بە مەسەلەی کورد دەدات وادیارە جیهانی عەرەبی وەک ئەوەی پشتگوێی بخات تەنانەت حــوکمڕانانی زۆربەی هەرێمەکان دژایەتیشی دەکەن بە تایبەت ئەوانەی پشتیوانی لە

٣٩- ئەم نوێنەرە ئەندازیار و تێکۆشەر شەوکەت ئاکرەیی بوو، دواتر بەعس تیرۆری کرد بە پێدانی شەربەتێک لەکاتی بانگکردنی بۆ دەزگای موخابەرات، کە ژەهری سالیۆمیان بۆ لە شەربەتەکە کردبوو. (ئامادەکار).

تاوانبارانی جەنگ دەکەن کە شەڕی دڕندانەی قڕکردن لە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق بەڕێوە دەبات. ئایا لە دکتۆر جەمال و دۆست و هاوەڵانی و هاوڕێبازانی، لە برا ناسڕییەکانی و بەعسییە ڕاستەقینەکان شایانتر هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم شێوە دیالۆگەی عەرەب و کورد؟!.

چاوپێکەوتنی ئەلنەفیر
لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی
سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بڵاوکراوەی ئەلنەفیر شادمانە بەوەی ببێتە مەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر پرسە گشتییە ئیسلامییەکان یان تاوتوێکردنی پرس یان کێشەیەکی دیاریکراو لە جیهانی ئیسلامیدا. پرسی کورد یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی جیهانی ئیسلامی و لە نێو ئەو کێشانەدایە کە پێویستی بە گرنگی پێدانی جدی و پێشکەشکردنی چارەسەری سەرکەوتوو هەیە. لە کاتێکدا ئێمە پێمان وایە کە چارەسەری ئەم پرسە، وەک هەموو پرسەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی، لە دەرەوەی چوارچێوەی میتۆدی ئیسلامیدا نییە، کە لە باوەڕی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەلی کوردیش دەگەڕێتەوە سەر ئەو باوەڕە، هەروەک ئەو گەلانەی کە شانبەشانی ئەوان دەژین و دراوسێیانن.

بەم باوەڕبوونەشمان پێمانوایە پێویستیمان بە دیالۆگی بابەتی و هێمنانە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە بیرکردنەوەیان بۆ ئەم بابەتە کەم تا زۆر جیاوازە لە بیرکردنەوەی ئیسلامیانە. ئامانجی تریشمان بەرچاو ڕۆشنکردنی گەلی کورد و گەلانی موسلمانی تری دراوسێیە بە شێوەیەکی تایبەت، سەبارەت بە چارەسەرە پێشنیار کراوەکان بۆ ئەم کێشەیە، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر ئەم پرسە لە چوارچێوەیەکدا بگێڕن کە بتوانێت ببێتە هۆی چارەسەری دروست، کە مافەکانی ئەو گەلانە زامن دەکات و ئەو هاوبەندی و پەیوەندیانە زیندوو بکاتەوە کە بەیەکیانەوە گرێدەدات، کە زۆرێک لە فاکتەرەکان بوونەتە هۆی پچڕانیان لە زۆر بۆنەدا. لەم ڕوانگەیەوە پەیامنێری ئەلنەفیر لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕابەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم چاوپێکەوتنەی ئەنجامدا.

ئەلنەفیر: بە پشتبەستن بەو قەناعەتە نوێیەی خۆت، وەک لە گۆڤاری (ئالای ئیسلام) دا ئاماژەی پێکراوە، بۆ پاشەکشە لە مارکسیزم وەک چارەسەرێک بۆ پرسی کورد، بەنیازیت

گۆڕانکاری ستراتیژی لە بزووتنەوەکەتدا بکەیت؟

تاڵەبانی: بەناوی خودای گەورە و میهرەبان و بەناوی گەلی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە سوپاسی ئێوە دەکەم[٤٠] کە ئەم پرسیارانەتان ئاڕاستە کردووم داواتان لێدەکەم وەڵامەکان وەک خۆی بە ڕاستی و بە وردی بخەنە ڕوو، بەهیوای ئەوەی هەڵوێستە ڕاستەقینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هەر بابەتێک کە لەگەڵمان دەیوروژێنن بۆ ڕوونبکەینەوە. پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت سەرنجتان بۆ دوو خاڵی گرنگ ڕابکێشم:

١- ئەو چارەسەرە تیۆریانەی مارکسیزم، ئیسلام، دیموکراسی، یان بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان پێشنیاری دەکەن، وەک چارەسەری تیۆری شتێکە و...

٢- بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی لە مەیدانەکەدا سەبارەت بە پرسی کورد شتێکی تر. ئەزموون تا ئێستا سەلماندوویەتی کە پراکتیزەی کردەیی مارکسیزم سەبارەت بە پرسی کورد شکستیخواردووە. بۆ نموونە ئێستا یەکێتیی سۆڤیێت دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیدا دان بەوەدا دەنێت کە لەوێدا چارەسەری دروست بۆ پرسی کورد نەکراوە. لەم دواییانەدا کۆمەڵێک ڕاستی سەرسامکەر و نامۆ و سەیر و سەمەرە لەسەر زاری کورد و سۆڤیێتیەکان بڵاوکرانەوە، لەوانە ئەوەی کە لە جیاتی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی لەسایەی پراکتیزەکردنی سۆسیالیستیدا، پراکتیزەکردنی زانستییانەی مارکسیزم لە یەکێتیی سۆڤیێتدا، لەبری بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی وەک پرنسیپەکانی مارکسیزم دەیڵێت لەڕووی تیۆریەوە، کورد لە هەموو مافێک بێبەش کرا، ئاوارە کرا، لە ماڵ و حاڵی خۆی دەرکرا، و لە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤیێتدا بڵاوکرانەوە. ئێستا دوای حەفتا ساڵ هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە گوند و شارۆچکە و شوێنەکانی خۆیان و بەهرەمەند بن لە مافە نەتەوەییەکانیان. لێرەدا تێبینی دەکەین:

١- شکستهێنان لە پراکتیزەی کردەیی.

٢- کەلێنێکی بەرچاو لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا هەیە، لە نێوان ئیدیعا و کردارا، لە نێوان گۆتن و کردارا. ئەگەر بەدواداچوون بۆ هەڵوێستی لایەنە کۆمۆنیستەکان بکەین لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، وەک تورکیا، ئێران، عێراق، دەبینین ئەم هەڵوێستە کردەییانە

٤٠ - لەسەر داوای بەڕێزتاڵەبانی بە بێ هیچ گۆڕانکاری و سڕینەوەیەک وشە بە وشە قسەکانی بڵاودەکەینەوە. (ئەلنفیر)

شکستیان خواردووە لەوەی چارەسەرێک بۆ پرسی کورد بدۆزنەوە یان تەنانەت بە دروستی بیخەنەڕوو. ئەم هەڵوێستانە لە نێوانی پشتیوانیکردن لە شۆڕشەکانی کورد لە هەندێک کاتدا و دژایەتیکردنی لە هەندێک کاتی تردا، لە نێوان پشتیوانیکردن لە داواکارییەکانی کورد لە هەندێک کاتدا و دژایەتیکردنیان لە هەندێکی دیکەدا جیاواز بووە. ئەم ڕاستییە دەیسەلمێنێت کە مارکسیزم وەک پراکتیزەیەکی کردەیی نەیتوانیوە چارەسەرێک بۆ پرسی کورد بدۆزێتەوە، چ لەسەر ئاستی بەکارهێنان لە یەکێتیی سۆڤییێت و چ لەسەر ئاستی تیۆری و سیاسی لەو ولاتانەی کە کوردستان دابەش دەکەن، کە پارتە کۆمۆنیستەکانیان ڕۆڵێکی ناسراویان هەیە لەو ولاتانەدا. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مارکسیزم چارەسەری تیۆری بۆ پرسی نەتەوەیی پێشکەش نەکردبێت. بە پێچەوانەوە مارکسیزم، سەدەیەک زیاترە، پرسی مافی چارەی خۆنووسین بە مانا لینینییەکەی وروژاندووە، کە لە نووسینەکانی لینیندا ئاماژەیە بۆ ئەم مافە نەک لە پراکتیکەکانی دەوڵەتی لینیندا. هەر گەلێک چەندە بچووک و پێشکەوتوو یان دواکەوتوو بێت، مافی تەواوی هەیە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی پێکبهێنێت و ماف و ئازادییەکانی بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی لەسەر خاک و نیشتمانەکەی و بە ئازادییەکی تەواوەوە پراکتیزە بکات. لە ڕووی تیۆرییەوە دەبینین لینینیزم داوای مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی کردووە و زۆر دژایەتی لکاندنی زۆرەملێی کردووە، واتە لکاندنی گەلێکی بچووک بە گەلێکی گەورەترەوە بەبێ ئیرادەی خۆی و بەبێ ئازادی ڕەهای خۆی. هەروەها دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئاسمیلەکردن و دەربەدەرکردن و زەوتکردنی مافەکانی گەلان بوو. لە کاتێکدا بە کردەوە بینیمان کە پراکتیزەی سۆڤییێتی لە یەکێتیی سۆڤییێتدا تەنانەت بە دانپێدانانی سەرکردەکانی سۆڤییێت لە ئێستادا، ناڕەوا و پێچەوانەی ئەو پرنسیپانە و هەموو ئەم ئیدیعایانە و هەموو ئەو شتانەی لەو سەردەمەدا بڕەوی پێدەدا، لەبیرمە کە گەنج بووم، وابوو درکم بە هەستەکان و لێکۆڵینەوەم لە هەلومەرجی گەلی کورد دەکرد. لەو کاتەدا و لە ساڵی ١٩٤٥ سوپای سۆڤییێت لە کوردستانی ئیران بوونی هەبوو. ئێمە پێمان وابوو کە یەکێتیی سۆڤییێت تاکە فریادڕەس و ڕزگارکەری گەلی کورد، سۆسیالیزم بەهەشتی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی بۆ هێناوین و گەلی کورد، لەسەر دەستی یەکێتیی سۆڤییێت و لە ڕێگەی بیرۆکەی مارکسیزمەوە، چاکە و ئازادی و سەربەخۆیی و مافی تەواو و بەختەوەری و هەموو شتێکی دیکەی پێدەگات. بەڵام ئەنجامەکە چی بوو؟ دەرئەنجامەکەی چی بوو؟ ئێستا کورد لە یەکێتیی سۆڤییێتدا، دوای حەفتا ساڵ تێپەڕین بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، دەڵێن ئێمە لە ماڵ و گوند و شارەکانی خۆمان دەربەدەرکراوین و داوای

گەڕانەوە دەکەن، کە ئەمەش سەرەتاییترین مافە. بەم شێوەیە بە پراکتیزەی کردەیی مارکسیزم لە خستنە ڕووی چارەسەری دروست بۆ پرسی کورد شکستی خوارد. بەڵام لە لایەنی تیۆرییەوە، دان بە زامنکردنی مافەکان و بانگەشە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو مافانە و دابینکردنی کەشوهەوای گونجاو بۆ ئەمە لەخۆدەگرێت. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو ئەزموونانەی کە بزووتنەوەی کورد پێیدا تێپەڕیوە و تەنانەت ئەزموونەکەی لەگەڵ داواکاری ئیسلام کە لە پرسیاری دووەمتاندا هاتووە، دوو ڕاستی بۆ گەلی کورد سەلماندووە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە چارەسەری کێشەکانی گەلی کورد دەبێ لە واقیعی کورد و لە هەلومەرجی خودی و بابەتیی گەلی کورد و بەگوێرەی پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی، سەر هەڵبدات.

دووەم: پێویستە گەلی کورد پشت بەخۆی و خاڵە بەهێزەکانی خۆی ببەستێت، بە بەکارهێنانی عەقڵی بیرمەند و ڕۆشنبیر و تێکۆشەرەکانی چارەسەر هەڵێنجی بۆ ئەو کێشانەی بە دەستیەوە دەنالێنێت، نەک لێرەو و لەوێ، لە دەرەوە یان لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە چارەسەر هاوردە یان کۆپی بکات.

ئەلنەفیر: ئیسلام گۆتە و کردار بەیەکەوە دەبەستێتەوە، واتە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا. خودا دەفەرموێت: (یا أیها اللذین آمنوا لم تقولون مالا تفعلون)[٤١] ئیسلام لە پراکتیزەکردنی ئەم پرنسیپەدا بە درێژایی چاخەکانی مێژوو بەکارهێنانێکی کردەیی پێشکەش کردووە بۆ سازان لە نێوان گەلان و نەتەوەکان لە یەک کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەبێ ئەوەی ئەم بۆشاییەی دەربکەوێت کە باستکرد لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا کە مارکسیزم - لینینیزم دەریبڕیووە. پێتان وا نییە ئیسلام، لەسەر بنەمای ئەوە، چارەسەری پرسی کوردە؟

تاڵەبانی: حەز دەکەم لەم وەڵامەشدا ڕاشکاوانە بم. هەروەها دەتوانین ئیسلام لە چەمک و ئەحکام و بنەماکانیدا وەربگرین وەک ئەوەی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر و زۆرێک لە خەلیفەکانی ڕاشدین هاتووە، لەسەروی هەموویانەوە ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب، کە من زۆر سەرسامم پێی، هەروەها لە بەکارهێنانەکانی ئەو وڵاتانەی کە ئیدیعای ئیسلامیان دەکرد و ئالای ئیسلامیان هـەڵگـرتبوو، جـا ئێمـە هـاوڕابین کە ئەمـانە بە ڕاستی حکـومەتی ئیسلامی

٤١- سورەتی سەف، ئایەتی دووەم. ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆداخیۆن و کردەوەی بەدودا نییە؟(ئامادەکار)

بوون یان نەخێر. پراکتیزەی ئەو ولاتانەی ئیسلامیان گرتەبەر، لە زۆرێک لەو پراکتیزانەی کە لە دونیادا دەیبیستین، لـەڕووی نادادپەروەری بەرامبەر بە گـەلی کـورد، نزیکــەی خراپتر بوون. بۆ نموونە دەوڵەتی عەباسی لە دوا سالانی ژیانکردنی یان تەنانەت لە دەسپێکی سالانیدا، سەرەڕای ئەوەی کە کورد خزمەتی کردووە، دەبینین کوردیان کوشتووە و لە گەلی کوردیان داوە. دەوڵەتی عوسمانی، کە گەلی کورد لە دامەزراندن و بیرۆکەکانیدا بوو، بەڕاستی گەلی کورد لە نێو موراببیتەکانی ئیسلامدا بوو، لە ئەندەلوسەوە، لە جەزایرەوە بۆ سنووورەکانی بولگاریا، لە سنووورەکانی هیندستان و چینەوە بۆ سنووورەکانی یۆنان، لە قەفقازەوە تا یەمەن. لەوێ بۆ ئیسلام خەباتی کرد و قوربانی زۆر زۆریدا. گەلی کورد لە مێژوودا شەرەفێکی گەورەی پێبڕاوە، وەک چۆن یەکێک لە ڕۆڵەکانی بەناوی سەلاحەددینی ئەیوبی سەرکردایەتی سوپاکانی کرد بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام. ئەو ئیسلامانەی ئێستا لە ڕۆژهەلاّت ماون و بوونیان هەیە، فەزلەکەی بۆ ئەو سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە کە سەلاحەددین بەدەستی هێنا، کاتێک لەشکرکێشی و هەڵمەتی خاچپەرستانی دژی ئیسلام بەرپەرچ دایەوە و تێکشکاند. بەڵام گەلی کورد چ قازانجێکی لەو دەوڵەتانە چنیەوە کە بانگەشەی ئیسلامی بوونیان دەکرد؟ دابەشبوونی کوردستان، زەوتکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، چەوسانەوەی گەلی کورد، دەربەدەرکردنی ڕۆڵەکانیان، مامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کورد وەک گەلێکی پلە دوو و سێی موسڵمان. کاتێک دێینە سەر ئەو ئەزموونانەی کە گەلی کورد لێرەدا پێیدا تێپەڕیوە سەبارەت بە دەوڵەتە ئیسلامییەکان، دەبینین کە بە ڕوای من، پراکتیکەکانی نێو دەوڵەتانی (ئیسلامی)یش هەڵە و پێچەوانەی بنەما ئیسلامییەکان بوون. با بێینە سەر ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەڵێت بسم الله الرحمن الرحیم (یا أیها الناس انا خلقناکم من ذکر و انثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم)[٤٢]. باشە ئایەتەکە ڕاشکاوانە دەڵێت کە خودا ئێمەی وەک گەل و هۆز دروست کردووە. ئەو ئێمەی دروست کردووە بۆ ئەوەنا کە شەڕ و دوژمنایەتی یەکتر بکەین، بەڵکو بۆ ناسینی یەکتر و ڕێزگرتن لە یەکتر، دان بە مافەکانی یەکتردا بنێین. بەڵام ئێستا دەبینن ئەو ولاتانەی بانگەشەی ئیسلام و پاڕێزگاری لە ئیسلام دەکەن، دان بەوەدا نانێن گەلی کوردیش، وەک ئەوانیتر گەلە.

٤٢- سورەتی حوجورات، ئایەتی ١٣.ئەی خەڵکینە! هەر لە نێر و مێوێکەوە ئێوەمان وەدی هێناوە و کردومانن بە چەند گەلێک و چەند هۆزێک هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترەکانتانن. (ئامادەکار).

سەرنجێک لە ئەلنەفیرەوە: ئایا ئەمە لە بنەماکانی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە یان لە لادانی دەسەلاتداران؟

تاڵەبانی: ئەمە لە تێکدانی ئیسلام، لە دژایەتیکردنی ئیسلام، لە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام هەروەک چۆن مارکسیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە پراکتیزە ستالینییەکان. پێچەوانەی بنەماکانی مارکسیستی و کرۆکی لینینیزمن، دەتوانین بڵێین ئەم پراکتیزانە کە ناوی ئیسلامیان هەڵگرتووە، لە ڕاستیدا پراکتیزەی دژ و تێکدەرانەیە کە پێچەوانەی کرۆکی ئیسلام و دەقی ڕاشکاوانەی قورئانی پیرۆزن. بۆ نموونە ئێمە تەنانەت لەگەڵ موسڵمانانی کۆنەپەرستیشدا تووشی کێشەیەکی گەورە دەبین. ئەوانە هەمیشە دوژمنایەتی گەلی کورد دەکەن، دانیان پێدا نانێن و تەنانەت کاتێک داوای مافی خۆیان دەکەن، بە یاخی و تێکدەر و تاوانبار دەیانژمێرن. سەبارەت بە موسڵمانە شۆڕشگێڕەکان، ئێستا کێشەیەکی گەورە هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ زۆرێک لە بزاووتە ئیسلامییەکان. با بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی وەربگرین، کە لە ئەنجامی شۆڕشێکی بەرفراوانی جەماوەری دامەزرا، بەڵام تا ئێستا شۆڕشی ئیسلامی لە ئیران دانی بە بوونی گەلێک بە ناوی گەلی کورد، نەناوە. هەمیشە دەڵێن (مردم کورد) واتە خەڵکی کورد، دان بە (خلق کورد)دا نانێت. کە بە واتای گەلی کورد دێت، کە قورئان بە ئاشکرا دانی پێداناوە، ئێمە، واتە من و تۆ و کاکە محەمەد، کە کوردین. ئایا خوداکەمان کاتێک ئێمەی دروست کرد ڕاوێژی پێکردین؟ ئێمە چیمان دەوێت؟ ئێمە کێین؟ خودامان ئێمەی بە کورد دروست کردووە، بوونی ئێمەش وەک کورد فەرمانی خودایە. دژایەتیکردنی ئەمە دژایەتیکردنی فەرمان و ئیرادەی خودایە. ئینکاری بوونی گەلی کورد، کە پەروەردگاری جیهانیان دروستی کردووە، دژایەتیکردنی فەرمان و ئیرادەی پەروەردگاری جیهانیانە. بۆیە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان پراکتیک و بەکارهێنان لە لایەک و تیۆری و گۆتە لە لایەکی ترەوە. بەداخەوە چارەسەرەی چاوەڕوانکراو بەناوی ئیسلامەوە بەڕای من هێشتا پرسی کوردی یەکلایی نەکردووەتەوە. بەڵام ئێمە پێمان وایە چارەسەرێکی ئیسلامی ڕاستەقینە دەتوانێت پرسی کورد چارەسەر بکات. چۆن؟ پێشتر **سێ ساڵ لەمەوبەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهانی ئیرانیدا ڕامگەیاندبوو کە گەلی کورد گەلێکە لە ئوممەی ئیسلام. ئەگەر ئوممەی ئیسلام بە کۆی گشتی وەربگرین، دەبینین ئوممەی ئیسلامی لە گەلان پێکدێت کە خودا دروستی کردوون. ئەم گەلانە بریتین لە کورد,** عەرەب، فارس، ئازەری، پاکستانی، ئەندەنوسی، مالیزی و تاد، لە گەلانی ناسراودا. گەلی کورد گەلێکی ئوممەی ئیسلامییە، بە حوکمی قورئان و بە دەقی قورئان و بە ئیرادەی پەروەردگاری جیهانیان

یەکسانە بە گەلانی دیکەی ئوممەی ئیسلامی. بۆیە گەلی کورد وەک گەلی تورک، عەرەب، ئازەر، فارس، یان ئەفغانی وایە؛ هەمان ئەومافەی هەیە کە ئەوان هەیانە و هەمان ئەو ئەرکەی لەسەرە کە ئەوان لە سەریانە، ئەگەر باوەڕمان بەم ئایەتانە هەبێت. کە بێگومان ئێمە باوەڕمان پێی هەیە. ئەگەر دڵسۆز بین لە جێبەجێکردنی دەقەکەیدا، وە ئەگەر ئەو ئایەتە پیرۆزە لەبیر نەکەین کە دەڵێت: (یا ایها اللذین أمنوا لم تقولون مالا تفعلون کبر مقتا عند الله ان تقولوا مالا تفعلون)[٤٣] ئەگەر بیر لەم ئایەتە بکەینەوە، دەبینین ئەوانەی نکۆڵی ئەم ڕاستییە دەکەن (خودا زۆر لەوە تورەیە) کە ئەمە ئەوانیش دەگرێتەوە. دواتر ئێمە گەلێکین لە نێو گەلانی ئوممەی ئیسلامیدا، ئێمە هەمان ماف و بەرپرسیارێتی ئەوانمان هەیە. ئەگەر هەموو جیهانی ئیسلامی یەک دەخەین، ئەوا بەخێربێن بۆ ئەم یەکخستنە ئیسلامییە هەمەلایەن و گشتگیرە. چی لەمەوە دەست دەکەوێت؟ تەنها جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئیسلام نییە و بەس، بەڵکو قەوارەیەکی گەورە و گشتی کە چەند پێگەی ستراتیژی بەرچاو و خاوەن سەرچاوەی ئابووری فراوان و زەبەلاح و توانای مرۆیی بێئەندازەی هەیە. لە ئەنجامدا ئەم قەوارەیە توانای ژیانکردن و مانەوەی دەبێت لەم سەردەمەدا، کە قەوارە بچووکەکان ناتوانن گەشە بکەن، دووەم. لەناو ئەم قەوارە گەورە ئیسلامییەدا نەتەوەی کورد یەکدەگرن، نەتەوەی عەرەب یەکدەگرن، ئەو گەلانەی پێشتریش ناویان هات بە هەمان شێوە. ئەگەر ئەمە چارەسەر بێت بۆ یەکخستنی کوردستان ، مانای ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە جیاتی دابەشبوون بەسەر چوار یان پێنج وڵاتدا، ئەوکاتە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا دەبێت کە دەوڵەتی ئیسلامیە. خاڵێکی دیکە سەبارەت بەم دەوڵەتە ئیسلامییە ئەوەیە کە دەبێت یەکسانی لە نێوان گەلەکانیدا هەبێت. واتە هەر گەلێک بە پێی ئایەتی (وأمرهم شوری بینهم)[٤٤] بەپێی ڕاوێژ کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات، کاروباری ناوخۆی خۆی بەڕێوە دەبات. بەم شێوەیە ئێمە جۆرێک لە فیدرالییەتمان دەبێت، بۆ ئەوەی وەک لە ڕۆژنامەی کەیهاندا ئاماژەم پێدا، یەکێتیی کۆماری ئیسلامیمان دەبێت لە جیهاندا، وەک یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤێتمان دەبێت. بەڵام ئەم یەکێتییەی کۆمارە ئیسلامییەکان بەهۆی خواستی ڕاستگۆییانەی گەلان بۆ دامەزراندنی ئەم یەکێتییە و بەهـۆی پابەندبوونیان بەڕێزگـرتن لە ئیسلام بە هـێزتر و پتەوتر دەبێت. کـەواتە

٤٣- سورەتی سەف، ئایەتی ٢ و ٣ . ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆ داخێون و کردەوەی بەدودا نییە؟ خوا زۆر لەوە تورەیە کە ئێوە شتێک بڵێن و ولۆ نەکەن. (ئامادەکار).

٤٤- سورەتی شورا، ئایەتی ٣٨. کارگەلیشیان بە ڕاوێژە. (ئامادەکار).

چارەسەر لە یەکخستنی جیهانی ئیسلامی و گەلانی ئوممەی ئیسلامی- جەخت لەسەر گەلان دەکەمەوە- لە دامەزراندنی. کۆمارە ئیسلامییەکاندایە لە جیهاندا وەک ئامانجێکی بالّا و دوور مەودا و ستراتیژی- چۆنت پێخۆشە وای ناو لێبنێ - بەلّام ئەمە چارەسەرە. لە چوارچێوەی ئەم چارەسەرەدا، چارەسەری ناوچەیی یان نیشتمانیی بۆ پرسی کورد و عەرەب و ئازەر بەدی دێت. هەموو ئەم گەلانە لەم چوارچێوەیەدا یەکدەگرن. بەلّام تا ئەو چارەسەری ئیسلامییە بەدی دێت، ئێمە ڕامانگەیاندووە کە گەلانی دیکەی ئوممەی ئیسلامی چ مافێکیان هەیە دەبێ بۆ ئێمەش هەبێ چ ئەرکێکیان لەسەرە ئەوە لەسەر ئێمەش دەبێت. وەک چۆن گەلی عەرەب مافی ئەوەی هەیە خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت، گەلی کورد، گەلی تورک، گەلی ئازەر و تاد بە هەمان شێوە ئەو مافەیان هەیە.

بۆیە ئێمە لێرەشدا بە پێی تێڕوانینی هەندێک بزاووتی ئیسلامی، لەناو ئیسلامدا، تەنانەت لەناو هەندێک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیش، بێبەشین. ئەوان ئێمە لە پۆلی سێیەم دادەنێن، وامان لێدەکەن پاژێکی گەل بین لەناو گەلانی ئوممەی ئیسلامیدا، لە کاتێکدا ئێمە بەڕاستی گەلێکین لەناو ئوممەی ئیسلامیدا. بۆ نموونە هەندێک ڕەوتی ئیسلامی لە عێراق دەڵێن گەلی کورد لە عێراق بەشێکە لە گەلی عێراق، گەلی عێراقیش عەرەبن. بەم شێوەیە مافەکانمان وەک گەلێک لەناو نەتەوەی ئیسلامیدا زەوت دەکەن، مافەکانمان لێ زەوت دەکەن کە بە ئایەتی پیرۆزی قورئان دەستمان کەوتووە: (وجعلناکم شعوبا و قبائل)[٤٥] بۆیە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئیدیعا و پراکتیکدا. بە تێڕوانینی ئێمە، ئەو چارەسەرە ئیسلامیانەی کە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە عێراق و ناوچەکەدا پێشنیاری دەکەن، لەگەڵ بنەما و کڕۆکی ئیسلامدا ناگونجێت. بەڵکو چارەسەرێکن کە دیدگای شۆڤێنی یان دیدگای نەتەوەی زاڵ و دەسەلاّتدار تێکەڵ کراوە، ئەم چارەسەرانەی کە بەناوی ئیسلامەوە خراونەتەڕوو، لە پراکتیزەی کردارەکیدا نا ئیسلامین، هەروەک چۆن مارکسیزم نەیتوانی چارەسەرێک دابین بکات، ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەش نەیانتوانی چارەسەری دروستی ئیسلامیانە بۆ پرسی کورد دابین بکەن. ئێستا سەیری ولاّتانی ئیسلامی بکەن، بۆ نموونە با کۆماری ئیسلامی ئیران وەربگرین. کۆماری ئیسلامی کە دژایەتی ئۆتۆنۆمی و چارەسەری ڕۆژئاوایی یان ڕۆژهەلاّتیانە دەکات، دەبوایە چارەسەری ئیسلامیانە بۆ پرسی نەتەوەکان بە شێوەیەک دابین بکات کە کۆماری ئیسلامی ئیران بکاتە ڕووناکی بەخش و

٤٥- سورەتی حوجورات، ئایەتی ١٣.ئێوەمان وەدیهێناوە و کردومانە بە چەندگەلێک و چەند هۆزێک (ئامادەکار).

نموونەیەک بۆ یەکگرتوویی جیهانی ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی ئیران هەموو ئەو مەرجانەی هەیە، بەو پێیەی لە کورد، تورک، فارس، ئازەر، تورکمان، عـەرەب، بەلووچ پێکهاتووە. دەیتوانی ئیران بکاتە ناوەندێکی ڕاکێشان بۆ ئەوەی هەموو ئەم گەلانە کە مافە نیشتمانیی و ئیسلامی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەییەکانیان بەدەست هێناوە و باقی بەشەکانی خۆیان ڕابکێشن، نەک جیابوونەوە لە ئیران. واتە کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی بەهەشتی چاوەڕوانکراوی ئیسلامی بێت، ئەوا بۆ نموونە لەبری ئەوەی بەلووچەکانی ئیران بیر لە جیابوونەوە و پەیوەست بوون بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی پاکستان بکەنەوە، بەلووچەکانی پاکستان بیر لە جیابوونەوە لە پاکستان و پەیوەست بوون بە بەلووچەکانی ئیران دەکەنەوە کە بە مافەکانیان بەهرەمەندن. وە ئەگەر گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بە مافەکانی خۆی بەهرەمەند بووبێت، کوردەکانی تورکیا و عێراق و سوریا و یەکێتیی سۆڤیێت بیریان لەوە دەکردەوە بچنە پاڵ ئەم گەلە کە بەهرەمەندن بە مافەکانیان. کەسێک کە بەهرەمەند بێت بە ماف و ئازادی و ڕزگاری، ناتوانێت بیر لە پەیوەست بوون بە دۆزەخی کۆیلایەتی و وەبەرهێنان و ئیستغلال و تاد بکاتەوە. ئەگەر بنەما ئیسلامییەکان بە ڕاستی جێبەجێ بکرێن، ئەگەر ئیران ببوایەتە نموونەیەک بۆ یەکێتیی چاوەڕوانکراوی کۆمارە ئیسلامییەکان، دەکرا ببێتە ڕووناکی بەخش و ناوەندێکی ڕاکێشان بۆ هەموو بزاوتە ئیسلامییەکان لە سەرانسەری جیهان و هەموو گەلانی موسڵمان، بە تایبەت ئەگەر خۆمان لە لێکدانەوە تائیفیەکان بۆ مەسەلەکان بەدوور بگرین، دڵنیا بین لەوەی کە ئیسلامی ڕاستەقینە، وەک ئەوەی محەمەد پراکتیزەی کردووە، ڕێنوێنە، ئەو ئاڵایەیە کە هەموومان لە سایەیدا بە ئارامی دەژین. بەڵام کاتێک تەنها وەک گۆتە بۆ فریودانی گەلی کورد بەکاردێت، جارێک بە ناوی ئیسلامەوە، جارێک بە ناوی مارکسیزمەوە، جارێکی تر بە ناوی دیموکراسی، برایەتی، یان یەکێتیی نیشتمانییانەی عێراقی یان تورکی، ئەم بابەتانە لە هیچ کەسێک شارراوە نییە و لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە دژایەتی بنەما ڕەسەنەکان دەکەن. وەک چۆن ئەو پراکتیکانەی کە بەناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرێن دژایەتی بنەما ئیسلامییە ڕاستەقینەکان دەکەن، ئەو پراکتیکانەی کە بە ناوی مارکسیزمەوەش ئەنجام دەدرێن، پێچەوانەی ئەو پرنسیپە مارکسییانەن کە مارکسیزم ڕایگەیاندووە.

کێ پشتیوانی گەلی کوردە؟

ئەلنەفیر: لە ڕێگەی ئەزمونی دروژخایەنی خۆتەوە لە بواری سیاسیدا، لە نێو ولاتانی جیهان هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەت بۆ گەلی کورد بینیوە؟

تاڵەبانی: بە هەموو داخ و تاڵییەکەوە پێت دەڵێم نەخێر، هاوپەیمانی ڕاستەقینەی گەلی کورد لەنێو دەوڵەتاندا نییە. دەوڵەتانێک هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن، هەندێک جار نیشان دەدەن، یان هەندێک جار خۆشەویستی یان هاوسۆزی بۆ گەلی کورد نیشان دەدەن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتانە هاوپەیمانێکی ڕاستەقینە بێت، وەک چۆن ڤێتنامی باکوور بۆ نموونە هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی ڤێتنامی باشوور بوو، من لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا، لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و مەسیحییدا، هیچ نەتەوەیەکم نەبینیوە کە ڕۆڵی پشتیوانێکی ڕاستەقینە و مرۆڤدۆستانە و ڕاسەقینەی گەلی کورد بگرێتە ئەستۆ یان بگێڕێت. بەڵکو گەلی کورد دەستی کردووە بە پەیداکردنی هاوسۆزی و پشتیوانی لە جیهاندا لە زۆرێک لە بزاووتە ئیسلامییەکان. لە جیهانی عەرەبی ئێستادا بزاووتی ئیسلامی، بزاووتی کۆمۆنیستی تا ڕادەیەک، بزاووتی ناسڕی و ئەو بزاووتانەی کە ئاڵای ڕزگاری و دیموکراسییان هەڵگرتووە، هاوسۆزی ئێمەن. بەڵام دەبوایە بزاووتی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە ڕیزی پێشەوەی داکۆکیکار و پێشەنگ و هێزی پشتیوانی ڕاستەقینەی گەلی کورد بێت، چونکە گەلی کورد گەلێکی موسڵمانە کە قوربانییەکی زۆری بۆ ئیسلام داوە و ئێستاش بەهۆی ئیسلامیەکەی و ڕۆڵییان لە ئیسلامدا ئازار دەچێژن. ڕق و کینەی زایۆنیستی عەفلەقی، ڕق و کینە عەفلەقیەی کە بووە هۆی شەڕی قڕکردن لە دژی گەلی کورد، لە حەقیقەتدا نوێبوونەوەی شەڕی خاچپەرستەکانە لە دژی گەلی کورد، تۆڵەسەندنەوەیە لە گەلی سەلاحەددین کە لە دژی لەشکرکێشی و هەڵمەتی خاچپەرستان شەڕیان کرد. خاچپەرستە نوێیەکان وەک میشێل عەفلەق و داروودەستەکەی بە ناوی عەرەبایەتییەوە دژن و تۆڵە لە گەلی کورد دەکەنەوە بەهۆی ڕۆڵی بەرگریکردنیان لە ئیسلام و جیهانی ئیسلامیش متەقی لێوەنایەت و هەندێک جار چەپڵەش لێدەدەن و پشتیوانی ئەو تاوانانە دەکەن کە بەرامبەر گەلی کورد ئەنجام دەدرێن. ئەو تاوانە ترسناکانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرا لە هەڵەبجە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی موسڵمانانی کورد بوو. مرۆڤ چۆن بێدەنگیی بزاووتە ئیسلامییەکان و ولاتانی ئیسلامی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی جیهان لە بەرامبەر ئەم تاوانە ترسناکە لە جیهاندا قبوڵ بکات یان ڕوون بکاتەوە؟ دەکرێ چی بگوترێ؟ بۆ نموونە کۆمەڵێک ولات هەن کە بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکەن. پاکستان بە فەرمی

ولاتێکی ئیسلامییە، سعودیەش ولاتێکی ئیسلامییە. ئەم ولاتانە لەبری ئەوەی پشتیوانی گەلی کورد بکەن، بە پارە و چەک و کەرەستەی قڕکردنی گەلی کورد پاڵپشتی حکومەتی عێراقیان کرد. ئایا ئەم هەڵوێستە پێچەوانەی ئەحکام و بنەماکانی ئیسلام نییە؟!

ئەلنەفیر: کەواتە گەلی کورد بە تەنیا ماوەتەوە وپشت بە خۆی دەبەستێت. ئایا شێوازێک هەیە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی عێراق؟ وە ئەو بنەمایە چییە کە لەسەری بنیات بنرێت؟

تاڵەبانی: باوەڕم بەوە نییە گەلی کورد تەنیا بێت. باوەڕم وایە گەلی کورد دۆستێکی زۆری بەدەستهێناوە. پرسیارەکەت لەسەر ولاتان بوو، منیش وتم یەک ولات نییە. نەمگوت دۆستی گەلی کورد نییە. من باوەڕم وایە کۆمەڵێک ڕێکخراوی ئیسلامی و عەلمانی هەن کە پشتیوانی گەلی کورد دەکەن. لە دونیای عەرەبیدا باسی ئەو بزاوتە ئیسلامی و کۆمۆنیستی و ناسڕی و بزاوتی دیکەم بۆ ئێوە کرد کە پشتیوانی گەلی کورد دەکەن. لە ئەوروپا چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی و حزبی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیستی و سەوز و دیموکرات و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ هەن کە هەموویان هاوسۆزی گەلی کورد و دۆزی دادپەروەرانەکەی کوردن. کەواتە گەلی کورد تەنیا نییە بەو مانایەی کە کەس دەنگی بەرز ناکاتەوە بۆ بەرگریکردن لێیان، بەڵکو گەلی کورد هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی لە نێو گەلاندا نییە. ئەمەیە کە من لەگەڵیدا هاوڕام. بۆیە دەبێت گەلی کورد پشت بەخۆی ببەستێت و ئەمەش لە کرۆکی ئەحکامەکانی ئیسلامدایە، (قل اعملوا فسیری الله عملکم)[٤٦] ئیسلام نەیگوت چاوەڕێ بکە وەک خەڵکی موسا پێیان وت (اذهب انت و ربک فقاتلا انا ها هنا قاعدون).[٤٧] ئیسلام ئەمە ڕەتدەکاتەوە. ئیسلام دەڵێت: (لیس للانسان الا ما سعی).[٤٨] کەواتە، گەلی کورد جگە لەوەی خەباتی بۆ دەکات، هیچی تری نییە، جگە لەوەی کە تێدەکۆشێت، هیچی تری نییە. کەواتە، گەلی کورد دەبێت تێکۆشان و خەبات و کار بکات و خوای گەورە کارەکانیان دەبینێت ان شاءالله. کەواتە، لێرەدا پێویستمان بە جێبەجێکردنی پرنسیپێکە، کە پرنسیپی پشت بەخۆبەستنە، پرنسیپی پشتبەستن بە هێزی خود، کە پرنسیپێکی ئیسلامیشە. لە ئیسلامدا باسی لێوە کراوە و قورئانی پیرۆز بۆ هەموو

٤٦- سورەتی تەوبە، ئایەتی ١٠٥.دەسا وەکار کەون ، کاری ئێوە بە زووێکی لای خودا دەبینرێ. (ئامادەکار).

٤٧- سورەتی مائیدە، ئایەتی ٢٤.ئەوا خۆت و پەروەردت بچن دەگژیان ڕابچن و چاریان بکەن، ئەوا ئێمە لێرە دانیشتوین و چاوەنۆڕین. (ئامادەکار).

٤٨- سورەتی النجم، ئایەتی ٣٩.مرۆ بۆخۆی خەبات نەکا هیچ پاداشتێکی پێ ناگا. (ئامادەکار).

گەلێک و هەموو تاکێک و هەموو گروپێک یەکلایی کردووەتەوە. کەواتە ئێمە وەک گەلی کورد پێویستە ڕیزەکانمان یەکبخەین و وزەی خۆمان کۆبکەینەوە و سوود لە هەموو هێزە باشەکانی کورد کە لەسەر گۆڕەپانەکە ئامادەن، بە تایبەت لە قۆناغی بەرگریکردن لە بوون و مافەکانی گەلی کورد کە ئێستا پێیدا تێدەپەڕین، وەربگرین.

شێوازەکانی یەکخستنی هەوڵەکان

سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش پێموایە گەلی عێراق کە لە دوو گەلی سەرەکی عەرەب و کورد پێکهاتووە، هەروەها هێزی زۆریان هەیە کە لە دژی حوکمڕانی دیکتاتۆری عەفلەقی تاوانبار لە عێراق خەبات دەکەن. ئەم هێزانەی ئۆپۆزسیۆن دەبێ یەکبگرن. ئەگەر ناتوانن لە بەرەیەکدا یەکبگرن، ئەوا با لە شێوەی هاوکاری، لە شێوەی یەکێتیی، لە شێوەی میساقی کاردا یەکبگرن. با لانیکەم لەسەر خاڵێک یەکبگرن، ئەویش خاڵی ڕزگارکردنی عێراقە لە دیکتاتۆرییەت و ئەو شەڕە تاوانکارییەی کە سەدام حوسێن ناوی لێناوە قادسیە، کە ئێمە پێی دەڵێین قادسیەی سەدامی تاوانبار و نەگبەت.

ئەلنەفیر: ڕای ئێوە چییە لەسەر ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کە بنکەکەی لە ئێرانە؟ وەک شێوازێک کە مەبەست لێی یەکخستنی هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆنە لە عێراق؟

تاڵەبانی: ئێمە پێمان وایە ئۆپۆزسیۆنی عێراق پێویستی بەشێوازێکی تری جیا لە شێوازی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق هەیە. ئێمە ڕێز لەو برایانە دەگرین کە لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیدا کاردەکەن، شانازی بە تێکۆشانەکانیان دەکەین، ڕۆڵیان بە نرخ و بەرز دەنرخێنین، هەروەها بە ڕێزەوە سەر دادەنەوێنین لـە بەردەم شەهیدەکانیان و قوربانییە گەورەکانیان، بە تایبەت قوربانیی شەهید محەمەد باقر ئەلسەدر و قوربانیدانی شەهیدانی بە شەرەفی بنەماڵەی ئەلحەکیم،کە لە قوربانگای ئازادی و ڕزگاری عێراقدا چەندین قوربانییان پێشکەش کرد.

بەڵام ئێمە پێمان وایە شێوازی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی وەک چوارچێوەیەکی هەمەلایەنە بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق ناگونجێت. ئێمە پێمان وایە کە بەرەیەکی هەمەلایەنە، یان هاوکاری، شێوازی گونجاوە، یان بابڵێین وشەی هاوکاری وەک ئەوەی کرێکارانی پۆڵەندی بەکاریان دەهێنا. هەروەها کار بکەین بۆ سود وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی تر، بۆ نموونە لە شێوەی هاوکاری، یەکێتییەک، یان کۆمەڵەیەک کە

هەموو هێز و لایەنەکان کۆبکاتەوە، بەبێ هەڵاوێردنی هیچ هێزێک و یە کخستنی هەموو لایەک و کۆکردنەوەی هەموو وزەکان لە خە بات بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت و جەنگ.

هەڵوێست لە بزووتنەوەی ئیسلامی

ئەلنەفیر: بزووتنەوەی ئیسلامی چەکدار هێزێکی نوێیە لەسەر گۆڕەپانی کوردستان. چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟

تاڵەبانی: بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بە ڕابەرایەتی هاوڕێ و برامان شێخ عوسمان، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هاوپەیمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. یەکێتیی لە سەرەتادا هاوکار بوو لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە، کاتێکیش ناوچەی ئازادکراوی فراوان لە ژێر دەسەڵاتمان بوو، ناوچەیەک کە خەڵکی بتوانن تێیدا نیشتەجێبن، لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە گەیشتن بە ڕێککەوتن و ڕازی بووین بە هاتنی چەکدارەکانیان بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانمان، ئیمکاناتی پێویستمان بۆ دابین کردن. ئێمە ڕێککەوتنێکی پتەو و تۆکمەمان لەگەڵ سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە هەیە، لەسەرویانەوە برای بەڕێزمان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، بەگشتی لە ڕووی پرنسیپ و دیدگای ستراتیژییەوە. ئێمە پێمان وایە پەیوەندی نێوان یەکێتیی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەبێ پتەو و تۆکمە و فراوان بێت. بەڵام ڕەنگە هەندێک جار لە ناو بزووتنەوە یان یەکێتییدا کەسانێک هەبن کە بە جۆرێک لە گرژی و نابەرپرسیارێتی، یان دەمارگیرانە مامەڵە بکەن. لێرەدا ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆم لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ لە مێژووی کورددا باس بکەم. ئەو کوردانەی دڵسۆزی گەل و نیشتمان و جەماوەری گەلەکەیانن، نابێ ڕاستییە مێژوویییەکانی خەباتی گەلی کورد لەبیربکەن. خەباتی ڕزگاریخوازی دادپەروەرانەی گەلی کورد بەوە جیا دەکرێتەوە کە سەرەتا لە حوجرەکان و لەسەر دەستی کەسایەتییە ئایینییە بەڕێزەکانی کورد سەری هەڵداوە. بزووتنەوەی فیکری و ئەدەبی کوردی لە کوێوە دەستی پێکرد؟ بەناوبانگترین شاعیر و نووسەرانی نەمری کورد کێن، ئەحمەد خانی؟ ئەحمەد خانی کێ بوو؟ کەسایەتییەکی ئایینی و زانا و مامۆستا و پێشنوێژی مزگەوت بوو. حاجی قادر کۆیی.

– حاجی قادر کۆیی چی بوو؟ مەولەوی، نالی و ژمارەیەکی زۆری تر. هەموو ئەوانەی خزمەتیان بە ئەدەبی کوردی و ڕێنێسانسی کورد کرد و وایان لە گەلی کورد کرد لە ماف و بوون و داواکارییەکانی تێبگات، لە کوێوە دەستیان پێکرد؟ لە کوێ سەریان هەڵدا؟ ئەوان

لە حوجرەی مزگەوتەکانەوە دەرچوون و وەک کەسایەتی ئایینی دەستیان پێکرد، وەک ڕۆشنگەری ئایینی لەناو خەڵکدا کاریان دەکرد. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد. سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە کێبوون؟ شێخ عوبەیدوڵڵا نەهــری. عوبەیدوڵڵای نەهری کێ بوو؟ شێخ سەعید، شێخ عەبدولقادر، هەموویان کەسایەتی ئایینی بوون. بەهەمان شێوە قازی محەممەدی نەمر، سەرۆکی یەکەم کۆماری کوردی، شێخ و کەسایەتییەکی ئایینی بوو، هەروەک چۆن مەلا مستەفا بارزانی نەمریش مەلا بوو. کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد نابێ ئەم ڕاستییە لەبیر بکەن: کاتێک بزووتنەوەی دژی نادادپەروەری و ستەمکاری لە کوردستان دەستی پێکرد، وەک دوو لاشە لەسەر دوو قاچ دەستیان کرد بە ڕۆیشتن، لەسەر دوو خاڵ ڕۆیشتن: خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و هزری ئیسلامی. هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ئەم ڕاستییە مێژوویی پشتگوێ بخات، ڕەگ و ڕیشەی دەپڕدرێت، ڕەگ و ڕیشەی خۆی. هەر بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و عەلمانی کورد کە نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات، بناغەیەکی مێژوویی خەباتی کوردیش لە ڕەگەوە هەڵدەپڕێت و دەپچڕێنێت. ئەمە حەقیقەتێکی بابەتییە، نەک شتێک کە من دامهێنابێت، یان ئێوە هەڵتان بەستبێت، نە تەنیا لەلایەن شێخێک لە شێخە تێکۆشەرە کوردەکانی وەک شێخ عوسمانەوە گوتراوە. بەڵکو ڕاستییەکی مێژوویییە، لە مێژووی کورددا بوونی هەیە، بە خوێن ئاودراوە و نووسراوەتەوە. بۆیە نابێ ئەم حەقیقەتە فەرامۆش بکرێت. سەبارەت بە هەندێ مەسەلە هەندێک جار، کەسێک دێتە پێشەوە و دەڵێت ئیسلام باوەڕی بە نەتەوە نییە. من پێم وایە ئەمە پێچەوانەی ئیسلامە چونکە ئیسلام دەڵێت (وجعلناکم شعوبا وقبائل). ڕاستە ئیسلام باوەڕی بە هەندێ لەو بیرۆکە نەتەوەییانە نییە کە سەریان هەڵداوە، ئەوانیش فەناتیزم. شۆڤێنیزم و جیاکارییە، بەڵام ئیسلام نکۆڵی لە بوونی گەلان ناکات، بەڵکو لە ئایەتێکی پیرۆزدا باسیان دەکات. جگە لەوەش ئیسلام کولتوورەکانی گەلانی موسڵمانی زیندوو کردەوە. سەیری عەرەب بکەن، کێ جگە لە ئیسلام زمانی عەرەبی زیندوو کردەوە و پاراستی؟ ئەگەر قورئان بە عەرەبی نەبوایە چارەنووسی نەتەوەی عەرەب یان زمانی عەرەبی چی دەبوو؟ هەندێک جار بە ناوی ئومەمیەتەوە- ئومەمیەتی کۆمۆنیستی، ئومەمیەتی ئیسلامی، یان ئومەمیەتی سۆسیالیستی- هــەندێک کەس دێن و نکۆڵی حەقیقەتە ئیسلامییەکان دەکەن، نکۆڵی بناغە و پێکهاتە و توخمەکانی دەکەن. بۆ نموونە بزاووتی ئیسلامی بەڕاستی بزاووتێکی

ئومەمیانەیە (لافرق بین عربی واعجمی الا بالتقوی) [٤٩] (إن اکرمکم عند الله اتقاکم) [٥٠] ئیسلام هەموو کەسێک دەگرێتەوە: ڕەش، سپی، زەرد، سوور، ڕەنگ گەنمی، قاوەیی، کورد، تورک، عەرەب، فارس، ئەفریقی، ئاسیایی و تاد. بەڵام ئیسلام نکۆڵی لە بنەچەی ئەو گەلانە ناکات، نکۆڵی لە بوونیان، نکۆڵی لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیان ناکات. کەواتە هەندێکجار هەندێ لە تێنەگەیشتن یان خراپ بەکارهێنانی هەندێک ڕاستی هەیە بە بیانووی ئەوەی ئیسلام ئومەمییە، هەربۆیە ڕێگەپێدراو نییە باس لە ناڕەزایەتییەکانی کورد یان تورک بکرێت. ئەمە پێچەوانەی ئیسلامە. ئیسلام دەفەرموێت جیهانێک لە یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان موسڵماناندا دروست بکەین، هەروەها دەبێ جیهانی برایەتی و یەکسانی بێت، نەک وەک هەندێک دەوڵەتانی ئیسلامی دەیکەن. بە تێڕوانینی ئێمە دەوڵەتانی ئیسلامی ئیسلامەتییان جێبەجێ نەکردووە. بۆیە ئەو چارەسەرانەی بەناوی ئیسلامەوە پێشکەشی کێشەکانیان کردووە، شکستخواردوو بووە. ئێستا پێویستە و دەبێ بزاووتی ئیسلامی شۆڕشگێڕ لە جیهاندا چارەسەری ڕاستەقینە بۆ کێشەکان پێشکەش بکات تا بتوانێت ڕەزامەندی خودا و ڕەزامەندی خەڵک بەدەست بهێنێت. ئەمە لە کرۆکی ئیسلامدایە. بەبێ ئەم چارەسەرە، بزاووتی ئیسلامی سەرکەوتوو نابێت، هەروەک چۆن بزاووتی کۆمۆنیستی لە عێراق و ئێران و تورکیا و شوێنەکانی دیکە سەرکەوتوو نەبوو. ئەگەر بزاووتی ئیسلامی لەسەر بنەمای ڕەسەن نەبێت و ڕێز لە خواستی خەڵک نەگرێت، کە لە ئیرادە و خواستی خوداوەیە، ئەوا سەرکەوتوو نابێت و ناگاتە ئامانجەکانی و بە هیچ شێوەیەک ئیسلامی ڕاستەقینە نابێت. بۆ ئەوەی بەڕاستی ئیسلامی بیت، بەس نییە تەنها دروشمی ئیسلام بەرز بکەیتەوە و ئیدیعا بکەیت و ڕیشێکی درێژ وەک ئەوەی بەڕێزت بەردەیتەوە و نوێژ بکەیت. ئەمە بەس نییە. پەیوەندی بە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیسلام و کرۆکی ئیسلامەوە هەیە. پابەندبوونە بە ئەتەکێت و بەها و ئەحکام و ڕەفتارەوە هەموو ئەمانە یەکێکن لە پێداویستییەکانی کرداری ئیسلامی ڕاستەقینە.

---

٤٩ – فەرمودەی پێغەمبەر د . خ . (ئامادەکار).

٥٠– سورەتی حوجورات ئایەتی ١٣. بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترەکانتانن. (ئامادەکار).

تیۆری چەپکە گوڵ

ئەلنەفیر: دوای ئەم دۆخە سیاسییە ئاڵۆزە ئایا پێت وایە دەرفەتێک بۆ چارەسەری سیاسییانە بۆ پرسی کورد لە سەر بنەمای دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبێت؟

تاڵەبانی: من یەکێکم لەوانەی باوەڕم بە چەمکێک هەیە کە من پێی دەڵێم چەپکە گوڵ هەروەک چۆن چەپکێک لە گوڵی جۆراوجۆر جوانترە لە یەک گوڵ لەناو گوڵدان دانرابێت، بە هەمان شێوەش دەبێت لەم سەردەمەدا چەندین ڕێگە و چارەسەر لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە خەبات یەک ئوسلوب نییە؛ جیهاد یان خەبات بە یەک ئوسلوب نییە، هەروەها هەمووی خەباتی چەکداری نییە. خەبات خەباتی فیکری، ئایدیۆلۆژی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هونەری، ژیاری و چەکداری لەخۆدەگرێت. بە هەمان شێوە چارەسەر بۆ ئەم پرسە هاوچەرخانە یەک چارەسەر نییە، یەک شێوازی نییە. هەمیشە چارەسەری سەربازی و سیاسی و ئاشتیانە نییە. پێویستە هەموو گریمانەکان لەبەرچاو بگرین. بە بڕوای من چارەسەری سیاسی گشتگیرترین و باشترین و نموونەیی ترینە. بەڵام ئایا ئەم چارەسەرە سیاسییە لەگەڵ دەسەڵاتێکی فاشیستی کە نەتوانێت کێشەکان لەگەڵ کوردەکەی خۆی چارەسەر بکات، دەکرێت؟ لەگەڵ سەرکردەیەکی (دیکتاتۆر) کە نەتوانێت کێشەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی هاوبەشی ژیانی و کوڕەکەی و براکەی و برازاکەی و خاڵۆزاکەی و برای خێزانەکەی چارەسەر بکات؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت کێشەکەی لەگەڵ دیکتاتۆرێکی وەها بێباک چارەسەر بکات؟ پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونەش نکۆڵی لە ڕەوایەتی و گرنگی چارەسەری سیاسی ناکات. چارەسەری سیاسی چارەسەری قبوڵکراوی نێودەوڵەتییە، بۆیە ناتوانین چارەسەری سیاسی ڕەت بکەینەوە. بۆ نموونە ناتوانین بڵێین ئێمە دیالۆگ یان دانوستان وەک بنەمایەکی ڕەها ڕەتدەکەینەوە، یان چارەسەری سیاسی ڕەتدەکەینەوە. تەنانەت پێغەمبەریش درود و سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت، ڕەتی نەکردەوە دانوستان لەگەڵ موشریک و مەسیحی و جولەکە و ئەوانی تردا نەکات کاتێک بارودۆخ پێویستی پێی بوو. ئایەتەکە دابەزی: (لکم دینکم ولی دین)[٥١] بەڵام کاتێک بارودۆخی تر هاتە پێشەوە، لەپێناو ئیسلامدا شەڕی لەگەڵ موشریکەکان و ئەوانی تریش کرد، وە نە دیالۆگ و نە دانوستانیشی ڕەتەکردەوە. کەواتە ناتوانین لە یەک فۆرمدا چەق بەستووبین بەوەی بۆ نموونە بڵێین ئێمە چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە و دانوستان ڕەتەکەینەوە و تەنها چارەسەری

٥١- سورەتی کافیروون، ئایەتی ٦.دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە. (ئامادەکار).

سەربازی قبوڵ دەکەین. ئێمە خەبات دەکەین. خەباتی سیاسی، خەباتی سەربازی، خەباتی هزری، خەباتی ئابووری، خەباتی میدیایی و تاد... هەر چارەسەرێکیش قبوڵ دەکەین، کە ئەگەر هـەلومەرجێکی گونجاو هـاتە ئاراوە کـە تێیدا چارەسەرێکی سیاسی دادپەروەرانە و ئاشتیانە بۆ پرسی کورد بەدی بهێنێ، ئەوا بەخێرهاتنی لێدەکەین. کێ هەیە ئاشتییەکی دادپەروەرانە ڕەتکاتەوە، ئیسلام بە (سەلام وعەلێک) دەست پێدەکات. بەڵام ئێستا ئێمە پێمان وایە کەسێکی وەک سەدام حسێن بە پاشخان و ڕەفتار و سروشت و بیرۆکەکانی و دیکتاتۆریەتە تاکڕەوانەکەی گوناهباڕە، هەموو ئەمانە بەربەستێکی گەورە و نزیک لە مەحاڵ، یان تەنانەت مەحاڵ، لە بەردەم هەر چارەسەرێکی سیاسی لەگەڵ کەسێکی لەو جۆرە پێکدەهێنن. بەڵام سەدام حوسێنیش وەک ستەمکار و تاوانبارانی دیکە، قابیلی ڕۆیشتن و ڕووخاندن و مردنە. گۆڕستانەکان پڕن لە لاشەی ئەو کەسانەی کە پێیان وابوو بەبێ فەرمانی ئەوان خۆر هەڵنایەت، بەبێ فەرمانی ئەوان دونیا ناجووڵێت تەنها بە فەرمانی ئەوان نەبێت. ئێستا لە کوێن؟ ستەمکاران لە کوێن...؟

کێشەی عێراق و چارەسەری نموونەیی

ئەلنەفیر: بەسەرنجدان لە نەخشەی ئاڵۆزی سیاسی و نیشتمانیی و ئایینی عێراق، تێڕوانینی ئێوە بۆ چارەسەری نموونەیی بۆ پرسی عێراق چییە؟

تاڵەبانی: ئێمە پێمان وایە چارەسەری نموونەیی بۆ کێشەی عێراق،

یەکەم: ڕزگارکردنی عێراقە لە دیکتاتۆرییەت و کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرەکانی دیکتاتۆریەت و سەرکوت و ستەمکاری و نادادپەروەری و زۆرداری و گەیشتن بەو شتەی کە ئیسلام پێی دەڵێت شورا (ڕاوێژکاری) و ئەوەی سەردەمی مۆدێرن پێی دەڵێ دیموکراسی. بەدیهێنانی حوکمڕانییەکی شورایی ڕاستەقینە، حوکمڕانییەکی دیموکراسی ڕاستەقینە، کە خەڵک بەڕاستی بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بکات بە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا و دەوڵەتمەدارەکانی، هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان ، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە لەلایەن هاوڵاتیانی خۆیاوە بەڕێوە بچێت.

دووەم: داننان بە بوونی گەلی کورد وەک گەلێکی موسڵمان لەناو ئوممەی ئیسلامیدا نەک تەنها وەک پاژێک لە نەتەوەیەکی تر لەناو ئوممەی ئیسلامیدا. دەرەنجام، حوکمڕانی لە عێراقدا دەبێت لەسەر بنەمای یەکسانییەکی تەواو لە نێوان عەرەب و کورد و لە نێوان هەردوو گەلەکەدا بێت، کە یەکسانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری، نەتەوەیی و نیشتمانیی تاد.. یەکسانییەکی ڕاستەقینە نێوان هەردوو گەل بگرێتەوە.

ئەلنەفیر: تەنانەت ئەگەر لە ژێر دەسەلاتی یەک نەتەوە و یەک دەوڵەتیش بێت؟

تاڵەبانی: من پێموایە لەم هەلومەرجەدا پێویستە لەسایەی یەک دەوڵەتدا بێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی تێکەڵاو بێت کە نەتەوەی عەرەب بەڕێوەی ببات. بەڵکو دەوڵەتێکی یەکگرتووی عێراقی بێت، بە مانای دەوڵەتێکی عێراقی فیدراڵی بێت، کە حکومەت لە دەستی خەڵکدا بێت، لە ڕێگەی نوێنەرە ڕاستەقینەکانیانەوە، یەکسانییەکی تەواو تێدا بەدی بهێنرێت. من پێم وایە ئەمە شێوازێکی نموونەییە بۆ دۆخی ئێستای عێراق. هەروەها پێمان وایە عێراقیش وەک ئیران دەتوانێت ناوەندێکی ڕاکێشان و کۆکردنەوە و هێز و یەکخستن بێت بۆ جیهانی ئیسلامی. هەروەها عێراق دوو گەلی سەرەکی لەخۆدەگرێت: گەلی عەرەب و گەلی کورد. گەلی کورد لە دەرەوەی عێراق درێژکراوەی هەیە، گەلی عەرەبیش لە دەرەوەی عێراق درێژکراوەی هەیە. ئەگەر سیستەم لە عێراق دادپەروەری و ڕاوێژکاری و دیموکراسی بێت و ماف و ئازادی بۆ هاوڵاتیان دابین بکات و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و ڕزگاری بۆ خە ڵک بە دەست بهێنێت، ئەوا عێراق دەتوانێت ناوەندی ڕاکێشان و یەکگرتوویی بێت، نەک ناوەندی دابەشبوون و پارچە پارچەیی، بەڵکو هۆکارێک بێت بۆ یەکخستن و یەکگرتوویی.

ئەلنەفیر: بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق پێشنیاری چارەسەرێکی ئیسلامی گشتگیر بۆ ئەو کێشەیە دەکات، کە تێیدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا یەکسان دەبن، لەگەڵ ئازادییەکی هەمەلایەنە بۆ ڕەوتەکانی دیکەی ناو بازنەی ئیسلام. هەڵوێستت چییە لەسەر ئەمە؟

تاڵەبانی: هەروەک پێم وتیت پەیوەندیمان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا باشە. بێگومان لەسەر زۆر خاڵ هاوڕاین کە لە بەیاننامە هاوبەشەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دەرکەوتووە. لەم بەیاننامە هاوبەشانەدا داوای زۆر شتمان کردوە و لەو داواکاریانەش کە پێکەوە خەبات دەکەین بۆ بەدەستهێنانی. بێگومان ئێمە ناکۆکیمان هەیە و لێکدانەوەی جیاوازیش هەیە لە نێوان ئێمە و براکانمان لە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق. بۆ نموونە ئێمە باوەڕمان بەوە نییە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە یەکەوە کۆبکرێنەوە. ئێمە پێمان وایە چین و توێژ لە کۆمەڵگادا هەن کە خیانەتیان لێکردووین. بۆ نموونە لە کوردستانی عێراقدا ئێمە پێمان وایە چینی دەرەبەگ خیانەتیان لە گەلی کورد کرد و بوون بە سەرۆک جاش و فرسان، لە کاتێکدا چینی جووتیار بۆ بەرگریکردن لە ماف و بوونی گەل بە ئازایەتی بەرگری کرد. بۆیە ئێمە لەگەڵ

چینی جووتیار و دژی چینە دەرەبەگەکان وەستاوین، هەرچەندە چینی دەرەبەگیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە موسلمانن. ئێمە پێمان وایە کە هەروەها لەمەش درۆ دەکەن. بۆیە ئێمە پێمان وایە، جگە لە مافە ئیسلامییەکان، پێویستە هەندێک چاکسازی بنەڕەتی جێبەجێ بکرێن، وەک چاکسازی کشتوکاڵی، چاکسازی ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە پەیوەندییە کۆنینە دەرەبەگی و خێڵەکیانەی، کە گەلی کورد پێیەوە کۆت و بەند کراوە و بۆتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندن و ئازادیدا.

ئێمە پێمان وایە لەم سەردەمەدا، وەک ئاماژەم پێدا، لەسایەی ئەم بارودۆخە نێودەوڵەتی و ناوخۆییە ئاڵۆزەدا، ناتوانیت کێشەکان بۆ یەک چارەسەر کورت بکەیتەوە. پێویستە تیۆری چەپکە گوڵ ڕەچاو بکەین، ئەم چەپکە گوڵە وەربگرین. کە گوڵی ئیسلامی، گوڵی مۆدێرن و گوڵی فلانی تاد، هەموو ئەم گوڵانە لە چوارچێوەی هەمان چەپکە گوڵدا بوونیان هەیە. زۆرێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو کێشە کۆمەڵایەتی و سیڤیلیەکان، تەنیا لە ڕێگەی چارەسەری ئیسلامییەوە نەبێت، چارەسەر ناکرێن. ئێمە وەک گەلێکی موسڵمان ناتوانین ئەم هەموو مەسەلانە لەبەرچاو نەگرین. بۆ نموونە لەگەڵ براکانمان لە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق گەیشتینە ڕێککەوتن، کەی؟ پێش ڕزگارکردنی کوردستان، کە ناوچە ئازادکراوەکان ئەو یاسا سیڤیلیەی باڵی بەسەردا کێشاوە بریتییە لە یاسای ئیسلامی، داوامان لێکردن لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا دادوەر بن. ئێمە لە لێواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە بووین کاتێک شەڕی ئیران و عێراق کۆتایی هات و هێزەکانی عێراق بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان کەوتنە هێرش و پەلاماردان. بەڵام ئێمە پێمان وایە پرسەکانی عێراق ئەوەندە ئاڵۆزن کە ناتوانرێت لە یەک چوارچێوەدا قەتیس بکرێن.

موسڵمانان بۆچی بێدەنگی؟

ئەلنەفیر: ئێوە فەرموتان کە بزاووتە ئیسلامییەکان ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان لە سەرکۆنەکردنی تاوانەکانی بەعس دژی گەلی کورد نەبینیوە. ئایا هۆکاری بێدەنگیان مەیلی حزبە کوردییەکان بۆ سۆسیالیستی و چەپگەرایی نەبوو؟

تاڵەبانی: نەخێر، من باوەڕم وایە هۆکارەکەی کەمترخەمییە لە لایەنی ئەو بزاووتە ئیسلامیانە. بێجگە لەو حزبانە، بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لە کوردستان هەیە، دەبووا پشتیوانی ئەم بزووتنەوەیەیان بکردایە. پێویست ناکات بزاووتە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا

پشتگیری لە لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق بکەن. لانی کەم دەبوایە پشتیوانی خەباتی گەلی کورد و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بکەن. بۆیە هەموو ئەمانە بیانوو و درۆ و ئیدیعا و هەڵبەستراون بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کەمتەرخەمی و جێبەجێنەکردنی ئەرکی خۆیان. بۆ نموونە هەمان شت لە لایەن ئۆردوگای ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵاتییەوە پێت دەوترێت: چونکە تۆ سۆسیالیزم قبوڵ ناکەیت، ولاتانی سۆسیالیستیش تۆیان ناوێت و بە هۆی ئەوەی، تۆ دۆستی یەکێتیی سۆڤێتیت و دوژمنایەتی یەکێتیی سۆڤێت ناکەیت، بۆیە ڕۆژئاوا دژی تۆ دەبێت. ئەمانە هەمووی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەن. کێشەی کورد کێشەیەکی ڕەوایە...کێشەی گەلێکی موسڵمانە. پێویستە هەموو موسڵمانێک پشتگیری ئەم کێشەیە بکات، بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ ئامادەیە. ئایا هیچ گەلێکی موسڵمان هەیە کە ئەم بزاووتانەی تێدا نەبێ؟ ئایا دەتوانن گەلێکی موسڵمانم پیشانبدەن لە دونیادا کە لە ڕیزەکانیدا حزبی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی و بزووتنەوەیەکی چەپگەرای لە لا خۆی نەبێت؟ ئەگەر ئەمە هۆکارەکەی بێت، ئەوا نابێت کەس پشتیوانی هیچ کام لە گەلانی موسڵمان بکات. میسر وەک نموونە وەربگرە. لە میسریش حزبێکی کۆمۆنیستی و حزبێکی ئیسلامی و حزبێکی ناسڕی هەیە. عێراق، سوریا، یان هەر ولاتێکی تر وەربگرن، حزبی بەعسی و ناسڕی و حزبی شیوعی تێدا دەدۆزیتەوە. بۆچی سەدان زانای موسڵمان بە دیناری بەردەستی سەدام حوسێن لە بەغدا کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی فەتوای پشتیوانی لێبکەن؟ ئایا ئەو بەعسی و حزبی و سەرکردەکەی مەسیحی نەبوو؟ بەگوێرەی حوکم و دەقی قورئان دروست نییە جولەکەیەک یان مەسیحیەک حوکمڕانی بەسەرماندا بکات. کەواتە بۆ پشتگیری گەلی کورد ناکەن؟ با پشتگیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەکەن، با پشتگیری حزبی سۆسیالیستی کوردستان نەکەن، با پشتگیری بزووتنەوەی ئیسلامی بکەن لە کوردستانی عێراق.

پرسیارێکی سەرسوڕهێنەر

ئەلنەفیر: ئایا شانازی بە ئیسلامەکەتەوە دەکەیت؟

تاڵەبانی: بە پێکەنینەوە وەڵام دەداتەوە، وەک ئەوەی بەو پرسیارە سەری سوڕمابێت: بێگومان ئەوە پرسیارە کابرا؟

یەکەم: ئیسلام ئایینی گەلەکەمان و ئایینی ئێمەشە. لەبیرت نەچێت کە من لە بنەماڵەیەکی ئایینیم. پاشان، لەبیرت نەچێت کە ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی لە میژووی کورددا هەبووە. من

وەک موسڵمانێک و وەک کوردێک شانازی بە ئیسلامەوە دەکەم، نەک هەر وەک موسڵمانێک، بەڵکو وەک کوردێکیش، چونکە گەلی کورد، گرنگترین شانازی گەلی کورد ئیسلامەکەیەتی، هەروەها گرنگترین دەستکەوتە مێژوویییەکانی گەلی کورد ئیسلامین، گرنگترین شانازیش بەشداریییە ئیسلامییەکانیەتی. بە هەمان شێوە ئیسلام ئایینی گەلەکەمانە. ئێمە خەبات بۆ گەلەکەمان دەکەین، بۆیە هۆکار زۆرن بۆ شانازبوونم بە ئیسلامەکەمانەوە، موسڵمانم، کوردم، خەباتم کردووە بۆ گەلەکەم، و لە دوا ساڵەکانی تەمەن دام، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەم ڕۆژانەدا، لەم قۆناغەی تەمەندا، دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی.

ئەلنەفیر: لە کۆتایی دیدارەکەماندا سوپاسی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین.

تاڵەبانی: سوپاس، و هیوادارم تەواوی چاوپێکەوتنەکە بڵاوبکەیتەوە.[٥٢]

٥٢ – بڵاوکراوەی (النفیر) لە لایەن ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بە زمانی عەرەبی لە پاکستان، ١٩٨٨–١٩٩٢ دەرچووە. بەشی یەکەمی چاوپێکەوتنەکە لە ژمارە ٦ کە لە مانگی ئابی ١٩٩٠ دەرچووە و بەشی دووەم لە ژمارە ٧ کە لە شوباتی ١٩٩١ دەرچووە بڵاوکراوەتەوە. (ئامادەکار).

جووتیاران پلە و هەڵوێستیان
لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا

شتێکی بەڵگە نەویستە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی هاوچەرخدا، جووتیاران لەشکری سەرەکی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانیی پێک دەهێنن، بەو پێیەی بزووتنەوەی نیشتمانیی لە کۆڕکیدا بزووتنەوەی جووتیارانە، کە زۆرینەی زۆری گەل لەوان پێکهاتووە و بە گشتی دوچاری چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی و ستەمی نەتەوایەتیی و زوڵمی ئیمپریالی دەبنەوە. ئەمەش وادەکات هێزێکی شۆڕشگێڕی سەرەکی بن، بەبێ ئەوان ناتواندرێ جەنگی گەل ئەنجام بدرێ و لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا سەرکەوتن بە دی بهێندرێ. جووتیارەکانن بەشی هەرە زۆری لایەنگر و تاکەکانی سوپای شۆڕشگێڕ بۆ شۆڕش دابین دەکەن، بە ماڵ و زانیاری و پاڵپشتی مەعنەوی هاوکاریان دەبن. لە لادێکانی ئەواندا شەڕ و پێکدادانەکانی شۆڕش بەڕێوە دەچێت و بنکە شۆڕشگێڕییەکان لە لادێ دادەمەزرێن، کە هێزە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەی لە شارەوە دێن پەنای بۆ دەبەن، بۆ درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و کۆکردنەوەی هێزەکانیان و مشتومااڵکردنیان بۆ خۆاڵدان لە شەڕی یەکاڵکەرەوە، لەگەڵیدا لەوکاتەی هێزی پێویستیان نییە، بە مەبەستی پاراستنیان لە هێرش و پەاڵماری درندانەی بە هێزی دوژمن، لە ناو شارەکاندان. هەروەها بۆ گۆڕینی ناوچە دواکەوتوەکانی لادێ، بۆ بنکەی بە هێز و پێشکەوتوو و کردنیان بە قەاڵی پارێزراوی شۆڕش لە بوارەکانی سەربازی و سیاسی و ئابووری و کلتووری، تاکو تیایدا گڕی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کڵپە بستێنێ و بۆ ئەوەی پشت بە بنکە شۆڕشگێڕیە بە هێزەکان ببەستێ لە بەدیهێنانی سەرکەوتن بۆ شۆڕش بە قۆناغ لە ڕێی جەنگی درێژخایەنەوە.

جووتیاران سەرچاوەی هێز و بەردەوامیدانن بە شۆڕشی نیشتمانیی، هەر ئەوانیشن لەگەڵ کرێکاران و بورژوازی بچوک لە شارەکان و ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەکان، بە یەکگرتویی لە تێکۆشانیاندا هێزی بنەرەتی و زەمانەتی ڕاستەقینەی گەورەن، بۆ بە دەست خستنی سەرکەوتن لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا، کە چینی کرێکار بە پێشڕەوە کۆمەاڵیەتیەکەی دادەنرێ.

ئەزموونی گەاڵنی داگیرکراو و نیمچە داگیرکراو لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای التین سەلماندویەتی، حزبی پێشڕەوی ڕاستەقینە، کە گەل بە سەرکردە و ڕابەر قبوڵی دەکات، ئەو

حزبە شۆڕشگێڕەیە کە توانای تێکەڵکردنی بزووتنەوەی جەماوەری جووتیاران، بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ڕێی باوەش گرتن بە تەوژمێکی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی ڕزگاریخواز، تێکەڵ بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جووتیاران بکات، لە ڕێی ڕاپەڕاندن و هوشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتی کردنی جەماوەری زۆر و زەوەندی جووتیاران. ئەم شێوە حزبە پێشڕەوە، کە لە باشترینی توخمە کرێکاری و زەحمەتکێش و ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەکانی خەڵکی شار. تێکەڵە بە جووتیاری هەژار و کرێکاری کشتوکاڵی لە لادێکاندا، پێکهاتووە لە یەکێتیی خەباتی خۆبەخش و هۆشیارانە و ڕێنوێنیکراو بە تیۆری شۆڕشگێڕانەی زانستی، تەنیا ئەوە کە شەرەفی پێشڕەوایەتی لە خەباتی نیشتمانیی و دیموکراسیدا بە دەست هێناوە. هەر ئەویشە بە شکۆوە شایانی ئەوەیە سەرکردایەتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسی بکات. هەر حزبێک گرنگ نییە چەند بە هێزبێت لە شارەکاندا قەرەبووی هەستی نەتەوەیی و ڕەوتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەکاتەوە لە ولاتانی داگیرکراو و نیمچە داگیرکراودا – کە بە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییدا تێدەپەڕن – ڕوو نەکاتە لادێ و تێکەڵ بە زەحمەتکێشانی لادێ نەبێ و سەرکردایەتی خەباتەکەیان نەکات، ناتوانێ کاریگەری لە سەر کۆمەڵدا هەبێ و بەشداریییەکی کارا لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانییدا بکات، وەک حزبێک لە پەراوێزی ژیانی سیاسییدا دەمێنێتەوە چاوەدێری ڕووداوەکان دەبێ و دواتر ڕاڤەی دەکات و شیکاری لە بارەیانەوە بلاودەکاتەوە بەبێ ئەوەی بتوانێ بیگۆڕێ و کاریگەری بە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و پەرەسەندنیەکانییەوە هەبێ. گرتنە دەستی سەرکردایەتیکردن لە بزووتنەوەی دیموکراسی نیشتمانییدا، بە پلەی یەکەم دەوەستێتە سەر سەرکردایەتی کردنی زۆرینەی جەماوەری جووتیاران و کۆکردنەوەی ڕیزەکانییان لە دەوری پێشڕەوە سیاسییەکەی، دووەمیش لە ئامێزگرتنی هەستی پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی و لە ئامێزگرتنی داخوازییە ڕەواکانییان و خەباتکردن لە پێناو ئامانجەکانی، لە ڕزگاری و مافی چارەنووسدا. لینین کاتێ ڕەگەزە سۆسیالستە شۆڕشگێڕەکانی ڕاسپارد، ڕێک مەبەستی ئەوەبوو، ڕوو لە جەماوەری زۆر و زەوەندی جووتیاران بکەن، بۆ هوشیار کردنەوە و ڕێکخستنیان و سەرکردایەتی کردنی خەباتەکەیان، لە ڕێی پشت بەستن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. ئەمەش بۆ ئەنجامدانی خەباتی سەرکەوتوانە دژ بە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی لە پێناو ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسییەتی شۆڕشگێڕانە و پاشان سۆسیالیزم و هاوبەند کردنی جووتیاران بە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا، کە ئەمە هاوبەندییەکی ئۆرگانیکی و چارەنووسسازە.

ئەو نیشتمانەی مەبەستە ڕزگار بکرێت بریتییە لە نیشتمانیی ئەوان بەر لە هەر کەسێک،

زەوییەکانی جووتیاران خەوی پێوە دەبینن و خوازیاری بە مووڵک کردنییانن، تاکو ڕەنێوی بێنن و دایبچێنن. هەروەها زاڵ بوون بە سەر ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی، دوو ئەرکی سەرەکی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراسیین، بە واتای ڕزگارکردنیان لە چەوساندنەوەی کۆنەپەرستانەی دەرەبەگ و ستەمی دڕندانەی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی قێزەونانەی نەتەوەیی. دیموکراسییەتی شۆڕش، کە مانای ئیسلاحی زەراعی و بە دیهێنانی دەسەلاتی نیشتمانیی، کە نوێنەرایەتی گەل بکات، واتای لە ناو بردنی حوکمی دیکتاتۆری ئەلقە لە گوێی ئیمپریالیزم و بە دیهێنانی دەسەلاتی گەلە، کە وزە لە ئیرادەی ئازادانەی گەل وەربگرێت. ئەم دیموکراسییە بە پلەی یەکەم و سەرەکی دیموکراسییەتە بۆ جووتیاران، واتە نەهێشتنی دەرەبەگایەتی و نادادپەروەری و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و دابەشکردنی زەوی و زارەکان بە سەر جووتیاران و ڕزگارکردنیان لە سەرانە سەندن و ئیستغلالکردنی دەرەبەگایەتی چاوچنۆکانە و هێنانەدی دەسەلاتێکی جەماوەری، کە نوێنەرایەتی ئیرادەی ئازادی گەل بکات، واتە بەشداریکردنی نوێنەری جووتیاران و نوێنەرانیان لە حوکمڕانی وڵات و لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری وڵاتدا، ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسیەکان بۆ خەڵک، بە واتای پێدانی دەرفەت بە جووتیاران بۆ دامەزراندنی یەکێتیی تێکۆشەرانەی جووتیاران و مومارەسەکردنی مافە دیموکراسییەکانیان و ئازادییەکان و بەشداریکردن لە خەبات و کۆکردنەوەی هێزەکانیان بۆ سەرخستنی.

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پەروەردە، بە واتای دەسپێک و سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە ڕیزەکانی گەل، کە جووتیاران زۆرینەی زۆریان پێک دەهێنن و ئەنجامدانی چاکسازی دیموکراسی دەبێت پێش هەموو شتێک جووتیاران بگرێتەوە. گەیشتن بە ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسی لە بنەڕەتدا بە واتای گەیشتن بە ئامانج و خواستی نیشتمانیی و دیموکراسییەکانی جووتیاران دێت. بەڵام جووتیاران یەک گرووپی کۆمەڵایەتی یەکسان نین، بەڵکو پۆلێن (پلە)ی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکدەهێنن، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و بارودۆخ و کێشەی خۆیان هەیە و بەو هۆیەشەوە ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە، هەرچەندە جووتیاران لە هەموو پلە و پێگەکانیان خەمی ڕزگارکردنی نیشتمانییان و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و نەهێشتنی ئیمپریالیزم و سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆنەپەرستانەیان هەیە، کە کڕۆکی شۆڕشە دیموکراسییەکەیە. هەموو جووتیاران دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی دەکەن، بەڵام بە پلەی جیاواز. هەموویان نیشتمانپەروەرن، بەڵام ڕادەی نیشتمانپەروەری و ڕادەی قوربانیدان و ڕزگاربوونیان لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر جیاوازە. لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا،

جووتیاران پاڵپشتی سەرەکی کۆمەڵایەتین بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی، کە توانای بە جێگەیاندنی ئەرکی مێژوویی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە و نوێنەرایەتی نەبەردانەی دیموکراسییەت دەکەن، بەڵام دیموکراسییەت و شۆڕشگێڕیەتی ئەوان لە هەموو ئاستەکاندا وەک یەک نین. تاقم هەن شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕی چەقبەستوون، هەروەها گرووپی شۆڕشگێڕی بنەڕەتی کە ڕۆڵی سەرەکی لە شۆڕشدا دەگێڕن، لە کاتێکدا گرووپێک هەن، کە دوودڵ و ڕاڕان و گرووپیش هەن کە میانڕەو و ناوەندگەرایی و ترسنۆکن. بۆ ئەوەی وردەکاریی تایبەتمەندییەکانی جووتیاران بزانین، هەروەها بزانین چۆن کار و تێکۆشان لە ناو جووتیاراندا دەکەین و دەست بە پێکهێنانی یەکێتیی جووتیارانی تێکۆشەر و ڕێکخراوە حزبییە شۆڕشگێڕەکان دەکەین و چۆن هەڵمەتی خەباتی شۆڕشگێڕانە بەڕێوە دەبەین، دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕیزەکانی جووتیاران و دابەشبوونە چینایەتییەکانیان و ڕۆڵ و توانا جۆراوجۆر و جیاوازەکانیان بکەین.

پایە و پلەی جووتیاران

جووتیاران بەپێی پەیوەندییان بە خاوەندارێتی زەوی و کەرەستەی بەرهەمهێنان و توانای دارایی و پەیوەندییان بە کاری بەرهەمدار و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، پلەی جیاواز پێکدەهێنن، جیاوازییەکی گرنگ خاوەن زەوی و زار (دەرەبەگ و خاوەن زەویەکانی تر) لە جووتیاران جیادەکاتەوە، کە ئەمەش پراکتیزەکردنی کاری جەستەییە، کە لەلایەن جووتیارەکانەوە ئەنجام دەدرێت نەک ئەو خاوەن زەوی و زارانەی لە سەر قازانجی کرێی زەوی دەژین، بەکاری جەستەیی بەشداری لە پراکتیزە کردنی بەرهەمهێنان ناکەن، هێزی کاری خۆیان ناخەنە گەڕ، ئەمانە گروپێکی مشەخۆرن بەگشتی بێ بەرهەمن، لە کاتێکدا جووتیاران بە مومارەسە کردنی کاری جەستەیی بەرهەمهێنان ئەنجام دەدەن. ئەو جووتیارانەی کە کاری جەستەیی لە چاندنی زەویدا ئەنجام دەدەن، بەسەر ئەم چوار پۆلەدا دابەش دەکرێن:

یەکەم: جووتیارە دەوڵەمەندەکان:

ئەو جووتیارانەی خاوەنی زەوین، بەڵام هەندێکیان بەپێی پێویست زەوییان نییە بۆیە پارچەیەکی تر بە کرێ دەگرن، ڕەنگە هەندێکیان بە هیچ شێوەیەک خاوەنی زەوییەکە نەبن. بەڵام بەگشتی کەرستەی بەرهەمهێنانی تاڕادەیەک باشیان هەیە و خاوەنی سەرمایە و دراون، هەرچەندە ئەوان کاری جەستەیی بۆ خۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی پشت

بە ئیستغلالکردنی هێزی کار دەبەستن و ئەم ئیستغلالکردنە دەکەنە سەرچاوەی بەشێک یان زۆربەی داهاتەکانیان. بەم شێوەیە لە سەرمایەدارەکان دەچن کە بە قۆستنەوەی هێزی کار دەژین، هەر بۆیەش بە بۆرژوازی گوندنشین ناودەبرێن و لە شیکاری چینایەتیدا دەخرێنە پۆلی سەرمایەدارییەوە. ((جووتیارە دەوڵەمەندەکان ئەوانەن کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی خەریکی ئیستغلالکردنن، داهاتی ئیستغلالیش بەشێکی سەرەکی داهاتی زۆرێکیان پێکدەهێنێت)). لە کوردستاندا هەر جووتیارێک کە خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنانی باش بێت (تراکتۆر، دوو کەر یان زیاتر، هەوجارِ و جەنجەڕ) دەتوانرێت بە جووتیارێکی دەوڵەمەند هەژمار بکرێت، لەگەڵ بڕە سەرمایەیەک، کە دووری بخاتەوە لە قەرزکردن و لە داواکردنی ڕیبا ڕزگاری کات و کار بە (ڕەنجبەر و جووتیار و سەپان) بکات، سالانە بەروبوومەکەی دەچنێتەوە کە بەشی بژێوی و پاشە کەوت کردنیش دەکات، ئەگەر خاوەنی پارچە زەوییەک بێت یان پارچە زەوییەک و ئەوی تری بە کرێ بدات. یان هەموو زەوییەکە بە کرێ دەدات. هەروەها ئەوەی تووتن دەچێنێ کە چەندین کرێکاری کشتوکاڵی دەخاتە ئیشەوە بۆ چاندنی شەتڵ و گەلاکردن و ئاوداشتن و کێڵانی زەوی بە جووتیارێکی دەوڵەمەند دادەنرێت، سالانە بەرهەمی پێویست دەچنێتەوە کە بتوانێت پێی بژیت و پاشەکەوتی لێ هەڵبگرێ، کە خاوەنی کەرستەی بەرهەم هێنانی باش و بڕێک پارەیە، کە دەست بەرداری دەکات لە تووشبون بە ستەمی ڕیبا. هەروەها ئەو جووتیارانەی خاوەنی باغی میوەن و هەمان تایبەتمەندییان هەیە، هەروەک ئەو جووتیارانەی بڕێکی گونجاو ئاژەڵیان هەیە و لە سەر داهاتەکەی لە خوری و پەنیر و ڕۆن و بەرخ دەژین، سالانە بڕە پارەیەک پاشەکەوت دەکەن و شوان و هەندێک لە کرێکارانی کشتوکاڵیش لە کێڵگەدا سەرمایەگوزاری دەکەن و دروێنەکردنی بەرهەمەکانیش بە هەمان شێوە.

دووەم: جووتیارانی مامناوەند:

ئەو جووتیارانەی کە خاوەنی زەوییەکی کەمن یان هیچیان نییە، بەڵکو زەوی بەکرێ دەگرن، تووشی ستەمی کرێدان دەبن، خاوەنی بڕێکی گونجاو لە کەرەستەی بەرهەمهێنانن و بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە کاری خۆیان دەبەستن، وەکو سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، بە گشتی کرێکارانی دیکە ئیستغلال ناکەن، بەڵکو خۆیان بە پێدانی کرێی زەوی و ڕیبا توشی ئیستغلال دەبنەوە، بە گشتیش ئەمانە هێزی کاری خۆیان نافرۆشن. خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنان و زەوین، هەندێک جاریش لە هەمان کاتدا کرێکاری سەر زەوین، ئەمەش لە شیکاری چینایەتیدا

بە بورژوازی بچووک دەژمێردرێن.

لە کوردستانیش لەو ناوچانەی کە خاوەندارێتی تاکە کەسی لە زەویدا بەربلاوە، لە بادینان و ناوچەکانی ڕەواندوز، بارزان، خۆشناوەتی، پشدەر، مەرگە، شارباژێر، قەرەداغ، بەرزنجە، جووتیاری مامناوەند زۆرن، کە زۆربەیان خاوەنی پارچە زەوییەکی بچووک یان باخێکی میوەی (بادەم، ڕەزی ترێ)، یان هەندێک دار گوێز، سێو، قەیسی و تاد. چاندراوەکەیان بە دژواری تێرای بژێوی مەمرە و مەژیان دەکات.

سێیەم: جووتیارانی هەژار:

ئەو جووتیارانەن کە خاوەنی زەوی نین یان خاوەنی بەشێک لە زەوی و کەرەستەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵین، بەڵام بەشیان ناکات، دەبێت زەوی بۆ چاندن بەکرێ بگرن، و بە دوو ڕێگا ڕوو بە ڕووی ئیستغلال دەبنەوە:

١- فرۆشتنی بەشێک لە هێزی کاری خۆیان.

٢ - پێدانی کرێی زەوی و ڕیبا.

پێش چاکسازی کشتوکاڵی، جووتیارە هەژارەکان لە ناوچەکانی بیتوێن، شارەزوور، بازیان، سورداش، پێنجوین، هەورامان، دەشتی دزەییاتی، دەشتی کەرکوک، کۆیە، هەروەها لە ناوچە شاخاوییە سەختەکان و لە ناوچەکانی بادینانی هەژار و لە هەندێک ناوچەی زاخۆ، شێخان و دهۆک. ئەم کەسانە زۆرینەی دانیشتوانی گوندنشینی کوردستانیان پێکدەهێنا و لەگەڵ جووتیارە ئاست مامناوەندەکان، بەر ستەمەکانی دەرەبەگ و سەرانە و باجە زۆر و سەرسوڕهێنەرەکانی و بەرامبەر ستەمی دەسەلآت و ئیمپریالیزم، ڕووبەڕووی چەوسانەوەی نەتەوەیی دەبونەوە لە بێبەش بوونیان لە خوێندن و نەخۆشخانە و ڕۆشنبیری، بۆ باجی زۆر و زەوەند و ناجێگیربوونی نرخی تووتن بەپێی بارودۆخی سیاسی و ستەمەکانی دیکە و بۆ لەدەستدانی هاوکاری بۆ جووتیاران لە ڕووی ڕێنمایی، هۆشیاری، تۆو، گرنگیدان بە ئاژەڵداری، نەخۆشیەکانی بەروبوم و بەرهەم و میوە و نەبوونی شێوازی گواستنەوە و ئامرازەکانی هەناردەکردن. ئەوان بەپێی چینایەتی بە (نیمچە پرۆلیتاریا) پۆلێن دەکرێن و نزیکترین گروپن لە پرۆلیتاریا.

چوارەم: کرێکارانی کشتوکاڵ:

ئەمانە کرێکاری گوندنشینن کە سەرقاڵی کشتوکاڵن، لەناویشیاندا ئەو جووتیارانەی کرێگرتەن و بەگشتی بە هیچ شێوەیەک خاوەنی زەوی و ئامرازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی نین، یان خاوەنی پارچە زەوییە بچووکەکانیانن لە ڕێگەی فرۆشتنی هێزی کارەکانیانەوە. ((کرێکاران بە تەواوی یان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان دەژین)). ئەمانە بەپێی چینایەتی پۆلێن دەکرێن بە (پرۆلیتاریای گوندنشین). ئەوان بە دەست هەموو جۆرە ئیستغلال و چەوساندنەوەیەکەوە، چەوساندنەوەی دەرەبەگ و ستەمی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە دەناڵێنن، ئەمانە هەژارن و هیچ شتێکیان نییە لێی بترسن، بۆیە خاوەنی وزەی شۆڕشگێڕانەی گرنگن، هێزێکی بزوێنەر و پاڵنەرن بۆ بزووتنەوەی جووتیاران، ئەگەر بە چاکی ڕاوێژیان پێ بکرێت و وزەیان بتەقێندرێتەوە، هەر دەبێ لە مانەشەوە ناوکی ڕێکخستنی حزبی شۆڕشگێڕ دروست بکرێت، ڕێکخراوێک کە بیانکاتە کاکڵەی ڕێکخستنەکانی، جووتیارە هەژارەکانیش لەخۆ بگرێت و ڕیزەکانیان لەژێر ئاڵای حزبدا کۆبکرێنەوە، بەو پێیەی ئەوان هێوێنی ڕێکخستنن لە لادێکاندا. پێویستە خەبات بکرێت بۆ دۆزینەوەی کادیری حزب، کادیری یەکێتیی جووتیاران، و کادیری حزبی جەماوەری لە نێو ئەمانەدا. ئەوان دەستەیەکی پێشەنگی شۆڕشگێڕی ئازان، لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا خۆڕاگرن و درێژە بە خەبات دەدەن لە نێو جووتیارەکاندا کەمتر هەرێمچیاتی دەکەن لە چاو ئەوانی تر، بەڵکو پەیوەستن بە شۆڕشەوە. ئەمانە دەبێت بکرێنە "خاڵی پشت پێبەستن" لە دروستکردنی هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاراندا، چونکە بە پشتبەستن بەوانە، دەکرێت برا جووتیارە هەژارەکانیان بکێشنە ناو ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە، پاشان یەکێتیی تێکۆشەرانەی خەباتی جووتیاران دروست بکەن، خەباتەکانیان بە خەباتی ئەویترەوە ببەستنەوە جووتیاران دژی دەرەبەگ و ئیمپریالیزم، و ئەم خەباتانە لەگەڵ خەباتی کرێکاران لە شارەکاندا تێکەڵ دەکەن، کە هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران تێیدا دروست دەبێت، کە بناغەی پتەوی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووە، کە تێیدا هاوپەیمانی دووەمیش لەخۆدەگرێت، کە هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیارانە لەگەڵ بورژوازی بچووک و بۆرژوازی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانە لە شارەکان، وەک (مێژوو سەلماندوویەتی کە لە ڕەوتی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا بەرەی یەکگرتوو دەبێت دوو هاوپەیمانی لەخۆ بگرێت. هاوپەیمانی یەکەم بریتییە لە هاوپەیمانییەتی کرێکاران و جووتیاران و دووهەمیان هاوپەیمانی گەلی زەحمەتکێشە لەگەڵ بۆرژوازی و هەموو ئەندامانی تری گەلی نا زەحمەتکێش.

یەکەم هاوپەیمانی هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم زەحمەتکێشانی دیکەی شار و لادێکان، کە بنەمای بەرەی یەکگرتووە. پاشان سەرکردایەتی کردنی کرێکاران بۆ جووتیاران تا ڕادەیەکی گرنگ لەسەر بنەمای پشت بەستن بە کرێکارانی کشتوکاڵی دامەزراوە، کرێکارانی کشتوکاڵ کە پرۆلیتاریای گوندنشینن، هێوێنی ڕێکخستنەکان لە لادێکان پێکدەهێنن و ناوکێکی سەرکردایەتی تۆکمە بۆ یەکێتییەکانی جووتیاران پێکدەهێنن، جووتیارە هەژارەکان هێزی سەرەکییەکەی پێکدەهێنن، یەکگرتنیان لەگەڵ جووتیارە هەژارەکاندا و بە ڕاکێشانی جووتیارانی ئاست مامناوەند یەکێتیی بزووتنەوەی جووتیاران بەدەستدەهێنن و جووتیارانی دەوڵەمەند ناچار دەکەن بەوە قایل بن لە گەڵیان کاربکەن لە خەباتی دژ بە دەرەبەگایەتی و ئیمپریالیزم و لە پێناو چاکسازی کشتوکاڵی و ڕزگاری نیشتمانیی، هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەسەلاتی پرۆلیتاریای نوێ دەگەیننە بزووتنەوەی جووتیاران و سەرکردایەتییەکەی. گومانی تێدا نییە کە گواستنەوەی ڕەگەزە کرێکاریە شۆڕشگێڕەکانی لە شارەوە دێن بۆ لادێکان بۆ درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و درێژەدان بە شەڕی جەماوەریانە و بەدیهێنانی هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران و لە سەرکردایەتیکردنی خەباتی جووتیاران و نیشتمانییانەیان گرنگییەکی زۆری هەیە و بەم پێیەش لە چەسپاندنی ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکاردا. ((بۆ ئەوەی چینی کرێکار ڕابەرایەتی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانیی بکات، ئەوە بەندە بە سەرکردایەتیکردنی جەماوەرە بەرفراوانەکەی جووتیاران لە خەبات و کۆکردنەوەی ڕیزەکانیان لە دەوریدا. تەنها ئەگەر چینی کرێکار ڕێبەرایەتی جووتیاران بگرێتە ئەستۆ، تەنها لەسەر بنەمای هاوپەیمانی نێوان کرێکاران و جووتیاران دەتوانرێت هاوپەیمانی دووەم دامەزرێت، کە بەرەیەکی یەکگرتووی فراوانە و بەڕێوەبردنی شەڕێکی جەماوەری سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەرنا هەموو شتێک جێی دڵنیایی نابێت وەک بینایەکی لێدێت لە سەر بناغەی لم هەڵچنراوی، یان دەبێتە قسەی بێمانا.

پێوەری جیاکاری لە نێوان ڕیزەکانی جووتیاراندا:

ئێمە نیشانمان دا کە چۆن جووتیاران دابەش دەبن بەسەر چەند پلەیەکدا، بەڵام پلەکان تێکەڵاو بە یەک دەبن و بەیەکەوە گرێدەدرێن بە پەرژینی ئاسنینیش لە یەکتر جیاناکرێنەوە، ئەگەر لە لوتکەوە سەیری جووتیارەکان بکەین و گردبوونەوەکەیانمان بە شێوەی قوچەکێک هێنایە بەر چاو، ئەوە جووتیارە دەوڵەمەندەکان - کولاکەکان - لە سەرەوە دەبینین و بە پێی دەوڵەمەندی و کەرستەی بەرهەم هێنانیان کە هەیانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزن تا دەگەن

بە جووتیارە مامناوەندەکان ، کە بەپێی دەوڵەمەندی و کەرستەی بەرهەمهێنانی کە هەیانە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزن تاکو دەگەن بە جووتیارە هەژارەکان و کرێکارە کشتوکاڵییەکانیش، کە پێکەوە پێکهاتەی خوارەوەی گردبوونەوەی جووتیاران و بەمجۆرە و بناغەیە پێکدەهێنن، بەم شێوەیە تێکهەڵکێش بوونی نێوان پلە جیاوازەکانی جووتیاران بوونی هەیە و واقیعێکە. بەڵام جیاوازی و جیاکاری نێوانیان ون نابێت، بەڵکو هەر دەمێنێتەوە، کەواتە چۆن ئەم پلە و پایە لە یەکتر جیا دەکرێتەوە؟ پێوانەی جیاوازی نێوان پلەی جووتیار یان پێوەری کار و خاوەندارێتیە لە کەرەستەی بەرهەمهێنان و پشکی بەرهەم، پاشان ئەو سامانەی دێتە دەست جووتیاری دەوڵەمەند دەکرێ لەخاوەن زەویەکان جیابکرێتەوە بەوەی کە کاری جەستەیی دەکات و هێزی کار دەقۆزێتەوە، بە بەکرێ گرتنی لە سەر شێوازی سەرمایەداری سەرەتایی ئەو جیاوازییە لە جووتیاری مامناوەند نەک تەنیا لە ئیستغلالکردنی دەستی کار و هێزی کار، بەڵکو زۆر زیاترە لە پێویست و بڕێکی گونجاو لە سەرمایەی دراوی، لە کاتێکدا جووتیاری مامناوەند دەستی کار بەکار ناهێنی ، بەڵکو کاری جەستەیی لەسەر زەوی بۆ بژێوی ژیان ئەنجام دەدات، بەڵام خاوەنی ئەم بڕەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، یان تەنانەت کەمتریشە، هەروەها خاوەنی سەرمایەی نەختیش نییە.

جووتیاری هەژار دەتوانرێ لە جووتیارێکی مامناوەند جیا بکرێتەوە بەوەی کە هەمان ئامرازی بەرهەمهێنانی نییە، بەڵکو خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنانی تەواو نییە و ناچارە هێزی کارەکەی بفرۆشێت جگە لە ئەنجامدانی کارە جەستەییەکان لەسەر پارچە زەوییەکی بچووک، کە هیخۆیەتی یان بە کرێی گرتووە، پێوەری سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی لە جووتیارێکی مامناوەند ئەوەیە کە جووتیاری هەژار هەر دەبێت بەشێکی کەم لە هێزی کارەکەی بفرۆشێت، لەکاتێکدا جووتیارێکی مامناوەند بەگشتی پێویستی بە فرۆشتنی هێزی کارەکەی نییە. لە کۆتاییدا، بە پشتبەستن بەم پێوەرانە دەتوانین لێکۆڵینەوەیەکی جددی و زانستی و واقیعیانە لە کۆمەڵگەی گوندنشین لە کوردستان دەست پێ بکەین، بۆ زانین و جیاکردنەوەی پلەی جووتیاران لە لادێکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر بەرپرسیارێتی کادیرانی حزب کە لە لادێکان کاردەکەن، هەرچەندە باشترە دەزگایەکی خوێندەوار و هۆشیار بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە کۆمەڵایەتییە پێکبهێنرێت. پرۆسەیەکی لەم شێوەیە زۆر پێویستە بۆ دارشتنی یاسایەک بۆ چاکسازی ڕیشەیی لە بواری کشتوکاڵی لە کوردستان کە کارپێکراو بێت بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی جووتیاران و توانای چارەسەرکردنی کێشە سەختەکانی زەوی و زاری هەبێت. هەروەها زۆر

پێویستە بۆ خەباتکردن لە پێناوی کشتوکاڵی هەرەوەرزی، هەروەها لە پێناوی نەهێشتنی پارچە پارچەبوون و پەرشوبڵاوی لە کشتوکاڵدا، بۆ بەرێوەچوونی خەباتێکی نیشتمانیی و چینایەتیی دروست لە لادێ، بۆ بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی حزبی پێشرەوی شۆڕشگێڕ و گەشە پێدان و چەسپاندنی بنکەکانی لە لادێدا لەسەر بناغەیەکی تۆکمە.

هەڵوێستی ڕیزەکانی جووتیاران لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا:

جووتیاران بە هەموو پلە و پایەیەکەوە هاوسۆزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و دیموکراسیین، بە پلەی جیاواز پشتیوانی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانیی دەکەن، بەتایبەتی لە کاتی دەستدرێژییەکانی ئیمپریالیزم و هێرشی دەرەکی، چڕبوونەوەی ستەمی نەتەوەیی و پەیوەست کردنی زوڵمەکانییان بە خاکەوە، لەگەڵ ئیستغلالکردن و برسیکردنی جووتیاران و هێرشکردنە سەر مافەکانیان.

١ - جووتیاری دەوڵەمەند دوژمنایەتی ئیمپریالیزم دەکا و ڕقی لە دوژمنی دەرەکیی و لە و زۆردارانەیە، کە پارەی سەرانە و باج و وەرگرتنی سەربازی و فۆرمەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی بەسەریدا دەسەپێنن. بەڵام لە خەباتی دژایەتی کردنیاندا ئازا و بوێر نییە، بەڵکو ڕاڕا و دوودڵە لە بەرێوەبردنی خەباتی شۆڕشگێڕی و چینایەتی پێکەوە، ڕقی لە هەردوو لایەنی دەرەبەگ و ئیمپریالیزمە، بەڵام ناوێرێت خەباتی شۆڕشگێڕانە لە دژی ئەوان بەرپا بکات، بەڵکو پرسەکەیان ئاراستەی ئاسمان دەکات – بە دوعا و پاڕانەوە لە خودا بۆ ئەوەی تۆڵە لە ستەمکاران بکاتەوە و بە ئاگر سزایان بدات لە ژیانی دوای مردن، بۆیە لە سەرەتادا هەڵوێستی ئەو لەسەر یەکێتییە جووتیارەکانیش نەڕێنییە، هەروەها ڕەتیدەکاتەوە بەشداریان تێدا بکات، تەنها کاتێک نەبێت کە شەپۆلی شۆڕشگێڕانە چڕتر دەبێتەوە و کاریگەریی یەکێتیی جووتیاران زیاتر دەبێت و مەترسییەکان لە چاویدا نامێنن. کاتێک خەباتی شۆڕشگێڕی (نیشتمانیی و چینایەتی) چڕتر دەبێتەوە و دەچێتە قۆناغی هەڵچوون و لێشاوی جەماوەرییەوە جووتیاری دەوڵەمەند لەگەڵ زۆرینە دەڕوا و دەچێتە ناو یەکێتیی جووتیاران یان خەباتی نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ و هەوڵی کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی کاریگەری و دەسەلاتی خۆی دەدات، وەکو خۆپارێزییەک بۆ داهاتوو و زامنکردنی بەرژەوەندی و پێگە کۆمەلایەتی و دەسەلاتەکەی، بەڵام نە لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و نە لە کاری جددیدا لە یەکێتیی جووتیاران بەشداری ناکات، نە پەرۆشە و نە خۆڕاگرە، بەڵکو هەمیشە ئامادەیە چارەسەری سازان قبوڵ بکات و ئامادەیە

سازش بکات. لە کاتی پاشەکشەی بزاووتی جووتیاری یان نیشتمانیی شۆڕشگێڕانە مەیلی بەرەو شکستخوازی و تەسلیمبوون هەیە، وەک دۆستە بۆرژوازیەکەی لە شار، زۆر لە ستەم و چەوساندنەوەی دوژمنەکانی دەترسێت، بۆیە ترسنۆک دەبێت و سازش دەکات، وەکو ئەوانیش لە پەرەسەندنی کاریگەریی جەماوەری زەحمەتکێشی کرێکاران و جووتیارە هەژارەکان و ڕەش و ڕووتی گوندنشین دەترسێت، لە خەباتە شۆڕشگێڕییەکانیان دژی دەرەبەگ و ئیستغلالکردنن، ئەو وەکو هەموو ئیستغلالکارەکانە لە هەموو خەباتێکی شۆڕشگێڕانەدا، دوژمنایەتی ئیستغلالکردن دەکات بە شێوەیەکی زۆریان کەم، بۆیە خاوەن دوو هەڵوێستە: لەگەڵ شۆڕش دەبێت کە بڵێسەی گڕەکە لە هەڵکشان دایە و چڕتر دەبێتەوە، کاتێکیش پاشەکشە دەکات و هێزەکان لە زەوی و کێڵگەکانی و ئاژەڵەکانی نزیک دەبنەوە دژی شۆڕشە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، هاوپەیمانە لە خەباتی دیموکراسی نیشتمانییدا و هاوپەیمانە لە خەباتی گشتی دژ بە دەرەبەگایەتی، بۆیە دەبێت حزبی پێشڕەو هاوپەیمانی لەگەڵ بکات، لەگەڵ جووتیاران بە گشتی لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی، هەوڵبدات بۆ تێگەیاندنیان وهێنانیان بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانیی و چینایەتی. دەبێت ئاگاداری جووتیارە دەوڵەمەندەکان بن لە کاتی پاشەکشە و دابەزین لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا، هەروەها لە کاتی چڕبوونەوەی خەباتی جەماوەری و نزیکبوونەوەی لە سەرکەوتن، وەکو چۆن جووتیاری دەوڵەمەند هەوڵی کۆنترۆڵکردنی یەکێتیی جووتیاران دەدات، لە کاتێکدا دەبێت ڕێگری لێبکرێت لە کۆنترۆڵکردن یان سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی جووتیاران. هاوڕێیەکی نا سەقامگیر و بێ بۆچوونەی خەباتی شۆڕشگێڕانە و بە هیچ شێوەیەک شایستە و شایەنی ئەوە نییە کە یەکێتیی جووتیاران سەرکردایەتی بکات. هەروەها دژی کێڵگە هەرەوەرزییەکان و ڕێوشوێنی پێشکەوتنخوازانەیە لە لادێکاندا.

٢ - جووتیاری مامناوەند، کە بەیەکەوە نوێنەرایەتی خاوەندارییەتی بچووک و کرێکارێکی سەر زەوی دەکات لە کشتوکاڵدا، بەو پێیەی خاوەنی هەندێک کەرەستەی بەرهەمهێنانە و کاری جەستەیی پراکتیزە دەکات، بە هەندێک تایبەتمەندی جیا دەکرێتەوە کە لە هەردووکیانەوە وەریدەگرێت. هەست بە ستەم وچەوساندنەوە دەکات و دوژمنایەتیان دەکات. ڕقی لە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتییە و دوژمنایەتیان دەکات هەروەها وزەی شۆڕشگێڕانەی بۆ تێکۆشان لە دژی ئەوان هەیە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لەرزۆک و دوودڵ و تاکگەرایی و خۆپەرستە. کاتێک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جووتیاری یان نیشتمانیی دەست پێدەکات، هاوسۆزی لەگەڵ دەکات، بەڵام خۆپارێزی دەکات لەوەی دەستبەجێ بچێتە ڕیزەکانی، پێی وایە شۆڕش سوودی

بۆ ناهێنێت و گومانی لە سەرکەوتنی هەیە، باوەڕی بە ئەفسانە و بانگەشەی درۆینانە هەیە، بۆیە باوەڕی وایە بژێوی ژیان بەسەر بەندەکانی خودا بڕاوەتەوە، هیچ بەرەنگارییەکی نییە بۆ ئەوەی هەندێکیان بە باشتر بزانن بەسەر هەندێکی تردا، هەروەها بەرامبەر بە بوونی جیاکاری و جیاوازی چینایەتی، بەڵام لە بڕیارەکانیدا ڕقی لە هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێکە، جا ئیمپریالیزمی بێت یان، نەتەوەیی بێت یان چینایەتی. بەدەست باج و سەرانە و دەستدرێژی و کاری زۆرەملێییەوە دەناڵێنێت. بۆیە دەکرێت هۆشیار بکرێتەوە و لە پێویستیەتی خەبات و حەتمیەتی سەرکەوتن تێبگەینرێت. پراکتیک باشترین قوتابخانەیە بۆ ئەم جووتیارە مامناوەندانە، کاتێک دەست دەکات بە خەبات و ڕێکخستنی یەکێتیی جووتیاران و خەباتی چەکداری و دوای ئەوەی خەبات هەنگاو دەنێتە پێشەوە و پێشکەوتنی سەرەتایی بەدەست دەهێنێت، جووتیاری مامناوەند دەست دەکات بە پەیوەندیکردن بە یەکێتیی جووتیارانەوە، هاوسۆزی خۆی و پشتیوانی لە شۆڕش زیاتر دەبێت. کاتێک چڕتر و فراوانتر دەبێت، بە پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و هاوسۆزی مەعنەوی و زانیاری پێدان، یان بە ناردنی یەکێک لە کوڕەکانی یان براکانی بۆ چوونە ریزی شۆڕشگێڕانەوە. جووتیارانی مام ناوەند بە گشتی بە هاوپەیمانێکی جێی متمانەی شۆڕشی دیموکراسی دادەنرێت. ئەوان لەگەڵ کرێکاران و جووتیارە هەژارەکان و برا بۆرژوازییە بچوکەکانیان لە شارەکاندا هێزی بنەڕەتی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانیی پێکدەهێنن. ئەوان بورژوازی بچووکی دواکەوتوو پێکدەهێنن و چەندین تایبەتمەندی کۆنەپەرستانەی بۆرژوازییان هەیە، کە زۆر دواکەوتوون بەڵام لە چاو براکانیان لە بورژوازیانی بچووکی شارەکان کەمتر دواکەوتوون، کە شارستانیترن و زۆربەیان خوێندەوارن، وەکو ئەوان لە پۆلیس و ئامێرە سەرکوتکەرەکانی دیکەی دەوڵەت ناترسن. بۆیە پێویستە هەوڵی زۆر بدرێت بۆ کۆکردنەوەیان و پەروەردەکردنیان، وایان لێبکرێت لەو ڕاستییە تێبگەن کە بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانیان بەیەکەوە گرێدراوە، بە چاکسازیی کشتوکاڵی و هەڵوەشاندنەوەی فیۆدالیزم و نەهێشتنی تەواوەتی ئیمپریالیزم و کۆنترۆڵی دەرەکی و بە ڕوونکردنەوەی ڕێساکانی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسی بۆیان، هەروەها چۆن سوودی مادەی و مەعنەوی و تەندروستی و کلتووری لە چاکسازییە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانە دەچنن. کار و پراکتیک پێوەرەکانی ڕەوایەتی دروشم و ڕۆوپاگەندەکانیانن. پێویستە خەبات بکرێت بۆ ئەوەی جووتیارانی مامناوەند پەلکێش بکرێن بۆ ئەوەی بچنە ناو یەکێتیی جووتیارانەوە و تا ڕادەیەکی سنووردار بەشداری سەرکردایەتییان بکەن، بەبێ ئەوەی ڕێگەیان پێببڕێ سەرکردایەتی بگرنە دەست و کاروبارەکان هەڵسوڕێنن،

چونکە نزیکترین هاوپەیمانی جووتیارە هەژارەکانن، بەڵام لە شۆڕشگێڕی و کۆڵنەدان لە خەبات و بەرگە گرتنی سەختی وگیانفیدایی وقوربانیدان وەک ئەوان نین.

٣ - جووتیارە هەژارەکان هێزی سەرەکی خۆڕاگرن لە خەباتی سەخت و تاڵ لە لادێکان، ئەوان بڕبڕەی پشتی یەکێتیی جووتیارانن و پێشەنگن لە ڕووخاندنی دەسەلاتە دەرەبەگییەکان، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەدیهێنانی ئەرکی گەورەی شۆڕشگێڕانە لە لادێدا هەیە، هەروەها ئەرکی بەڕێوەچوونی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە جەنگی گەلدا دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنترۆڵی دەرەکی. ئەم گروپە بەرەوڕووی جۆرەها ستەم و چەوساندنەوە دەبنەوە، لەلایەن دەرەبەگەکان، هەندێکجاریش لە لایەن جووتیارانی دەوڵەمەندیشەوە دەقۆزرێتەوە. ناچارە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت جگە لە ئەنجامدانی کاری جەستەیی لەسەر ئەو زەوییەی کە دەیچێنێت و زۆرجار خاوەنی نییە. بەدەست دواکەوتوویی کۆمەلایەتی و هەژاری و نەزانی و نەخۆشییەوە دەناڵێنێت، ئەم بەڵایانە بە داگیرکاری بێگانە بۆ سەر خاکی نیشتمان بلاودەبێتەوە و لە ئەنجامی زەوتکردنی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەسەلاتی نیشتمانیی و دیموکراسیانەی خەڵکەوە دێتە ئاراوە، بۆیە خاوەنی وزەیەکی شۆڕشگێڕانەی زەبەلاحن و دەتوانرێت خێراتر لە گروپەکانی تر هوشیار بکرێنەوە و ڕاپەڕێندرێ و ڕێکبخرێت، ئەرکی بنەڕەتی خراوەتە سەر شانی کادیرانی حزب لە کارکردن لە لادێدا، کە بریتییە لە ئاراستەکردنی جووتیارانی هەژار و کارکردن لە نێو ڕیزەکانیاندا بۆ پەروەردە و ڕێکخستنیان و دۆزینەوە ی کادیری حزبی و جووتیاری لە ڕیزەکانیاندا. پێویستە کادیرانی حزب پێش ئەوەی بچنە لای جووتیارانی مامناوەند و دەوڵەمەندەکان بچنە لای ئەو جووتیارە هەژارانە، لە نێویاندا هەوڵی بێپەروا بدەن وهانییان بدەن بۆ تێکۆشان و دروستکردنی یەکێتیی جووتیاران و بیانکەن بە هێز و بڕبڕەی پشتی بنەڕەتی خۆیان و زۆرینەی سەرکردەکانیان لێ هەڵبژێرن تا ئەوان بتوانن سەرکردایەتی یەکێتیی جووتیاران بگرنە ئەستۆ، پێویستە خەبات بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری چینایەتی و نەتەوەیی لە نێو ڕیزەکانیاندا و ڕاکێشانیان بۆ ناو خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە. ئەو توخمە شۆڕشگێڕانەی لە شارەوە دێن بۆ لادێ و کادیرانی حزبی شۆڕشگێڕ دەبێ لەگەڵ جووتیارە هەژارەکاندا تێکەڵ ببن و پەروەردەیان بکەن و هۆشیاری لە نێوانیاندا بڵاو بکەنەوە و بزووتنەوەکەیان بە بیرۆکەی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانە موتربە بکەن، لەوانەوە ڕێکخراوی حزبی و کادیری حزبی و سەربازی دروست بکەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوانە سەرکردایەتی یەکێتییەکانی جووتیاران بگرنە ئەستۆ، ڕۆڵی ڕابەرایەتی دیار لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی پێویست لە لادێکاندا ببینن، ئەرکی بنەڕەتی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕە

لە لادێکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم سەرکردایەتییەی جووتیارە هەژارەکان بەڕێوەی دەبەن زۆر پێویستە، لە بەر ئەوەی بەبێ جووتیارە هەژارەکان شۆڕش ناکرێ، نکۆڵیکردن لە ڕۆڵی ئەوان نکۆڵیکردنە لە شۆڕش.

٤ – سەبارەت بە کرێکارانی کشتوکاڵیش، کە دەستەیەکی شۆڕشگێڕن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە لادێدا، هەموو خەسڵەتە شۆڕشگێڕییەکانی جووتیارە هەژارەکانیان تێدایە و توانایان زیاترە، وەک پرۆلیتاریای لادێنشین، هیچ شتێکیان نییە بترسن لەدەستی بدەن و ئامادەن بۆ قوربانیدان و فیداکاری بە هەموو شتێک و هەنگاونان تاکو ئەو شوێنەی بەرژەوەندی شۆڕش و بزووتنەوەکە پێویستی پێیەتی، هەروەها کادیرانی حزب و ڕەگەزە شۆڕشگێڕەکانی لە شارەوە دێن دەبێ گرنگییان پێبدەن، هەروەک چۆن گرنگی بە جووتیارە هەژارەکان دەدەن و لە نێویاندا کادیری حزبی و شۆڕشگێڕ و سەربازی و جووتیاری دروست بکرێن، ئەوانن کە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی هاوپەیمانییەتی کرێکاران و جووتیاران و بە شۆڕشگێڕکردنی یەکێتییەکانی جووتیاران و بەدیهێنانی چاکسازی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانە لە لادێکاندا بەدیبێنن، کرێکاران بە بەشێک لە چینی کرێکار و نوێنەرانی چینی کرێکار لە لادێ و ئەڵقەی پەیوەندی و یەکگرتوویی نێوان پرۆلیتاریا و جووتیارە هەژارەکان – نیمچە پرۆلیتاریا – دادەنرێن و هەوێنی ڕێکخراوی حزبی و ڕێکخراوە جووتیاریەکانن و خاڵی پشت پێبەستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی لادێکانن، ئەوان بە تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە جیا دەکرێنەوە و خاوەنی توانای شۆڕشگێڕانەی یەکجار زۆرن. شایستەن کە شانبەشانی برا شۆڕشگێڕەکانیان لە جووتیارە هەژارەکانەوە لە لادێکاندا خەباتی پێشکەوتنخوازانە سەرکردایەتی بکەن.

ڕۆڵی کادیران لە سەرکردایەتیکردنی خەبات لە لادێدا:

سەرکردایەتی حزبی شۆڕشگێڕ لە دوو ئەرکی بنەڕەتی پێکدێت کە بەیەکەوە گرێدراون، ئەرکی پێکهێنانی بیرۆکە و شارەزابوون لە بەکارهێنانی کادیر لە ڕێگەی جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنەوە، (پێکهێنانی بیرۆکە دەستەواژەیەکە بە واتای دانانی پلان و بڕیاردان و دەرکردنی فەرمان و ڕێنمایی و...تاد).

لەمانەی سەرەوە دەتوانین بەو سیاسەتە شۆڕشگێڕییە دروستە بگەین، کە دەبێت خەبات بکەین بۆ جێبەجێکردنی لە لادێدا، ئێمە زانیومانە ئامانجی نیشتمانییانەی شۆڕش گەیشتنە بە مافی چارەی خۆنووسین لە شێوەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە عێراق لە هەلومەرجی ئێستادا،

بەڵام هەموو هاوڕێیەکی شۆڕشگێڕ دەبێت ئەوە بزانێت کە شۆڕشی نیشتمانیی پێویستی بە کودەتایەکی گەورە هەیە لە لادێدا، دیموکراسییەتی شۆڕشی نیشتمانیی بە واتای نەهێشتنی دەرەبەگە پێش هەموو شتێک، پاشان بە واتای دامەزراندنی حوکمڕانی دیموکراسی و پێدانی مافی هەڵبژاردنی نوێنەر و مافی مومارەسەکردنی ئازادییەکان و مافە دیموکراسییەکانی تر لە بوارەکانی ڕێکخستنی حزبی و پیشەیی و ئازادانە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕ و بیرکردنەوە و بۆچوون، واتە دیموکراسی بۆ خەڵک بۆ چینە نیشتمانییەکان بە فراوانترین مانا و چەمک.

شۆڕش کە ڕاپەڕین و کردەوەیەکی تووندوتیژییە چینێک پەنای بۆ دەبات بۆ ڕووخاندنی چینێکی دیکە، لە جەوهەردا لە مەیدانی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا، ڕاپەڕینێکی چەکدارییە کە لەلایەن چەند چینێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە بۆ ڕووخاندنی ئیمپریالیزم ئەنجام دەدرێت، هەروەها نوێنەرایەتی بۆرژوازی قۆرخکار دەکات لە میترۆپۆلدا، یان بۆ ڕووخاندنی ئیمپریالیزم و حکومەتی دەرەکی قۆرخکارە، کە زۆرجار نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی کۆمپرادۆر و خاوەن مولکە لە ولاّت، شۆڕشی لادی ئەو شۆڕشەیە، کە چینی جووتیاران دەسەلاّتی چینی خاوەن زەوی و دەرەبەگەکان دەڕوخێنێت.

ئەرکی ناوەندی ئێمە لە ئێستادا ڕاپەراندن و هۆشیار کردنەوە و ڕێکخستن و کۆکردنەوە و ڕابەرایەتیکردنی جەماوەری خەڵکە لە خەباتی نیشتمانییدا، دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و دژ بە پیلانەکانیان، لە پێناو بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی شۆڕشگێڕانە بۆ عێراق... خەباتی شۆڕشگێڕانە بەبێ کۆکردنەوەی جەماوەر و پشت پێبەستنیان نەبوایە نەدەکرا، پێویستە هەوڵی پەروەردەکردن و ڕێکخستنیان بدەین، ئەم جەماوەرە دەبێ قەناعەتیان هەبێت کە ئێمە پێکەوە بەرگری لە بەرژەوەندییە نیشتمانیی و چینایەتییەکانیان دەکەین و ئێمە نوێنەرایەتی دەکەین... بەرژەوەندییەکانی ئەوان و ژیانی ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا تێکەڵ بووە. بەو پێیەی جەماوەری جووتیاران زۆرینەی ڕەهای گەلەکەمانە و هێزی سەرەکی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییمانە، ئەرکی سەرەکیمان لەم خەباتەدا، دەبێت کۆکردنەوە و پەروەردەکردن و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی جەماوەری جووتیاری بەرفراوان بێت، بۆ ئەوەی دەسەلاّتی خاوەن زەویەکان بڕوخێنین و چاکسازیی شۆڕشگێڕانەی کشتوکاڵی لە گوندەکانی کوردستان بەدیبێنن.

پێویستە باشترین کادیری شۆڕشگێڕ تەرخان بکرێن بۆ ئەوەی لە لادێکان کار بکەن، بۆ پێگەیاندنی جووتیاران و هانیان بدەین بۆ پێکهێنانی یەکێتیی جووتیاران، بەمەرجێک یەکێتیی

خەباتکاربن و دەستکرد نەبن، لە جەماوەرەوە سەرچاوە بگرن و بەسەریاندا نەسەپێنرێن. پێویستە جووتیارانی هەژار پەروەردە بکرێن و هانبدرێن بۆ دامەزراندنی یەکێتیی جووتیاران بە هاوپەیمانی لەگەڵ جووتیارانی مامناوەند، بە مەرجێک جووتیارە هەژارەکان سەرکردایەتی یەکێتیی جووتیاران بگرنە ئەستۆ و زۆرینەیان لە لیژنەکانی سەرکردایەتی خۆیاندا هەبێت، ئەمە ئەرکی بەپەلەی ئێستایە و ئەرکی سەرەکی کاری کادیرانمانە لە لادێکان لە ئێستادا.

بەم شێوەیە دەبێت بزووتنەوەیەکی جووتیاری شۆڕشگێڕانە لەلایەن جووتیارانەوە دروست بکرێت و هەژارەکانیان سەرکردایەتی بکات. لێرەدا دەبێت هۆشداری بدەین لە سەپاندنی سەرپەرشتی بەسەر جەماوەری جووتیاردا، کارکردن بە ناوی ئەوانەوە، یان ئەنجامدانی چاکسازیی کشتوکاڵی لە سەرەوە بۆ خواروەوە. هەرگیز نابێت ڕێگە بەم کارە بدەین.

بەڵکو کادیرە هۆشیارەکانمان دەبێت جەماوەری جووتیاران بە ئاگا بێننەوە و وایان لێبکەن لە پێویستی خەباتی ڕێکخراو تێبگەن و هانییان بدەن بۆ خەبات و تێکۆشان، سەرەتا لە پێکهێنانی یەکێتیی جووتیارانی خەباتکار و دەستپێکردنی خەباتیان بۆ چاکسازیی کشتوکاڵی، بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانیی لە لادێ، پاشان لە سەرانسەری وڵاتدا. دەسەڵاتی جووتیاران کە لە لایەن یەکێتیی جووتیارەکانیانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، دەبێت دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بگۆڕدرێت، جووتیاران بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان و بە پشت بەستن بە یەکێتی و هاوپشتی خەباتی خۆیان لەگەڵ کرێکارانی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ و بورژوازی بچووک لە شارەکاندا، دەبێ خەریکی خەباتی شۆڕشگێڕانە بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و چاکسازیی کشتوکاڵی، بۆ نەهێشتنی تەواوەتی دەرەبەگایەتی، بنبڕکردنی لێواری پەیوەندییەکانی و ڕامالینی پاشماوەکانی دیکەی سەدەکانی ناوەڕاست. کاتێک ئەرکە خەباتگێڕییەکانمان لە لادێدا زۆردەبن، سەرکەوتن لە بەدیهێنان و لە جێبەجێکردنیاندا، یەکەم: بەندە بە کادیرانی حزبی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕەوە، دووەم: بە دروستکردنی بزووتنەوەیەکی جووتیاری شۆڕشگێڕ، کە لە ڕێگەیەوە بتوانین ئەو ئەرکانە بە ئەنجام بگەیەنین، سێیەمیش: بەندە بە هاوپەیمانی ئەم بزووتنەوە جووتیارییە شۆڕشگێڕییە لەگەڵ کرێکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و بورژوازی بچووک لە شارەکاندا.

لێرەدا گرنگیی کادیرانی حزب لە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە لادێدا دەردەکەوێت، حزب بە پشتبەستن بەو کادیرانە پەیوەستە بە ئەندامەکانی و بە جەماوەری لادێ و بە پشت بەستن بە سەرکردایەتی دروستی جەماوەریان، حزب ئامانج و دروشمەکانی و ئەرکەکانی خەباتی

لە لادێدا بەدیدێت. لێرەشدا سەرکەوتن بەندە بە پێناسەکردنی سەرکەوتووانەی ئەرکەکە و داڕشتنی سیاسەتی دروست و خستنەڕووی چارەسەری دروست بۆ کێشەکە. سەرکەوتن بەندە بە کادیرەکان، بە خەبات و چالاکییەکانیان، هەروەها بە هۆشیاری و هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی نیشتمانیی و حزبی، بە دوورکەوتنەوەیان لە خۆپەرستی و تەمبەڵی و ڕازیبوونیان بە نیشاندانی چالاکی و خۆبەخشی بۆ خزمەتکردنی جەماوەر.[٥٣]

٥٣- ڕۆژنامەی التآخي ژمارە (٧٠١) لە ٥ نیسانی ١٩٧١.

هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەبێ حزبی پێشڕەو نییە

هەڤاڵان

جێگای خۆشحاڵییەکی زۆرە بۆ من کە دەرفەتم بۆ ڕەخسا شەرەفی بەشداریکردنم هەبێ لە کۆبوونەوەی کرێکارانی شاری سلێمانی، کە لە چینی پێشەنگ دەژمێردرێن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان بە گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی. کرێکاران لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا، وەک چینێکی نوێ و شۆڕشگێڕ، خاوەنی توانایەکی ناوازە و نەبەزیون بۆ ڕێکخستن و خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن. لە هەر ولاتێکدا کە کرێکاران توانیبێتیان ئەم ڕۆڵە مێژوویییە بگرنە ئەستۆ، خەباتی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشکەوتن و بەدیهێنانی ئاواتەکان پێشکەوتووە. بە پێچەوانەوە لەو ولاتانەی کە کرێکاران نەیانتوانیوە ڕۆڵی پێشەنگایەتی خۆیان بگرنە ئەستۆ، دەرئەنجامەکەی ئەوە بووە کە ئەو ولاتانە بە دواکەوتوو و ژێردەستەیی ماونەتەوە و خەباتەکەشیان بە پاشکەوتوویی ماوەتەوە. لە نێو ئەو ولاتانەدا کوردستانی خۆشەویستمان، کە چینی کرێکار نەیتوانیوە ڕۆڵی پێشەنگی خۆی جێبەجێ بکات. بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد – کوردایەتی – بەو فۆرمەی ئەمڕۆ دەیبینین، لەم قۆناغەی ئێستادا کە ئەزموونی دەکەین، دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانێت هیچ کام لە ئامانجە ڕەوایە دیموکراسی، نەتەوەیی، یان شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان بەدیبهێنێت. چینی کرێکار چینێکی تازە و پێشکەوتووە کە توانای ڕێکخراوەیی گەورەی هەیە و هێزێکی بێئەندازەی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا هەیە، چونکە پەیوەستە بە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوەکە ئامێری هاوچەرخی تازەن، لە ڕووی کارپێکردن و تەکنەلۆجیادا. کرێکاران بە شێوەیەکی دەستە جەمعی لە کارگە و کارخانە و کەرتەکانی تردا کە ڕێخۆشکەرە بۆ پرۆسەی ڕێکخستن لە نێوانیاندا و هۆشیارکردنەوەیان لە پرنسیپە پێشکەوتنخوازە تازەکان و زیندووکردنەوەی چالاکییەکانیان و جولاندنیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە چەوساندنەوە، دژی ئیمپریالیزم و دژی سەرمایەدارە خوێنمژەکان. چینی کرێکار تەنیا نوێترین چینی ئەم سەردەمە نییە و بەس، بەڵکو بەبێ ئەملا و ئەولا شۆڕشگێڕترینی ئەو چینەیە کە بە خەبات و تێکۆشان دەستکەوتەکانی بەدەست دەهێنێت.

لێدان لە دەسەڵاتە کۆنەپەرست و ستەمکارەکان و نەهێشتنی ئیمپریالیزم و ئیستغلالکاران و ستەمکاران لە بەرژەوەندی ئەودایە. چینی کرێکار نوێترین چینی ئەم سەردەمەیە، چونکە لە چاوی بەرژەوەندیی جەماوەرەوە تەماشای بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و ڕزگاربوونی بەندە بە ڕزگارکردنی جووتیاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ پێکەوە. چینی کرێکار کاتێک دەگات بە مافەکانی کە چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگاش لەگەڵ ئەودا ئازاد دەبن و گەل دەگات بەو قۆناغە کە تیایدا لە ڕەگەوە ئیستغلال و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی ڕیشەکێش کراوە. بەم شێوەیە چینی کرێکار دەتوانێت ڕزگاری بەدەست بهێنێت و هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی شۆڕشگێڕترین چینە لەم سەردەمەدا. هەر ئەمەشە توانای ئەوەی پێدەبەخشێت کە ڕابەرایەتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو گەلان بەگشتی و گەلەکەی خۆی بە تایبەتی بکات و بەرەو پێشکەوتنیان بەرێت. هیچ چینێکی تر لە کۆمەڵگادا- ڕۆشنبیربێت، یان کاسبکار، یان جووتیار- ناتوانێت ئەم ڕۆڵی سەرکردایەتییە بگرێتە ئەستۆ. چینی کرێکار، چینێکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری پێشڕەوە، ئەو چینەیە دەتوانێ لە ڕووی ستەم و زۆرداری وچەوساندنەوە و تیرۆری دوژمنان بوەستێتەوە و بەرگە بگرێ. ئەو چینەیە ماندونەناسانە توانای درێژەدان و سەرکردایەتیکردنی خەباتی خۆی و خەباتی جەماوەری زەحمەتکێشی هەبێت بەرەو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی. بۆیە مێژوو بەرپرسیارێتی ڕابەرایەتیکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی پێشکەوتنخوازی خستۆتە سەر شانی چینی کرێکار. ڕزگارکردنی جووتیاران، کاسبکاران، ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێشان، بەرپرسیارێتییەکی مێژوویییە دەکەوێتە سەرشانی چینی کرێکار. بۆیە کرێکاران دەبێ بە تەواوی درک بەم ڕاستییە بکەن و لە ناخ و ویژدانی خۆیاندا جێگیریکەن بەوپێیەی چینی شۆڕشگێڕی تازەن و بۆ ئەوەی چینی کرێکار بتوانێت ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا پراکتیزە بکات، پێویستە ئەم ڕاستیانە تێبگات کە: بەبێ حزبێکی شۆڕشگێڕی پێشڕەو - حزبێک کە توانای یەکخستنی بەرژەوەندی کرێکاران، جووتیارانی هەژار و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی هەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا- بەبێ حزبێکی پێشڕەوی لەو شێوەیە، هەڵگری باوەڕی شۆڕشگێڕانە و پرنسیپی سۆسیالیستی زانستی، چینی کرێکار ناتوانێت ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی لە نێو جەماوەردا بگێڕێت. بۆیە بوونی حزبی پێشڕەو مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی چینی کرێکار ڕۆڵی سەرکردایەتی خۆی بەجێبهێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران، وزە و توانا شۆڕشگێڕییەکان تیایاندا باڵا دەکات و ڕۆحی فشار و گوێڕایەڵی و خەباتیان قووڵتر دەبێتەوە. بەڵام بەبێ بوونی ئەو حزبە

پێشڕەوە ناتوانن ئەو ئەرکانەی کە کەوتۆتە سەر شانیان جێبەجێ بکەن. گردبوونەوەی کرێکاران لە دەوری ئالای حزبە پێشڕەوەکەیان، مەرجێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ سەرکەوتنی کرێکاران، نەک تەنیا لە نەهێشتنی ئیستغلالی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەس بەڵکو لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕۆژانەی کرێکاران، وەک زیادکردنی حەقدەست و باشترکردنی بارودۆخیان. بۆیە پێویستە کرێکاران ئەو ڕاستییە لە مێشکی خۆیاندا جێگیر بکەن و بەو پێیە هەڵسوکەوت بکەن، زیاتر بەشداری خەباتی سیاسی بکەن و زیاتر و زیاتر پێشڕەوی بکەن بۆ ئەوەی حزبی پێشڕەو بکەنە حزبی ڕاستەقینەی خۆیان، هەروەها ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان لە ڕێگەی خەباتکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خۆیان، سود وەرگرتن لە ئەزموونەکان، دروستکردنی کادیری کرێکاری ڕاستەقینە لە نێویاندا بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی خۆیان لە ڕیزەکانی پێشەوەی حزبی پێشڕەودا بخەنەگەڕ. بەبێ ڕێبەرایەتیی کرێکاران، بەبێ بوونی حزبی پێشڕەویان، بەبێ ڕێکخستنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و بەبێ ئەوەی کرێکاران لەدەوری حزب کۆببنەوە و لەژێر سەرکردایەتی ئەو حزبەدا خەبات بکەن، هیچ بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی و هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و هیچ بزووتنەوەیەکی کرێکاری بۆ ڕزگاری نیشتمان و نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت بگاتە ئامانجەکانی. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی شکستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی) تا ئێستا و فاکتەری هەرە گرنگ لە چەوساندنەوەی گەلی کوردمان لە داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان، ئەوەیە کە چینی کرێکار لە کوردستان ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی بە هەمان شێوە نەگێڕاوە. بەڵام وەک وتمان بۆ ئەوەی کرێکاران بتوانن ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆیان بگێڕن، نەک هەر پێویستیان بە حزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕی پێشڕەو هەیە، بەڵکو پێویستیان بە هاوکاری لەگەڵ باقی زەحمەتکێشانی نیشتمان هەیە بە پێشڕەوایەتی کرێکاران خۆیان. کرێکاران پێویستیان بە هاوکاری و یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەبات لەگەڵ جووتیارە هەژارەکان، ئەو جووتیارە زەحمەتکێشانەی کە دەتوانن هێزێکی شۆڕشگێڕ بن و لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییدا هێزی بنەڕەتی شۆڕشی نیشتمانیی پێکبهێنن، بە تایبەت لە سەردەمی ئێمەدا کە ڕۆژی شەڕی ڕزگاریخوازانەی گەلانە دژ بە ئیمپریالیزم. شەڕی دژێخایەن و خەباتی دژێخایەن دژی ئیمپریالیستەکان بۆتە سروشتی گەلانی جیهان، لە ڤێتنامەوە تا مالایۆ و بۆرما و گەلانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین. (جەنگی گەل) یان وەک ڕێگای ڕاست لە خەباتدا گرتۆتە بەر. بەم شێوەیە

گەلانی جیهان چەک هەڵدەگرن و درێژە بە خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە دەدەن.

ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی گەلان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە سەرکەوتنی خەباتی گەلان - بە گەلی کوردیشمانەوە - پەیوەستە بە بەرجەستەکردنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران لە یەکڕیزییەکی ڕاستەقینەدا کە لەسەر بنەمای پرنسیپە شۆڕشگێڕییەکان و خەباتی شۆڕشگێڕانە بنیات نراوە، یەکگرتوویییەک بە ڕێبەرایەتیی حزبێکی پێشڕەو کە هاوکاریی تەواو لەگەڵ جووتیارانی هەژاردا دروست دەکات. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانرێت گەلان ئازاد بکرێن و کۆتایی بە سەردەمی ئیمپریالیزم و ئیستغلالکردنی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بهێنن. ئەمەش کرێکاران مەرجدار دەکا - نەک هەر درێژەدان بە خەباتی چینایەتی و بنیاتنانی حزبێکی سیاسی پێشڕەو بۆیان و گردبوونەوە لە دەوریدا- بەڵکو دەبێت هەموو کرێکارانی شۆڕشگێڕ کاربکەن بۆ دروستکردنی هاوکاری هاوبەش و یەکخستنی خەباتی نێوان چینی کرێکار و جووتیاران و زەحمەتکێشان لە کوردستان و بەرجەستەکردنی ئەو یەکڕیزییە ڕاستەقینەیە، یەکڕیزی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلەکەمان. بە سەرکردایەتی چینی کرێکار و پارتە پێشڕەوەکەی، جەماوەر دەتوانێت بگاتە ئامانجەکانی و سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت و نەک تەنها چینی کرێکار، بەڵکو هەموو جەماوەری میللی و چینە شۆڕشگێڕەکانی ولاتەکەمان ڕزگار بکات.

بۆیە ڕزگاری گەلەکەمان، سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی)، وەدیهاتنی خواستە نەتەوەییەکانمان، بەدیهێنانی هەموو ئەو هیوا و خەونانەی کە سەدان شەهیدی نەمری کوردستان گیانی خۆیان لە پێناودا بەخت کرد، هەمووی پەیوەستن بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانەوە. بەم شێوەیە کرێکارانی کوردستان دەبێ دان بەو ئەرکە پیرۆزەدا بنێن کە پێیان سپێردراوە و بزووتنەوەیەکی سەندیکایی شۆڕشگێڕانە لە نێو خۆیاندا دروست بکەن و هەموو توانا و وزەی خۆیان بۆ کارەکە تەرخان بکەن. لەم بزووتنەوەیە چەندین کادیری پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ سەرهەڵدەدەن کە توانای ڕێنمایی و ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی سەندیکای کرێکارانیشیان هەیە، بەڵکو توانای ڕێنمایی و ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی بە هەمان شێوە. دروستکردنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری لەم جۆرە نەک هەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەرحەلییەکان – ڕۆژانە - ییەکانیان پێویست نییە، بەڵکو مەرجێکی بنەڕەتی و چارەنووسسازە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خواستەکانی گەلەکەمان. بێ گومان دروستکردنی ئەو جۆرە بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و گەیشتن بە سەرکەوتن بۆ خەباتی گەلەکەمان کارێکی ئاسان نییە و نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، کە بەم زووانە ڕووبدات.

بەپێچەوانەوە دەبێت لەوە تێبگەین، کە خەباتی گەلان لەم سەردەمەدا خەباتێکی دژێخایەنە چونکە هێزەکانی کاردانەوە، دەسەلاتە ئیمپریالیستەکان، ئامێرە دەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ئیمپریالیزم، چینە ئیستغلالکراوەکان، هەروەها ئیستغلالکاران و کۆنەپەرستانی ناوخۆیی، هەموویان یەکگرتوون لەچنینی پیلانگێڕی و فرت و فێڵ دژی چینی کرێکارانی گەلەکەمان. بە تایبەتی هەوڵی جۆراوجۆر هەیە بۆ دوورخستنەوەی چینی کرێکار لە کۆڵەکەکانی سەرکردایەتیی، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە تەمومژاوی بکات کە هێزی پێشەنگ و شۆڕشگێڕترین و کاریگەرترین چینە لەمڕۆدا. ئەگەر چینی کرێکار - وەک هێزی پێشەنگ - بتوانێت حزبی پێشڕەوی خۆی بنیات بنێت و لە دەوری ئالاکەی خۆی کۆببێتەوە و لەگەڵ جەماوەری جووتیارانی هەژار و زەحمەتکێش و ڕۆشنبیرانی هاوکاری بکات بۆ ئەنجامدانی خەباتی هاوبەش، ئەوا دەتوانێت هەزاران دەستکەوت و پەرجووی جێی سەرنج بەدەستبهێنێت. ئەمەیە، کە ئیمپریالیست و کۆنەپەرست و ڕیڤیژنیستەکان پاڵدەنێت بۆ ئەوەی ئەوپەڕی هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی چینی کرێکار ڕۆڵی پێشەنگی خۆی لەبیربچێت و لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی لابدات و ڕێگری لە بەجێگەیاندنی ئەو ڕۆڵە بکات. بەڵام خۆشبەختانە بەپێچەوانەی خواستی ئیمپریالیست و سەرمایەدارەکان و بەپێچەوانەی خواستی ڕیڤیژنیستەکان - بریکاری سەرمایەدارەکان- لەناو ڕیزەکانی کرێکارانی جیهان و لەناو ڕیزەکانی کرێکارانی نیشتمانیی خۆماندا، هەروەها بەپێچەوانەی هەموو ئەو ئارەزووانە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی جیهان و کرێکارانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت.

ژیان پەردەسێنێت و چەرخی مێژوو بەرەو پێشەوە دەڕوات و کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداری و ئیستغلال و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی مەحکومن بە لەناوچوون و نەمان. کەواتە هیچ دەسەلاتێک-هەرچەندە گەورە بێت یان چەندە چەکدار بێت، تەنانەت ئەگەر هەزاران مووشەک و بۆمبی ئەتۆمی و تۆپ و فڕۆکەی هەبێت- ناتوانێت چەرخی مێژوو بوەستێنێت، هەروەها ناتوانێت پێشکەوتن و پەرەسەندنی جەماوەری میللی کورد بوەستێنێت، ئەو هێزەی سەرکەوتن دروست دەکات و توانای ئەوەی هەیە ڕەگ و ڕیشەی ستەم و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی لە قوواڵییەکانەوە ڕیشەکێش بکات. هەموو هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان مەحکومن بە لەناوچوون و نەمان و وەک پڵنگی کاغەز وان کە لە بڵێسەی خەباتی گەلدا دەسووتێن. گەلی قارەمانی ڤێتنام نموونەیەکی نایابی خۆڕاگرییە لە بەرامبەر بەهێزترین و توندترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیزم لە جیهاندا و وایان لێکرد ملکەچی ئیرادەی

کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی ئەو گەلە بێت، کە هێزەکانیان یەکخست و خستیانە خەباتی شۆڕشگێڕانە و (جەنگێکی گەل)یان لە دژی ئیمپریالیزم هەڵگیرساند.

گەلی کوردمان سالانێکی زۆرە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی نەبڕاوە بەڕێوە دەبات، بێ دوودڵی لە شەڕی دژی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرست و کۆمپرادۆریەت قوربانییەکی بێئەندازەی بەخشیوە. گەلی کوردمان ،کە خاوەنی ئیمکانیەت و توانای شۆڕشگێڕی و تێکۆشانی ئاواگەورەیە، دەتوانێت و دەبێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و پەلەکردن لە بەدەستهێنانی، و بۆ پێشخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ، پێویستە ڕێگای خەباتی خۆیان بدۆزنەوە و هێزە بنەڕەتییەکانی دەستنیشان بکەن. هەروەها دەبێت دیاری بکەن کە کام چین توانای ئەوەی هەیە ئەم بەرپرسیارێتییە مێژوویی لە ئەستۆ بگرێت و سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بهێنێت. پێویستە لەوە تێبگەین کە چینی کرێکاری کوردستان چینی پێشڕەوە، جووتیارانی کوردستان هێزی بنەڕەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازین و چینی زەحمەتکێش، چینی کرێکار، هەژاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ بە بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکەوە گرێدراون. ئەمە هێزی بزوێنەر و داهێنەرانەی شۆڕشی نیشتمانیین و تەنیا بەتێکۆشان و خەباتی شۆڕشگێڕانەیان دەتوانرێ خواستە نەتەوەیی و دیموکراسییەکان بەدی بێن. ئەگەر بتوانین ئەم حەقیقەتە لە گەلەکەمان بگەینین، ئەگەر بتوانین لەوە تێبگەین، کە چینی کرێکار پێشەنگی چینەکانی دیکەیە و لە ڕێگەی پارتە سیاسییەکەیەوە دەتوانێت شۆڕشی نیشتمانیی سەرکردایەتی بکات و ئەگەر تێبگەین کە یەکگرتوویی خەباتی کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێش مەرجی جەوهەری سەرکەوتنمانە، ئەوا دەتوانین هەموو ئاواتەکانمان بەدی بهێنین. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ڕووبەڕووی خەباتێکی درێژخایەن و سەخت دەبینەوە کە قوربانیدانی بێئەندازەی دەوێت و گەلەکەمان دەبێ لە نێو خەباتی دژە ئیمپریالیزمی گەلانی ناوچەکەماندا جێگەی خۆی بگرێتەوە. ڕاستییەکی تر ئەوەیە، کە ئێستا کوردستانی خۆشەویستمان بەسەر بەشێک لە وڵاتانی دراوسێی کوردستاندا دابەش بووە و کوردستان و گەلانی دراوسێش چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە. بۆیە پێویستە هەوڵەکان لە عێراق لەگەڵ گەلی عەرەب و لە ئیران و تورکیا لەگەڵ گەلانی فارس و تورکیا و لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچەکەدا یەکبخرێن. پەیوەست بوونی هەوڵەکان لە نێوان ئەم گەلانەدا، بۆ سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان لەوپەڕی پێویستیدایە، چونکە هەموومان ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش دەبینەوە، ئەویش ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و کۆمپرادۆریەت و بەکرێگیراوەکانیانن. ئەم هێزانە لە دژی گەلانی ناوچەکە یەکگرتوون، هەر

بۆیەش دەبێت هێزەکانمان لە دژی ئەو هێزە ئیمپریالیستیانە یەکبخەین. لەم هەلومەرجەدا کە گەلی کوردمان پێیدا تێدەپەڕێت، کە ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە هاوپەیمانییەتی زایۆنیزم لە دژی براکەمان لە خەباتدا – دژی گەلی عەرەب – و چەند ساڵێکە ئیسرائیلییەکان هێرشی دڕندانە دژی گەلی بێ بەرگریی فەلەستین ئەنجام دەدەن و زەویەکانیان داگیرکردووە و هەزاران کرێکار و جووتیارانی فەلەستینی ناچارکردووە زەویەکانیان بەجێبهێڵن، کە ئێستا لە کەمپەکاندا دەژین و لە دژیاندا تووندترین شێوەکانی ئەشکەنجەدان و ستەمی نەتەوەیی پراکتیزە دەکەن. ئیمپریالیزمی ئەمریکی پشتیوانی ماددی و ئەخلاقی بۆ زایۆنیستەکان دەکات و نوێترین چەک بۆ ئیسرائیل دابین دەکات. فڕۆکە فانتۆمەکانی ئەمریکی- کە بۆ ئیسرائیل دابین دەکرا- لە هێرشێکی ئاسمانیدا نزیکەی ٨٠ کرێکاریان لە کارگەیەکی نزیک قاهیرە کوشت، ئەمەش پشتڕاستی کردەوە، کە ئامانجی ئیمپریالیست و زایۆنیستەکان تەنیا دەستبەسەرداگرتنی فەلەستین و دەرکردنی گەلەکەی و تالانکردنی سەرچاوەکانی نییە، بەڵکو هێشتنەوە و پاراستنی کۆنترۆڵی خۆیانە بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەرکوتکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ناو ئەو وڵاتە و کردنیەتی بە بنکەیەکی سەربازی بۆ جێبەجێکردن و تێپەڕاندنی فێڵ و تەڵەکە و پیلانگێڕیەکانیانە لە دژی گەلانی ناوچەکە، بە کوردستانی خۆشەویستیشمانەوە. ئەمەش پێویستی بە ئاراستەکردنی هەموو وزە و تواناکانمانەوە هەیە بۆ خەباتکردن دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم بۆ سەندنەوەی مافە نەتەوەییەکانمان، کە ئەمڕۆ لە ژێرتۆمی کوردستان و دیموکراسی شۆڕشگێڕانە لە عێراق بەرجەستە بوون. پێویستە لەوە تێبگەین، ئەگەر ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان بەردەوام بن لە کۆنترۆڵکردن وگرتنە دەستی جڵەوی کارەکان، گەلی کورد ناتوانێت مافەکانی خۆی بەدەستبهێنێت. ئەمەش تەنیا کاتێک مومکین دەبێت کە چینی شۆڕشگێڕی کورد خەباتی خۆیان لەگەڵ چینە شۆڕشگێڕە عەرەبەکانی ناوچەکە لەدژی دەسەلاتە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان و چینایەتییەکان یەکبخەن. پێویستە بۆرژوازی لابرێ و سیستمی دیموکراسیی میللی لەناویدا دابمەزرێنن، کە لەژێر ئەو سیستەمەدا گەلان نەک هەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بۆ ژێرتۆمی و چارەنووسی خۆیان بەدەستدەهێنن، بەڵکو هەنگاوی گەورەش لە بنیاتنانی ئەو سیستەمەدا هەڵدەگرن، کە چینی کرێکار هەمیشە خەباتی بۆ کردووە، واتە سیستەمی سۆسیالیستی، سیستەمێک بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی، کە لەژێر ئەو سیستەمەدا گەلان یەکدەگرن، و لەوێدا هیچ نەتەوەیەک نەتوانێت نەتەوەیەکی تر بچەوسێنێتەوە، بەڵکو هەموو لایەک ژیانێکی خۆش و خۆشگوزەران

دەژی. ئەم سیستەمە بنیات نایەت تا چینی کرێکار ڕۆڵی پێشەنگی خۆی لە سەرکردایەتیکردن و ئاراستەکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان نەگێڕێت و لە ڕێگەی بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی میللییەوە، بتوانێت هەنگاوی گەورەتر بەرەو سۆسیالیزمی ڕاستەقینە بنێت، کە دەسەڵات لە دەستی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و هاوپەیمانەکانیاندا دەبێت.

برایانی ئازیز، هەڤاڵان، چینی کرێکاری کورد بەرپرسیارێتییەکی گەورەی مێژوویی لە ئەستۆدایە، بەرپرسیارێتی خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی سەندیکایی و کرێکاری لە پێناو پەرەپێدانی پارتی پێشڕەومان، پارتی دیموکراتی کوردستان. پەرەپێدانی پارتی پێشڕەومان وکردنی بە حزبی پێشڕەوی ڕاستەقینەی جەماوەری میللی کوردستان، پەیوەندییەکی نزیکی بە خەبات و بزووتنەوە و چالاکیی کرێکارانەوە هەیە. ئاڕاستەی ئەمەش دەبێت تەنها بەرەو پێشخستنی بزووتنەوەی کرێکاران و بزووتنەوەی جەماوەری زەحمەتکێش لە کوردستانی عێراقدا نەبێت، بەڵکو بەرەو گەشەپێدانی پارتە پێشڕەوەکەمان و دروستکردنی تێکۆشەر و کادیری کرێکاری شارەزا، کە توانای سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کرێکاران و حزبی هەبێت، و شایستەی سەرکردایەتیکردنی حزب و شایستەی سەرکردایەتیکردنی چینی کرێکار بێت. چینی کرێکاری کوردستان دەتوانێ لە خەباتی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت و دڵنیاین کە گەلی کورد مافەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت و خوێنی هەزاران کورد بە هەدەرناچێت. ئێمە دڵنیاین کە بەرهەمی خەباتی گەلەکەمان کاتێک دەچنرێت، کە چینی کرێکار لە کوردستان ببێتە پێشڕەوی خەباتی گەلەکەمان، لەریزی پێشەوەی خەباتەکەیدا، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ لەژێر ئاڵای حزبە پێشڕەوەکەیدا کۆببنەوە، تەنیا ئەو کاتە گەلەکەمان لە گەیشتن بە خواستەکانی و گەیشتن بە مافەکانی دڵنیا دەبێتەوە. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە کرێکاران بە تەواوی لەم واقیعە تێبگەن و بەو پێیە مامەڵە بکەن. پێویستە خەبات بکەن بۆ بەجێگەیاندنی ڕۆڵی خۆیان و دروستکردنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری کە ببێتە پێشڕەوی جەماوەری میللی کوردستان لە خەباتی گەیشتن بە دەستکەوتی ڕاستەقینە و بەدیهێنانی ئومێدە گەورەکانی گەلەکەمان. دەبێت دڵنیابین لەوەی، ئەو ڕۆژەی چینی کرێکار لە کوردستاندا ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی دەگرێتە ئەستۆ، دوور نییە. دەبێت دڵنیابین لەوەی سەرکەوتنی کۆتایی هی جەماوەری گەلە و دڵنیابین لەوەی کە ئەم سەرکەوتنە تەنیا لە ڕێگەی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانەوە بەدەست دێت، کە چینی کرێکار و پارتی پێشڕەوی سەرکردایەتی دەکات. هێزە کۆنەپەرستانەکان چەندە خۆیان بە هێز و زاڵ نیشان دەدەن و چەندە

چەکەکانیان ڕاوەشێنن، مێژوو مەحکومیان دەکات بە نەمان چونکە چارەنووسیان لە ڕووی مێژوویییەوە لەگەڵ چارەنووس و لەناوچوونی دەسەلآت بە یەکەوە بەستراون. ئەمانە پلّنگی کاغەزین کە بە بلّیسەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە کوردستاندا دەسوتێن. سەرکەوتنی کۆتایی هی گەلە، هی خەباتی گەلە، کاتێک ڕێگای دروستی خەبات پەیڕەو دەکرێت- ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانە. وەک گوتمان سەرکەوتنەکەی پەیوەستە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارەوە و ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی هەموو وزە و ئیمکاناتەکان هەیە بۆ بەهێزکردنی چینی کرێکار لە کوردستان بۆ بەجێگەیاندنی ڕۆڵی خۆی لە بەدیهێنانی سەرکەوتندا. هیوادارین شاهیدی ئەو ڕۆژە بین کە چینی کرێکار ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی دەگێڕێت و جەماوەری کورد بەرەو ئامانجەکانی ڕزگاری نەتەوەیی و بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکراسی و میللی و بەرەو بنیاتنانی سۆسیالیزم هەنگاو بنێت.

با خەبات بۆ ئەو ڕۆژە بکەین، بژی چینی کرێکاری کوردستان، بژی چینی کرێکاری جیهان

سەرکەوتن بۆ کرێکاران وزەحمەتکێشان و مردن و شەرمەزاری و ڕیسوایی بۆ ئیمپریالیست و ئیستغلالکاران.

سەرکەوتن هی گەلە، دەسەلآتیش هی گەلە، بە ڕابەرایەتی پارتی پێشڕەو.[٥٤]

٥٤- ڕۆژنامەی النور، ژمارە ٤١٨، بەرواری ٦/ئازار/١٩٧٠.

سۆسیالیزم و
کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لە عیراقدا

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا دەخرێتە بەردەستی خوێنەری خۆشەویست، بریتییە لەو توێژینەوەیەی کە پێشکەشی کۆڕبەندی سۆسیالیزمم کرد لەنیشتمانیی عەرەبیدا، کە لەنێوان ٢٢-١٩٦٧/٥/٢٨ لە جەزایری پایتەخت بەڕێوەچوو، تیایدا وەک نوێنەری کورد بەشداریم کرد. وێرای ئەوەی توێژینەوەکەم بە پەلە نووسیوە، بەڵام هەست بە ئاسودەیی دەکەم لە پای ئەو کاریگەرییەی خستیە سەر دەروونی نوێنەران و ئامادەبووانی کۆڕبەندییەکە. زۆرێک لە نوێنەران لە ڕاستییە تازەکان، سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتە پێشڕەوەکەی و هەڵوێستی کوردە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخواز و سۆسیالیستەکان، لەمەڕ کێشەی کورد و پەیوەندییەکەی بە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و هاوخەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد و عەرەب، تێگەیشتن.

زێدە ڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم زۆرینەی زۆری نوێنەران و ئامادەبووانی کۆڕبەندییەکە تێڕوانینی باشیان لەسەر بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلا دروست بوو.

ئەم توێژینەوەیە بە پێنجسەد دانە لەکۆڕبەندییەکە بەسەر نوێنەرانی ولاّتانی جیاواز و ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و بیانی و نوێنەرانی ولاّتە سۆسیالیستەکان دابەش کرا، کە وەک چاودێر ئامادەی کۆڕبەندییەکە بوون.

زۆرێک لە سەرکردە عەرەبەکانی هەڵگری هزری سۆسیالیزمی پێشکەوتنخواز ناوەڕۆکی توێژینەوە و ڕەوتە سەرەکییەکەیان پەسند کرد و بەرز نرخاند، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی، کە ئامادەبووانی کۆڕبەندییەکە پێداگریان کرد هەڵسوڕێنەری دانیشتنەکە کاتێکی زیاترم لەو بیست خولەکەی بۆ هەر توێژینەوەیەک دیارکرابوو، پێبدەن تا بتوانم تەواوی توێژینەوەکە پێشکەش بکەم، بەڕاستیش ئەم دەرفەتەیان پێدام. ئەو شانازیە بۆمن بەسە کە نوێنەران بە چەپڵە ڕێزان پێشوازیان لە توێژینەوەکە کرد وەک بەڵگەیەک لە سەر پەسند کردن و ئاسوودەبوون لێی.

من لامویە بانگهێشت کرانم بۆ کۆڕبەندییەکە - جگە لەشەرەفی بەشداریکردن و گفتوگۆ

لە کۆڕبەندییەکە - دەرفەتێکی فراوانی بۆ ڕەخساندم بۆ ئاشنا کردنی بازنە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیزمی عەرەبی بە چەندێن ڕاستی دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتە پێشڕەوەکەی بەمەش، بە بەشە خاکەڕاییەکەی خۆم بەشداریم لەپتەو کردنی پەیوەندی برایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشی نێوان کورد و عەرەب کرد. هەرئەوەشە شانازی و بەخۆوە نازینم دەوروژێنێ - سەرباری ئەو هەڵمەتە ناڕەوایەی ڕۆژنامەی (التآخی) .... دژم و دژ بە ئامادەبوونم لە کۆڕبەندییەکە بەڕێوەی برد. ئەم ڕۆژنامە ڕاستڕەوەی ...کان، کە لاپەڕەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی سەرمایەدارانی دژ بە ڕێوشوێنەکان و تەنانەت نیمچە سۆسیالیستەکانیش، کە بەڕاستڕەوی و دووبارەکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی دارودەستەی سەردەمی پاشایەتی بەسەرچوو- کە پەیوەندیەکی تووندوتۆڵی بە....هەیە - لە مەڕ دیموکراسیەتی بۆرژوا لیبڕاڵەکان و گرنگترین پرسەکانی گەلی عێراق، تەرخان کردووە.

دەڵێم ڕۆژنامەی (التآخي)..... بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە کورد نوێنەری لەکۆڕبەندییەکەدا نییە، وەک ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بەڵگەنامەیەکی تاپۆ ئاسای لەلایەن ئەوەوە یان لەلایەن ...ئاغایەوە لە سیخوڕەکانی میژەر (لاین) و نوێنەر و وەزیرەکانی نوری سەعید بە شێوەیەکی تایبەت و قۆرخکارانە دەسکەوتبێ.

بۆ وەڵام دانەوەی تۆمەتەکانی (التآخي) ئەوەندە بەسە، کەڕای کەسایەتیەکی پێشکەوتنخوازی عەرەب بگێڕمەوە، کە لەسەر (التآخي) دەربڕیووە کە دەڵێ (ناهەقیە گەر... نیگەران بێت لەوەی نوێنەری بانگهێشتی کۆڕبەندی سۆسیالیستەکان نەکراوە، بەڵام ئەوکاتە بەڕاستی مافی دەبوو نیگەران بێت ئەگەر کۆڕبەندی دەرەبەگایەتی لە نیشتمانیی عەرەبیدا بەبێ نوێنەری ئەوببەسترایە).

.... کە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی بەئیمپریالیزم و زایونیزمەوە هەیە، بەئاشکراو بەڕۆژی ڕووناک ....نی خۆی بۆپتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەمسەرەکانی سەردەمی شاهانە و بە بەرچاوی هەموو ڕای گشتی عێراق ناردووە. مافی ئەوەی نییە ناردنی نوێنەر بۆ سەرجەم کۆڕبەندیە جیهانییەکان قۆرخ بکات، ئەو تەنیا مافی نوێنەرەکانی خۆی هەیە بۆ ئەمریکا لە سەرحسابی ڕێکخراوە زایۆنیستیەکان و ناردنی بەکرێگیراوانی (لاین) بۆ بریتانیا و دامەزراندنی نوێنەری هەمیشەیی لەپایتەختە نزیکەکان.

گۆڕەپانی مامەڵە کردن لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستان بەتەنیا بۆ ئەو بەجێهێڵراوە، مەیدانی نیشتمانیی و پێشکەوتنخوازانە، گۆڕەپانی سۆسیالیزم و شۆڕشگێڕیەتیش کە ....و

داروودەستەکەی بە یەکجاری پشتیان تێکردووە و بەجێیانهێشتووە، ئەوە گۆڕەپانی سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکانە بە کوردە سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکان، کە.... دوژمنایەتیان دەکات و لەگەڵیان دەجەنگێت کە پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتیان دەکات.

لە کۆتاییدا هیوادارم بڵاوبوونەوەی ئەم تۆژینەوەیە لەعێراقدا، یارمەتیدەر بێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتر لەمەڕ پرسی کورد و پەیوەندی بە سۆسیالیزمەوە هەروەها برا سۆسیالیستە عەرەبەکانمان ڕاستی دیکە دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و چارەسەری سۆسیالیستانەی پرسی کورد تێبگەن. دواتر ئەم تۆژینەوەیە بەشداری لە تێگەیشتن و نزیک بوونەوەی زیاتر و توندوتۆڵکردنی نێوان پێشکەوتنخوازانی کورد و عەرەب بکات و یارمەتیدەر بێت لە بەیەکەوە بەستنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەپێناو دەسەڵاتێکی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشگێڕانە کە ڕێبازی گەشەسەندنی ناسەرمایەداری ڕوەو سۆشیالیزم لە عێراقدا بگرێتە بەر و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنخوازییەکانی جەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان بە کورد و عەرەبییەوە بەدیبێنێ و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردمان بە مافی ئۆتۆنۆمیەوە لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی و لەژێر ئاڵای کۆماری عێراق یان کۆماری یەکگرتوی عەرەبی پێشکەوتنخواز.

ئەگەر تۆژینەوەکە ئەم ڕۆڵەی خۆی بینی کەمن دەمەوێت ئەوە هیواکەم بەدیهاتووە و گەیومەتە ئەو مەرامەی: کە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی هەمبووە، ئەگەر کورتیشی هێنا ئەوە ڕاستگۆیی مەرامی ناخم فریاگوزارمن، کە لە تۆژینەوەکەدا کردوومە، هەموو کارێکیش بەنیەتەوە بەندە.

جەلال تاڵەبانی

بەکرەجۆ - سلێمانی

١٩٦٧/٨/٢

سۆسیالیزم و پرسی نەتەوەیی

بزووتنەوەی سۆسیالیزم، بەخەبات کردن دژی هەموو جۆرە ڕەنجخۆری و چەوساندنەوەیەک، دژی چەوساندنەوەی چینایەتی کە سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی بەتایبەتی دژبە کرێکاران و جووتیاران و تۆێژەکانی گەل بە گشتی پەیڕەوی لێدەکا، و دژی چەوساندنەوەی حکومەتی نەتەوەی بالادەست دژ بە نەتەوەیەکی ژێردەستە، دەرکەوت.

سۆسیالیزم کە هەوڵی بەدیهێنانی جیهانێکی دوور لە ڕەنجخۆری و جیاکاری و چەوساندنەوەدا، جیهانێک یەکسانی ڕاستەقینە و خۆشەویستی ڕاستگۆیانە و برایەتی پوخت تیایدا زاڵبێت. سۆسیالیزم بەردەوام لایەنگری ژێردەستە و چەوساوەکان لە نەتەوە بچوک و حوکم بەسەرداکراو و ستەملێکراوەکان بووە. سەرباری ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە سەروبەندی بەرجەستەبوونی هزری سۆسیالیزمی زانستیدا لەسەر دەستی کارل مارکس وفرێدریک ئەنگڵز لەدەیەی کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆرژوازی گەلێکی چەوساوە و ستەم لێکراوبوو لەپێناوی سەربەخۆیی نیشتمانیی، کە گرنگیەکەی زۆر کەمتر بوو لە گرنگی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستی، کە ئامانجی نەهێشتنی تەواوی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیبوو. بەم شێوەیە رزگاری سەرجەم گەلان بە گەورە و بچوکیەوە بە وانەی دەسەلاتدار و بندەستەش بوون. لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی تەنیا وابەستەبوو بە هەندێک نەتەوەی بچوک لە ئەوروپا (بەهۆی نقومبوونی ئاسیا و ئەفریکا و ئەمریکای لاتین لە خەوێکی قوڵدا) سەرەرای هەموو ئەمانە، سۆسیالیزم بایەخێکی تایبەتی بە بزووتنەوە نەتەوەییەکان بەخشی، کە شایستەی بێ ئەگەرچی ئەوسا بایەخ و ڕۆڵە مێژوویییەکەی لاوەکی بوون. لەکاتی خەباتی گەلی ئێرلەندا لە دژی هەژموونی دڕندانەی بریتانیا بە سەرکردایەتی(ئالفنیان) و لەکاتی خەباتی پۆڵۆنی بەسەرکردایەتی بەگزادە و میرە نیشتمانپەروەرەکان دژ بە هەژموونی کۆنەپەرستانەی ڕوسیا. مارکس و ئەنگڵز لەتەک هەردوو بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلانی ئێرلەندە و پۆڵەندا وەستان و لەسەرکردایەتی ئێنتەرناسیونالی یەکەمدا بۆ پشتیوانی خەباتی ئەم دوو گەلە لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمانییدا خەباتیان

کرد. ئەمەش بەوپێیەی بزووتنەوەی نەتەوەیی نەتەوە چەوساوەکان سەرباری سروشتە بۆرژواییەکەی خاوەنی تایبەتمەندی دیموکراسیانەی دژ بەکۆلۆنیالیزم وکۆنەپەرستییە. بەلام مارکس و ئەنگڵز، و لەپشتیانەوەش، سۆسیالیزمی زانستی بۆ هەموو بزووتنەوە نەتەوەییەکان هاوسۆز و پشتیوان نەبوون، بەڵکو لەنێوان دوو جۆر لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان جیاوازیان دانا:

جۆری یەکەم: ئەوبزووتنەوە نەتەوایەتیانەیە کە خەسڵەتی شۆڕشگێڕی و دژایەتیکردنی کۆنەپەرستی و دەسەلاتە ئۆتۆکراتییەکان دەکەن، بۆ ئەم جۆرە پشتیوانی و پشتگیری تەواویان ڕاگەیاندبوو.

جۆری دووەم: ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیانەن کە بە کۆنەپەرستی و پەیوەندی گوماناوی بە دەوڵەتەکۆلۆنیاڵییەکان تایبەتمەندن،کەبەدوای فراوانبوون و دژایەتی کردنی ڕەوتی سۆسیالیستی یان دیموکراسیەوەن، ئەمەش ئەم جۆرەیە کە لە دژی وەستانەوە. بۆیە مارکس و ئەنگڵز لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی چیک و سلاڤەکانی باشوور وەستانەوە، کە بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست ناوزەد کرا بەو پێیەی پێشەنگی فراوانخوازی ئۆتۆکراتییانەی ڕوسیای تزاری بوو. ئەمەو سەرباری بەردەوامی بزووتنەوەی سۆسیالستی جیهانی، لەسەرویانەوەش مارکس و ئەنگڵز بۆ سیاسەتی دژ بە هەموو جۆرەکانی ڕەنجخۆری و چەوساندنەوە، سەرباری دوژمنایەتی تووندی بەرامبەر دەستبەسەراگرتنی مافی گەلێک لەلایەن دەسەلاتی گەلێکی بەهێزەوە. دەمێکە دەنگی مارکس دەزرنگێتەوە کە گوتویەتی (گەلێک کە گەلێکیتر دەچەوسێنیتەوە ناتوانێت ئازاد بیت). مارکس پێیوایە، کە رزگاری ئێرلەندا لەژێر هەژموونی بریتانیا مەرجێکی پێویستە بۆ خودی ڕزگاری چینی کرێکاری ئینگلیز و سەرکەوتنیشە بۆ سۆسیالیزم لە بریتانیا. هەروەک ئەنگڵز داگیرکردنی ئێرلەندای لەلایەن بریتانیاوە بەسەرچاوەی هەموو خراپیەکانی ئینگلیزدایە قەڵەم، مارکس لەم بارەوە دەڵێت: ئەگەر چینی کرێکاری ئینگلیز لە ئێرلەندا ڕزگاری نەبێت ناتوانێت هیچ بکات، چونکە کاردانەوەی ئینگلیزەکان لە ئینگلتەرەدا هێزی خۆی لە کۆیلەکردنی ئێرلەندا وەردەگرێت[٥٥]

لەگەڵ بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگڵز لەمەڕ ئەوەی سۆسیالیزم پێویستە پشتیوانی بکات لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو نەتەوە چەوساوانەی دژ بەکۆلۆنیالیزم و هەژموونی دەرەکی بەڕێوە

٥٥- (ص ٧٥-٧٧ من كتاب حق الامم فى تقرير مصيرها- بقلم: لينين، ترجمة دار ابن الوليد، الطبعة الثانية، ايلول ١٩٥٨). (مام).

دەبەن، لە ناوەندە سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکان ڕووبەڕووی دژایەتی بووەوە، کە داوای نکۆڵی لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان و فەرامۆشکردنی داخوازیەکانیانیان دەکرد بەبیانوی چڕکردنەوەی خەبات لە پێناو سۆسیالیزمدا، کە بەڕۆڵی خۆی پرسی نەتەوەییش چارەسەر دەکا. بەڵام مارکس و ئەنگڵز پێداگرییان لەسەر هەڵوێستەکەیان کرد. ئەنگڵز لە نامەکەیدا کە لە مبارەوەیە لە ١٨٨٢/٩/١٢ ئاڕاستەی کاوتسکی کردووە تیایدا دەڵێت٠ دەبینم کۆڵۆنییەکان بە هەموو مانای وشەکە، واتە ئەو وڵاتانەی ئەوروپاییەکان ڕەنجیان دەخۆن (کەنەدا- کاب- ئوسترالیا) هەموویان سەربەخۆیی دەستێنن تەنیا وڵاتە کۆڵۆنیکراوەکان نەبێ، کە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی خۆیان تیایاندا نیشتەجێن(هیند- جەزایر - مولکەکانی هۆڵەندی و پورتوگالی و ئیسپانیەکان) بە پێچەوانەوە پێویستە پڕۆلیتاریا ماوەیەک بیانخاتە دەستی خۆی و بەو پەڕی خێراییەوە بیانخاتە سەر ڕەوتی سەربەخۆیی. ئاسان نییە چۆنیەتی گەشەکردنی ئەم بزووتنەوە دیاری بکرێت، لەوانەیە هیند شۆڕش بەرپا بکات، تەنانەت گریمانەی ئەوەش دەکرێ. لەبەر ئەوەی پڕۆلیتاریا لە پێناو ڕزگاریدا ناتوانێ جەنگی کۆڵۆنیاڵیانە بەڕێوە ببات، بۆیە دەبێ شۆڕشەکە قەبوڵ بکرێت بێگومان شۆڕشیش بەبێ جۆرەها وێرانکاری بە ئەنجام ناگات. بەڵام بابەتێکی لەمجۆرە لە هەموو شۆڕشێکدا هەیە و ئاساییە، ڕەنگە هەروەها هەمان شت لەوڵاتانی دیکەشدا ڕووبدات بۆ نموونە لەجەزایر و میسر، ئەمەش سەبارەت بە ئێمە بە دڵنیاییەوە باشترین چارەسەرە. بەڵام ئەم وڵاتانە دەبێت بە چ قۆناغێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گوزەر بکەن تا بتوانن بگەن بە ڕێکخستنی سۆسیالیستی. ئەمەش ئەوەیە کە ئیمڕۆ پێموایە ناتوانین وەڵامی بدەینەوە تەنها بە گریمانە بێسوودەکان نەبێت. بەڵام ئەوەی گومانی تێدانییە (ئەوەیە کە پڕۆلیتاریای سەرکەوتوو ناتوانێ هیچ خۆشبەختییەک بەسەر گەلێکی بیانیدا بسەپێنێ بەبێ ئەوەی سەرکەوتنی خۆی تێکبدات). بەم شێوەیە ئەنگڵز بەڕەچی بیانوەکانی سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکانی دژ بە مافی گەلان لە سەربەخۆیی و ڕزگاریدا دایەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەرەنجامانە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهان درێژەی داوە بە پشتیوانیکردنی نەتەوە چەوساوەکان و گۆتەی (مافی چارەی خۆنووسین) لەناو ململانێ و مشتومڕی توندی نێوان سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و ڕاستڕەوەکانەوە بەرجەستە بوو، ئەو مافەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دووەم، کە لە ساڵی ١٨٩٦ لە لەندەن بەسترا، لە ماوەی نێوان ٧/٢٧ تا٨/١ ی خایاند، کە لە دەقی بڕیارەکەدا هاتووە (کۆنفرانس پشتگیری ڕەهای خۆی بۆ مافی ئازادی چارەی خۆنووسینی سەرجەم نەتەوەکان ڕادەگەینێت و هاوسۆزی خۆی بەرامبەر کرێکارانی هەر وڵاتێک دەردەبڕێت ، کە بەدەست ستەمی

ڕژێمی ستەمکارانەی سەربازیی نیشتمان و دەرەکی دەناڵێنێت، داوا لە کرێکارانی سەرجەم ئەو ولاتانە دەکات بچنە ڕیزی کرێکارە وشیارەکان (ئەوانەی وشیارن بۆ بەرژەوەندی چینەکەیان) لە هەموو جیهاندا بۆ ئەوەی بە یەکەوە تێبکۆشن بۆ ڕماندنی سەرمایەداری جیهانی و بەدیهێنانی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی[٥٦].

چەمکی مافی چارەی خۆنووسین دوچاری ناکۆکییەکی توند بووەوە لەنێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانیدا. توخمە پێشەنگە ڕاستڕەوەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهان وەک (ئۆتۆبایر، سیمکۆفسکی، یۆرکۆڤیچ و هیتر) لە هەوڵی ئەوەدابوون کە ڕاڤە کردنی ئەم مافە لە مافی سەربەخۆیی کلتوریدا قەتیس بکەن بەمەش لە ناوەڕۆکە جەوهەریەکەی دایبماڵن، بەڵام باڵی چەپڕەو لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانیدا، کە دیارترین شۆڕشگێرتیایدا ف- ئی- لینینە وای ڕاڤە کردووە کە ئەم مافە بەواتای ڕزگاربوونە لە هەژموونی دەرەکی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت و دواتریش مافی جیابوونەوە لەو دەوڵەتەی نەتەوە ستەملێکراوەکە پێیەوە بەستراوەتەوە. دەقەکە ئەمەی خوارەوەی گوتووە: (مەبەست لە ئازادی نەتەوەکان لە بڕیاری چارەنووسییان، جیابوونەوەیانە وەک دەوڵەتێک لە گروپە نەتەوەییە بیانییەکان، کە ئەمەش پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیانە)[٥٧].

سەرباری ئەوەی هەندێک لە مارکسیستە چەپەکان، وەک (ڕۆزا لۆکسمبۆرک و بوخارین، پێیانوایە ئەم مافە جۆرێک لە خەیاڵپلاوی و دور لە واقعیەت و سروشتێکی مەتاتی هەیە، بەڵام باڵە لینییەکە لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانی پێداگرییان لە سەر پێویستی جێکردنەوەی دەقی مافی چارەی خۆنووسین لە پڕۆگرامی پارتە سۆسیالیستەکان لە ولاتانی کۆڵۆنیالیزم و ولاتانی فرە نەتەوە دەکردەوە. لینین وتی: (هەر سۆسیالیستێک لەنەتەوەیەکی ستەمکاردا لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا بانگەشە بۆ گەلی ستەملێکراو بۆ جیابوونەوەیان نەکات نە سۆسیالیستە و نە نێو نەتەوەییە بەڵکو شۆڤینیستە. هەروەک دەڵی: گەمژەییە بە شۆڕشی سۆسیالیستی و خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە سەرمایەداری بەرهەڵستی یەکێک لەکێشە دیموکراسیەکان و پرسی نەتەوەکان بکەین. لەم دۆخەدا پێویستە لەسەرمان خەباتی شۆڕشگێڕانە دژ بە سەرمایەداری بە بەرنامە و تاکتیکی شۆڕشگێڕانە ببەستینەوە لە هەمبەر سەرجەم داخوازییە دیموکراسییەکان، وەک کۆماریخوازی و پڕچەککردنی خەڵک، هەڵبژاردنی گەلێریانەی فەرمانبەران و یەکسانی

٥٦- (ص ٦٢ من كتاب حق الامم في تقرير مصيرها، لينين).(مام).

٥٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا، ٤.(مام).

لەمافدا بۆ ژنان و مافی نەتەوەکان لەپڕیاری چارەنووسدا ... و هیتر. ئەمەی لە وەڵامی سۆسیالیستە ڕاستڕەوەکانی وەک (باراببیلوم، کۆنۆف، بلیخانۆف، هندرمان وشیدمان) دەربڕیووە، هەروەها هەڵوێستی (کاوتسکی و بلیخانۆف) ی شەرمەزار کــرد سەرباری داننانیان بە مافی چارەنووسی گەلان کە بەشێوەیەکی ورد سۆسیالیستەکانیان لە نەتەوە ستەمکارەکان دیاری نەکردووە و هەوڵیانداوە ساختەکاری بکەن لە پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بەقبوڵکردنی کاوتسکی (داخوازی بۆ سەربەخۆبوونی هەموو نەتەوەیەک لە دەوڵەتدا، لەوزە بەدەرە) وە (لەسەربەخۆیی نیشتمانییدا مایەی قایلییە). بەڵام سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان جیاوازی دەکەن لەنێوان دووشتی جیاواز سەبارەت بەبابەتی مافی چارەی خۆنووسین کە بریتین لە:

یەکەم: مافی چارەی خۆنووسین مافێکی ڕەهایە، بەواتای هەر نەتەوەیەک ئازادی ڕەهای هەیە لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین.

دووەم: پڕاکتیزەکردنی گەلان بۆ ئەم مافە ڕەهایە، بەواتای چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی گەلان بۆ ئەم مافە ڕەهایە نە یەکجۆر و نەڕەهایە. ڕاستە هەرنەتەوەیەک مافی چارەنووسی خۆی هەیە بە مافی جیابوونەوەشەوە، بەڵام پڕاکتیزەکردنی ئەم مافە بە شێوازی جیابوونەوە یان فیدڕالی (یەکگرتوویی) ملکەچی هەندێ مەرج و دۆخی دیاریکراو دەبێت، بۆیە جیابوونەوە لە هەموو بار ودۆخیکدا ئاسودەیی و بەهرەوەری نییە و یەکگرتوییش ئاسودەیی و بەهرەوەری نییە لەهەموو دۆخیکدا، بۆ باش تێگەیشتنی ئەم بابەتە لینین نموونەی مافی جیابوونەوە لە هاوسەردەهێنێتەوە و باسەکات. بانگەواز کردن بۆ هەرکەسێکی هاوسەردار (چ ژن چ پیاو) مافی جیابوونەوەی هەبێت بەمانای پەسند کردن و هاندانی نایەت هەر بۆیەش بانگەوازنییە بۆ هەموو ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە پڕاکتیزەی ئەم مافە بکەن، واتە پیاوەکان و ژنەکان لەیەکتر جیابنەوە. بەڵکو بانگەوازەکە بۆ پەسندکردنی پڕاکتیزەی جیابوونەوە نییە لەتەک بانگەوازی مافی جیابوونەوە، چونکە بوونی ماف شتێکە و چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنیشی شتێکی تر. جگە لەمەش ئەو نەتەوانەی خاوەنی مافی چارەی خۆنووسینن، دەتوانن ئەم مافە بە شێوەی فیدڕالیەت یان بەشێوەی ئۆتۆنۆمی لەسنوری دەوڵەتێکی یەکگرتودا بەکاربهێنن.

هەروەها لینیزم جیاوازی لە هەڵوێستی سۆسیالیستەکان لە نەتەوەی ستەمکار و هەڵوێستی سۆسیالیستانی نەتەوەی ستەملێکراودا دەکات، سەرەڕای یەکێتیی ئامانج، کە – لەبابەتی مافی چارەی خۆنووسین – نەهێشتنی ستەم و هەڵاوێردنی نەتەوەیی و ڕەنجخۆری چینایەتی، کە لەدوورمەودادا یەکگرتنی نەتەوەکانە لە سیستمێکی نوێدا نەک جیابوونەوەیان.

سۆسیالیزم خوازیاری یەکێتیی نەتەوەکانە بەڵام یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی ئازاد ئەم یەکێتییەی لە بەرەنجامی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین پێکهاتووە بەو شێوەیەی جیابوونەوەی کۆڵۆنیاڵیەکان لەکۆی کۆڵۆنیالیزم وکردنیان بە دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەرکی سۆسیالیستەکان لە نەتەوەی سەردەست بانگەواز کردنە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، لەمافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوە لەدەوڵەتی دەسەلاتدار، خەباتکردنە لەپێناو ئەوەی نەتەوە ژێردەستەکان ئەم مافە ڕەهایە پراکتیزە بکەن. هەروەها بریتییە لە پەروەردەکردنی جەماوەری نەتەوەی سەردەست بەگیانی مافی چارەی خۆنووسین بە جیابوونەوەشەوە. لینین ڕەخنە لە سەرجەم سۆسیال دیموکراتەکان دەگرێت (لەوانەش مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان، وەک کاوتسکی، بلیخانۆف، بارابیلۆم وسیمکۆفسکی و... هیتر) کە پرۆپاگەندە و خەبات بۆ مافی چارەی خۆنووسین و بەرەوپێدانی ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن: هەموو سینگ دەرپەراندنێکمان لە بەرز کردنەوەی دروشمی مافی جیابوونەوە و بیکەین بەتەوەرەی چالاکی و بانگەوازەکانمان گومانی تیانییە دەمانخاتە خزمەتی مەرامەکانی بۆرژوازییەت و دەرەبەگایەتی و مەیلی ستەمکاری لەلایەن نەتەوەی بالادەستەوە. بەڵام ئەرکی سۆسیالتخوازان لە نەتەوەی ژێردەست خەباتکردنە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و گۆشەگیری نەتەوەیی بەیێکەوە، بانگەوازە بۆ برایەتی گەلان و یەکێتیی ئارەزومەندانەیان، هەوڵدانە بۆ قەناعەت پێکردن و پەروەردەکردنی جەماوەری نەتەوەی ژێردەستە بۆ پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەشێوەی یەکێتیی ئارەزومەندانەی برایانە. بێگومان هەموو ئەمانەش لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دانە.

ئەگەر هاتوو یەکێتیی ئارەزومەندانە لەتەک بەرژەوەندی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دژ بە ئیمپریالیزم و لەبەرژەوەندی سۆسیالیزم دابوو ئەوە ئاسودەیی و باشترە، بەڵام ئەگەر لە بەرژەوەندی کۆڵۆنیالیزم و دژ بە بەرژەوەندی سۆسیالیزم بوو ئەوە خراپ و نائاسودەییە. بە پێچەوانەوە ئەگەر جیابوونەوە لە بەرژەوەندی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی دژ بە ئیمپریالیزم بوو ئەوە باش و ئاسودەییە، ئەگەریش بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دژ بە ئیمپریالیزم و دژی سۆسیالیزم بێت ئەوە خراپ و نائاسودەییە. بەڵام نابێت لەهەموو باریکدا جۆرێکی دیاریکراو لە پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەسەر ئەو نەتەوانەدا بسەپێنرێ، کە ئەو مافەیان هەیە. بەڵکو پێویستە خەبات و کۆشش

بۆ ڕازیکردنیان و پەروەردەکردنیان بکرێت تا بە ڕەهایی لە مافی چارەی خۆنووسین کەڵک وەربگرن، بەشێوەیەک، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەرەکەی و بەرژەوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بکات دژ بەئیمپریالیزم و پرسی سۆسیالیزم. سەبارەت بە بانگەوازی هەندێ لە سۆسیالیستە مارکسیستەکانی وەک (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ) کە گوایە دروشمی مافی چارەی خۆنووسین پراکتیکیانە نییە و خەیاڵپلاوی یان مەتاتییە. لینین ئەمەی خوارەوەی نووسیوە:

پرۆلیتاریا بە سیاسەتێکی بنەمادارانە ڕووبەرووی بنەمای کرداری بۆرژوازیی دەبێتەوە. بۆرژوازیەت تەنیا لەچوار چێوەی هەندێ مەرجی دیاریکراو پشتیوانی لە پرسی نەتەوەکاندا دەکا. هەر بۆرژوازییەک ئاواتە خوازە لە بواری دۆزی نەتەوەییدا، یان هەندێک سەرپشکی –بۆ نەتەوەکەی خۆی – یان هەندێ سوودی نائاسایی بەدەست بهێنێ، هەر ئەمەشە کە لەڕووی زانستییەوە مەبەستیەتی. لەکاتێکدا پرۆلیتاریا خۆی دژی هەموو سەرپشکی ونائاسایی(هەڵاوێردە)یێکە. داخوازی پرۆلیتاریا کە کردەیی بێت بە مانای داخوازی ڕێ ڕۆیشتنە لەژێر چاودێری بۆرژوازیەت و چەقینە لە هەلپەرستیدا. پاشان لینین لەم بارەوە درێژە بەقسەکانی دەدا و دەڵێت: پرۆلیتاریا بەوە قایلە بە شێوەیەکی ڕەها داخوازی خۆی لەسەر دانپیانانی مافی چارەی خۆنووسین دەربڕێ ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت بە بێ ئەوەی هیچ شتێک بۆنەتەوەیەک زامن بکات یان بەڵێن بدات لە سەر حسابی نەتەوەیەکی دیکە هیچ شتێک ببەخشێت.

هەڵوێستی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە لینیستەکان وەک پێشتررووونکرایەوە بەوە سنوردار ناکرێ و بەس بەڵکو دژایەتیکردنی هەوڵی بۆرژوا نەتەوەییەکان دەگرێتەوە بۆ هەڵفریواندن و ڕاکێشانی پرۆلیتاریایە بۆ پشتیوانی کردن لە خواستە نەتەوەییەکان بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک، کە پێیوایە باشترین هەڵوێستی پراکتیکی ئەوەیە کە ڕاشکاوانە ڕەزامەند بێت لە سەر جیابوونەوەی نەتەوەی ژێردەستە و بەبێ لە بەر چاو گرتنی دۆخی ئەم جیابوونەوەیە و بەبێ هەڵسەنگاندنی ئەم جیا بوونەوەیە لەگۆشەنیگای شۆڕشگێڕیەوە لینین وەلامی ئەم بانگەوازە بۆرژوازییە نەتەوەییە دەداتەوە و دەڵێت: بەڵام پرۆلیتاریا ڕەزامەند نابێت لەسەر ئەم چەمکە(کردارەکی) یە، چونکە بەڕاشکاوی دان بە یەکسانی مافەکاندا دەنێت و بۆ هەموونەتەوەکان دان بەمافێکی یەکساندا دەنێت لەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.

لێرەدا ئەمە هەڵدەهێنجرێ کە سوسیالیزمی شۆڕشگێڕانە هەمیشە بە ڕەهایی و پاڵپشتی و لایەنگیری جیابوونەوە ناکات ، بەڵکو هەمیشە و هەردەم پشتیوانی لە مافی جیابوونەوە دەکات. بەڵام چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ئەم مافە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی مافی چارەی خۆنووسینن و سۆسیالیزم لە تەک ئەمەدا کۆشش دەکا بۆ ڕازیکردنی ئەم نەتەوانە، کە مافی ڕەهای خۆیان بە شێوەیەک بەکار بهێنن کە خزمەتی جەماوەری زەحمەتکێش و بەرژەوەندی کۆی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیە دژ بە ئیمپریالیزمەکان بکات، واتە چارەسەرکردنی هەر پرسێکی لەم شێوەیە بەجیا. لینین دەڵێت: بەڵێ ئەمە سیاسەتی ئێمەیە، دانانن بە مافی هەموان بۆ جیابوونەوە و چارەسەرکردنی هەموو پرسێکی ڕاستەقینە بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، چارەسەرێک لە سەربنەمای ڕەتکردنەوەی هەموو شێواندنێکی یەکسانی و هەموو سەرپشکی و هەڵاوێژیەک. (ڕۆزا لۆکسمبۆرک) لەسەر ئەم هەڵوێستە لینینیە دێتە وەڵام بە بانگەشەی ئەوەی پشتیوانی کردنی مافی جیابوونەوە سۆسیالیستەکان هاندەدا، کە پشتیوانی لە مەیلی هەژموونی نەتەوەیی لە نێو بۆرژوازیانی نەتەوەی ستەملێکراو بکەن. ڕۆزا دەڵێت: لەم سەردەمەی ئیمپریالیزمی سەرکێشدا چیتر ناتوانرێت جەنگی نیشتمانیی ڕووبدات، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان جگە لە ئامرازی فریودان هیچیتر نییە، کە ئامانج لێی ژێردەستکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی گەلێرییە بۆ خزمەتکردنی ئیمپریالیزمی دوژمنی خوێنەخۆریان. لینین لە وەڵامی ڕۆزادا وتی: جەنگە نیشتمانییەکان لەلایەن کۆڵۆنییەکان و نیمچە کۆڵۆنییەکان لە چەرخی ئیمپریالیزمدا نەک هەر تەنیا ڕێی تێچووە بەڵکو پرسێکە هەر دەبێ ببێ. وتیشی: جەنگە نیشتمانییەکان دژ بە دەوڵەتانی ئیمپریالیزم تەنیا دەشێ و ڕێی تێدەچێ بەڵکو پرسێکی بڕاوەی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانەیە گەر چی سەرکەوتنیشی بێگومان پێویستی بە هەوڵ و یەکخستنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی وڵاتانی چەوساوە هەیە. هەڵوێستی بوخارین (کە بانگەشەی کۆمونیزمی چەپ دەکات) لەم ڕووەوە هاوشێوەی هەڵوێستی ڕۆزا بوو کاتی دەیگوت: دانانن بەمافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان کارێکی نادروستە، نەتەوە بە مانای بۆرژوازیەت لەگەڵ پرۆلیتاریا، دەتانەوێت ئێمەی پرۆلیتاریا دان بە مافی چارەنووسی بۆرژوازی ناچێزەدا بنێین. بوخارین لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: چ پێویستیمان بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان هەیە؟ جگە لەدانانن بە مافی چارەنووسی چینە زەحمەتکێشەکان چیترم ناوێت. هەروەها بوخارین پەلپ دەگرێ

بە ڕەوتی دەوڵەتی ڕوسیای شۆڕەوی لە سەروبەندی دەرکەوتنی بەرامبەر ئەو نەتەوانەی کە دانینا بە مافی چارەی خۆنووسینیان و دەپرسێت چ پێویست دەکات ...مادام ئێمە بۆڕژوازیەتمان ڕووخاند و بانگەشەی دەسەلاتی شۆڕەوی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارمان کرد چ پێویست دەکات ئەم ڕەوتە بگرینە بەر؟ بەڵام لینین بەرپەرچی بیانوەکانی بوخارینی دایەوە کە بانگەشەی ڕەتکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانی دەکرد، دانپیانانی ئەم مافەشی بە مەرجێکی پێویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی و چەسپاندنی بنەماکانی دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەزانی.

گروپێکی سۆسیالیست لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا دەرکەوتن و داوایان دەکرد بزووتنەوەی سۆسیالیستی دان بە(سیاسەتێکی کۆڵۆنیالیانەی سۆسیالیستی) دابنێت، بە بیانوی ئەوەی دەوڵەتانی کۆڵۆنی وابەستە نەتەوەی دواکەوتووی تیادا نیشتەجێن کە ناتوانن فەرمانڕەوای خۆیان بن یان بەرەو گەشەسەندن بە ئاڕاستەی پێشکەوتن هەنگاو بنێن، ئەم ڕەوتانە لە کۆنگرەی (شتۆتگارد)، کەکۆنگرەی حەوتەمی ئینتەرناسیونالیزمی دووەمی سۆسیالیزم بوو، کە لە ماوەی نێوان ١٨-١٩٠٧/٨/٢٤ بەسترا بەسەرۆکایەتی سۆسیالیستی هۆڵەندی (ڤان کوک) بە پشتیوانی بڕنشتاین و داڤید و ڤۆڵمار. ڕەشنووسی ئەم گروپە دەستە واژەیەکی لەخۆ گرتبوو، کە کۆنگرە لەڕووی پرنسیپەوە هەموو سیاسەتێکی کۆڵۆنیالیزم سەرکۆنە ناکات، کە بتوانێ لەژێر سیستەمی سۆسیالیستیدا ڕۆڵێکی شارستانیانە بگێڕێت. ڕەوتی شۆڕشگێڕی بە ڕابەرایەتی لینینیستەکان دژی ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستانەیە دەوەستایەوە و پێداگری لەسەر مەحاڵبوونی داننان بە سیاسەتێکی کۆڵۆنیالیانە لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە دەکرد. هەروەها (کاوتسکی) دژی ئەم ڕەوتە وەستایەوە و وتی: مەسەلەکە بەهیچ شێوەیەک نکۆڵیکردن نییە لە خەبات لە پێناو چاکسازی. پرسەکە بریتییە لەپرسی ئەوەی ئاخۆ بەرامبەر بە ڕژێمی مۆدیرنی بۆڕژوازی تالانکاری و زۆرەملێیی نەرمی بنوێنین. (فانکوڵ) وگروپەکەی خەباتی سۆسیالیزم دژ بەسیاسەتی کۆڵۆنیالیزم و پڕۆپاگەندەکردن لەناو جەماوەر دژ بە تالانکارییەکانی کۆڵۆنیالیزم و بەئاگاهێنانەوەی گیانی یاخیبوون و بەرهەڵستی لە ناو جەماوەری ستەملێکراو یان وەلاناوە و هەموو سەرنجی خۆیان لەسەر لیستێکی چاکسازی ڕێ تێچوو لە ژیانی کۆڵۆنییەکان لە چوارچێوەی هەل و مەرجی کۆڵۆنیالیزمدا چڕ کردۆتەوە. هەندێک لە سۆسیالیستانی تر، وەک (زیمیرڤالدیەکان وکیفسکی) دژ بە بزووتنەوەی نیشتمانیی

نەتەوە ستەملێکراوەکان و دژ بە مافەکانیان لەپڕیاری چارەنووس وەستانەوە بە بیانووی ئەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی بزووتنەوەیەکی بۆرژوازییە و هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاوی تێدانەبووە. هەروەها (کیفسکی) ناڕەزایی بەرامبەر بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی کۆڵۆنیکراو دەربڕی و وتی (پرۆلیتاریا بەواتا تایبەتەکەی وشە لە کۆڵۆنییەکی پەتیدا بوونی نییە) کەواتە بۆچی مافی چارەی خۆنووسین بڕیاری لێدرا؟ ئایا بۆ بۆرژوازیەتی کۆڵۆنییالەکان دراوە؟ یان بۆ جووتیارەکان؟ بێگومان نەخێر. پێشێلکاریشە کە سۆسیالیستەکان دروشمی بڕیاری چارەنووس بەرزبکەنەوە لە دژی کۆڵۆنیالییەکان. بە گشتی خستنە ڕووی دروشمی حزبی کرێکاران بەرامبەر ئەو ولاتانەی کە کرێکایان تێدا نییە. لینین ئەم هەڵوێستە بە هەڵوێستی کەسێک دەچوێنێ کە بڵێت (من لەگەڵ سۆسیالیزمم، هەروەها دواتر بڵێت من لەگەڵ ئیمپریالیزمیش دام) پاشان وتی (بیر کردنەوە لەوەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەبێ ڕاپەڕینی نەتەوە بچوکەکان لە کۆڵۆنیاڵەکان و لە ئەوروپا بەبێ تەقینەوەی شۆڕشگێڕانە، کەلەلایەن بەشێک لە بۆرژوازی بچوکەوە سەریهەڵدابێت، سەرباری هەموو وێژینگ و پڕوپوچەکانی، ڕێی تێدەچێت. بیرکردنەوەی بەم شێوەیە واتای (نکۆڵی کردنە لەشۆڕشی کۆمەڵایەتی). لەوەڵامی گاڵتەجاریانەی (کیفسکی) دا لە بانگەشەی بیرۆکەی لینین بۆ پشتیوانی لە مافی جیابوونەوە و هاندانی یەکێتیی ئارەزومەندانەی نێوان گەلان. لینین وتی: وە ئەگەر داوای ئازادی جیابوونەوە بۆ مەغۆلەکان و ئیرانییەکان و میسرییەکان و سەرجەم نەتەوە ستەملێکراو و ماف خوراوەکان بەبێ جیاوازی بکەین، ئەوە هەرگیز لەبەر ئەوەنییە کە ئێمە پشتگیری جیابوونەوەیان دەکەین، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەی پشتگیری لە نزیک بوونەوە و تێکەڵاو بوونیان دەکەین بە ئازادی و هەڵبژادەی خۆیان نەک لەڕێی زۆرەملێییەوە. هەروەها وتی: دژبەری لە نێوان بانگەشە بۆ ئازادی نەتەوەکان لە جیابوونەوە و بڕیاری چەسپاو لەسەر پێدانی ئەم ئازادییە کاتی ئێمە دەبینە حکومەت و لەنێوان بانگەشەی نزیک بوونەوەی گەلان و تێکەڵاوبونیان هیچ ڕێگایەک بۆ دژبەری نییە چونکە لینین جیابوونەوە لەکۆی کۆڵۆنیالیزم وەک ڕێگایەک بۆ یەکێتیی ئارەزومەندانە دەبینێ.

هەندێک لە سۆسیالیستەکان وەک (کیرنسکی و کیرنۆف) لە ڕوسیا و(هندرسن و تۆما و فاندرفیلْد) لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و بەلچیکا لەپاڵ مافی کۆڵۆنییەکان وەستابوون کە ولاتەکانیان فەرمانڕەواییان بەسەر داناکەن، بەڵکو هەڵوێستێکی شۆڤینییانەیان

بەرامبەر خەباتکردن گرتە بەر لەو ولاتانەی، کە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە کۆیلە کرابوون. لینینیستەکان ئەم داخوازییانەیان بەدرۆ و فێڵبازی و دوور لە جددیەت، بەڵکو بە پەردە پۆشکردنی سۆسیالیزمی کۆڵۆنیالیزم زانی مادام دەست لەکۆڵۆنییەکانی ولاتەکانیان نادات و سەرکۆنەی لکاندنی گەلانیتر بەولاتەکەیانەوە ناکات.

سۆسیالیستانی عەرەب و
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و پرسی کورد

یەکەم: مەبەستم لە دەستەواژەی سۆسیالیستانی عەرەب هەموو ئەونیشتمان پەروەرانەیە، کە خۆیان بە سۆسیالیست ناوزەد دەکەن و هەموو ئەو حزب و دەستە نیشتمانییانەی، کە سۆسیالیزم لە بەرنامەکانیاندا دەگرنە بەر. کەواتە ئەم دەستە واژەیە ئەمانە دەگرێتەوە:-

١- کۆمۆنیستە عەرەبەکان، کە مارکسیزم - لینینیزم دەگرنە بەر و بانگەشەی سۆسیالیزمی زانستی دەکەن.

٢- ڕەگەزە سۆسیالیستە نەتەوەییەکان (ناسڕییەکان)، کە لەدەستە و ڕێخکراوە سۆسیالیستە نەتەوەییەکانی عەرەبیدا کاردەکەن.

٣- حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بەهەردوو باڵە چەپ وکلاسیکییەکەی.

٤- بزووتنەوەی نەتەوەییە عەرەبەکان.

هەروەها هەموو دەستە و ڕەگەزەکانی سۆسیالیستی لەولاتانی عەرەبیدا.

دووەم: لەبەرئەوەی هەندێک سەرچاوە و بەڵگەنامەی کەمم بەردەستە کە بەدیاریکراوی هەڵوێستی ئەم حزب و دەستە و ڕەگەزە سۆسیالیستانە دەربخەن، بۆیە بێگومان لێکۆڵینەوەکەم تێر و تەسەڵ و هەمەلایەن نابێت.

سێیەم: بابەتی هەڵوێستی سۆسیالیستە عەرەبەکان بەرامبەر بە پرسی کورد دەبێتە کورتە باسێک لە هەڵوێستی ئەو حزب و دەستە و ڕەگەزە سۆسیالیستە عەرەبیانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەپرسی کوردەوە هەیە یان لێیەوە نزیکن.

چوارەم: ئەوپەڕی هەوڵمداوە تۆژینەوەکەم سەبارەت بە هەڵوێستی سۆسیالیستە عەرەبەکان لە سەر پرسی کورد سنوردار بکەم تەنیا بۆ تۆژینەوەی لەلایەنە ئەرێنیەکان و هەڵوێستیان لەسەری.

هەمووان دەزانن سۆسیالیستە عەرەبەکان- بەگشتی – وکۆمۆنیستەکان و ناسڕییەکان

و بەعسییە چەپەکان لەنێوانیاندا بە تایبەتی بە بەردەوامی لە هەڵوێستی پشتگیری و پشتیوانی خەباتی ئەو گەلانە بوون، کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و گەشەسەندنی ئازادانە تێکۆشاون. سۆسیالیستە عەرەبەکان پشتیوانیان لە مافی سەرجەم گەلانی ئەفریکا و ئەمریکای لاتینی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی دوور لەئاسیا – لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین بە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە کردووە. هەروەک - قاهیرە – پایتەختی شۆڕشگێڕی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی - بۆتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکانی ئەفریکا. وە بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی بەتوندی لە دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانییە کۆڵۆنیالییەکان و ئەو جەنگە دەست دڕێژیانەی کە دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیزم لە دژی گەلانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ بەڕێوەیان دەبرد وەستانەوە.

زۆرێک لە تێکۆشەران و بزووتنەوەی گەلانی خەباتگێڕ لە لایەن سۆسیالیستە عەرەبەکانەوە هاوکاری ماددی ومەعنەویان وەرگرتووە. بەشداری بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی لە خەباتی گەلاندا دیار و شکۆمەندانەیە سەرباری ئەو دۆخە سەختەی ولاتانی عەرەبی پێیدا تێپەڕیون. هەموو سۆسیالیستە عەرەبەکان – بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا – هەڵوێستی شەرەف مەندانەیان لەپشتیوانی کردنی خەباتی گەلان لە پێناو مافی چارەی خۆنووسین و ڕزگاربوون لە کۆڵۆنیالیزم و وابەستەیی، گرتۆتە بەر. نوکتە باوەکەی سەرۆک عەبدولناسڕ، کە بەپەلە بانگی بەڕێز دکتۆر عەبدولقادر حاتەم دەکات دوای گەشتێکی بەناو شەقامەکانی قاهیرە کە لەمیانەیدا ناونیشانێکی گەورە دەبینێ و لە بەردەم سینەما هەڵواسراوە و تیایدا نووسراوە (شۆڕش لەسەر کەشتی) . سەرۆک داوا لە حاتەم دەکا بەپەلە ڕاگەینراوێک دەربکات، کە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بە هەموو توانایەوە پشتیوانی شۆڕشی سەر کەشتی دەکات و هەر دەست درێژیەک بۆ سەر کەشتی دەست دریژی کردنە بۆ سەر خودی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بۆ بەرجەستە کردنی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی (ناسڕیزم) لە پشتیوانکردنی بزووتنەوەکانی گەلانی خەباتگێڕ.

لە ڕاستیدا مرۆڤ هیچ مشتومڕێک لە نێو سۆسیالیستە عەرەبەکاندا نابینێ سەبارەت بە چەمکی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان یاخۆ دانپیانان بە مافی گەلان بۆ هەموو گەلانی دنیا جگە لە گەلی کورد و گەلی باشووری سودان، کە مشتومڕەکە لەسەر ئەوە دەکرێت: ئایا گەلی کورد هەیە؟ بە نموونە ئایا ئەم گەلە مافی ئەوەی هەیە

چارەنووسی خۆی دیاری بکات یان چی ؟ ئەمەش ئەگەر ئەو کۆمۆنیستانەی لێهەلاوێرین، کە بۆ هەموو گەلان بە گەلی کورد و گەلی باشووریش، دان بەمافی چارەی خۆنووسین دەنێین.

لە ڕاستیدا سۆسیالیستە عەرەبەکان لە پرسی گەلی کورد و گەلی باشووری سودان ڕوبەرووی ئەزمونێکی پرنسیپانەی لایەنێکی گرنگی سۆسیالیزم دەبنەوە، بە شێوەیەک وەستاوەتە سەر گرتنە بەری هەڵوێستێکی پرنسیپانەی دروست کە ئایندەی نەتەوەی عەرەب تەنانەت جددیەتی سۆسیالیستە عەرەبەکان لە هەڵویست گرتنیان لەمافی گەلان لە چارەنووسدا بەهەمان شێوە پەیوەندی بەم دوو گەلەوە نییە. هەروەها پێشتر ئەو ڕاستییە خرایە ڕوو، کەهەندێک لە سۆسیالیستە شۆڤێنییە ئەوروپییەکان لەتەک مافی چارەنووسی نەتەوەکان وەستانەوە، کە سەر بە دەوڵەتانی تر بوون نەک دەوڵەتی خۆیان. بەڵام وەک چۆن هەڵوێستیان لەسەر گەلانی سەر بەوڵاتەکانییان سەنگی مەحەکە بۆجددیەت و دڵسۆزیان بۆ پرنسیپی سۆسیالیزم - مافی گەلان لەچارەنووسدا – هەر بەم شێوەیەش هەڵوێستی سۆسیالیستە عەرەبەکان لە پرسی کورد سەنگی مەحەکە بۆ جددیەت و قوڵبونەوەیان لە تێگەیشتن و پشتیوانی بۆ پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین.

لەوانەیە بێسوود نەبێت، کە هەڵوێستی مارکس بیر خۆینەری بەرێز بێنمەوە لە ئەزموون کردنی سۆسیالیستەکان لە نەتەوەی بالادەست بە لێپرسینەوە لەمەڕ هەڵوێستیان لە پرسی ئەو نەتەوە ژێر دەستانەی لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە حوکمیان کردوون. مارکس لە نامەکەیدا بۆ ئەنگڵز لە ڕێکەوتی ١٨٧٠/٧/١٥ لەمەر گەنجە ڕووسیەکە (لوپاتین) نووسیویە کە زۆریش بەرزی دەنرخێنێ، بەڵام مارکس پاشان دەڵێ: بەڵام خاڵێکی لاوازی تێدایە کە پۆڵۆنیایە. لوپاتین وەک ئینگلیزێک لەم بابەتە دەدوێت - یان ڕاستتر بڵێین وەک ئینگلیزێکی ئازاد و دەستووری (چارتێست) سەر بەقوتابخانەی کۆن – باسی ئێرلەندا دەکات. بە دڵنیاییەوە ئێمە نامانەوێ خاڵی لاواز بدۆزینەوە: کوردستان لە نێو سۆسیالیستە عەرەبەکاندا، بەڵکو دەمانەوێت لە پرسی نەتەوەیی کوردیشدا سۆسیالیست بن. بەهیوای بەشداریکردن لە گەیشتن بەگرتنە بەری هەڵوێستێکی سۆسیالیستی زانستی دروست، کە خزمەت بە جەماوەری گەلێری عەرەب و کورد بکات، هەروەها خەباتی هاوبەشیان دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و چەوساندنەوە، بەهێز بکات و هاوخەباتی زەحەتکێشانی کورد و عەرەب لە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ سۆسیالیزم بەدیبێنێ.

بەخێرایی پێداچونەوە بە هەڵوێستەکانی هێزە سۆسیالیستە عەرەبییەکان سەبارەت بە کێشەی کورد دەخەمەڕوو، لەکۆمۆنیستەکانەوە دەست پێدەکەم بەو پێیەی کۆنترینی سۆسیالیستەکانن لە کۆنترین حزبە سۆسیالیستەکانی ولاتانی عەرەبیدا.

هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لەمەڕ پرسی کورد

هەمیشە کۆمۆنیستە عەرەبەکان لە عێراق دژ بەکۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی وەستاونەتەوە، کە ستەمیان لە کورد و عەرەب کردووە و سەرکۆنەی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردیان کردووە. ڕۆژنامەی نهێنی (القاعدة) لە ژمارەی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ – بەوپێیەی ڕۆژنامەی حزبی کۆمۆنیستی عێراق بووە – ئەم دەقەی نووسیوە: مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک یەکێکە لە پرنسیپ و ئامانجە بنەڕەتییەکانی حزبە کۆمۆنیستەکان لە جیهاندا بە گشتی، بەحزبی کۆمۆنیستی عێراقیشەوە. حزبی کۆمۆنیستی عێراق، حزبی کرێکاران و جووتیاران، حزبی تەواوی جەماوەری عێراق خەبات دەکات بۆ بەرژەوەندی کۆی جەماوەری گەل بۆ ئازادی. بەمەش گەلی کورد و جەماوەرە زەحمەتکێشەکەی ئەو ڕێکخستنە دیموکراسییە پێویستیانەی بۆ زامن دەکات، کە بتوانن ڕای خۆیان لەسەر مانەوەی ئارەزومەندانە یان جیابوونەوە دەربڕن کاتێک عێراق لەژێر چنگاڵی کۆڵۆنیالیزم ڕزگاری دەبێت یان کاتێک هەل ومەرجەکان لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەرە زەحمەتکێشەکەیدا بگونجێت.

ئەو میساقەی حزبی کۆمۆنیستی عێراق ساڵی ١٩٥٣ بڵاویکردۆتەوەو بەمیساقی باسم ناسراوە لە ماددەی (١٢) دانووسیویەتی: داننان بە مافی چارەی خۆنووسین بە مافی جیابوونەوەشەوە بۆ گەلی کورد. هەروەک لە دەقی میساقی حزبی یەکێتیی کۆمۆنیستانی عێراق کە (ڕەشنووسەکەی ساڵی ١٩٥١ و ڕەسەنەکەی لە ساڵی ١٩٥٥ دەرچووە) سەبارەت بە پرسی کورد لە بڕگەی (ج) لە ماددەی دووەمدا ئەمە دەڵێ: خەبات بۆ چارەی خۆنووسینی کەمینە نەتەوەییەکان و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی یان تیرەگەری بە مەبەستی هەڵتەکاندنی بنەما مادییەکانی کۆڵۆنیالیزم و ناوخۆییەکان و ئەو ڕەگەزە فیکریانەی لەسەر جیاکاری ڕەگەزی و تیرەگەری بنیاتنراون و پەروەردە کردنی جەماوەر بە گیانی جۆشخواردنی برایانەی نێونەتەوەیی و یەکخستنی خەباتیان، کە ئەمەش بەکارکردن لە دوولایەنەوە ئەنجام دەدرێت:

یەکەم: بە خەباتی جەماوەری عەرەبی لەپێناو ئازادی چارەی خۆنووسین و یەکسانی ڕاستەقینە و گەشەسەندنی ئازادانەی کەمە نەتەوایەتییەکان، ئەمەش جیابوونەوەی نەتەوەی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەگرێتەوە.

دووەم: بڵاوکردنەوەی بانگەواز لەناو جەماوەری کەمینە نەتەوەییەکان بۆ یەکێتیی ئارەزومەندانە لە نێوان گەلاندا.

سەرنجی یەکەم لەمەڕ ئەم بابەتە ئەوەیە کە دوو چەمکی جیاوازی تێکەڵ و پێکەڵ کردووە کە بریتین لە: نەتەوەی بچوک کە ئەو نەتەوەیە دەگەینێ کە لەلایەن حکومەتێکی نەتەوەیی تری گەورە یان ستەمکارەوە حوکمڕانی دەکرێت. کەمینەی نەتەوەییش بریتییە لە کۆمەڵێک کەسانی نەتەوەیەکی دیاریکراو، کە لەناو نەتەوەیەکی بێگانە لە ئەو دەژیت. دەرەنجامی جیاوازی، کە پەیوەستە بە مافەکانەوە بریتییە لەوەی، کە نەتەوەی ژێر دەستە یان بچوک بەهرەمەندە لە مافی چارەی خۆنووسین بە مافی جیابوونەوەش و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیەوە. لە کاتێکدا کەمینە نەتەوەییەکان لە تەواوی مافی یەکسانی و کاروباری کارگێڕی و کلتووری و مافەکانی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی و خوێندن و مافی تری هاوڵاتیبوونیان بەهرەمەندن، دوور لەستەمی نەتەوایەتی و هەڵاوێردنی ڕەگەزی. بەڵام سەبارەت بەو بابەتانەی تر، کە ماون گوزارشت دەکەن لە هەڵوێستی گشتی مارکسیستی- لینینستی، کە لەپرسی نەتەوەی کورد لە عێراقدا جێبەجێکراوە، بە هەڵوێستی مارکسیە کوردەکانیشەوە، کە دەبێت لەسەر بنەمای خەباتی هاوبەش و بانگەواز بۆ یەکێتییەکی ئارەزومەندانە بنیات نرابێ.

دوای یەکخستنی سەرجەم ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی عێراق لە حزبی کۆمۆنیستی عێراقدا (القاعدة) کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٥٦ کۆنفرانسێکی حزبیان بەست تیایدا هەندێ بڕیاریان لەسەر پرسی کورد دەرکرد، لەوانە خەباتی هاوبەش لەنێوان کورد و عەرەب دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و لە پێناو: داننانی هەردوولا بەمافی چارەی خۆنووسین و ڕەوایی خواستی هەردوو گەلی کورد و عەرەب بۆ ڕزگاری و یەکێتیی نەتەوەیی. هەروەها کۆنفرانسەکە (خواستی) ئۆتۆنۆمی گرتۆتە بەر بەپێی یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی خەباتی برایانە بە ڕێکارێکی کاتی بەو هەلومەرجەی، کە بەرژەوەندی هەردووگەلی کورد و عەرەب خۆیان داوای دەکا، بەم مانایە ئەمە چارەسەری کۆتایی پرسی نەتەوەی کورد نییە و ناشتوانێت جێگرەوەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد بێت.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی عێراق (ئادار/١٩٦٢) ئەمە هاتووە: بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بزووتنەوەیەکە خاوەن فۆرمێکی دیموکراسی گشتییە، چونکە هەڵقوڵاوی خواستی نەتەوەی کوردە بۆ ڕزگاری و ئازادی و یەکێتیی نەتەوەیی و دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و دژ بە کۆڵۆنیالیزم و بە کرێگیراوانی ئاراستە کراوە، هەروەها هاوپەیمانێکی زۆر پێویستە بۆخەباتی چینی کرێکار و جەماوەری گەلێری و سەرجەم هێزە دیموکراسییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دژ بە کۆڵۆنیالیزم و لەپێناو دیموکراسیدا.

هەڵوێستی حزبی دیموکراسی نیشتمانیی

لە مێژە حزبی دیموکراسی نیشتمانیی تەبەنی سۆسیالیزمی دیموکراسی وەک سیستەمێک گرتۆتەبەر و حزب، کە کۆشش دەکات بۆ بەدیهێنانی لە عێراقدا. هەرچی تێڕوانینی حزبە سەبارەت بە پرسی کورد ئەوە لەسەر بنەمای داننان بە نەتەوەی کورد و یەکسانی تەواو لە ئەرک و مافدا بۆ هاولاتیانی کورد و عەرەب بووە. حزبەکە هەمیشە سەرکۆنەی ڕەگەزپەرستی و بانگەوازی شۆڤینیەت و خۆبەزلزانی نەتەوەیی کردووە، هەروەک حزب شانبەشانی مافە کلتوورییەکانی کورد وەستاوەتەوە. ئەو حزبە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حزبی سەربەخۆیی نەتەوەی عەرەب (حزب الاستقلال القومی العربی) بەیەکەوە ئەو بڕگەیان پەسند کرد، کە پەیوەستە بەهاوبەشی کورد و عەرەب لە نیشتمان، کە دوای شۆڕشی ١٤ /تەممووز بوو بە ماددەی سێ لە دەستوری کاتی کۆماری عێراقدا.

قەوارەی عێراق لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان سەرجەم هاولاتیان و ڕێز گرتن لە مافەکانیان و پاراستنی ئازادییەکانیان دامەزراوە، کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا بە هاوبەش دەژمێردرێن و ئەم دەستوورەش دان بە مافە نەتەوەییەکانیان لە چوار چێوەی یەکێتیی عێراقدا دەنێت. حزبی دیموکراسی نیشتمانیی وایدەبینێ، کەچارەسەری پرسی کورد بەندە بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت و دامەزراندنی سیستمی حوکمرانی لیبڕال دیموکراسی بە شێوازە کۆنەکەی واتە بۆرژوازی. دیارە بڵاوبوونەوەی دیموکراسیەت دەبێتە هۆی نەهێشتنی زۆرێک لە خراپەکانی ستەمکاری نەتەوەیی و کۆتایی بەهەندێک بەشی پرسی کورد دەهێنی، بەڵام دەستەوەستانە لە چارەسەرکردنی یەکجارەکییانەی پرسی

کورد. جگە لەمەش ئەمە چارەسەرێکی بۆرژوازییانەیە، کە خۆی لە بەرگی دیموکراسیەتدا شاردۆتەوە، وەک ئەوەی بە نموونە لە سویسرا هەیە و چارەسەرێکی سۆسیالیستی زانستی نییە، چونکە چارەسەری سۆسیالیستی زانستی بریتیە لە مافی چارەی خۆنووسین وەک پێشتر بە وردی ڕوونکرایەوە. بەڵام هەڵوێستەکانی حزبی دیموکراسی نیشتمانیی هەمیشە لەبارەی پرسی کورد دۆستانە و باشبووە، ئەو حزبە دژایەتی شەڕی براکوژی کردووە و سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردی سەر کۆنە کردووە. لە بانگەواز کردن بۆ ڕێز لێگرتن و دانان بە مافە کارگێڕی و کلتوورییەکانی کورد لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی ماوەتەوە. هەرچی مامۆستا (کامل چادرچی)یە، کە ئێستا بە ڕابەری قوتابخانەی چەپ دەژمێردرێت لەوە پێشکەوتنخواز تر، لەو وتوێژانەدا دەردەکەوێت، کە خۆم لەگەڵیم ئەنجامداوە. بەڕێزیان ڕەزامەندن لەسەر ئەوەی نەتەوەی کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی لە چوار چێوەی یەکێتیی نیشتمانیی گەلانی عێراقدا شاد و بەهرەمەند بن. سەرباری ئەمەش مامۆستا چادرچی بە دۆستی گەلی کورد دادەنرێت بەو پێیەی هەمیشە لەلایەن کوردە پێشکەوتنخوازەکان ڕێزی لێدەگیرێت و قەدری دەزانرێت.

حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست

حزبی بەعس لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا، وەک درێژکراوەیەکی گەشەسەندوی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە عێراقدا دەرکەوت. ژیانی خۆی بەدژایەتیکردنی بریتانیا و بانگەواز بۆ یەکێتیی عەرەبی – بەبێ ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخواز یان سۆسیالیستی- دەستپێکرد. بەگرتنە بەری هەڵوێستی نا پێشکەوتنخوازانە بەرامبەر نەتەوەی کورد. بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب بۆ ماوەیەک لەژێر کاریگەری بیرۆکەی نەتەوەیی، کە لە ئەوروپاوە هاتبوو مایەوە هەندێ لە ڕەگەزەکانی لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی نازیزم و شەڕانگێزی و چاندنی مەرگ دابوون. سەرەڕای جیاوازی بەعس لە حزبە نەتەوەییەکانی پێش خۆی، هەڵوێستی بەرامبەربەپرسی کورد نادیار و تێکەڵ بە شۆڤینیزم بوو سەرەڕای بانگەوازی برایەتی کورد و عەرەب و هوراکێشانیان بۆ برایەتی عەرەب. شتێک لەم حزبە دەرنەکەوت، کەدانپیانانی بێت بە نەتەوەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی تا شۆڕشی شکۆمەندی ١٤ی تەممووز ڕوویدا، ئەوسا بەعس لە سەر شانۆی سیاسی دەرکەوت، وەک لایەنێکی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانیی، کەساڵی ١٩٥٦دا لە لایەن حزبی بەعس و حزبی

کۆمۆنیست و دیموکراسی نیشتمانیی و حزبی سەربەخۆیی دامەزرا. لەکاتی هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چوونە ناو ئەم بەرەیەوە بەعس هەڵوێستێکی دۆستانە و لایەنگرانەی نواند دوای یەکتر بینینی هەندێ لە سەرکردەکانی پارتی لەگەڵ سەرکردەکانی بەعس، دەرکەوت بەعس دان بەبوونی نەتەوەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی دەنێت، بەبێ بەرجەستە کردنی ناوەرۆک و ڕەهەندەکانی ئەم مافانە بۆی. هەروەها نوێنەری بەعس لەوەزارەت (فوئاد ریکابی) وەزیری ئاوەدانکردنەوەی ئەوسا ڕەزامەندبوو لەسەر دەستووری کاتی عێراق، کە ماددەی سێیەمی دان بە هاوبەشی کورد و عەرەب و دان بەمافە نەتەوایەتییەکانی لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراقدا دەنێت. تاڕادەیەک گەشەسەندنی باش لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و بەعس لە میانەی دوو چاوپێکەوتن، کە لەنێوان هەردوو حزب بەڕێوەچوو دەرکەوت، هەروەک پەیوەندی لە نێوان نوێنەرانی دوو حزبەکە لەبەرەی یەکێتیی نیشتمانیی (دوای چوونی پارتی بۆ ناوی) باشبوو، کە بریتیی بوون لە ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی و ماموستا ریکابی.

دوای هەرەسهێنانی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی و گواستنەوەی بەعس بۆ دژایەتی حوکمڕانی قاسم؟ و بەشداریکردنی لە پیلانگێڕی لە دژی، تاڕادەیەک پەیوەندییەکە لەنێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست گرژی تێکەوت. هەڵوێستی بەعس لەساڵانی ١٩٦١-١٩٦٣ هەڵوێستی داننان بە بوونی گەلی کورد و قسە کردن بوو لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەبێ دیاریکردنی مانا و ناوەرۆک و ڕەهەندەکانی ئەم مافانە. بەعس دژی شۆڕشی کورد وەستایەوە، کە لە دژی حوکمڕانی قاسم بەرپابوو، بەجوداخواز وەسفی کرد و بارزانی سەرکردەی بە بەکرێگیراوی کۆڵۆنیالیزم و دژایەتیکردنی نەتەوەی عەرەب و بزووتنەوە یەکێتیی خوازەکەی ناوبرد.

بەر لەکودەتای ١٤ی ڕەمەزان ١٩٦٣ هەندێ پەیوەندی بەڕێوەچوو، کە لە میانەیدا نوێنەرانی پارتی و بەعس لەسەر داننان بە بوونی گەلی کورد لە عێراق و مافە نەتەوایەتییەکانی لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لەچوار چێوەی یەکێتیی نیشتمانییدا ڕێککەوتن. بەڵام سەرکەوتنی خێرای بزووتنەوەی ١٤ی ڕەمەزان ڕێگری لە تۆمارکردنی ئەم ڕێککەوتنە کرد. دوای ئەوەی بەعس جڵەوی حوکمڕانی لە عێراق گرتە دەست مشتومڕ و گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لە نێوان نوێنەری شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی حوکمڕانی بەعس بەڕێوەچوو. نووسەری ئەم دێرانەش شەرەفی سەرۆکایەتی کردنی

شاندی دانوستانکاری کوردی لەگەڵ سەرکردەکانی بەعس هەبوو. شاندەکە تێبینی ئەوەی کرد، کە بەعس دان بەبوونی گەلی کورد و مافەکانیدا دەنێت لەسەر بنەمای ناناوەندیەتی (اللامرکزیة) کارگێڕی بەبێ ئۆتۆنۆمی وەک ئەوەی پێشتر بەڵێنیان دابوو. هەروەک شاندەکە تێبینی دەمارگیری و سەختگیریان لە هەڵوێستی حوکمڕانی بەعس بەدیکرد دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٨ ئادار لەسوریە.

لەڕۆژگاری سەردەمی بەعسدا، بەیاننامەیەک لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوکرایەوە تیایدا هاتبوو:

لەبەر ئەوەی یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە بنیاتنانی دەزگایەکی هاوچەرخیش بوو، کە باشترین شێوازەکانی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی بگرێتەبەر و بەوپێیەی شێوازی لامەرکەزیەت (ناناوەندیەتی) شێوازێک بوو، کە سوودەکەی لە پراکتیزەکردنی لە بەشە جیاوازەکانی دنیا بەدیهاتبوو، بۆیە ئەم شێوازە لە ڕوانگەی پرنسیپەکانی شۆڕشەوە گیرایە بەر، کە لەیەکەم بەیاننامەی خۆیدا پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب بەشێوەیەک زامنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و خەباتی هاوبەشیان دژ بە کۆڵۆنیالیزم بەهێز بکات و ڕێز لە مافی کەمینەکان و ئەوانیتربگرێت تابتوانن بەشداری لە ژیانی نیشتمانییدا بکەن، بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دادەنێت لەسەر بنەمای لامەرکەزیەت، ئەم پرنسیپە لە دەستوری کاتی و هەمیشەییدا لەکاتی بەیاسا کردنیدا جێگیر دەکرێت، هەروەک دواتر لێژنەیەکی تایبەتمەند پێکدەهێنرێت بۆ داڕشتنی هێڵە گشتییەکانی لامەرکەزیەت.

لەمانەی پێشوو دەردەکەوێت:

یەکەم: داننان بەبوونی گەلی کورد.

دووەم: داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزیەت.

سێیەم: ئەو لامەرکەزیەتەی بەعس پەسندی دەکات، بریتییە لە لامەرکەزیەتی کارگێڕی یان نزیک لە کارگێڕی.

دواتر بەعس ڕۆژێک پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ نەتەوەی کورد تێگەیشتنی خۆی بۆ چەمکی لامەرکەزیەت بە پڕۆژەیەک خستە ڕوو، کە بریتی بوو لە پێشنیارکردنی پارێزگایەکی کوردی، کە لیوای سلێمانی و قەزایەک لە هەریەک لە کەرکوک و هەولێر و چوار قەزای کوردی سەر بە موسل لەخۆ بگرێت.

سەرکردەکانی بەعس لەکاتی دانوستانەکاندا دانیان زۆر بە لەمە زیاتر نا، تەنانەت فەریق سالّح مەهدی عەمماش جارێکیان داوای لە سەرۆکی شاندی کوردی کرد، کە فۆرمەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی کورد بنووسێت و بەڵێنیدا، کە وابکات لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش پەسند بکرێت، بەمەرجی ئەوەی ماوەی دوومانگ بلّاوکردنەوەی دوابخرێت، بەرای خۆی، تا ئەوکاتەی ڕای گشتی عەرەب بۆ قەبوڵکردنی گەلّاڵە دەکرێت. هەروەها بەڕێز حازم جەواد، جارێکیان ئەوکاتەی جێگری وەزیری دەرەوە بوو قسەی لەمەڕ مەرام وسووربوونی بەعس، لەسەر دروستکردنی کۆماری سۆسیالیستی کوردستان لە داهاتوودا کرد.

هەڵبەتە هەڵوێستی بەعس - سەرباری لایەنە ئەرێنییەکانی – سەبارەت بەپرسی کورد نە شێڵگیرانە ونەسۆسیالستانە بوو، ئەم هەڵوێستەشیان ڕووبەرووی ڕەخنە بووەوە لەلایەن ئەو بەعسیانەی لە حزب جیابوونەوە و بەناوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی چەپڕەو کاریان دەکرد. کە بەگوێرەی بەیاننامە سیاسییەکەیان هەڵوێستی حزبەکەیان بەمشێوەیە وەسفکرد: بەڵام حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست هەموو قسەکردنێک لەبارەی نەتەوەی دیکە لە وڵاتانی عەرەبیدا بەدەستە بەندیەکی ڕەگەزپەرستی دژ بە عەرەب داناوە (ماددەی ١١ لە دەستوری حزب) و هەموو کەمینە ناعەرەبەکانی بەپۆپۆلیست و کەمینەی داخ لە دڵ ناوبردووە. ئەمەش تەنیا هەڵوێستی حزبمان نەبوو، بەڵکو هەڵوێستی هەموو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەب بوو لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا.

حزبی بەعسی چەپڕەو بۆچوونی خۆی سەبارەت بەبوونی گەلی کورد بەم شێوەیە ڕوونکردەوە: گەلی عەرەب، کە بەدەست هەوڵەکانی بە تورککردن لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و بە فەڕەنسیکردن لە ڕۆژئاوای عەرەبی دەینالّاند و بەچەک لەدژیاندا خەباتی کرد، بەتوندی و بێسڵکردنەوە سەرجەم ئەو درۆ و هەڵبەستراوانەی، کە شۆڤینیە نەتەوەییەکانی عەرەب دەریدەبڕن و هەوڵی ئەوە دەدەن کورد بە بەشێک لە عەرەب دابنێن، بەتووندی ڕیسوا دەکەن. شۆڤینیستە نەتەوەییەکانی عەرەب، کە پێیانوایە لە مێژووی نزیکدا کورد دەتاوێننەوە و بلّاوبوونەوەی کلتوور و شارستانیەت و لێکچونی کێشە کۆمەلّایەتییەکان، کورد وەک نەتەوە کۆتایی پێدێت، دەکەونە هەڵەیەکی گەورەوە. مێژووی بابەتیانە ئیمڕۆ بە تواندنەوە یان تێکەلّاوکردنی کورد بە نەتەوەکانی ئیرانی و تورکی و عەرەبی، ناڕوات بەڕێوە. هەروەها لە بەیاننامە سیاسییەکەی بەعسیە چەپڕەوەکاندا هاتووە: گەلی کورد

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژی: تورکیا، ئیران، عێراق، سوریا، قەفقاسیای شۆڕەوی. بە چاوپۆشی لە هەندێک لەو سەنگوسوە تیۆریانەی پەیوەندیان بە نەتەوەوە هەیە، کوردەکان سەرەڕای بوونی جیاوازی لە شێوەزارەکان و زمان و نەبوونی یەکگرتوویی ئابووری و دەرفەتی تەکاموڵبوونی ئابووری لە ئایندەیەکی نزیکدا کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییەوە هەموو قسەیەک لەسەر ئەوەی کە کورد بەشێکە لە عەرەب یان تورک یان ئێرانی، هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکی بەرجەستە. کورد نەتەوەیەکە هەست بەبوونی قەوارەی نەتەوەیی و جیاوازی نەتەوەیی خۆی دەکات. بەڵام بەعس بەرامبەر بە پرسی کورد لە عێراقدا، لەبەر نەبوونی وتارێک یان تۆژینەوەیەک لەلایەن بەعسی عەرەبی سۆسیالیست (سەرکردایەتی هەرێمایەتی) یان بەعسی عەرەبی سۆسیالیست (سەرکردایەتی کاتی هەرێمایەتی، کە پشتیوانی لە بەعسی حوکمڕان لە سوریا) دەکات، وادەکا دەستنیشانکردنی هەڵوێستی ئێستای سەخت بێت، هەرچەند پەیوەندی دۆستایەتی بەردەوام لە نێوان بەعسییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە دەردەخات کە بەعس دان بەبوونی گەلی کورد و مافەکانی لە ئۆتۆنۆمیدا دەنێت – وەک ئامانجێکی سەرەکی لە قۆناغی ئێستادا – لەناو کۆماری عێراق یان دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەبیدا.

هەڵوێستی سۆسیالیست و یەکێتیی خوازە ناسڕییەکان

دەرکەوتنی ناسڕییەت، وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و چوونە ناو شەڕە شۆڕشگێڕییەکانی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و هەنەزا زایونیستییەکەی لە ساڵی ١٩٥٦دا، سەرەتای پەرەسەندنێکی نوێ بوو لە بزووتنەوی نەتەوەیی عەرەب و سەرەتای گەشەسەندنی لە ناواخنی نەتەوەی عەرەب و لە ناوەرۆکی بزووتنەوە نەتەوەییەکەی. ئاشکراشە هاوبەندی توند و تۆلی نێوان هەردوو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و عەرەب و بە یەکداکردنی بەرژەوەندییان لێکچون و هاوشێوەیی دۆخەکەیان و هاوخەباتی توندی نێوانیان، هەموو ئەمانە وادەکا نەتەوەی کورد بەخێرایی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پەرەسەندنانەی بە سەر نەتەوەی عەرەبدا دێن، هەروەها بەدەنگەوە هاتنیشی لەگەڵیدا کاریگەر و خێرا دەبێت. بۆیە کاتێ کۆماری ڕزگارکراوی میسر، وەک قەڵای خەباتی نیشتمانیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانەکانیدا دەرکەوت، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە پێشڕەوایەتییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپابوو و هاوکاری خۆی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاری عەرەب و پشتیوانیکردنی هەڵوێستی شەرەفمەندانەی نیشتمانپەروەری میسری دەربڕی.

حزب کەوتە هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بە سەرکردەی کۆماری میسر سەرۆک جەمال عەبدولناسڕ، کە ناوبانگێکی یەکجار زۆری لەناو جەماوەری کوردستاندا پەیداکرد، کە وەک سەرکردەیەکی دیاری نیشتمانیی لە خەبات دژ بە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانەکانی چاویان لێبوو و هیوای ئەوەیان دەخواست، کە سەرۆک عەبدولناسڕ ببێتە سەلاحەددینی سەردەم بۆ ڕابەرایەتیکردنی خەباتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و لە پێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان.

کۆماری میسریش بایەخی بە کورد و کێشەی کورددا، بەشێکی ڕادیۆیی بەزمانی کوردی کردووە ، ڕووی ئاخاوتنی لە گەلی کورد بوو. پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەوڵیدا بەشێوەیەکی جددی پەیوەندی بە قاهیرەوە بکات لەپێناو دۆزینەوەی هاوکاری پێویست لەنێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب، کە قاهیرە ڕابەرایەتی دەکرد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد.

کاتێ کۆماری یەکگرتووی عەرەب دامەزرا، گەلی کورد و پێشڕەوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازیان لێکرد و بروسکەی پیرۆزبایی و پشتیوانیان بۆ سەرۆک

جەمال عەبدولناسڕ نارد، کاتێکیش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی شکۆدار بە سەرکەوتوویی هەڵگیرسا، گەلی کورد پیرۆزبایی و پاڵپشتی و پشتیوانی خۆی بەخشی و سەرنجی پێشکەوتنخوازە کوردەکان ڕووی لەقاهیرە کرد بە هیوای ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بە دەنگ کێشەی کورد و مافە نەتەوەییەکانیان بچن. لەراستیشدا لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا حزب دیدارێکی لەسەر ئاستی باڵا لە سەرکردەکانی لەگەڵ سەرۆک جەمال عەبدولناسڕ ڕێکخست بە هیوای لێکتێگەیشتنی پتەوتر و پەیوەندییەکی بە هێزتر. بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی قاهیرە بەرامبەر کورد و مافەکانی بە لێڵی و ناڕۆشنی یان دیارینەکراوی مایەوە، هەڵوێستەکە تەنیا لە ستایشکردنی برایەتی کورد و عەرەب و ڕایەڵە بە هێز و پەیوەندییە توند و تۆڵەکانەوە سنووردارببوو.

دوای بڕیارەکانی خۆماڵیکردن لە هاوینی ١٩٦١دا و تەبەنیکردنی سۆسیالیزم لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب (ناسڕییەت) و دوای ئەو گۆڕانکارییە بابەتییە گرنگەی تیایدا ڕوویدا، کە بەیەکەوە سروشت و ناوەڕۆکەکەی گرتەوە کورد پێشکەوتنخوازەکان گەشبین بوون و هیوایان خواست، کە تەبەنیکردنی سۆسیالیزم لە هەڵوێستی ناسڕییەکان لەپرسی کورد ڕەنگ بداتەوە، بەو هیوایەی قاهیرە سوودمەند بێت لە وێناکردنی هەڵوێستی لە ئەزموونی یۆگسلافیا، کە قاهیرە زۆر جار ئاماژەی پێکردووە و لەچەندێن بواردا سوودی لێوەرگرتووە، لەوانەش بۆ نموونە ئەزموونی یەکێتیی سۆسیالیستی.

ڕاستیی هەڵوێستی نوێی قاهیرە لە ساڵی ١٩٦٣دا لەو گفتوگۆیەدا دەرکەوت، کە لە نێوان سەرۆک جەمال عەبدولناسڕ و شاندی کوردی، کە جەلال تاڵەبانی و وەزیرێکی کورد بەناوی فوئاد عارف ئەنجام درا. دواتریش لەو گفتوگۆیەی لە نێوان سەرۆک عەبدولناسڕ و تاڵەبانی بەڕێوەچوو لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا. لەم دیدارانەدا دەرکەوت کە سەرۆک جەمال عەبدولناسڕ دان بە بوونی گەلی کورد دادەنێت و پێیوایە کە ئەستەمە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی زەبر و توند و تیژیەوە چارەسەر بکرێت لە هەمانکاتدا جوداخوازی و شەڕی یەکترکردنی نێوان هەردوولای سەرکۆنە کرد و داوای لە کورد و عەرەب کرد بگەنە چارەسەرێک کە هەردوولا قایل بکات، هەروەها وەک چارەسەرێکی ڕاگوزەر سیستەمی پارێزگاکانی بۆ نەتەوەی کورد لە عێراقدا پێشنیار کرد.

سەبارەت بە چارەسەری ڕیشەیی (چارەسەری ستراتیژی) سەرۆک عەبدولناسڕ باوەڕی وابوو، کە دەکرێ ئەزمونی یوگسلاڤیا کەڵکی لێوەربگیرێت وەک بناغەیەک بۆ چارەسەرێکی

لەم شێوەیە.

کۆماری یەکگرتووی عەرەبی تەنانەت لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕی کورد لە عێراقدا لەسەر ئەم هەڵوێستە جوانەی خۆی بەرامبەر بە پرسی کورد مایەوە سەرباری هەموو ئەو فشارە بەردەوامانەی لە لایەن حکومەتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق خرایە سەرکۆمار. من خودی خۆم لە سەرۆک عەبدولناسڕم بیست کە دەیگوت: سۆسیالیستە عەرەبەکان تۆژینەوەیەکی زانستیان لەمەڕ کێشەی نەتەوەکان بەگشتی و کێشەی کورد بەتایبەتی نییە.

سەرۆک عەبدولناسڕ لە حزوری مارشال عارف لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی عێراقی باوەڕی خۆی دوپاتکردەوە، کە چارەسەری سیاسی ئاشتیانە بۆ پرسی کورد سەلامەتترین و ڕاستترین چارەسەرە، شێوازی سەرەڕۆیی سەربازی و شەڕی براکوژی لەعێراق سەرکۆنەکرد.

لە وتوێژەکانی یەکێتیبی سێقۆڵی و ئەوانیتردا دەرکەوت سەرۆک عەبدولناسڕ ئامۆژگاری بەعسییەکانی کرد بوو کە هەڵوێستی ئاشتیانە بەرامبەر کورد بگرنەبەر، مادامکی وەک گەلێک دانیان بە بوونیان داناوە، کە بەهرەمەندبن بە مافە نەتەوایەتییەکانیان لەسەر بنەمای لامەرکەزیەت. ئەم هەڵوێستەی سەرۆک عەبدولناسڕ دۆستانە و مایەی سوپاسگوزاریە، بەڵام تەواو هەمەلایەنە نییە، ئەگەر لەڕابردوو لەسەر ئەم هەڵوێستە ناچاری لێبوردەیەکی لەم شێوەیە بوبین، ئەوامن وەک خوازیارێکی سۆسیالیستی زانستی پێموایە کاتی ئەوە هاتووە داوا لەسەرۆک عەبدولناسڕ بکەین، کە هەڵوێستێکی سۆسیالیستی هەمەلایەنە و ڕوون و دیاریکراو لەمەڕ کێشەی کورد بگرێتە بەر بەو پێیەی تەواوکەری کەم و کورتی لەهزری سۆسیالیستی عەرەبی (بەلانی کەم ناسڕییانە) لەلایەک و بەشداریکردن لەبەرجەستە کردنی چارەسەری دروستی سۆسیالیزم بۆ کێشەی کورد لەلایەنی دووەمەوە دەردەخا.

سەبارەت بەسۆسیالیستە یەکێتییخوازەکان لە عێراق بە گشتی هەڵوێستیان باش و دۆستانەیە بەرامبەر بە کورد، ئەوان دان بە (بوونی نەتەوەی کورد) و(گەلی کورد) دادەنێن و داوای پێدانی مافە کارگێڕی و کلتووری و زمانەوانییەکەی دەکەن. بەڵام ئەوەی لێیان کەمە دەست نیشانکردنی هەڵوێستێکی تەواو و ڕوونە بەرامبەر بە کێشەی کورد و چارەسەری ڕیشەیی لەسەر ئاستی ئامانجی ستراتیژی، لێکۆڵینەوەیەکی

زانستیانەی سۆسیالیستیان لەمەر پرسی کورد نییە. بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی – کە بەهێزترین ڕێکخراوی سۆسیالیستی ناسڕییە لەعێراق – جێی دەست خۆشییە لەبواری مەسەلەی کورددا هەنگاوی ناوە. لە دوامین ژمارەی گۆڤارەکەیدا (سۆسیالیزم) لە نیسانی ١٩٦٧دا ژمارە شەش وتارێکی بەسەردێری (جارێکی تریش لەگەڵ کێشەی کورد) نووسیووە. تیایدا ڕستێک خەملاندن و هزری دروستی گرتۆتەخۆ، هۆشدارییەکی تێدابوو لەمەڕ هەوڵە کۆڵۆنیالییەکان و هەوڵەکانی ناوەندە کۆنەپەرستەکانی کورد و عەرەب بۆ دروستکردنی نائارامی و جارێکی تر وروژاندنی شەڕی براکوژی. هەروەک وتارەکە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات چارەسەرێکی جددی بۆ کێشەی کورد و ڕەخنەی لە هەڵوێستە خاوەکەی لەم بارەوە گیراوە. هەروەها تیایدا هاتووە، لە کاتێکدا گەلەکەمان ئاگاداری ئەو مەترسیانەن، کەلەپشتی جووڵەی ڕەگەزپەرستە کۆنەپەرستەکانی نێو کورد و عەرەبدا هەن، کە لەهەوڵی تەگەرە خستنەوەن لە بەردەم کۆششی ڕاستگۆیانەی نیشتمانیی بۆ گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ باری ئاسایی خۆی ئیمڕۆ جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ڕێگرتن لەڕووی ئەو پیلانە کۆڵۆنیالییانەی کەمەبەستیان لێک هەڵوەشاندنی یەکێتیی نیشتمانیی و هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی نێوان براکانە، کە ئەمەش ئیمڕۆ بۆتە ئەرکێکی بە پەلەی نیشتمانییانە.

گۆڤاری (سۆسیالیستی) درێژەی پیداوە و نووسیوویەتی: هیچ شتێک لە هاوکاری توندوتۆڵی خەبات لە نێوان پێشکەوتنخوازانی کورد و عەرەب، کە باوەڕیان بە یەکێتیی نیشتمانیی هەیە لە سەر بنەمای داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد زیاتر توانای ڕیسواکردنی توخمە کۆنەپەرستەکان و بزاوتە کۆڵۆنیالیستییەکانی نییە. کێشەی کورد بەتەنها کێشەی کوردەکان نییە، چونکە لە ڕاستیدا پرسێکە بۆ بنیاتنانی هەموو عێراق بە کورد و عەرەبییەوە. یەکخستنی خەباتە نیشتمانییەکانی سەرجەم ئەو ڕەگەز و هێزە پێشکەوتنخوازانەی عەرەب کە لەپێناو چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد خەبات دەکەن، خەباتە نیشتمانییەکەیان لەگەڵ برا کوردە پێشکەوتنخوازەکانیان بۆتە ئەرکێکی بەپەلە. لەپێناو چارەسەرێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنخواز بۆ ئەم گرفتە و تێکشکاندنی پیلانە کۆڵۆنیاڵییە کۆنەپەرستییەکان و ڕیسواکردنی گردبوونەوە کۆنەپەرستییانەکەی نێو کورد و عەرەب چونکە ڕێگای خەباتی پیشکەوتنخوازانەی نیشتمانیی باشترین ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کورد و عەرەب لەپێناویا خەبات دەکەن.

سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەب لە سەر پرسی کورد، دەتوانرێت بە سەرنجی ڕاستەقینە بخەملێندرێت، کە نەتەوەیی عەرەبەکان هێزی بنچینەیین لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیدا، هەروەک گۆڤاری (الحرية)ی لوبنانی لە یەکێک لە ژمارەکانیدا وتارێکی لەسەر عێراق بلاوکردۆتەوە تیایدا ئاماژەی بە پرسی کورد داوە، ئەم هەڵوێستە لەسەر بنەمای بانگەواز بۆ داننان بە بوونی نەتەوەی کورد و ستایشکردنی برایەتی کورد و عەرەب و خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش و پەسندکردنی مافە کارگێڕی و کلتووری و زمانەوانییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی گەلی عێراق بنیات نرا بوو.

چارەسەری سۆسیالیستانەی پرسی کورد

ئەوە دەزانرێت، کە سۆسیالیزم بە سوود وەرگرتن لە پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، واتە بەهەوڵدان لە پێناو مافی نەتەوەی چەوساوە تا بەئازادی تەواوەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، هەر پرسێکی نەتەوەیی چارەسەر دەکات. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، کە سۆسیالیزم خەبات دەکات لە پێناو ئەوەی هەموو نەتەوەیەکی ستەملێکراو لە بالادەست بوونی کۆلۆنیالیزم و وابەستەیی بێگانە ڕزگاری بێت و ببێتە نەتەوەیەکی خاوەن مافی سەروەری، خاوەن مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، خاوەن مافی جیابوونەوە، ئەگەرئەم نەتەوە چەوساوەیە ئارەزووی جیابوونەوە بکات. بەڵام سۆسیالیزم لەڕووی بنەچە و پرنسیپەوە لەگەڵ جیابوونەوە لەنێوان نەتەوەکان بە پەسند نازانێ بەڵکو ئەو یەکێتیی ئارەزومەندانە لە نێوانیان بە پەسند دەزانێ. پێشتر ڕوونمان کردەوە، کە هیچ دژایەتییەک لەنێوان خەبات لە پێناو بەهرەمەندبوونی نەتەوەی بچوکی وابەستە بەمافی چارەی خۆنووسین بەمافی جیابوونەوەشەوە و نێوان خەبات لە پێناو قایلکردنی جەماوەری نەتەوەی ستەملێکراو بە پەسندکردنی یەکێتیی ئارەزومەندانە نابینن.

ئەوەی بەلای سۆسیالیزمەوە گرنگە نەهێشتنی ستەم و هەلاوێردنی ڕەگەزییە لەبواری پرسی نەتەوەیی و ڕێگا خۆشکردنە لە بەردەم نەتەوەی ستەملێکراو و مافی نەتەوەیی خۆی، وەک چۆن بۆی دەگونجێ و لەگەڵ بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانیدا دێتەوە، ڕاکتیزە بکات. ئەم خەباتەی سۆسیالیزم و تێکۆشانی لە پێناو مافی چارەی خۆنووسین بە مافی جیابوونەوەشەوە، بریتیە لە خەباتێک بۆ نەهێشتنی ئاستەنگ بۆ یەکگرتنی نەتەوەکان

و برایەتییان و ئەوەی ئاستەنگ بۆ هاوخەباتی و تێکەڵ بوونیان لەیەک سیستەمدا، دروست دەکات.

بەوپێیەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بێبەشکردنی نەتەوەکان لە مافی چارەی خۆنووسین بە یەکێک لە ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم یەکگرتنی نەتەوەکان دادەنرێت، بۆیە خەباتکردن لە دژی و دواتریش خەبات لەپێناو مافی چارەی خۆنووسینی گەلان لەڕاستی و دیفاکتدا خەباتێکە بۆ برایەتی گەلان، خەباتە لەپێناو هاوخەباتی و یەکگرتنیان لەسێبەری یەک دەوڵەتدا، یەکگرتنێکی ڕاستەقینەی برایانەی ئارەزومەندانەیە. ڕاستە سۆسیالیزم دژایەتی خواست و ئارەزووی نەتەوەیەکی چەوساوە ناکات، کە بەشێوەی جیابوونەوە پەیڕەو لە مافەکانی خۆی بکات، بەڵام لە بنەڕەتدا جیابوونەوە پەسند ناکات، بەڵکو لە بنەچە و پرنسیپدا یەکگرتنی ئارەزومەندانەی نەتەوەکان بەتایبەت دوای یاخود کاتێ شۆڕشی سۆسیالیستی سەردەکەوێت، بەپەسند دەزانێ. ئەمەیە چارەسەری سۆسیالیستانە بۆ کێشەی نەتەوەیی، ئایا ئەم چارەسەرە بەسەر پرسی کوردیشدا دەگونجێت؟ واتە ئایا نەتەوەی ستەملێکراوی کوردیش مافی چارەی خۆنووسینی هەیە؟ سۆسیالیستە عەرەبەکان چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کوردیاندا؟ وام پێباشە لە کۆتاییدا وەلامی ئەو پرسیارانەی خراونەتە ڕوو بدەمەوە، واتە پڕۆژەکە بە توێژینەوە لە هەڵوێستی سۆسیالیستە عەرەبەکان لەسەر پرسی کورد و چۆنیەتی پەیڕەوکردنی نەتەوەی کورد لەمافەکانی .

مایەی داخمە، کە ئەم توێژینەوەیە بە دەربڕینی ئەفسوس خواردن دەستپێبکەم، چونکە برایانی سۆسیالیستخوازی عەرەب مافی پرسی کوردیان لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانییاندا بەجێ نەهێنا، دواتر هەڵوێستەکەیان بەتایبەت سۆسیالیستە ناسڕییەکان و بەعسییەکان جۆرێک لە ئاڵۆزی و تەم ومژ و نارۆشنی لە دەستنیشانکردنی وردی بەشێوەی سۆسیالیستانە پێوە دیارە، تەنانەت ئەو ڕەخنەیەی مامۆستا عەزیز شەریف - خاوەن خەڵاتی لینین بۆ ئاشتی – سەرۆکی حزبی گەلی پێشوی عێراقی لەپەنجاکان، کەئاڕاستەی پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیستە عەرەبەکانی کرد، کەهێشتا هێزی خۆیان پاراستبوو لە پێگەی گشتی باودا و لەبەرەی سۆسیالیستیدا کاریان دەکرد. مامۆستا عەزیز شەریف وتی:

بەرەی پێشکەوتنخوازی عەرەبی سەرەرای جیاوازی ئەوانەی دەربڕینەکە دەیانگرێتەوە

لە تێڕوانینیان بۆ پرسی کورد بەپێی جیاوازی پرنسیپە گشتییەکانیان، بەڵام هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە نکۆڵیکردن لەو ستەمانەی کە هەن و ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی شۆڤینیستانەی دوژمنکارانەی چەوسێنەرانە. بەهۆی هەڵوێستی سارد و سڕیان بەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گلەییەکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەم بەرەیە. هەرچەند کۆمۆنیستەکان بە ئازادی مافی چارەی خۆنووسینی کورد گوناهبار دەکرێن، بەڵام هیچ دروشمێکی بەهێز لە ناویاندا دەرنەکەوت، کە بانگەوازی ئەم پرنسیپە بکات و بڵاوی بکاتەوە و بیکات بەهێزێکی بزوێنەر. ئەو دروشمەی لەنێو پێشکەوتنخوازەکاندا باوبوو بریتی بوو لە بانگەوازی (ژیان بە برایەتی: برایەتی نەتەوە و تیرەکانی گەلانی عێراق) بە شێوەیەکی گشتی بەبێ ئەوەی ڕۆچێتە ناوزەرورەتی بەپەلە چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی ڕیشەیی.

بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین ئاراستەی پێشکەوتنخوازە عەرەبەکان بەگشتی باشبووە بەڵام ئەوەی لێی کەمبووە کەمی پەرۆشی و دیدێکی هەمەلایەنە و کاریگەر لەهەمان کاتدا لە تایبەتمەندییەکانی کێشەکە نەبووە، هەڵوێستی کەمترخەمیانەی پێشکەوتنخوازانی عەرەب لەپرسی کورد مەترسییەکی گەورە و زیان بەخش بە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی لە عێراقدا دەگەینێ، وەک:

١- ڕەنگدانەوەی لاوازی پەروەردەیی نێونەتەوەییانەی جەماوەری عەرەب، کەدواتر زەمینە بۆ باڵادەستی دروشمە کۆنەپەرستییەکان خۆش دەکات (شۆڤینیزم، پاشان باڵادەستی کۆنەپەرستان و بەکرێگیراوانی کۆڵۆنیالیزم بۆ سەر سەرکردایەتی جەماوەر و بەشێوەیەکی چەوت ئاراستە کردنیان ...)

٢- خەمساردی جەماوەری عەرەب بەرامبەر بە پرسی کورد زەمینەی بۆ گەشەکردنی تۆوی گومان لای جەماوەری کورد لە زۆرینەی عەرەبدا خۆشدەکات، ئەمەش مەترسی لەسەر هاوخەباتی جەماوەری عێراقی دادەنێ لە دژی دوژمنە هاوبەشەکەیان، ڕاستیشە ئەوە بڵێین کە هاوکاری جەماوەری کورد لەگەڵ جەماوەری عەرەب لەخەباتیاندا دژی کۆڵۆنیالیزم و سیاسەتی تۆقاندن، سەرباری ئەوکەموکوڕییانەی لە لایەن پێشکەوتنخوازانی عەرەبیشەوە هەبوو، بە بەهێزی مایەوە. -وەرگرتن لەنووسینەکەی مامۆستا عەزیز شەریف تەواوبوو-.

بەڵام سۆسیالیستە عەرەبەکان چۆن پرسی کوردیان چارەسەرکرد؟

پێشتریش هەندێ ڕاستیمان سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ پرسی کورد خستۆتە ڕوو، کە دەتوانین بەمشێوەیە کورتی بکەینەوە:

یەکەم: هەموو سۆسیالیستە عەرەبەکان دان بەڕاستی بوونی کورد یان نەتەوەی کورد دادەنێن.

دووەم: هەموو سۆسیالیستە عەرەبەکان دژایەتی سیاسەتی سەرکوتکردن و توانەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی سەرەڕۆیی و جەنگ دژی کورد دەکەن.

سێیەم: سەرجەم سۆسیالیستە عەرەبەکان داوای ڕێز گرتن لە مافە نەتەوەیی و کارگێڕی و کلتووری و زمانەوانییەکانی کورد لە عێراق دەکەن. تەنانەت هەندێکیان ئەمە بە چارەسەری کۆتایی بۆ پرسی کورد دەزانن.

لەڕاستیدا ئەم چارەسەرە چارەسەرێکی ڕیفۆرمیستانەیە، بە هیچ شێوەیەک چارەسەرێکی سۆسیالیستانە نییە و لە هیچ ولاتێکی سۆسیالیستیدا هاوشێوەی نادۆزینەوە. لە یەکێتیی شۆرەویدا نەتەوە سەرەکییەکان بەهرەمەندن لە دەوڵەتەکانیان، دوو لەمانەش سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکانن. لە چیکۆسڵۆڤاکیا نەتەوەی سلاڤی بەهرەمەندن بە مافێکی زیاتر لە ئۆتۆنۆمی، لە چین نەتەوەکان تیایدا بەهرەمەندن لە مافی ئۆتۆنۆمی.

سەبارەت بە ئەزموونی یوگسلاڤیا، چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای یەکێتیی فیدراڵییە، کە شەش کۆماری فیدراڵی دەگرێتە خۆی.

چارەسەری سۆسیالیستانەی عەرەبی بۆ پرسی کورد لەسەر بنەمای کارگێڕی و کلتووری و زمانەوانییە، ئەمەش ئەو چارەسەرەیە، کە ولاتانی سۆسیالیست بەرامبەر بە کەمینە نەتەوەییەکان گرتویانەتە بەر، ئەو چارەسەرەش گونجاوە لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی سوریا (بە هەموو باڵەکانییەوە) بەرامبەر کەمینەی کورد لە سوریا پەیڕەوی لێدەکات.

سەبارەت بە عێراقیش، کە نەتەوەی کورد وەک نەتەوەی دووەم لەولاتدا دەژیت نەک وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی، ئەم چارەسەرە دروست نییە و بە چارەسەری سۆسیالیستی دانانرێت، بەڵکو چارەسەرێکی ڕیفۆرمخوازانەیە. مامۆستا عەزیز شەریف پێشتر بەمشێوەیە ڕەخنەی لەچارەسەری ڕیفۆرمخوازانە گرتووە:

(وە بەسەرنجدان لەوەی، کە ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە لەڕووی فیکرییەوە مایە پوچ

بووە و ئەو هۆکارانەی، کە لە ولاّتەکەماندا کورد دەچەوسێنێتەوە و لەپشت پەردەی ڕیفۆرم شاردراوەتەوە وامان لێدەکا تۆێژینەوەکەمان لەپلەی یەکەمدا سنوردار بیت بەگفتوگۆ کردن لەسەر چارەسەری ڕیفۆرمخوازانە.

چارەسەری ڕیفۆرمخوازانە لەپرسی نەتەوەییدا سێ تایبەتمەندی هەیە:

یەکەم: هەمەلایەنە و لەبنەمادا باس لە پرسەکە ناکات، بەڵکو بە داننان بەڕیفۆرمی لاوەکی دەست بەردار دەبێ، لە کاتێکدا دەبینین پرسی کورد بریتییە لە پرسی کۆیلە کردنی گەلی کورد لەلایەک و خەباتی کورد لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین لەلایەکی ترەوە. چارەسەرە ڕیفۆرمیستەکان بۆ سنووردار کردنی پرسەکەیە لە بابەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی و بەشداری پێکردنی کورد لە کار و فرمانەکانی دەوڵەت سەرباری ڕوونکردنەوەکان و بەڵێنە بریقەدارەکان.

دووەم: تایبەتمەندی چارەسەری ڕیفۆرمخوازی ئەوەیە، کە پرسی نەتەوەیی لە ولاّتێکدا بۆ گەلێکی دیاریکراو سەربەخۆبێت لێی لە ولاّتانی تردا، سەربەخۆش بێت لەخەباتی جیهانیدا دژ بەکۆڵۆنیالیزم.

سەبارەت بەتایبەتمەندی سێیەمیش ئەوەیە، کە چارەسەری ڕیفۆرمخوازانە پرسەکە لەسەر بنەمای دەقە فەرمیەکان هەڵدەسەنگێنێ و زۆرجاریش بەخۆلادان لەخەبات پشت بەستن بە بەڵێن و هەواڵی فریودەرانە کۆتایی دێت.

مامۆستا عەزیز بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆ چوونەکانی ئاماژە دەکات بە چەندین لە بەڵێنەکانی حکومەتی عێراق بۆ کورد و پێش ئەوانیش بەڵێنەکانی بریتانیا، کە دەوڵەتێکی ماندات بوو بە سەر عێراقەوە، لەوانەش ئەو بەڵێنەی بریتانیا، کە لەسەروبەندی داگیرکردنی کوردستان دابووی، ئەم دەقەی خوارەوە دەڵێت:

(بریتانیا بۆیە دەسەلاّتی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان فراوانتر کردووە تا دڵنیایی خواستی دانیشتوان و یارمەتیدانیان لە حوکمڕانی خۆیان پێببەخشێ). ئەو بەڵێنەی بریتانیا و عێراق لەساڵی ١٩٢٢ دا لە بەیاننامە هاوبەشەکەیاندا، کە دانیان نابوو بە مافی کوردانی دانیشتووی سنوورەکانی عێراق بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنورانەدا و ڕاسپاردنی کۆمیسیۆنی نەتەوەکان بۆ عێراق لەوکاتەی بڕیاریدا ویلایەتی موسل بە عێراقەوە بلکێنێ بۆ ئەوەی ڕەچاوی خواستی کورد پەیوەست بە دامەزراندنی

فەرمانبەران و بەکارهێنانی زمانی نەتەوەییان لە نووسراوە فەرمییەکاندا بکات.

سێ وتارەکەی ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن شا فەیسەڵی یەکەم و نێردەی باڵا و سەرۆک وەزیرانەوە پێشکەشکران، هەموویان جەخت لە مافە کارگێڕی و کلتووری و زمانەوانییەکانی کورد دەکەنەوە. مامۆستا عەزیز شەریف دەقی ئەمەی خوارەوە دەڵێت:

هەر کاتێک پێویستی بە پەسندکردنی خەرجیەکانی کوژاندنەوەی یەکێک لە شۆڕشەکانی کورد بوایە مشتومڕێکی ئەفلاتونی سەریهەڵدەدا، کە ئاخۆ ئایا کێشەی کورد هەیە؟ نەخێر بەڵێ هەیە. نەخێر نییە ئەمانە هەموو پڕۆپاگەندەی وێرانکەرن ... ئێمە هەموومان عێراقین، هیچ جیاوازییەک لەنێوان کورد و عەرەبدا نییە..زۆر جار دەتواندرێ بگوترێ کە گوتارێکی ترسناک لە یەکێ لە بەرپرسان بایەخدان بە کاروباری کوردان قسەی کۆتا و یەکلاکەرەوە بێت، کە ئەمەش مەترسیدارە. ئەمە ڕێبازێکی ڕیفۆرمخوازانەیە، هەڵوێستێکە لەسەر پرسی کورد لەکاتی دانان بە مافی بەکارهێنانی زمان و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد.

هەروەها بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی چەپڕەو لە هەڵوێستی خۆیدا سەبارەت بەپرسی کورد لە سۆسیالیستە نەتەوەییەکانی عەرەب جیاوازبوو، بەو پێیەی هەڵوێستی بەمشێوەیە بوو (مافی چارەی خۆنووسین مافی گەلی کوردە و گوزارشتێکی واقعیانەیە بۆ بوونیان ... جیابوونەوە – لانیکەم لەم قۆناغەدا – پێچەوانەی بەرژەوەندی کورد و بەرژەوەندی شۆڕشی عەرەبە لەهەمان کاتدا، پێویستە بەتەواوی دان بنرێت بەمافە زمانەوانی و کلتووریەکانی گەلی کورد، لە ڕاکتیزەکردنی ئۆتۆنۆمیدا تا دوامەودا و هەنگاو بنرێ، بەڵام داواکارییە سەربازییەکان پێویستە بەتەواوی ڕەتبکرێنەوە).

سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی عێراقیش دان بە مافی چارەی خۆنووسین دەنێت بۆ گەلی کورد و پێیوایە چارەسەری زانستیانە لە ئێستادا بریتییە لە سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانییدا. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حزب (لە ئاداری ١٩٦٢دا) ئەمە هاتووە: بۆ دانانی یەکێتیی عێراق لەسەر بناغەیەکی پتەو و پێدانی ناواخنێکی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکێکی ئەڕێنیانە سەبارەت بە گەلی کورد لەپێناو دیموکراسیەت و خەباتی هاوبەش دژ بە کۆڵۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی، ئەنجومەنی دووەمی حزبمان، کە ساڵی ١٩٥٦ دا کۆبوەوە، ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقی دیموکراسیدا پەسند کرد. هەروەها ڕێکخراوی

شۆڕشگێڕی کرێکاری، کە لە بەعسییە چەپەکانی پێشوو پێکهاتبوو، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد پشتڕاست دەکەنەوە و داوای دانپیانانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دەکەن لە چوارچیوەی یەکێتیی نشتمانییدا. مامۆستا عەزیز شەریف پێیوایە، کە چارەسەری پرسی کورد لە عێراقدا دەبێت بریتی بێت لە:

یەکەم: خەباتی جەماوەری زەحمەتکێشی عەرەب لە پێناو ئازادی بڕیاری چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد بەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.

دووەم: خەباتی ڕەهای پێشکەوتنخوازانی کورد دژ بە مەیلی گۆشەگیری لەناو جەماوەری کورد و بانگەوازیان بۆ یەکێتیی ئارەزومەندانە لەگەڵ عێراق لە دۆخی ئێستادا.

بەڵام ئەم خەباتە بە هەردوو ڕووەکەیەوە، لەلایەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستانی خۆجێیی، لەلایەکی تر لە خەباتی گشتی دژ بە ئیمپریالیزم، بە جۆرێکی تایبەتیش دژ بە پیلانە شەڕانگێزییەکانی ئینگلیز و ئەمریکا جیاناکرێتەوە.

سەبارەت بە وەڵامی بەشی یەکەمی ئەو پرسیارەی ئێمە خستمانە ڕوو، ئەمەیە:

ئایا چارەسەری سۆسیالیستی بە سەر پرسی کوردیش جێبەجێ دەبێ؟ واتە ئایا هەروەها نەتەوەی ستەملێکراوی کوردیش مافی چارەی خۆنووسینی هەیە؟ لەگۆشە نیگای منەوە وەڵامەکە بەمشێوەیە: بەڵێ نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی تر، مافی چارەی خۆنووسینی خۆی هەیە، ئەم چارەسەرە سۆسیالیستییە بەسەر نەتەوەی کوردیش جێبەجێ دەبێ. بەڵام گەلی کورد دەبێ چۆن مافی چارەی خۆنووسین پەیڕەو بکات؟ ئایا پێویست دەکا لە کۆماری عێراق جیابێتەوە؟ ئایا جیابوونەوە خزمەتی بەرژەوەندی جەماوەری گەلی زەحمەتکێشی کورد دەکا؟ ئایا جیابوونەوە خزمەت بە بەرژەوەندی دۆزی سۆسیالیزم و بەرژەوەندییەکەی دەکات؟ .

جیابوونەوە دژ بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلی کوردە

بەڕای سۆسیالیستە پێشکەوتنخوازەکانی کورد، پێویستە بە شێوەیەکی بەردەوام خەباتێکی سەرسەختانە بکرێت بۆ قەناعەتپێکردن و تێگەیاندنی جەماوەری گەلی کورد لە زیانە زۆر و زەبەندەکانی جیابوونەوە، هەروەها قەناعەتپێکردنیان، کە جیابوونەوە لە کۆماری عێراق گەورەترین زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی زەحمەتکێشی کورد دەگەینێت.

سەرباری ئەوەی ئەم جیابوونەوەیە خەیاڵە و لانیکەم لە باری ئێستادا بەدینایەت. ئەمەش بەو مانایەیە، کە بەرزکردنەوەی دروشمی جیابوونەوە یان بانگەوازکردن بۆ جیابوونەوە وادەکات بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دروشمێکی خەیاڵی هەڵبگرێت، دواتر بارگرانیەک، کە هەرگیز ناتوانێت بەرگەی بگرێت. بەمشێوەیە وادەکات لە بازنەیەکی بۆشدا بخولێتەوە وئەو مافانەی لەدەست بچێت، کە دەشێ بەدەستیان بێنێت لەلایەک وپچڕاندنی پەیوەندییە بەهێزەکانی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لە لایەکی ترەوە لە دەست بدات.

بەرەنگاربوونەوەی بانگەوازی جیابوونەوەی کوردستان لە کۆماری عێراق بەرژەوەندی گەلی کورد و پرسی خەباتی هاوبەش لەگەڵ عەرەبی برایدا دژ بەدوژمنی هاوبەش، کەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی کورد و عەرەبە، دەیسەپێنێ. بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماددەی سێیەمی بەرنامەکەیدا دروشمی بەرەنگاربوونەوەی جیابوونەوەی لە بڕگەی دووەمیدا تەبەنی کردووە و تیایدا هاتووە: بە هێزکردنی خەباتی کورد وعەرەب لەسەر بنەمای یەکگرتنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتووی پێشکەوتنخوازدا، لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی جوداخوازی و لکاندن.

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ڕاستی لەمەر جوداخوازی یەکلایی کردۆتەوە و لەو یادداشتەدا چەسپاندویەتی، کە مەکتەبی سیاسی لە ئەیلول ١٩٥٨دا پێشکەشی سەرکردەکانی شۆڕشی١٤ ی تەممووزی شکۆمەندی کردووە بەمشێوەی خوارەوە:

ئەو بیرۆکە ژەهراویانەی سەبارەت بە بوونی بزووتنەوەیەک لەناو گەلی کورد بلاوەدەکرانەوە بە ئامانجی جیابوونەوە لە کۆماری عێراق لەلایەن هەندێک سەرچاوەوە دەردەچن، کە شێوەی بلاوکەرەوەکانی بەسەر ڕووی ئەو بیرە ژەهراویانەوە دیار و ئاشکرایە، ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئاوات و ئارەزویان لەسەرتاشە بەردی یەکێتیی کورد و عەرەب وردوخاش بووە. کۆلۆنیالیزم، کە شۆڕشی مەزنی عێراق زارەترەکی کردبوو، بێهیوا نەبوو لە ئەگەری وەرگرتنەوەی دەسەلاتەکەی بەجێبەجێکردنی ئەو پلانەی لەسەر بنەمای سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی (پەرتکە وزاڵبە) دامەزراوە، کە هەمیشە لە پەیڕەولێکردنی باشترین بەرهەمی چنیوەتەوە. خۆی و نۆکەرەکانی و چەند فەرمانبەرێکی قین لە دڵی سەر بەرژێمی لەناوبراو لەگەڵ چەند خۆپەرستێکی ترساو لە قازانجی تایبەتی و دەسەلاتی سیاسی خۆیان لە هاوپشتی هەردوونەتەوەی کورد و عەرەب و پتەوبوونی هێزی

یەکێتییان، تەنیا ئەمانە ئەم پڕوپاگەندە نزمە چەپەڵانە بڵاودەکەنەوە.

لەدوای ئەوەی بیرخەرەوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕووی پرنسیپەوە بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی مێژوویی پێداچوونەوە بە پرسی جیابوونەوە دەکات دەگاتە ئەم ئەنجامە: لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە جیابوونەوەی کوردستان لە کۆماری ساوای عێراق لەبنەڕەتەوە دژی دەسکەوتی گەلی کورد و عەرەبە و خزمەتی کۆڵۆنیالیزم دەکا و دەسەڵاتی بە هێز دەکات نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە هەموو ولاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا. وە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئەم ناوچەیە و گەلی کوردیش کز و لاواز دەکات. بۆیە بیرخەرەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە گەلی کورد بە سەرکردایەتی پێشڕەوی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕی خۆیان بەگژ هەر مەیلێکی جوداخوازی دادێنەوە، کە هەرکاتێک و لە هەر شوێنێک لەناو کوردانی عێراق دەربکەوێت. بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر مەیلێکی جوداخوازی، بەرەنگاربوونەوەیەکی سەرکەوتوو و زانستیانە، بەرەنگار بوونەوەیەک لەسەر بنەمای شۆڤینیەت و کۆسمۆپۆلیتیەت بنیات نەنرابێ، دەبێت خەبات بۆ مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردیش بکرێت. دواتر دەبێ خەبات بکرێت لە پێناو مافی گەلی کورد لە بڕیاری چارەنووسیدا بە مەرجێک ئەو مافە لەلایەن گەلی کوردەوە لە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراق یان دەوڵەتی سۆسیالیستی عەرەبی بەکاربهێنرێت، ئەم خەباتەش دوولایەنە.

لایەنی یەکەم : خەباتی کوردانی پێشکەوتنخواز لە پێناو بە دەستهێنانی ئەو مافە و قەناعەت تێکردنی جەماوەری کورد بە خراپییەکانی جیابوونەوە.

دووەم : خەباتی عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان بۆ دانپیانانی ئەو مافە و دواتر خەباتی عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان لە دژی شۆڤینییەتی عەرەبی، کەنکوڵی لەبوونی نەتەوەیی کورد و مافەکانی دەکات.

بەبێ خەباتێکی لەمشێوەیە لە لایەن پێشکەوتنخوازانی عەرەبەوە و بەبێ پشتیوانی کاریگەر و ڕاشکاوانە لەلایەن پێشکەوتنخوازان و سۆسیالیستانی عەرەب بۆ خەباتی برا پێشکەوتنخواز و سۆسیالیستە کوردەکانیان لە پێناو بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بە ئۆتۆنۆمیشەوە لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانییدا هەرگیز ناتوانرێت بەگژداچونەوەیەکی سەرکەوتووانەی بیری تەسکی نەتەوەیی نێوان جەماوەری کورد

و بیری جوداخوازی و گۆشەگیری کۆنەپەرستانە، کە کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکان لە دۆخێکی دیاریکراودا بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەنجام بدرێت.

سۆسیالیستە عەرەبەکان دەبێ درک بە ئەرکی سۆسیالیستی و مرۆییانەی خۆیان بکەن و لەو ڕاستییانەی ڕابووردبگەن و تێبگەن کە مەرجەکانی برایەتی کورد و عەرەب و پێداویستییەکانی بەهێز کردن و هاوخەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشدا و سەرەتاکانی پرنسیپە سۆسیالیستییەکان، هەموو ئەمانە وادەخوازن، کەدان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دابنێن وخەباتیان بۆ بکەن.

خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش تاقە ڕێگای ڕاستە بۆ گەیشتن بە چارەسەری سۆسیالیستی بۆ پرسی کورد

پێشتر گەیشتین بە دەرخستنی چارەسەری زانستییانەی سۆسیالیستی پرسی کورد، ئێستا ماوەتەوە بزانین چۆن دەتوانرێ ئەم چارەسەرییەی بەسەردا پراکتیزە بکرێت. بەڕای کوردە پێشکەوتنخوازەکان دەبێت خەباتێکی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەنێوان پێشکەوتنخوازە عەرەب و کوردەکان بکرێت، دەبێت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب یەکبگرن تا حوکمێکی پێشکەوتنخواز (دیموکراسی شۆڕشگێڕ) توانای ئەوەی هەبێ هەموو کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق بەپرسی کوردیشەوە چارەسەر بکەن. واتە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشی جەماوەری کورد و عەرەب و هەماهەنگی هێزە پێشکەوتنخوازەکانیان لە خەباتدا تاقە ڕێگای ڕاستە بۆ گەیشتن بە چارەسەری سۆسیالیستییانە بۆپرسی کورد. بۆ ئەوەی حوکمڕانییەکی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕانەی وا بەدیبهێنرێت، کە ڕێچکەی گەشە پێدانی ناسەرمایەداری ڕووە و سۆسیالیزم بگرێتە بەر، دەبێت لەم پێناوەدا خەبات بکرێت بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لە مافە سیاسی و کارگێڕی و کلتووریییەکانی و مافی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی و دامەزراندن لە هەموو جومگەکانی دەوڵەت و دامەزراوە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان بەهرەمەند بێت بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ ژمارەی کورد، هەروەها زامنکردنی مافی ئەو کەمینە نەتەوەییانەی نیشتەجێی کوردستانی عێراقن، وەک لە دەقی ماددەی پێنجی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە. هەروەها پێویستە لەسەر هێزە پێشکەوتنخوازە کوردی و عەرەبییەکان، هەڵمەتی خەباتێکی هاوبەش بەرپا بکەن

لە دژی ئەو هزرە شۆڤینیانەی نکولّی لە بوونی نەتەوەی کورد و مافەکانی دەکەن، لە دژی ئەو هزرە گۆشەگیرییە نەتەوەییانەی، کە نکولّی لە خەباتی هاوبەش و گرنگی و مەترسیەکانی دەکەن و دژایەتی هاوخەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب، ئەو هاوخەباتییەی، کە گەرەنتیەکی بەهێزە بۆ سەرکەوتن و گەشەسەندنیان. هەروەها پێویستە پێشکەوتنخوازە کوردەکان خەباتێکی نەپراوە دژی گۆشەگیری نەتەوایەتیی، کە گاڵتەی بە برایەتی کورد و عەرەب و خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب دێت، یان داوای گرتنە بەری ڕێگەی گۆشەگیری تاکلایەنە لەکار و خەبات و بە تەنیا و دوور لە خەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب دەکات، بەرپا بکەن. واش پەسندترە کە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد هەڵمەتێکی توندی خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی کورد بەرپا بکەن، کە هەوڵدەدەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد یان باڵێکی ببەستنەوە بەبزووتنەوەی ڕاستڕەوی عەرەبی و سەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بخەنە پاڵ ڕاستڕەوانی عێراقی، کە بە هەموو توانایانەوە کار بۆ دژایەتی پێشکەوتن و سۆسیالیزم دەکەن.

بەرژەوەندی جەماوەری کورد و عەرەب یەکە و یەکسانە و یەکدەگرێتەوە، سەرکەوتنی جەماوەری کورد و عەرەب لە عێراقدا پەیوەستە بە هاوخەباتی شۆڕشگێڕانە دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و ڕاستڕەوی، بەبێ ئەمە جەماوەری عەرەب یان کورد لە خەباتی ڕەوایاندا سەرناکەون مەگەر دەرئاسا، و سۆسیالیستەکانیش باوەڕیان بە خوڕافاتی دەرئاسا نییە.

سۆسیالیستە عەرەب و کوردەکان دەبێ هەوڵبدەن بۆ پتەوکردنی نیشتمانیی گەلی عێراق، سۆسیالیستە عەرەبەکانیش لە عێراق ئەرک و پشتیوانی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو بەدیهێنانی چارەسەری زانستیانەی پرسی کورد بکەن، بەشێوەیەکی پەیوەندار بە پتەو کردن و بە هێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی و توند و تۆڵکردن و بەیەکاچوونی برایەتی و هاوخەباتی نێوان کورد و عەرەب. ئەو چارەسەرەی لە ماددەی چوارەمی پەیڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان بەمشێوەیە هاتووە:

بەو پێیەی یەکێتیی نیشتمانیی گەلی عێراق بنەمای پێشکەوتن و گەشەسەندنی ولّات بوو وە لە دەسپێکی بەدیهێنانی ئامانجەکانی جەماوەری هەردوو گەلی کورد و عەرەب و زامنی بە هێزی پاراستنی کۆمار و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی شکۆمەند بووە، بۆیە پارتی خەبات دەکات بۆ پتەو کردنی ئەم یەکێتییە لەسەر ئەم

بنەمایانەی خوارەوە :

١- یەکێتیی ئارەزومەندانەی برایانەی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب کە زامنی ئۆتۆنۆمییە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمان و پتەوکردنی برایەتی و یەکڕیزی خەبات و بەرژەوەندی هاوبەش.

٢- پتەوکردنی خەبات لە نێوان کورد و عەرەب لەسەر بنەمای یەکگرتوویی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتووی پێشکەوتنخواز لەگەڵ بە گژاچوونەوەی بانگەوازی جیابوونەوە و لکاندن.

٣- بەگژداچوونەوەی هزری شۆڤینی و گۆشەگیری و کۆسمۆپۆلیتی، بە دڵنیاییەوەش کاتێ سۆسیالیستانی کورد و عەرەب ئەرکەکانیان بەرامبەر پرسی کورد بەجێدەگەینن ئەوکاتە هەموو هەوڵەکانی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی لە باردەبا و هەڵدەتەکێنێ، کە بە ئامانجی دروستکردنی دوژمنایەتی و ڕق و کینە لە نێوان کورد و عەرەب یان هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی لە عێراقدا جارێکیتر یان سوود وەرگرتن لە دۆخی ئێستای عێراق لە بەرژەوەندی پیلانگێڕی و کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی، پوچەڵ دەکاتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بۆ جەماوەری زەحمەتکێشی گەلی کورد ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشی کورد و عەرەبی خستە ڕوو، کە بەگژ کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستانی کورد و هەوڵە چەپەڵەکانیان بۆ چەوساندنەوەی کیشەی کورد بۆ بەرژەوەندی و قازانجی هەوڵە کۆڵۆنیالییەکان بانگی سۆسیالیستە عەرەبەکان دەکات بۆ پشتیوانی کردنی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەیدا دژ بە هەوڵەکانی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستان بەئامانجی بەستنەوەی کێشەی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە پلانە کۆنەپەرستی و کۆڵۆنیالییەکان و بە هەوڵە گوماناوییەکانیان عێراق بگەڕێننەوە باوەشی کۆنەپەرستان لە ڕێگای تۆقاندنی حکومەت بە بەکارهێنانی کێشەی کورد لە دژیدا لەلایەک و مۆزەمۆزکردن بۆ حکومەت تا لە کۆڵۆنیالیزم و ولاتانی کۆنەپەرست نزیکی بکاتەوە و لەکۆماری یەکگرتوو و سوریاش دوربیخاتەوە ، کە دەبێتە مایەی ڕزگاربوونی لە کێشەی کورد لەلایەکی تر‌ەوە، لەمەشدا گەورەترین مەترسی لەسەر جەماوەری هەردوو گەلی کورد و عەرەب هەیە.

کۆڵۆنیالیزم دەخوازێ عێراق بگەڕێنێتەوە ڕیزی کۆنەپەرستان پەیمانە کۆڵۆنیالییەکانی دژ بە بەرژەوەندی گەلی کورد و عەرەب بە بیانووی ڕزگارکردنی عێراق لە پرسی کورد لەلایەک و دەخوازێ هەندێ خێڵەکی و ڕاستڕەو بە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی

هەڵخەڵەتێنێ بەبیانووی پاراستنییان لە دەسەڵاتی عەرەب لەلایەکی تر،وە تا بە کاریان بهێنێ بۆ بەدیهێنانی پرۆژە کۆڵۆنیالی و کۆنە پەرستییەکان ئەو کاتەش کۆڵۆنیالیزم – کە دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد و بە کۆیلەکردنی ڕاستەقینەیەتی – دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی پێش سەردەمی شۆڕشی تەممووز، کە وا سێ تۆقەکەی ئیمپریالیزم دەخرێتەوە ملی گەلی کورد و لەوێدا بەهەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنەپەرست و کۆڵۆنیالیزمی سەروەریان بزووتنەوەی کورد، تەنانەت خێڵەکیەکەشی لەناو دەچێت. دیارە ئەمە هەرگیز ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کورد نییە و ئەو ڕێگایەش نییە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی پێ لەناو ببرێ. کۆڵۆنیالیزم نایەوێ بەمە چارەسەری پرسی کورد بکا دواتر خێری کورد و عەرەبی ناوێت بەڵکو دەیەوێت پرسی کورد بمێنێ بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری بێنێ. لەپێناو ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ڕواڵەتە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرکەوێت، ڕواڵەتی پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێڕی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و ڕاستڕەوی و لەپێناو ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد شوێنی شیاوی خۆی لەڕیزی بزووتنەوەی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی عەرەب و لە پێناو پەرەپێدانی ناواخن و ناوەڕۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕوە و سۆسیالیزم، پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕە کوردەکان بە هەموو توانایانەوە تێدەکۆشن ئەوپەڕی پێویستیشیان بە پشتیوانی و پاڵپشتی هێزە پێشکەوتنخواز و سۆسیالیستەکانی عەرەب هەیە.

ئەوەندەی کە سۆسیالیستە عەرەبەکان و پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب تێگەیشتنی دروستیان بۆ پرسی کورد و هاوسۆزیان لەسەر داخوازیە ڕەواکانی گەلی کورد دەردەخەن، ئەوەندەی کە سۆسیالیستە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب پاڵپشتی لە خەباتی کوردانی پێشکەوتنخواز لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقیدا دەکەن، هێندە و زیاتریش گیانی برایەتی کورد و عەرەب دەبوژێتەوە و یەکێتیی خەباتی کورد و عەرەب تۆکمە و بەهێزدەبێ و هاوپەیمانییەتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەب و یەکگرتنی جەماوەری هەردوو گەلی کورد و عەرەب چاکتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش ڕێگا لە کون و کەلە بەرەکان بەڕووی کۆڵۆنیالیزم و پیلانە قێزەونەکانیان دادەخا.

بەباشی ئەوە دەزانرێت، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد بەو پێیەی بزووتنەوەیەکی

مێژوویی بابەتییە، ناتوانرێ بە پیلانەکانی کۆڵۆنیالیزم یان بە بەکارهێنانی تووندوتیژی و هێز و تۆقاندن و فریودان لەدژی، لەناوببرێت یان کۆتایی پێبهێنرێت.

چارەسەری پرسی کورد لە بەرژەوەندی جەماوەری زەحمەتکێشی کورد خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە دۆزی سۆسیالیزم و بە بەپتەوکردنی برایەتی و خەباتی هاوبەش لەنێوان کورد و عەرەب دەکات، بەو مانایەش هەروەها بۆ قازانجی بەرژەوەندی جەماوەری زەحمەتکێشی عەرەبیشە. بێ لەوە چارەسەری سۆسیالیستانە بۆ پرسی کورد لە عێراقدا وادەکات، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق و هەروەک لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان (ئیران و تورکیا) ببنە بزووتنەوەیەک بۆ هەمیشە هاوپەیمانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی نەتەوەیی عەرەب بێ. ئەمەش بەو مانایەیە، کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی نەتەوەیی عەرەب، هاوپەیمانێکی دەست لێهەڵنەگیراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستییەتی تورکی و ئیرانیدا بەدەست بهێنیت. بەتایبەتیش ، کە عەرەب کێشە و داواکاری خۆیان لەگەڵ ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا هەیە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد شانبەشانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب سەرکەوتن بۆ کورد و عەرەب دەگەڕێنێتەوە و نزیکایەتی مێژوویی و پەیوەندی و بەرژەوەندی هاوبەش و خەباتی هاوبەش بە هێزدەکا. هەروەک بەدەستهێنانی هاوسۆزی و پشتیوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی عەرەب بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کوردیش سەرکەوتنێکی گەورەیە.

من خودی خۆم پێموایە مێژوو و بەرژەوەندی هاوبەش و پرنسیپە سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازییەکان، هەموو ئەمانە چارەنووسی هەردوو گەلی کورد و عەرەبیان بەیەکەوە گرێداوە. وە پێموایە نەتەوەی کوردی پێشکەوتنخواز دەتوانێت بە هاوکاری و یەککگرتوویی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبی پێشکەوتنخواز هەموو ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی بەدیبهێنی. هەروەک پێشموایە هەموو ئەمانە لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی کورد و عەرەبە و لەبەرژەوەندی دۆزی سۆسیالیستییە لە ڕۆژهەڵات و هەموو جیهاندا. بۆیە هیوادارم بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی گرنگی ئەو ڕاستیانە تێبگات ولەبەر ڕۆشناییاندا هەڵوێستی دروستی سۆسیالیستی لەمەڕ کێشەی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کورد، وەربگرێت.

دڵنیایین بوونی ئێمە لە جەزایری قارەمان و شۆڕشگێڕی خاوەن ملیونێک شەهید کە خەباتی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و لکاندن دژ بە سیاسەتی فەرەنسا و نەهێشتنی بوونی نەتەوەیی، گیانیان بەختکرد. بەشێوەیەکی چاکتر ئیلهاممان پێدەدا بۆ تێگەیشتن لە زیانەکانی سیاسەتی شۆڤێنییانە و لکاندن بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی سۆسیالیستی و دروست.

کۆڕبەندی جەزایر

لە ماوەی نێوان ٢٢- ٢٨/ ٥ / ١٩٦٧دا لە جەزایر کۆڕبەندی سۆسیالیستی بەسترا، تیایدا کەسانی ناسراو لە ناو بزووتنەوە سۆسیالیستەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا ئامادەبوون، وەک کەمالەددین رەفعەت و ئیبراهیم سەعدەددین و لەبیب شقێر و لوتفی ئەلخولی و ئەحمەد حەمڕوش لە (یەکگرتووی عەرەبی) و عەبدولخالیق مەحجوب (سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی سودان) و ئەمین شبلی (سکرتێری حزبی سۆسیالیستی سودان) و موحسین ئیبراهیم و دکتۆر ئەحمەد خەتیب و نایف حەواتمە (بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب) و نیقولا شاوی (سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی لبنان) و کەمال جانپۆلاّد، سەرۆکی حزبی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز لە لوبنان. و مستەفا رۆستەم، ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی بەعس و فوئاد نەسسار، سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئەردەن و مۆریس سەلیبی (حزبی کۆمۆنیستی سوری) و فوئاد ریکابی و خەیرەددین حەسیب و ئەیاد سەعید سابت و دکتۆر مەحموود حەمسی و جەلال تاڵەبانی (لە عێراق) و ژمارەیەکی زۆر لە سۆسیالیستەکانی مەغریب و هیتر.

کۆڕبەندییەکە بە وتارێکی گرنگ لەلایەن سەرۆک هەواری بۆمدیەنەوە دەستیپێکرد و گفتوگۆی بەرهەمدار و بەسوود لە کۆڕبەندییەکەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پرسەکانی بەردەم بزووتنەوەی سۆسیالیستی و خەباتی گەلانی شۆڕشگێڕ و ئەزموونە جیاوازەکانی سۆسیالیستی و بابەتی یەکگرتوویی عەرەب کرا.

نووسەری ئەم دێرانە توێژینەوەی لەمەڕ پرسی کورد لەعێراقدا پێشکەش کرد، هەروەک بەشداری وتووێژ و بابەتەکانی جەنگی گەلێری و هەڵسەنگاندنی ئەزموونە سۆسیالیستیەکان و کورد و یەکێتیی پێشکەوتنخوازانەی عەرەب و یەکێتیی هێزە شۆڕشگێڕییەکان کرد و ئاماژەی کرد بە بۆچوونی سۆسیالیستە پێشکەوتنخوازەکانی کورد

لەم بارەوە هەروەها کۆڕبەندییەکە بەشداری لە نزیک خستنەوەی گۆشەنیگای قوتابخانە جیاوازەکانی سۆسیالیزم کرد و دروشمی یەکێتیی هێزە شۆڕشگێڕەکان و زەرورەتی خەباتی هاوبەش دژ بە کۆڵۆنیالیزمی کۆن و نوێ و دژی پیلانگێڕی کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم کە سەرەداوەکانیان ئاشکرا و دیاربوون، بەرزکردەوە. کۆڕبەندی داهاتوو لەدیمەشق دەبەسترێ.

چەند ڕایەک لەسەر مەسەلەی کورد

بەرایی

ڕۆژنامەی ئەلسەورە (الثورة) لە ژمارەی٤٠٠ ی کە لە ١٧/ کانوونی یەکەمی/ ١٩٦٩ دەرچووە، سەر وتارێکی بە پێنووسی دەستەی نووسەران بلاو کردۆتەوە و لە ژمارەی ٤٠٢ی ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٢١ بە دوا داچوونێکی بە پێنووسی بەڕێز حەمید عوسمان بلاوکردۆتەوە، پاشان وتارە بنەڕەتیەکەی خۆی جارێکی تر لە ١٩٦٩/١٢/٢٢ بلاوکردۆتەوە، هەرەها (هەندێ سەرنج دەربارەی وتاری چۆن پرسی کورد چارەسەر دەکرێت) بە پێنووسی بەڕێز سالح حەیدەری بلاوکردەوە.

وتارەکە بە ڕوحیەتێکی ئەرێنیانە و نەفەسێکی پێشکەوتنخوازانە ئاماژەی بە چەند بابەتی گرنگ کردووە، کە پەیوەستن بە گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. بەلام ڕێزدار حەمید عوسمان لە بە دواداچوونەکەیدا زانیاری درشتی لە مەڕ پەیوەندی پارتیمان بە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی (الجبهة الوطنية) یەوە خستۆتەڕوو و ڕاڤەیەکی چەوتی دەربارەی نزیک بوونەوەی نێوان پارتی و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کردووە، ئەمەش تۆمەتێکی ئاشکرایە دژ بە پارتیمان سەبارەت بەو بەناو (داخوازییە مەحالەکان) کە ئەلسەورە لە ساڵی ١٩٦٣ سەرکردایەتی بارزانی پێ تۆمەتبار کردبوو بە پێشکەشکردنی. ڕێزدار حەمید عوسمان دەیەوێ لەم بارەوە بمانکاتە هاوبەش لەگەڵ بارزانی.

بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەمیشە (مەشخەڵی تێکۆشانی گەلان) بووە پێویستە ئەو ڕاستییە ڕوونبکاتەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی خۆی لە سەر ئەو مەسەلە گرنگانەی کە وروژێنراون، بەو هیوایەی لە مەسەلەی کورد بگەن و هەندێک لایەنی سیاسەتی بزووتنەوەی کورد بە باڵە پێشکەوتنخواز و خێڵەکی و گوماناویەکانییەوە

ڕوون ببێتەوە. لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی نـور (النور[٥٨] تاوتوێی ژمارەیەک بابەت دەکەین[٥٩] بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر ئەو ڕاستییانەی، کە ئێمە بە گرنگیان دەزانیین و لێیان نادیارە یان شارراوەیە.

سەرەتا بە هەڵسەنگاندنی لایەنە ئەرێنییەکانی وتاری ڕۆژنامەی ئەلسەورە دەست پێدەکەین دواتر بە وتارێک لەسەر پەیوەندی نێوان پارتی و حزبی بەعس و ئینجا بەدواداچوون بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان دەکەین سەبارەت بەوپرسە گرنگانەی ورورژێنراون، وەک بەشداریيەک بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دیموکراسییانەی کێشەی کورد.

پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی

---

٥٨ – ڕۆژنامەی ئەلنوور: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەبوو لە بەغدا یەکەمین ژمارەی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨دەرچووە، بەردەوام بووە تا ٢٩ی مارتی ١٩٧٠ تێکڕا بەسەر یەکەوە ٤٣٢ ژمارەی لێدەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی٢٦ / ٩ / ١٩٦٨مۆڵەتی دەرچواندنی وەرگرتووە بە ناوی (پارێزەر عومەر مستەفا و پارێزەر کەمال محیەدین و حیلمی عەلی شەریف وخالید دلێر و محەمەد حەسەن برزۆ) لەسەر داوای لایەنی کوردی لە بەیانی (١١) ی ئازار، لە ڕۆژی ٢٩ / ٣ / ١٩٦٩، ڕۆژنامەی نور بە بڕیاری حکومەتی بەعس داخرا. بڕوانە ستار محەمەد ئەمین، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن لەزاری کەمال محیەدین، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی . ن . ک) زنجیرەی ٨ ،٢٠٢٢ ،ل ١٤٦ . (ئامادەکار).

٥٩ – بڕوانە ژمارەکانی: ٣٦٣–٣٦٤–٣٦٥–٣٦٦–٣٦٧ ڕۆژنامەی نور لە٢٦ / کانوونی یەکەم تا٣٠ / کانوونی یەکەم /١٩٦٩. (ئامادەکار).

ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن پارتییەوە
سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد

وتاری ڕۆژنامەی ئەلسەورە جەخت کردنەوەی زۆرێک لە ڕاستی لە خۆ گرتبوو، بە جۆرێک کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لێی بێئاگا بووە. بە پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەی، کۆلۆنیالیزم و پاشایەتی (مەلەکیەت) و ڕاستڕەوەکان دەیدەنە پاڵ مەسەلەی کوردەوە، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە وتارەکەیان بەم ڕستەیەی خوارەوە دەست پێدەکەن:

(مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی نەتەوەییە. لە بەرئەوەی مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نەتەوەییە، بۆیە دیاردەیەکی سروشتییە و لەگەڵ ڕوحی سەردەم و بزووتنەوەکەی دەگونجێت و جەوهەرێکی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی هەیە). وتارەکە جەخت لەوە دەکاتەوە: **(گەلی کورد گەلێکی دابەشکراوە و لەتەک چەند گەلێک دەژین، کە بریتین لە عەرەب و فارس و تورک. لەم گۆشەیەوە بەدەست گرفتی پەرتەوازەیی دەناڵێنن، ئەمەش گرفتێکە، هەروەک نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی تری وەک گەلی ئێتنام و گەلی کۆریا بەم دەردەوە دەناڵێنن)**.

ئەم پاڵپشتییە زانستییە لە لایەن حزبێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی پێشکەوتنخواز، کە دەسەلاّت لە ولاّتدا بەڕێوە دەبات گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەمە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی گرنگی ئەرێنییە بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد، بخاتە سەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی چارەسەری پێشکەوتنخوازانە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی باوەڕمان وایە کە بابەتی ڕوو بە ڕووبوونەوەی - گرفتی پەرتەوازەیی - (سەرەڕای مەترسییەکەی) کێشەکە لەلایەن نەتەوەی کورد وەک هاوشێوە عەرەبییەکەی نییە.

هەرچەندە مەسەلەی یەکڕیزی عەرەبی چەندین ساڵە لە سەرمێزی گفتوگۆیە بەلاّم هێشتا مەسەلەی کورد لە ڕووی مێژوویی و بابەتییەوە دوورە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەم جۆرەکێشانە، ئەمەش بەهۆی هەل و مەرجی ئێستای ڕۆژهەلاّت و بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتنی خودی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بارو دۆخی تایبەتی کوردستان و

ڕۆژهەڵات.

گرنگی دووپاتکردنەوەی ئەوڕاستییانەی لە ئەلسەوڕە باسکراوە، ئەوە تێدەپەڕێنێ کە پێشتر ڕوونکراوە بۆ گەیشتن بە بەشداری لە دروستکردنی بیروڕایەکی یەکگرتووی پێشکەوتنخوازانەی بەعس سەبارەت بە مەسەلەی کورد و مافەکانی گەلی کورد، بەم شێوەیەش کەش و هەوایەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ناوەندە نەتەوەییەکەی عەرەبدا دەخوڵقێنێت. هەروەک گرنگی پەروەردەکردنی ئەو جەماوەرەی لە دەوری بەعس بە تایبەت و جەماوەری نەتەوەیی عەرەب بەگشتی کۆبوونەتەوە بە بیروڕای پێشکەوتنخواز و هەڵسەنگاندنەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد ناشارێتەوە. چونکە ئەم بیروڕایانە دەبن بە هێزێکی مادیی دوای ئەوەی دەچنە ناو جەماوەرەوە. بۆیە **ڕۆژنامەی ئەلسەوڕە بە کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگەی کورد کە تا ئێستاش چاوەڕێی چارەسەرێکی سۆسیالستیانەی زانستییە، شایانی سوپاس و پێزانینی سەرجەم پێشکەوتنخوازانی کورد و عەرەبە تەنانەت ئەگەر ناکۆکیش بین لەگەڵ بەشێک لەناوەرۆکی وتارەکەدا. یان بە گشتی شێوازی چارەسەرکردنەکەی بۆ مەسەلەی کورد، کە پێویستی بە چارەسەرێکی دیاریکراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو هەیە، کە گشتاندنی بە شێوەیەکی ڕەها هیچ سوودێکی پێناگەینی لەکاتێکدا مەسەلە کڵپە سەندووەکە پێویستی بە چارەسەرێکی زانستیانە و پێشکەوتنخوازانەی ڕاشکاوانە هەیە کە ببێتە هۆی حەقیقەت و کەرستەی ئامادە بۆ جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنی خێرای زانستیانە.**

ڕەوتی مێژوویی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی کورد، بریتییە لەخەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانە لە دژی ئیمپریالیستەکان و چینی دەرەبەگ و سەرمایەدارانی کۆمپرادۆر و دەستە بە کرێگیراوەکانی (بوکەڵەکانی) ئیمپریالیزم، کە دوژمنی سەرسەختی کوردن لەو ولاتانەی گەلی کورد تێیاندا دەژیت. ئەو خەباتەی بۆ ســەرکەوتنی پێویست بە هاوخەباتی لەگەڵ جەماوەری گەلێری عەرەبی و فارسی و تورکی و هیتر دەکا. ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە خستنە ڕووی زانستی و دروستی مەسەلەی کورد ئەوەیە کە (**مەسەلەیەکی نەتەوەیی و دیاردەیەکی سروشتی و گونجاوە لەگەڵ ڕوحی سەردەم و بزاوتەکەشی خاوەن کرۆک (جەوهەر)ێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازانەیە).** بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد جەوهەری ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی خۆی و ڕێگای سەرکەوتنی لە دەست نەدات **دەبێ بزووتنەوە نەتەوەییەکەی بە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بخاتەڕوو،**

کە دژ بە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کۆمپرادۆرە، لە قۆناغی ڕزگاریخوازی دیموکراسییانەی نیشتمانییدا، کە نەتەوەی کورد و ئەو نەتەوانەی لەگەڵیان دەژیت لەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا پیایدا تێدەپەڕن و لە چوارچێوەی یەکگرتن و برایەتی عەرەب و کورد لە عێراقدا نیشان بدرێت.

لێرەدا مەسەلەی جیاوازی زانستیانەی ورد لە نێوان دۆست و دوژمن وەک دیارترین و مکوڕترین مەسەلە دەردەکەوێت، کە چارەنووسی خودی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەندە بە چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی گونجاو و ڕاستگۆیانەیەوە. دوژمنەکان جگە لە ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی و چینە دەرەبەگەکان و کۆمپرادۆرانی فەرمانڕەوایی بەسەر گەلانی خۆیان و گەلی کورد پێکەوە دەکەن، کەسیترنین. بۆ نموونە گەلی عەرەب جگە لە برا و هاوپەیمان و هاوکاری خەباتی نەتەوەی کورد هیچیتر نییە. هەر کەسێک گەلی عەرەب لە ڕیزی دوژمنانی گەلی کورد بژمێرێ، نەک هەر تەنیا هەڵەیەکی گەورە دەکات بەڵکو دەرهەق بە خودی گەلی کوردیش تاوان دەکا لەبەر ئەوەی دوژمنە سەرسەختەکانی لێ ون دەکا و تێکۆشانەکەی بە لاڕێدا دەبا و پەیوەندیەکانی لەگەڵ هاوپەیمان و هاوڕێیانی تێکدەدات.

جگە لەمەش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی عەرەب تەنیا بە هاوپەیمان و هاوخەباتی درێژخایەن لە دژی دوژمنانی هاوبەشی هەردوو نەتەوەی برا، عەرەب و کورد دەبینێ بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو ئەو سەرکەوتنانەی پێشکەوتنخوازانی نەتەوەی عەرەب بە دەستی دێنێ لە خەباتییدا دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بە سەرکەوتن بۆ نەتەوەی کوردیشی دادەنێ، هەروەک چۆن هەموو سەرکەوتنێک کە نەتەوەی کوردی پێشکەوتنخواز بەدیدەهێنێ سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەبیش. بۆیە ئەلسەوڕە کڕۆکی ئەو ڕاستییەی پێکاوە کاتێ دەڵێت: (خستنە ڕووی دروست و پێشکەوتنخوازانەی مەسەلەی کوردە کە یەکێتیی هاوخەباتی هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە تێکۆشانیان بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی کەسایەتی نەتەوەیی و لە پێناو ڕزگاربوون لە هەموو شێوەکانی هەژموونی داگیرکاری و لە پێناو یەکێتیی نەتەوەیی بە دیدەهێنیت).

واچاکە لەم بارەوە ئاماژە بە وتەکانی سەرۆکی شکۆدار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، کە لە (ئەلسەوڕە)دا بڵاوکراوەتەوە بکەین، کە دەڵێ: (ولاتانی عەرەب و نیشتمانیی عەرەب

پێویستیان بە داگیرکردن و دەست بەسەرگرتنی یەک بستی خاکی کوردان نییە، نەتەوەی عەرەب برایەتی و هاوکاری خەبات کارانەی لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکانیان لە نەتەوەی کورد دەوێت).

لە ڕاستییدا بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب هەروەها توند و تۆڵکردنی هاوخەباتیان فەرمانێکی پیرۆز و ئەرکێکی نیشتمانیی گرنگی هەموو توخم و حزب و دەستە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کوردبووە و ئێستاش هەروایە، بۆیە هەمیشە لە لایەن هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان و شۆڤینیەکانی عەرەب و گۆشەگیرانی نەتەوەی کورد هێرشی کراوەتە سەر، هەر بۆیەش پێشکەوتنخوازانی کورد و عەرەب لە پێناویدا خەبات دەکەن.

پارتیمان تۆماڕێکی شەرەفمەندانەی هەیە، کە شانازی پیوە دەکەین لە مەیدانی تێکۆشان بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و زەمینە خۆشکردن بۆ خەباتی هاوبەش لە ناو ئەو هەڵمەت و تۆمەتە ناڕەوایانەی لە لایەن باڵی ئیمپریالیستی و گروپە بوکەڵە وابەستەکانی سەر بە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانانی، هەروەها گۆشەگیرانی نەتەوەیی خراونەتە سەرمان.

زیاتر لە سی ساڵ لەمەوبەر ڕێک لە ساڵی ١٩٣٧ کاتێک ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانمان بوو، نامیلکەی (کورد و عەرەب)ی بڵاوکردەوە تیایدا داوای لێکتێگەیشتنی عەرەب و کورد و برایەتی عەرەب و کوردی کرد و دروشمی خەباتی هاوبەشی عەرەب و کوردی هەڵگرتبوو وەک ڕێگایەکی سەرکەوتوو بۆ سەرکەوتنی هەر دوو نەتەوەی عەرەب و کوردی برا، هەر ئەوکات لە هەردوولایەنی حوکمڕانی کۆنەپەرستی عەرەب و گۆشەگیرانی کوردەوە هێرشی کرایە سەر.

ماموستای زانکۆی هالەی ئەڵمانیای دیموکراتی پرۆفیسۆر بوخارد برینتیس لە لێکۆڵینەوە بە بەهاکەیدا ((دەربارەی هەندێ گیروگرفتی مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمایی کورد)) کە لە گۆڤاری زانستی زانکۆی مارتن لۆسەر لە جووت ژمارەی ٩-١٠ی ساڵی سێزدەیەمی - ١٩٦٤ بڵاوکراوەتەوە. لەم بارەوە نووسیویەتی: **(لەژێر کاریگەری ململانێی سیاسیی و ڕۆشنبیری کۆمەڵی ئەلئەهالی - جماعة الاهالي - بازنەیەکی نیشتمانپەروەری هۆشیار لە ناو خوێندکارانی کورد لە بەغدا لە دەوری ئیبراهیم ئەحمەد، کە (دیاری لاوان)ی دەردەکرد دروست بوو، تێیدا ڕەوتێکی دژە فاشستی لە ناو بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا**

سەریهەڵدا، کە وتاری دژە فاشستی لە ڕۆژنامەکانی بریتانیا وەردەگرت و بڵاودەکردەوە. هاوکات گروپی دەوروبەری ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یەکەمجار بیرۆکەی خەباتی هاوبەش و یەکریزی نێوان عەرەب و کوردیان لە دژی کۆڵۆنیالیزم گرتەبەر و ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٧ کتێبی کورد و عەرەبی بڵاوکردەوە، کە تا ئێستاش بەرنامەی بزووتنەوەی کوردایەتییە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبدا. پرۆفیسۆر برینتیس دەڵێت: لایەنە ڕاستڕەوەکان، کە هاتنە دەسەڵات نووسەرەکەیان دەستگیرکرد بەڵام نەیانتوانی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکە بکەن لە سەرانسەری کوردستاندا . لەناو کوردەکاندا (ڕای جیاواز دەربارەی ناوەڕۆکەکەی سەریهەڵدا خانەدانەکانی هۆزەکان و بۆرژوازی شۆڤینی، یەکێتییە پێشنیارکراوەکەیان ڕەتکردەوە و بەرەنگاری ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی بوونەوە و تانەی ناپاکی لە پێناو عەرەبیان درایە پاڵ. بەم شێوەیە باڵێکی دیموکراسخواز لە پاڵ باڵی ڕاستڕەوی گۆشەگیردا پێکهات).

لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم بیر و بۆچوونە پێشکەوتنخوازانەیەی سەبارەت بە برایەتی عەرەب و کورد وەک بەردی بناغەی یەکێتیی نەتەوەییمان و خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد وەک ڕێگایەک بۆ سەرکەوتنی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی برا، هەڵگرتووە. پارتی بە فەرمی بەپێی پەیماننامەی نیشتمانیی و دەستوور و وتارە ڕاشکاوەکانی و پەروەردەکردنە ڕووناکبیرییەکانی دەستبەرداری جوداخوازی بووە و جەختی لەسەر یەکێتیی ئارەزوومەندانەی عەرەب و کورد کردۆتەوە.

ڕاستییەکی گرنگی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە، پارتی تەنانەت لەکاتی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا لە سەر بەشێک لە خاکی کوردستانی ئیران، لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا، زیاتری داوا نەکردووە. بەڵکو لە پڕۆگرامەکەی، تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەکۆڵۆنیالیزم و پەیماننامەکانی داگیرکاری و بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیی و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دیاریکردبوو. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەڵوێستی پارتەکە سەبارەت بە جوداخوازی هەڵوێستێکی پرنسیپییە نەک هەڵوێستی تاکتیکی و چەواشەکارانە.

پارتی دروشمی ناسراوی لە ناو بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواداداهێنا، کە بریتی بوو لە دروشمی (لەسەر تاشە بەردی یەکێتیی کورد و عەرەب، کۆڵۆنیالیزم و پیلانگێڕیەکانی تێک دەشکێندرێت). هەروەها بە کردەوەش خەباتی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی

کوردی ئاڕاستەی خەباتی هاوبەشکرد و لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا بەرەو یەکڕیزی شۆڕشگێڕانەی برد. پاش ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە توخمە ڕاستڕەو و گومانلێکراوەکان و ئەوانەی بازرگانییان پێوەدەکرد پاککردەوە شەڕێکی بێوچانی بەرپاکرد دژی ئەوانەی ڕووداوەکانیان بەرەو نزیک بوونەوە لەگەڵ ئەمریکا و ولاتانی دیکەی داگیرکەر دەبرد، هەروەها پارتی هەوڵی چڕیدا بۆ ڕیسواکردنی کۆڵۆنیالیزمی ئەمریکا و کاربەدەستەکانی و تێگەیاندنی گەلی کورد لەو ڕاستییەی، کە بەرەی ئیمپریالیستی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دوژمنی سەرەکی گەلی کوردە، بەرەی سۆسیالیست و دیموکراسیی دژ بە ئیمپریالیزم، هاوپەیمانێکی سرووشتی گەلی کوردە.

پارتی لە عێراق پەیوەندی ئاسایی و باشی لەگەڵ حزبە دیموکراس و پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبدا هەبووە سەرەڕای بوونی کەم و کوڕی دیار لە بەرنامەکانی ئەم حزبانە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و سەرباری ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی هەڵوێستی ڕاستڕەوانەبوو لەبەرامبەر مەسەلەی کورد و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دوای دووەم جەنگی جیهانیدا. پەیوەندییەکی دۆستایەتی بەهێز لە نێوان پارتیمان و حزبی (شەعب) بە سەرۆکایەتی مامۆستا عەزیز شەریف، هەبوو هەروەها پارتیمان پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ حزبی (ئیتحادی وەتەنی) بەسەرۆکایەتی مامۆستا عەبدولفەتاح ئیبراهیم، هەبوو و پارتیمان پەیوەندی دۆستانەی باشی لەگەڵ حزبی (وەتەنی دیموکراتی) بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا (چادرچی)یەوە هەبوو، کە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەلئەهالی والاکردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی وتار بۆ سەرکردەکانی پارتیمان لەسەر کێشە و داخوازییەکانی کورد. هەروەها پەیوەندی پارتیمان بە حزبی شیوعی بەرەو باشتربوون هەنگاوی نا تاگەییە ئاستی بەیەکەوە خەبات کردن لە (لێژنەی هەماهەنگی نیشتمانیی)، کە سەرکردایەتی ڕاپەڕینی (وثبة) شکۆداری کانوونی دووەمی ١٩٤٨ی کرد. بۆیە ئەلسەوڕە ڕاست دەکا کە نووسیویەتی خەباتی نیشتمانیپەروەران و پێشکەوتنخوازانی کورد بەر لە دامەزراندنی کۆماری ١٤ی تەممووز لە چوارچێوەی گشتی خەباتی نیشتمانیی عێراقدا بەڕێوەدەچوو.

پارتی و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی

پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە لەساڵی (١٩٤٦)دا لە هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییە لە نێوان کورد و عەرەب لە سەر بنەمای پرنسیپێکی پتەو و برایەتی ڕاستەقینە و خەباتی یەکگرتوو و بەرژەوەندی هاوبەش. بۆیە پارتی بەردەوام کۆششی کردووە بۆ بەرپاکردنی پەیوەندی بە هێز و هاوکاری لە نێوان خۆی و حزبە عەرەبیە پێشکەوتنخوازەکان لە عێراقدا. لە ڕاستییدا (بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی فۆرمی یەکێتییەکی پتەو و چەسپیووی بەدەست نەهێنا و دووبەرەکی و ناکۆکییەکانیش جەستەیان دادەڕزاند) وەک ڕۆژنامەی ئەلسەورە گوزارشتی لێکردووە، بەڵام هاوخەباتی و هاوکاری بابەتیانە لە ڕووی تێکۆشانی سەرجەم لایەنەکانی دژ بە دوژمنی هاوبەش هەمیشە هەبووە و بەرەو باشتر و باڵاتر لە گەشە دابووە.

پارتی پێگەیەکی تایبەتی هەبووە لە ناوحزبە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا ئەویش ئەوەیە، کە حزبێکی کوردی عێراقییە، سروشتی پێکهاتەی و توانای جووڵە و خواستی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بە تەنیایی لە عێراقدا- کە یەکەم نەتەوە تیایدا عەرەبە- یارمەتیدەر نییە. بۆیە دەبوایە بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو حزبە پێشکەوتنخوازانەی لە ڕووی فیکر و بەرنامەدا لێیەوە نزیکن و لە لایەنی پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە هاوشێوەی ئەون خەبات بکات، ئەگەر پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان و بوونی دوو تەوژمی ڕاستەقینە لە کوردستان کە بریتین لە: ١- تەوژمی شیوعییەت و ٢- تەوژمی شۆڕشگێڕی یان دیموکراسیی کوردی یان کوردستانی - بە بۆچوونی ڕێزدار سالح حەیدەری - و نزیک بوونەوەی پرنسیپیانە و سیاسیانە و لێکچوونی چینایەتی نێوان پارتی و شیوعی حەقیقەتێکە ئەگەر ئەم ڕاستیانە ڕۆلی خۆیان لە دروستکردنی پەیوەندییەکی حەتمی(ئەرێنی و نەرێنی) لە نێوان ئەو دوو حزبەدا بینیبێ، ئەمە ڕێگر نییە لەوەی پارتیمان لە ناو حزبە عێراقەکاندا، تەنانەت ئەگەر پەیوەندی نێوان پارتی و شیوعی لە باشترین دۆخیش دابێت، بە دوای هاوپەیمانی تردا بگەڕێت.

پەیوەندییەکانی نێوان حزبەکان بە مەبەستی تاکتیکی و بۆ مەبەستی دیاریکراو و ماوەیەکی کورت سەرهەڵنادەن یان لەناوناچن.

بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەش لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، هاوشێوە یان لێک نزیک، یەکگرتنی ناحەز و هاوپەیمان و ئەرکەکانی خەبات لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا، بناغەی پەیوەندییەکانی نێوان حزبەکان پێکدەهێنن. گومان لەوەدا نییە کە ئایدۆلۆژیای هاوبەش یان هاوشێوە و سیاسەت و هەڵوێستی لێک نزیک لە پەیوەندییەکانی نێوان حزبەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

پارتیمان بەو هەوڵانەی بۆ بنیاتنانی پەیوەندی تێکۆشان لەگەڵ حزبە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر بنەمای بابەتییانە دەناسرێتەوە، پەیوەندییە درێژخایەن و پڕ لە ناکۆکی و ڕێککەوتنەکانی نێوان پارتی و حزبی شیوعی باشترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی و ڕەوایی ئەمەی سەرەوە.

لەو کاتەوەی پارتی بە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ئاشنا بووە، پارتی هەوڵی داوە لەسەر بنەمای پرنسیپی ڕوون، بنەمای بەرژەوەندییەکانی جەماوەری هەردوو گەلی برا، کورد و عەرەب، بنەمای خەباتی چەکداری هاوبەشی شۆڕشگێڕانەی کورد و عەرەب، لە دژی دوژمنە هاوبەشەکان لە ئیمپریالیست و زایۆنییەکان و بەکرێگیراوان و کۆنەپەرستان، هاوپەیمانیەتی لەگەڵدا بکات. ئەمانە بنەماکانی ئەو پەیوەندییە هاوپەیمانییەن کە ئێستا لە نێوان ئەو دوو حزبەدا هەیە، کە هەردوولا ماوەیەکی زۆرە هەوڵی هێنانە ئارا و بەهێزکردنیان دەدەن زۆر پێش ئەو ماوەیەی بەڕێز حەمید عوسمان باسی کردووە، کە پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس ڕوون دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە دووقۆڵییەی لە پایزی ١٩٥٨دا لە نێوان پارتی و حزبی شیوعیدا بەسترا لە هەلومەرجێکی نایەکسان واژۆ کرا، بووە هۆی چەوساندنەوەی پارتی لە لایەن حزبی شیوعییەوە و وای لە پارتی کرد بەدوای هاوپەیمانێکی تردا بگەڕێت کە لە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییدا بەدیکرد. نیشانەکانی ئەم هاوپەیمانێتییە لەو سیمینارەدا دەرکەوت کە مێشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەد و کەسانی تر تیایدا ئامادەبوون بۆیە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەو ڕێکەوتەوە بیرۆکەیەکی پەسندی لە سەر بزاووتی کورد لا گەلاڵە بوو. بە تایبەتیش نەبوونی ڕێکخراویکی ڕکابەری بەعس لە هەرێمی کوردستان، یارمەتیدەر بوو بۆ هاندانی پارتی بۆ هاوپەیمانیەتی بەستن لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، ئەمە مانای ئەوەیە کە پارتی لە ژێر گوشارە (چەوسانەوە) کە حزبی شیوعی لەدژیدا بانگەشەی بۆ کردووە هاندراوە بەدوای هاوپەیمانێکدا بگەڕێ (لەوانەیە بە ڕێکەوتیش بووبێ) چاوی

کەوتۆتە سەر حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و کردویەتییە هاوپەیمانی خۆی. بەم شێوەیە حەمید عوسمان پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس وەک پەیوەندییەکی تاکتیکی سادە دەکاتەوە، کە لە ئەنجامی (زویر) بوونی پارتی لە حزبی شیوعی دروست بووە، کە ڕێککەوتنێکی لە سەر مەرجی نایەکسان سەپاند و بووە هۆی چەوساندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن حزبی شیوعییەوە.

ئەمە لێکدانەوەیەکی نوێیە بۆ پەیوەندی پارتی لەگەڵ بەعس، کە تەواو جیاوازە لەوەی بەڕێز حەمید عوسمان لە ساڵی ١٩٥٨ پێشکەشی کرد، وەک لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ڕوونی دەکەینەوە. بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟! ئایا ئەم لێکدانەوەیە بەسەر ئەو ڕووداوانەدا دەچەسپێت کە بەڕێز حەمید باسی کردووە، یاخودسەرەڕای زانینی باسی نەکردووە یان خۆی لەباسکردنییان بواردووە؟ وەڵامەکە، نەخێر ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو بە تەواوی و بە وردی پێچەوانەی ڕاستییەکانە و بۆ سەلماندنی ئەمەش با بگەڕێینەوە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕاستییەکان بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەین ئەمەی خوارەوە ببینین:

بەڕێز حەمید عوسمان ئەم ڕووداوانە تێکەڵ دەکات کە ئاماژەی پێدەکات و ڕیزیان دەکات – دوای پێشخستن و دواخستنی ڕووداوەکان بەئارەزووی خۆی – بە شێوەیەک کە لێکدانەوەکەی گونجاو بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێزکردنی ڕووداوەکان پێچەوانەی ڕاستییەکانە بۆیە هەموو ئەوشتانەی لەسەر هەڵە بنیاتیان دەنێت هەڵە و پووچەل دەردەچێت.

ئەم ڕێککەوتنە دووقۆڵییەی بەنایەکسانی دەزانێ، یەکسان بوو بە کۆدەنگی سەرکردایەتی پارتیش پەسندکرا (کە بەڕێز حەمید لەو کاتەدا ئەندام بووتیایدا، کە لە سەر مەسەلەکانی تر ڕای جیاوازی هەبوو) کە سەربەخۆیی فکری و ڕێکخراوەیی هەردوو حزبی مسۆگەر دەکرد و ئامانجە هاوبەشەکانیانی بۆ دیاری دەکرد نەبووە هۆی چەوساندنەوەی پارتی، بەڵکو ئەوەی بووە هۆی چەوساندنەوەی پارتی ئەو هەڵوێستە پراکتییانەبوو کە دوای ڕێککەوتنەکە پەیڕەوکرا، کە بەڕێز حەیدەری بە وریایی و میهرەبانی زۆرەوە ئاماژەی بە هەندێکیان کردووە و دەڵێ: ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە کوردستان لە ڕاستییدا سیاسەتی تاک حزبی لە پراکتیکدا پەیڕەو دەکەن و بوونی پارتیان پشتگوێ خستووە. ڕێککەوتنەکە لە تشرینی دووەمی ١٩٥٨ مۆرکرا و هێشتا پارتی بە دەست حزبی شیوعییەوە نەچەوسابووەوە. لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس، کە بەڕێز حەمید ئاماژەی

پێدەکات چەند مانگێک پێش بەستنی ڕێکەوتنەکە بوو تەنانەت ئەگەر پشت بەو ڕووداوە ببەستین کە باسی دەکات. واتە (سیمیناری مامۆستایان میشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانیتر) کە لە سەرەتای ئابی ١٩٥٨ بەسترا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هاوپەیمانیەتی نێوان پارتی و بەعس بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی بە بەستنی ڕێککەوتنی دووقۆڵی و ئەومەرجە نایەکسانەی لێیەوە هاتە بەرهەم و بانگەشەی چەوساندنەوەی پارتی لە لایەن حزبی شیوعیەوە، نییە.

ئەگەر بمانەوێت باسی چەوساندنەوە بکەین، کە پارتی بە هۆی پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەعسدا چەشتوویە، ئەوە ئەو چەوساندنەوە فکری و دەروونییە ترسناکەیە کە زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دووچاری بوون، بە تایبەتی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی، کە لە ژێر فشاری مەلا مستەفا و کوتلەی سەرکردایەتی چوار کەسی کە بەڕەهایی پشتیگیریان لێکرد، کە ئەو کاتە بەڕێز حەمیدیشی لەخۆ دەگرت، ناچارکران دەستبەرداری بەر پرسیارێتیەکانیان بن، ئەمەش لەبەر تۆمەتبارکرانیان بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەعس و بە یەکەوە پیلانگێڕانیان لە دژی کۆمار و ڕێبەری تاقانە و دیموکراسییەت..تاد لەو قەوانە سواوەی ئەوکاتە لێدەدرا و باوبوو! ئەم لێکدانەوە کۆنەی پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس لەوکاتەدا لەلایەن ڕێزدار حەمید و هەندێ لە هەڤاڵانی دیکەی، کە کوتلەی لایەنگری بارزانییان پێکهێنابوو و لە لایەن بارزانییەوە پشتیوانی دەکران، کە چەند مانگێک بە سەر حزبدا سەپێنران و لەو ماوەیەدا پەیوەندی لەگەڵ بەعس بە تاوان دادەنرا و سیمینار لەگەڵ مامۆستا میشێل (هەڵەی گەورە) و (هەڵخلیسکان بوو بەرەو ناپاکی) وەک لە دژی هەڤاڵ ئیبراهیم دەگوترا. کەواتە گێڕانەوەکانی ڕێزدار حەمید بۆ ڕووداوەکان و وابەستەبوونیان و پەیوەندی نێوان پارتی و بەعسیش شێواوە و هەڵە و مەبەستدارە چونکە ڕێزدار حەمید کە لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵدەداتەوە لە تاریکی گوشەی فەرامۆشکراودا دەگەڕێت و فانۆسێکی جادوویی هەڵدەگرێت بەڵکو ڕووداو یان بەسەرهاتێک بدۆزێتەوە کە تۆمەتێکی لێدروست بکات بە پارتی بلکێنی یان بە کەڵکی ئەوەبێت بیکات بە کۆسپ لەبەردەم پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی پارتی و بەعس. (وەک خزمەتێک بەو ڕووداوانەی تێپەڕیوون) ناکرێ یادەوەری خیانەتی لێکردبێ لە گێڕانەوەی ڕاستییەکان وەک ئەوەی ڕوویانداوە بە تایبەتی کە ناکۆکییەکی توند ڕیزەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی گرتبۆوە کە خۆی تیایدا

ئەندام بوو، نزیکەی ساڵێک درێژەی کێشا و بە دەرکردنی ڕێزدار حمید و هەڤاڵانی لە پارتی لە دوا دواییەکانی ١٩٥٩ کۆتایی پێهات.

دوو ئاراستەی سەرەکی لە کۆمیتەی ناوەندی پارتییدا بەرامبەر مەسەلە گرنگەکان زەق بوونەوە لە سەرویانەوە پەیوەندی لەگەڵ بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و نەتەوەخوازەکانی تری عەرەب و هەڵوێستی کورد (پارتی) لەیەکێتیی عەرەب و یەکگرتنی فیدراڵی و پەیوەندی لە نێوان پارتی و حزبی شیوعی عێراقدا.

لەم وتارەدا باسی ئەم لایەنانەی ناکۆکیمان دەکەین کە پەیوەندییان بە بابەتی وتارەکەمان هەیە واتە پەیوەندی پارتی بە بەعس لە دوو ئاڕاستەدا:

یەکەم- ئاڕاستەی زۆرینە لە کۆمیتەی ناوەندی بە ڕابەرایەتی هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی، کەسێیەکی کۆمیتەی ناوەندی بوون.

دووەم- ئاڕاستەی بارزانی و ئەو کوتلە چوارکەسییەی پشتیوانیان لێکرد و بارزانیش بە ڕەهایی پشتی گرتن کە بەڕێز (حەمید عوسمان) یشیان لەگەڵ بوو.

لە ڕاستیدا ناکۆکیەکە بەر لە گەڕانەوەی بارزانی سەری هەڵدابوو لە سەر ئەوەی کوتلەی چوارقۆڵی بە سیاسەتی (گوێڕایەڵی بۆ بەعس و نەتەوەی عەرەب) و دوورکەوتنەوە لە بەرەی دیموکراسی دەستی پێکرد، کە مەکتەبی سیاسی بە ڕێبەرایەتی هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد پەیڕەوی دەکرد. مەکتەبی سیاسی پارتی بەدوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندیدا بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی عەرەبی لەو کاتەدا، کە دۆخێکی یەکڕیزی لە نێوان میسر و سوریادا دروستکرد وەک هێزێکی نەتەوەیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانییەکان و کۆنەپەرستان، کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا دەرکەوت. ئەم هەوڵە بە دووساڵ پێش شۆڕشی ١٤ی تەممووز بوو. پاش دەستدرێژییە سێقۆڵییە خیانەت کارانەکەی بۆ سەر میسر، دوو سەرکردەی پارتی کە بریتیی بوون لە هەڤاڵان ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا لە زیندان لەگەڵ چەند لایەنێکی سەرکردایەتی حزبی ئیستقلال کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو باشتر چوون، دواتر پارتی لە ڕێگەی سەدیق شەنشلەوە (یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی ئیستقلال کە بەڕێز حەمید بەبێ پاساو بە بەرپرسیاری دادەنێ لە دژایەتیکردنی هاتنی پارتی بۆ ناو بەرە) هەوڵیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەخوازی عەرەبی لە میسر و سوریا دروست بکات.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٧ لە ڕێگەی بەڕێز (سەدیق)ەوە، وەفدێکی پارتی، کە پێک هاتبوو

لە هەڤاڵان عەبدولڕەحمان زەبیحی و جەلال تاڵەبانی و کەمال فوئاد توانی سەردانی بەڕێز مێشێل عەفلەق و مامۆستا حۆرانی بکات لە سوریا و بڕیار بوو وەفدێک بنێردرێتە قاهیرە بۆ بینینی سەرۆک عەبدولناسڕ. کەواتە ڕۆژمێژووی یەکتر بینینی پارتی و بەعس لەسەر ئاستی سەرکردایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٧ لە کاتێکدا ئەو پەیوەندییە لەسەر ئاستی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٥٣ وە هەبووە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەڕێز حەمید عوسمان لە گەڕان بە دوای پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس لە ڕاستییەکان دوور دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ بەعس لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی شکۆدار، لە سەرەتای شۆڕشەوە دەستی پێکردووە کاتێک وەفدی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا ئامادەبوو بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕش و دەربڕینی پشتگیری گەلی کورد و پشتیوانییان بۆ شۆڕش، هەروەها لە هەوڵدابوون بۆ دانانی ماددەیەک لە دەستووری کاتی (پێش ڕاگەیاندنی) کە ئۆتۆنۆمی لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی عێراقدا بگرێتەوە. پەیوەندییەکە بە سەردانی وەزیری بەعس و سیمیناری تەلەفزیۆنی کە بەڕێزشەنشەل ئامادەی کردبوو و بەڕێزان مێشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەد و ئیدیکە ئامادەی بوون، دەستیپێکرد. دواتر دیدارە حزبییەکان بەڕێوەچوون بە ناوبانگترینیان سەردانی وەفدێکی پارتی بوو، کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان ئیبراهیم ئەحمەد و حیلمی شەریف و جەلال تاڵەبانی و ئیدیکە بۆ بارەگای ڕۆژنامەی ئەلجمهوریيە لەوێ لەگەڵ گەنجان و سەرکردەکانی بەعس کۆبوونەوەیەکی دۆستانەی گەرم و گوڕ بەڕێوەچوو، کە گۆڕا بۆ شتێک وەک نمایشی دۆستایەتی پارتی و بەعس، ماوەیەکی زۆر لەلایەن ئەلجمهوریە و ئەدەبیاتی بەعسیەوە ستایش کرا و لە لایەن کوتلە ئۆپۆزیسۆنەکانی ناو پارتی لە سەرویانەوە بەڕێز حەمید عوسمان وەک بەڵگەیەک بۆ پیلانگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ بەعس و هۆکارێک بۆ داواکردنی دەست لە کارکێشانەوەی هەڤاڵ ئیبراهیم لە سکرتاریەت و سڕکردنی هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو بەکاریان هێنا.

لە ڕاستیدا مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو لەسەر پەسندکردنی پیلان، چجای ئەوەی بچێ بەشداری تێدا بکات. دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێین، کە بەعس جگە لە پێشنیازی بەهێزکردنی هاوپەیمانیەتی نێوانیان و زیادکردنی لێکتێگەیشتنی عەرەب و کورد و پەسندکردنی چوونە ناو بەرەی یەکێتیی نیشتمانییەوە، چیتری نەخستە بەردەم پارتیەوە. بەڵام ئەو

ئاڕاستە و بۆچوونەی مەکتەبی سیاسی گرتبوویە بەر، بریتی بوولە داواکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ بەعس وەک ڕێگەیەک بۆ بەهێزکردنی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی بۆ گەشەپێدانی تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان نەتەوەی عەرەب و کورد و بەدیهێنانی یەکڕیزی خەباتی کورد و عەرەب لە دژی ئیمپریالزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی. سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ بەستنی پەیماننامەی هاوکاری لەگەڵ حزبی شیوعی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی نیشتمانیی دیموکراسی و چوونە ناو بەرەی یەکێتیی نیشتمانییەوە. ئامانجی ڕاستەقینەی هەوڵەکانی پارتی بۆ نزیک بوونەوە لە حزبی شیوعی عێراقی و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و حزبی نیشتمانیی دیموکراسیی و سەرجەم حزبە پێشکەوتنخوازە عێراقییەکانی تر، بۆ بەدیهێنانی هاوخەباتی بوو لە نێوان هەردوو گەلی برادا، لە ڕێگەی بەرەی یەکگرتووی حزبە پێشکەوتنخواز و دیموکراسییەکانەوە. ڕەوتی دووەم دەرکەوت و دواتر زاڵبوو (بە ناشەرعیانە لە ڕووی حزبییەوە) دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی کە لەیەکەم چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم ڕایگەیاند (خۆی سەربازێکی گوێڕایەڵ و خزمەتکارێکی دڵسۆزی سەرکردەی تاقانەیە) کاتێ قاسم لەگەڵی بەتەنیا بوو پێی ڕاگەیاند کە ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ عەبدولسەلام و حزبی بەعس پیلانی گێڕاوە بۆ ئەوەی عێراق بخاتە ناو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە بەرامبەر ئەوەی کوردستانی عێراق بکاتە هەرێمێکی یەکگرتوو و داوای لێکرد ئاگاداربیت لە ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی.

کاتێک بەرەی دژایەتی سیاسەتی هاوپەیمانی لەگەڵ بەعس و نەتەوەخوازانی عەرەبی ئەم بۆچوونەیان لە بارزانی بینی و بەهۆی نەبوونی پشتیوانی لە ڕێکخراو و بنکە حزبییەکانەوە لە دەوری بارزانی کۆبوونەوە و هانییان دا لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە حزب پێشکەش بکات و نەیکێشێتەوە تا ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتێری و تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسی دەست لەکار دەکێشنەوە، چونکە (سەرکردە عەبدولکەریم قاسم لێیان ڕازی نییە) و پشتگیری بەعس دەکەن. لیستی ئەو تۆمەتانەی خرابوونە سەر تاوانەکانی مەکتەبی سیاسی ڕێکخستنی کۆبونەوەیەک بوو لە نێوان بارزانی و عەبدولناسڕ لە ڕۆژی دوای گەڕانەوەی لە ڕۆگ لە ساڵی ١٩٥٨، کە هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد و بەڕێزان میرحاج ئەحمەد و نووری ئەحمەد تەها و عوبیدوڵڵای کوڕی مەلا مستەفا و خوالێخۆشبوو سادق بارزانی لەگەڵی دابوون.

بارزانی و کوتلە لایەنگرەکەی دژایەتی خۆیان بۆ ئەو پەیوەندییە لەگەڵ بەعس دووپات

کردووتەوە (لە هاوپەیمانێتیەکە گەڕێ) لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ پشتیوانییەکی ڕەهایان لە سیاسەتی قاسم کرد دژ بە نەتەوەخوازانی عەرەب و لە ململانێکردنی بەعس و ڕەگەزە نەتەوەییەکان و پاشکۆیەتی بۆ حزبی شیوعی. بەڵام بارزانی کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان قاسم و شیوعیەکان پاشگەزبووەوە، ئیترسەربازەکە لەتەک سەرکردەکەی وەستا دژ بە شیوعییە هاوپەیمانەکانی تەنانەت کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی هاوکاری لەگەڵیدا بکات بۆ دروستکردنی حزبێکی شیوعی لە فۆرمی گشتیدا، یەکەم بۆ ڕێگریکردن لە حزبە ڕاستەقینەکە لە وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی فەرمی لە ناو جەماوەردا و دووەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی و لاوازکردنی، بەم بیانووە.

بەمشێوەیە دەبینین ڕەوتی سەرکردایەتی پارتی ئامانجی دژایەتی کردنی بەعس و نەتەوەخوازی عەرەبی نەبووە سەرەڕای دژایەتیکردنی هێڵی خەباتی بەعسی دژ بە سەردەمی قاسم لەوکاتەدا و سەرەڕای جیاوازی لە سەر مەسەلەی کورد لە گەڵ بەرەی نیشتمانیی عەرەبی لە عێراقدا. بەڵام بارزانی و شۆێنکەوتووانی لە دژایەتیکردنی بەعس و بزووتنەوەی نەتەوەخوازی عەرەبی پشتگیری قاسم دەکەن.

هۆکاری سەرەکی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لە لایەن سەرکردایەتی پارتییەوە پەرۆشی بۆ پاراستنی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و زیادکردنی لێکتێگەیشتن و برایەتیی نێوانیان بوو.

هەر بە ڕاستیش دوای کۆنگرەی چوارەمی حزب و سەرکەوتنی ئەم ڕەوتە بە سەر کوتلەی ساغکەرەوەی حزب و تێکشکاندنی کوتلەکە بە دەرکردنیان لە حزب. مەکتەبی سیاسی دوای کۆنگرەی ئاشکرای، دەستیکرد بە گێڕانەوەی سەربەخۆیی حزبەکە، داوای ئازادی و دیموکراسی، کۆتایی هێنان بە قۆناغی گواستنەوە، ڕەخنەکردنی چەوسانەوە و سیاسەتە هەڵەکانی سەردەمی قاسم، کە بووە مایەی ڕووبەڕووکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات و سەرۆکی نووسینی هـەڤاڵ ئیبراهم ئەحمەد بە دادگای عورفی دواتر دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن و ڕاگرتنی چەندین سەرکردەی پارتی لە گرتووخانەکان و داخستنی لقەکانیان وەک لە وتاری تردا دەیخەینە ڕوو. لە ساڵی ١٩٦٠ەوە مەکتەبی سیاسی هەوڵی دروستکردنەوەی پەیوەندی داوە لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. لە ساڵی١٩٦٢سەرەڕای هەڵوێستی بەعس لە سەر شۆڕشی کورد کۆبوونەوە لە نێوان بەعس و پارتی ئەنجامدرا، کە بووە هۆی نیمچە ڕێککەوتن لە سەر مەسەلەی کورد. ڕێککەوتنامەکە نزیک بوو بە فەرمی ئیمزا

بکرێت، بەڵام ڕووخانی حوکمی قاسم لە ڕەمەزانی ١٩٦٣ ڕێگری لە هاتنەدی ئەمە کرد. سەبارەت بە هەڵوێستمان لە مەڕ ئەو داواکارییە مەحاڵانەی بەڕێز حەمید عوسمان ئێمە بە بەرپرسیارێتی سەرەکی تۆمەتبار دەکات، لە وتارێکی تردا باسی دەکەین.

لە ساڵی ١٩٦٦ لە گەرمەی هەڵمەتە بەرفراوانەکانی دژ بە بەعس، لەوکاتەی بەعس بەدەست چەوساندنەوەی حکومەت و بێبەشکرانی لە دیدار لەگەڵ حزبە پێشکەوتنخوازەکانی تر دەینااڵند و کۆششیان بۆ گۆشەگیرکردنی دەکرد، پارتیمان پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی نوێکردەوە. لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حزب پەرەی سەندووە و بەردەوامیش باش بووە و پەرۆشی پارتیمان بۆ ئەم پەیوەندییە وەک پەیوەندی تێکۆشانە لەنێوان دوو حزبی پێشکەوتنخواز و هەوڵی پەرەپێدانی دەدات بۆ ئەوەی باشترین شێوە وەربگرێت لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حزب، هەروەها لە سەر ئاستی بەرەی یەکگرتووی حزبە پێشکەوتنخوازەکان بەو باوەڕەی پارتەکەمان، کە بەرەی پێشکەوتنخواز پێویستییەکی مێژوویی بۆ ڕابەرایەتیکردنی خەباتی گەلی عێراقمان بەهەردوو گەلی کورد و عەرەب و سەرخستنی شۆڕشی دیموکراسیی نیشتمانیی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە تایبەتی، کە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ناکرێت عێراق لە الیەن یەک حزبەوە بەڕێوە ببرێت وەک ئەوەی ڕێزدار سەرۆک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە وتارەکانیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، بەڵکو پێویستە بەرەیەکی یەکگرتووی حزبە پێشکەوتنخوازەکان سەرهەڵبدات کە حوکمی هاوپەیمانێتییەکی پێشکەوتنخوازانەی وەک دوو مەرجی گرنگ لێدەردەکەوێت بۆ پووچەڵکردنەوەی پیالنگێڕی دژە شۆڕش و پیالنگێڕییەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم و سەنتۆ و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی شکۆمەند و بە دوایدا ڕاپەڕینی ٣٠ تەممووز بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کە دەسکەوتی گرنگی خستەسەر لە بواری وەبەرهێنانی نەوت و گۆگرد و چاکسازی کشتوکاڵی، پەرەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی نیشتمانییانەی دژە ئیمپریالیست، دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، پشتیوانی لە کردەوەی پارتیزانی و بەدیهێنانی زۆرێک لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد. بۆیە ئەوەی دەیەوێ هەڵە نەکات لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان پارتی و بەعس دەبێت لەو بنەما و ڕوانگانە تێبگات و مێژووی ئەم پەیوەندییە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە هەیە فەرامۆش نەکات.

پارتی و بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی

پارتی پاش متوربەکرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخواز و سۆسیالستیانە و لە ئەنجامی پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەلێری و وەک وەلامێکی لۆژیکیانە بۆ پێداویستییەکانی گەشەپێدان و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی لە سەر ڕێگای سەرکەوتن بە سەر دوژمنە دڕندەکانی گەلی کورد لە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کۆمپرادۆری، هاتە کایەوە.

دەرکەوتنی پارتی دوای سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسیی بەسەر فاشیزم و نازیزم و بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخواز و مارکسیزم لینینیزم لە سەرئاستی نێودەوڵەتی بوو. سەرکەوتنەکانی سوپای سووری پاڵەوان و ئازادکردنی بەشێک لە کوردستانی ئێران لە لایەن یەکەکانیانەوە و دامەزراندنی کۆماری دیموکراسیی کوردستان تێیدا، کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر گەشەکردنی ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخواز لە نێو گەلی کورددا، کە لەلایەن ئیمپریالیستەکانی بریتانیا و ئەمریکاوە تاڵی کۆڵۆنیالیزم و پەرتەوازەیی نەتەوەیی و بێبەشکردنی لە هەموومافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکان دەرخوارد درابوو.

سروشتی بوو کە ئەم ڕووداوە گەورانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر لە دایک بوونی پارتی هەبێت، لە سەرەتای لەدایک بوونیشیەوە، وەک حزبێکی جەماوەری شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز دروشمی برایەتی عەرەب و کوردی گرتەبەر و هاوخەباتی کورد و عەرەبی وەک ڕێبازێکی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی خۆی دژ بە ئیمپریالیزم و دەستەی فەرمانڕەوایی پاشایەتی عێراق هەڵبژارد، کە گوزارشتی لە بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و کۆمپرادۆری عەرەبی و کوردی دەکرد و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بە سەر گەلی کورد دا سەپاندبوو، سەرباری ستەمی داگیرکاری و سەرمایەگوزاری چینایەتیش.

وەک لە وتارەکەماندا نیشانماندا، پارتی هەر لە سەرەتاوە بە دۆخێکی تایبەت جیا دەکرێتەوە بەوەی (ئەو حزبێکی کوردستانی عێراقییە، کە سروشتی پێکهاتەکەی و توانای جوواڵە و خواستی بۆ کارکردن بە تەنیایی بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاّت یارمەتیدەر نییە).

بۆیە پارتی گۆشەگیری نەتەوایەتی ڕەتکردۆتەوە و لە بەر ئەوەش پێویست بوو کە (تێبکۆشێ بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ حزبە پێشکەوتنخوازەکانی نزیک بەخۆی لە

ڕووی فیکر و میتۆدەوە و هاوشێوەی ئەوان لەڕووی پێکهاتەی چینایەتیی و کۆمەڵایەتیی) یەوە، لە ڕێی بەرەیەکی یەکگرتووی حزبە نیشتمانیی و پێشکەوتنخوازەکان بەو پێیەی لە دیدی پارتییەوە فۆرمۆڵەیەکی دروستە، کە یەکێتیی حزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر میتۆدێکی هاوبەش بەدیبێنێ لەلایەک و لەلاکەی دیکەوە سەربەخۆیی فیکری و ڕێکخراوەیی حزبە بەشدار بووەکانی تێدا مسۆگەر بکا. چونکە تاکە فۆرمۆڵەی گونجاوە بۆ هاوپەیمانییەتی چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کۆمپرادۆری لە لایەک و هاوپشتی خەباتی نێوان بزووتنەوە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کورد لەلایەکی دیکەوە. ئەمەش لەگەڵ واقعی کۆمەڵگای عێراقی ئێمەدا دەگونجێت (لە ڕووی فرە چینایەتی و نەتەوەییەکانییەوە) و لە ڕووی جیاکردنەوەی بە هەبوونی حزبە نیشتمانیی و پێشکەوتنخوازەکان کە ڕەگ و ڕیشەی پتەویان لە مێژووی خەباتی نیشتمانییدا هەیە و بە ڕوخسار و خەسڵەتە تایبەتەکانی خۆیان دەگۆڕدرێن بۆ واقعی بابەتی کە هەوڵەکانی وردە بۆرژوازی لەگەڵیدا لە گزیکردن بۆسەپاندنی ڕابەرایەتیکردنی چ لەژێر دروشمی (یەکڕیزی دیموکراسەکان لە یەک حزبدا) یان (یەک کاری نەتەوەیی) دابێت، بێ کاریگەر دەمێنێتەوە، بۆیە هەموو حزبە پێشکەوتنخوازەکان لە سەر پێویستی بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێو خۆیاندا کۆکن. ئەگەر حزبی شیوعی شانازی بەوەوە بکات یەکەم حزب بێت، کەئاڵای بەرەی یەکگرتووی هەڵگرتووە و بانگەوازی بۆ کردووە لە ڕووی فیکری و ڕۆژپاگەندەییەوە ئەوا پارتیش ئەو حزبەیە کە دەتوانێت شانازی بکات بەوەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئیدیعای بەرەی یەکگرتوو دەکات بەو پێیەی بەرەی یەکگرتوو هاوشێوەی سروشتەکەیەتی و وەڵامدەرەوەیە بۆ بیر و بۆچوونەکانی و بەدیهێنەری ڕێبازی تێکۆشانەکەیەتی.

بۆیە پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەردەوام لە پێناو دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوو خەباتی کردووە. لە ساڵی ١٩٤٨ کۆمیتەی هاوکاری نیشتمانیی پێکهێنرا لە: پارتی، حزبی شیوعی عێراق، حزبی شەعب و باڵی پێشکەوتنخوازی حزبی وەتەنی دیموکراسی، ئەم کۆمیتەیە بە ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو بەشداری کرد لە سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕینی شکۆدار و سەرخستنی. لەساڵی ١٩٥٤ کاتێک بەرەی نیشتمانیی دامەزرا بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان کاندیدی پارتیمان لە ناو ئەو دە کاندیدانە دابوو، کە بەرە توانی بیانێریتە پەرلەمان.

لە ساڵی ١٩٥٥ پارتیمان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە لێک نزیککردنەوەی ڕێکخراوە شیوعییەکان لەناو حزبی شیوعی عێراقیدا و بە دەسپێشخەری پارتیمان لەناو ماڵێکی حەشارگەی پارتی یەکەم کۆبوونەوە بەڕێوەچوو، کە نوێنەرانی حزبی شیوعی عێراق (ئەلقاعیدە) و کۆمەلەی رایەتول شەغیلە و گروپی یەکێتیی شیوعییە عێراقییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانی لەخۆ دەگرت. دواتر کۆبونەوەکانی نێوانیان چەند بارەبووەوە و بوو بەهۆی ئەوەی ئەم دوو گروپە بچنە ناو حزبی شیوعی عێراقەوە. بابەتی پەیوەندی پارتیش بە حزبی شیوعییەوە بە هۆی ناکۆکی لە سەرچۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی مارکسیستە لینینستەکانی کوردستان لەگەڵ حزبی شیوعییدا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە. خوالێخۆشبوو سەلام عادل بیرۆکەی ئەوەی خستەڕوو، کە شیوعییە کوردەکانی عێراق بچنە پاڵ پارتییەوە لە بەرامبەر چوونی مارکسیستە لینینیستەکانی ڕیزەکانی پارتی لەگەڵ کادیرە شیوعییە کۆنەکان بۆ ناو حزبی شیوعی، ئامادەیی نیشاندا بۆ قەبوڵکردنی ژمارەیەک سەرکردەی پارتی لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقیدا. لە کاتێکدا سەرکردایەتی پارتی بیرۆکەی چوونی شیوعییە کوردەکانی بۆ ناو پارتی و ڕێکخستنی پەیوەندی مارکسیستەکانی ناو پارتی لەگەڵ حزبی شیوعی بە شێوەیەکی تایبەت خستە ڕوو. ئەمەش لە قۆناغێکدا بوو تیایدا ناکۆکییەکانی نێوانیان یەکلایی ببوەوە لەمەڕ (ئایا کورد پێناسەی نەتەوەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت بەگوێرەی ئەو مەرجانەی ستالین داینناون) وسەبارەت بە بوونی پارتێکی پێشڕەوی کورد، کە تێڕوانینی حزبی شیوعی لەگەڵ بۆچوونەکانی پارتی یەکیدەگرت جگە لە مەسەلەی پەیوەندی توخمە مارکسیستە لینینیستەکانی پارتی لەگەڵ حزبی شیوعییدا، کە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە. لە ڕاستییدا حزبی شیوعی دەیویست پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێک بێت لە سەر شێوازی حزبی تەحەڕوڕی وەتەنی لە ڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵیدا، بۆیە جیاوازی سەرەکی لەسەر پێویستی یان پێویست نەبوونی پارتێکی پێشڕەوی کوردی هەرمابوو.

بەم شێوەیە دەبینین پەیوەندی نێوان پارتی و حزبی شیوعی زۆر دۆستانەبوو و بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ١٩٥٦ی حزبی شیوعی عێراق بەهێزتر بوو بۆیە حزبی شیوعی دژی بەشداری پارتی نەبوو لە بەرەی یەکگرتوودا، کە حزبە پێشکەوتنخوازەکان لە پێناوی دروست بوونی تێدەکۆشان، تا چوونی بەرپرسانی لقی کۆمیتەی حزبی شیوعی کوردستان لە ناویاندا بەڕێزان حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری، بۆ ناو پارتی لە ساڵی ١٩٥٧ ئەم

پەیوەندییەی نێوانیان تێکنەچوو.

دوای ئەوە حزبی شیوعی نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا هێرشێکی توند و تیژی کردە سەر پارتی و هەوڵیدا تۆمەتی قێزەونی پێوە بلکێنی، بەمەش پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حزبە گرژی تێکەوت و لێک دوورکەوتنەوە. بەڵام ئێمە درکمان بەوەنەکردووە حزبی شیوعی دژایەتی یان تەگەرەی خستبێتە بەردەم چوونی پارتی بۆ ناو بەرەی یەکگرتوو بەڵکو زۆر هۆکار هەبوو، لەوانە ئەوەی سەرکردایەتی پارتی دوای دامەزراندنی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی خۆی نەیدەویست بچێتە ناوبەرەکەوە. بە پێی خەملاندنی ڕێزدار سالح حەیدەری چونکە سەرکردایەتی پارتی ئارەزووی ئەم کارەی هەبوو، لە ڕێگەی هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەدەوە پەیوەندی لەگەڵ کامل چادرچی و خوالێخۆشبوو سەدیق شەنشەل لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەنجامدا. بێگومان ئەوە بەو مانایە نییە، کە سەرکردایەتی پارتی بە تەواوی لە پێکهاتەی بەرە و ئامانجەکانی ڕازی بووبێت بەڵکو لە زۆر ڕووەوە بە پارێزبوو بەرامبەر سروشتی بەرە و سنورداری ئامانجەکانی لەسەر ئەو داخوازییە سیاسییانەی کە نەوەکو پێویست مەرامەکانی ئەو قۆناخەی ڕزگاری نیشتمانیی دەپێکاو نە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەنجامدانی ئەرکەکانی قۆناخەکە دەگونجا، ئەوکاتە پارتی دروشمی (ڕووخاندنی حوکمی مەلەکیەتی بەکرێگیراو) و (دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراسی میللی) هەڵگرتبوو، بابەتی سەرەکی ئەو سەردەمە مێژوویی دیموکراسیەتی میللی بوو، وەک ئامانجێکی ستراتیژی بۆ هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی سۆسیالیزم لە عێراقدا. ناو نەهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە ناو پەیڕەودا، جێگەی ڕەخنەی ئێمە بوو بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە کۆسپ لەبەردەم چوونە ناو بەرەوە. بەبێ فەرامۆشکردنی ئەو ڕاستییە دەتوانین بڵێین، کە هەر چوار حزبەکەی بەرە بە وردی پێویستیی بەشداری نەتەوەیی کورد و پێشڕەوەکەیان لە بەرەی یەکێتیی نیشتمانییدا هەڵنەسەنگاند بە تایبەتی کە شەپۆلی نەتەوەیی عەرەبی دیار و ستەمکارانە بوو. ڕەنگە دوورکەوتنەوە لە نێوان پارتی و حزبی شیوعیدا زۆر هانی ئەوەی دوایی نەدابێت، کە داوای بەشداری پێکردنی پارتی بکەن، هەروەک خۆپارێزییەکانی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیش –وەک دواتر تێگەیشتین – ڕۆڵی هەبوو لە نەبوونی پەرۆشی بۆ قبووڵکردنی پارتی لە بەرەدا، لە ڕاستییدا لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز هەر چوار حزبەکە بەجۆش و خرۆشەوە ڕازی بوون بە قبووڵکردنی پارتی. بۆیە باوەڕ ناکەین حزبێکی دیاریکراو بە تەنیا بەر پرسیاریەتی دوور خستنەوەی پارتی

لە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی لە ئەستۆدا بێت. هەروەها دادپەروەرانە نییە بە دوای لاوازترین ئەڵقەی بەرەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت وەک بەڕێز حەمید عوسمان کردی کاتێک خۆی لە تۆمەتبارکردنی بەعس و شیوعی بەدوور گرت حزبی ئیستقلالی بە بەرپرسیار دانا لە لابردنی پارتی لە بەرەدا لە کاتێکدا سەرکردەکانی بۆلێک نزیککردنەوەی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد و عەرەب. کاریان دەکرد. هەڵوێستی ئێمە لەمەڕ دروشمی یەکڕیزی دەست بەجێ، کە بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و لایەنە نەتەوەخوازەکانی تربانگەشەیان بۆ دەکرد و لە یەکێتیی فیدراڵی کە شیوعییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دروشمی یەکڕیزیی بەرزیان کردبووەوە ، پارتی پارێزگاری کردنی یەکڕیزی نیشتمانیی و بەم پێیەش یەکێتیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە چوارچێوەی ئەمانەدا بە زەروری دەزانێ. بۆ ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی هەڵوێستی پارتی، با بگەڕێینەوە سەر ئەو یادداشتە سیاسییە گرنگەی لەلایەن زۆرینەی مەکتەبی سیاسیی پارتی پێشکەشی کۆمیتەی ناوەندی کرا و بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، کە لە ١١/ ٩ /١٩٥٨دا پێشکەش بە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی کرا، کە لەو ڕۆژمێژووەدا پارتی دیموکراتی کوردستان (جوداخوازی) سەرکۆنە کرد، لەبەر ئەوەی پێیوابوو (جیاکردنەوەی کوردستان لە کۆماری عێراقی تازەلاو، بە شێوەیەکی بنەڕەتی کارێکە دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد) کە ئەم دەقەی خوارەوەی تیاداهاتووە:

(مەسەلەی یەکێتیی یان یەکڕیزی بەلای ئێمەوە لەدوو ڕووەوە گرنگە، یەکەمیان – ڕادەی پاراستن و بەدیهێنانی دەست بەجێی ئەو ئامانجە هەنووکەیی و دوورانەی کە گەلی عێراق لە پێناویدا خەباتی کردووە و تائێستاش بەردەوامە. دووەمیان، ڕادەی پاراستن و بەدیهێنانی پرنسیپی هاوبەشیی نیشتمانیی وڕادەی فراوانبوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کە لەدەستووری کۆماری عێراقدا دانیپێدانراوە)

بێجگە لەم دوولایەنە ئێمە بە شێوەیەکی پرنسیپیانە باوەڕمان وایە مەسەلەی یەکێتیی و یەکڕیزی لە پلەی یەکەمیدا گەلی عەرەب دەگرێتەوە چونکە ئەوان بەشێکن لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی عەرەبی برا، ئەو مافە ڕەها و گەورەیەی پەیماننامەی مافی مرۆڤ، کە بۆ هەموو گەلانی سەر زەوی دانی پێدانراوە و دواتر لە کۆنگرەی باندۆنکدا لە لایەن گەلانی ئاسیا و ئەفریقا دووپاتکرایەوە، کە گەلی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بە بنەمای یاسایی خۆی دەزانێت و لەسەر ئەم بنەمایەش پشتیوانی لە بۆچوونی گەلانی

عەرەب دەکا سەبارەت بە چارەنووسی خۆیان و ئەو شێوازەی هەڵیدەبژێرن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشە پەرتەوازەکانی نیشتمانیی عەرەبی. سەبارەت بە بارودۆخی عێراق پێشتر ئەو دوولایەنەمان ڕوونکردۆتەوە کە لەم مەسەلەیەدا گرنگن و ناتوانین دەستبەرداریان ببین، بۆ بەدیهێنانی لایەنی یەکەم، کە پاراستنی ئەو ئامانجە دوور و دەستبەجێیانەیە، کە خەڵکی عێراق بۆی تێکۆشاون و خێراکردنی تێکۆشانە لە پێناویدا، پێمانوایە ڕێگای ڕاست ئەوەیە، کە پەلە نەکرێت لە گرتنەبەری هیچ کام لەو دووهەنگاوەی یەکێتیی یان یەکریزی پێش لێوردبوونەوە و لێکۆلینەوەی پێویست، بەبێ پلەبەندی و تەواوکردنی هەنگاوە سەرەتاییە پێویستەکان، پێش گەڕانەوە بۆ لای گەلی عێراق لەم مەسەلەیەدا بەتایبەتی، کە کەشوهەوای نێودەوڵەتی و عەرەبی و عێراقی یارمەتیدەرە بۆ ڕەخساندنی بواریکی یەکسان بۆ ئەو جۆرە ڕاوێژکردن و پلەبەندییە، ئەنجامدانی ئامادەکارییە پێویستەکان بە شێوەیەکی گونجاو و دوور لە توخمەکانی سەرپێی و لەناکاو کە لە یادداشتنامەکەدا هاتووە، کە بە دوو مانگ کەمتر لەدوای شۆڕشی ١٤ ی تەممووز لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە پێشکەش کراوە.

نوێنەری پارتی هەڤال ئیبراهیم ئەحمەد، لە بەرەی یەکێتیی نیشتمانییدا لەو ماوەیەی هەوڵدەدرا لەسەر بنەما و بناغەی پتە و دووبارە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئارادابوون، کە سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزم و پاشایەتیدا دێنێتەدی، بەتایبەتی مەسەلەی یەکێتیی و یەکڕیزی، ئەم بۆچوونەی ئێمەی بە هەموو لایەنەکان نیشاندا. ئێمە باوەڕمان وایە، کە ئێستا هەموو کەسانی دادپەروەر ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونانەی پارتی پێشکەشی کردووە و دووربینی سیاسی ئەو بەرز دەنرخێنن. ئەگەر بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی درزی تێنەکەوتایە و ناکۆکییە لاوەکییەکانی نێوان لایەنەکان نەگۆڕدرایە بۆ ناکۆکی دوژمنکارانە و ئەگەرهەندێک لە برایان پەلەیان نەکردایە لە خستنە ڕووی دروشمە کرچ و کاڵەکان و ئەوانی تر تەفرە نەدرابان، ئەوە شۆڕشی ١٤ی تەممووز لەگەڵ هەموو لایەنەکان بەردەوام دەبوو لە گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانی و بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی عێراق هێزێکی تۆکمە دەبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پیلانگێڕیەکانی سەنتۆی داگیرکەر و کاتێک سەروەت و سامانی عێراق لە شەڕی براکوژی و شەڕی لاوەکی بێ پاساو بەفیڕۆدرا، گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبییەوە، هەروەها سوپای قارەمانی عێراق کە باشترینی کادیر و کوڕەکانی خۆی

بەخشی پارێزراو دەبوون بۆ ڕۆژی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئیمریالیزم و زایونیزم.

یەکەم و گەورەترین وانە، کە پێویستە هەموو لایەنەکان فێری ببن ئەوەیە کە بەرەی یەکگرتوو پێویستییەکی مێژوویە و ناکرێت دوا بخرێت و کۆمەڵگای عێراقی هاوپەیمانێتییەکی پێشکەوتنخواز دەسەپێنێت، وەک ڕێگە چارەیەک بۆ سەرکەوتنی حکوومەتی نیشتمانیی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە و بەبێ بەرەی پێشکەوتووی یەکگرتوو، کە حوکمی هاوپەیمانییەکی پێشکەوتنخوازی لێوە دەردەکەوێت ناکرێت ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاری دیموکراسیی نیشتمانیی جێبەجێبکرێت یان یەکلاکەرەوانە ڕووبەڕووی داگیرکاری زایونی ئیمپریالیانە ببێتەوە، یان پیلانگێڕیەکانی هێزی بەکرێگیراو و هەڵگەڕاوەی دژ بە شۆڕشی شکۆمەندانەی عێراقی پوچەڵ بکرێتەوە.

چارەسەری شۆڕشگێڕانەی دیموکراسییانە بۆ مەسەلەی کورد زامنی ئاشتی و سەقامگیرییە لە هەرێمی کوردستاندا

کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان کورد و عەرەب و نێوان کورد خۆیاندا، ئاواتێکی گەورەیە بۆ هەموو عێراقییەکی پێشکەوتنخواز چ عەرەب بێت یان کورد، چونکە شەڕ زیانی گیانی و مادی گەورەی لێدەکەوێتەوە کە هەرگیز ناتوانرێ قەرەبوو بکرێتەوە. شەڕ و کوشتار دەبێتە هۆی وێرانبوونی ئابووری و تێکچوون لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ. وروژاندنی شەڕ لە نێوان عەرەب و کورد و لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا پیلانێکی ئیستعماری - سەنتۆییانەی - کۆنەپەرستانەیە، کە ناوەندە زایۆنییەکانیش ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لەدارشتن و دابینکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی و هەروەها بەردەوامی پێدانیشی، چونکە ئامانجی ئەم پیلانە تەنیا تێوەگلاندنی سوپای عێراق نییە لە شەڕی ناوخۆیی، بەڵکو زیندووکردنەوەی دەرەبەگایەتی کورد و بوژاندنەوەی کۆنەپەرستییە لەعێراق و بە لاڕێدابردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیشە لە ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەی دژە ئیمپریالستی و دژە دەرەبەگایەتی و بۆرژوازی کۆمپرادۆری بۆ هەڵدێری گۆشەگیری ناسیونالستی گوماناوی و گۆڕینی لە باڵێکی شۆڕشگێڕێ گرنگی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عێراقەوە بۆ بەشێکی کاریگەر لە پیلانگێڕییەکانی دوژمنە سەرسەختەکانی گەلانی عەرەب و کورد لە ئیمپریالیستەکان و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان لە ڕۆژهەلاتی ئێمە و لە پیسی بەکرێگیراوە ناپاکەکان.

بۆیە پارتە پێشکەوتنخوازەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەوڵە دڵسۆز و جدییەکان دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕ لە کوردستان و دانانی بناغەی ئاشتییەکی هەمیشەیی و پتەو، هیچ حزبێکی پێشکەوتنخوازی عێراقی نییە بەرژەوەندی لە بەرقەراربوونی ئاشتی ڕاستەقینە لەکوردستان هەبێت وەک ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرژەوەندی نیشتمانیی و نەتەوەیی و حزبیدا هەیەتی. سەرەڕای ئەو سوودە نیشتمانییە گشتییەی گەلی عێراقمان لە کۆتاییهێنان بە شەڕ بە دەستی دەهێنێت لە نەڕژانی خوێنی کورد کە لای ئێمە خۆشەویستە و لەدیدی ئێمەدا بە بەهایە و ئامانجێکە

لەو کاتەوەی بارودۆخ لەکوردستان ئاڵۆزبووە، لە هاوینی (١٩٦٠) ەوە تا بە ئیمڕۆش دەگا، هەوڵماندواوە بە دەستی بهێنین.

حزبەکەمان، کە لە ناخی جەماوەری کوردەوە هەڵقوڵاوە پەرۆشە بۆ بەرژەوەندی ئەو جەماوەرە و کێشەکانییان وەک پەرۆشی ئادەمیزاد بۆ گلێنەی چاوەکانی بۆیە هەر کارەسات و نەهامەتیەکی دووچاری گەلی کورد دەبێتەوە بەهەمان شێوە دووچاری پارتیشمان دەبێتەوە، سەرباری ئەوەی، کە شەڕی ناوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی پارتیمان ئازاترین ئەندام و کادیری تێکۆشەر لە دەست بدات. ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگرانی پارتیمان لە سەرەتای سالانی شەڕی ناوخۆییەوە بارگرانی شەڕیان هەڵگرتووە و ئەم شەڕە سەدەها ئەندام ولایەنگر و باشترینی کادیرەکانی ئیمەی بردووە. وە لە ساڵی (١٩٦٤) ەوە سەرەڕای هەوڵە زۆرەکانی پارتیمان و پیاو چاکانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بارزانی سەرکردە و کادیر و ئەندامانی ئێمە تیرۆر دەکات بەپێی فەرمانێک کە بە دەست و خەتی خۆی دەریکردووە تیایدا هاتووە هەر کەسێک ئەگەر سەڵمێنرا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە کوشتنی ڕێگە پێدراوە. لە (ڕێکەوتنی مشیر – بارزانی) بەدناوەوە بارزانی بەردەوامی بە شەڕی لەناوبردنی دژ بە پارتیمانی داوە. دەیان ئەندام و کادیری پارتی لە زیندانەکانی ئەو کوژراون لە سەرویانەوە عەلی حەمدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەحموود تۆفیق کارگێری لقی سلێمانی و عوسمان عوزێری شاعیری گەنجی پارتی و دەیان کەسی تر.

هەرچەندە پارتیمان هەمیشە داوای لە خەڵکی باش و حزبی شیوعی عێراق و کوردە سەربەخۆکانی پەرۆشی نەڕژانی خوێنی کوردن، کردووە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ڕێگریکردن لە بارزانی و ڕاگرتنی لە سنووری خۆیدا، بەڵام ئەو جەختی لەسەر بەردەوامی شەڕی ناوخۆ کردەوە، کە بووە هۆی کوژرانی سەدان کورد.

بارزانی و لایەنگرانی و ئەوانەی هاوسۆزیان هەیە لەگەڵی ڕێگای دەدەن پەیوەندی بە چەندین وڵات و ناوەندەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و زایونیزم و کۆنەپەرستی نێودەوڵەتییەوە بکا و تەنانەت هێنانی هێزی نیزامی و نانیزامیشی لە دەرەوەی سنوری عێراقەوە بۆ بەگژداچوونەوە و کوشتنی ئەندامانی پارتیمانی بۆ پاساو دەدەنەوە، بەڵام هاوکاری پارتی لەگەڵ حکومەتی نیشتمانیی دژ بە ئیستعمار، کە حکومەتی کۆماری عێراقە بە تاوانێکی قێزەون دەزانن، هاوپەیمانی کردن لەگەڵ حزبێکی پێشکەوتنخوازی

وەک بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بە گوناهێکی لێخۆشنەبوو دەدەنە قەڵەم! هەندێک جاریش بەڵگەی تۆمەتبارکردن بەوەی، کە ئێمە بەشداریمان لە شەڕی دژ بە بارزانی کردووە دێننەوە و ئەو ڕاستییە پشتگوێ دەخەن، کە هەردوو حزبی بەعس و پارتیمان ئارەزوومەند نەبوون شەڕ لەگەڵ بارزانی بکەن هەوڵیان دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیانی لێ بپارێزن، بەڵام هێزە ئیستعماری و کۆنەپەرستەکان ئیرادەی خۆیان سەپاند بۆ سەر لە نوێی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ.

ڕۆژنامەی ئەلسەورە چەند ڕاستییەکی خستۆتە ڕوو لە مەڕ ملنەدانی بارزانی و دژایەتیکردنی بەعس و ڕەتکردنەوەی لە بەشداریکردن بە دوو وەزیر لە حکومەتەکەی سەرۆک ئەلبەکر، کەچی هەر بە دوو وەزیر لە وەزارەتی نایف بەشداری کردووە و پارتیمان بە تەواوی لە ڕاستی نیازەکانی بارزانی گەیشتووە، کە پێشوازی لە هەوڵە جدییەکان ناکات بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و چەسپاندنی ئاشتییەکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی. مەراممان لێی وەستاندنی شەڕی نێوان بارزانی و سوپای عێراق و لە نێوان ئەو و پارتیشمانە. چونکە ئاشتییەکی کاتی لەگەڵ هێزەکانی حکومەت، کە بارزانی خۆی تێدا تەرخان بکات بۆ شەڕکردن لەگەڵ پارتیمان تەنیا بە مانای نقومکردنی کوردستان دێت لە دەریای خوێن و فرمێسکدا هەروەها ئاماژەیە بۆ نیازی درێژەدان و بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆ. ئاشتییەکی لەم شێوەیە تەنیا ئاشتییەکی ساختەیە، کە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ کوشتار لە نێوان کورد یان لە نێوان مەلایی و عەرەب، ئەمەش تەنها ئاسانکاری بۆتێپەڕاندنی پیلانگێڕی کۆلۆنیالی – زایۆنی دەکات، کە ئامانجی لەباربردنی پەیوەندییەکانی هاوخەباتی عەرەب و کورد و داماڵینی ئەوحوکمڕانییە نیشتمانییەی ئێستایە کە لەگەڵ هاوپەیمانە کوردە پێشکەوتنخوازەکانی لە ئارادایە، دوای دەرخستنی بەشێوەی حکوومەتەکانی (سەردەمی هەردوو عارفەکان) [٦٠] کە دەرفەتی بۆ بارزانی خۆشکرد بۆ ئەوەی نەیارەکانی لەناو ببات و هێزەکانی سازبدات دوای یەکخستنی ڕیزەکانی شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەکی توند و تیژتر دەستپێبکاتەوە.

ئەو ئاشتییە ڕاستەقینەی، کە گەلەکەمان دەیەوێت بێدەنگکردنی تۆپ و تفەنگەکانە، کۆتایی هێنانی یەکجارەکیە بەشەڕ و گەڕانەوەی ئاسایش و دڵنیاییە بۆ خەڵک. ئەمە

٦٠- مەبەست لە عارفەکان، عەبدولسەلام محەمەد عارف و عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی برایەتی.((ئامادەکار).

ئەو شێوە ئاشتییەیە، کە گەلی عێراقمان بە عەرەب و کورد و حزبە پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکان دەیانەوێت.

ئەم ئاشتییەش ناتوانرێ جێبەجێبکرێت تەنهابە:

یەکەم: لەبەر چاوگرتنی مەسەلەی کورد وەک (مەسەلەیەکی نەتەوەیی)، کەواتە (دیاردەیەکی سروشتی و گونجاوە لەگەڵ ڕوحی سەردەم و بزووتنەوەکەی جەوهەرێکی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی هەیە) بە پێی قسەی ئەلسەورە و بەو مانایە، مەسەلەی کورد بریتییە لە کێشەی نیشتمانییانەی گەلی کورد، کێشەی بێبەشکردنیانە لە مافە نەتەوەییەکانییان لەلایەک و تێکۆشانیان بۆ بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانییان لە لایەکی دیکەوە. واتە مەسەلەی کورد مەسەلەی بارزانی یان تەنانەت حزب یان هیچ گروپێکی خێڵەکی یان مەدەنی نییە.

مێژووی کورد دەرکەوتن و دیار نەمانی کەسایەتی گەورەی بەخۆوە بینیوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوە چەکداریی کوردییە نیشتمانییەکان یان گوماناویەکان، بەڵام کێشەی کورد هەر بەردەوامبووە لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی دیموکراسیی و دادپەروەرانە چارەسەرنەکراوە، بۆیە چارەسەری کێشەی کورد بە مانای ڕازیکردنی فلانە دەست ڕۆیشتوو یان فیسار حزب لە بزووتنەوەی کوردیدا نییە، بەڵکو بە مانای لە بەرچاوگرتنی مەسەلەی کوردە وەک (مەسەلەی نەتەوەیی و دیاردەیەکی سروشتی) پیویستی بە چارەسەرێکی زانستی دادپەروەرانە هەیە. هەروەک چۆن قەناعەت پێکردنی نەخۆش یان بەنجکردنی بە مانای چاکبوونەوەی نییە لە نەخۆشییە درێژخایەنەکەی هەروەها قەناعەت پێکردنی ڕێبەر یان حزب لە بزووتنەوەی کوردیدا مانای چارەسەرێکی ڕیشەیی و دروست نییە بۆ کێشەی کورد.

ئێمە ئەم ڕاستییە دووپات دەکەینەوە چونکە داکۆکیکارانی ئاشتی ساختە و درۆزنانە هەوڵدەدەن مەسەلەی کورد لە چوارچێوەیەکی سەوداگەری هەرزان سنووردار بکەن کە ئامانجی سەرەکی لە ناوبردنی ڕکابەرە سیاسییەکانییانە، کە ڕێگری لە چالاکییە ناپاکییەکانییان دەکەن و لە پلەی یەکەمدا پارتی دیموکراتی کوردستانی، کە وەک کێوێکی بەرز بۆ داکۆکیکردن لە برایەتی عەرەب و کورد و یەکریزی نیشتمانیی دڵسۆزانە و پەیڕەوکردنی ڕێچکەی خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد، لە پێناو گەیشتن بە مافە

نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەستاوەتەوە.

لە ڕاستییدا ئەم جۆرە هەوڵانە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە هەند وەرنەگیراوە، هەروەها مەبەستی بە زیندوو هێشتنەوەی ئاگری ناکۆکی و بەردەوامی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لە هەلومەرجێکی گونجاودا، بۆیە ئەرکی نەتەوەیی تێکۆشەرانی ڕژد بۆ ئاشتی لە کوردستان، ئەوەیە بەرەنگاری ئەو هەوڵانە ببنەوە و پەردەی لەسەر ڕاماڵن و بە توندی سەرکۆنەی بکەن. لێرەدا شایانی باسە ئاماژە بدەین کە گۆڤاری (ئەلسەقافە ئەلجەدیدە) نووسیویەتی و دەڵێت:

(هاوکات پشتیوانی لە هەموو کۆبوونەوەیەکی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێک دەکەین کە شەڕ بە یەکجاری ڕابگرێت، داوا لە حکومەت و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دەکەین، بە شێوەیەکی زانستی دروست سەیری مەسەلەکە بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرەکە لە بەرامبەر لایەنێک لە دژی لایەنێکی تر و هەروەها لەگەڵ کەمکردنەوەی پێگەی هیچ هێزێکی نیشتمانیی، یان لەسەر حسابی چینە زەحمەتکێشەکانی کورد نەبێت).

دووەم: بە دانپێدانانێکی ڕاشکاوانە و ڕوون نەک هەر ڕاستی بوونی گەلی کورد و مافە نەتەوەییەکانیان بەڵکو هەروەها بە دیاریکردنی ئەو مافانە و ناوەرۆک و وردەکارییەکانیشیان، پارتیمان لەو باوەڕەدایە، کە دانپیانانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکریزی نیشتمانیی و دیاریکردنی مانا و ناوەڕۆکەکەی و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی ناوەندیەتی و ناناوەندیەتی بەیەکەوە، چارەسەرێکی دیموکراسی دادپەروەرانەیە بۆ مەسەلەی کورد و ڕێگایەکی فراوانە بەرەو ئاشتی ڕاستەقینەی چاوەڕوانکراو لە کوردستانی عێراقدا. بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی وامان پێباشە دەستبکرێ بەجێبەجێکردنی بڕگەکانی تری بەیاننامەی ٢٩ ی حوزەیران[٦١] و بڕیارەکانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بڕیارەکانی کۆنگرەی هەرێمایەتی حەوتەمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ بەدیهێنانی حوکمی خۆجێیی لە کوردستان

٦١- ئەم بەیاننامەیە لە پێشەکیەک و دوازدە خاڵ پێکهاتووە، وێرای سێ بڕگەی تری نهێنی کەشاندی کوردی پێی لەسەر دادەگرت وحکومەت پێی قایل نەبوو. بڕوانە: د. واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق(١٩٢١ -١٩٦٨) لێکۆلینەوەیەکی میژوویی سیاسی، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی،٢٠٠٦، ل. ٢٨٨. (ئامادەکار).

وەک سەرەتایەکی گواستنەوە بۆ جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی و ڕێگە پێدان بە جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی یەکڕیزی نیشتمانییدا. ئەمە بە بۆچوونی ئێمە ڕێگەیەکی پراکتیکییە بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد لە ناو کۆماری عێراقدا. ئەمەش بۆ ڕازیکردنی فلان حزب یان فیسار سەرکردە نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردە کە پێویستی بە چارەسەری دروست هەیە تەنانەت بەبێ ئەوانیش.

کۆمەڵگای عێراقی ڕووبەڕووی کێشەی گرنگ دەبێتەوە، کە مەترسیدارترینیان کێشەی کوردە کە پێویستی بە چارەسەرێکی زانستی ڕیشەیی هەیە. هێزە پێشکەوتنخوازەکان تاکە هێزن بەدەر لە هێزەکانی تر داواکراون بۆ پێشکەشکردنی ئەم چارەسەرییە. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، کە ئالای عەرەبایەتی هەڵکردووە و دروشمی یەکڕیزی و ئازادی و سۆسیالیزمی بەرزکردۆتەوە، لە کۆنگرەی حەوتەمی خۆی و بڕیارەکانی و ڕۆژنامەی ئەلسەورە باوەڕی خۆی بەبوونی گەلی کورد ومافە نەتەوەییەکانی لە ڕزگاربوون لە هەموو شێوەکانی هەژموونی داگیرکاری ڕاگەیاندووە و لە پێناو یەکڕیزی عێراقدا دەبێت دان بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد دابنێت و یارمەتیان بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە. ئەمە چارەسەری شۆڕشگێڕانەی دیموکراسییانەی مەسەلەی کوردە، کە ئاشتی و سەقامگیری مسۆگەر دەکات.

سێیەم: ئەم چارەسەرە دیموکراسیە بە ڕێگای پەیوەندی بە ئیمپریالیزم، زایونیزم، هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانی ئیستعماریانەی داگیرکەر، یان سەرەنێزەکانی چریک، یان تۆپەکانی ئیمپریالیزم و سەنتۆ، تێناپەڕێت بەڵکو ڕێگای بەدەستهێنانی بە خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانە لە دژی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانە زایۆنییەکەی و هاوپەیمانە شەڕانگێزەکەی و بوکەڵەکانی و هاوکارەکانی، بە خەباتی بەیەکەوە بەستراوی شۆڕشگێڕانەی کورد بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی عەرەب و ڕێچکەی هاوپەیمانی پێشەنگی پێشکەوتنخوازانەی کورد و جەماوەری گەلی کورد لەگەڵ پێشەنگی عەرەبی شۆڕشگێڕ و جەماوەری عەرەبدا لە بەرەیەکی یەکگرتوودا دەبێت.

ڕۆژنامەی ئەلسەورە پێکاویەتی کە دەڵێت:

(خستنە ڕووی ڕاست و پێشکەوتنخوازانە بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە، کە یەکڕیزی شۆڕشگێڕانەی هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە تێکۆشانیان بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی کەسایەتی نەتەوەیی و ڕزگاربوون لە هەموو شێوەکانی هەژموونی داگیرکاری و یەکڕیزی

نەتەوەیی بەدیدێنێ).

بۆیە هەرکەسێک ڕێگای مامەڵەکردن و وابەستەبوون بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆ – سێکوچکەی دوژمن بە کورد - بگرێتە بەر ناتوانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراسی و پەرۆشی بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی گەلی کورد و دیموکراسییەت و نەتەوایەتی، دڵسۆز بێت.

بە پێچەوانەی گۆشەگیری نەتەوەیی گرێدراو بە دوژمنە سەرسەختەکانی گەلی کوردمان، ئەوە پێکەوەژیانی شۆڕشگێڕانەی عەرەب و کورد لە بەرەی یەکگرتووی حزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا، کە ئامانجەکانی گەلی کورد بەدیدەهێنێت و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی لە مەترسی دەپارێزێت.

بۆیە بەرەی یەکگرتووی حزبە پێشکەوتنخوازەکان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بە دیهێنانی ئاشتییەکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی لە کوردستان.

بەم شێوەیە ئێمە لەو باوەڕەداین، کە بەدیهێنانی ئاشتییەکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی لە کوردستان بەندە بە گرتنەبەری چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانەی دیموکراسی بۆ کێشەی کورد و کۆتایهێنان بە شەڕ لە هەموو بەرەکان و شوێنەکاندا. بەپرینی دەستی داگیرکەر و زایۆنیزم و سەنتۆییەکان کە دەست لەکاروباری ناوخۆی گەلی عێراق وەردەدەن، دواتریش دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی حزبە پێشکەوتنخوازەکان کە حوکمی هاوپەیمانێتییەکی پێشکەوتنخوازی لێوە دەردەکەوێت و دەتوانێت سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم و سەنتۆ ببێتەوە و پلانەکانی کۆنەپەرستی و هێزەکانی دژە شۆڕش پوچەڵ بکاتەوە.

هەرچەندە ئەزموونی سەردەمی (هەردوو عارفەکان) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئاشتی ساختە لە سەر بنەمای سەوداگەری هەرزان و بەرتیل و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بارزانی و قەتیسکردنی مەسەلەی کورد لە قاوغی سەوداکردن لەگەڵ بارزانی بۆ ڕازیکردنی، تەنیا سەرەتایەکە بۆ شەڕێکی نوێی تووندوتیژ و چڕبوونەوەی دەستێوەردانی ئیستعمار و زایونیزم لە بزووتنەوەی چەکداری بارزانی و لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا، بەڵام ئێمە لە ویست و حەزمان بۆ ئاشتی و پەرۆشیمان بۆ ڕێگرتن لەڕژانی خوێنی ڕۆڵەی کورد، پێشوازی لە هەموو هەنگاوێک دەکەین بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کوردستان

و باوەڕی تەواوی خۆمان دەردەبڕین، کە خەباتێکی درێژخایەن و سەخت چاوەڕێمان دەکات بۆ نەهێشتنی بیانووی جەنگ و سەپاندنی ئاشتییەکی ڕاستەقینە و هەمیشەیی لە کوردستان و سەرکەوتنی ئیرادەی جەماوەری بەسەر پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم و بوکەڵە کۆنەپەرستە فێڵبازەکەی کورد.

ئەگەر ڕێچکەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشی عەرەب و کورد نەگرینە بەر لە پێناو چارەسەری دیموکراسیی و شۆڕشگێڕانەی مەسەلەی کورد، ئەگەر خۆپارێزی و هۆشداری لە فێڵبازی کۆنەپەرستان و فریودانی ئیمپریالیزم و فێڵەکانی بوکەڵەکان نەکەین ، هیوا لە سەر ئەو وەهمانە هەڵچنین کە هەندێک بلاّویان کردۆتەوە سەبارەت بەوەی (واز لە شێخ هێنان لەبەرئەخلاق) و لە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانیش لەبەر خەسڵەتە سەرەکییەکانیان لە هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنە و جەنگ و چەوساندنەوەی چینایەتی وسەرکوتکردنی گەلان، ئەگەرچی ئەمە بۆ یەکجاریش بێت، لە شوێنێکدا کە هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوی تێدانییە لە ئێستادا ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، وەک ئەوە وایە ئێمە باوەڕ بەخۆمان بێنین کە ئەوان ڕێگە دەدەن عێراقی شۆڕش بەهێزبێت و پێشبکەوێت و ببێتە ولاّتێکی ئارام و خۆشگوزەران و گەلەکەی یەکگرتوو و برایانە بن و سوپاکەی بەهێز و دەستکراوە بێت بۆ لەناوبردنی ئیسرائیلی هەنەزای ئازیزیان و تێکشکاندنی پیلانگێڕییەکانیان ، ئەمەش جگە لەخەونی بێسەروبەر بەولاوە شتێکیتر نییە، کە هێزەپێشکەوتنخوازەکان دەبێت وەک دیاردەیەکی قێزەون و گاڵتەجاڕی ڕووبەڕوویان ببنەوە. بەدڵنیاییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی لە کوردستان و چەسپاندنی لەسەر بنەمایەکی پتەو، جا ئەم هەوڵەی دوایی بەری شیرینیی ئاشتی بەرهەم بێنێت، یان وەک هەوڵەکانی پێش خۆی نەزۆک بێت.

پارتی و داخوازییە مەحاڵەکان

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا واتە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەسەر سەکۆی سیاسی دەرکەوتووە. لە دوای کودەتای عوسمانییەکان حزبە کوردییەکان لە کوردستان داوای حوکمی لامەرکەزییان دەکرد، کە لەگەڵ تێگەی ئۆتۆنۆمی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە هەمان شتە.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، حزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان داوایان لە هاوپەیمانان کرد لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕەازمەندبن.

وەفدی کورد بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ شەریف بۆ کۆنفرانسی ئاشتی پاریس (١٩١٩-١٩٢٠) سەرکەوتوو بوو لە قەناعەت پهێنانی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان بە دانانی ماددەی ٦٢-٦٣-٦٤ لە پەیماننامەی سیڤەر، کە دەقەکە مەرجی ئەوەبوو کورد لە تورکیا جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی پێبدرێت، کە بتواندرێت بگۆڕدرێت بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا ڕێگە بەکوردەکانی موسڵ بدەن بچنە ناو ئەم دەوڵەتەوە. هەروەها بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سەرکردایەتی خوالێخۆشبوو شێخ مەحمودی حەفید تێکۆشا بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی عێراق.

لەتشرینی ساڵی ١٩٢٢دا [٦٢] حکومەتی عێراق و بریتانیا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد کە بەمشێوەیە بوو:

(حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عێراق دان بەمافی ئەو کوردانەدا دەنێن، کە لەناو سنوری عێراقدا دەژین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەناو ئەو سنورەدا (دەخوازین کورد بێگوێدانە پێکهاتە جیاوازەکان بە زووترین کات ڕێکبکەون لەسەر ئەو ڕێبازەی، کە دەیانەوێت ئەم حکومەتە بیگرێتە بەر و لەسەر ئەو سنوورانەی، کە دەیانهەوێت درێژەی پێبدەن و نوێنەرە بەرپرسەکانیان بنێرن بۆ بەغدا بۆ تاوتووکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ حکومەتی بریتانیا و عێراقدا).

٦٢- ئەم بەیانە هاوبەشە لە ٢٢ / کانوونی یەکەم /١٩٢٢ دەرکراوە، (ئامادەکار).

لەدوای شکستی حکومەتی شێخ مەحموود بازنەی کۆنەپەرستی و نەتەوەیی کورد و ڕەفتاری کۆنەپەرستانەی حکومەتی عەرەبی لە بەغدا بیرۆکەی گۆشەگیرییان بوژاندەوە و بانگەشەی سیاسەتی دوژمنایەتی عەرەبیان کردە مژدانە و هەوڵیاندا خەباتی نەتەوەی کورد وەک ململانێیەک لەگەڵ عەرەبەکان وێنا بکەن، کە دەیانویست لە پێگەی (زەوتکەرانی مافەکانی گەلی کورد) نیشانی بدەن.

بەڵام باڵە دیموکراتەکەی بزووتنەوەی کورد، کە لە ناوەڕاستی سیەکاندا دەرکەوت و نامیلکەی(کورد و عەرەب)ی هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد تیایدا بیر و بۆچوونەکانی برایەتی عەرەب و کورد و خەباتی هاوبەشی کورد لە دژی کۆلۆنیالیزم و حوکمی پاشایەتی و لە دژی شۆڤینیزم و گۆشەگیری و لەپێناو مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی هەردووگەلی برا بەرجەستە دەکات، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێمە ئەم ڕێبازە پێشکەوتنخوازەی پەیڕەوکردووە و دژایەتی جوداخوازی و تێکەلاوبوونی (الانفصالیة و الاندماجیة) بەیەکەوە کردووە. بۆیە میتۆدی پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد و دامەزراندنی پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد لەسەر بنەمای یەکسانی بەدانان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقدا دیاری دەکات.

ئەم پێشکەوتنە لە داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و لە ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا دەرئەنجامی گۆڕانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردبوو بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری و بلاوبوونەوەیی هۆشیاری پیشکەوتنخواز لە کوردستان و سەرهەڵدانی پارتی وەک پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕ بۆ گەلی کورد، پێشڕەوێک درک بە پێداویستییەکانی پێشکەوتنی مێژوویی دەکات و دۆست لە دوژمن جیادەکاتەوە و پێیوایە یەکڕیزی عەرەب و کورد خزمەت بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی عەرەب و کورد دەکات، بەڵام جیابوونەوە زیان بە هەردوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب و کورد و یەکڕیزی تێکۆشان و یەکڕیزی بەرژەوەندییەکانیان دەگەینێ.

ماوەیەکی کورت پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز، کە لەلایەن پارتییەوە پیرۆزبایی لێکرا و کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە جۆش و خرۆشێکی بێوێنەوە پشتیوانی کرد وەفدێکی کوردی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیبراهیم ئەحمەد، کە نوێنەرانی هەموشار و ناوچە کوردنشینەکانی گرتبووە خۆ چوونە بەغدا بۆ پیرۆزبایی کردن لە شۆڕش و داواکردنی ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش مافەکانی کورد – بە ئۆتۆنۆمیشەوە – لە دەستووری کاتیی

کۆماری عێراقدا بخاتە ڕوو لە کاتێک داواکارییەکە ڕەتکرایەوە و پرنسیپی هاوبەشی نیشتمانیی نێوان عەرەب و کورد دیاری کرا.

کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم داوای مۆڵەتی لە وەزارەتی ناوخۆکرد، بڕگەی ماددەی شەشەمی میتۆدەکەی ئەم دەقەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو.

(لە پێناو پەیوەندی برایانە و ڕاستگۆیانەی نێوان گەلانی عەرەب و گەلی کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک ئاشووری، تورکمان، ئەرمەنی و ئەوانی تر و گەشەپێدانی یەکڕیزی نیشتمانیی و کارکردن بۆ فراوانکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراق و چەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەیی و بەگژداچوونەوەی بیری شۆڤینی و کۆسمۆپۆلیتی و جوداخوازی خەبات دەکەین).

لەکاتی ئەو شەڕەی قاسم هەڵیگیرساند پارتی دروشمی (دیموکراسیی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی بەرزکردەوە.

لەو دانوستانانەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا لە نێوان پارتیمان و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ئەنجامدرا خەریک بوو ڕێککەوتن لەسەر چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی وەک چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بچەسپێ. دوای ڕووخانی قاسم و دەسەلاّت گرتنە دەست لەلایەن بەعسیەکانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەفسەرە نەتەوەخوازەکان مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٠ی شوبات بروسکەیەکی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش وسەرۆک وەزیران نارد:

دەقی بروسکەکە

(لەم کاتە هەستیارەی مێژووی کۆماری عێراقدا، کۆماری عەرەب و کورد، لە کاتێکدا پیرۆزبایی لەگەلە مەزنەکەمان دەکەین بە عەرەب و کورد وپێکهاتە براکانی تری، بەبۆنەی لابردنی دیکتاتۆریەتی قاسمی تاوانبار، ئەو دیکتاتۆریەتەی کە خوێنی پاکی شەهیدە بێتاوانەکانمانی ڕشت، دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە ئێمە هەرگیز خوازیاری شەڕ نەبووین بەڵکو هەمیشە و تا ئێستاش خوازیاری مافەکانمان بووین، ئێستا ئێوە کە سەرکەوتووبوون لە تێکشکاندنی قەڵاکانی زوڵم و ستەم ئەرکێکی گرنگ و بە پەلەتان لەبەردەم دایە کە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بکەن بە شێوەیەکی برایانە

و دیموکراسییانە بۆ پاراستنی پەیوەندییە خەباتکارییە پتەوەکانی نێوان گەلەکەمان و بەرگرتن لە رشتنی خوێنی نازداری عەرەب و کورد، بۆیە پێمانوایە هەنگاوی ئەرێنی و دەسبەجێ لەم بوارەدا لە بەرژەوەندی گەلی عێراقدا پێویستە. هەر دواکەوتنێک لەم کارەدا خوێن و ئازار و ڕەنجێکی زۆری تێدەچێت و دەرفەت بۆ داگیرکەران دەڕەخسێنێت کە زیان بە کۆمارەکەمان بگەیەنن. داواتان لێدەکەین ئاگربەست ڕابگەینن بە فەرمی و دەست بەجێ کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی کوردستان بهێنن و هێزە چەکدارەکانی عێراق ئاگادارببکەنەوە کە بگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان وهەموو ئەو گیراو و زیندانییانە ئازادبکەن کە ستەمیان لێکراوە بە تۆمەتی بەشداریکردنیان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شۆڕشی گەلەکەمان دژ بە دیکتاتۆریەتی قاسم و هەروەها گەڕاندنەوەی ڕاگوێزراوان و گەڕاندنەوەی کوردەکان بۆ کوردستان و قەرەبووکردنەوەی لێقەوماوان وئاوەدانکردنەوەی ئەوگوند و شوێنانەی سەرکوتی خوێناوی دیکتاتۆری تێکی داون و دوورخستنەوە و سزادانی ئەو بەر پرسانەی کە ئامرازی ئەشکەنجە و چەوساندنەوەبوون بەدەست دیکتاتۆریەتی قاسمەوە بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆحی دووبەرەکی و ناکۆکی نانەوە لە نێو گەلی عێراقدا، هەروەها ڕاگەیاندنی دەستبەجێ و فەرمی داننان بە مافەکانی گەلی کورد بۆ ئەوەی چیتر لە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی وەربگرێت لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی لە ناو کۆماری عێراقدا و ناردنی وەفدێکی ڕەسمی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بنەما و وردەکارییەکانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی برایانە و خەباتی نێوان گەلی عەرەب و گەلی کورد و دامەزراندنیان لەسەر بنەما پتەوەکانی هاوکاری ئازادانە کە ڕزگاری و دیموکراسیی بەدیدەهێنێت و تاقە ڕێگایی بێترسە بۆ بەدیهێنانی ئاواتە نەتەوەییەکان بۆ هەمووان. گەلی عێراق و سوپا ئازاکەی و پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان و بنەماڵەکانیان و کەسوکاری شەهیدان و لێقەوماوان هەموویان بە پەرۆشن بۆ بەدیهێنانی ئەم داخوازییە ڕەوایانە بە زووترین کات بۆ ئەوەی ئاشتی و تەبایی بگەڕێتەوە بۆ عێراقی ئازیزمان.

بژی یەکێتیی خەباتی گەلانی عەرەب و کورد لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان و ئاواتە نەتەوەییە ڕەواکانیاندا).

بەمشێوەیە _ بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان دەکەن _دەردەکەوێت کە پارتی تێکۆشاوە:

یەکەم: لەپێناو بەهێزکردنی برایەتی عەرەب و کورد و یەکڕیزی نیشتمانیی هەردوو

گەلی عەرەب و کورد و دژایەتیکردنی جوداخوازی و تێکەڵاوبوون.

دووەم: لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لەچوارچێوەی کۆماریێکی عێراقی ئازادیخواز و دیموکراسی.

سێیەم: بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییە خەباتکارییەکانی نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کورد لە بەرەیەکی یەکگرتوودا وەک سەلامەتترین ڕێگا بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی عەرەب و کورد.

بێگومان هەموو خەڵکی دادپەروەر دان بەو ڕاستیەدا دەنێن، کە ئۆتۆنۆمی چارەسەرە (بۆ کێشەیەکی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستاماندا)، کە (سەردەمی ئەو نەتەوە چەوساوە و ستەملێکراوانەن، کە خەبات دەکەن بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی کەسایەتی نەتەوەییان و ڕزگارکردنی ولاتەکانیان لە هەموو جۆرە هەژموونێکی کۆلۆنیالیزمی. شۆڕشی نەتەوە ستەملێکراوو و چەوساوەکان بەشێکی گرنگی شۆڕشی جیهانییە لە دژی کۆلۆنیالیزم و هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی و لە پێناو بنیاتنانی سۆسیالیزم). ئێمە دەڵێین ناکرێت ئۆتۆنۆمی بە داواکارییەکی مەحاڵ دابنرێت بۆ نەتەوەیەکی چەوساوە ،کە هەوڵدەدات کێشەکەی چارەسەربکات. ئەم مافە، کە کۆماری سۆدان دانی بەوە ناوە بۆ نموونە وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی باشوور کە زۆر کەمتر لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەشەی کردووە.

پارتیمان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە ناو یەکێتیی ئارەزوومەندانەی عەرەب و کورد تێکۆشاوە و ئەم داخوازییەی پێشکەش بە تەواوی سەردەمی کۆمارییەکان کردووە نەک تەنیا بۆ سەردەمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆئەوەی تۆمەتباربکرێت بە زیادەڕەوی و توندڕەوی لە پێشکەشکردنی داخوازییە ئەستەمەکاندا.

هەرچەندە بەڕێز حەمید عوسمان تۆمەتبارمان دەکات و دەڵێت دەمهەوێت ئاماژە بەوەبکەم بۆ خزمەتکردنی ئەو ڕاستیانەی، کە تێپەڕیوون، کە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی تا ساڵی ١٩٦٤ بەتەنیا بەرپرسیارێتی هەموو ڕووداوەکانی لە ئەستۆ نەگرتووە واتە تا کەرتبوونی فەرمی نێوان کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێرەکەی و نێوان سەرۆکی حزب و وابزانم ڕێکخستنی داڕشتنە تیۆرییەکان و داخوازییەکانی ناو ئەو – داخوازییە مەحاڵانەی – کە لە ساڵی ١٩٦٣دا خراونەتە ڕوو، کەبەوە وەسفتان کردووە، کە لە دەوڵەتێک دەچێت

لە ناو دەوڵەتدا. پێمواید بەرپرسیارێتی حزب لە بەرپرسیارێتی بارزانی لەم بوارەدا کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێ. سەبارەت بەهۆکارەکانی پاساوی ئەم تۆمەتانە بەڕێز حەمید عوسمان وەک هەمیشە بە دەستەواژەیەکی تەمومژاوی و ناڕوون پێچاویەتییەوە کاتێک ویستوویەتی خۆی لەم لێدوانە لابدات و هۆکارەکەی بەم دەستەواژەیەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

(هۆکارەکەی بۆ برایانی سەرکردە لەناو پارتی زانراوە، چونکە دەزانن سەرۆکی – پێشتری- پارتی چەند بەشێکی ئاوا لە داواکارییە درێژخایەنەکانی ڕێکخستووە).

واتە بەڕێز حەمید عوسمان دەیهەوێت تۆمەتەکەی لەسەر ئەو ڕاستییە بنیاتبنێ و جێگیر بکات، کە بارزانی پیاوێکی کۆلکە خوێندەوارە و نەدەزانێت چۆن ئەم داخوازییە درێژانە دابڕێژێت و نەدەتوانێت بەشەکانی داخوازییەکان ڕێکبخات و لەمەشدا زۆر ڕاستی لەبیرکردووە لەوانەش: کوردستان لەمێژە خووی ئەوەی هەبووە کە خوێندەوار(میرزا) یەک لە نێو ئاغای نەخوێندەواردا بەکاربهێنێت وەک بارزانی تا ئێستا پەیڕەوی لێدەکات. ئەوانەش هەن کە بەشە درێژەکانی داخوازییە مەحاڵەکانی بارزانی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ڕێکدەخەن.

با بگەڕێینەوە سەر ڕستی تۆمەتەکە وبپرسین: ئاخۆ بەڕێز حەمید چ خزمەتێک بەو ڕاستییانە دەکات کە دەیهەوێت لە کاتێکدا بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە عێراقدا پێویستی بە هاوسۆزی سەرجەم لایەنەکان هەیە، لە ڕێگەی وروژاندن و خستنەڕووی خاڵە ناکۆکەکان و لەبەرچی خۆی تەنیا بە زەقکردنەوەی خاڵە نەرێنیەکان و ئەو خاڵانەی ڕێگرن لە پێکەوەژیانی تێکۆشان، گرێداوە و لە جیاتی ئاماژەکردن بە خاڵی ئەرێنی کە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی ئەم پێکەوە ژیانە؟ لە کاتێکدا هەموو دەنگە خێرخوازەکان بە بانگهێشتن بۆ پێکەوەنانی بەرەی پێشکەوتنخوازی حزبەکان و هێزە پیشکەوتنخوازەکان لە ولاتدا بەرزدەبێتەوە؟ کێ بەروبوومی دروستبوونی دووبەرەکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و حزبە پێشکەوتنخوازەکانیتر دەچنێتەوە؟ ئایا هێزێکی تر هەیە سوود لەوە وەربگرێت جگە لە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستانی بوکەڵەی پیلانگێڕ بەولاوە؟! ئەی بۆچی بەڕێز حەمید عوسمان کە بانگەشەی ئەزموونێکی قووڵ دەکات لە کاروباری کورد و بزووتنەوەی بارزانی و شێوازی کارکردنی تاکڕەوی و دیکتاتۆریانەی و گوێنەدان بەژیانی حزبایەتی و گاڵتەکردنەکەی بە یاساکانی گفتوگۆ و

قسەکردن لە سەر مەسەلەکان و یاساکانی بڕیاردان دوای گفتوگۆیەکی ئازاد لە لایەن زۆرینەی دەنگەوە لەسەر بنەمای ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن، لەبیرخۆی دەباتەوە؟ کەی بارزانی ئامادەبووە ڕێگە بەکەسانی تر بدات بەشداری بکەن لە سەرکردایەتی و ئاڕاستەکردن لەبڕیارە گرنگەکان ؟ پێمانوانییە بەڕێز حەمید عوسمان لەو هەمووشتە بێئاگابیت لەگەڵ ئەوەشدا دەگەڕێینەوە و دەڵێین داواکاریەکانمان لە حزبی بەعس بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ئەوسا و ئێستاش هەر ئۆتۆنۆمی بووە لە چوارچێوەی یەکڕیزی نیشتمانییدا.

سەبارەت بەوەی بارزانی لە چوارقورنە لەئازاری ١٩٦٣ پێشکەشی ئەو وەفدە عێراقییەی کرد کە سەردانیان کردبوو لەلایەن کەسانێکەوە بۆی نووسراوە کە پێمان وانییە بەڕێز حەمید نەیان ناسێت [٦٣] و دوور لە مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە لە ماوەت کە دەیان کیلۆمەتر لێیەوەدوورە، کە بڕگەی (ب) لە ماددەی پێنجەمی پێکهینانی سوپایەک بۆ بارزانی لە هەموو جۆرەکانی: هێزی ئاسمانی، هێزی پیادە، زرێپۆش، هەواڵگری، ئەندازیاری تۆپی دژە فڕۆکە و لەبڕگەی (ج)یشدا ((لەنوێ پێکهێنانی دامەزراوەی سەربازی هاوشێوەی ئەوەی لە کۆماری عێراقدا هەیە)) ی لەخۆ گرتبوو.

ڕەنگە بەڕێز حەمید بیری بێتەوە، کە چۆن بارزانی هەوڵیدا بەتەنیا دانوستان بکات و مەکتەبی سیاسی حزبەکەی پشتگوێ خست - وەک هەمیشە وابوو – بۆ ئەوەی خۆی وەک تاکە نوێنەری گەلی کورد دەربکەوێت و تەنانەت داخوازییە مەحاڵەکانیشی بەبێ ئاگاداری مەکتەبی سیاسی پێشکەش کرد. پاشان پلانی دانا و کۆبونەوەی کۆیە لە١٩٦٣/٣/٢٢ بەسترا جگە لە سەرکردایەتی حزبەکە زۆرینەیەکی زۆر لەلایەن بارزانییەوە هەڵبژێردران لەو سەرۆک خێڵانەی سەربەخۆی بوون، تەنانەت لەو کۆبوونەوەیانەشدا هەڵوێستی حزب لە داواکاری ئۆتۆنۆمی کورت کراوەتەوە و تەنانەت کاتێک حکومەتی عێراق داواکارییەکانی کۆبوونەوەی کۆیەی ڕەتکردەوە مەکتەبی سیاسی حزب فەرمانی بە سەرۆکی وەفدی کورد لەبەغدا هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی کرد، کە تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی بکات و دەسەلاّت ئاگاداربکاتەوە

٦٣- مام جەلال لەدیداری غەسان شربل دەڵێت: ڕاستییەکەی من بەشدارنەبووم لە نووسینەوەی ئەم پرۆژەیە، موقەدەم ڕوکن کافی عەبدولنەبی(ڕاستییەکەی کافی نەبەوییە، ئەوکاتە پلەی سەربازی عەقید ڕوکن بووە) ئامادەی دەکرد. بڕوانە: جەلال تاڵەبانی و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوو، دیداری: غەسان شربل، وەرگێڕانی، شانازهیرانی پێشەکی وبەدواداچوون و پەراوێزدانانی، پ.د. ئەحمەد حەمەدەمین، هەولێر-٢٠٢٣ ل-١٢٢. (ئامادەکار).

لە هەڵبژاردنی یەک لە مۆدێلەکانی (هیندستان، یوگسلافیا، نایجیریا، سلۆڤاکیا و لیبیا لەوکاتەدا داواکارییەکەش پێشکەش بە حازم جواد کرا لە وەزارەتی دەرەوە.

سەرئەنجام تۆمەتبارکردنی پارتیمان بە داخوازییە مەحاڵەکان تۆمەتێکی ناڕەوایە، کە لە لایەن نەتەوەییە توندڕەوەکان یان بوکەڵەکانەوە دەردەبڕدرێت کە پارتەکەمان بە ناپاک لە پێناو عەرەب و دەستبەردارببوون لە مافە نەتەوەییەکانی کورد (بەمشێوەیە) لەپێناو نەتەوەی عەرەب تۆمەتبار دەکەن.

لە کاتێکدا پارتیمان بە ڕێچکەی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەدا دەڕوات بەگرێدانی خەباتەکەی لەگەڵ خەباتی جەماوەری عەرەبی زەحمەتکێش لە چوارچیوەی بەرەیەکی یەکگرتوو دژ بە ئیمپریالیزم و زایونیزم و سەنتۆ و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کۆمپرادۆر وەگروپەکانی بوکەڵە و ناپاکی و تاوانکاری لە پێناو عێراقێکی دیموکراسیی و ئازادبوو، کە ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکڕیزی نیشتمانییدا مسۆگەر بکات و هەوڵ بدات بەڕێڕەوی دیموکراسیەتی میللی هەنگاو بنێ ڕووەو بنیاتنانی سۆسیالیزم لە ولاّتدا. ڕێگری لێکردنمان و هەموو جۆرە کۆسپ و تۆمەت و درۆیەک نامان وەستێنی لە درێژەدان بە خەباتمان لەژێر ڕۆشنایی پرنسیپە زانستییە سۆسیالیستییەکانماندا و لەپێشڕەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کوردیدا، باوەڕمان وایە داهاتوو بۆ خەڵکە و حەقیقەتیش زوو یا درەنگ هەر سەردەکەوێت.

جەژنی نەورۆز [٦٤]

میوانانی خۆشەویست:

شەرەفمەندم بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتنی گەرمتان بکەم و سوپاسی ئامادەبوونتان بکەم لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی شکۆمەنددا، جەژنی ڕزگاری و بەهار. ئەم جەژنە، کە گەلی کورد کردوویەتی بە نەریت هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا یادی سەرکەوتنی شۆڕشی میللی بە ڕابەرایەتی کاوەی ئاسنگەر بۆ ڕووخاندنی دەسەلاتێکی ستەمکار، کە ئازاری بەسەر خەڵکدا سەپاند و ماف و ئازادییەکانیانی لێ زەوت کردبوون و بۆ مەرام و تەماحی چڵێسانەی خۆی کەڵکی لێوەردەگرت، بکاتەوە. هەروەها بۆ نەمرکردنی شەهیدانی ئازادی و تێکۆشان، کە یادەوەرییان بلاوبوونەوەی بۆن و بەرامەی قارەمانێتی و قوربانیدان و لەخۆبوردەیی و خۆبەختکردن لە پێناو خزمەتکردنی گەل، دەوڵەمەندە بەم وانە و پەند و فەرمانانەی کە ڕێخۆشکەرن بۆتەیارکردن و ڕابەریکردنی نەوە یەک لە دوای یەکەکان لە خەباتیان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی دوور لە نادادپەروەری و چەوساندنەوە و ستەمکاری، کە گەل تیایدا چارەنووس و جڵەوی کاروبارەکانی بەدەست خۆیەوە بێت.

لە کاتێکدا زەبروزەنگی کۆلۆنیالیزم (لە کاتی توند وتیژیدا) ڕێگری لە جەماوەری کورد دەکات لە ئەنجامدانی جەژن و ئاهەنگ بە بۆنەی نەورۆزەوە، سەرکەوتنی خەباتی گەلی براوەی عێراق، دوای زنجیرەیەک شەڕ و پێکدادانی خوێناوی بەردەوام، بەسەر هێزەکانی کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگ و کۆنەپەرستان لە بەرەبەیانی ١٤ی تەممووزدا، کاتێک سوپای بەجەرگی عێراق وەلامی بانگەوازەکەی نیشتمانیی دایەوە، بە سەرکردایەتیی ڕێبەر عەبدولکەریم قاسم، ئیرادەی گەلی جێبەجێ کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کۆنترۆڵی

٦٤- بەڕێز جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم وتارەی لەو ئاهەنگە کە لقی پارتی لە بەغدا ڕێکیخستبوو، لە ئێوارەی ٢١ی ئازار لە هۆڵی ئەلخولد بە بۆنەی جەژنی شکۆمەندی نەورۆزەوە ، پێشکەش کرد و دواتر لە ڕۆژنامەی خەبات لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦١ بڵاوکرایەوە . (ئامادەکار).

کۆلۆنیالیزمی ماسکپۆش و دەسەلاتی پاشایەتی هاشمی، کە لەلایەن سونگی بەدەستەکانی کۆلۆنیالیزمەوە پاڵپشتی دەکرا، بۆ دامەزراندنی کۆماریکی ئازادکراوی عێراق، کە بە حەق بە (کۆماری عەرەب و کورد) ناوزەدکرا، دەڵێین ئەم سەرکەوتنە شکۆمەندە هەلومەرجی پێویستی بۆ نەتەوەیی کورد – هاوبەشی نەتەوەی عەرەبی شکۆمەند لە نیشتماندا – ڕەخساند بۆ بەهرەمەندبوون لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی لە جێبەجێکردنی دەقی مادەی سێی دەستووری کاتیدا، کە دەرفەتی بۆ هاوڵاتیان زامن کرد بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە و ئاهەنگگێڕان بۆ یادکردنەوەی شکۆمەندییە نیشتمانییەکان و لە بۆژانەوەی کلتووری نەتەوەیی و مرۆیی.

لە سایەی ئەم کۆمارە هەمیشەییەی عێراقدا، سەرکەوتنی هەمیشەیی بەهۆی شۆڕشی١٤ی تەممووز بەسەر کۆلۆنیالیست و کلکەکانیان، بەهۆی ورد و خاشکردنی پەیمانی شەڕانگێزانەی بەغدا و کۆتایهێنان بە پەیماننامە و ڕێککەوتنە دوو قۆڵییە کۆلۆنیالیەکان، بەهۆی دانپێدانانی لە دەستووری کاتی بە هاوبەشی نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەکی، عەرەب و کورد و مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکگرتوویی عێراقدا، زۆرێک لە مافەکانی گەل و ئازادییە دیموکراسییەکان، هەمیشە و بۆ تاهەتایێ سەرکەوتوو بەهۆی بەشداریی بەنرخەکەی لە پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلان و تەڵەکانەی کۆلۆنیالیزم کە لەلایەن دەسەلاتدارە ناپاکەکانەوە لە دژی نەتەوەی عەرەبی بەرهەڵستیکار و دژی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا داڕێژرابوون، بەهۆی پەسندکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی و دەستکەوتە نیشتمانیی و ڕیفۆرمخوازەییەکانی دیکەی، بەڵێ، لە سایەی ئەم کۆمارەدا ئێستا جارێکی دیکە- لە پایتەختە خۆشەویستەکەیدا - کۆدەبینەوە بۆ بەرزڕاگرتنی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی کورد، کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕۆژەی کە سروشت دەست دەکات بە گواستنەوە لە وەرزی بەفر و بەستەڵەک و باران بۆ وەرزی گوڵ و وەرزی کار و چالاکی، وەک ئەوەی هێمای نوێبوونەوە و پێشکەوتن بێت، کە شۆڕشە نیشتمانییەکان لە ژیانی گەلاندا دەیهێنن.

ئەوەی خۆشی و شادیی ئەم ئاهەنگە زیاتر دەکات، ئامادەبوونی گروپێکی هەڵبژاردەی برایانی عەرەبی بەڕێزمانە بۆ ئەوەی لە لەگەڵ برا کوردەکانیان لە جەژنی نەتەوەییاندا شادی خۆیان بەیەکەوە بەش بکەن، هەروەها لەم ڕووەوە یەکڕیزیی نیشتیمانیی ڕاستگۆییانە بەرجەستە دەکەن و یەکڕیزی خەباتی عەرەب و کورد، کە لەسەر تاشە بەردی

پتەویدا پیلانەکانی کۆلۆنیالیزم و فرت و فێڵەکانی کۆنەپەرستان ورد و خاش دەبێت. ئەم یەکڕیزییە نەتەوەییە ئەوەیە، کە هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد پێیەوە دەلکێن و پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرگری لێدەکات، بەوپێیەی زامنێکی دڵنیاکەرەوەیە بۆ چەسپاندن و گەشەسەندنی کۆمارەکەمان- کۆماری عەرەب و کورد- پێشیوایە زۆر پێویستە بۆ نەتەوەی عەرەب و کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی تری برایان، لە خەباتیان بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و لە هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ چەسپاندنی حکومەتێکی نیشتمانیی ئازاد کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دروست بنیات نرابێ.

پابەندبوونی تووندوتۆڵی پارتیمان بە یەکێتیی ڕاستەقینەی عێراق و خەباتی بەردەوامی بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی برایەتی عەرەب و کورد، لە تێگەیشتنێکی دروست و هۆشیارانە بۆ سروشتی ئەم یەکگرتوویە سەرچاوە دەگرێت، کە لەسەر بنەماکانی یەکسانی تەواو و ڕێزگرتنی یەکتر و دانان بە بوونی مافی برایەتی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و لە گرنگی یەکێتیی نیشتمانیی ڕاستەقینەدا، کە بەردەوام تێدەکۆشین بۆ چەسپاندن و داخستن و ڕێگری کردن لە هەموو دەروازەکان بەڕووی کۆلۆنیالیستەکان و کلکە بزوێنەرەکانیان، لە دەرەبەگە خیانەتکارە، هەتیوکەوتووەکانی نوری سەعید و عەبدولئیلا بیگرە تا جوداخوازە ڕاستەقینەکان کە جگە لە ڕاوکردن لە ئاوی شێڵو بەولاوە حەز بە هیچ شتێکیتر ناکەن.

بۆیە سروشتییە پارتیمان و هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد دڵخۆشبن بە بەشداریی برا عەرەبەکانمان و هاوەنگییان لەگەڵ ئێمە لە دەربڕینی هەستی دۆستانە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و مافەکانی، هەروەها ڕێزگرتنی عەرەب بۆ جەژن و شکۆمەندییەکانی نەتەوەی کورد، چونکە تەنها لەم ڕێگەیەوە، ڕێگەی هاوبەندی تێکۆشانی برایانە لە نێوان عەرەب و کورد تەنها لە پێناو مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکانیان، لە ڕێگەی ڕێزگرتنی عەرەب لە نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانی، ڕێزگرتنی کورد لە نەتەوەی عەرەب و مافە ڕەواکانی، هاوکاری و برایەتی و یەکێتییان لە ژێر چەتری یەکگرتوویی ڕاستەقینەی عێراقدا، دەتوانرێت یەکێتیی نیشتمانیی و برایەتی عەرەب و کورد گەشەی پێببرێت وپتەوتر بکرێت و کۆماری عێراقمان بچەسپێنرێت.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانە و بە باوەڕێکی پتەو بە یەکێتیی نیشتمانیی و

پێویستییەکەی، پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان ١٥ ساڵ لەمەوبەر بە بانگەوازێکی پڕ لە پەرۆشی بۆ پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد و یەکێتیی ڕاستەقینەی عێراق، دژ بە دڵسۆزانە هەڵگری دروشمی هەمیشەیی (لەسەر تاشە بەردی یەکڕیزی عەرەب و کورد، کۆلۆنیالیزم و پیلانەکانی وردوخاش دەکرێن)، ژیانی خۆی دەستپێکرد. پارتیمان بەردەوام بووە لە چڕکردنەوەی خەبات لە دژی هەموو بانگەوازە جوداخوازییەکان و بیرۆکە کۆلۆنیالیزمەکان و درۆکانیان و بە تووندی شەڕی درۆی کۆلۆنیالیزم، درۆی جیابوونەوەی کردووە، دەمامکی لە ڕووخساری زورنا ژەنەکان هەڵماڵیوە کە ئامانجیان دۆزینەوەی پاساو بووە بۆ لێدان لە نەتەوەی کورد و پێشڕەوەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستان و هیچی تر. هەروەها شەڕی لەگەڵ ئەو بیرۆکە شۆڤێنیستیانە کردووە کە ئامانجیان چاندنی تۆوی ناتەبایی و دابەشبوونە لە ڕێگەی بۆچوونگەلێکی نوقمبوو لە کۆنەپەرستی کە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانی دەکەن. پارتیمان هەمیشە بیری لە پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کردووەتەوە. کە مانای یەکڕیزی نەتەوەی عەرەب و کورد، یەکگرتوویی هەموو لایەن و هێزە نیشتمانییەکان، دەگەینێ، لە خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی عێراق لە ئازادی و دیموکراسی و بەختەوەریدا. پارتیمان پتەوکردنی ئەم یەکڕیزییە نیشتمانییە بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی زانی و لە ژێر ڕێنوێنی سەرکردایەتی پارتیمان، جەماوەری کورد خەباتی هاوبەشی لەگەڵ جەماوەری عەرەب لە دژی کۆلۆنیالیزم و پاشایەتی و زایۆنیزم بەڕێوەبرد و خوێنی تێکەڵاوبووی عەرەب و کورد لە مەیدانەکانی خەباتی نیشتمانییدا ڕێگای ڕۆشنکردەوە، لە ڕاپەڕینی مانگی کانوونی دووەم و لە ڕاپەڕینی تشرینی ١٩٥٦دا، ڕاستترین ڕێگای بۆ ڕزگاری پێشکەوتنی گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردییەوە ڕۆشن کردەوە و مەبەستمان لە ڕێگای یەکێتیی نیشتمانییە.

جگە لەوەش یەکێتیی نیشتمانیی عێراق تەنیا لە خەباتی هاوبەش لە عێراقدا سنووردار نەبوو، بەڵکو بۆ خەباتی هاوبەشی دەرەوەی عێراق درێژ بووەوە، کە خوێنی عێراقی چ عەرەب و چ کورد، لە شەڕەکانی بەرگریکردن لە فەلەستینی عەرەبی لە دژی دەستدرێژیی زایۆنیستی و کۆلۆنیالیزمدا ڕژا و لەوێشدا کورد لە خەباتی ڕزگارکردنی سوریا و لوبنان لەدەست کۆلۆنیالیزمدا بەشداری برا عەرەبەکانی کرد. لە کاتی دەستدرێژی سێقۆڵی دڕندانە بۆ سەر میسری عەرەبی سەربەرز، کە ئامادە نەبوو ملکەچی ئیرادەی

کۆلۆنیالیستەکان بێت و پێداگری لەسەر پەیرەوکردنی سیاسەتێکی ڕزگاریخوازانە، کە دژە کۆلۆنیالیزم بوو و لەسەر بنەمای بێلایەنی ئەرێنی بوو، نەتەوەییە کوردەکان ڕاپەڕین بۆ ئەوەی هاوسۆزی تەواوی خۆیان لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و شەرمەزارکردنی تاوان و دەستدرێژیی کۆلۆنیالیزمەکان بەرامبەری ڕابگەیەنن. نەتەوەپەرستە کوردەکان ئەو بڕیارانەیان قبوڵ کرد، کە دادگاکانی عورفی سەعیدی لە دژی ئەوان دەریانکردبوو، چونکە ئەوان لەگەڵ براکانیان بە دڵ و هەستێکی پڕ لە برایەتییانەی عەرەب و کورد بەشداریان کرد لە سەرکۆنەکردنی دەستدرێژی سێ قۆڵی، لەوانەش بەشێک لە سەرکردەکانی پارتیمان، وەک تێکۆشەری دیاری کورد، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، مامۆستا عومەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتەکەمان بەشداربوون.

کاتێک سوپای قارەمانی عێراق بە سەرکردایەتی پێشەوا عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەممووزی دەستپێکرد و بە هاوکاری و پاڵپشتی گەل، کۆماری عێراقی ئازادکراوی ئێمەی دامەزراند، جەماوەری کوردستان لە شار و گوندەکاندا ڕاپەڕین بۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕش و سەپاندنی دەسەلاتەکەی و ڕێگریکردن لە هێزە کۆنەپەرستەکان و بەکرێگیراوانی کۆلۆنیالیزم لە یاخیبوون یان دروستکردنی نا ئارامی. هەر لە یەکەم سەعاتەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشەوە، پارتیمان هەموو هێز و ئیمکاناتی خۆی کۆکردەوە بۆ بەرگریکردن لێی و پاراستنی کۆمار ، لە بەرامبەر ئەو هێزە دەرەکی و ناوخۆییە کۆنەپەرستانەدا وەستایەوە کە هەوڵیان دەدا کورد لە دژی کۆمار هان بدەن. پارتیمان شانازی بەوە دەکات کە بەشداریی‌یەکی زۆر بەنرخی کردووە لە گۆڕینی کوردستانی عێراق بۆ قەڵایەکی پتەوی کۆمار و دیموکراسییەت، هەروەها بە تەواوی ئەرکی خۆی لە پووچەڵکردنەوەی پیلان و فیتنەی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستانەکاندا جێبەجێ کردووە. وایلێهاتووە هەمووان هەست بەو واقیعە دەکەن، کە نەتەوەی کورد و پێشڕەوەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستانمان، دوو پایەی بەهێزی کۆماری عێراق، کۆماری عەرەب و کورد، دیموکراسی و ئازادین. کۆلۆنیالیستەکان و کلکە جێبەجێکارەکانیان - مشتێک لە دەرەبەگی خیانەتکار و پاشماوەی ڕژێمی کۆن و گروپە بەکرێگیراوەکان - درکیان بەوە کرد کە یەکێتیی نیشتمانیی، کە ڕەنگدانەوەی خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد و بەرجەستەکردنی برایەتییانە، بەربەستی سەرەکییە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە و پیلانەکانیان. بۆیە پیلانەکانیانیان لەسەری چڕکردەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان

دا بیشکێنن. لە کاتێکدا پیلانی کۆنەپەرستانە و هەلومەرجی نائاسایی سەرکەوتوو بوون لە شکاندنی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی، کە پایەیەکی بەهێزی یەکڕیزی نیشتمانیی پێکدەهێنا، بەڵام نەیانتوانی پەیوەندییەکانی برایەتی عەرەب و کورد، پایە بەهێزەکەی دیکەی یەکێتیی نیشتمانیی بپچڕێنن. بەڵام کۆلۆنیالیستەکان و فیۆدالّە کلکەکانیان و پاشماوەکانی دەسەلاّتی کۆن- لەوانەش ئەو بەرپرسانەی، کە هێشتا دەستی شۆڕش پێیان نەگەیشتبوو- بێ ئومێد نەبوون و بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی درزێک لە نێوان حکومەتی نیشتمانیی و هێزە نیشتمانییەکانی کورد، لە پێشڕەوەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تاکە زامنی کۆمارە لە کوردستاندا. هەروەها بەرگریکاری دڵسۆز و جێ متمانەیەتیی. ڕاپۆرتی ناڕاستی هەڵبەستراو سەبارەت بە (جوداخوازی) و شتی دیکەی لەو جۆرە هەبوون و چەندین سەرکۆنە و هەڵبەستراو هەبوون، کە هەندێکیان سەرکەوتوو بوون لە پاڵنانی هەندێک بازنەی دەوڵەت - کە تێیدا توخمە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکانی ڕژێمی کۆن خۆیان تێدا مەلاّس دابوو - بۆ گۆشەگیرکردنی پارتەکەمان و دەستگیرکردنی زۆرێک لە ئەندامەکانی و چەوساندنەوە و زیندانیکردنی سەرکردەکانی. بەم شێوەیە، لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا، (لەسەر کاغەزەکان کە تەنیا بە بوختان و درۆ نووسراون)، گرووپی دەرەبەگە خیانەتکارەکان گۆڕابوون بۆ توخمە دڵسۆزەکانی کۆمار، کە تەنیا بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەلاّتی ئاغاکانیان و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکەیان و ڕزگارکردنی جەماوەری جووتیار لە کۆیلەکردن و ئیستغلالکردنیان سەری هەڵدابوو. نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانی کورد- پارێزەرانی دڵسۆزی کۆمار- بە تۆمەتی بێ بنەما تۆمەتبار کران، تەنیا مەبەستیان لاوازکردنی یەکڕیزی نیشتمانیی و زەمینە خۆشکردن بوو بۆ بەدیهێنانی مەرامی کۆلۆنیالیستەکان لە تێکدانی پەیوەندی نێوان نەتەوەی کورد و حکومەتی کۆماری.

لە ناو جەرگەی ئەو شەڕەی، کە کۆنەپەرستان دژی ئازادیەکان و مافە دیموکراسیەکان بەڕێوەیان برد، مابوو بڕیار لەنەهێشتنی دیموکراسیەت بدەن. نەتەوەی کورد، وەک بەشێک لە پلانە گشتییەکە، خرایە بەر هەڵمەتێک بۆ نکۆڵیکردن و بێبەشکردنی لە بەرهەمی خەباتی هاوبەشی لەگەڵ عەرەبی برای و ڕێگریکردن لە مومارەسەکردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی، کە زیانی بە یەکگرتوویی نیشتمانیی گەیاند و کەلێنێکی خوڵقاند بۆ بلاّوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمنکارانە. پارتیمان، کە پەرۆشی پاراستن و چەسپاندنی

یەکڕیزی نیشتمانیی بوو، لە ڕێی بەرگریکردن لەنەتەوەی کورد و مافەکانی هەڵسا بە داکۆکی کردن لە بنەماکانی یەکڕیزی نیشتمانیی.

بە پاڵنەرێکی قووڵ بۆ یەکڕیزی نیشتمانیی و باوەڕێکی دڵسۆزانە پێی، ڕۆژنامەی پارتیمان(ڕۆژنامەی خەبات) وەڵامی بوختانەکانی دوژمنانی یەکڕیزی نیشتمانیی دایەوە. چالاکییەکانی پارتی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەوان و پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتمانیی بوو. پارتیمان هاوشانی هێز و لایەنە دیموکراسی و نیشتمانییەکانی دیکە، داواکارییەکانی بۆ ئازادیی زیاتر و مافی دیموکراسی بۆ گەل و زەروورەتی کۆتاییهێنان بە هەلومەرجی ناوازە و ئەحکامی عورفی چڕتر کردەوە، کە درێژەدانیان خزمەت بە یەکڕیزیی نیشتمانیی ڕاستەقینە ناکات. پارتیمان لەگەڵ لایەن و هێزە دڵسۆزەکانی تر، خوازیاری زەروورەتی دەستکردن بە گواستنەوە بۆ حوکمڕانییەکی دیموکراسی پەرلەمانی دروست، بوو.

سەرەڕای ئەوەی کە توخمە کۆنەپەرستەکان خەریکی هەڵبەستنی تۆمەتی ئابڕوو بەرانەبوون، کە لە جبەخانەی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی سەعیدی و پڕوپاگەندەی کۆلۆنیالیزمەوە خواستراوبوونەوە و ئاراستەی پارتیمانیان دەکرا و سەرباری ئەوەی کە هەڵمەتی ڕاوەدونانی زۆرێک لە ئەندامانی دیاری پارتیمانی لەخۆگرتبوو، شەش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و بەرپرسانی پارتیمان لە لقەکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە ڕاستگۆیی لەسەر بەڵێنەکەی بۆ خەڵک، بە تێکۆشان لە ڕیزەکانی پێشەوە بۆ بەرگریکردن لە دیموکراسییەت مایەوە، کە لە ژێر هەڕەشە و فرتوفێڵ و پیلانی کۆنەپەرستانەدایە، و داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات، کە بەدیهێنانی ئەو مافە بە دڵی کۆلۆنیالیستەکان و کلکەکانیان نییە، کە بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن بۆ فراوانکردن و چوونە ژوورەوە لەو ڕێگەیەوە.

لەگەڵ چڕبوونەوەی هەڵمەتی ڕاوەدونان و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد، کادیرانی پارتیمان و دیموکراسییەت، لەگەڵ ئەوەی ژیانی حزبی بە گشتی بەرەو ڕووی زنجیرەیەک هەراسانکردن و ڕێکاری کوێرانە، بۆتەوە خەباتی پارتیمان بۆ پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتمانیی چڕتر دەبێتەوە، چونکە باوەڕمان وایە، کە کۆلۆنیالیستەکان و کلکە کۆنەپەرستەکانیان یەکڕیزی نیشتمانییمان و دیموکراسییەت بە گشتی دەکەنە ئامانج. ئەو هەڵمەتە کاتێک گەیشتە لوتکە کە چەتەکانی دەرەبەگەکان کە دەستیان بە خوێنی

دەیان جووتیار لە هاوڵاتیانی دڵسۆزی کۆمار سووربووە، لە چوارچیوەی هەوڵێکدا بۆ بەدرۆ تۆمەتبارکردنی تێکۆشەری دێموکراتخواز، سکرتێری پارتیمان، بوێری ئەوەیان کرد خۆڵ بکەنە چاوانەوە لە مەڕ ڕەفتاری پارتیمان. بەڵام بەیاننامەی ڕاشکاوانەی پارتیمان وەڵامێکی بێدەنگکەرانەبوو بۆ ئەم درۆ نوێیەیان، ڕیسواکردنی ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن و بۆ ئاشکراکردنی نیازی خراپەکاری پشت ئیستغلالکردنی ڕووداوێکی کوشتن کە پارتیمان سەرکۆنەی کرد، هاوشێوەی سەرکۆنەی تیرۆرکردنەکان بە تایبەتی و هەموو ئەو شتانە کە ئاسایش و سەقامگیری بە گشتی، تێکدەدات.

بە دڵنیاییەوە گەلی عێراق، کە پارتیمان وەک هێزێکی دڵسۆزی نیشتمانیی و دیموکراسی دەناسێت و سکرتێرەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەک تێکۆشەرێکی بوێری دیموکراسی دەناسێت، بێ گومان پێکەنین و گاڵتەیان بەم درۆ ڕیسوایانەیان دێت، کە تەنها گومڕاییی و ئاپرووچوون بەسەر ئەوانەی هەڵیان بەستاوە دەهێنێت. پارتیمان کە زیاتر لە ساڵ و نیوێکە داوای تووندترین ڕێوشوێنی کۆتایی هێنان بە تیرۆر و تاوان و سەپاندنی سەروەری یاسا دەکات، ناکرێ دژی تیرۆر و هەموو جۆرە تاوانێک نەبێت. بۆیە ئەم درۆ نوێیانە هیچ کەسێکی پێ هەڵناخەڵەتێ و ڕایگشتی دەزانێت کە کۆڵۆنیالیستەکان لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانیانەوە پیلانێکی نوێ دادەڕێژن بۆ پێچەوانە نیشاندانی حزبەکان و ژیانی حزبایەتی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بانگەواز بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبەکان و نەهێشتنی ژیانی حزبایەتی و دواجار کۆتاییهێنان بە دیموکراسییەت لە عێراقدا.

ئامادەبووانی بەڕێز:

بەم شێوەیە پەرۆشی پارتیمان بۆ یەکڕیزی نیشتمانیی دەبینن و بەشێک لە خەباتی بەردەوامی خۆی بۆ بەهێزکردنی ئەم یەکڕیزییە نیشتمانییە تەرخان کردووە، کە پێمان وایە (وەک هەموو هێز و لایەنە نیشتمانییەکان) بەرەوپێش بردنی پەیوەستە بە دابینکردنی دیموکراسی بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم یەکڕیزییە و پاراستنی ئازادییەکان. دواتر بەرژەوەندی یەکڕیزی نیشتمانیی پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی دۆخە ناوازەکان و گواستنەوەیە بۆ ژیانی پەرلەمانی دیموکراسی و دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات، هەیە. وەک چۆن پارتیمان چەندین جار داوای کردووە.

هاوکات یەکڕیزیی نیشتمانیی پێویستی بە پێدانی ئازادیی تەواو بە حزب و ڕێکخراو

و ڕۆژنامەگەری و ئازادکردنی ڕاگیراو و زیندانیانی سیاسی هەیە، لە ناوبشیاندا سەرکردە و ئەندامانی پارتیمان، یان دەستبەجێ بدرێن بە دادگا مەدەنییەکان و ڕێز لە مافە نەتەوەییەکانی کورد بگیرێت.

لە ناو جەرگەی ئەو جەژنانەی گەلانی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، پێشوازییان لێکرد، پێویستی بەدیهێنانی ئەو داواکاریانە زیاتر لە جاران دەرکەوت. پێویستە گیانی لێبوردەیی و برایەتی لە ڕۆژانی جەژندا زاڵ بێت، ئەمە جگە لە بەرژەوەندی یەکڕیزی نیشتمانیی، کە بەجێگەیاندنی بە پێویست دەزانری.

لە جەژنی نەورۆز، جەژنی ئازادی و بەهار، بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین نزا بۆ یەکڕیزیی نیشتمانیی و گیانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی و برایەتی بکەین، داواش دەکەین حکومەتی نیشتمانییمان ئەو داواکارییە دیموکراسییانەی گەلەکەمان، کە پێشتر باسمان کرد جێبەجێ بکات، چونکە ئەمە خزمەتێکی گەورە بە کۆماری عێراق و یەکگرتوویی ڕاستگۆییانەی دەگەینێت.

ئەوە بیردێنینەوە، سەرکردە عەبدولکەریم پێشتر لە وتارەکەیدا لەو ئاهەنگەی کە بۆ هەمان بۆنە لە ساڵی١٩٦٠دا ئەنجاممانداوە، ڕایگەیاندبوو: (ئێستا ڕێگام دۆزیوەتەوە، ڕێگام دۆزیوەتەوە بۆ گۆڕکردنی کۆلۆنیالیزم لەم وڵاتە و وڵاتانی دراوسێدا. ئایا دەزانن ئەم ڕێگایە چییە؟ ئەم ڕێگایە بەتەواوی خستنە گەڕی گەلە بەرەو ئازادی. ئەگەر کۆلۆنیالیزم توانای نەهێشتنی تاکێک یان چەند تاکێکی، کە ژمارەیان بە سەدان یان هەزارانیش بێت، بەڵام ناتوانێت تەواوی گەلێک لەناو ببات، ئا ئەمە ڕێگای گۆڕکردنی کۆلۆنیالیزمە).

لەکۆتاییدا، پارتیمان ئەو ڕاستیانەی پێشتر ئاماژەیان پێکراوە وەبیر دەهێنێتەوە و داواکارییە ڕەواکانی گەل دووپات دەکاتەوە، متمانەی تەواوی بە توانای گەلی عێراقیمان هەیە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی و چەسپاندنی یەکڕیزیە نیشتمانییەکەی. هیوادارە بەم زووانە ئەو فاکتەرانە نەهێشترێن، کە ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان هاوڵاتیاندا دروست دەکەن و بەڵێن دەدات بەردەوام بێت لە خەبات لە پێناو یەکڕیزی نیشتمانیی و مەرجەکانی چەسپاندنی بەهەر نرخێک بێت، کە بریتییە لە ئازادییەکان، مافە دیموکراسییەکان و مافە نەتەوەییەکانی کورد.[٦٥]

بەخواتان دەسپێرم.

٦٥- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٥٩ لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦١.

دەربارەی پێویستیی بوونی پارتی پێشڕەومان

ڕاستە ژیانی جەماوەر و مێژووی کوردستان و تەوژمی پەرەسەندن و گەشەی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (کوردایەتی) ئەمانە هەموو بوونی پارتێکی پێشڕەوی کورد و کوردستانیان سەپاندووە و بە تەوژمە پێشکەوتنخوازانەکەی بەرەو پێشکەوتن و پێگەیشتنیان بردووە.

هەروەها ڕاستە ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەردەکەون و لەهەموو کاتێک زیاتر، پێویستی بوونی پارتێکی پێشڕەوی کوردستان، کە سەرکردایەتی کردنی ڕەوتی سەرکەوتوانەی گەل بەرەو ئازادی و بەختەوەری بکات.

ئەزموونی خۆمان، هی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەزموونی شۆڕشی کوردستان و ئەزموونی ئەو هەموو خەبات و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەی کە دەیان ساڵە کوردستان بەڕێوەی دەبات و ئەزموونی حزبەکانی تری عێراقی لەکوردستاندا ئەوەش دەسەلمێنێت کە هەبوونی پارتێکی پێشڕەوی کوردستان زۆر پێویستە بۆ سەرکردایەتی خەباتی جەماوەری کوردستان کە لەم قۆناغەدا خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتییە.

هەرکەسێک خۆی لە بوونی کورد و کوردستان گێل نەکات و باوەڕی بە بوونی نەتەوەی کورد هەبێت لەسەر خاکی کوردستانی نیشتیمانی، هەرکەسێک باوەڕی بە ڕەوایەتی کێشەی کورد هەبێت، کە مەسەلەی ڕزگارکردنی میللەتێکی چەوساوەیە کە ماف و نیشتمانیی لە ژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم و نۆکەرەکانی تالانکراوە، دواتریش بەدیهێنانی هەموو ئامانجە نەتەوەییەکانی. ئەوەی تێبگات، کە ماف دەسەندرێت و نادرێت و مافی زەوتکراو بەدەست دەهێنرێتەوە و ناگەڕێتەوە. بەڵێ هەرکەسێک لەو ڕاستییەی پێشەوە تێبگات بە سانایی لە پێویستی یەکجار زۆری پێویستی بوونی پارتێکی پێشڕەوی کوردستان دەگات، هەروەها ئەگەر بزانین کە بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتی لە کوردستاندا هەیە کە تەوژمی گەشەی کۆمەلایەتی تێیدا بەرجەستە دەبێت ئەویش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (کوردایەتی)یە، بزانین کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕەوایە دژ بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکەران، بزووتنەوەیەکی جەماوەری پێشکەوتنخوازە ئەوە بە

ڕوون و ئاشکرایی پێویستی بوونی پارتێکی پێشڕەوی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕمان بۆ دەردەکەوێ کە چەند گرنگ و پێویستە بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد تا ئەو کاتەی دەگاتە ئامانجە ڕەواکانی خۆی و لە لادان و فریودان بە درۆکانی کۆلۆنیالیزم و کلکەکانی بپارێزین و دووری بخەینەوە لە خراپەکانی شۆڤێنیزم و کۆسمۆپۆلیتیزم بۆ دوورکەوتنەوە لە لادان بەلای ڕاست و چەپدا. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووی ژیانی کۆماری عێراقمان کە پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و ئەزموون و ڕێنماییمان دەکات بۆ ئەو ڕێگایەی گەلی کورد مافەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت و داکۆکیکارانی ئەو مافانەمان نیشان دەدات. بینیمان حزبە عێراقییەکان - لە ئەوپەڕی ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپ بە ناوەڕاستەکانیشەوە - مافی کوردیان بەیەکێک لەمەسەلەکانی سەرەکی نەزانیوە، کە دەبێت هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی تەرخان بکرێت، لەکاتێکدا ئەوانەی باسیان کردووە لە ژێر فشاری جەماوەری کوردستان و لەپێناو پڕوپاگەندە و بەدەستهێنانی لایەنگری لەنێو کورددا بووە و هیچیتر. ئەگینا ئالای داواکردنی مافەکانی کورد لەمەعاریفی کوردستانەوە تا ئۆتۆنۆمی تەنیا بە دەستی چالاکوانان و سەرکردەکانی پارتی بەرز کراوەتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەنیا بۆ ئەو ئامانجانە تێکۆشاوە و هەوڵێکی زۆری بۆ داوە. پارتی تاکلایەنە باری قورسی خەباتی بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد و گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بەگوێچکەی گەلانی جیهان و ڕوونکردنەوەی کێشە ڕەواکەی بۆ ئەو گەلانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی گرتۆتە ئەستۆ، ئەمە ڕاستییەکی زەقە پێمان وانییە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێت!

نەبوونی پارتێکی پێشڕەوی کوردستان تەنیا مانای فەرامۆشکردنی کێشەی کورد و بەجێهێشتنی بە چارەسەرنەکراوی و مانەوەی گەلی کورد بە چەوساوە و زەوتکردنی مافەکانی و کۆیلەکردن و دابەشبوونی نیشتمانەکەی و بەم شێوەیە بە مانای لەناوبردنی تەواوی کورد و کوردستان دێت.

بەڵێ ئەوحەقیقەت و ڕووداوانەی خراونەتە ڕوو بێگومان بۆمان دەسەلمێنن کە بوونی پارتێکی پێشڕەوی کوردستان یەکێکە لەگرنگترین پێداویستییەکانی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش، لە پێناو دەرخستنی بنج و ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی

پارتیمان و نیشاندانی ئەوەی کە چۆن پارتیمان لە ناوجەرگەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە سەریهەڵداوە و بۆ داڕشتنی ڕا و بۆچوونە دروستەکان سەبارەت بە پێویستی بوونی پارتی پێشڕەومان و بەدیارخستنی کەڵکەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی گەلان و هێز و پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب و چەسپاندنی کۆماری عێراقمان - کۆماری عەرەب و کورد - و فراوانکردنی ڕێبازە دیموکراسییەکەی. بۆ ڕاڤە کردنی هەموو ئەمانە بە پێویستمان زانی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین.

با بە پێناسەی پارتی پێشڕەو دەست پێبکەین؟ و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی پێشڕەوی پارتەکە؟ پاشان بزانین پارتی پێشڕەو چییە؟ حزب پێکدێت لە:[٦٦]

یەکێتیی وشیارترین تێکۆشەرانی چینێک یان زیاتر (کە لە دۆخێکی هاوشێوەدا دەژین و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە).

یەکێتییەک پێکهێنراو بۆ بەدیهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەڕێگەی ڕێکخستن و سازدان و ئامادەکردنی هێزەکانیان و جولاندنیان و ئاراستەکردنیان لەشێوەی خەباتێکی هۆشیارانەی بەردەوام کە لەگەڵ پێداویستی و ئەرکەکانی بەدیهێنانی ئامانج بگونجێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی خواست و بەرژەوەندییەکانیان و بەدەستهێنانی مافەکانیان. کاتێک توخمە شارەزا و هۆشیارەکانی تێکۆشەرانی چینێک یان چەند چینێک یەکدەگرن و پەیوەندییەکانیان بەپێی بەرنامە و پەیڕەوێکی دیاریکراو ڕێکدەخەن و شێوازە دەستەبەرەکان بەکار دەهێنن و هێزەکانیان بەگەڕدەخەن پاش گردکردنەوە و یەکخستن و هەماهەنگی کردنیان، حزب پێک دێت.

ڕۆڵی پێشڕەو چییە؟

بنەمای ڕۆڵی پێشڕەوی هەر حزبێک لە کۆمەڵگادا بریتییە لە:

لابردن و نەهێشتنی سەرجەم کۆسپ و تەگەرە و کێشەکانی کە هێزە کۆنەپەرستەکان دەیخەنە بەردەم گەشەی کۆمەڵایەتی، بەمەبەستی ڕاگرتن و دواخستنی ڕەوتی گەشەکردن و بەرزکردنەوەی کۆمەڵگا، تێکشکاندنی ئەم هێزە کۆنەپەرستە چەوسێنەرانە (جا بیانی بن یان ناوخۆیی)، بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی خەباتی جەماوەری چەوساوە و سەرکردایەتی کردنی هۆشیارانەی جەماوەر لە پێناو ئازادی و پێشکەوتن و بەختەوەری. کۆمەڵگای

٦٦ - ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٧ لە ٧/ ئەیلوول / ١٩٦٠

مرۆڤایەتی لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەردەوامدایە و هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە و ئەم پەرەسەندنەش بەپێی یاساکانی گەشەی کۆمەڵایەتی ڕووەدات کە کاری کەس نین و لەسەرووی خواستی هەموو خەڵکەوەن، بەڵکو پێویستییەکی مێژوویین کە هەبووە و هەردەشبێت.

بەڵام لەبەرئەوەی هێزە ستەمکار و کۆنەپەرستە چەوسێنەرەکان کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم ئەم پێشکەوتنە حەتمییە و بە هەموو توانای سیستەمی پێشووی خۆیان لە لایەک، بە ڕا و بیروباوەڕ و ئەخلاقی ئەو ڕژێمە لە لایەکی دیکەوە، بۆ ڕێگرتن و دواخستنی، بۆیە بوونی هێزێکی پێشڕەو بۆ ئەم پێشکەوتنە بۆ بڵاوە پێکردنی ئەم دوژمنانە و لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانیان پێویستییەکی مێژوویە. چونکە ڕۆڵی مرۆڤ لە گەشەی کۆمەلایەتیدا لە باشترین حاڵەتدا ئەوەیە کە یاساکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بزانێت و بە دروستی لێیان تێبگات و بەباشی سوودیان لێ وەربگرێت و ڕێڕەوی خۆی بۆ پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە بدۆزێتەوە کە تێیدا دەژی و لەگەڵیدا بگونجێت و ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ ئاسانکاری بۆ پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە بۆ زاڵبوون بەسەرنەیارەکانیدا و پاشان لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانی ئەوان و بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەی تایبەت بۆ گەشەی هەر کۆمەڵگایەک و زانینی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی گەشەی کۆمەلایەتی خۆی زۆر پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی واقیعیانە لە مێژوو و دۆخ و هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت و لە ژێر ڕۆشنایی عەقڵییەتی پێشکەوتنخوازدا توێژینەوەیەکی زانستی ژیرانە ئەنجام بدرێت لێرەدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە تیۆری زانستی، ڕووناکی ڕێنیشاندەرە و ڕێگا ڕووناک دەکاتەوە، نەک دەق و گوزارشتی چەقبەستوو.

پارتی پێشڕەو چۆنە؟ پارتی پێشڕەوی جەماوەری کوردستان دەبێ چۆن بێت؟

لەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای مێژوویی پێویستی پارتی پێشڕەو لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە هەندێک لە هێز و چینە چەوسێنەر و کۆنەپەرستەکان بەرژەوەندی لەوەدایە کە کۆسپ بخەنە بەردەم کۆمەڵگا و دوایبخات بۆیە ڕێگری لە پێشکەوتنی ئاساییانەی کۆمەڵ دەکات کە پێویست بە لابردنی دەکرێت لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بۆیە بۆ ڕزگارکردنی جەماوەری ئەو کۆمەڵگایە لە پای پەراوێز خستن و چەوساندنەوە و بێبەشکردن پێویستە ئەو هێزانە ڕێکبخرێن و ئامادە بکرێن و کۆبکرێنەوە

کە لە بەرژەوەندی پێشکەوتنی کۆمەڵگادان و ئاراستە بکرێن بۆ لەناوبردنی ستەمکارانی چەوسێنەر و کۆنەپەرستان و لابردنی بەربەست و تەگەرەکانیان.

بناغەی مێژوویی بوونی پارتی پێشڕەوی کوردستان

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی. کەواتە لە کوردستانی ئێمەدا چۆنە؟ لەکوردستانی ئێمەشدا و لەکۆمەڵگای کوردستانیشدا ئەم پێویستییە بەڕوونی بەدی دەکرێت واتە پێویستیی مێژوویی بوونی پارتێکی پێشڕەو بۆ جەماوەری کوردستان لە کوردستانی ئێمەشدا هەیە ئەویش ئەوەیە لە کوردستانی ئێمەشدا هەندێک هێز هەن کە ڕێگرن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کلتووری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئیمپریالیستەکان و داگیرکەران و بەکرێگیراوانیان هۆکاری چەوساندنەوە و کڵۆڵی و بێبەشکردنی کورد و کوردستانن. بە پێچەوانەوە دەبێت هەموو هێزە چاکەویستەکانی جەماوەری کوردستان و هەموو ئەوانەی دڵسۆزن بۆ کورد و کوردستان و هەموو ئەوانەی بەرژەوەندی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیان هەیە ڕێکبخرێن و ئامادە بکرێن و چالاک بکرێن بۆ نەهێشتنی ئەو هێزە داگیرکەر و چەوسێنەرانەی کە ڕێگرن لە پێشکەوتنمان. بۆ لابردنی کۆسپ و تەگەرە و کاریگەرییەکانی بەردەم پێشکەوتنی کوردستان، کە بریتییە لە داگیرکاری و هەژموونی دەرەکی و ڕژێمە کۆنەپەرستە شەکەتەکان. هەموو ئەمانە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە دەبێت پارتێکی پێشڕەو هەبێت بۆ جەماوەری کوردستان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە مێژوویییە سەختە ئەمە یەکێکە لە بناغە سەرەکییەکانی بوونی پارتێکی پێشڕەو بۆ جەماوەری کوردستان و دواتر بنەماکانی دیکەش بۆ ئەوە تاقی دەکەینەوە [٦٧].

تێکۆشانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، واتە کوردایەتی

لەوانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە بزووتنەوەیەک کە مێژوو دروستی کردووە لە کوردستاندا سەریهەڵداوە ئەویش بزووتنەوەی (کوردایەتی)یە. (کە تەوژمی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەلایەتی لەم قۆناغەدا دەردەکەوێت) بۆیە بۆ ئەوەی هەر لایەنێک پێشڕەوی ڕاستەقینە بێت دەبێت ئامانجی لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە بێت کە

٦٧ – ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٨ لە ٨ / ئەیلوول / ١٩٦٠

ڕێگا لەبەردەم کۆمەڵگای کوردستاندا دادەخات. واتە ئامانجەکانی ئازادی کوردستان و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بێت چونکە ئەمە بەردی بناغەی هەموو پەرەسەندن و پێشکەوتنێکە. پارتی پێشڕەوی کوردستان دەبێت لەوحەقیقەتە تێبگات کە تەوژمی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی کورد (کوردایەتی) دایە و هەڵگری ئامانجەکانییەتیشی و ئاشکرایە، کە ئەم کارە تەنیا لە لایەن حزبێکەوە دەکرێت، کە لە ناو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی هەڵقوڵاوە، نەک حزبێک یان لقێکی حزبێک لە دەرەوەی کوردستان.

پارتی پێشڕەو ئەو حزبەیە کە نوێنەرایەتی ئەو چین و دەستە پێشکەوتووانە دەکات کە بەرژەوەندییەکانیان بە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە گرێدراوە. کە لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدان و دەتوانن ڕۆڵی پێشڕەو بگێڕن بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکانیان. ئەوە حزبە، کە بۆ لە ئەستۆگرتنی پێشڕەوایەتی دامەزراوە و خەسڵەتی پێویستی تێدایە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە چ لەڕووی ئامانج و ڕێکخستنەوە و چ لەڕووی شێوازی خەبات و ئایدیۆلۆژیای زانستییەوە بێت. ئەم تایبەتمەندییانە بەکورتی بەم شێوەیەن:

١ - ئەندامەکانی دەبێت لە کاکڵەی دەستە و چینە پێشکەوتووەکان بن و ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕی پاک و پتەویان هەبێت، کە شایستەی سەرکردایەتی بێت (بۆ پێشڕەوایەتی).

٢ - ئامانجەکانی دەبێت لە پێداویستییەکانی گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە سەرچاوە بگرن و ئامانجە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابووریەکان وەک یەکبن.. تاد، بۆ بەرژەوەندی زۆرینەی جەماوەر، بە تایبەتی جەماوەری چەوساوەی بەشخوراو و زەحمەتکێش.

٣ - بناغەی کارەکانی و سەرچاوەی بۆچوون و هەڵوێستەکانی دەبێت هەلومەرجی واقیعی ماددی کۆمەڵگا بێت، ئەو هەلومەرجانەی کە هێزی یەکلاکەرەوەن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا.

٤ - دەبێت شێوازی کار و خەباتی شۆڕشگێڕانەی گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی واقیعیانە و ئەرکەکانی، کە پێی سپێردراوە.

٥ - دەبێ ڕێنیشاندەرەکەی تیۆریەکی زانستی بێت، کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت.

لەکوردستانی ئێمەدا دەبێت پێشڕەو گوزارشت لەداخوازییەکانی گەشەی کۆمەلایەتی

بکات و خەباتکارێکی سەرسەخت بێت لەپێناو لابردنی بەربەستەکانی سەر ڕێگاکەی و خێراکردنی ئەم پێشکەوتنە و بۆ ئەوەش دەبێت بەتەواوی ئاگاداری پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و سروشتی گەشەپێدان و پێشکەوتنی بێت و سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە دەبێت شێوەی ڕێکخستنی پارتی پێشڕەو و شێوازی کارکردنی بەتەواوی گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی واقیعی کۆمەڵگا و ئەو بزووتنەوەیەی، کە تەوژمی پێشکەوتن و گەشەسەندنی خۆی تێیدا سەرهەڵدەدات.

لە کوردستانی ئێمەدا، کە داگیرکەران هەموو ڕێگاکانییان بە ڕووی پێشکەوتندا گرتبوو و دەستیان بەسەر هەموو مافە نەتەوەییەکانی کورد داگرتبوو و لەوەتەی کوردستان گەیشتووەتە قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی، کە مەسەلەی ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم و هەژموونی دەرەکی و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بووە بە گەورەترین و بنەڕەتیترین کێشە. لەبەر ئەوەی کوردستان لە ڕووی پیشەسازی و کشتوکاڵ و کلتووری وهیتر. ولاتێکی دواکەوتووەوە بزووتنەوەی کۆمەڵگای کوردستانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان و ئەو بزووتنەوەیەی لە تەوژمی گەشەسەندنی کۆمەلایەتیدا سەریهەڵداوە خۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییە، ئەوەی بە بزووتنەوەی (کوردایەتی) ناودەبرێت. لە کوردستاندا جگە لەم بزووتنەوە جەماوەرییە شۆڕشگێڕانەیە هیچ بزووتنەوەیەکی تر نەبوو، کە وەک دەربڕینی تەوژمی گەشەی کۆمەڵگا جیا ببێتەوە.

بۆیە دەبێت پێشڕەوی جەماوەری کوردستان ئەو حزبەی، کە دەیەوێت و دەتوانێت کۆمەڵگای کوردی بەرەو پێش ببات و خەڵکەکەی لە چەوساندنەوەی داگیرکەران ڕزگار بکات و کار بۆ خۆشگوزەرانییان بکات و کوردستان بگەیەنێتە ڕیزی ولاتانی پێشکەوتوو دەبێت لە شێوەی ڕێکخستن و شێوازی کارکردن و ئامانجەکانیدا لەگەڵ بزووتنەوەی کورد (کوردایەتی) تەواو هاوئاهەنگ بێت ئەگینا لە تەوژمی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی داپراوە و دوادەکەوێت و ناتوانێت کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردستان هەبێت و ناتوانێت پێشیشی بخات.

پارتی پێشڕەو لە کوردستان دەبێت پێشڕەوی بزووتنەوەی کورد (کوردایەتی) بێت بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردییەوە بۆتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، کە بڕبڕەی پشتی لە جووتیاران و کرێکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و کاسبکار و پیشەوەران

پێکهاتووە. تەنها ئامانجە سیاسییەکانی جەماوەر ناگرێتەوە، بەڵکو ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانیشیان دەگرێتەوە.[٦٨]

تێکۆشانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، واتە کوردایەتی

دیارە ئەم پارتە تەنیا حزبێکی کوردستانییە نەک لق یان هەر حزبێکیتر. بنەمای کار، سەرچاوەی بیروبۆچوون و هەڵوێست لە هەر پارتێکی پێشڕەودا بریتییە لەو هەلومەرجە واقیعی ماددییەی ئەو کۆمەڵگایە تێیدا کار دەکات و دەژی، ئەو هەلومەرجانەی، کە هێزی یەکلاکەرەوەن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا.

هەروەک دەبێ شێوازی کار و تێکۆشانی ئەو لەگەڵ هەلومەرج و واقیعدا بگونجێت. پارتی پێشڕەو بە پێی یاساکانی گەشەی کۆمەڵگا (گەشەی کۆمەڵایەتی) کار دەکات و دەزانێت، کە هەموو بزووتنەوەیەک ڕووداوێکی بابەتییە لە دەرەوەی توانای مرۆڤ، ئەوەندەی مرۆڤ دەتوانێت لە بارەیەوە فێربیت و لێی تێبگات و شان بەشانیا ڕێبکات تا بتوانێت ئاراستەی بکات، مرۆڤی ژیر بۆی دەردەکەوێت، کە ناتوانێت خۆی لێ دوور بخاتەوە و هیچ هەوڵێک بۆ خۆڵێ لادانی سودی نابێت.

با ئێستا بچینە ناو ئەم ڕاستییە مێژووییەوە بۆ ئەوەی بزانین بۆ کوردستان چی دەگەیەنێت:

دەیان ساڵە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە چەندین جار بووە هۆی شۆڕشی خوێناوی، زیندانیکردن، کوشتن و لەناوبردنی دەیان هەزار کەس. ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی بابەتییە، کە مێژوو دروستی کردووە و لەلایەن هیچ حزب و کەسێکەوە دروست نەکراوە و لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا خۆی دەردەخات لە ژیانی ئەدەبی و ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتیدا کاریگەرییەکی ڕوونی هەیە و ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییە بەناوی (کوردایەتی)، کە بزووتنەوەیەکی دژ بە کۆلۆنیالیزم و بەکرێگیراوە کۆنەپەرستەکانییەتی. دژی شەڕ هەڵگیرسێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیزە، دژ بە ڕژێمی بۆگەنی شاهنشاهی، دژی حوکمی دیکتاتۆری تۆرانی وهیتر. بەوپێیەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازە سەرکەوتنی دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی بنج و بناغەی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان لە

٦٨ – ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١١ لە ١٢ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

سەرانسەری ڕۆژهەڵاتدا، دوای ئەمانەی پێشەوە ماوەتەوە تاوتوێی هەندێ شێواز و بەڵگەی بە هێزبکەین بۆ پتەوکردنی ئەو بنەما دروستانەی، کە پارتی پێشڕەوی کوردستان لە سەری ماوەتەوە.

١ - کوردستان ئەو نیشتمانەیە، کە کورد هەزاران ساڵ لەمەوبەر تیایدا ژیاوە و هەرچەندە ئەمە دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە بەڵام لەمێژە هەندێک لە کۆسمۆپۆلیتەکانی ناوخۆ ماوەیەکی زۆر نکۆڵیان لەم حەقیقەتە دەکرد و هەروەها داگیرکەران و ئیمپریالیستەکانیش لەمێژە دانیان بەو ڕاستییەدا نەناوە. کوردستان وەک هەر وڵاتێکی تر هەلومەرجی تایبەت و ڕێڕەوێکی تایبەتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەیە و سەرەڕای ئەوەش گەلی کوردیش کێشە و هەلومەرجی تایبەتی هەیە ئاشکرایە ،کە هەموو ئەم شتانە پێویستی بە خەبات و پلان و چارەسەری تایبەت هەیە. دیارە ئەمەش هەر بە حزبی تایبەتی خەڵکی کوردستان دەکرێت. چونکە ئامانجی تایبەت پێویستی بە کۆششی تایبەتە و بارودۆخێکی تایبەت بۆ ئەوە پێویستە.

٢ - لەئەنجامی هەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی لەکوردستاندا و لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی وەک هەر نەتەوەیەکی چەوساوەی لەماف بێبەش کراو لەژێر باری چەوسانەوەی نەتەوەییدا زۆر بەهێزە، لەئەنجامی ئەو ڕاستیانەی لە سەرەوە باسمان کرد تەنیا پارتێکی پێشڕەوی کوردستان دەتوانێت کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ڕابەرایەتی خەباتیان بکات بەتایبەتی دوای ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) بوو بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان، کە مەسەلەی جووتیاران و هەموو چین و توێژە نیشتمانییەکانی تری گرتەوە بەتایبەت لەوڵاتێکی دواکەوتوودا لە ڕووی پیشەسازیی وەک وڵاتی ئێمە، ئەو حزبەی ڕابەرایەتی جووتیاران دەکات بە زەرورەتیش ڕابەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەکات و ئەوەش ئاشکرایە کە ڕێکخستن ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، کەواتە باشترین جۆری ڕێکخستن باشترین شێوەی پارتی پێشڕەوە، کە بەرفراوانترین جەماوەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و هۆشیارترینیان ڕێکبخات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئەمەش تەنیا بە پارتێکی پێشڕەوی کوردستانی دەکرێت.

کەواتە چۆن دەتوانرێت بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی جەماوەری ئاوا لە وڵاتێکدا فەرامۆش بکرێت یان دژایەتی بکرێت، لەکاتێکدا دژایەتیکردن لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ئاوا

شۆڕشگێڕانە خۆی لە خۆیدا خزمەتە بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکەران و خیانەتکردنە دەرهەق بە نیشتمان. دووركەوتنەوە لێی و خۆگلێخاندن لە ئاستیدا دوورکەوتنەوەیە لە واقیع و لە هەلومەرجی ماددی، لە تەوژمی گەشەسەندنی بارودۆخی کۆمەلایەتی، لەو جەماوەرەی کە لە دەوری ئالاکەی کۆبوونەتەوە: کەواتە ئەرکی پارتی پێشڕەو چین؟

ئەرکی پارتی پێشڕەو ڕوون و ئاشکرایە، ئەرکی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییە، ئەمەش بە بانگەشەی پێشڕەوی بەدی ناهێنرێت. بەڵام بۆ ئەوەی پێشڕەوی ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە بێت دەبێت ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە بگرێتەبەر، دروشم و داخوازییەکانی بەرز بکاتەوە و شێوازەکانی خەبات و چۆنیەتی ڕێکخستنەکەی خۆی ڕوون بکاتەوە، بە مەرجێک ئەم پلانانەی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی (کوردایەتی) ماندا بگونجێت.

دیارە ئەمە تەنیا لە توانای حزبی کوردستاندایە و هیچ لق و حزبێکی دیکە ناتوانێت ئەو کارە بکات، بێ لەمە دەبێت پارتی پێشڕەو سەرپەرشتی و سەرکردایەتی هەموو بزووتنەوە جەماوەرییەکان بکات وە نابێت ڕێگە بدرێت لە ڕێچکەی خۆی لابدات. هەروەها دەبێت ئەم بزووتنەوانە بەرەو پێشەوە ببات و لەگەڵ پێشکەوتنی مێژوویی هاوکات بن و لە دەست بەکرێگیراوانی کۆلۆنیالیزم و دوژمنانی گەل ڕێکیان بخەن و بیانپارێزن لە چوارچێوەی قسەکانماندا ئەوە ڕوونە، کە پێشڕەوی کوردستان دەبێت حزبێکی کوردستانی بێت و لەبەر ئەوەی ئەم مەرجانە تەنیا لە حزبی ئێمەدا هەیە بۆیە ئەوە پارتی پێشڕەوی کوردستان.

سەرەڕای ئەوەش پارتی پێشڕەوی ئێمە بەرهەمی پێشکەوتنی بزووتنەوەی کۆمەڵگاکەمان بووە لە کوردستاندا بۆ ماوەی چەندین ساڵ. لە مێژووی خەباتە شەرەفمەندەکەیدا لە ڕێڕەوی مێژوویی و شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی خۆی لاینەداوە[٦٩]

٣ - لەئەنجامی توندوتیژی و درێندەیی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کە بەسەر گەلی کورددا سەپێنراوە و لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە قەوارەی سیاسی خۆی بێبەش کراوە و لەم ڕۆژانەشدا، کە بەردەوام هەواڵی سەرکەوتنی گەلێکی چەوساوە، کە ئازادی و سەربەخۆییان بەدەست هێناوە پێمان دەگا، سەرەڕای ئەو سیاسەتە هەڵەیەی، کە بەشێک لە کۆسمۆپۆلیتانەکانی کورد پەیڕەوی دەکەن، هەموو ئەم فاکتەرانە ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی بەرز لە نێو کورددا و بۆتە

٦٩ - ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٢ لە ١٣ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

هێزێکی ماددی لەنێویاندا، بۆیە پێویست بوو بایەخێکی جددی و سەرپەرشتیکردن و ئاراستەکردن بەو هەستانە بدرێت و وەک چەکێکی یەکلاکەرەوە لە دژی دوژمنە ڕاستەقینەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) واتە کۆلۆنیالیزم و داگیرکەران و کۆنەپەرستە ناوخۆییەکان بەکاربهێندرێن. هیچ لایەنێک ناتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت جگە لە حزبێکی پێشڕەوی کوردستان بە تایبەتی لەم هەل و مەرجەدا، کە هەندێک لە بەکرێگیراوانی کۆلۆنیالیزم و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری – بیرتەسک - هەوڵ دەدەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) لە ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانە دروستەکەی دەربهێنن و ڕوخساری پێشکەوتنخوازی بشێوێنن، پارتی پێشڕەوی کوردستان هەر بە تەنها خزمەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و گەلی کورد ناکا و بەس بەڵکو هەروەها بۆ گەلانی دراوسێ و بۆ پاراستنی کۆماری عێراق و پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد. تەنیا ئەم حزبە دەتوانێت ڕێگری لە لادانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات نەهێڵێ بکەوێتە ژێر کاریگەری کۆلۆنیالیزم و شۆڤێنیستە بیرتەسکەکانەوە، چونکە ئەگەر ئەوانەی کار دەکەن بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) بخەنە سەر لێواری هەڵدێران، و یان گەر بۆیان لوا ڕۆڵێکی سیاسیی ببینن ئەوا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددیان بەرەو دوژمنایەتی گەلی عەرەب و کۆماری عێراق، کۆماری دیموکراسیانەی کورد و عەرەب ئاڕاستە بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورەیە بە دوژمنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) و دوژمنانی کورد و کوردستان و کۆلۆنیالیزم و هاوکارەکانی بەمەش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ دواوە دەگێڕنەوە. بۆیە ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) لەسەر ڕێگای ڕاست و مێژوویی و شۆڕشگێڕانە بڕۆا و شانبەشانی گەلانی دراوسێ و پتەوکردنی یەکڕیزی خەباتی جەماوەری کوردستان لەگەڵ گەلی عێراق بە گشتی لە پێناو پاراستنی کۆمار و ڕێبازە دیموکراسییەکەی و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و ڕابەرایەتی کردنی خەباتی گەلی کورد لە پێناو مافی چارەی خۆنووسین، بۆ هەموو ئەمانە بوونی پارتی پێشڕەوی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستاماندا پێویست و گرنگی تایبەتی هەیە.

٤ – بەرهەڵستی دەرکەوتنیی هەر کۆمەڵەیەکی کۆنەپەرستانە یان گروپێکی شۆڤێنی یان کۆلۆنیالی و سەرکەوتووانە بەرپەرچدانەوەی بلاوکردنەوەی ژەهرەکەی لەنێو کورددا تەنیا لە لایەن پارتێکی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانەوە مسۆگەر دەکرێت هیچ حزبێکی

دیکە ناتوانێت بەرهەڵستی و دژایەتی بڵاوبوونەوەی ژەهری بیروباوەڕە کۆسمۆبۆلیتییە زیانبەخشەکان بکات لەنێو کورددا .

٥ - تەنیا پارتی پێشڕەوی کوردستان دەتوانێت عەدالەتی دۆزی کورد و ڕوخساری پێشکەوتنخوازانەی لەنێو گەلاندا بەرجەستە بکات و کار بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و برایەتی نێوان گەلی کورد و گەلانی دیکە بکات و هاوسۆزییان بەدەست بهێنێت و پشتیوانییان مسۆگەر بکات، کە بەردی بناغەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە.

٦ - تەنیا پارتی پێشڕەوی کوردستان دەتوانێت پڕوپاگەندەی کۆلۆنیالیزم و بوختانەکانی داگیرکەران کە لە هەموو شوێنێکدا بڵاوی دەکەنەوە، پوچەڵ بکاتەوە. ئەو درۆیانەی کە گوایە خەباتی جەماوەری کوردستان (کوردایەتی) پیلانگێڕییەکی دەرەکییە، تۆرانییەکان پێشتر کوردیان بە بەکرێگیراوی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا تۆمەتبار کردووە و ئەم تۆمەتە هەرزانانەیان چەندین جار لە لایەن شۆڤێنیستە عەرەب و فارسەکانەوە دووبارەکراوەتەوە. لەم ڕۆژانەدا ئیمپریالیستەکان و بەکرێگیراوانیان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی) بە کرێگرتەی کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم تۆمەتبار دەکەن. دەزانرێت کە هەموو ئەو پڕوپاگەندانە هیچ پشکێکی ڕاستییان تێدانییە و دوورن لە حەقیقەت و واقیعەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی) بزووتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی دژ بە کۆلۆنیالیزمە و هەروەک بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستیش نییە چونکە ئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمۆنیستی یان دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا نییە، هەروەها بزووتنەوەیەکی تەواو پڕۆلیتاریا نییە و لە ژێر ئاڵای حزبی کۆمۆنیستی و بۆ دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستیدا شەڕ ناکات. هەروەها بزووتنەوەیەکی سەر بە بریتانیاش نییە چونکە کوردایەتی وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دژی کۆلۆنیالیزم و بەکرێگیراوەکانییەتی و هەر لەبەر ئەوەشە دژی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا و کلکەکانیەتی چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی شۆڕشگێڕانەیە و ئامانجە لە پێشینەکانی دەرکردنی کۆلۆنیالیزمە، کوردایەتی بزووتنەوەی جەماوەری کوردستانە و دوژمن و نەیارەکانی ئەوانەن، کە بۆ بەرژەوەندی و ئامانجی خۆیان کار دەکەن و خیانەت لە گەلەکەیان دەکەن و ئەوانەن، کە ئەم بوختانە ناڕەوایانە بڵاودەکەنەوە بۆ لێدان لەم بزووتنەوە جەماوەرییە سەرهەڵداوە بۆیە ڕیسواکردنی بانگەشە و فێڵەکانی داگیرکەران

و بەکرێگیراوانیان زۆر پێویستە، بۆ دەرخستنی ڕوخساری گەشاوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی) و مەسەلەی کورد و بۆ مسۆگەرکردنی هاوسۆزی و پشتیوانی گەلانی جیهان بۆی.

٧ - لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە هەموو پارچەکانی کوردستان گەشە دەکات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردمان لە کوردستانی عێراق بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گشتی بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەدا، کە گەلان بە دوای یەکدا لە چنگاڵی داگیرکەران ڕزگاریان دەبێت و کۆلۆنیالیزم و بزووتنەوە نیشتمانییەکان لە ململانێیەکی تونددان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی کورد (کوردایەتی) یەکێکە لە لایەنەکانی ئەم ململانێیە، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ئەمڕۆ لەدایک نەبووە بەڵکو بزووتنەوەیەکی مێژوویییە، کە مێژوو دروستی کردووە، لەبەر هەموو ئەم هۆکارانەی باسکران تەنیا حزبی پێشڕەوی کوردستان دەتوانێت یەکڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی مێژوویی و نەتەوەیی هەموو کورد بپارێزێت، تەنیا ئەم حزبە دەتوانێت خەباتی کوردستانی عێراق لەگەڵ بەشەکانی تردا ئاراستە بکات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانمان و بەتوانای ئەم حزبە دەتوانرێت ئاڵوگۆڕکردنی هاوکاری و ئەزموون و زانیاری خەبات لەنێو بازنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان بەگشتی ئالوگۆڕ بکرێت. تەنیا ئەم حزبە دەتوانێت بەباشی سوود لەو هەلومەرجە وەربگرێت کە بۆ ئازادی بەشێک لەبەشەکانی کوردستان دەرەخسێت لەڕێگەی دابینکردنی پشتیوانی و هاوکاری پێویست و لەکاتی خۆیدا.

٨ - تەنیا ئەم حزبە پێشڕەوەی کوردستان دەتوانێت پارێزگاری لە یەکڕیزی نیشتمانییانەی کورد لە خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکەران، یەکڕیزی خەباتی کرێکاران و جووتیاران و کاسبکاران و ڕۆشنبیران و بازرگانان و خاوەن زەوییە نیشتمانپەروەرەکان بۆ ئامانجە نیشتمانییە مەزنەکەمان بکات و ئاشکرایە یەکڕیزی خەباتی ئەوان بە مانای کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای یەک حزب نییە، بەڵکو ڕێکخستنیان و یەکخستنی خەباتی هەموو حزبەکان تا ئەوپەڕی توانایە و بەمشێوەیە پێویستی بوونی پارتی پێشڕەوی کوردستان دەردەکەوێت. ئەوپەڕی گرنگی و سوودی لە سەرکردایەتی خەباتی گەلی کورد و پشتیوانی کردن لە خەباتی گەلانی ڕۆژهەلات لە دژی کۆلۆنیالیزم و پێویستیی بوونی ئەو خەباتە بە تووندی و ڕوونی دیارە بۆیە هەموو هەوڵێک بۆ لەناوبردنی یان تواندنەوەی

شکستی هێناوە. [٧٠]

حزبە پێشکەوتووخواز و دیموکراتەکان حزبی پێشڕەون

لەسەرەوە گرنگی پێویستی بوونی پارتی پێشڕەومان بۆ جەماوەری کوردستان ڕوون کردەوە، دوای ئەوەی، کە ئەم بابەتەمان بە تێروتەسەلی ڕاڤەکرد، پێویستە لە سەرمان – بە لەبەرچاوگرتنی – هەل و مەرجی واقیعی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ڕەنگدانەوەی لەسەر تەوژمی پێشکەوتن بۆ گەشانەوەی کۆمەلایەتی و دوای تێگەیشتن لە بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی گەشەی کۆمەڵگا و پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی کوردستان و ڕۆژهەلّات و جیهان و دوای تێڕوانین و تێگەیشتنی ئەوەی سەرەوە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە پارتی پێشڕەوی کوردستان دەبێت تەنیا پارتێکی دێموکراسی و پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ بێت بۆ ئەوەی شایستەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) بێت و سەرپەرشتی ئاراستەکردنی بکات بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و گونجاویەکی تەواو لە نێوان ئامانج و ڕێکخستن و شێوازی کارکردن و بە سازانی تەواوەتی لەگەڵ هەلومەرجی واقیعی کە لەگەڵ خەون و ئارەزووە خەیاڵییەکاندا بگونجێت.

کەواتە ئەگەر پارتی پێشڕەوی کوردستان حزبێکی ڕاستڕەوی خاوەن هزری نەتەوەییانەی لاواز بوایە و حزبێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتووخواز نەبووایە ئەستەم دەبوو جەماوەری زۆر و زەوەند لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و نەیدەتوانی ئامانجەکانی گەل لە کوردستان بەدی بهێنێت و زەحمەت دەبوو سوود لە یارمەتی و هاوکاری گەلانی دیکە وەربگرێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێکخستنی خەباتی گەلی کورد دەبوو و یەکڕیزی خەباتی هێز و دەزگا نیشتمانییەکانی کوردی ناسەقامگیر دەکرد و سەرەنجام دەبووە هۆی لاوازبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و شێواندنی و نیشاندانی وەک بزووتنەوەیەکی دواکەوتوو لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری لە کۆتایشدا دەبووە نێچیری دەستی چەوسێنەرانی داگیرکەر.

گەلی کورد لەمێژە ئەم شێوازەی بە زانستیانە تاقی کردووەتەوە و پێشکەوتن و گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ڕێڕەوی سەرکەوتنی خۆیدا هەموو شێوەکانی حزبە ڕاستڕەو و گۆشەگیرەکانی ڕاماڵیوە لەدوای ئەوەی ڕۆڵیان

٧٠ – ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٣ لە ١٥ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

لەمێژوودا کۆتایی هات و ئیتر مەحاڵ بوو بتوانن هیچ خزمەتێک بەگەلی کورد بگەینێ و لەدوای ئەوەی شێوازی خەباتی بۆتە شێوازێکی کۆن، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی خەباتی جەماوەری ئەم سەردەمی ئێمەدا ناگونجێت.

هەروەها حزبی کۆمۆنیستی عێراق ناتوانێت لە ڕێگەی لقەکەیەوە پێشڕەوی جەماوەری کوردستان بێت وەک لە لێکۆڵینەوەی پێشترمان سەبارەت بە پێویستی بوونی پارتی پێشڕەوی کوردستان سەلماندمان، سەرەڕای ئەوەی، کە ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی (کۆمینترن) لە یەک وڵاتدا دان بە بوونی یەک حزبی کۆمۆنیستی زیاتر نانێت واتە مانای ئەوەیە نابێت حزبی کۆمۆنیستی کوردستان هەبێت و لقی ئێستا هەیە لقی حزبی کوردستانی نییە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابەشبوون و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزانەی، کە لە دەوری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان (کوردایەتی) کۆبوونەتەوە، هەروەک دواکەوتن و دەست نەڕۆیشتنی لق لە ئاراستەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری سەرکردایەتی توخمە نەتەوەییە گۆشەگیرە بیرتەسکەکانەوە چونکە سروشت و شێوازی خەباتی ئەو لقە لەگەڵ واقیعی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی) ناگونجێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ تۆمەتبارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە کلکی بزووتنەوەیەکی تر و هێشتنەوەی بە لەڕ و لاوازی و ببێتە هۆی لەناوچوونی ڕوخساری ئازادیخوازانەی نیشتمانیی و نەتەوەییانەی، کە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی لە هاوسۆزی و پشتیوانی هێزە نیشتمانییە نا کۆمۆنیستەکانی جیهان. ئەگەر پارتی پێشڕەوی کوردستان حزبێکی کۆمۆنیستی بوایە پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کوردایەتی) نەدەبوو. پێش ئەوەی زیانەکانی هەبوونی لقێکی حزبی کۆمۆنیستی لە کوردستان ڕوون بکەینەوە بە باشی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین، کە چەند مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە خودی ئەدەبیاتی مارکسیستی وەرگیراون بخەینە ڕوو، تیۆری مارکسیستی دەڵێت حزبی کۆمۆنیستی موتربەکردنی بزووتنەوەی پرۆلیتاریایە بە بیروباوەڕی مارکسیستی لینینیستی، حزبی کۆمۆنیستیش تەنیا کاتێک پێکدێت، کە پرۆلیتاریا لە ڕووی چۆنایەتیەوە ئەوەندە گەشەی کردبێت و هەستی چینایەتی بۆ ڕێکخستنی وەک کۆمۆنیستیک شیاو و لەباربێت. پوختەی قسەکە ئەوەیە کە پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا و لە ئەنجامی موتربەبوونی بە بیروباوەڕی مارکسیستی لینینیستی، حزبی کۆمۆنیستی دروست دەبێت.

ستالین خۆی لە یەکێک لە وتارەکانیدا ڕایگەیاند (کە لەو ولاتانەی پرۆلیتاریا دواکەوتوو و لاوازە، ناتوانرێ هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی تێدا پێکبێت. (مەراکیشی بە نموونەی ئەمە هێنایەوە)، لەو نامیلکەی پێشتر پارتی کۆمۆنیستی عێراق بلاویکردۆتەوە بە ناونیشانی (بزووتنەوەی جیهانی، مەسەلەی نیشتمانیی و پرسی کۆلۆنیەکان) دەربارەی مەراکیش هاتووە: (.. بەڵام لەو ماوەدا، بەتایبەتی لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا، پیشەسازی لە مەراکیش تا ڕادەیەکی زۆر گەشەی کرد، ژمارەی پرۆلیتاریا زیادیکرد و حزبی کۆمۆنیست دامەزرا) واتە پاش ئەوەی پیشەسازی تا ڕادەیەکی زۆر پێشکەوت و ژمارەی پرۆلیتاریا بە بەردەوامی زیادیکرد، حزبی کۆمۆنیستی سەریهەڵدا. لە کوردستاندا بزووتنەوەی پرۆلیتاریا نەبووە، کە بە پرنسیپەکانی مارکسیست لینینیستی موتربە بکرێ و دواتر حزبی کۆمۆنیستی دابمەزرێ. بەڵکو لقی حزبی کۆمۆنیستی لەلایەن خوێندکارانەوە کرایەوە و توانیان ژمارەیەک کرێکار لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، واتە پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستی لە ئەنجامی موتربەکردنی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بە بیروباوەڕی مارکسیستی لینینیستی نەبووە _ وە تا ئێستا ڕووی نەداوە - بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی ئاڕاستەکار و سەرکردەکانیان لە ڕۆشنبیرانن – مامۆستا و خوێندکارن - کە بە دڵنیاییەوە هیچ پەیوەندیەکیان بە پرۆلیتاریاوە نییە.

کۆمۆنیستەکانی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە تەنیا حزبی کۆمۆنیستی پارتی پێشڕەوە و هیچ پارتێکی دیکە لە جیهاندا ناتوانێت ببێتە پارتی پێشڕەو و ئەمەش پشت بە قسەی هەندێک لە فەیلەسوفانی مارکسیست لینینیست دەبەستن، ئێمە گەر سەیری خەباتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا بکەین بە ڕوونی دەبینین ئەو حزبانەی بە ڕۆڵی پێشڕەوی هەڵساون و هەڵدەستن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی و سەرکردایەتی خەباتی گەلەکانیان لە دژی کۆلۆنیالیزم و مافی چارەی خۆنووسینیان، حزبی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازن نەک حزبی کۆمۆنیست. نموونەی زۆر لەم شێوەیە لە ولاتانی ئەفریقا وەک غینیا و غانا و کامیرۆن و سۆماڵ و کۆنگۆ و هیتر. ئەو حزبانەی ڕۆڵی سەرەکی لە هەموو ئەم ولاتانەدا دەگێڕن حزبی دیموکراتی جەماوەرین نەک حزبی کۆمۆنیستی و تەنانەت هیچکامیان حزبێکیان نییە بە ناوی حزبی کۆمۆنیست.[٧١]

٧١ – ڕۆژنامەی خەبات ژمارە٣١٤ لە ١٦/ ئەیلوول / ١٩٦٠.

زیانەکانی تری بوونی حزبی کۆمۆنیست لە کوردستان

١ - بوونی حزبی کۆمۆنیستی دەبێتە هۆی داپڕانی بەشێک لە جەماوەری کوردستان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەو ڕۆشنبیر و کاسبکار و جووتیارانە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆیان لە خەبات و گرتنەبەری ڕێبازی ڕاست و دروستی مێژوویی بزووتنەوەی گەلەکەیان، بەمەش بزووتنەوەی نیشتمانیی دووچاری گاڵتەجاڕی دەبێتەوە، ئەمەش - ڕێژەییانە - بە هۆکارێکی گرنگی لاوازی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دادەنرێت لە کۆتایی دووەم جەنگی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ.

٢ - لەبەر ئەوەی بوونی لقی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستاندا بەشێوەیەکی نائاسایی دروست بووە، چونکە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردستاندا هەڵنەقوڵاوە، مانەوە و بەردەوامبوونی هاندەرە بە ڕێڕەوی هەڵەدا بچێت و تۆمەت و درۆ و دەلەسەی ناڕاست، کە دووبارە لە دادپەروەری، بلکێنی بە حزبە شکۆدارەکەمان. لەگەڵ ئەوەشدا پارتیمان چەندین هەوڵی داوە بۆ ئەوەی بیانگەڕێنێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاست و پابەند بێت بە لایەنی ژیرانە لە وەلاّمدانەوەی ئەو دەنگۆیانە و- چەند جارێک - بە نابەدڵیەوە ناچاربووە وەلاّمیان بداتەوە، هەموو ئەمانە بۆتە هۆی لە دەستدانی بەشێک لە وزەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەم شەڕە لاوەکییەدا کە ئێمە پێویستیمان پێی نییە.

٣ - دامەزرێنەرانی لقی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستان ڕێگایان بۆ هێرشێکی دڕندە و منداڵکارانە بۆ سەر کورد و کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد بۆ لقەکەیان خۆشکرد و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە کورد نەتەوەیەکی تایبەت پێک ناهێنن بۆیە بۆیان نییە داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن و ناشتوانن ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان هەبێت. ئەمانە ئەم ڕێچکەی خەباتەیان بۆ ئەوە گرتۆتەبەر تا خەڵکی ساویلکە لەناو جەماوەر بۆخۆیان ڕابکێشن بۆ ڕیزی کۆمۆنیستی، ئەوان بە هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەوشێوەیەی سەرەوە خزمەتێکی گەورەیان بە دوژمنانی گەلی کورد کردووە و زیانێکی گەورەیان بە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی گەیاندووە و لە زۆر حاڵەتدا بە پاڵنەری دەمارگیریی حزبی تەسکەوە ئاگریان ئاراستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان کردووە لەجیاتی ئەوەی ئاراستەی دوژمنانی کورد و کوردستانی بکەن و هێشتا خەڵک یادەوەری تاڵی ئەو کارە نەشیاوانەیانی بیرە

کە هێندە زۆرن پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات. مەودای ئەو هێرشە ناڕەوایانەی کە لقەکە ئەنجامیداوە بۆ سەر کورد و کوردستان وەنەبێ هەر تەنیا لە ولاّتدا مابێتەوە بەڵکو سەبارەت بەوەی حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان و کەمپی سۆسیالیستیش بەهۆی ئەو پەیوەندییە دۆستانەیە، کە لەگەڵ ئەو بازنەیەدا هەیەتی دەگرێتەوە، چونکە درۆ و بانگەشەکانیان سەبارەت بە کورد و کوردستان لەسەر ئاستی جیهان ڕەنگیداوەتەوە، لەم هەوڵە ناشەرەفمەندانەیاندا هەندێک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

٤ - بوونی لق لە کوردستاندا تەنانەت بە پێی تیۆری مارکسیزم - لینینیزم هەڵەی گەورەی لێدەکەوێتەوە چونکە دەبێتە هۆی لادانی ململانێی چینایەتی لە ڕەوتی مێژوویی خۆی و یەکڕیزی خەباتی گەل لە دژی گەورەترین دوژمنی ڕاستەقینەمان، کە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستییە، هەڵدەوەشێنێتەوە دیارە ئەو خەباتە نیشتمانیی و نەتەوەییەی خەڵکی کوردستان دەیکەن لە هەمان کاتدا خەباتێکی چینایەتییە ئەرکی ئەوانەیە، کە لە کوردستان و هەر ولاّتێکی هاوشێوە لە ئاستی گەشەکردندا بیر و بۆچوونی مارکسیستی لینینیستیان هەیە، کە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە پلەی یەکەم دابنێن و نەبنە هۆکاری پەرش و بلاّوکردنەوەی هێزە نیشتمانییەکان و گۆشەگیرکردنی بەشێک و لادانی بەشێکی دیکە و لە کۆتایدا نەبنە هۆی لاوازکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان.

٥ - بوونی لقی حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان زەمینەیەکی گونجاوی بۆ هەلپەرستان و دەستە ڕاڕاکان ڕەخساندووە کە هیچ مەرام و پەرۆشیەکیان لە پشت بەشداریکردنیان لە کاری سیاسیدا نییە جگە لە دەستخستنی دەسکەوت و تالاّنی و ڕاکردن بەدوای ئامانج و ئاواتەکانی شەخسیدا و ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەی، کە ئەو لقە دژی پارتی پێشڕەومان گرتوویەتیەبەر، یارمەتی ئەو هەلپەرست و ڕاڕایانەی داوە، کە یاری لەسەر پەتی سیاسەت بکەن و بواری ڕیسواکردن و دژایەتی کردنی پاککردنەوەی کەشی سیاسی لە خراپەکانیان بەرتەسک کردۆتەوە ئەمانە ئێستا ئەو نەخۆشیە درمانەن، کە بزووتنەوەی نیشتمانیی لە کوردستان بە دەستیەوە دەنالّێنی پێویستە بە زووترین کات بزووتنەوەکە لێیان پاکبکرێتەوە.

٦ - بوونی ئەم لقە کۆمۆنیستیە دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەو پەیوەندیانەی، کە پێویستە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پتەوتر بکرێن بوونی لقی کۆمۆنیست

دەبێتە هۆی پچڕان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندیانە، کە لەبنچینەدا بوونی هەیە و سەرەنجام هاریکاری دوولایەنەی نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی لە پارچەکانی کوردستاندا لەناودەبا، بێگومان لە توانا دانییە کوردستان ڕزگار بکرێت و یەکبخرێتەوە بەبێ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی نێوان پارچەکانی کوردستاندا.

٧ - بوونی لقی کۆمۆنیست کێشەی کورد لە مەیدان دوورەخاتەوە چونکە لقی کۆمۆنیست، کێشەی کورد وەک کێشەیەکی سەرەکی تایبەت نابینێت بەڵکو بە بەشێک لە حزبێکی عێراقی دەزانێت و ئەم حزبەش خەباتی لە پێناو کورد و کوردستان و کێشە ڕەواکەی تەرخان نەکردووە و ئەم لقەش ناتوانێت لە داهاتوودا وەک پرسێکی سەربەخۆ خەبات بۆ ئەم کێشەیە بکات و بەم شێوەیە بوونی ئەو لقە ڕێگرە لەوەی مەسەلەی کورد لەلایەن گەلان و وڵاتانی جیهانەوە وەک مەسەلەی میللەتێکی چەوساوە دەربکەوێت و ڕوون بکرێتەوە و بە ڕاستیش ئەوەمان بینی لە دەرەوە و چۆن بەرهەڵستی وەفدەکانی کوردستان و نوێنەرانی گەلی کورد لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا کردووە و چۆن دژایەتی هەموو ڕێکخراو و دەزگا سیاسییەکانییان کردووە کە هەڵگری ناوی کوردستانن.

٨ - بوونی لقی کۆمۆنیست دەبێتە هۆی نەهێشتنی قەوارەی گەلی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان، بۆیە هەمیشە بە تووندی دژایەتی پارتی پێشڕەومان و ڕێکخراوە دێموکراتەکانی کوردستان، وەک ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان و ژنانی کوردستان دەکات. [٧٢]

بۆچی ئیمپریالیستەکان تۆمەتی کۆمۆنیزم بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە دەلکێنن؟

پێشتریش ئەو زیانانەمان ڕوونکردەوە کە بوونی لقێکی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لەکوردستان لێکەوتۆتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ناکرێت سوود لە حزبێکی کۆمۆنیستی لەو جۆرە لە کوردستاندا وەربگرین، هەروەک دەبێتە هۆی بۆیەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە بۆیەی سوور کە تەنانەت خودی کۆمۆنیزم پێی ڕازی نییە، چونکە بزووتنەوەیەکی داتاشراوی لەم جۆرە نابێتە دۆستی یەکێتیی

٧٢ - ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٥ لە ١٨ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

سۆڤییێت و گەلانی سۆسیالیست.

ئێستا پێمانوایە پێویستە بزانین ئەو زیانانەی کە بەهۆی ناساندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد وەک بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی. سەیرکردنێکی خێرا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانییانەی گەلانی جیهان، لە ئەندۆنیزیا تا کوبا، بە ڕوونی نیشانمان دەدات، کە گەلانی ئازادیخواز هەمیشە هەوڵ دەدەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خۆیان وەک حەقیقەتی، کە هەیە نیشان بدەن و تۆمەتی کۆمۆنیزمی لێ دوور بخەنەوە، کە هەمیشە لەلایەن داگیرکەران و کلکەکانیان لە دژی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز لە سەرانسەری جیهاندا ئاراستە کراوە. لەوانەیە کەسانێک هەبن و پرسیار بکەن هۆکارەکان چین بۆ پاڵنانی خەڵک بە ئاڕاستەیەک و داگیرکەران بە ئاڕاستەیەکی تر. ئەم ئاڕاستەیەی گەلان دەرئەنجامی ئەو ڕاستییە نییە، کە بزووتنەوەکانیان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نین و نە لە بەر ئەوەی کە ئێستا لە شۆڕشە ئازادیخوازیەکانییان ئامانجیان بنیاتنانی سۆسیالیزم نییە، یان لەبەر ئەوەی بزووتنەوە نیشتمانییەکانیان بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نیشتمانیی و سەربەخۆیی و چاکسازی دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتین، هەروەک هەوڵی داگیرکەرانیش هەروەها ناگەڕێتەوە بۆ درک نەکردنیان بە ڕاستییەکان بەڵکو لەبەر ئەوەی هۆکاری ڕاستەقینە، کە هەردوولا پاڵدەنێ بۆ ڕێکردن بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکتر، چونکە ڕەنگ کردنی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلان بە ڕەنگی سوور ئەم زیانانەی خوارەوەی پێدەگەینێ:

١ - دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی بواری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلان و پەراوێزخستنی هەندێک چین و گروپی ئازاد، کە سەربەخۆن لێی بە واتایەکی تر دەبێتە هۆی دابڕانی هێزە نیشتمانییەکان و پاڵ بە بەشێک لە دژە کۆمۆنیستەکان و ئەوانەی شوێن پێی ئەوان و هەلپەرستەکان دەنێت لە ژێر کاریگەری ڕۆوپاگەندە و فریودانەکانیان لە کۆلۆنیالیزم نزیک ببنەوە بەتایبەتی کاتێک بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەرەو ڕێڕەوی لادانی چەپی کوشندە دەخزێت، ئەو کارە مندالانەییە و ئاژاوەگێڕیانەی لە عێراقدا ڕوویانداوە بوونەتە هۆی زیادبوونی بەرچاوی مەترسی ئەم گروپانە.

٢ - بیانوی تازە دەخاتە بەردەم داگیرکەران و کۆنەپەرستەکان بۆ لێدان و لەناوبردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی و پاکتاوکردنی، هەرگیز ناکرێت بە گەمژەیی باسی هەوڵەکانی داگیرکەران و شۆڤێنیستە عەرەبەکان و هەندێک لە خیانەتکارانی کورد بکەین لە هەوڵیاندا

بۆ سوورکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد وەک ئامادەکاریەک بۆ لێدانی.

٣ - بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە سۆزی گەلانی نا سۆسیالیست، بە گەلانی ولاتانی میترۆپۆلیشەوە بێبەش دەکات و بیانوو بۆ داگیرکەران دروست دەکات تا سیاسەتی کۆلۆنیالییانەیان لەگەڵ گەلانی خۆیان و گەلانی تری جیهان بە پاساوی بەرگرتن لە کۆمۆنیزم. ئەگەر ئەم دەرفەتە بە داگیرکەران نەدرا ئەرکی ئاشکراکردنی درۆ و بوختانەکانیان تاڕادەیەک ئاسانتر دەبێت و لە ئەنجامدا داگیرکەران لەو بیانووانە بێبەش دەبن کە پشتی پێ دەبەستن بۆ چەواشەکردن و فریودانی گەلانی خۆیان و گەلانی دیکە و لە بانگەشەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی کۆمۆنیزم بە تایبەتی کە ئەو پشتیوانییەی گەلانی تێکۆشەر بۆ ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین لە گەلانی دیکەی جیهان و هێزە خێرخوازەکانیان بەدەستیان هێناوە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بەرژەوەندی داگیرکەران لە تێکۆشانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتن، پارتی بەتەنها بە پێشڕەوی جەماوەری کوردستان دەمێنێتەوە.

لەو ڕاستییانەی لە پێشەوە باسکران دەردەکەوێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە پێشڕەوی جەماوەری کوردستانە چونکە لە دڵی کوردستاندا لە ئەنجامی موتربەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی و ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردستان بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخوازەوە سەریهەڵداوە و شۆڕشەکەی بارزانیش بەم شێوەیە بەرجەستەی کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرجەم مەرجەکانی پارتی پێشڕەوی جێبەجێ کردووە و توانیویەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەرەو هەموو ئامانجەکانی ڕابەرایەتی بکات. هەموو حزبەکانی تر چ شۆڤینی کورد و چ ڕاستڕەوی سەر بە کۆلۆنیالیزم یان چەپە لادەرەکان ناتوانن پێشڕەوی خەڵکی کوردستان بن و تەنیا زیان بە کوردستان دەگەینن و ئەمەش بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوە نییە کە گۆچان بەکار بهێنین بۆ لەناوبردنی لقی حزبی کۆمۆنیستی عێراق یان هەر حزبێکی دیکە ، بەڵکو ئەمە بۆچوونی ئێمەیە و باوەڕمان وایە ڕاست و دروستە و مێژوو لەڕێڕەوی خەباتماندا دەیچەسپێنێت و دەیسەلمێنێت بەگرتنەبەری ڕێچکەی زانستی وشێوازی دیموکراسی و کێبڕکێی ئاشتیانە لە بەدرۆخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە بەهەڵە و زیانبەخشی دەزانین بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان. [٧٣]

٧٣- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٨ لە ٢١/ ئەیلوول / ١٩٦٠.

گەشتێک بە بولگاریای نوێدا

(١)

بەرەبەیانی ٦ ی ئەیلوولی ١٩٦٠ کاتژمێر چوار و چارەکێک بەرەو فڕۆکەخانەی بەیروت بەڕێکەوتین، دوای کاتژمێرێک چاوەڕوانی فڕۆکەکە گەیشت ئێمە بەرەو لای چووین و سواربووین، فڕۆکەکە ئێمەی بردە ئەسینای پایتەختی یونان – ولاتی کۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی – دوای پشودانی نزیکەی کاتژمێرێک لە فڕۆکەخانە، فڕۆکەکە بەرەو سۆفیا ڕۆیشت و نزیکەی دووکاتژمێر و نیو دواتر گەیشتینە ئەوێ.

کاتژمێر یازدە و چل خولەکی پێش نیوەڕۆ گەیشتینە سۆفیا. ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی بولگاری لە فڕۆکەخانە لە پێشوازیمان دابوون، لەوانە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بەرەی نیشتمانیی) زمانحاڵی بەرەی نیشتمانیی، سەرنووسەری تاکە ڕۆژنامەی ئێوارانە لە سۆفیا و بەڕێزان (بێلجیێف و کۆلیمانۆف و تیمکۆف) هەروەها نوێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بولگار بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی سەندیکاکە و نوێنەری بەشی ڕۆژنامەوانی دەرەوە ئامادەبوون.

دوای پێشوازی لێکردنمان چووینە چێشتخانەی فڕۆکەخانە، دیسانەوە لەوێ پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین. بە نوێنەرایەتی ئێمە مامۆستا فازیل مەهدی قسەی کرد، سوپاسی پێشوازیکردن و میوانداریەکەی کردن، دواتر نۆرەی من هات و بۆم ڕوونکردنەوە، کە مەبەستمانە ئەم سەردانە بکەینە فاکتەرێک بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان هەردوو گەلەکەماندا، بە هێزکردنی دۆستایەتیمان، هەروەها بۆ ناسینی بولگاریای جوان بە ئەمانەتەوە ئەوەی دەیبینین بگەینینە گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبیەوە.

دوای پشویەکی کورت بە ئۆتۆمبێل بەرەو سۆفیا ڕۆیشتین، کە شارێکی جوان وخاوەن باڵەخانەی بەرز و دەکەوێتە نزیک کێوی (فیتۆشا) کە دارستانی چڕ دایپۆشیوە. هەندێک گوندی جوانمان بینی کە لە هاوینەهەوارەکانی لوبنان دەچن لە ڕووی تەلارسازی و

جوانییەوە، لە ڕۆژی دووەمدا هەندێک لەم گوندانەم بینی، هەروەها (سابیر خۆشناو)ی برامان پێی گوتم هەموو گوندەکانی بولگاریا هاوچەرخن، بینای جوان و کۆشکی نوێیان هەیە، بە گشتی نیوەی بیناکانی سەرتاسەری بولگاریا تازەن و دوای ڕزگاری بنیات نراون. لەناو جەرگەی سۆفیا چواردە گەڕەکی نوێ هەیە، هەموویان بینای بە شکۆن، کە هەروەها بە جوانی شێوەکانیان دەناسرێنەوە.

لە سۆفیا بردمانیانە یانەی ڕۆژنامەنووسان، لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد و گوزارشتی خۆشی و موجامەلەی ئاساییمان ئالوگۆڕکرد. پاشان بردمانیانە هۆتێل بولگاریا کە یەکێکە لە هۆتێلە شکۆدارەکانی پایتەخت، لەوێ بۆ هەریەکێکمان ژوورێکی زۆر ئارام دیاریکرا کە هەموخزمەتگوزارییە پێویستەکانی تێدا فەراهەم بوو. لەسەر داوای خۆمان کاتژمێر شەشی ئێوارە بەرەو ئەو باڵەخانە گەورە و بە شکۆیە ڕۆیشتین، کە ڕۆژنامە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی بولگاریای تێدایە، وەک ڕۆژنامەی (ڕابۆ تیجیسکۆ – دیلۆ) زمانحاڵی حزبی شیوعی بولگاریا و ڕۆژنامەی (ئۆیتجیستفین فرۆنت)زمانحاڵی بەرەی نیشتمانیی. چووینە ناو باڵەخانەکە و بۆ نهۆمی سێیەم سەرکەوتین، کە نووسینگەکانی ڕۆژنامەی بەرەی نیشتمانیی لەوێ بوون. چووینە ناو نووسینگە پڕشکۆکەی سەرنووسەر، کە کتێبخانەیەکی زەبەلاح، کتێبی جۆراو جۆر و سەرچاوەی میژوویی و سیاسی و ئابووری و کلتووری تێدابوو.

زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەی ئۆیتجیستفین فرۆنت

ئەم ڕۆژنامەیە، کە زمانحاڵی بەرەی نیشتمانییە لەسەروبەندی دووەم جەنگی جیهانیدا لە لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی بولگاریا پێکهاتووە و دوای شۆڕشی ٩ ی ئەیلوولی ١٩٤٤ جڵەوی دەسەلاتی لە بولگاریا گرتۆتە دەست. ئەم ڕۆژنامەیە بە هۆی قەیرانی کاغەزەوە ڕۆژانە لە نێوان (١٨٠ – ٢٠٠) هەزار دانە چاپ دەکات. ئەگەر کاغەز بەردەست بووایە لەوانەبوو زیاتری لێ بفرۆشرایە. سەرنووسەرەکەی بەڕێز (کلیۆفسکی) یە و بەڕێز (ئەنکڵ نیکۆلۆف) لە سەرنووسەرایەتی هاوکاری دەکات. دەستەی نووسەرانی سەرەکی لە نۆکەس پێکدێت کە لە ڕێزی باشترین سەرنووسەرانی بەشە جیاوازەکانی ڕۆژنامەکە هەڵبژێردراون. هەربەشێک ستافێکی چوار کەسی هەیە: سەرنووسەر، جێگرەکەی و دوویاریدەدەر. ڕۆژنامەکە چەندین گۆشەی هەیە لەمانە سەروتار کە بەدەگمەن بەبێ ئەوە بڵاودەبێتەوە.

گۆشەکانی تریش بریتین لە: ئەنجومەنەکانی گەل، بەرەی نیشتمانیی و ڕێکخراوەکانی، ئابووری، کشوکاڵ، سیاسەتی دەرەوە، ڕۆشنبیری و پەروەردە، هەواڵ، وەرزشی ناوخۆیی، ئەدەبیات، وێنە وێنەکێشان، بەشی خوێنەران.

کێ سەروتار دەنووسێت؟

لە لایەن سەرنووسەر، یان جێگرەکەی، یان یەکێک لە یاریدەدەرەکان، یان هەر نووسەرێکی شارەزا لەم بوارە دەنووسرێت. بۆ نموونە ئەگەر بابەتەکە ئابووری بێت ئەوە سەرنووسەری گۆشەی ئابووری سەروتارەکە دەنووسێت بە نۆ دانە بە تابیعە چاپ دەکرێت و بەسەر دەستەی نووسەری گۆشەکان دابەش دەکرێت بۆ گفتوگۆ و ڕاستکردنەوە. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی، دەنێردرێت بۆ چاپخانە.

کەرستەکانی ڕۆژنامە و بابەتەکانی سەروتار:

هەموو ڕۆژانێکی پێنج شەممە دەستەی نووسەرانی هەموو گۆشەکان کۆدەبنەوە، پێشنیارەکانی خۆیان بۆ هەفتەی دواتر پێشکەش دەکەن. لە ڕۆژی شەممەش دەستەی نووسەرانی سەرەکی کۆدەبنەوە و باشترینی پێشنیارەکان هەڵدەبژێرن بڕیارێک دەدەن سەبارەت بە ڕێنماییە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکە بۆ هەفتەی داهاتوو تەنانەت بۆ بابەتەکانی سەروتاریش، ئەمەش دڵنایی دەدات کە ڕۆژنامەکە بەگوێرەی پلانێکی دیاریکراو بەرەو خەڵک ئاڕاستە دەکرێت نەک بە گۆترەجاری. ئەگەر ڕووداوێکیش هاتە پێش پێویستی کرد بکرێتە بابەتی سەروتار دەرحال بە بێ دوودڵی بڕیاردەدرێت بەبێ خۆپابەندکردن بەو بڕیارەی پێشینە بۆ بابەتەکان دراوە. ئەو بابەتانەی کە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە بۆ هەربەشێک ئامادە دەکرێن دەخرێتە بەردەستی سەرنووسەری گۆشە یان یاریدەدەرەکەی بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر چاپ کردنی بدەن.

نووسەران و پەیامنێران و مووچەکانیان:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەستەی سەرەکی نووسەران لە نۆ کەس پێک دێت، هەر گۆشەیەک دەستەیەکی نووسەرانی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە چوار کەس پێکدێت. هەموو ئەمانە مووچە وکرێی ئیزافی وەردەگرن لە پای هەر وتارێک، کە دەینووسن. سێزدە

نووسەریش لە پایتەخت و دەرەوەی هەن کە بە پارەیەکی دیاریکراو بەشداری لە نووسین بۆ ڕۆژنامەکە دەکەن. سەرباری ئەمانە (٢٠٠٠) پەیامنێری خۆبەخش لە سەرانسەری وڵاتدا هەن. پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە دەرەوەی وڵات مووچەیەکی زۆر وەردەگرن، بۆیە ئەگەر بابەتی گرنگی ڕەوان کردبێت ئەوکاتە کرێی پێدەدرێت.

هەروەک ڕۆژنامەنووسانیش شەوان و لە کاتی کارکردندا ژەمی تایبەت دەخۆن و ڤێلای ڕۆژنامەنووسان لە کەمپەکانی هاوینەدا هەیە، هەروەها لە (ڤارنا) لەسەر دەریا خانوی تایبەت هەیە بۆ پشودانی ڕۆژنامەنووسان.

پاشان هەڵساین بۆ ئەوەی گەشتێک بەناوباڵەخانە بەشکۆکەی(نهۆمی سێیەم)ی، کە تایبەتمەند کراوە بەم ڕۆژنامەیەوە، ئەم نهۆمە دەیان ژوور لەخۆ دەگرێت، کە هەموویان فەرش ڕێژ و بە جوانی ڕێکخراون، کە ئەمەش ئارەزووی نووسەر زیاد دەکا بۆ نووسین و بەرهەمی باشتر.

لە ژووری یەکەمی تایبەت بە (سیاسەتی دەرەوە) ئامێری تۆمارکردن، ڕادیۆ، ئامێری چنینەوەی هەواڵ و پەیوەندییە تەلەفۆنییە جۆراوجۆرەکان، ئامێری تابیعە. لە ژووری دووەمی (سیاسەتی دەرەوە)دا سەرنووسەرەکان و پەخشەکانی ئاژانسی هەواڵییە جیاوازەکان بەتایبەت ئاژانسەکانی بولگاری کاردەکەن.

پاشان سەردانی ئەو باڵەخانە گەورەیە، کە کەوتۆتە پشت باڵەخانەی دەستەی نووسەران، کە چاپخانە و ئامێری جۆراوجۆری لاینۆتایپ لەخۆ دەگرێت. بە ڕاستی سەرم سوڕما، کە نزیکەی (٢٦) ئامێری لاینۆ تایپ و دەیان مەکینەی چاپمان بینی ، کە توانای چاپکردنی ڕەنگاوڕەنگ و چاپکردنی ڕەش و سپییان هەبوو. لە نێویاندا مەکینەیەکی گەورە وەک کارگەیەکی گەورە، توانای چاپکردنی سێسەد و بیست هەزار دانە ڕۆژنامەی بە هەموو لاپەڕەکانییەوە هەبوو بە حەوت ڕەنگ لە یەک کاتژمێردا. ئەم چاپخانانە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوەندی و کتێبیان چاپ دەکرد.

دوای کۆتایی هاتنی سەردانەکەمان و سوپاسگوزاریمان بۆ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ئۆیتجیستفین فرۆنت) و هاوەڵەکانمان لەوانە هاوەڵی زۆر میهرەبانی بولگاریمان بەڕێز (بێلجیڤ) هەرەها برامان عەبدولڕەزاق حوسێنی بە ڕەچەڵەک عێراقی، کە بێپایان هەوڵیدا بۆ یارمەتیدانمان. پاشان بۆ نانخواردنی ئێوارە گەڕاینەوە یانەکە بە شەقامەکانی شاردا تێپەڕین، کە خۆیان بۆ ئاهەنگی گەورەی جەژنی نیشتمانیی ئامادە

دەکرد. شەقام و باڵەخانە و ئاپارتمانەکان بە ئالاّ و لافیتە و وێنەی سەرکردەکانی حزب و دەوڵەت و هەروەها وێنەی لینین، ماركس، دیمترۆف و بلاغیۆفی دامەزرێنەری حزبی بولگاری ڕازێنرابوونەوە. .[٧٤]

٧٤- رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٦ لە ١٩ ی ئەیلوولی ١٩٦٠.

گەشتێک بە بولگاریای نوێدا

(٢)

لە کارگەی کانزاسازی لینین

بەرەبەیانی ٧ ی ئەیلوولی ١٩٦٠ زوو لە خەو هەڵساین، ئەو هۆتێلەی لێی دابەزیبووین – هۆتێلی بولگاریا – بە یەک لە هۆتێلە جوانەکان دادەنرێ و دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی. بۆیە چوومە باڵکۆنەکە بۆ ئەوەی سەیری بولگارییەکان بکەم، کە بە پەڕۆشی و چالاکییەوە بۆ سەر کارەکانیان دەڕۆن. کەش و هەوا خۆش بوو، هاوشێوەی کەش و هەوای سەرەتای مانگی ئایار لە کوردستان. پاشان گەڕامەوە ژوورەکەم بۆ پێداچوونەوە بەو وتارەی کە ڕۆژی پێشوو بۆ ڕۆژنامەی (ئەلفەلاح) نووسیبووم، کە پوختەیەک بوو لە تێکۆشانی جووتیاران لە کۆماری عێراقدا. کەمێک دواتر (ئیگناتۆف)ی سکرتێری سەندیکای ڕۆژنەمەنووسان (کە تێکۆشەرێکی دێرینە و دووچاری زیندان و ئەشکەنجە و دەربەدەری بۆتەوە و سەردانی یەکێتیی شۆڕەوی کردووە و لەوێ چاوی بە تێکۆشەری کورد مستەفا بارزانی کەوتووە و کەسێکی زۆر نەجیبزادە و ڕۆشنبیرە) تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ ئەوەی لە تەندروستیم بپرسێت، چونکە توشی هەڵامەت بووبووم.

پاشان عەبدولڕەزاق حوسێن – ی برا، یەک لە خوێندکارە گەنجە عێراقییەکان کە لە بولگاریا دەخوێنێ گەیشتە لامان(عەبدولڕەزاق هێندە میهرەبان و سەنگین دەردەکەوت کە مرۆڤ لە ئاستیا شەرم بکات). دوای ئەوەی هەمووان ئامادەبوون بەو ئۆتۆمبێلەی بۆ گواستنەوەمان دیاری کرابوو، کە ئۆتۆمبێلێکی بەشکۆی مۆدێل زیس بوو، بەرەو یانەی ڕۆژنامەوانی ڕۆیشتین بۆ نان خواردنی بەیانی. بەڕێزان (ئەکناتۆف) و (کلیمانۆف) ی کارمەندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ، کە زمانی ئینگلیزی بەڕەوانی دەزانێت. هەروەها هاوەڵمان ڕێزدار (بێلجیف) لەسەر خوانەکەمان ئامادەبوون بۆ پرسیارکردن لە تەندروستی و ئاسودەیی گوزەرانمان. (بێلجیف)ی هاوەڵمان سەرباری ئەوەی قژی سپی بووە بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە خۆی بە گەنج بزانێت، تەنانەت جەخت لەوە دەکاتەوە،

کە لە من گەنجترە چونکە وەک خۆی دەڵێت پێوانەکە دڵە نەک قژ. ئەو پیاوێکی چاک و ڕۆژنامەنووسێکی دێرینە.

بەڕێز (کلیمانۆف) ئەو نووسینەی بۆ خوێندینەوە، کە ڕۆژنامەکانی (ڕابۆتیجیسکۆ دیلۆ) ڕۆژنامەی حزبی شیوعی بولگاریا و (ئۆیتجیستفین فرۆنت) ڕۆژنامەی بەرەی نیشتمانیی لەسەر شاندی ڕۆژنامەوانی عێراقی نووسیبوویان. کە بریتی بوو لە: شاندێکی ڕۆژنامەوانی لە کۆماری عێراق لە ئێستادا لەسەر بانگهێشتنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بولگاریا لە سۆفیایە، شاندەکە ماوەی دوو هەفتە لە سەردانی بولگاریا دەبن، پێکهاتوون لە جەلال تاڵەبانی، یەک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی (خەبات)ی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان. فازیل مەهدی، سکرتێری ڕۆژنامەنووسی (ئەلبەیان) ی ڕۆژنامەی حزبی میانڕەوی نیشتمانیی، حوسێن مەردان لە گۆڤاری (سەوت ئەلجمهوریە)، دوێنی شاندەکە گەیشتە فرۆکەخانەی سۆفیا لە لایەن نوێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و نوێنەری بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوە پێشوازییان لێکرا. ئەمە و ڕۆژنامەی (ئۆیتجیستفین فرۆنت) وێرای ئەمەی سەرەوە لێی زیاد کردووە و نووسیوویەتی: ئێوارەی دوێنێ شاندەکە سەردانی ئەم ڕۆژنامەیەیان کرد، لەوێ لەگەڵ سەرنووسەر و جێگرەکەی کۆبوونەوە و سەردانی چاپخانەکان و باڵەخانە و ڕۆژنامەکەیان کرد.

دوای نانخواردنی بەیانی بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین بۆ کارگەیەکی کانزاسازی بە ناوی لێنین، لە نزیک سۆفیا.. سۆفیا شارێکی زۆر جوانە، چوارده گەڕەکی تازەی لێ بنیات نراوە، بێ لەوە لەسەردەمی کۆماری میللیدا ئەو شوێنانەی لەکاتی شەڕدا وێران بووبوون ئاوەدانکراونەتەوە. هەر گەرەکێکیش لە چەندین باڵەخانەی بەرز پێک دێت، تێبینیم کرد بولگارییەکان گرنگی زۆر بە جوانکاری باڵەخانەکان دەدەن و لە پەنجەرەی باڵەخانەکانیان ئینجانەی پڕ لەگوڵ دادەنێن.

کێوی (فیتۆشا) دەکەوێتە نزیک سۆفیا، کە کێوێکی زۆر جوانە و بەڕاستی لێڕەواریێکی چڕە. جوانی کێو و دارستانەکان دڵان ئەفسوناوی دەکەن، کۆشک و قاوەخانە و هوتێل لەسەر بەرزاییەکان بۆ پشودانی ڕۆلەکانی گەل لە: کرێکاران، جووتیاران، ڕووناکبیر و سەرجەم کارکەرانی دیکە دروست کراوە. لادێکانی کەوتونەتە دامێنی کێوەکە و بەفراوان بوونی شار بە هۆی ئاوەدانییەوە لە شار نزیک بوونەتەوە. دوای تێپەڕین بە بناری کێوی

فیتۆشا ڕووەو کارگەکە، گەیشتینە چەند دێیەکی یەکجار جوان. لادێکانی بولگاریا بە گشتی، بە یەکێک لە جوانترینەکانی لادێ دەژمێردرێن، چەندین باڵەخانەی تازەیان تێدایە و ئەوانەی کۆنیشن جوان و هاوچەرخ و تەندروستن. هەروەها لادێیە بولگاریەکان وێرای جوانییان دۆخی گوزەرانی دانیشتوانەکەی باشە، خۆیان بەرهەمی ماندووبوونی خۆیان دەچننەوە و بە پەرۆشیەوە کاردەکەن و بەرهەمهێنانیان باشە و بەمەش لە ئەنجامدا داهاتێکی باشیان دەبێ. هەروەها جووتیار لە ستەملێکردن و لە دەرەبەگ و ئەو ترسەی لە کۆکردنەوەی پارە بۆ کڕینی زەوی بۆ ئەوەی دەرنەکرێت ڕزگاری بووە.

گەیشتینە کارگەکە و ڕووبە ڕووی ئەو باڵەخانە بەرزە بووینەوە کە بۆ کارگێری دیاریکرابوو. لەلای پەیکەری لینین کە لە پێشەوەی باڵەخانەکە لەناو باخچەیەکی گەشاوە داندرابوو، لە لایەن بەڕێز (ئەلێکساندەر کۆیندوروف) سەرۆکی ڕێکخراوی کرێکارانی کارگە پێشوازیمان لێکرا و بردمانیە ژووری کارگێڕی ڕێکخراوەکەیان و خواردنەوە و شوکۆلاتەی پێشکەش کردین، پاشان ئەم زانیارینەی خوارەوەی پێبەخشین:

ئەمە یەکەم کارگەی کانزایە لە بولگاریا، تا شۆڕشی ٩ ی ئایار هیچ کارگەیەکی کانزا لە بولگاریا بوونی نەبووە. لە ساڵی ١٩٥١دا دەست بە دروستکردنی ئەم کارگەیە کراوە و یەکەم بەرهەمهێنانی پۆلاڵ لە ساڵی ١٩٥٣دا بوو، دواجار فراوانکردنی کۆتایشی ساڵی١٩٦٢دا تەواو بوو و بەرهەمهێنانی ئاسن لەو ساڵەدا گەیشتە ١٩٥٠٠٠ تۆن، بەرهەمهێنانی پۆلاڵش گەیشتە ٣١٠٠٠٠ تۆن. هەروەها کارگەکە پەڕە و داڕشتە(الصفائح و السبائك) و بەرهەمی دیکەی پێویست بۆ گەشەپێدانی بولگاریا بەرهەم دەهێنا. هەموو ئامێرەکان سۆڤیێتی بوون و ئەندازیارانی سۆڤیێتی ئەوەیان دروست کرد، کە بولگارییەکان نەیاندەتوانی. ئێستا بولگارییەکان فێری هەموو شتێک بوون و کارگەش لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرێت. سێ سەد کرێکار بۆ ڕاهێنانی تایبەتمەند ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیێت کران، ئێستا بە پەرۆش و شارەزاییەوە گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.

هەشت چێشتخانە هەیە، کە ژەمەکانیان بە نرخی تێچوون دابین دەکەن. نرخەکان زۆرکەمە، ژەمێک خواردنی برنج و مریشک بەهاکەی یەک لیفە ونیوە کە دەکاتە نزیکەی ٣٠ فلس. کارگەکە ناوەندێکی پەخشی هەیە، کە مۆزیک و گۆرانی و هەواڵی کرێکاران و بەرهەمی قەڵەمەکانیان پەخش دەکات. هەروەها کارگە ڕۆژنامەیەکی ڕادیۆیی هەفتانە و ڕۆژنامەیەکی چاپکراوی هەیە، کە شەش هەزار دانەی لێ چاپدەکرێ و بەخۆڕایی بەسەر

کرێکاراندا دابەش دەکرێت.

کـرێ

تێکرای ناوەندی هەموارکراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری کراوە بریتییە لە ١٠٦٠ لیڤە، کرێکار سالآنە لانیکەم ئەم بڕە پارەیە وەردەگرێت ئەگەر ئەو بڕە بەرهەم بێنێ کە بۆی دیاریکراوە. زۆرترین هەقدەست ٢٥٠٠ لیڤەیە. کەمترین هەقدەستی پاککەرەوە و خزمەگوزار ٦٠٠ لیڤەیە، بەڕیوەبەر ١٨٠٠ لیڤە وەردەگرێت.

کارگە ١٢ بزوێنەر و ١٥٠ بارهەڵگر و ٦٤ کرێکاریش ئۆتۆمبێلی تایبەت بەخۆیان هەیە و زۆرانی تریش داوای ئۆتۆمبێلیان کردووە، زۆرێکی تریش خاوەنی ماتۆرسکیلن.

کرێکار لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ پشووی هەیە، کارکردنی ڕۆژانە حەوت کاتژمێرە، کرێکارانی نوێ سالآنە ١٤ ڕۆژ مادونین و ئەوانەی لە سێ ساڵ زیاترە لە کارگەکەن ٢٤ ڕۆژ مادونین. ئەو کرێکارانەی هەڵگری مەدالیان مادونی سالآنەیان دەگاتە ٤٠ ڕۆژ.

کارگە قوتابخانەی مۆزیک، باخچەی ساوایانی هەیە کە ١٦٠ منداڵ لە پۆلی یەکەم و ٢٠٠ منداڵ لە پۆلی دووەمدا هەیە هەروەها کارگە سینەمایەکیشی هەیە، لە ئێستادا کۆشکێکی ڕۆشنبیری لە قۆناغی دروست کردن دایە. تیپی وەرزشی چالاک هەیە. کرێی خانوو بە ئاو و کارەبا و پاککردنەوەشەوە ٥ – ١٠ ٪ مووچەیە.

٨٠٠ شوقەی تازە هەیە کرێکار تێیدا دەژین، ئەمە جگە لەوەی بۆ خانەنشینان ئەوکەسانەی موچەیان لە کۆن لە ٦٠٠ – ٩٠٠ زیاترە، تەرخان کراوە. کرێکاران ٧٠ – ٨٠ – ٩٠ لەموچەی بنەڕەتی خۆیان وەردەگرن. .[٧٥]

٧٥- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٨ لە ٢١ ی ئەیلوولی ١٩٦٠.

گەشتێک بە بولگاریای نوێدا
(٣)

کەمینەی تورک لە بولگاریا

من تامەزرۆ بووم، کە لەبارەی بارودۆخی کەمینەی تورک لە بولگاریا بزانم و لە نزیکەوە لێی بکۆڵمەوە. لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کەمینە نەتەوەییەکان و فرە نەتەوەکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا، ئێمەی تێکۆشەرانی کورد لە پێناو مافەکانی نەتەوەیی گەلی کورد سوودی لێدەبینین. هەروەها بۆ دامەزراندنی پەیوەندی کورد و عەرەب لەسەر بناغەیەکی پتەو و چەسپیوو، هەروەک سوود بە هەموو ئەو عێراقیانەش دەگەینێ، کە ئارەزووی بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب دەکەن. بەو پێیەی، کە زۆر گرنگە لە ئەزموونی ولاتانی ڕزگارکراو کە فرە نەتەوەن، وەک هیندستان و یوگسلافیا و چیکۆسلۆڤاکیا و بۆرما، لەم بوارە تایبەتەدا سوود وەربگرین. عێراقیش، کە دەستووری هەمیشەیی خۆی دادەڕێژی دەبێت لە ئەزموونی ئەم ولاتانە بۆ پێناسەکردنی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە ڕێنوێنی بکرێن.

هەرکە گەشتەکەمان لە بولگاریا دەست پێکرد، خواستی خۆمم بۆ ئاگادارکردنەوە لە دۆخی تورکەکان لە بولگاریا دەربڕی، ئەم خواستەم بۆ هاوڕی بولگاریەکانم ڕوونکردەوە ،کە خواستم لە ئاگادارکردنەوە لە هەلومەرج و تێڕوانینی تورکەکان لە نزیکەوە بۆئەوەیە، کە ئەمانە بە ئەمانەتەوە بگەینمە گەلی عێراق بە گشتی و برا تورکمانەکانمان، بە تایبەتی. ئەوان بە میهرەبانییەوە داواکارییەکەمیان جێبەجێ کرد، هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ تورکەکان دابین کرد.

تورکەکان بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە حەزیان دەکرد چاویان بە کوردێک بکەوێت کە لە کۆماری ١٤ی تەممووز هاتووە، ئێوارەیەک برایەکی کورد تەلەفۆنی بۆ کردم، حەز و ئارەزووی ئوستاز زەکی بۆ سەردانیکردن و چاوپێکەوتنمی پێڕاگەیاندم، ئەمە زۆر دڵخۆشی

کردم. بە ڕاستی دوای کاتژمێرێک ئوستاز زەکی و هاوسەر و کچە بچکۆڵە جوانەکەیان سەردانیان کردم و زۆر بەخێریان هێنام. ئوستاز زەکی یەکێکە لەو برا تورکانەمان کە لە دۆزەخی تورکانی کۆنەپەرست لە تورکیا هەڵاتووە. ناوبراو بەباشی ئاگاداری دۆخی گەلی کوردە لە تورکیا و هاوسۆزی تەواوی لەگەڵ کێشە ڕەواکەی هەیە. بیروڕامان ئالوگۆرکرد سەبارەت بە زەرورەتی ڕێکخستنی هێزی گەلی کورد لە کوردستانی بە تورکیا لکێنراو و دانانی بناغەی شیاو بۆ خەباتێکی یەکگرتوو لە نێوان کورد و تورک لە دژی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی. لە بۆچوونەکانمان بە تەواوی هاوڕابووین، زۆرێک لە بارەی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانی تورک دەربارەی ڕەوایی و سروشتی ڕزگاریخوازانەی پرسی کورد و پشتیوانی کردنیان بۆی قسەی بۆ کردم، سوپاسیم کرد لە بە چاک تێگەیشتنی لە پرسی کورد و بۆم دووپات کردەوە، کە ئەم هەڵوێستە بەرزەی پێشکەوتنخوازانی تورک بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدارە لە بەهێزکردنی خەباتی هاوبەش لە دژی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستانی دەسەلاتدار.

دوای ماوەیەک گفتوگۆی دۆستانە، ڕۆژنامەنووسێکی تورک لە تورکە بولگارەکان، لە هۆتێل دای لە دەرگای ژووڕەکەم، پێشوازیم لەهاتنی کرد و سوپاسی میهرەبانی و ئەرک کێشانیم کرد بۆ سەردانی کردنم.

لە کاتی گەران و سوڕانم لە بولگاریا، لە هەموو شوێنێکدا کاریگەرییە ترسناکەکانی دەسەلاتی ستەمکارانەی تورکم لە سەردەمی داگیرکاریی تورکیادا بینی، لە سەرتاسەری بولگاریا سەردانکەران پەیکەر و مۆزەخانەی ئەو تێکۆشەرانە دەبینن کە لە خەباتی نیشتمانییدا لە سەر دەستی دەسەلاتدارانی تورک گیانیان بەخشیوە. بستێک لە خاکی بولگاریای جوان نەماوە کە بە خوێنی پاکی بولگاریەکان ئاونەدرابێ کە بە دەستی فەرمانڕەواکانی تورک ڕژێنراوە.

گەلی بولگار تا ئێستاش یادەوەریی تاڵیان لەمەڕ ئەو کارەسات و کوشتار و ستەمانە هەیە، کە لەلایەن دەسەلاتدارانی تورک بەسەریاندا سەپێنراوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش گەلی ئازادبووی بولگاریا کە لە سەردەمی نوێدا بە گیانی دیموکراسی میللی و بەگیانی خۆشەویستی گەلان و ڕق و کینە لە کۆلۆنیالست و فەرمانڕەوا کۆنەپەرستەکان پەروەردە کراون، هەرگیز هیچ شتێک لەمانە کاریگەری بەسەر ئازادیخوازانی بولگار و سەرکردەکانی بولگاریای نوێ نەبووە، تەنانەت لەسەر هەڵوێستی برایانە و دۆستانەشیان

نەبووە بەرامبەر بە تورک.

هاوڵاتیانی تورک بەهرەمەندن لە هەموو مافەکانی هاوڵاتیبوون و سەرجەم ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان و هەموو مافە نەتەوەییەکان. وێڕای ئەمانەش دەوڵەتی بولگاریا هەوڵی بەرچاو دەدات و پارەیەکی زۆر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکەکان تەرخان دەکات.

جووتیارانی تورک دوای ڕزگاربوون زەویان وەرگرت، لەسایەی کۆماری میللیدا بوونە گەورە و خاوەنی بەرهەمی ڕەنجی خۆیان. لە لادێی تیتۆڤا و لەکاتی سەردانیم بۆ کێڵگەی(ڤیلابیسکۆڤا) ی نزیک شاری (ڕوسە) ی کۆن کە دەکەوێتە باکوری دوور لە سەر سنووری بولگاریا و ڕۆمانیا. لە لادێیەکە چوومە گەڕەکی تورکەکان، باڵەخانەی نوێم لەم دێیەدا بینی. هەروەها بینیم جووتیارانی تورک خانووی وایان هەیە کە جووتیارانی لادێکانی لای خۆمان بە خەونیش شتی وایان نەدیووە، تەنانەت هیچ یەک لە خاوەن مووڵکەکانی لای خۆشمان شتی وایان نییە.

لەوێ لە کاتی سەردانی ماڵێک مامۆستایەکی خاتوونی تورکم ناسی. باسی ئەو قوتابخانە تورکییەی بۆ کردم کە زمانی تورکی تێدا دەوتەوە منیش حەزمکرد سەردانی ئەو قوتابخانەیە بکەم، کە چوومە ژوورەوە سەرسام بووم بە بیناکە و پۆلەکان و کەرستەکانی فێرکردن. بینیم کە بە ڕاستی تورکەکان بە کردارەکی پراکتیزەی هەموو مافە نەتەوەیی و کلتوورییەکانیان دەکەن. خاوەنی زەوی و خانووی هاوچەرخ بە کارەبا و ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە و بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن. لەبەردەم مامۆستا تورکەکە وتم: (خۆزیا فەرمارەواکانی تورکیا بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەعیەتەکانی تورکیادا بکردایە، کە بولگارەکان لەگەڵ ئەم کەمینە تورکەدا دەیکەن).

دوای گەڕان و سوڕانەکەم لە بولگاریا و گەڕانەوەم بۆ سۆفیا، لەگەڵ بەڕێز (ڕایکۆف) سکرتێری یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرەی نیشتمانیی بولگاریا، بەڕێز (ئەحمەد هاونۆف)، جێگری سەرۆکی لێژنەی کاروباری کەمینە نەتەوەییەکان، کە تورکە، کۆبوومەوە، زۆریان قسە بۆکردم دەربارەی تورکەکان. منیش خواستی خۆمم بۆ دەربڕین کە سەردانی تورکە ڕووناکبیرەکان بکەم لە سۆفیا. لە ئێوارەدا پێیان ڕاگەیاندم کە کۆمەڵێک تورک چاوەڕێی سەردانی کردنیانم لە باڵەخانەی ڕۆژنامە بولگارییەکان، کە ڕۆژنامە تورکیەکانیشی لێیە، بۆ باسکردن لە ڕۆژنامەکان. تورکەکان لە بولگاریا خاوەنی

حەوت ڕۆژنامەن، بە ناوبانگترینیان (یەنی ئیشک – ڕووناکی نوێ) و (یەنی حەیات – ژیانی نوێ) ن. هەموویان بە زمانی تورکی و بەپیتی لاتینی بڵاودەکرێنەوە. بە تازەترین ئامێر چاپ دەکرێن و وێنە و بابەتی سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی تێدایە. گۆڤاری یەنی حەیات چەند بابەتێکی لەسەر بارودۆخی گەلی کورد لە تورکیا بڵاوکردۆتەوە وچەوسانەوەی گەلی کوردی لە تورکیا شەرمەزارکردووە وپشتیوانی لە کێشە ڕەواکەیان دەکا و داوای پشتیوانی لە تێکۆشانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی دەکات.

ئێوارە چوومە بارەگای ڕۆژنامەی(یەنی ئیشک)ی تورکی، ئوستاز (ئەکتانۆف)ی سکرتیری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بولگاریا یاوەرم بوو، کە خەباتگێڕێکی دێرینی شۆڕشگێڕە و خوێندکاری کۆلیژی بازرگانی بووە و چەندین جار زیندانی کراوە کاتێ کۆلیژی تەواوکردووە هێنراوەتە دادگا و سزای لە سێدارەدانی بەسەرداسەپێندراوە، دواتر سزاکەی گۆڕدراوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی. سالانێکی زۆر لە زیندان بووە. پێش سەرکەوتنی شۆڕش لە ٩ ی ئەیلوولی ١٩٥٤دا توانی لە زیندان ڕابکات و تەقلی پارتیزانەکان ببێت بوو بە فەرماندەیەکی سیاسی یەکێک لە یەکینەکان و دوای شۆڕش بووە سکرتێری ڕێکخراوی (پارتیزانەکان) کە لە لایەن ڕێبەری کۆچکردووی بولگاریا جۆرجی دیمتڕۆف سەرۆکایەتی دەکرا. بۆ ماوەی شەش سالان دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران(پەرلەمان)، پاشان بۆ خوێندن دەچێتە یەکێتیی سۆڤیێت ، لەوێدا چاوی بە تێکۆشەری ناسراوی کورد، مستەفا بارزانی دەکەوێت و پێی ئاشنا دەبێت.

کاتێک گەیشتمە باڵەخانەکە، لە لایەن برایەکی تورکەوە پێشوازییان لێکردم بە گەرمی و بەخێرهاتنێکی زۆرەوە بردمیانە باڵەخانەی ڕۆژنامەکە، کە چەندین خوشک و برا ئامادەبوون، لەوانە بەڕێز، هارونۆف، بەڕێز، سلێمانکوازۆف – سەرنووسەری یەنی حەیات، بەڕێز، ستۆیان ستۆیانۆف – سەرنووسەری یەنی ئیشک، خوشکە، کەریمان عەلیڤیا – یاریدەدەری بەرپرسی لاوانی کۆمسۆمۆڵ بۆ کەمینە نەتەوەییەکان، بەڕێز، ئیبرهیم یەڵمۆت – سەرۆکی لاوان بۆ کەمینە نەتەوەییەکان، وچەندانیتر. منیش یەکێک لە برا کوردەکانم لەگەڵدابوو.

ئامادەبووان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردم، خوانێکی ڕازاوە بە بەچێژترین خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە کردبووم. یەکێکیان بە زمان پاراوی و قسەی خۆش بەخێرهاتنی کردم و سلاوی گەیاندە گەلی کورد و تێکۆشانەکەی . منیش وەلامم دایەوە بە دەربڕینی

سوپاسگوزاریم بۆ پێشوازی گەرمیان خۆشحاڵی خۆم دەربڕی بە بینینیان، ئینجا خۆشحاڵی خۆم دەربڕی بەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کەمینەی تورک لە سایەی دەسەڵاتی میللیدا بەدەستی هێناوە و بۆم ڕوونکردنەوە، کە عێراقی ئازادکراو، کە بەرەو دیموکراسیەتی ڕاستەقینە هەنگاو دەنێت گەرەنتی زامنکردنی هەموو مافەکان بۆ کەمینەی تورکمان دەکات.

چەند دانەیەک لە ڕۆژنامەی (خەبات)م پێشکەش کردن، کە بابەتەکانی دەربارەی برا تورکمانەکان و سڵاو بۆ کۆنگرەی مامۆستایانیانی لە خۆ گرتبوو. سیاسەتی حزبمانم بۆ ڕوونکردنەوە کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و داکۆکیکردن لە تورکمان دامەزراوە بەو پێیەی ئەمە مەرجی بنەڕەتیە لەپتەوکردنی برایەتی کورد و تورکمان. پاشان، پرسیاری بێشومار سەبارەت بە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستانمان و ئامانج و دروشم و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانیم بەسەر داباری. ئوستاز(ئەکتانۆفی) ی بەڕێز لەجیاتی من شەرحی خەباتی نیشتمانییانەی پارتیمانی دژ بە کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی و بۆ ئاشتی و دیموکراسی و ڕزگاری نیشتمانیی بۆ کردن.

هەروەها ستایشی شەرافەتمەندانە و ڕۆڵی گەورەی حزبمانی کرد لە پاراستنی کۆمار و دیموکراسیەت، پاشان منیش بە دوورودرێژی وەلامم دانەوە. دوای ئەوە خوشکێکی تورک پرسیاری لە بارەی دۆخی گەلی کورد لە تورکیا و لە ئیران کرد، منیش وەلامم دایەوە. لە کاتی سەرنجەکانیان لەسەر وەلامەکانم، تێبینیم کرد هاوسۆزی گەرمیان بۆ کێشەی کورد و تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەمان هەیە. خۆزگەم دەخواست هەندێک لە کورد کۆسمۆپۆلیتە دەمارگیرەکان لە گەڵمدابوونایە تا بە چاوی خۆیان بیاندیتبا گەلان چۆن یەکدەگرن و تورکە پێشکەوتنخوازەکان چەند پشتگیری لە خەباتی گەلی کوردمان دەکەن.

شاعیری گەورەی تورک نازم حیکمەت و دیدارەکانم لە گەڵیدا لە وارشۆ لە ساڵی ١٩٥٥دا و مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٥٧دا وەبیرهاتەوە و قسە پڕ لە سۆزەکانی پڕبوو لە بەزەیی و پشتیوانی بۆ کورد و کوردستان. من مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی تۆرانیزمم لە نێو تورکەکاندا نەوروژاند، بەڵام بەڕێزان (ئەحمەد هارونۆف و ئیبراهیم یەلموت) قسەیان لەسەر کرد و ڕوونیان کردەوە کە: (تۆرانیزم بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە، کە فۆرمێکی کۆلۆنیالیزمانەی هەیە هەوڵ دەدات دوژمنایەتی لە دڵی تورکدا بچێنی بەرامبەر بە بولگاریەکان و گەلانی دیکە، هەروەها هەوڵ دەدات ئایین بۆ مەرامی خۆی بقۆزێتەوە).

ڕوونیان کردەوە، کە بەرەنگاربوونەوەی تۆرانیزم بەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت:

١ – پێدانی هەموو مافێک بە کەمینەی تورک و ڕێزگرتن لە نەریتەکانی و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی.

٢ - خوڵقاندنی یەکسانییەکی ڕاستەقینەلە نێوان ئەو و هەموو هاوڵاتیانی تر و نەهێشتنی هەموو جۆرە چەوساندنەوە و جیاکارییەک.

٣ – پەروەردەکردنی کەمینەی تورک بە گیانی دیموکراسیانە و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە لە نێوانیاندا.

لە بولگاریا قوتابخانەی حزبی و قوتابخانەی پەروەردەیی (ناحزبی) هەیە، لە قوتابخانە حزبییەکاندا موحازەراتی تایبەت بۆ ڕۆشنکردنەوەی کەمینەی تورک دەگوترێتەوە. لە وەڵامی پرسیارەکەمدا سەبارەت بەڕۆڵی پێشکەوتنخوازانی تورک، پێمگوترا، کە ئەوان هەوڵی بەرچاو و بەرفراوان و ماندویی نەناسانە دەدەن لەم بوارەدا. لە تورکەکانەوە زانیم کە لە سەردەمی دەسەڵاتی میللیدا زیاتر لە شەش هەزار خوێندکاری تورک زانکۆیان تەواو کردووە و لە ئێستادا نزیکەی شەش سەد خوێندکاری تورک لە زانکۆ دەوام دەکەن. هەروەها دووسەد خوێندکار نێردراونەتە یەکێتیی سۆڤییێت. شایانی باسە ژمارەی تورکەکان لە بولگاریا لە نیو ملیۆن کەس تێناپەڕێت. جا خوێنەری ئازیز ئەم ژمارەیە بەراورد بکە بە ژمارەی ئەو کوردانەی زانکۆیان تەواو کردووە لە عێراق کە ژمارەی دانیشتوانی لانی کەم دوومیلیۆنە.

حکومەتی میللی ئیمتیازاتی تایبەتی بەخوێندکارانی تورک بەخشیوە، کە بەبێ تاقیکردنەوە و ئاڵۆزی لە زانکۆ وەردەگیرێن، کەچی بۆ بولگارەکان وانییە و بەم شێوەیە وەرناگیرێن، دیارە ئەمەش بۆ یارمەتیدانی تورکەکانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکەیان بۆ ئاستی باقی دانیشتوان. لەوێدا بیرم کەوتەوە کە داخوازی پارتیمان چەند ڕەوایە لە تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە کورسی خوێندن بۆ خوێندکارانی کورد لە زانکۆ و نێردەکاندا(بۆ ئەوەی لە براکانیان زیاترئاگایان لێیان بیت)بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گەلی کورد.

هەروەها تورکەکان حەوت ڕۆژنامە و گۆڤاریان، لەنێوان ناوەندی و ناوچەیی هەیە و بە زمانی خۆیان دەخوێنن و زۆریش گرنگی بە ئەدەبیات و زمان و مێژووی خۆیان دەدەن. تورکەکان لە بارەی خەباتی گەلی کورد لە تورکیا پرسیاریان لێکردم، منیش زانیاریەکانم

لەبارەی ئەو هەڵمەتەی ئەم دواییە پێڕاگەیاندن کە ئیدیعای گۆرسیلی ڕیسوا و شەرمەزار کرد کە ڕایگەیاندبوو گوایە کورد لە تورکیا بوونی نییە، ئەوان بە تۆندی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانە و فاشیستییەیان شەرمەزارکرد.

بەمشێوەیە دوای بەسەربردنی کاتێکی زۆر خۆش لەگەڵ خوشک و برا تورکەکان لە سۆفیا، دوای قسە و ئالوگۆڕی زانیاری، مۆڵەتم لێ خواستن ماڵئاواییەکی گەرم و برایانەیان لێکردم منیش سوپاسی میهرەبانی و بەخشندەییانم لێکردن وهیوای سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی زیاتر و بەردەوامی بۆ ئەوان ولاتەکەیان، بولگاریای نوێ، خواست لە هەموو بوارەکاندا.[٧٦]

٧٦- ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٤ لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠.

لە چلەی سادق بابودا

ئەمڕۆ چارەنووسێکی دڵڕەق، لە چلەی ماتەمینی کۆچی دوایی ئازیزی کوردستان، کوڕە ڕاستگۆی گەلی کورد، شێخ سادق بارزانی، کۆیکردینەوە، با وەک برا لە خەباتی نیشتمانییدا یادی سادق بکەینەوە، کە بەلای هەموومانەوە خۆشەویستە. سڵاو لەو یادە کە بۆنخۆشە بە بۆنی قارەمانیەتی و شکۆمەندی شۆڕشگێڕانە.

چل ڕۆژ لەمەوبەر مەرگ لاپەڕە درەوشاوەکانی ژیانێکی شکۆمەندانە و بەڕێزی پێچایەوە، ژیانی تێکۆشەرێکی بەجەرگ، کە تا دوا هەناسەی لە پێناو گەلەکەیدا خەباتی کرد، تا کۆتایی بۆ دۆزە کارەساتبارە ڕەواکەی بە دڵسۆزی مایەوە، بە شەرەف و ئازایەتییەوە بۆ ڕزگاری و بەختەوەری تێکۆشا، شتە بەنرخ و دەگمەنەکانی بە هەرزان لە قەڵەمدا، قوربانی بە خۆشییەکانی ژیاندا، گاڵتەی بە زیندانیکردن و دوورخستنەوە دەهات، بەبەرەنگاری کردنی سێدارەی دوژمن، کە بۆ تێکۆشەرانی گەلەکەمان هەڵخرابوون ئازایانە سەختی و ناخۆشیەکانی تێپەڕاند .

چل ڕۆژ لەمەوبەر، مەرگ ئەو لاپەڕە گەشاوەی بە پیتی ڕووناکی و قەڵەمی شانازی نووسرا بوو، بۆ ژیانێکی پڕ لە قوربانیدان وفیداکاری لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن و پڕ لە سەختی، کە جەماوەری کوردستان ئەنجامی دابوو پێچایەوە، لە پێشەنگییاندا، بەختکارانی خۆڕاگر و بوێرەکانی بارزانی قارەمان، لە دژی کۆلۆنیالیزم و پاشایەتی و کۆنەپەرستان، دژ بە سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد و کوردستان، زەوتکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان، بۆ ژیانێکی پڕ لە قارەمانێتی و ئازایەتی بێهاوتا، و پڕ لە تێکۆشان و چاکەکردن و خزمەتکردنی گەل.

مەرگ ئەم ژیانەی پێچایەوە، ژیانی شێخ سادق بارزانی لەدەست چوومان، کە سادق بەخشیبوویە گەلەکەمان و نیشتمانمان ، تەرخانی کردبوو بۆ خزمەتکردنیان و سەرفکردنی لە پێناو ئەواندا، بۆ ئەوەی گەلەکەمان وەک گەلانی دیکە شەرافەتمەندانە و بەختەوەرانە بژی، بۆ ئەوەی مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی خۆی بەدەستبهێنێت، لە پێناو ئەوەی جەماوەر بە خۆشی و ئازادانە و خۆشگوزەرانییەوە بژی.

لاپەڕەکانی ژیانی ئەم قارەمانە گەنجە پێچرایەوەوە، بۆ ئەوەی مێژوو لە باوەشی بگرێت و شانازییان پێوە بکات، بیانخاتە ناو تۆماری پاڵەوانە نەمرەکان، پاڵەوانەکانی مرۆڤایەتی، کە لە خەباتی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە نادادپەروەری و ستەم و ئیستغلالکردن و کۆیلایەتی گیانیان لە دەستداوە، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی وەک برا بژی، لە ماف و ئەرکدا یەکسان بێت، چێژ لە ئازادی و بەختەوەری وەربگرێت، دوور لە ستەم و تیرۆر، با سادق بە پێی و پێگە و پایەبەرزەکەی بخرێتە نێو ئەو قارەمانانەی کوردستان کە بە لەرینەوەی وشەکانی ڕزگاری کوردستان لە سەر لێویان گیانیان بەخشی، کە لە کاتی گۆرانی وتن بۆ خۆشەویستی کوردستان، هاوار و هورا کێشان داوای مافەکانییان دەکرد، شەهید بوون.

بەڵێ، مێژوو دەچێتە ناو ئەو لاپەڕانەی پڕن لە شکۆمەندی و پیاوەتی و سوارچاکی و نەجیبزادەیی و کەرامەتی نەتەوەیی ڕاستەقینە، لە تۆماری شەهیدە ڕاست و دروستەکانی کوردستاندا و لە شوێنێکی دیاردا لە نێو ئەو کەسانەی، کە مێژوو شانازیان پێوە دەکات و لە دەروازەکانی شکۆمەندی و قارەمانێتی و مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەریدا.

بەدڵنیاییەوە مێژوو سەرکردەی کۆچکردووی کوردستان، سادق بارزانی وەک نموونەی تێکۆشەر و قارەمانی ئازا و مرۆڤی چاکەکار و شەرافەتمەند و نەجیبزادە، نەمر دەکات، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە کوڕ و کچەکانی کوردستان وانە و پەند و ئیلهام لە ژیان و خەباتەکانی وەربگرن.

ئامادەبووانی بەڕێز

کۆچی دوایی شێخ سادق لە ڕووداوێکی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلدا ڕۆژی ٢٣ی حوزەیران خەسارەتێکی گەورە بوو نەک هەر بۆ بارزان، کارگەی پیاوە ئازاکان و ماڵی کەرامەتی نەتەوەیی و سەربەرزی کورد و سوارچاکی و نەتەوەیی، نەک بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕەوی گەلەکەمان و ڕابەری خەباتەکەی، نەک بۆ کورد و کوردستان تەنیا، بەڵکو بۆ کۆماری نەمری عێراقیش ، کە سادق یەکێک بوو لەو پارێزە ئازایانە و سەربازێکی گیانبەخش بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ڕێبازە دیموکراسیەکەی بە سەرکردایەتی ڕێبەری متمانەپێکراو عەبدولکەریم قاسم.

هەروەها خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیموکراسی، کە سادق هەوڵی بەنرخی دابوو بۆ بەهێزکردن و یەکخستنی ڕێزەکانی و یەکدەنگییەکەی،

هەروەها بۆ بزووتنەوەی ئاشتی عێراق کە سادقیان وەک ئەندامی دەستەی ئەنجومەنی بزووتنەوەکە هەڵبژاردبوو لەپای خەباتکردنی لە پێناو پرنسیپە نەجیبزادەییەکانی.

کوردستان کارەساتبارە بە لە دەستدانی سادقی کوڕی ، کە پاڵەوانێکی درەوشاوەی شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکەی و تێکۆشەرێکی بوێری ڕێزەکانی پێشەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕانەبوو. خەباتگێڕێکی دیار، کە شەڕی کۆلۆنیالیستەکان و پڕۆژە دۆزەخیەکانیان و پیلانگێڕییە تاوانکارییەکانیان و بەکرێگیراوە خیانەتکارەکانیانیدەکرد.

بۆیە کۆچی دوایی بۆ گەلەکەمان ئاسان نەبوو، چونکە لە ژیانیدا ئەستێرەیەکی جیلوەدەری ئاسمانی کوردستان بوو لە نێو هاوتەمەنەکانیدا لە تێکۆشەرانی گەلەکەمانەوە، ڕۆڵەکانی بۆ ڕێگای خەبات و قوربانیدان لە پێناو ئازادی و کەرامەتی نیشتمانیی و بەختەوەری و مافی دیموکراسی و نەتەوەیی ڕێنمایی دەکرد. پاشان لە ئێمە پیوار بوو... دوای ئەوەی دڵە مەزنە پڕ لە خۆشەویستییەکەی بۆ کوردستان و دڵسۆز بۆ کۆماری عێراق و خۆشەویستی بۆ چاکە و مرۆڤایەتی لە لێدان کەوت، ئەو بڵێسەی گەشاوەی نیشتمانپەروەری و قارەمانێتی و خۆڕاگری کوژایەوە.

بەڵام پیواربوونی لە ئێمە، ئەوی لە زەین و دڵ و دەروونمان دوور نەخستەوە. بەڵکو سادق هەمیشە لەبەر چاومانە ، لە بەرچاوی هەر کوردێکی شەرافەتمەندە، کە درکی بە بەهای سادق کردبێت و تێکۆشانە دوور و درێژ و خزمەتە گەورەکانی لەبەر چاو گرتبێ.

تا دڵمان لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان لێبدات سادق بارزانی لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

خوشک و برایان.

بەڕاستی سادق بارزانیمان لەدەستداوە، بەڵام ئەو خەرمانەیەک لە شکۆمەندی و کردەوەی چاک و چەندین وانە و پەندی لە ژیانیدا بۆ بەجێهێشتین.

سادق لە دایک بوون و پێگەیشتنی لە بارزان - سەرچاوەی قارەمانێتی کە بۆنەکەی گرد و چیا سەرکەشەکانی بۆنداركردووە و بە خوێنی پاکی سوور و گەش تاجی ناوەتە سەر - وەک هێمایەک بۆ ئازادی و ڕزگاری. لە ئامێزی خاکی بارزان گەورە بووە، کە لەوێ منداڵان لە تەمەنی گەنجیەوە بە خۆشەویستی بۆ چاکە و مرۆڤایەتی، بە خۆشەویستی بۆ کوردستان و ئازادی، بە خۆشەویستی بۆ مردن لە پێناو ژیانێکی شکۆمەندانە پەروەردە دەکرێن، کە

تێیدا ئاهەنگی شۆڕش دەگێڕن و شاد دەبن بە گەیشتن بە شەرەفی شەهیدبوون لە پێناو نیشتمان و ئاهەنگ بۆ شەهیدەکانیان ساز دەکەن، پەروەردە دەکرێن.

سادق لەسەر خاکی بارزان، ئەو خاکەی شکۆمەندی نەتەوەییە کە کوردستان شانازی پێوەدەکات پێگەییوە، لە ئامێزی شێخ ئەحمەد.

بارزانی مەزندا پەروەردە بووە تا خۆشەویستی مرۆڤایەتی و چاکەی لێی فێربێت، هەروەها قوتابی بەردەستی مستەفا بارزانی بووە، بۆیە ئازا و چاونەترس بوو لە مەترسی و ناخۆشییەکان و بووە پاڵەوانێکی بوێر کە هیچ هاوتایەکی نییە!

لە بارزان، ئەو قەڵایەی، کە ڕووناکییەکانی ئازادی لێ دەدرەوشێنەوە، وئاگردانی شۆڕشی نەتەوەیی کوردە، بارزانی کوردستان، ئەو بارزانەی چاکترینی ڕۆڵەکانی کردە قوربانی، لە شێخ عەبدولسەلامەوە تا خۆشەوی خەلیل، لە بارزان سادق فێری خۆشویستنی کورد و کوردستان بوو.

لە نێو خەڵکە قارەمانەکانی بارزان، کە دەیان ساڵە شەڕی کۆلۆنیالیزم و کلکەکانیان دەکەن، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد لە شەمزینان لە ساڵانی ١٨٧٦-١٨٨١دا، بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کە بارزان یەکێک بوو لە قەڵاکانی و خەڵکەکەی گروپی پەلاماریان لە سوپاکەی پێکهێنا، لە بارزاندا لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا مەشقی پێکراوە و دەرچووی قوتابخانەی شۆڕشە، بڕوانامەی پێشینەی بە دەستهێناوە بەسەر هاوتەمەنەکانی خۆیدا لە گەنجە ئازاکانی بارزان، کە سەرپێچی لە مەرگ دەکەن و لە دڵەوە پێدەکەنن کاتێک لە پێناو شکۆی وڵاتدا شەهید دەبن.

بەم شێوەیە سادق وەک شۆڕشگێڕێکی نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕێکی سەرسەخت پێگەیی، کە بەشداری لە شۆڕشی نەتەوەیی کورد کرد کە لە بارزان لەچەخماخەیدا لە کاتی دووەم شەڕی جیهانیدا لە دژی ستەم و کۆلۆنیالیزم، دژی دەسەلاتی پاشایەتی و کۆنەپەرستی، بە شانازییەوە لە شەڕەکانیان هاتە دەرەوە.

لە ساڵی ١٩٤٥دا، کاتێک حکومەتی کۆنەپەرستی عێراق بڵێسەی ململانێی چەکداری هەڵگیرساند و هاوڵاتیانی بارزانی ناچاربوون چەک هەڵبگرن بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و پاراستنی کەرامەت و شەرەفی نەتەوەییان، سادق وەک سەرکردەیەکی گەنجی زیرەک دەرکەوت، کە بەناوبانگ بوو بە بێبایەخکردنی مەترسی و مردن، هەروەها لێهاتوویی لە شەڕی پێشمەرگانەی شۆڕشگێڕانەدا، پاشان بارزانییەکان پەنایان بۆ ئەو پارچەیەی

کوردستان برد، کە بە زۆرەملێ لکێنراوە بە ئیرانەوە، لەوێدا بە سەرکردایەتی مامی، سەرۆکی حزبمان تێکۆشەری ناسراو، مستەفا بارزانی، لە سوپای ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەردەمی لەدایک بوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە موکریان، کاری خۆبەخشی کرد و یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی ئەو سوپایە... کاتێک کۆماری کوردستان لەلایەن سوپای شاوە هێرشی کرایە سەر و بە فڕۆکەی ئەمریکی بۆردومان کرا، سادق سەرکردایەتی چەندین شەڕی لە دژی دەستدرێژکارە داگیرکەرەکان ئەنجامدا و چەندین جار شکستی پێهێنان و زیانێکی زۆری پێگەیاندن.

دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ عێراق، سادق خرایە زیندان و ژووری سێدارەوە لە بەر ئەوەی بەغیابی سزای بەسەردا سەپێنرابوو. بە ئازایەتییەکی دەگمەنەوە بەرگەی سەختی زیندانیکردن و هەڕەشەی لەسێدارەدانی گرت، گاڵتەی بەمەرگ دەهات بە دەستی دوژمن، چونکە دەیزانی ئەم جۆرە مەرگە گەورەترین شەرەفە، کە لە پێناو گەل و نیشتماندا بێت. بە خۆڕاگریی مایەوە، ئارامیی خۆی پاراست. دوای ئەوەی حوکمەکانیان کەمکرایەوە لەژێر فشاری گەلی کوردمان و لەئەنجامی خەباتی جەماوەری کوردستان بە سەرکردایەتی پارتیمان کە بەرگری لە بارزانییەکانیانی گرتەبەر و کردی بە دروشمی جەماوەری، سادق برایە ناو زیندانیانی تر لە برا بارزانییەکان و تێکۆشەرانی دیکەی کورد کە لەنێویاندا هەندێک سەرکردە و ئەندامانی پارتیمان. تا لەگەڵ ئەوان بەڵێنی درێژەدان بە خەبات بدات تا دوا هەناسەی بۆ ئەو کێشە نەتەوەییە گەورەیەی، کە گەلەکەمان لە پێناویدا خەباتی کردبوو، و تیایدا بارزان وەک قەڵایەکی داگیرنەکراوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان ناوبانگی دەرکرد. دوای دەیان ساڵ لە دەربەدەری و ئاوارەیی و زیندانیکردن، ئازاد کرا و گەڕایەوە ناو ڕیزەکانی گەلەکەمان و پارتیمان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا لە دژی دەسەلاتی لەناوچوو خەبات بکات. دڵسۆز و ڕاستگۆ و متمانەپێکراو بۆ کێشەی گەلەکەمان و پارتیمان، نە بە هەڕەشە و تیرۆر لە ئیرادەی خۆی پاشگەز بووەوە، نە بە بەڵێنی شیرین لەخۆی گۆڕا.

لەدوای شۆڕشی شکۆمەندەوە، بەهەموو توانایەوە خەباتی کرد بۆ بەرگریکردن لێی و چەسپاندنی قەوارە ڕزگارکراوەکەی و پاڵپشتیکردنی برایەتی عەرەب و کورد و چەسپاندنی یەکێتیی ڕاستگۆییانەی عێراق لەژێر سەرکردایەتی ڕێبەری متمانەپێکراو عەبدولکەریم قاسم. بە چالاکیەوە کاریکرد بۆ یەکخستنی هێزە نیشتمانییەکان و پتەوکردنی بەرەی

یەکێتیی نیشتمانیی و پتەوکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، پشتیوانی یەکلاکەرەوەی کۆمارەکەمان و سەرکردایەتییە نیشتمانییەکەی. جگە لەوەش وەک فاکتەری گرنگ بۆ هاوئاهەنگی و برایەتی نێوان بارزان و دراوسێکانی مایەوە. سەرەڕای ئەوەی بەشێکیان هێرشیان کردە سەر بارزانییەکان و سەرەڕای ئەنجامدانی کردەوەی سەرزەنشتکەریان لە ڕابردوودا بەرامبەر بە بارزانییەکان و گەلی کورد، سادق بە ڕێنمایی بەرژەوەندی و ئاسایش و سەقامگیریی کۆمار، هەوڵی بەنرخی دا بۆ لابردنی ناکۆکی و ئاشتکردنەوەی هەموو لایەک.

بەم شێوەیە دەبینین، بە کۆچی دوایی شێخ سادق بارزانی، قارەمان و بوێر چ خەسارەتێکی گەورە بە سەرپارتیمان و گەلەکەمان و کۆمارەکەماندا هاتووە.

سلاّو پێزانینی قوولّی پارتیمان و گەلەکەمان بۆ گیانی پاکی دەنێرین.

یادی سادق، کە لە دڵی کوردستان و لە دەروونی کوڕ و کچەکانیدا هەڵکەندراوە، هەتا هەتایەبە زیندوویی دەمینێتەوە.

ئێوەش سلاّوی خواتان لەسەر بێت. [٧٧]

٧٧- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٧٩، بەرواری ٤ی ئابی ١٩٦٠.

ئێوەی بارزانی ولّاتەکەمان جێبهێڵن!

ئەم دروشمە بە ڕووی دەیان بارزانیی ئازاد و قارەمان وترایەوە، کە سالاّنێکی زۆر خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم و پاشایەتی کۆنەپەرستییان کرد و بەخیلیان بە هیچ شتێکی بە بەها و دەگمەن نەبرد، کە بیکەنە قوربانیی بۆ گەل و نیشتمانییان، ئەمانە، کە بە ئازایەتی خەباتیان کرد دژی کۆلۆنیالیزم و کلکەکانی، لە پێناو عێراقێکی ئازاد و سەربەخۆ و دیموکراسی کە گەرەنتی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانە و ئازادانەی دیموکراسی بۆ گەلانی عەرەب و کورد و سەرجەم کەمینەکانی تر بکات، ئەوانەی ،کە هەرگیز بۆ یەک ڕۆژ پێویستی پتەوکردن و چەسپاندنی برایەتی عەرەبی-کورد و یەکڕیزی خەباتی هاوبەشیان لەبیر نەکرد، بەڵکو دەنگیان لە نێو شەڕە ترسناکەکاندا بەرزبووەوە، و لە نێو هاڕەی فڕۆکەکاندا، کە ئاگر و بۆمبیان بەسەردا دەباراندن، و لە ڕێگەی قسەی پاڵەوانە بوێرەکەیانەوە مستەفا بارزانی، بانگەوازی بۆ کورد و عەرەب دەکرد بۆ یەکخستنی هێزەکانیان و یەکخستنی هەوڵەکانیان لە خەباتی هاوبەش دژی دوژمنی هاوبەش، واتە کۆلۆنیالیزم و کلکەکانیان، دوای ئەوەی بارزانی بە ناوی ئەوانەوە دووپاتی کردەوە، کە شەڕی گەلی عێراقی نەکردووە و نایکات، کە ئەویش یەکێکە لێیان، بەڵکو شەڕی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستانی ستەمکاری کردووە و بەرەنگاریان بۆتەوە.

ئێوەی بارزانی ولّاتەکەمان بەجێبهێڵن! ئەم دروشمە دژ بە بارزانیەکان دەوترێتەوە، بە هەڕەشە و گورەشەوە، لە دوای تیکۆشانی بارزانیەکان لە ئازادکردنی عێراق و چەسپاندنی کۆڵەگەکانی کۆماری و قەوارە دیموکراسیەکەیدا بەرگەی ئەوەیان گرت کە قەڵەمەکان لە باس کردن و خستنە ڕوویدا دەستەوەستانن.

ئێوەی بارزانی ولّاتەکەمان بەجێبهێڵن! ئەم دروشمە لە نێو ئاپۆەی ئەو چەتانەدا بەرز دەبێتەوە کە بەرد و خاشاک دەگرنە ژن و منداڵانی بارزانیی بێتاوان و ئاشتیخواز.

ئەمە ئەو قسانەیە، کە سێ لەهاوڕییە بارزانیەکانم پێیان وتم کە هاتبوون بۆ سەردانم لە نوسینگەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات. خوێنەری بەڕێز هەر بۆ زانیاریت ، کە ئەمە

هەرگیز لە ڕوسیا و ئازەربایجان و ئۆزبەکستان، کاتێک بارزانییەکان لەناو گەلەکانییاندا نیشتەجێ بوون، کە بێگانە بوون بۆیان. بارزانییەکان لە ماوەی ئەو سێزدە ساڵەی دەربەدەری و دابڕان لە زێدی خۆیان، کە لە خاکی ئەم گەلانەدا بەسەریان بردووە کە خاوەنی یەک بست زەوی نەبوون لە نیشتمانییش لەگەڵیان هاوبەش نەبوون، ئەمە ڕووینەداوە.

لەوێدا - ڕاستی بڵێم - ئاستێکی خۆشەویستی و سۆز و هاوکارییان دۆزیەوە کە لەیادەوەرییان نەسڕاوەتەوە. هەر لەوێشدا سۆفییێت تێگەیشت، کە ئەم بارزانییە دەربەدەرانە لە شکۆدارترینی ڕۆڵەی نەتەوەی کورد و ئازادیخواز و دوژمنی سەرسەختی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستین، کە لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون. لە ئەنجامی خەباتی قارەمانانەیان لە دژی بە کۆیلەکردن و ستەمکارییەکان، درکیان بە بەهێزی پەیوەندیی خەباتی هاوبەش لە دژی کۆلۆنیالیزم و شەڕ، بۆ ئازادی و دادپەروەری کرد کە ئەمانە – غەریب و ئاوارە، زێدی خۆیان جێهێشتووە - بە گەلی سۆفییێتەوە دەبەستێتەوە. جگە لەوەش لەگەڵ نەتەوەی کورد دراوسێیەتی باشیان لە بەرچاوگرت و دەستوورەکەیان جێبەجێ کرد، کە - لە یەکێک لە مادەکانیدا - ئامادەیی ئەوان بۆ یارمەتیدانی ئەو تێکۆشەرانەی، کە بە هۆی خەباتی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەوە دەچەوسێنرێنەوە.

بەڕاستی ئەوانەی ئەم دروشمە دەڵێنەوە – ئێوەی بارزانی ولاتەکەمان بەجێبهێڵن – لە بەرامبەر چەند بنەماڵەیەکی بارزانی، کە حکومەتی دیموکراسی عێراق لە ناوچەی وەشاش و گەڕەکی زەعیم نیشتەجێی کردبوون، دوای ئەوەی شۆڕشی شکۆمەندی ١٤ی تەممووز ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەیان کردبوو و دوای ئەوەی ڕێبەری ولات، عەبدولکەریم قاسم، سەردانی شاندێکی خوێندکاری کورد لە وەزارەتی بەرگری کرد لە ڕۆژی... پێنجشەممە ١٨ی ئایاری ١٩٥٨دا، وتی: (براکانم مایەی نیگەرانیمە، کە ببینم ئەندامێکی ئەم نیشتمانە ئاوارە بووە لە دەرەوەی ولات وەک مەلا مستەفا، کە ماوەیەکی بەرچاو دوور لە زێدی خۆی و بنەماڵەکەی ژیاوە) و لەسەرمان پێویستە وەک یەک بنەماڵە لەم ماڵە گەورەیەدا بژین-کۆمارە لاوەکەمان- و هەموو هیوامان ئەوەیە، کە برا ئاوارەکانمان لەگەڵ مەلا مستەفادا بێنەوە نێومان، بۆ ئەوەی لە زێدی خۆیان بە ئارامی و سەقامگیرییەوە بژین، هەناسەی هەوای ئازادی لە خاکی... نیشتمان هەڵبمژن.

دوای ئەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەروەری لیوا نەجیب ئەلروبەیعی لە وەلاّمی

نامەکەی مەلا مستەفا بارزانی پێشوازی لە گەڕانەوەیان کرد و ئاماژەی بەوە کرد، کە کۆماری عەرەب و کورد وەک هاوڵاتی دڵسۆز لە باوەشیان دەگرێت بەوپێیەی هاوڵاتی دڵسۆزن و دوای ئەوەی هەموو گەلی عێراق پێشوازییان لە هاتن و گەڕانەوەیان کرد، پێزانینیان بۆ ڕۆڵی ئەوان لە پاراستنی کۆمارە هەمیشەییەکەمان بە خوێنی خۆیان، بەڵێ ئێستا ئەم دروشمە بە ئاشکرا و دووبارە و سێبارە لەلایەن کۆمەڵێک توخمی تاوانبار و هاندەر و بەکرێگیراوەکانەوە دەوترێتەوە، کە دەسچێنی کۆلۆنیالیزمن بە مەبەستی دروستکردنی ناتەبایی و شێواندنی ڕیزەکانی خەڵک و تێکدانی ئاسایشی هاوڵاتیان بێ گوێدانە یاسا و ڕێساکان و تێکدانی ئارامی و دڵنیایی لە ولات.

دووبارەکردنەوەی ئەم دروشمە تاوانکارییە، کە لەم گەروە نوساوانەوە دەردەچێت لە ئەنجامی وتنەوەی دروشمی دوژمنکارانە دژ بە کۆمارەکەمان لە پایتەختی کۆماری ١٤ی تەممووز – کۆماری عەرەب و کورد – دەگوترێتەوە، خزمەت بە ئامانجێکی بنەڕەتیتر لەوە دەکات کە باس کراوە، و مەبەستی بەدخوازانەتر و تاوانکاریتر لە چاو ئەوانەی پێشتر باسکراون، لەخۆدەگرێت. ئامانج لە دووبارەکردنەوەی ئەوەیە کە... دروستکردنی ڕۆحی دوژمنایەتی و دوورکەوتنەوە لە نێوان عەرەب و کورد، یان تێکدانی یەکڕیزی ڕاستەقینەی عێراق دوای نەهێشتنی برایەتی عەرەب و کورد و خەباتی هاوبەشی نێوان هەردوو نەتەوەی برا عەرەب و کورد.

بەڕاستی دوژمنانی کۆمارەکەمان شارەزان لە دارشتنی شێوازی دۆزەخیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە چەوتەکانیان و ئاسانکاری بۆ تێپەڕاندنی پیلانەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستانە و تەماحکارانە. بەڵام ئەوان ئاسنی سارد دەکوتنەوە، چونکە هەموو ئەم هەوڵ و پیلانگێڕیەیان بێگومان لەسەر تاشەبەردی یەکگرتوویی عەرەب و کورددا تێکدەشکێن. ڕیسوا دەبن لەبەردەم هۆشیاری گەلی عێراقدا بە عەرەب و کوردیەوە ئەوانەی ئەم کارەش دەکەن ئەوانەی سروشیشیان پێدەدەن ئاشکرا دەکرێن وەک ناپاک بۆ عێراق و دوژمنی گەلە سەربەرزەکەی دەدرێنە قەڵەم.

کۆماری عێڕاقی هەمیشەیمان وەک کۆماری عەرەب و کورد دەمێنێتەوە و سیستمە دیموکراسیەکەی بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر بۆ هەموو هاوڵاتیان- بەبێ گوێدانە نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانیان، سەرەڕای فێڵەکانی کۆلۆنیالیزم و ئەوانەی تەماحی سەرچاوەکانی دەکەن.

لە کاتێکدا من ئەم ڕاستیانە دەخەمە بەردەم بەرپرسان و ڕای گشتی عێراق، داوا لە هەموو لایەک دەکەم ڕێکاری بەپەرچدانەوە بگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە کردەوە تاوانکارییانە، داواش لە دەسەڵاتی نیشتیمانی دەکەم بە تووندی و پتەوییەکی ئەوتۆ لە ئەندامانی ئەو باندانە بدات بۆتەمێکردنیان و ڕێگریکردن لە تاوانەکانیان و پاراستنی ژیان و ماڵ و سامان و ئارامی دەروونی هاوڵاتیان.

وە بە گوێی هەموو نەتەوەخوازێکی عەرەبی بە شەرەف، عاشقی عێراق و عەرەبایەتی، خەمخۆری بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبی شکۆمەند، زەروورەتی ڕەتدانەوە و ئیدانەکردنی ئەم تاوانانەی، کە لەلایەن ئەوانەی لە قاوغی پۆشاکی عەرەبی و نەتەوەخوازی عەرەبییەوە ئەنجام دەدرێن، دەچرپێنم. پێویستە ئەو توخمانە ئاشکرا بکات و لە ڕیزەکانی خۆی یان لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی دووریان بخاتەوە، بەڵکو دەبێت ڕێگەی دیموکراسی ڕەوا پەیڕەو بکات و لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا یەکبگرێت بۆ پاراستنی کۆمارە دیموکراسییەکەمان، بە سەرکردایەتی پاڵەوانەکەی، عەبدولکەریم قاسم و گەیشتن بە ڕێگای بەدیهاتنی هەموو ئامانجە ڕەواکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، چونکە جگە لەمە هیچ ڕێگایەکی تر نییە، وەسەلام.[٧٨]

٧٨- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢١٢، ٩ی ئایاری ١٩٦٠.

چۆن مارکسیزم – لینینیزم فێر ئەبین؟

- ١ -

مرۆڤ لەوەتەی بۆتە خاوەنی هۆش و بیری لە دەوروپشتی خۆی کردۆتەوە چەشنە نۆڕینێکی لەلا پەیدا بووە بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداو، دەرکەوت و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ، مرۆڤ زۆر لە مێژە خولیای دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت و کۆمەڵ، کەڵکەڵەی داڕشتنی جۆرە بیرێکی گشتی لە بارەی ئەوشتانەوە کەوتۆتە سەری. فەیلەسوفە دێرینەکانی یۆنانی کۆن، دواتر لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی زانیاری و زانستە جیاجیاکان و ژیانی کۆمەڵایەتییدا لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەورووپا و شۆڕشی دیموکراتی سەرمایەداریدا، هەندێ لە فەیلەسوفەکان هەنگاوی گەورە و گرنگیان هاویشت بۆ گەڵاڵەکردن و خەملاندنی بیرێکی گشتی ئەوتۆ لە سەر گەردوون کە بتوانێت ڕووداو و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ بە ڕاستی و دروستی شیبکاتەوە و بە تەواوی لێک بداتەوە، یاساکانی گۆڕان و گەشەکردنییان بدۆزێتەوە، ئەم کارەش ئەرکی فەلسەفەبوو.

لێکدانەوەی ڕشتەیەکی ڕووداو و دیاردە و دەرکەوتە لە یەکچووەکانی سروشت و کۆمەڵ بەجیا جیا کار و ئەرکی زانستە جیا جیاکان بووە. کاکڵەی یاسا گشتییەکانی هەموو زانستەکانیش ناوەڕۆکی فەلسەفەی پێکهیناوە.

فەلسەفە نوڕینێکی گشتییە بۆ گەردون (سروشت، کۆمەڵ، بیری مرۆڤ) بۆ زانینی دیاردەکان، ڕووداوەکان و نهێنییەکانیان، بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنیان، بۆ داڕشتنی یاسا گشتییەکانیان. بۆیە هەندێ جار بە زانستی زانستەکان ناسراوە، واتە زانستی یاسا گشتییەکانی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنی دیاردە و دەرکەوت و ڕووداوەکانی سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤ.

مانای ڕووتی وشەی فەلسەفە(کە لە فیلۆسۆفیای یۆنانییەوە هاتووە) حەز لە زانین کردنە، زانینی دنیا و مرۆڤ. بەڵام کۆمەڵێ ڕاستی پوختکراو و یاسای دروستی داڕێژراوە لەسەر ڕشتەیەکی تایبەتی بە یەکەوە گونجاو و گرێدراوی سروشت، یان کۆمەڵ، یان بیری

مرۆڤ. بەم پێیە زانست (ئیختیساس) و فەلسەفە (تەعمیم)ی کۆکەرەوەی تیایە.

نۆڕینی گشتی، هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە دوو جۆری سەرەکی هەبووە، کە ڕشتە و قوتابخانەی جیا جیایان لێبۆتەوە:

یەکێکیان ڕووداو، دیاردە، دەرکەوتەکانی سروشت و کۆمەڵی بردۆتەوە سەر هێزێکی نەدیوی نەدیاری نەزانراو، ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵاوی لەسەر داناون، زۆر شتی لە لاوە و لە دواوە بۆ هەڵبەستوون و خستونەتە سەر بێگوێدانە هێنانەوەی بەڵگە و ئیسپات، ئەمەیان ناونراوە نۆڕینی ئایدیاڵی.

ئەویتریان دیتنی سروشت و کۆمەڵ بووە وەک و هەن، وەک و خۆیان، بێ خستنە سەر و بۆهەڵبەستن، بێ داتاشین و شێواندن، بێ لێکردنەوە و بۆ زیادکردن، نواندنەوەیان لە مێشکی مرۆڤدا، دەرخستنەوەیان بەبیری مرۆڤ وەک و خۆیان، بێ کەم و زیاد، وەک وێنەگرێکی لێزان و شارەزا کە هەموو لایەکی وێنە گیراوەکە بە (مجەسەمی) بخاتە بەرچاو. ئەمەیان نۆڕینی گشتی زانستیی فەلسەفەی مارکسییە، تیۆری ماتریالیزمە، کە نۆڕینێکی زانستییە ڕاستیی لە واقیعەوە دەرئەبڕێت، ئەفسانە و گۆتەی پڕوپوچ و خوراڤاتی بێ بناغە ئەنێتە لاوە.

فەلسەفەی مارکسی وەک و تیۆری ماتریالیزم بەکار ئەهێنی، بە ڕێبازی لۆجیکی ڕاست و ڕەوا و پڕۆگرامی دیالەکتیکیدا ئەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی یاساکانی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنی دیاردەکان و ڕووداوەکان و (مەوجودات) و (وەقائیع) ئەنگڵز وتویەتی نۆڕینی ماتریالیستی بۆ جیهان و سروشت بەتەنیا بەبێ هیچ خستنە سەرێک، هیچ پێوەنانێک لە دەرەوەیانەوە، تیۆری ماتریالیستی و بینین و ڕێبازی دیالەکتیکی پێکەوە ماتریالیزمی دیالەکتیکییە، کە بەردی بناغەی فەلسەفەی مارکسی دائەڕێژێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ بە کورتی و بە پوختی تەعریفی فەلسەفەی مارکسی بکەین ئەبێ بڵێین کە:

فەلسەفەی مارکسیزم نۆڕینێکی گشتی زانستی ڕاست و دروستە بۆ سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤ، کە کاکڵەی یاسا هەرە گشتییەکانی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنی بە جۆرێکی زانستی داڕشتوون، بۆبەکارهێنانیان لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەموو جۆرە ئازاردانێکی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەیەکی چینایەتی و زۆرداری و جیاوازییەک، لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشی ڕەنجدەران و زۆرلێکراوان و بەشخوراواندا. لە پێناوی

سەرخستنی شۆڕشی پڕۆلیتاریادا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالستی، کۆمەڵی یەکسانی بێ چەوسانەوە.

کەواتە مارکسیزم فەلسەفەیەکی زانستی، ڕاست و ڕەوای، تێکۆشەرانەی چینایەتییە، هەمیشە زیندو و گیانداڕە، هەمیشە لە گەشەکردن و خەملێین دایە. هەر زوو کارل مارکس وتویەتی کە فەیلەسوفەکان تا ئێستا هەر جیهانیان شیکردۆتەوە، ڕووداوەکانیان ڵێکداوەتەوە، بەڵام لەمەودوا ئەبێ لێکدانەوە بۆ گۆڕین و پێشخستنی جیهان بێت. واتە هەر لەسەرەتاوە فەلسەفەی مارکسیزم چەکێکی کاریگەری خەبات و شۆڕش، چەکی دەستی چینی پڕۆلیتاریا و ڕەنجدەران بووە. خوێندەوارە هۆشیارەکان تیژیان کردووە و داویانەتە دەست ڕەنجدەرانی زۆرلێکراو و چەوساوە بۆ بەکارهێنانی دژی داگیرکردن و زۆرلێکردن و ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی، دژی ڕژێمی سەرمایەداری. واتە فەلسەفەیەکی تێکۆشەرانەی شۆڕشگێڕانەی بە تەوژم و کاریگەر بووە، ڕوخساری چینایەتی گەش و دیاریووە.

ماتریالیزمی دیالەکتیک و ماتریالیزمی مێژوویی بەردی بناغەی فەلسەفەی مارکسیزمن. ئەستوونە سەرەکییەکانی بریتین لە:

(١) شیکردنەوەی چینایەتی کۆمەڵ و دۆزینەوەی یاسای خەباتی چینایەتی و بە ئەنجام گەیاندنی خەباتەکە. مارکس خۆی وتویەتی کەوا پێش ئەویش بوونی چینەکان و ململانێی نێوان چینەکان زانرابوون، بەڵام ئەڵێ (من بە ئەنجامی ئاسایی خۆیانم گەیاندوون). مارکس ئیسپاتی کرد کە خەباتی چینایەتی نەک هەر ئەبێتە خەباتی پڕۆلیتاریا دژی بۆرژوازی، ئەبێتە شۆڕشی چەکداری پڕۆلیتاریا بۆ ڕوخاندنی سەرمایەداری و وردو خاش کردن و هاڕینی بنەڕەتی دام و دەزگا ئابووری و سیاسی و جەنگی و کۆمەڵایەتی و نەریت و خو و ڕەوشتە خراپەکانی بۆ هەڵتەکاندنەوەی بناغەکانی ژێرخانی کۆمەڵ و تێکدان و ڕوخاندنی سەرخانی کۆمەڵ، بۆ داڕشتنەوەی سەرخانێکی گونجاو لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بە دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا ئینجا نەهێشتنی چینەکان و سڕینەوەی شوێنەواری خراپی کۆمەڵی چین چین لە هەموو لایەنێکی ژیاندا بە لەناوبردنی یەکجارەکی ماکی چەوساندنەوە و زۆرداری و جیاوازی نێوان مرۆڤ. واتە مارکس یاسای خەباتی چینایەتی وادارشت کە خەباتەکە بابەتییە و هەر ئەخولێتەوە تا ئەبێتە شۆڕشی چەکدار، شۆڕشی پڕۆلیتاریا، بۆ دانانی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا و

سەرکەوتن لە دامەزراندنی سۆسیالیزم و هەڵتەکاندنی ڕەگ و ڕیشە و بنەڕەتی زۆرداری و چەوساندنەوە و ئازاردانی نەتەوایەتی و چینایەتی و پێکهێنانی کۆمەڵی یەکسان لە سەرانسەری جیهاندا.

لێرەدا چەندین سەرەتای بنچینەیی مارکسیزم بەدی ئەکرێت وەکو: پێویستی شۆڕشی چەکدار، پێویستی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، پێویستی دانانی کۆمەڵی سۆسیالستی لە ئەنجامی درێژەپێدان و گەشەپێدانی خەباتییەوە کە بۆ سەرکەوتنەکەی بە ناچاری ئەبێ پرۆلیتاریا خۆی لە چینێک بخەملێنی و ڕێکخراوی چینایەتی خۆی دروست بکات بە تایبەتی پارتی شۆڕشگێڕانەی پێشڕەوی خۆی، تا خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەڕێوە ببات و پێی سەربخات و تێکڕا کۆمەڵی مرۆڤ ڕزگاربکات.

(٢) دۆزینەوەی یاسا ئابووریەکانی کۆمەڵ، یاساکانی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، یاسای زێدەبایی، ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ، تەنگوچەڵەمەی سەرمایەداری و حەتمیەتی لابەلاکردنی ناکۆکییەکانی نێوان (هێزە بەرهەم هێنەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان) یاساکانی ئابووری سۆسیالیزم و دامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالستی.

(٣) داڕشتنی تێگەیشتن و گۆتەی فەلسەفی ڕاست و دروست لەسەر ناسین، کردەوە، هۆ، ئەنجام و لۆجیک و شتی تر.

لۆجیک بە پێی لێکدانەوەی زانستی بریتیە لە(زانستی ئەو سەرەتا و بنکانەی کە ئەبێ بیر پەیڕەوی بکات بۆ ناسینی ڕاستی (لۆجیکی دیالەکتیکی بریتیە لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی دیالەکتیکی لە یاساکانی بیر و شێوەکانیدا) و شێوەکانی لۆجیکی بریتین لە (تێگەیشتن، داوەری، ئەنجام دەرهێنان).

ئەنگڵز ئەڵێ کە (لێکۆڵینەوەی شێوەکانی بیر و لێکۆڵینەوەی گۆتە لۆجیکیەکان زۆر پێویست و بە کەڵکن).

لینینیزم: مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم و شۆڕشی پرۆلیتاریایە، تیۆری شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای داڕشتوە و ستراتیج و تاکتیکەکانی خەملاندووە. لینین خۆی مارکسیستێکی بلیمەت، تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ، زانایەکی هەڵکەوتوو بوو کە بە تەواوی لە مارکسیزم گەیشتبوو، وەستایانە بەکاری هێنا، شارەزایەتییەکی بێوێنەی نواند لە گونجاندنیدا لەگەڵ پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ و سەرخستنی

خەباتی پڕۆلیتاریا و گەلانی ژێر دەست، لە هەل و مەرجی زەمان و زەمینی ئەوکاتەدا کە سەرمایەداری بە جۆرێکی وەها گۆڕابوو گەیشتبووە بەرزترین پلەی خۆی، نزیک لێواری گۆڕ واتە: ئیمپریالیزم، کە لەڕووی بابەتییەوە هەلی لەباری شۆڕشی پڕۆلیتاریای هەڵخستبوو. لینین کە مامۆستایەکی بلیمەت و مارکسیستێکی زانا و بە توانا بوو لە ئەنجامی بەکارهێنانی وەستایانەی سەرەتا گشتییەکانی فەلسەفەی مارکسیزم و لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە مارکسیزم باوەڕێکی وشک و برینگ نییە بەڵکو ڕێبەری کارکردن و مەشخەڵی ڕێگەی خەباتە، نەک هەر مارکسیزمی پاراست و سەرەتاکانی بەجێهێنا بگرە گەشەی پێدا و خەملاندی. لینین بەمە گەنجینەی مارکسیزمی دەوڵەمەندتر کرد و قۆناغێکی تر پێشیخست و پلەیەکی تر بەرزی کردەوە، گەیاندیە مارکسیزمی ئیمپریالیزم و شۆڕشی پڕۆلیتاریا، کردی بە مارکسیزم لینینیزم. لینین، بەم خزمەتە گەورەیە ڕاسپاردەی مامۆستا گەورەکانی فەلسەفەکەی هێنایە دی، کە گەشەپێدانی مارکسیزم بوو.

لینین، دەریخست مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە مارکسیستێکی ڕاستەقینە ئەبێ باوەڕی تەواوی بە ڕاستییە گشتییەکانی، بە یاسا گشتییەکانی مارکسیزم هەبێت و بە چاکی تێیان بگات، بەباشی بەکاریان بهێنێت بۆ لێکدانەوەی ڕووداو، دەرکەوتە و دیاردەکانی کۆمەڵ، بۆ لابەلاکردنی ژیرانەی گیروگرفتەکانی جەماوەر و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی خەبات و شۆڕش و سۆسیالیزم..تاد، نەک هەر چەند گۆتەیەکی مارکسیزم لە هەموو زەمان و زەمینێدا، بۆ هەموو هەل و مەرج و حاڵەتێک وەکو مۆر بەکار بهێنێت ڕێگەی گەشەکردن و خەملێنی بگرێت، ناوەرۆکە زیندوەکەی، گیانە گەشەکردوەکەی بە چەند وشەیەکی ڕووت و قووت و ڕستەی وشەی مردووی ناو کتێب بخنکێننیت.

لە بەر ئەوە، مرۆڤ بۆ ئەوەی لەم سەردەمەدا ببێتە مارکسیەکی ڕاستەقینە ئەبێ مارکسیزم – لێنینیزم بە باشی تێبگات، باوەڕی پێبێنێت، لە ژیان و خەباتدا بەکاریان بهێنێت.

جا ئەگەر بمانەوێ مارکسیزم – لێنینیزم بە کورتی و بە پوختی تەعریف بکەین ئەشێ بڵێین مارکسیزم – لێنینیزم زانستی ئەو یاسا گشتیانەیە، کە دەستی ئەڕوات بە سەر سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤدا، یاساکانی گۆڕان و گەشەکردنیان، یاساکانی شۆڕشی جەماوەری زۆرلێکراو و ڕەنجدەر، تیۆری و تاکتیکە گشتییەکانی شۆڕشی پڕۆلیتاریا و سەرخستنی سوشیالیزم و دروست کردنی کۆمەڵی یەکسانی بێ چەوسانەوە، تا مرۆڤ بە

یەکجارەکی ڕزگاری ببێت لە زۆرداری و ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و جیاوازی.

مارکسیزم - لێنینیزم زانستێکی زیندووی گیانلەبەری هەمیشە گەشە، هەمیشە لە پێشکەوتن و خەملێین دایە، هیچ کاتێک ناسڕەویت و وشک ناکات، بەڵکو هەر لەشینبوون و پێشکەوتن دایە، لە گەشەکردندا هەمیشە پەرەدەسێنێ و گەنجینەکەی بە زانین و تاقیکردنەوەی نوێ دەوڵەمەندتر و زیاتر ئەبێت. تا دێت ڕاستییە گشتییەکانی باشتر دەرئەکەون، چاکتر ساغ ئەبنەوە و بڵاوئەبنەوە، هەر وەکو هەندێ (سیغە) و (گۆتە) و (ئەنجامگیری) یەکانیش سەبارەت بە گۆڕانی زروف و زەمان و جیاوازییەکان بەسەر ئەچن و لە کار ئەکەون و هەندێ(سیغە) و (گۆتە) و (ئەنجامگیری) نوێ جێیان ئەگرێتەوە بە جۆرێک کە بگونجێن لەگەڵ ئەرک و فەرمانە مێژوویییە نوێکاندا. بەم پێیە مارکسیزم - لێنینیزم دوژمنی سەرسەختی (جمودی عەقائیدی) و وشک بوون و ڕەق هەڵهاتنی مێشک و بیرکردنەوەی مرۆڤە. هەرگیز باوەڕی بەوە نییە، کە چەند (سیغە) و (گۆتە) و (ئەنجامگیری) زەمان و زەمینێکی دیاریکراو بە وشک و برنگی لە قالبێکی نەگۆڕی ئاسنیندا تا سەر قەتیس ئەمێنێ و لە هەموو زەمان و زەمینێکی جیاوازدا بە هەمان شێوەی کۆن بەکاردێنن و هەتا هەتایە ناگۆڕدرێن و نامرن. بۆ ئەوەی ڕاستییە گشتییەکان و یاساکانی مارکسیزم - لێنینیزم وەستایانە بەکاربهێنرێن دەبێ بگونجێندرێن لەگەڵ هەل و مەرجی زەمان و زەمینی نوێ و جیاجیادا، لەگەڵ خاسیەتە تایبەتییەکانی هەر کۆمەڵ و هەر ووڵاتەدا، لەگەڵ چەشن و شێوەی بزووتنەوەی هەر میللەتە و گەشەکردنی تایبەتی هەرگەلێکدا.

بەڵام ئەو ڕاستییە وەها ناگەینێت کە سەرەتا و یاسا گشتییەکانی مارکسیزم - لێنینیزم هەڵبتەکێندرێتەوە و بشێوێندرێت و تێکبدرێت. چونکە پەشیمان بوونەوە لە سەرەتا و یاسا گشتییەکانی مارکسیزم - لێنینیزم ، یاخود شێواندن و تێکدانیان، بەلاوەنان و دەست لێهەڵگرتنیان ڕۆیژنیزمە، کە ڕاستەخۆ بە پێچەوانە و دوژمنی ڕاستەقینەی مارکسیزم - لێنینیزمە. گەشەکردنی مارکسیزم - لێنینیزم بەوە ئەبێت، کە هەر لەسەر بنج و ڕەگ و ڕیشەی خۆی شینتر ببێت، بپشکوێت و بگەشێتەوە نەک بەوەی، کە ئەو ڕەگ و ڕیشە ببڕدرێت وەک ڕۆیژینستەکان ئەیانەوێ بیکەن بە ناوی گەشەپێدان و گونجاندنەوە لەگەڵ هەل و مەرجی نوێ.

بۆچی مارکسیزم – لینینیزم ڕاست و ڕەوایە؟

مارکسیزم - لێنینیزم بەری پالاوتن و پوختەکردنی ڕاستییە گشتییەکانی فەلسەفە و زانستە جیاجیاکان و سوشیالیزم ئابووری سیاسی پێش مارکس و ئەنگڵزە، بەری گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و هۆشیاری سەردەمی سەرمایەداری و ڕاپەڕینی ئەوروپایە، بە چەشنێک، کە تۆپەڵەی گەشەکردنی زانستەکان و فەلسەفەیە دوای ڕزگار کردنیان لە تەپوتۆزی ئایدیالیزم و میتافیزیک و کاکڵەی یاساکانیانە، کە بە شێوەیەکی داهێنەرانە و ئازایانە و ژیرانە بە بلیمەتی مارکس و ئەنگڵز داڕێژراونەتەوە. مارکس و ئەنگڵز کاکڵە و یاسا ڕاست و دروستە گشتییەکانی زانستەکانی سەردەمی خۆیان و بنچینە ڕاستەکانی دیالەکتیکی هێگڵ (کە سەرەوخوار دانرابوون و ئەوان خستیانەوە سەر قاچەکانی خۆی) و ماتریالیزمی فویەرباخ(کەئەوان پالاوتیان و گەشاندیانەوە) و پوختەی تاقیکردنەوەکانی خەباتی مرۆڤایەتی بە گشتی و پڕۆلیتاریا بە تایبەتی کۆکردەوە و داهێنەرانە و بە ڕێکوپێکی دایانڕشتەوە، دوای لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و پشکنین و ڕەنجێکی بلیمەتانەی زۆر و هاوبەشیکردنی شۆڕشگێڕانە و ژیرانە لە خەباتی چینی کرێکاری نوێ، توانیان، کە بنچینە و تەلاری فەلسەفەیەکی ڕاست و ڕەوا پێکبهێنن، کە بە ناوی کارل مارکسەوە ناونرا مارکسیزم. هەرچەندە فریدریک ئەنگڵزی بلیمەت و ژیر و تێکۆشەری هاوتاشی هاوبەشیەکی داهێنەرانەی کردوە لە مەدا، بەڵام دەردی خۆی وتویەتی دەسپێشکەر و خەملێنەری سەرەتا گرنگەکانی بووە. لەبەر ئەوە هەق هەر وەهابوو، کە بە ناوی ئەوەوە بێت. بەمجۆرە مارکس و ئەنگڵز پێکەوە فەلسەفە و سەرەتا و یاسا گشتییەکانی مارکسیزمیان بلیمەتانە داهێنا و دارشت، نەبەزانە خەباتیان کرد بۆ ڕوونکردنەوە و بەکارهێنانی، بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕیزی پڕۆلیتاریا و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕدا.

فلادیمیر ئیلیچ ئوڵیانۆف (لینین) یش لە سەردەمی خۆیدا، سەردەمی ئیمپریالیزم و شۆڕشی پڕۆلیتاریا، مارکسیزمی لە شێواندن و تێکدان پاراست، بە جۆرێکی داهێنەرانە گەشەی پێدا و زیاتر خەملاندی. ستالین و دیمیترۆف و ماوتسی تۆنگ و هۆشی مینەش ژیرانە و وەستایانە تێیگەیشتوون یاسا گشتییەکانیان جێبەجێ کرد و بلیمەتانە گونجاندویانە لەگەڵ هەل و مەرجی ولاتان و خاسیەتە تایبەتییەکانی گەلەکانی خۆیان

و دنیادا و هەندێکیان زۆر شتی گرنگ و نوێ و بە نرخیان خستۆتە سەر گەنجینەی مارکسیزم - لێنینیزم. بەڵام لینین ئەو کەسەبوو، کە هەم لە ڕووی تیۆرییەوە، هەم لە ڕووی ستراتیج و تاکتیکە گشتییەکانەوە، هەم لە ڕووی گۆتە و تێگەیشتنی فەلسەفییەوە گەشەی بە مارکسیزم داوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە بەرزی کردۆتەوە بۆ پلەیەکی هەورازتری وەها کە شایستەی ئەوەیە پێی بوترێت مارکسیزم - لێنینیزم.

تاقیکردنەوەی خەباتی پڕۆلیتاریا و گەلانی زۆرلێکراو، دۆزینەوە و گەشەکردنی زانستە جیاجیاکان و تەجروبەکانی بەکارهێنانی یاساکانی مارکسیزم - لێنینیزم لە ژیان و خەباتدا، سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا و شۆڕشی چین و چەندین ولاتیتر، دەریخستووە کە مارکسیزم - لێنینیزم:

(١) (ڕاستترین و زانستیترین و شۆڕشگێڕترین ڕاستییەکانە، کە لە واقیعی بابەتیدا ساغ بۆتەوە). مامۆستاکانی مارکسیزم - لێنینیزم بلیمەتانە و زیرەکانە ورد بوونەتەوە لە (وەقائیع) و (وجود) و لەوانەوە (حەقایقیان) هەڵێنجاوە، بۆیە سەرەتاکانی مارکسیزم - لێنینیزم (ئەنجامگیری گشتییە کە لە ڕووداوی مێژوویی و ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکانەوە دەرهێنراوە) و (لەخەباتی چینایەتی و خەباتی جەماوەری و تەجروبەی زانستی جۆراوجۆر) بە جۆرێک، کە (تەجروبەی گشتی بزووتنەوە و خەباتی پڕۆلیتاریا و جەماوەری شۆڕشگێڕی گەل)یان پوخت کردۆتەوە و بە شێوەی (قەواعید) و ڕاستییە گشتییەکان لە سەرەتا و یاسای زانستیدا داڕشتۆتەوە. بەمجۆرە مارکسیزم - لێنینیزم هەر ڕاستی کۆکردۆتەوە و ڕاستی دەرئەنجامەکانی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ڕاستی دەرئەنجامەکانی خەباتی جەماوەری و شۆڕشی گەل)یان پوخت کردۆتەوە و بە شێوەی (قەواعید) و ڕاستییە گشتییەکان لە سەرەتا و یاسای زانستیدا داڕشتۆتەوە. بەمجۆرە مارکسیزم - لێنینیزم هەر ڕاستی کۆکردۆتەوە و ڕاستی دەرئەنجامەکانی خەباتی چینایەتی و خەباتی جەماوەری

ناوەوەی، هەموو شتێ ئەناسیت.

(٤) یاساکانی گۆڕان و گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤی دۆزیوەتەوە و هۆنیوەتەوە و ژیرانە دایڕشتۆتەوە بۆ بەکارهێنانیان لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤدا لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و ئایینی و هەموو شێوەیەکی تر، لە پێناوی ئازادی و سەربەستی و وەکیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤدا، لە پێناوی بەختیاری و شادی و ئاسودەیی تەواو و تاسەری مرۆڤدا، لە کۆمەڵی یەکساندا. واتە مارکسیزم - لێنینیزم دوژمنی سەرسەختی هەموو جۆرە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و ئازاردان و دواکەوتن و کۆنەپەرستییەکە، تێکۆشەری نەبەز و کۆڵنەدەری ڕێگەی ڕزگاری و کامەرانی و یەکسانی کۆمەڵان و خەڵکەکانی جیهان.

(٥) ڕێوشوێن و بەرنامە و ڕێبازی دۆزینەوەو هەڵێنجانی ڕاستییەکان لە (وەقائیع) ەکان(البحث عن الحقیقة من الوقائع) و شیکردنەوەی تەواوی (مەوجودات)، لێکدانەوە و تێگەیشتنی ڕاست و ڕەوای دیاردە و ڕووداوەکانی تەبیعەت و کۆمەڵ و بیرمان بۆ دیاری ئەکات و پیشانمان ئەدات بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی لە دەوروبەری خۆمان بگەین و کۆمەڵی خۆمان و شێوە و جۆری خەباتی خۆمان بزانین، ئەم یاسا و سەرەتا ڕاستیانەی کە پێی نیشانداوین بەکار بهێنین لە خەباتی چینایەتی و نیشتمانیی و بەرهەم هێنان و تاقیکردنەوەی جیاجیا و جیاوازەکانی ژیاندا، مارکسیزم - لێنینیزم مەشخەڵێکە بۆ ڕوناککردنەوەی ڕێگەی خەباتی مرۆڤ لە ژیاندا، لە خەباتی چینایەتی و نیشتمانییدا، لە تاقیکردنەوەی زانستییدا، لە بەرهەم هێناندا.

کەواتە مارکسیزم لینینیزم ڕاستترین و زانستیترین و شۆڕشگێڕترین ڕاستییەکانە لە واقـیعی بابەتییەوە هـەڵقولاوە و ڕاستی و دروستیشی لـە واقیعـی بابەتیدا سـاخ بۆتەوە[٧٩] .

٧٩ - کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١ خولی ١ پایزی ١٩٧٨.

چۆن مارکسیزم – لینینیزم تێدەگەین؟

-٢-

فەلسەفەی مارکسیزم نۆرینێکی گشتی زانستیی ڕاست و دروستە بۆ: سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤ، کە کاکڵەی یاسا هەرە گشتییەکانی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنی بە جۆرێکی زانستی داڕشتوون، تاکو بەکارهێندرێن لە پێناوی ڕزگارکردنی یەکجارەکی مرۆڤدا لە هەموو جۆرە زۆرداری و چەوساندنەوەیەکی چینایەتی و ئازاردانێکی نەتەوایەتی و جیاوازیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزایەتیدا، لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشی ڕەنجدەران و زۆرلێکراواندا، شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی، شۆڕشی پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم و ئینجا کۆمەڵی بێ چین و چەوسانەوە.

لینینیزمیش، هەر مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم و شۆڕشی پرۆلیتاریایە، کە تیۆری شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای بە تەواوی داڕشتوە و ستراتیژ و تاکتیکەکانیشی خەملاندووە. جا ئەگەر بمانەوێ مارکسیزم - لێنینیزم پێکەوە بە کورتی تەعریف بکەین ئەشێ بڵێین: مارکسیزم – لێنینیزم زانستی(عیلمی) ئەو یاسا گشتیانەیە کە سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤ لێکدەدەنەوە و شیدەکەنەوە و هەڵدەسوڕێنن، یاساکانی گۆڕان و گەشەکردنی گشتیان، یاساکانی خەبات و ململانێی چینایەتی، یاساکانی شۆڕشی جەماوەری زۆرلێکراو و چەوساوە و ڕەنجدەر، کە تیۆری و تاکتیکەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریا دیاری دەکەن بۆ سەرخستنی سۆسیالیزم و دروستکردنی کۆمەڵی یەکسان، تاکو مرۆڤ بە یەکجارەکی ڕزگاری بێت لە زۆرداری و چەوساندنەوەی چینایەتی و ئازاردانی نەتەوایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزایەتی.

چۆنی تێدەگەین؟

زانینی مانای مارکسیزم – لینینیزم و ناوەرۆکەکەی، باش تێگەیشتنی مارکسیزم – لێنینیزم، شەرتی گرنگی بوون بە مارکسیست – لینینیست و باش بەکارهێنانی مارکسیزم – لێنینیزمە لە ژیان و لە خەباتدا، هەر بۆیەش پێویستە بزانین چۆن لە مارکسیزم –

لێنینیزم دەگەین؟ پاشان بزانین چۆنی بەکار دێنین؟ چونکە نیازی سەرەکی بگرە تاکە نیازمان لە زانینی مارکسیزم – لینینیزم چاک بەکارهێنان و وەستایانە جێبەجێ کردنی مارکسیزم – لینینیزمە.

مارکس لە سەرەتاوە گوتویەتی، کە: (فەیلەسوفەکان تا ئێستا هەر گێتی یان شیکردۆتەوە، بەڵام ئێستا کاتی گۆڕاندنیەتی) واتە لێکدانەوە و زانینی گێتی بۆ گۆڕاندنی گێتییە بە جێبەجێ کردنی زانیاریی ڕاستەکان. هەروەها سەبارەت بەمەش، کە فەلسەفەی مارکسیزم - لێنینیزم دوو خاسیەتی گەورە و دیاری هەیە.

یەکێکیان: خاسیەتی چینایەتییەکەیەتی کە بە ئاشکراو سەربەستیەوە هاوار دەکات، کە لە خزمەتی چینی کرێکاران و ڕەنجدەراندایە بۆ ڕێکخستن و ڕێبەریکردن و سەرخستنی خەباتەکەیان چرا و ڕێنوێنە.

دووەمیان: ئەوەیە کە تیۆری سەر بە مومارەسەی عەمەلیە: واتە تیۆری لە ڕووداوەکان و واقیع و خەبات و کار و کردەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەوان دەری دەدەن و لەناو کورەی خەبات و کارپێکردنیشدا قاڵ دەکرێتەوە، ڕاستی و دروستیەکەی لە خڵت و چەوتییەکانی جیادەبنەوە! واتە تاکە پێوەری زانیاری ڕاستەقینە هەر مومارەسەی عەمەلیە. هەربۆیەش چاک تێگەیشتن و باش فێربوونی مارکسیزم – لینینیزم پێویستە تاکو چاک بەکاری بهێنین و باش جێبەجێی بکەین لە خەبات و ژیاندا. مارکسیزم – لێنینیزم تیۆرییەکە، کە مارکس و ئەنگڵز و لینین لە واقیعەکانەوە وەریان گرتووە و دایان ڕشتۆتەوە وەهەندێ ئیستنتاجاتی گشتییە کە لە واقیعی مێژوویی و لە ڕووداوە شۆڕشگێڕەکانەوە پوختەیان کردۆتەوە.

مارکس و ئەنگڵز دوو زانای تێکۆشەر و خەباتگێڕبوون، ڕاستییەکانیان کۆدەکردەوە، نەک بە خەیاڵ و بە ئارەزوی خۆیان، بەڵکو بە شیکردنەوە و پشکنینی ڕووداوەکان، واقیع، واقیعی مێژوویی، خەبات و ململانێی مەوجود لە کۆمەڵی مرۆڤدا. بۆیە لە خۆیانەوە بە ویست و ئارەزوی خۆیان، بە داڵغە هیچ شتێکیان دانەهێناوە. لەم بابەتەوە لینین دەڵێ: مارکس بە تەواوی لە خەیال پلاو بێبەرییە. واتە نایەت لە خەیاڵی خۆیدا کۆمەڵێکی نوێ دابهێنیت، بەڵکو چۆن ڕێڕەوی ئاسایی مێژوو دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەویش ئاوا لە دایک بوونی کۆمەڵی نوێ لە کۆمەڵی کۆن و شێوەکانی گواستنەوە لەمەوە بۆ ئەو دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. تاقیکردنەوەی عەمەلی جوڵانەوەی جەماوەری پڕۆلیتاریا وەردەگرێت و

دەرسی عەمەلیان لێهەڵهێنجی. دێت لە کۆمۆنەوە فێردەبێت، وەک هەموو ئەو بیرکارە شۆڕشگێڕە مەزنانەی نەترساون لە فێربوون لە تاقیکردنەوەی بزووتنەوە مەزنەکانی چینی چەوساوەدا، نەک بێن وەک بلیخانۆف بە لوت بەرزی و نازین بە زانستەوە وەعزی بۆ دادەن).

کەواتە مارکس، کە فەلسەفەکەی بەناو کراوە، نەک هەر داڵغە لێنادا، نەک هەر لەخۆیەوە داینا هێنێ، نەک هەر بە مەزندە و خەیاڵ کردنەوە ناکا، نەک هەر بە ئارەزووی خۆی ، بەویستی خۆی (بەزاتیەت) بیر ناکاتەوە و ئیختراعات ناکات، بەڵکو دەرس دەکات، لێ دەکۆڵێتەوە، شیدەکاتەوە بە بیری تیژی خۆی، بە ڕێگەی ڕاست و دروست هەروەک چۆن زانایەکی ڕەوتی گەشەکردنی مێژووی بابەتی دەرس دەکات، ئەویش ئاوها ڕەوتی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵی مرۆڤ دەرس دەکا، تابزانێ، تاکو تێبگات چۆن کۆمەڵی نوێ لە زگی کۆمەڵی کۆندا، لە دەرونی کۆندا پەیدا ئەبێ و لە دایک ئەبێت. چۆن کۆمەڵی مرۆڤ لە قۆناغێکەوە دەگۆڕێ تا دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر و شێوەکانی چۆن دەبن.

مارکس هەمیشە تاقیکردنەوەکانی جولاّنەوەی پرۆلیتاریا و جەماهیری ڕەچاو کردووە و هەوڵی داوە دەرس و پەندی پێویستیان لێ هەڵێنجێت. وەک قوتابیش دەرسی تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریسی کردووە و وەک بیرکەرەوە شۆڕشگێڕە مەزنەکانیش نەسڵەمیوەتەوە لە فێربوون و کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی جولاّنەوە زلەکانی چینە زۆرلێکراوەکان هەرگیز بە لوت بەرزی و بە فیزەوە وەعز و ئامۆژگاری بەسەردا نەسەپاندوون و شانازی بە زانیاری و خۆیەوە نەکردووە بە شێوەی بلیخانۆف..بەمجۆرە مارکس هەم قوتابی و هەم مامۆستا بووە لە زانکۆی ژیان و خەباتدا. هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستییە گشتییەکانی ناوجەرگەی کۆمەڵ و قانوونە بزوێنەر و گەشەپێدەرەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤی داوە، تا قانوونەکانیان لێ فێربێت و لێهەڵێنجێت و بە جۆرێکیشیان داڕێژێتەوە، کە هەم ئاوێنەی ڕاست و دروستی ژیان و گەشەکردن و گۆڕاندن بن و هەم چەکێکی تیژ و تیغی دەبانی دەستی کرێکاران و ڕەنجدەران و زۆرلێکراوانیش بن لە پێناوی ڕزگاری تەواویاندا. هەروەک بشیانکاتە چرای ڕێ ڕووناک کەرەوەی خەباتیان.

ئەنگڵزیش لەو باسەیدا کە لە سەر کارل مارکسی نووسیوە، مارکسی بە (موکتەشیف) داناوە و دەڵێ: (لەنێو ئەو دۆزینەوە گرنگ و زۆرانەی مارکس ناوی خۆی پێ لە مێژووی

زانستدا تۆمار کرد) لێرەدا ئەتوانین تەنیا باسی دوانیان بکەین: یەکەمیان ئەو گۆڕانەیە، کە بەسەر سەرتاپای واتای مێژووی جیهانی داهێناوە، بەڵام دۆزینەوەی دووەمی بایەخداری مارکس بە کورتی لە ڕوونکردنەوەی تەواو و یەکجارەکی پەیوەندی نێوان سەرمایە و کارە. بە واتایەکی تر ڕونکردنەوەی چۆنێتی ئەو ڕێوشوێنەیە، کە چەوساندنەوەی کرێکارانی پێ بەدیدێت لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە، لە کۆمەڵگای ئێستادا و لە سایەی ئەوشێوازە بەرهەمهێنانە سەرمایەدارییەی، کە هەیە. واتە سەرەتا سەرەکییەکانی مارکسیزم – لێنینیزم، ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لێنینیزم، قانوون و قاعیدەکانی مارکسیزم – لێنینیزم، دەستکردنین، لەخەیاڵدا بە پێی ویست و ئارەزووی پاک و باش دروست نەکراون، بەڵکو لەناو جەرگەی ژیان و کۆمەڵدا هەڵێنجراون، بەشیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕووداوەکان و واقیعی مێژوویی و لێکدانەوەی ژیرانە و وردی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵ و تەبیعەت(سروشت) دۆزراونەتەوە، پەیداکراون و ئینجا ژیرانە و وەستایانە دارێژراونەتەوە وەک کۆمەڵە ڕاستییەکی گشتی کە شتەکان و ڕووداوەکان وەک خۆیان، وەک هەنە و پەیدادەبن و گەشە دەکەن، بێ زیاد و کەم دەخەنە ڕوو، وەک بەری تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ لە کۆرەکانی بەرهەمهێنان و خەبات و زانیاریە جیاجیاکاندا پوختەیان دەکەن و دەرس و پەندی پێویستیان لێ وەردەگرن. ئەمجۆرە ناسین و تێگەیشتنەی مارکسیزم سەرەتا و دەسپێکی زانینی جەوهەری مارکسیزم – لێنینیزم و فێربوون و بەکارهێنانیەتی هەر لەمەشەوە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرن:

یەکەم – سەبارەت بەوەی مارکسیزم – لێنینیزم عیلمە(زانیارییە) و ڕاستییە گشتییەکانی لە تاقیکردنەوەی خەبات و ژیان و بەرهەمهێنان و زانیارییە عیلمیە جیاجیاکانەوە هەڵێنجاون و دابڕشتونەتەوە، بۆیە مارکسیزم – لێنینیزم زانینی ڕاستییە، ڕاستی پەیداکردن و دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕووداوەکان، جوڵانەوەکان و دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و سروشت و بیرە. بۆیە هەرچی ڕاست نەبێت، یان ڕاست دەرنەچێت لە تاقیکردنەوەدا، هەرچی وانەبێت، یان وادەرنەچێت لە بەکارهێنانیدا مارکسیزم – لێنینیزم نیە و نابێ و دەشێ و بگرە پێویستە بەلاوە بندرێن. تەنانەت گەر گۆتە و هەڵوێست و بۆچوونی پیاوە مەزنەکانی مارکسیزم – لێنینیزم و سەرکردەکانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و ڕەنجدەرانیش بن. بۆ نموونە چەندین گۆتە یان هەڵوێست یان بۆچوونی مارکس و ئەنگڵز و لینین وادەرنەچوون، یان بە گۆڕانی کات و سات و شوێن و وڵاتان

وایان نەپێکا، بۆیە یان خۆیان یان پەیڕەو و دڵسۆزەکانیان بەلاوەیان ناون، بۆ نموونە: مارکس و ئەنگڵز خۆیان لە چاپی ئەڵمانی (مانیفێست)دا ساڵی ١٨٧٢ دەڵێن کە هەندێ لە خاڵەکانی مانیفێست کۆن بوونە، سەبارەت بە پێشکەوتنی زۆری پیشەسازی و چینی کرێکار و سەبارەت بە تاقیکردنەوەکانی عەمەلی شۆڕشی شوبات و کۆمۆنەی پاریس. هەروەک دەربارەی هەڵوێست بەرامبەر بە تاقمە جیاجیاکانی پڕۆلیتاریا و شیوعییەکان دەڵێن گەر ئەم بەشە سەر لەنوێ بنووسینەوە لە چەندین خاڵدا جیا دەبێت لە ئەسڵیەکە.

مارکس بۆ چەندین ساڵ پێیوابوو ڕزگاری ئێرلەندە بەندە و بەستراوە بە سەرکەوتنی چینی کرێکاری ئینگلیزەوە. پاشان هەر مارکس خۆی بۆی دەرکەوت کە نەک ئەمە هەر ڕاست نییە، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە. دەردی مارکس خۆی دەڵێ ڕزگاربوونی ئێرلەندە شەرتە بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکاری ئینگلیز خۆی.

هەڵوێستی مارکس و ئەنگڵز لە چلەکان و هەشتاکانی چەرخی نۆزدەم لە بەرامبەر پۆڵۆنیا ئەمە بوو، کە دەبوایە بە هەموو هێز و تواناوە پشتیوانی لە داخوازی سەربەخۆیی پۆڵۆنیا بکرێت، ئەمەیان کردبووە واجبێکی ئیلزامی بەسەر هەموو جولانەوەی دیموکراتی و سۆسیالستی ئەوروپاوە. کەچی لینین دەڵێ: (بەڵام گەر ئەم تێڕوانینەی مارکس سەبارەت بە هەل و مەرجی سێیەکی سێیەم یا چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بە تەواوی ڕاست و دروست بوو، ئەوا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕاست و دروستیەکەی لە دەستدا).

هەروەک لینین لە باسی هەڵەکردنی بۆلشەویکەکاندا دەڵێ هەرچی کاربکات هەڵەش دەکات، هەروەها دەڵێ خۆیان واتە بۆلشەویکەکان هەندێجار و هەندێجاری کەرایەتیشمان کردووە، خۆ دیارە ئەو هەڵە و کەرایەتیانەش دەبێ بەلاوە بندرێن!

مارکس و ئەنگڵز لە کاتی خۆیاندا وای بۆچووبوون، کە شۆڕشی پڕۆلیتاریا لە یەک وڵاتدا سەرناکەوێ بۆیە دەبێ شۆڕشێکی سەرانسەۆی هەموو ئەوروپا بێت. کەچی پاشان لینین سەلماندی کە ئەوسا گۆتەکەی مارکس و ئەنگڵز ڕاست بووە، بەڵام چیکە وانەماوە، چیکە بڕناکات، لەسەردەمی ئیمپریالیزم و جیاوازی گەشەکردنەکانی سەرمایەداری و وڵاتەکان و پەیدابوونی ئیمکانیەتی سەرکەوتنی شۆڕش لە یەک تاکە وڵاتدا. لەم ڕووەوە ستالین دەڵێ: (لەبەر ئەوەی مارکسیزم زانستە لە وەستان ناکەوێت، بەڵکو گەشەدەکات و کامڵ دەبێت و لە ڕەوتی گەشەکردنیشیا بە ئەزموون و زانیاری نوێوە دەوڵەمەند و تێر

و تەسەڵ دەبێت، واتە هەندێ سیغە و ئەنجامەکانی بەپێی زەمانە بە سیغە و ئەنجامی نوێی وا دەگۆڕێت، کە جوتن لەگەڵ ئەرکە مێژوویی نوێکاندا. مارکسیزم ئاشنا نییە بە سیغە و ئەنجامی نەگۆڕی وا، کە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا خۆی پێ ببەستێتەوە).

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو گۆتە و هەڵوێست و بۆچوونانەی لەکار دەکەون و بەلاوە دەندرێن دووبابەتن: یەکێکیان ئەوانەی، کە سات و کات و زەمان و پلەکەیان دەگۆڕێت و بەسەر دەچێت: وەک ئەو گۆتانەی، کە سەردەمەکەیان بەسەر دەچێت یان ئەوانەی قۆناغەکەیان تەواو دەبێت. دووەمیان، ئەوانەی کەوا دەرناچن، ڕاست دەرناکەون، زیان و تاقیکردنەوە دەریدەخەن، کە وانییە و هەڵەن. دیارە بە نیسبەت ئەرکەکانی خەباتیشەوە، دەبێ بڵێین، کە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی پلەکانی خەباتدا ئەوانیش دەگۆڕێن و پێش دەکەون. بۆ نموونە ئەو دروشمەی بۆ قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی ڕاست و دروست و پێویستە، لە قۆناغی سۆسیالستیدا پێویستە بگۆڕدرێت و بە پێی ئەرکە نوێیەکانی لێبکرێت.

هەڵبەتە دەبێ ئەم ڕاستییەش لێرەدا دەست نیشانی بکەینەوە، کە ئەو پەککەوتن و بەلاوەنان و لەکارکەوتنەی گۆتەکان و سیغەکان و بۆچوون و هەڵوێست و دروشمەکان، قانوونە گشتییەکان و سەرەتا سەرەکییەکان ناگرێتەوە، چونکە ئەمانە گەشەدەکەن و پێش دەکەون بەرەو خەملێوبوون دەچن. تا بەدیهێنانی ئەرکە مێژووینییەکانی خۆیان هەندێکیان هەر کارا و زیندوو بە کەڵک و پێویستن، هەندێکیشیان وەک ماتریالیزمی دیالەکتیکی هەتاسەر هەر لە گەشەکردن و پەرەسەندن و پێشکەوتندا دەبێت. چونکە قانوونەکانی ژیان و مان و گۆڕان و گەشەکردنی سروشت و بیر و ژیانن. با ئەوانەش هەبن و ئەو قانوونەش لەگەڵیاندا دەبن.

مارکسیزم – لینینیزم سەبارەت بەوەی عیلمییە بۆیە وشک و برینگ نییە، وشک ناکات و لەناو چەند گۆتە و قالب و بۆچوونێکدا قەتیس نامێنیتەوە، بەڵکو هەمیشە زیندووە، لە گەشەکردن و خەملێیو بوونداید، هەمیشە لە پێشکەوتن و تەواو بوونداید، لەم بابەتەوە لینین دەڵێ: (ئێمە هەرگیز مارکسیزم بە شتێکی وادانانێین، کە ناشێ دەسکاری بکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، باوەڕمان وایە تەنیا ئەوەندەی کردووە، کە بەردی بناغەی ئەو زانستەی داناوە، کە ئەرکی سۆسیالستەکانە لە هەموو لایەکدا بۆ پێشەوەی بەرن گەر دەیانەوێت لە کاروانی ژیان دوانەکەون.) کەواتە نەک وەک دین، کە خۆی بە تەواوکراو،

بە دواڕاستی، بە هەموو ڕاستی و زانیارییەکان دەناسێنێت، بەڵکو وەک زانیاری زیندووی گەشەکردوو، کە بەرەو خەملاندن و پێشکەوتن و تەواوبوون دەچێت مارکسیزم خۆی دەناسێنێت. تیۆریەکەی مارکس بەردی بناغەی ئەو زانیارییەی داناوە، کە پێویستە لەسەر سۆسیالستەکان گەشەی پێبدەن، بە هەموو لایەکدا پەرەی پێبدەن و بیخەملێنن، تاکو لە کاروانی ژیان و ڕەوتی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابووری و هۆشیاری و سیاسی کۆمەڵ دوانەکەون. دووەمین، ڕاستی گرنگ ئەمەیە، کە پێویستە: یاسا گشتییەکانی مارکسیزم – لێنینیزم و ڕاستییە سەرەکییەکانی مارکسیزم – لینینیزم باش فێربین، بەقوولی و بە چاکی تێبگەین. پێویستە ئەمانەش جیا بکەینەوە لە گۆتە و سیغە و هەڵوێست و بۆچوونەکان چونکە یاسا گشتییەکان ڕاستییە سەرەکییەکانی مارکسیزم – لینینیزم بە کەڵکی هەموو گەلان و هەموو قۆناغەکانی خەبات دێن، کە بە شێوەی ڕاست و ڕەوای مارکسیانە و لینینیانە بەکار بهێندرێن وەک پاشان باسی دەکەین. هەمیشەش لە گەشەکردن و پەرەسەندن و تەواوبوون و خەملێندان، کەچی گۆتە و هەڵوێست و بۆچوونەکان بریتین لە جێبەجێ کردنیان بەسەر هەل و مەرجی ولاتانی جیاجیادا بۆیە نە تەمەنیان زۆر درێژ دەبێ و نە بەکەڵکی هەموو ولات و هەموو قۆناغێکی خەباتیش دێن، بەڵکو هەر یەکەیان تەنانەت گەر ڕاست و دروستیش بێ، هەر لەکات و ساتی خۆیدا، لە هەل و مەرجی تایبەتی خۆیدا، لە پلە و قۆناغی خۆیدا، لە شوێن و ولاتی خۆیاندا بە کاردێن. لە شوێنەکان و ولاتانی تردا هەر وەک حەلکردنی مەسەلە جیاجیاکان وەک (تەمارین) و تاقیکردنەوە کەڵکیان دەبێ.

لەم یاسا گشتی و ڕاستییە سەرەکییانەی پێویستە باش فێریان ببین و چاکیان تێبگەین هەزمیان بکەین و ئیستیعابیان بکەین بریتین لە:

* ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی.
* یاساکانی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەلایەتی.
* یاساکانی گۆڕان و گەشەکردنی ئابووری.

* ڕاستییە گشتییەکان و سەرەکییەکانی خەباتی چینایەتی، ڕاستییە سەرەکییەکانی شێوە و ئوسلوبی کارتێکردنیان بۆ باش تێگەیشتن و بەکارهێنانی ڕاستییە سەرەکییە گشتییەکان و یاسا گشتییەکانیش پێویستە ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

١- پێویستە ئیستیعابی جەوهەری، کاکڵەی ناوەڕۆکی یاساکان و ڕاستییە سەرەکییە

گشتییەکان بکەین. پێویستە ئەوەش بزانین، کە ڕەنگە جۆرەکان و شێوەکانیان بگۆڕدرێن و گەشە بکەن. بۆ نموونە، کە باسی شۆڕشی سۆسیالستی یان دەسەلاتی چینی کرێکار و زاڵبوون و دەست ڕۆیشتنی بە سەرمایەداری و کۆمەڵدا دەکەین، دەبێ بزانین کە گرنگ بە زۆر گۆڕاندنی بنەڕەتی ڕژیمە لە حوکمی سەرمایەدارییەوە بۆ حوکمی چینی کرێکار، لە دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیە، کە زۆرجار بە شێوەی دیموکراتی پەڕلەمانی دەبێت، بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە ئەویش بە جۆر و شێوەی جیاجیا دەبێت. هەر بۆ نموونە نیازی ئەسڵی لە دیکتاتۆریەت زاڵبوون و دەست درێژی چینێکە بە سەر چینێکی تردا یان چەند چینێکی تر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆی دەردی مارکس و ئەنگڵز دەریانخستووە ئینجا ڕەنگە ئەم زاڵبوون و حوکمڕانی و دەست ڕۆیشتنە بە شێوەی دیموکراتی بێت (دیموکراتی مانای دەسەلات داری بەشی زۆری کۆمەڵە، وەک لینین دەڵێ) بە شێوەی دیموکراتی پەرلەمانی بێت یان کۆمۆنەی هەڵبژێردراوی پاریس، یان سۆڤیەتە هەڵبژێردراوەکانی ڕوسیا یان شێوەیەکی نوێیتر. دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەوزوعە تاکو بە دوور و درێژی و تێروتەسەڵی باسی بکەین لە وتارێکی تردا.

یان خەباتی چینایەتی چۆن دەبێ؟ چۆن گەشە دەکات؟ چ جۆر و شێوەیەک بە خۆیەوە دەگرێت و چۆن سەردەکەوێ و بە کوێ دەگات؟ ڕاستییە سەرەکییەکانی ئەم باسە گرنگەش لە وتارێکی تردا شیدەکەینەوە.

٢- پێویستە بزانین یاساکان و ڕاستییە سەرەکییەکان (تیۆری ڕاست و دروست خۆی) ڕەنگی خۆڵەمێشی هەیە کەچی درەختی ژیان هەمیشە سەوزە دەردی لینین دەڵێ: واتە هەمیشە ژیان زیندووتر و پەرت و بڵاوتر و گەشەکردوترە لە تیۆری ڕاستیش، بۆیە شەرت نییە هەمیشە کتومت وسەدی سەد وەک یەک بێتەوە لەگەڵ لایەنە جیاجیاکانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆحی و هۆشیاری ... تاد. لەگەڵ گۆڕانە خێراکان و گەشەکردنە بەردەوامەکەی.

٣- ڕاستییە گشتییە سەرەکییەکان و یاسا گشتییەکانیش هەمیشە لە گەشەکردن و تەواو بوونداں، لە پێشکەوتن و خەملێبوونداں، لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندتر بوونداں. بۆیە نابێ بە وشک و نەگۆڕیان تێبگەین.

سێیەمین ڕاستی گرنگ بریتییە لەوەی کە مارکسیزم – لینینیزم ناوەڕۆکێکی وشک و برینگ و ڕەق و تەق و نەگۆڕ نییە کە لە چەند بۆتە و قالب و شێوەیەکدا قەتیس مابێ،

بەڵکو ڕێنوێنی کار و کردەوەیە، چرای ڕێگە ڕوونکەرەوەی خەبات و ژیانە. هەر زوو مارکس و ئەنگڵز گوتویانە: (بیر و باوەڕی ئێمە دۆگما نییە بەڵکو ڕێنوێنی کارکردنە) بۆیە نابێ مارکسیزم – لینینیزم بکرێت بە مۆر و کلیشە لە هەموو شوێنێکدا بە یەکجۆر و شێوە بەکار بهێنرێن.

نابێ مارکسیزم – لینینیزم بکرێتە ئاواز و گۆرانی وەک توتی گۆتە و یاسا و ڕاستییەکانی بگوترێتەوە، هەمیشە و لە هەموو سات و کات شوێن و ولاتێکدا بە یەکجۆر و یەک شێوە دووبارە بکرێتەوە. نابێ ئەم ڕاستییەمان لەبیرچێت، کە سروشت و کۆمەڵی مرۆڤ و بیریش هەمیشە وەهەر لە خۆشیانەوە لە گۆڕان و گەشەکردندان. واتە بە شێوەیەکی بابەتی، بە جۆرێکی حەتمی بەگوێرەی یاسا بابەتییەکانی گۆڕان و گەشەکردن لە نەسرەوتندان، لە جولاندان و بۆ پێشەوە دەچن. ئەمەی لێرەدا بە مرۆڤ دەکرێ هەر تەنها ئەمەیە کە ڕێگەی ئاسایی و مێژوویی حەتمی گەشەکردن و گۆڕان بگرێت، تا بۆ ماوەیەک پەکیبخات و بە سەربەستی کات تاکو دەپونگێتەوە، ئەوسا دەتەقێتەوە، یانەخۆ ڕێگەکە خۆش بکات و کەند وکۆسپەکانی ڕێبازی گۆڕاندن و گەشەکردن ڕامالێت تا یاسا مێژووکردە بابەتییە حەتمییەکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان درێژە پێبدەن، بێوەستاندن و دواخستن. واتە دەوری مرۆڤ(بە چینەکانیشیانەوە) لە مێژوودا یەکخستن یان پەلەکردنە لە گۆڕان و گەشەکردن لە کۆمەڵدا، لە بیردا، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە یەکخستنەکە هەتا سەر و هەتا هەتایە نابێت، هەر وەک گۆڕاندن و گەشەکردنەکەش تەنها بە ئارەزووی مرۆڤ و بەویست و خواستی مرۆڤ نابێت، مەگەر هەل و مەرجە بابەتییەکان و زاتییەکانی گۆڕان و گەشەکردنەکە پەیدا بووبن و لە کایەدا بن.

هەربۆیەش زانیاری و بیر و تیۆری هەرچەند ڕاست و ڕەوا و دروستیش بن هەرئەوەیان لە دەست دێ کە یاسا بابەتییەکانی گۆڕان و گەشەکردن بخەنە بەرچاوی مرۆڤ و چۆنیەتی بەکارهێنانیشیان بکەنە چەکی دەستی مرۆڤی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ لە دژی مرۆڤی کۆنەپەرست و خوێن مژ.

واتە هەر دەتوانین ڕێبەری خەبات و کارکردنی مرۆڤ لە دژی زۆرداران و خوێنمژان، چرای ڕوونکەرەوەی ڕێگەی خەباتەکەیان و ژیانیان بن، تا کوێرانە بە ڕێگەی خەبات و ژیاندا نەڕۆن، تا لایان بدات لە هەڵدێر و چاڵ و کەند و کۆسپەکانی ڕێگەی خەبات و ژیان، تاکو دۆست و ناحەز و هاوپەیمان و دوژمنیان پێبناسێنێت، تاکو پلە و ئەرکەکانی

خەبات و ژیانیان بۆ دەربخات. بۆیە هەرچەندە، هیچ جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە ڕەسەن و سەرکەوتوونابێت. بەڵام دیسان تیۆری شۆڕشگێڕانە دەرمانی سیحری هەموو گیروگرفت و دەرد و مەسەلەکان نییە، شتێک نییە وەک کلاوی سخرە جن بێت یان هەرچی بیەوێ بکرێت. بەڵکو لە چاکترین ڕاست و دروستی و ڕەواییدا، لە چاکترین و ژیرانەترین و وەستایانە ترین شێوە و جۆری جێبەجێ کردنیشیاندا، هەر دەتوانێ ڕێنوێنی کار و کردەوە بێت، هەر دەبێتە چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگەی خەبات و ژیان، واتە هەر سەر بەکار و کردەوە و لە خزمەتی هەوڵ وخەبات و مومارەسەدا دەبێت، کە ئەمانەن دەبنە هۆی گۆڕاندن و هەڵوەشاندنەوە و دانانەوەی کۆمەڵی مرۆڤ.

چوارەمین ڕاستی سەرەکی و گرنگیش چاکزانین و باش فێربوون و تێگەیشتنی ئوسلوب و شێوەکانی کار و خەباتی مارکسیانە و لینینیانەیە، هی ڕێگە جیاجیاکان و شێوە جیاجیاکانی شۆڕش و گەیشتن بە سۆسیالیزم و دامەزراندنی کۆمەڵی یەکسان، بە جۆرێ بۆچوون و گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانی دوور و نزیکیشەوە. لێرەدا سەرنجی خوێندەوار بۆ ئەم ڕاستیانەی خوارەوە ڕادەکێشین:

١- شۆڕشی دیموکراتی و بەستنەوە و کردنی بە شۆڕشی پڕۆلیتاری، یان یەکسەر شۆڕشی پڕۆلیتاری (دیارە هەریەکەیان لە پلە و قۆناغی مێژوویی خۆیدا) هەرچەند هەل و مەرجە بابەتییە گشتییەکان و هەل و مەرجە زاتییە گشتییەکان وەک یەکن و زۆر لێکدەچن یان لە بنەڕەتدا یەکن، بەڵام ڕێگە و ڕێبازی شۆڕشەکە و شێوە و جۆرەکانی جیاجیادەبن و بە پێی گۆڕانی هەل و مەرجەکان و خاسیەتە تایبەتییەکانی ولاتەکەیان دەگۆڕێن. بۆیە ڕێگەی جیاجیا هەیە بۆ چون بەرەو سۆسیالیزم، هەر وەک شێوەی جیاجیا هەیە بۆ شۆڕشی سۆسیالستییش. بۆیە دەردی لینین دەڵێت (ڕێگەی شۆڕشی سۆسیالستی لە فەرەنسا جیاواز دەبێ لە هینەکەی ئەڵمان و ئەمیش لە هینەکەی ڕوسیا).

٢- زانینی ستراتیژ و تاکتیکە مارکسیە لینینیەکان، زانینیان وەک زانیاری (عیلمی) ڕێبەر و سازدەری خەباتی چینایەتی کرێکاران و ڕەنجدەران و کۆمەڵانی خەڵکی هاوپەیمان و دۆستیان، زانینی ئامانجی سەرەکی و دیاریکردنی هێزی پێشڕەو، هێزی سەرەکی، هاوپەیمان دەست نیشانکردنی دوژمن و چۆنیەتی وەشاندنی گورزی سەرەکی، زانینی پلە و قۆناغی خەبات و دانانی بەرنامەی خەبات بە درێژایی قۆناغی خەباتەکە. دیاریکردنی هێزەکانی سەرەکی شۆڕش و ئیحتیاتەکانی و هاوپەیمانەکانی لەهەر پلەیەی خەبات و

لەهەر قۆناغەی خەباتەکەدا. لێرەدا چەندین ڕاستی گرنگ دێنە پێش، کە هەم چەپڕەوەکان (لادەرەکان بە لای چەپدا) و هەم (لادەرەکان بە لای ڕاستا) دەیخەنە پشت گوێ، بەڵام مارکسیستە لینینیستە ڕاستەقینەکان دەیخەنەوە پێش چاوی خۆیان و شۆڕشگێڕانی تر وەک:

أ – پڕۆلیتاریا هەر دەتوانێ ڕابەربێت بەڵام بەتەنیا هەموو کارەکان و ئەرکەکانی شۆڕشی پێ ئەنجام نادرێت.

ب – بۆیە پێویستی بە هاوپەیمان هەیە، کە بریتییە لە جووتیارانی وڵاتی خۆی.

ج – جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی لە دەوڵەتی خۆیدا و لە وڵاتانی تریشدا.

جگە لەمانە هێزە ئیحتیاتەکانی شۆڕشی پڕۆلیتاریا بریتین لە:

أ – ناکۆکیەکانی نێوان چینە نا پڕۆلیتاریەکانی وڵاتی خۆی.

ب - ناکۆکی نێوان دەوڵەتە بۆرژوازییەکانی دوژمن بەیەک، کە پڕۆلیتاریا دەتوانێ کەڵکیان لێوەرگرێت. جا ستراتیژیەتی ڕاست و دروست کاری ئەمەیە کە باش نەک هەر هێزی پێشڕەو، هێزی هاوپەیمانی، بەڵکو هێزەکانی ئیحتیاتی تر بەکاربهێنێت بۆ سەرخستنی شۆڕش.

هاوپەیمانی لەگەڵ جووتیاران کارێکی زۆر گرنگ و زۆر پێویستە چونکە بێئەمە چینی کرێکار نەک هەر سەرناکەوێت و شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی و گەشەکردوو بەرەو سۆسیالیزم نەک هەر ژێر دەکەوێت، بەڵکو بەتەنیا تاودانی پێشڕەو کە چینی کرێکارە، بێ هاوپەیمانی لەگەڵ جووتیاران، نەک هەر کەرایەتییەکی گەورەیە، بەڵکو تاوانێکی زلیشە دەردی لینین دەڵێ: زۆر بەداخەوە جۆرێک لەم لادانە زۆر خەتەرناک و سامناکە، ئیمڕۆ لە کوردستانی ئێراندا بەدی دەکرێت، کە مەسەلەی جووتیاران و هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران بەلاوە دەنرێت و ژێر لێو دەخرێت.

هەروەک ئەهمیەتی هاوپەیمانی کرێکاران و ڕەنجدەران لەگەڵ جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی دیموکراتی زۆر گرنگ و بایەخدارە بۆ هەردوو لا، هەم بۆ کرێکاران و ڕەنجدەرانی وڵاتەکە بە گشتی، هی گەلی کاربەدەست بەتایبەتی و هەم گەلی ژێردەست و وڵات داگیرکراو. ئەم ڕاستییە ئیمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا باش دەدرەوشێتەوە. جارێ لە سەرێکەوە، بەدەست وەرگرتنی جڵەوی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان (کوردایەتی) – بەهەڵگرتنی داخوازی و ئامانجە ڕەواکانی و ڕێبەریکردنی

خەباتەکەی – بۆ چینی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، مەسەلەیەکی ستراتیژی گرنگە کە سەرکەوتنی خەباتەکەیانی پێوە بەندە و ڕێبەریکردنی شۆڕشی دیموکراتی و گەشەپێدانی بە شۆڕشی سۆسیالستی لە کوردستاندا لەسەر وەستاوە. کە دیارە ئەمەش نەک هەر بۆ کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ هی گەلانی دراوسێ و دنیاش زۆر گرنگ و بایەخدارە. لە سەرێکی تردە، هاوپەیمانی کردنی چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی تری نەتەوەی کاربەدەست لەگەڵ کوردایەتیدا، نەک هەر بەدیهێنانی واجبێکی ئومەمی گرنگی خۆیانە – کە دەبێ مافی چارەنووس بسەلمێنن و بەکردەوەش یارمەتی خەباتی خەڵکی کوردستان بدەن لە پێناویا – بەڵکو گورزی کوشندەی کوردایەتیش دەماڵن بە تەپڵی سەری دەوڵەتی بۆرژوازی خۆیاندا و هۆیەکی گەورەی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی شۆڕشگێڕانەی گەشەکردوو بەرەو سۆسیالیزم بەدیدەهێنن.

عێراقچی و ئیرانچی و تورکچیەکانی خۆ بە مارکسیست لینینیست زان، بەو ڕیگەی گرتویانەتە بەر، نەک هەر پشت ئەکەنە هەندێ سەرەتای گرنگی مارکسیزم لینینیزم وەک ئەمەی کە هەر گەلە خۆی خۆی ڕزگاردەکات وەک مارکس و ئەنگڵز و لینین گوتویانە، واتە گەلی کوردیش دەبێ خۆی خۆی ڕزگاربکات، سەرەتاکانی گرنگی ڕزگاربوونی هەر گەلێکیش ئەمانەن کە:

١ – پارتی پێشڕەوی ڕەنجدەرانی خۆی هەبێت،

٢ – هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ(پێشمەرگەی خۆیان).

٣ – بەرەی نیشتمانیی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کوردستاندا، بەڵێ نەک هەر ئەم سەرەتایانەی مارکسیزم لینینیزم پێشێل دەکەن، بەڵکو خۆشیان لە ئاستی ڕاستییەکی زیندوو، ڕووداوێکی واقیعی کاریگەر کوێر و گێل دەکەن، کە ئەویش بوون و هاتنە جۆش و هەڵچوونی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی دیموکراتی خەڵکی کوردستانە (کوردایەتی)، کە جوڵانەوەیەکی ڕەوا و شۆڕشگێڕ و هۆیەکی گەورەی لاوازی و لەرزۆکی رژێمە بۆرژوازییەکانی داگیرکەری کوردستانە. واتە ڕێخۆشکەرێکی گرنگی سەرکەوتنی خەبات و شۆڕشی کرێکاران و ڕەنجدەرانی ئەو وڵاتەیە، کە بەمەش دەست لە مەسەلەیەکی گرنگی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاران و ڕەنجدەران هەڵدەگرن.. ئەمە سەرەڕای هەڵخەڵەتاندنی خۆیان و ڕەنجدەران بە گۆتە و کردەی چینە بۆرژوازی داگیرکەرەکان لەسەر کورد و

کوردستان و سەرەتای هەوڵی فریودانی خەڵکی کوردستان تا خەباتەکەی دوابخات و بە تەمابێ شیردا بۆ داپیر و داپیریش کلکە قوڵێ بە مام ڕێوی بداتەوە!!!

تاکتیکیش بەشێکە لە ستراتیژ و پێکەوەیان زانیاری سازدان و ڕێبەری خەبات و شۆڕشی کرێکاران و ڕەنجدەران پێکدێنن. بەڵام تاکتیک سەر بە ستراتیژ و بەشێکە لە سەرکردایەتی ستراتیژی، لینین ماناکەی بەمجۆرەی خوارەوە لێک دەداتەوە:

(مەبەست لە تاکتیکی حزبێک، واتە ڕەفتار و سیاسەتەکەی، یا مۆرک، ئاقار، ڕێوشوێنەکانی چالاکی سیاسەتی). واتە ڕێبازە سیاسییەکەی، (شێوەی) تابعی چالاکییە سیاسییەکە، ڕێگەکانی چالاکییە سیاسییەکەی، ئیتجاهی چالاکییە سیاسییەکەی. ستالینیش لە باسەکەیدا لە سەر بنچینەکانی لینینیزم نیشانی دەدا، کە ئەرکی سەرکردایەتی تەکتیکی بریتییە لە باش فێربوونی هەموو شێوەکانی خەباتی کرێکاران و شێوەکانی ڕێکخستنیان ئینجا وابەکارهێنانیان بۆ ئەوەی لە چوارچیوەی تەرازووی هێزەکاندا چاکترین و زۆرترین ئەنجام و داخوازی بە دەست بهێندرێ، کە بەرەو سەرکەوتنی ستراتیژمان دەبەن. بۆ چاک و ڕاست بەکارهێنانی شێوەکانی ڕێکخستنی کرێکارانیش دوو شەرتی سەرەکی دادەنێت، کە بریتین لە:

أ – ئەو شێوانەی خەبات و ڕێکخستنی هەڵبژێردرێن و بەکار بهێندرێن، کە ئەگونجێن لەگەڵ هەل و مەرجەکانی هەڵچوون و نیشتنەوەی جوڵانەوە، بە جۆرێک، کە جەماوەر بەرەو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە دەبەن و کۆمەڵانی خەڵک دەگەینە کۆڕی شۆڕش و باشیان بەسەر کۆڕەکە دابەش دەکەن. چونکە هەم جەماوەر دەبێ بە کردەوە، بە تاقیکردنەوەی خۆیان هۆشیار بکرێنەوە – نەک بە ئاموژگاری و وەعز بۆدان – تاکو بە کردەوە دەگەنە ئاستی باوەڕکردن بە شۆڕش و دروشمەکانی شۆڕشگێڕانە. هەربۆیەش دەبێ چینی کرێکار نەک هەر خۆی ڕێکخات و هێزەکانی خۆی سازدات بە شێوەیەکی ڕاست و شۆڕشگێڕانە، بەڵکو بۆ سەرکەوتن، بۆ ئەوەی ببێتە پێشڕەوی ڕاستەقینەش، دەبێ هەم هاوپەیمانی لەگەڵ جەماوەری جووتیاران و ڕەنجدەرانی تر و ئینجا کۆمەڵانی خەڵک پێکبهێنێت، هەم لە ڕیزی پێشەوەشیاندا خەبات بکات بێ ئەوەی لێیان دابڕێت چ سەبارەت بە چەپڕەوی و هەڵەشەیی پەلەپەلی خورده بۆرژوازیانەی سەرکردایەتییەکەی، وە یان چ سەبارەت بە باش ڕانەهێنان و هۆشیار نەکردنەوەی جەماوەرەکە بێت. بۆ نموونە ستالین باسی تەکتیکی بۆلشەویکەکان دەکات و لە لینینەوە دەگێڕێتەوە، کە ئەگەر پارتی

بۆلشەویک زۆربەی چینی کرێکاری لە دەوری خۆی نەئالاندبا و لێیان دابڕابا، وەک و چینی کرێکاریش جەماوەری جووتیاران و جەماوەری سەربازەکانی ئەرتەشی قەیسەری بەلای خۆیدا ڕانەکێشابا و هاوکاری لەگەڵ نەکردبان لە ژێر دروشمی هەموو دەسەلآت بۆ سۆڤیەتەکانی کرێکاران و جووتیاران و سەربازاندا ، ئەگەر کرێکاران بە دوا شیوعیە چەپڕەوە پەلەپەل کەرەکان بکەوتبان و ئەوەندەیان دان بەخۆدا نەگرتبا تا هەموو هەل و مەرجە بابەتی و زاتییەکانی تەقینەوە و سەرکەوتنی شۆڕش پێدەگەیشتن و ئەوەندە پشویان درێژ نەکردبایەوە – بۆیان دەردەکەوت کە لایەنەکانی تر بە درۆ و دروشمی ڕەنگا و ڕەنگ بەرز دەکەنەوە و ناتوانن ئامانجەکانیان بۆ بەدیبهێنن، لە تواناادا نەدەبوو شۆڕشی سۆسیالستی بکرێت و سەرکەوێت و دەسەلآتی چینی کرێکار بسەپێندرێ بەسەر ڕوسیادا. بۆیە لەو کاتانەدا، پشودرێژی شۆڕشگێڕانە، خۆڕاگرتنی شۆڕشگێڕانە، ڕوونکردنەوەی پشودرێژی شۆڕشگێڕانە بۆ کۆمەلآنی خەلک، نەک پەلە پەل و هەلپە هەلپ و پێش وەخت کەوتن وەک مارکسیە چەپەکان دەیکەن، تەنها تاکتیکی ڕاست و دروستە. بەڕاستی ئەمە ئیمڕۆ زۆر بەکەلکە بۆ ولآتی ئێمەش، بۆ تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوە و خەملآندنی کادیرە چەپڕەوە پەلە پەلکەرەکانی لای خۆشمان کە گەرەکیانە پێش خەملآندنی هەل و مەرجە بابەتی و زاتییەکان، ئارەزووی باشی خۆیان، ویستی خۆشی خۆیان پیادە بکەن و جێبەجێ بکەن!! لەو بابەتەوە لینین دەڵێ: (ناکرێ تەنها بە هێز و بازووی پێشڕەو سەرکەوتن بە دەست بێت. چونکە کێش کردنی پێشڕەو بۆ جەرگەی شەڕێکی لێبڕاوە، لە کاتێکدا سەرتاپای چین و جەماوەری بێشومار هەلوێستی پشتگیری ڕاستە وخۆی پێشڕەوی نەگرتبێ، یا بەلای کەم نیازپاکانە بێلایەن نەوەستابێت نەک هەر گەمژەییە بگرە تاوانیشە. بۆ ئەوەی جەماوەری ڕەنجدەران و چەوساوەی بێشومار بە کردەوە ئەو جۆرە هەلوێستە بگرن، تەنیا ڕووپاگەندە و هاندان بەس نییە، بەڵکو دەبێ ئەم جەماوەرە ئەزموونی سیاسی تایبەتی خۆی هەبێت. ئەمەیە یاسای بنەڕەتی هەموو شۆڕشەکان).

ب – لەهەر سات و کاتێکی دیاریکراودا، پێویستە ئەو ئالقەیەی زنجیرەی کارەکان و ئەرکەکان بدۆزینەوە، کە بە دەستەوە گرتن و ڕاکێشانەکەی دەبێتە هۆی بە دەستەوە هاتن و ڕاکێشانی هەموو زنجیرەکەی کارەکان و ئەرکەکان و دەشبێتە هۆی لە باری هەل و مەرجی سەرکەوتنی ستراتیژیش لەم بارەیەوە لینین دەڵێ: (هەر ئەوەندە بەس نییە، کە مرۆڤ شۆڕشگێڕ و پشتیوانی سۆسیالیزم یا کۆمۆنیست بێت بە گشتی).

(پێویستە لە هەموو لەحزەیەکی دیاریکراودا، ئەو ئەڵقە تایبەتە بدۆزینەوە، کە دەبێ بە هەموو تواناوە بیگرین، تا بڕمان بەسەر هەموو زنجیرەکەدا بشکێ و بتوانین زەمینەیەکی پتەوی گواستنەوە ساز بدەین بۆ ئەڵقەکەی دواتر). لینین لەمەڕ بایەخی ژێرەوە دیارە لە مەسەلەی تاکتیکی ڕاست و دروستدا دەبێ هەمیشە گۆتە نایابەکەی لینینمان لە یاد دەبێ کە پاشان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی مارکسیزم لینینیزمدا بە درێژی باسی دەکەین، کە دەڵێ: (پێویستە تاکتیک لەسەر تاکە بناغە پتەوەکەی خۆی داڕێژرێت، کە ئەویش بناغەی وەقائیعە).

٣ – توند دەست گرتن بە ئاڵقەی سەرتاسەریەکانەوە و ژیرانە و واقیع بینانە بەکارهێنانیان ئەوپەڕی مرونەتیش لە جێبەجێ کردنیان و هەڵسوڕان و جوڵانەوە و هاوپەیمانییەکاندا. ئەمەش لە چۆن مارکسیزم لینینیزم بەکار دێنین بەدرێژی لێک دەدەینەوە.

٤ – گۆڕاندنی شێوەکانی خەبات و کارکردنمان بە گوێرەی گۆڕانی ئەرکەکان یان پلە و قۆناغی خەبات، یان هەڵچوون و نیشتنەوەی جولانەوەی شۆڕشگێڕی، یان بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ولاتان و ڕادەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و جیاوازی هەل و مەرجە بابەتی و زاتییەکان و بە ڕەچاوکردنی هەل و مەرجی ناوخۆیی و ناوچەیی و گێتی..تاد.

٥ – خۆگونجاندن لەگەڵ واقیع و هەل و مەرجی بابەتی و زاتی و بۆ پێشەوە چوون بە هەنگاوی چەسپاو و ملی ڕێگەگرتن بە چاوی کراوە و دیدی واقیع بینانە.

ئینجا با بێینە سەرباسی مارکسیزم لینینیزم چۆن بەکار دەهێنین؟[٨٠]

٨٠– کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١ خولی ٣، کانوونی دووەمی ١٩٨٥.

مارکسیزم – لینینیزم چۆن بەکار دێنین؟

- ٣ -

هەر لەسەرەتای پەیدا بوونیەوە، وەک فەلسەفەیەکی عیلمی و زیندووی گەشەکردوو، مارکسیزم ڕاستییە گشتییەکانی لە واقیع و ڕووداوەکان هەڵێنجاوە و سەرەتا و قانوونەکانی لێیانەوە دارشتوە، بەیەک تاکە نیاز ئەویش بەکارهێنانیانە بۆ گۆڕاندن و گەشەپێدانی کۆمەڵ و سروشت، بە هیوای ڕزگارکردنی مرۆڤ لە چەوساندنەوە و هەموو جۆرە زوڵم و زۆر و جیاوازی و کۆت و زنجیرێک کە پەکی گەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵ و بیر و سروشت دەخەن.

زۆر زوو کارل مارکس گۆتوویەتی، کە تا ئێستا فەیلەسوفەکان هەر دنیایان شیکردۆتەوە و لێکداوەتەوە، کەچی ئیتر پێویستە بۆ گۆڕاندنی هەوڵدەن. دەربارەی تیۆریەکەی خۆشیان مارکس و ئەنگڵز چەندین جار ئەم ڕاستیەیان دووپات کردۆتەوە، کە تیۆریەکەی ئەوان بیروباوەڕی وشک و برینگ نییە بەڵکو ڕێنوێنی کارکردنە. واتە شیکردنەوە و لێکدانەوەی کۆمەڵ و سروشت و زانینی پەیوەندییەکانی ناوخۆیشیان، ناسینی شێوە و جۆرەکانی دیاردە و ڕووداوەکانیشیان، فێربوونی قانوونەکانی گۆڕان و گەشەکردنیشیان، هەر بۆ بەکارهێنان و جێبەجێ کردنی ئەو ڕاستییە گشتییانە و ئەو قانوونانەی گۆڕان و گەشەکردنیانن. واتە ئەرکی هەرە گرنگ بەکارهێنان و جێبەجێ کردنیانە و مومارەسەکردن و تەتبیق کردنیانە لە ژیان و لە خەباتدا لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری تەواوی مرۆڤدا.

واتە مارکسیزم هەر لە سەرەتاوە، ڕێنوێنی کار و خەباتی ڕزگاری کۆمەڵی مرۆڤ بووە، هەربۆیەش چەکێکی تیژ و کاریگەری ئەو خەباتەیە کە مێژوو، کە قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ئەرکەکەیان خستۆتە ئەستۆی ئەو چینە شۆڕشگێڕەی ئەو کارەی لەباردا هەیە، کە توانا و لێوەشاوەیی بابەتی بەدیهێنانی ئەو ئەرکەی هەیە سەبارەت بە سروشتی چینایەتی و دەوری لە بەرهەمهێناندا، کە ئەویش چینی کرێکاری نوێی ئەم سەردەمە(پرۆلیتاریا)یە، دەردی لینین گوتەنی: (مارکسیزم تیۆری بزوتنەوەی

ڕزگاری پڕۆلیتاریایە) کەواتە هەر لە سەرەتاوە مارکسیزم چەکی دەستی پڕۆلیتاریا بووە لە خەباتی خۆیدا دژی سەرمایەداری و پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی و لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیدا لە هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەک و هەموو جۆرە ئازار و زوڵم و زۆر و جیاوازییەکدا. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ، کە مارکسیزم فەلسەفەیەکی عیلمی ڕێبەرە (ڕێبەری کار و خەبات) بۆیەش زانین و فێربوونی مارکسیزم هەر بۆ بەکارهێنان و جێبەجێ کردن و بەدیهێنانیەتی.

لێرەدا پێویستە دوو خاسیەتە دێرینەکەی مارکسیزم – لینینیزم یاد بکەینەوە:

١ – خاسیەتی ئەوەی، کە ڕێبەر و چەکی خەباتی چینی کرێکارە،وە

٢ – خاسیەتی ئەوەش کە تیۆری و مومارەسەی دەبێ پێکەوە گونجاوبن، پێکەوە جووت بن، کە تیۆری ڕاست ئەوەیە لە مومارەسەدا ڕاست دەردەچێت، کە ئەنجامی بەکارهێنانەکەی ڕاست دەبێ، واتە تیۆری سەر بە مومارەسەیە، ملکەچی مومارەسەیە چونکە بە لای مارکسیزم – لینینیزمەوە ((تاکە پێوەر بۆ ناسینی ڕاستی بریتییە لە مومارەسەی عەمەلی کۆمەڵایەتی چونکە ڕوانگەی سەرەتایی و بنچینەیی لە تیۆری ماتریالیزمی دیالەکتیک سەبارەت بە ناسینی (تیۆری) بریتییە لە ڕوانگەی مومارەسەی عەمەلی)) جا گەر مرۆڤ بیەوێ سەرکەوتن بەدەست بینێت، بەو ئەنجامەی گەرەکیەتی لە کار و کردەوەی خۆیدا شاد بێت، پێویستە بیروباوەڕەکەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ قانوونە بابەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، چونکە گەر بیروباوەڕەکەی نەگونجێ لەگەڵیان ئەوا لە مومارەسەدا ژێر دەکەوێت.

ماتریالیزمی دیالەکتیکی، کە بەردی بناغەی فەلسەفەی مارکسیزم – لینینیزمە پێی وایە، کە زانین و مومارەسە لەیەک جیاناکرێنەوە و ڕاستی و ڕەوایی زانینیش لە مومارەسەکردندا دەردەکەوێت و دەخەمڵێت بەڵام دەردی لینین دەڵێ: (مومارەسەی عەمەلی لە ناسینی تیۆری باڵاترە چونکە تەنها سیفەتی گشت لایەنی نییە، بەڵکو سیفەتی واقیعی ڕاستەوخۆش بەخۆیەوە ئەگرێت). هەربۆیەش بەلای مارکسیە لینینیەکانەوە، هەر فێربوون و زانینی مارکسیزم – لینینیزم و هەرباش تێگەیشتنی قانوونەکانی و ڕاستییە گشتییەکان و سەرەتاکانی مارکسیزم – لینینیزم بە تەنها بەس نییە، بەڵکو گرنگ و پێویست بەکارهێنانیانە، مومارەسە پێکردنیانە، گونجاندنیانە لەگەڵ ژیان و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تاد، لە خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەراندا

دژی دوژمنەکانی چینایەتی خۆیان، بۆ سەرخستنی شۆڕشی دیموکراتی و سۆسیالستی، بۆ هەڵتەکاندنەوەی ڕژێمی زۆرداری و چەوساندنەوە و بنیاتنانی ڕژێمێکی ئازاد و بێ چەوساندنەوە، بێ زوڵم و زۆری چینایەتی و نەتەوایەتی، جا بابزانین چۆن مارکسیزم – لینینیزم بە چاکترین شێوە، بە ڕاست و دروست ترین جۆر بەکار دێنین لە ژیان و لە خەباتدا؟! واتە بابزانین چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی عیلمی و وەستایانە مارکسیزم – لینینیزم بەکاربێنین؟

بۆ بەکارهێنان جگە لە زانینی چۆنێتی بەکارهێنان بە شێوەی ڕاستی خۆی، پێویستە شارەزایی و لێوەشاوەیش هەبن. کە ئەمانەش هەم پەیوەندییان بە مومارەسە و تاقیکردنەوە و ڕاهاتن و دەرس و پەند وەرگرتنەوە هەیە لە هەڵە و ڕووداوەکان واتە بەتاڵبوونەوە لە بۆتەی خەبات و کۆڕەی سەرەتا گەشەکاندا، هەم پەیوەندیان بە توانا و لێوەشاوەیی خەبات گێڕەکانەوە هەیە، لە زانین و تێگەیشتن و فێربوونی ناوەڕۆکی مارکسیزم – لینینیزم و چۆنێتی بەکارهێنانیدا. بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزمیش دەکاتە جێبەجێ کردنی سەرەتاکان و قانوونەکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم لە خەباتی چینایەتیدا، لە ژیاندا دەکاتە کارکردن بەو سەرەتایانە و بەو ڕاستییە گشتییانەی مارکسیزم – لینینیزم، دەکاتە گواستنەوەیان لە ڕستە و گۆتەی تیۆرییەوە بۆ ناو ژیان و پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵ، بەگیان لەبەرنانیان. دەکاتە موتوربەکردنی جوڵانەوەی مێژووکرد و بزووتنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران بەو بیر و باوەڕ و ڕاستییە گشتییانەی مارکسیزم – لینینیزم و سەرەتاکانی، دەکاتە کارکردن بەو قانوونە ڕاست و ڕەوایانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی (لە ڕووی ئابووری و سیاسی و فیکرییەوە)، کە مارکسیزم – لینینیزم لە ژیان و وەقائیعەکانەوە دۆزیویانننەوە و هەڵیان هێنجاون و پاشان بە شێوەیەکی زانیاری دایان ڕشتونەتەوە.

ئەوەی ڕاست بێ هەر بەو جۆرە بەکارهێنانەش مارکسیزم – لینینیزم زیندوو و گەش دەمینێتەوە هەربەوەش نیاز و ئامانجەکانی پەیدابوونی خۆی دەهێندرێتە دی، هەربەوەش گەشەدەکات و پێش دەکەوێت. جا بە ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی وتارەکانی پێشومان، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەش، دەتوانین بڵێین، کە پەیڕەوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە زۆر پێویستن بۆ ئەوەی بە چاکی و ژیرانە، بە ڕاستی و دروستی مارکسیزم – لینینیزم بەکاربهێنین لە ژیان و لە خەباتدا. دیارە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەستایانە

و داهێنەرانە بەکارهێنانیشیان، جگە لەمانەش، پێویستیان بە توانا و لێوەشاوەیی خەباتگێڕانەوە هەیە بە هاوبەشی ژیرانە و بەردەوامیان لە خەباتدا، بە چاوێکی دووربین و قوواڵبین و هەمووالایەنێک بین و بە دڵ و دەروونی کراوەی زانیارانەوە.

یەکەم: باش زانینی مانای مارکسیزم – لینینیزم و چاک تێگەیشتنی قانوونەکانی و سەرەتاکانی و ڕاستییەکانی، هەر وەک لە وتارەکانی پێشودا باسمان کردووە. واتە بە تەواوی فێربوونی مارکسیزم – لینینیزم و ئیستیعابکردنی ناوەڕۆکەکەی (جەوهەرەکەی)، ڕاستییە گشتییەکانی و سەرەتاکانی.

دووەم: فێربوونی هەڵوێست و جۆری بۆچوونەکانی مارکسیزم – لینینیزم و فێربوونی ئوسلوبەکانی مارکسیزم – لینینیزم لە شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردە و ڕووداوەکان و لە خەبات و لە ژیاندا، لە چارەکردنی گیروگرفتەکانیاندا.

ماوتسی تۆنگ لەم ڕووەوە ئەمەی خوارەوە دەڵێ: (ئێمە پێویستمان بەو تیۆریسیەنانە هەیە کە ئەتوانن بە شێوەیەکی ڕاست و بەپێی هەڵوێست و ڕوانگە و شێوازی مارکسیزم – لینینیزم، ئەو کێشە و واقیعانەی لە ڕەوتی مێژوو و شۆڕشدا دەرئەکەون لێک بدەنەوە، لێکدانەوەی زانستی و ڕوونکردنەوەی تیۆری لەمەڕ کێشە ئابووری، سیاسی، عەسکەری، فەرهەنگیەکانی چین پێشکەش بکەن، ئەمانە ئەو تیۆریسیەنانەی، کە ئێمە پێویستمانن. ئەگەر یەکێک بیەوێت لەمجۆرە تیۆریسیەنانە بێت، پێویستە لە ناوەرۆکی مارکسیزم – لینینیزم تێبگات. بە تەواوی لە بۆچوونەکانی لینین و ستالین لەمەڕ شۆڕشە کۆڵۆنیەکان و شۆڕشی چینی بگات. هەموو ئەم تێگەیشتنانە لە شیکردنەوەی کێشە واقیعیەکانی چین شیکردنەوەیەکی قووڵ و زانستیانە پەیڕەو بکات. بۆ ئەوەی یاسای گەشەکردنی ئەم کێشانەی بۆ دەرکەوێت. تەنیا ئەمجۆرە تیۆریسیەنانەن، کە ئێمە پێویستمانن).[٨١] ئەوەی ڕاست بێت تێگەیشتن و ئیستیعابی جەوهەری مارکسیزم – لینینیزم، واتە ناوەرۆکی فەلسەفەکەی، ناوەڕۆکی سەرەتا سەرەکییەکانی، ناوەڕۆکی قانوونەکانی و ناوەرۆکی ڕاستییە گشتییەکانی کارێکی زۆر گرنگ و زۆر پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەم ببێتە مارکسیست لینینیستێکی ڕاستەقینە و هەم چاک و ژیرانە و وەستایانەش بەکاریبهێنێت،

٨١- مؤلفات ماوتسی تونغ المختارة – المجلد الثالث – پکین _ ١٩٧٠، ص ٤٧.(مام)

بۆ ئەوەی بەپێی تواناش بە پێی هەل و مەرجی بابەتی بارودۆخی سەردەمەکە و سات و کاتەکەی خەباتیش گەشەیان پێبدات و دەوڵەمەندتریان بکات و ئەو ئاواتەی مارکس و ئەنگڵز و لینینیش بێنێتە دی، کە بە پێی گۆڕان و گەشەکردنی ژیان فەلسەفەکەشیان گەشە بکات و پێش بکەوێت. بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی جەوهەری تیۆریەکە و هەندێ لە سەرەتاکانی وتارێک تەرخان دەکەین. لە دۆگماتیزم و ڕێڤیژنیزم پێکەوە، لە لادان بەلای ڕاست و لە لادان بەلای چەپدا – لە هەردووکیان، لە خۆقەتیس دان لە قالبە وشکەکانی تیۆریەکان و لە خۆهەڵواسین بە ڕستەی گۆتەکاندا، لە خۆپچڕاندن و خۆدابڕین لە تیۆری و سەرەتاکان و ڕاستییە گشتییەکانیش، لە خۆپاراستن لە نۆڕینی زانی و بازدان بەسەر واقیع و جڵەوی خۆدان بە دەست داڵغە و ویستە تایبەتییەکان و بۆچوونە زاتیەکانەوە، لەگەڵ خۆبەدەستەوەدانی واقیع و کورک بوون لە سەر هێلکەکانی بابەتی و ڕووداوە ناڕەباڕەکانیش. بۆ ئەوەی خوێندەوار سەری لێ نەشێوێ و باسەکە ئاڵۆز نەکەین هەموو ئەوانە لە باس و شوێنی تایبەتی خۆیاندا شیدەکەینەوە.

سێیەمین: باوەڕهێنانی تەواو بە مارکسیزم – لینینیزم، کە فەلسەفەیەکی زانیاری ڕاست و ڕەوایە کە یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دۆزیوەتەوە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵ لە دواکەوتەیی و بۆ پەلەکردن لە گەشەکردنی ئاسایی ژیانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و زانست و هونەر و تاد، کە چرای ڕێگە ڕوناک کەرەوەی خەباتی ڕزگاری کرێکاران و ڕەنجدەران و گەلانی چەوساوە و زۆرلێکراوە، کە چەکێکی تیژ و کاریگەری دەستیانە، چەکێکی ئەوتۆیە گەر باش بەکار بهێندرێت دەبێتە مایەی ڕزگاری و سەرکەوتن لە خەبات و لە ژیاندا. ئینجا دڵسۆزی و پەرۆشیش بۆ ئەو چاک بەکارهێنانە، بە متمانە کردنەوە، بە سەرەتا و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم و سوربوونی سەر ڕاستانە و ژیرانە لە سەر بەدیهێنانیان، ئەویش بە شێوەیەکی عیلمی و زیندوو، نەک بە جۆرێکی دۆگماتیستی و بە تەقدیسی کوێرانەی هەموو ڕستە و گۆتەیەکی مارکسیستی – لینینیستی وەک قەشە و ئاخوندەکان دەنواڕنە کتێبە پیرۆزەکانیان! بەڵکو بە چاویلکەی زانیاری نوێی گەشەدارەوە، بە ڕەچاوکردنی ناوەرۆکی سەرەتاکانی خۆیانەوە، بە بەکارهێنانی ئوسلوبەکانی مارکسیزم – لینینیزم خۆیەوە. واتە دەبێ مارکسیستی لینینیستی دڵسۆز و پەرۆش، دەبێ خۆی لادا، خۆی دوورخاتەوە.

چوارەمین: گونجاندنی قانوونە سەرەکییەکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم لەگەڵ وەزع و زروفی هەر گەلە و هەر ووڵاتە، لەگەڵ هەل و مەرجە تایبەتییەکان و بار و دۆخی تایبەتی هەر گەلە و هەر ووڵاتە، بۆ بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکانی بابەتی کۆمەڵەکەیان و ڕێبەری کردنی خەباتەکەیان و شۆڕشەکەیان، دوای دۆزینەوەی خاسیەتە تایبەتییەکانیان و ڕێبازە تایبەتییەکەیانیان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی تایبەتی ڕێگای خەبات و شۆڕشەکەیان و دۆزینەوەی چارەی پێویست بۆ کێشەکان و ئەم گونجاندنە گرنگترین ئەرکی سەرشانی مارکسیستە لینینیستە ڕاستەقینەکانە، گرنگترین ئەرکی باش و چاک بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزم و بەڕێوەبردن و سەرخستنی خەبات و شۆڕشە. هەر بۆیەش دەبێ زۆر وەستایانە ئەنجام بدرێت. ئەم ئەرکە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات، دوو ئەوەندەی وڵاتانی ئەوروپا کەڵک و گرنگی و بایەخی هەیە چونکە دەردی لینین لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ کۆنگرەی دووەمین ڕێکخراوە شیوعیەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات دەڵێ: (لەم مەیدانەدا ڕووبەڕووی ئەرکێک ئەبنەوە کە پێشتر ڕووبەڕووی کۆمۆنیستەکانی جیهان نەبوونەتەوە. پێویستە لە سەرتان لە هەردوو بواری تیۆری، عەمەلی پشت بە بۆچوونە گشتییەکانی کۆمۆنیزم ببەستن، ئەو هەل و مەرجە تایبەتییەی، کە لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا نییە ڕەچاو بکەن، تا بتوانن ئەم بۆچوونانە لە بواری تیۆری و عەمەلیدا و لەو هەل و مەرجەی، کە جووتیاران جەماوەری سەرەکی پێکدێنن، جێبەجی بکەن کە لەوێدا ئەرکی خەبات دژی پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە نەک دژی سەرمایە. ئەمەش ئەرکێکی ستەم و شێوەیەکی تایبەتی بە خۆوە ئەگرێت، بەڵام باشترین بەری ئەبێت. چونکە ئەو جەماوەرە بۆ خەبات ڕائەکێشێت کە پێشتر بەشداریان لە خەباتدا نەکردووە. لە لایەکی ترەوە تووندترین پەیوەندیان بۆ فەراهەم ئەکات (پەیوەندی بە ئێنتەرناسیونالی سێیەم بە هۆی ڕێکخستنی شانە کۆمۆنیستیەکان لە ڕۆژهەڵاتدا).

پێویستە لەسەرتان شێوەی تایبەتی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان پڕۆلیتاریا پێشڕەوەکانی هەموو جیهان و جەماوەری ڕەنجدەر و چەوساوەی ڕۆژهەڵات کە بە زۆری لە هەل و مەرجی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین بەدەست بهێنن[۸۲] واتە هەروەک لینین خۆیشی لە هەمان ڕاپۆرتیدا نیشانی دەدا هەندێ مەسەلە و گیروگرفتی گەلانی ڕۆژهەڵات، تا ئەوسا لە هیچ نووسراوەیەکی کۆمۆنیستیدا چارەیان بۆ نەدۆزرابوونەوە و

۸۲- لینین، المجلد۳ الجزء۱، طبعة موسکو،ص۱۱۰ – ۱۱۱. (مام)

باسیان نەکرابوو، بۆیە پێویستە مارکسیستە لینینیستە ڕاستەقینەکان پشت ئەستور بە ئاموژگارییە گشتییەکان و بە سەرەتا سەرەکییەکانی مارکسیزم – لینینیزم خۆیان هەڵسن بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە گرنگەی سەرشانیان، ئەرکی دۆزینەوە و گونجاندنیان لە کۆڕی کار و کردەوە و تیۆریدا، بە ڕەچاوکردنی زروفە تایبەتییەکانی خۆیان (هەل و مەرجە تایبەتییەکان و بار و دۆخە تایبەتییەکانی خۆیان).

لێرەدا پێویستە بگوترێتەوە، کە هەر پاش ئیستیعابی جەوهەری مارکسیزم – لینینیزم و چاک تێگەیشتن و دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ مارکسیزم – لینینیزم و باش زانینی شێوە و ئوسلوبەکانی مارکسیزم – لینینیزم، بەس نییە، کافی نییە. بۆ ئەوەی وەستایانە بەکاریان بهێنین، بەڵکو گونجاندنیان لەگەڵ هەل و مەرجە بابەتییەکان و تایبەتییەکان و بار و دۆخە تایبەتییەکانیش زۆر پێویستە تاکو چارەی گیروگرفتە تایبەتییەکانی هەر گەلە و هەر ولاتەش بدۆزرێتەوە، تاکو ڕێبازی تایبەتی جولانەوە و شۆڕشەکەشیان بدۆزرێتەوە و دیاری بکرێت، بۆ ئەمەش ڕەچاوکردنی ژیرانە و دووربینانەی ئەو خاڵانەی دواییش زۆر پێویست و بە کەڵکن.

پێنجەمین: پێویستە هەوڵدەین بە ڕەچاوکردنی سەرەتای دەرهێنانی ڕاستییەکان لە واقیعەکان، وە بۆ دۆزینەوەی هەل و مەرجە تایبەتییەکان و زانینی بارودۆخی تایبەتی خەباتەکەمان و شۆڕشەکەمان، زروفی تایبەتی گەل و نیشتمانیی خۆمان، مێژوویان، ژیانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیان، شیبکەینەوە، لێکبدەینەوە، باش تێبگەین، ئەوساش دەبێ جۆر و شێوەکان و پەیوەندییەکانی، ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵی خۆیان، هی کۆمەڵی خۆمان لەگەڵ داگیرکەران بزانین تاکو جۆر و شێوەی خەباتەکەمان و ڕێبازی تایبەتی خەباتەکەی ولاتی خۆمانی پێبدۆزینەوە، پێدیاری بکەین، ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە: پێویستە مارکسیستە لینینیستەکانی کوردستان بە بەکارهێنانی هەڵوێستی مارکسیزم – لینینیزم و بیروبۆچوونی مارکسیزم – لینینیزم و ئوسلوبی مارکسیزم – لینینیزم دراسەتی وەزع و زروفی کوردەواری و کوردستان بکەن، هی ئێستەی و هی ڕابووردوی، هی مێژووی جولانەوەی ڕزگاری و ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کوردستان. بۆ دۆزینەوەی هەل و مەرجە تایبەتییەکانی و ئینجا خۆ لەگەڵ گونجاندنیان بۆ ڕێبازی گۆڕاندن وبۆ پێشەوە بردنیان، بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی چارەکانی

گیروگرفتەکان و کێشەکان لە ژیان و لە خەباتدا. دەربارەی هەڵوێستی مارکسیزم – لینینیزمی باسکراو، ماوتسی تۆنگ دەڵێ: (مرۆڤ ئەبێت تیۆری مارکسیزم – لینینیزم و شێوازەکەی بەکار بهێنێت بۆ تووژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و مەنهەجی سەبارەت بە هەل و مەرجی دەوروبەری، لە کارکردنیدا تەنها پشت بە وردبەرزی نەبەستێت، بەڵکو ستالین وتەنی: ئەبێت گیانی عەمەلی و وردی شۆڕشگێڕانە لێکبدات. (٨٣)هەروەها پاشان هەر ماو خۆی دەڵێ، کە: (ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی تیر هاویشتنە ڕوەو نیشانەکە، نیشانەکەش بریتییە لە شۆڕشی چینی و بەڵام (تیرەکە) بریتییە لە مارکسیزم – لینینیزم. ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی گەڕانە بە دوای ڕاستیدا لە (واقیعدا). مەبەستمان لە واقیع هەموو شتە بابەتییەکانە و مەبەستمان لە (ڕاستی)یش پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان ئەو شتانەیە، واتە ئەو یاسایانەی، کە بەڕێوەیان ئەبات. مەبەستیشمان لە (گەڕان) لێکۆڵینەوە و هەڵهێنجانە. پێویستە لە سەرمان لە هەل و مەرجە واقیعییەکانی ناوەوە و دەرەوەی ولاّت و ناوچە و پارێزگا و ناوەندەوە هەنگاو هەڵهێنن و یاسا شاراوەکانیان تیا بدۆزینەوە. نەک یاسا دروست کراوەکان، واتە پەیوەندی ناوخۆییەکانی ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەرماندا ڕووئەدەن بدۆزینەوە و بیانکەین بە ڕێنوێنی کارەکانمان. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەین نابێت پشت بە خەیاڵە تایبەتییەکان و هەڵچوونی کاتی و کێشی وشک ببەستین. بەڵکو پێویستە لەسەرمان پشت بە ڕووداوە بابەتییەکان ببەستین و ئەو زانیاری و ڕووداوانە بە دەست بهێنین و بە ڕێنوێنی سەرەتا گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم ئەنجامە ڕاستەکانی لێهەڵێنجێنین). (ئەم ئەنجامانەش تەنها لیستەی دیاردەکان نییە، کە بە شێوەی أ، ب، ج، د، ڕێکخراون هەروەها چەند وتارێکی پڕ لە چەنەبازی بێتاقەتکەر نییە، بەڵکو ئەنجامی زانستین. ئەم هەڵوێستە دەربڕینی ئارەزووی گەڕانە بە شوێن ڕاستییدا لە واقیع، نەک بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکیتر بە زمان لوسی. ئەم هەڵوێستەیە، کە گیانی حزبایەتی دەردەبڕێت، ئەمە شێوازێکی مارکسی لینینیە، کە تیۆر و پراکتیک پێکەوە گرێ ئەدا. ئەو هەڵوێستەیە کە پێویستە هەموو ئەندامێکی حزبی کۆمۆنیستی پێ بناسرێ.[٨٤]

٨٣- ماوتسی تونغ، المؤلفات المختارة، الجزء الثالث، طبعة بكين، ص ٢٦). (مام)

٨٤- ماوتسی تونغ، المؤلفات المختارة، الجزء الثالث، طبعة بكين، ص ٢٦. (مام)

هەر لە پێناوی بەدیهێنانی هەمان ئەرک و بۆ باش زانینی هەل و مەرج و بارودۆخی تایبەتی و دراسەکـردنێکی عیلمی و ڕێکوپێکی زروف و وەزع و باشتر ناسینی دۆست و دوژمن و خۆماندا، ماوتسی تونگ پێشنیار دەکا کە:

١ – (پێویستە لـە بەردەم هـەموو حـزب و ئەرکـی هـەستان بە لێکۆڵینەوەی ورد و مـەنهەجی هـەل و مـەرجی دەور و بەرمـان بخـەینە ڕوو. ئەرکی سەرشانمانە، کـە لـەبەر ڕۆشنایی مارکسیزم – لینینیزم و شێوازەکەی هەستین بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی ڕوویداوە چ لەناو خۆمان یا دوژمنان یا دۆستان چ لە بواری ئابووری و دارایی یاخود بواری سیاسی و عەسکەری و فەرهەنگی و حزبی، تا ئەنجامی گونجاو و پێویستیان لێ هەڵبهێنجێنین، هەروەها پێویسە هاوڕێکانمان تێبگەینین، کە مافی قسەکردنیان نییە بە هەستان بە توێژینەوە، چەنەبازی بێسوود و ڕیزکردنی دیاردەکان بە پێی لیستەیەک لە شێوەی ١، ٢، ٣، ٤ هیچ سوودێکیان نییە).

٢ – (پێویستە سەرەتا هەستین بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لە مەیدانی مێژوویی ئابووری، مێژوویی سیاسی، مێژوویی عەسکەری و مێژوویی فەرهەنگی، ئەوکات دەتوانین هەستین بە لێکۆڵینەوەی گشت لایەنی).

٣ – (دەربارەی فێرکردنی کادیرەکان چ ئەوانەی کاردەکەن و چ ئەوانەی لە قوتابخانەی پەروەردەکردنی کادیردان، پێویستە سیاسەتێک پەیڕەو بکەین، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئەو گیروگرفتە واقعیانە بدرێ، کە پەیوەندیان بە شۆڕشی چینەوە هەیە، هەروەها ڕێنوێنی بە سەرەتا بنچینەییەکانی مارکسیزم – لینینیزم، وە پێویستە شێوازی لێکۆڵینەوەی مارکسیزم – لینینیزم بە شێوەیەکی وشک و داپراو لە واقیع بەلاوە بنێین). جا ئەمەیە نموونەی سەرکەوتووی شۆڕشی سەرکەوتووی چین. پێویستە ئەم گۆتەیەی ماوتسی تۆنگی بخەینە سەر، کە دەڵێ: پێویستە مێژووی حزبی بۆلشەویکیش دراسە بکەین، چونکە چاکترین نموونەی تاقیکردنەوەی گونجاندنی مارکسیزم – لینینیزم و تێکەلاوکردنیەتی لەگەڵ خەبات و ژیاندا لە ڕوسیا، وە نموونەی پێکەوە گونجاندن و تێکەلاوکردنی تیۆری و واقیعە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا.

ئێمەش لە کوردستاندا، پێویستمان بە کەلک وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو ئامۆژگارییە نایابانە و تاقیکردنەوەکانی سۆڤێت و چین هەیە لەم ڕووەشەوە، لە ڕووی دراسەکردنێکی بە بەرنامە و وردی زروف و وەزعی خۆمان و دەوروبەرمان و دۆست و دوژمن و خۆمانەوە.

لێکۆڵینەوە و دراسەکردنی ڕووداوەکان و دیاردەکان و گۆڕانەکان و وەزعی ولاتی خۆمان و دەوروبەرمان، وەزعی دۆست و دوژمنان و خۆشمان لە کۆڕەکانی ئابووری و دارایی و سیاسی و عەسکەری و خوێندەواری و ڕێکخستنەوە.

پێویستییەکی زۆرمان بە زانین و دراسەتی مێژووی کورد و کوردستان و عێراق هەیە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەنگی و فەرهەنگییەوە. پیویستە گیروگرفت و کێشە واقعییەکانی ژیان و خەباتەکەمان، هی جولانەوەی گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان دراسە بکەین و چارەی ڕاست و ڕەوایان بۆ بدۆزینەوە، لەبەر ڕۆشنایی سەرەتا سەرەکییەکانی مارکسیزم – لینینیزم. هەر بەمەش دەتوانین، هەر ئەوهاش دەتوانین کە ئەرکی گونجاندنی تیۆری مارکسیزم – لینینیزم لەگەڵ هەل و مەرجی تایبەتی و بارودۆخی خۆمان (لە وەزع و زروفی خۆماندا) بەجێبهێنین. بەڵام بە خەبات کردن و بەشداریکردن لە خەباتی خەڵکدا دەبێت، بۆیە:

شەشەمین: بەشداری مرۆڤ بە کردەوە، لە خەباتدا، لە شۆڕشدا، شەرتێکی گرنگی نەک هەر باش فێربوونی مارکسیزم – لینینیزم و باش تێگەیشتن و ئیستیعاب کردنی جەوهەرەکەیەتی، بەڵکو شەرتێکی سەرەکی پیادەکردن و مومارەسەکردن و جێبەجێ کردنیشیانە. واتە هەر بە خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکس و لینین و هەر بە قسە و لاف و گەزاف لێدان پێیانەوە، هەر بە وتنە و کاوێژکردنەوە بە ڕستەکان و گۆتەکانی مارکس و لینین و دوای باسکردنیان مرۆڤ فێری مارکسیزم – لینینیزم نابێ و فێری بەدیهێنانی و بەکارهێنانیان نابێ. چونکە تاکە ڕێگەی ڕاست بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە مرۆڤێکی هۆشیار و تێگەیشتوو، بۆ ئەوەی ئیستیعابی جەوهەری مارکسیزم – لینینیزم بکات و فێری بەکارهێنانیان بێت هەر ئەمەیە، کە: بەشداریکردنی ژیرانەی چالاکییە عەمەلییەکان بکات بەکار و کردەوە، خۆی بەشداری خەبات و چالاکییە جیاجیاکانی خەبات بکات نەک هەر چالاکی تیۆری و نووسین، بەڵکو چالاکی دراسە و چارەکردنی گیروگرفتەکان و دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە واقیعەکان، بە چالاکی خەباتی ڕۆژانە و شۆڕشگێڕانەشەوە، بە چالاکی خەباتی پیشەیی، چینایەتی، نیشتمانیی، چالاکی بیروبازوشەوە.

مارکس و ئەنگڵز و پاش ئەوان لینین و ستالین و ماوتسی تۆنگ و دیمتڕۆف و هۆشی مینە و ئەرنست تیلمان و توگلیانی و توریز و دەیان سەرکردەی تری جولانەوەی کرێکاران

و ڕەنجدەرانی دنیا، بە دەستی خۆیان، بە شەخسی خۆیان بەشداری خەبات و چالاکییە جیاجیاکانی خەبات و شۆڕشیان کردووە و لە کورەی خەباتدا قاڵبوونەتەوە، لە گونگەڵ و جەرگەی چالاکییە جیاجیاکاندا گەشەیان کردووە و خەملێون.

مارکس و ئەنگڵز و لینین بە وردی و بە قوڵی دراسەتی کۆمەڵ و تەبیعەت و مێژوویی‌یان کردووە و چونەتە بنج و بنەوانی مەسەلەکانەوە و دیوی ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵ و ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵیان شیکردۆتەوە و لێکداوەتەوە، ئینجا ڕاستییە گشتییەکان و قانوونەکانی پەیوەندییەکانی ناوەوەیان و چۆنێتی گۆڕان و گەشەکردنیان زانیوە و بە شێوەیەکی عیلمیش دایان ڕشتونەتەوە. بەڵام هەر بەوەوە نەوەستاون، بەڵکو بەکاریشیان هێناون، وەستایانەش بە کاریان هێناون، خۆشیان بەشداری چالاکییە جیاجیاکانی خەباتەکەشیان کردووە. لە کورەی تاقیکردنەوەشدا ئەو ڕاستییە گشتییانە و ئەو قانوونانەی لە واقیعەکان و لە کۆمەڵ و لە مێژووی مرۆڤەوە هەڵیان هێنجاون، دووبارە قاڵیان کردوونەتەوە و خەڵتە و پەڵتەکانیان لێکردونەتەوە و جەوهەرە ڕاست و دروستەکەشیان زاخاو داوەتەوە و گەشەپێداوە. ئەوەی لە تاقیکردنەوەشدا وادەرنەچوبێ، ڕاست نەبووبێ، بەلایانەوە ناوە و چی ڕاستە ئەوەیان خستۆتە جێی. واتە موماڕەسەیان کردۆتە محەکی ڕاستی و ناڕاستی تیۆری و لە کورەی خەباتیشدا قاڵیان کردۆتەوە!

ڕێبەرە گەورەکانی تری جولانەوە و خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و ڕەنجدەران و گەلانی زۆرلێکراویش، هەر بە بەشداری چالاکانەی خۆیان لە خەباتدا، لە جۆرە جیاجیاکانی خەباتدا، خۆیان پەروەردە کردووە و خۆیان پێگەیاندووە و زۆر باش و وەستایانە مارکسیزم – لینینیزمیان ئیستیعاب کردووە و بەکارهێناوە. لەو بەکارهێنانەشدا هێندێکیان گەشەشیان پێداوە و گەنجینەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە. واتە هاوبەشی لە خەباتی بیروبازودا، لە هەموو شێوەکانی خەباتدا، لە هەموو جۆرە چالاکیەکانی خەباتدا شەرتێکی سەرەکی موماڕەسەکردنی ژیرانە و ڕاست و دروستی مارکسیزم – لینینیزمە لە ژیان و لە خەباتدا. هەربۆیەش چوونە ناو خەڵک و چوونە ناو گۆنگەڵی چالاکییە جیاجیاکانی خەباتەکە و خەڵکەکە، زۆر پێویستن بۆ خەباتگێڕەکان و بۆ موماڕەسەی مارکسیزم – لینینیزمیش. هەربۆیەش تێکۆشەری ڕاستەقینە، کە لە ڕووی تیۆری و موماڕەسەوە توانا و زانا دەبێ، کە دەتوانێ بە چاکی تیۆری بگونجێنێت لەگەڵ واقیعدا، ئەو جۆرە تێکۆشەرە هەر لەناو جەرگەی خەباتی جەماهیریەوە پەیدا دەبێت و پەروەردە دەبێت و

قاڵبوونەوەشی هەر لە کورەی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی خەبات و شۆڕشدا دەبێت.

حەوتەمین: دیارە، کە جێبەجێ کردن و تەتبیقکردنی سەرەتا سەرەکییەکان و قانوونەکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم، ئەرکێکی گرنگی بەردەوامە. بۆ ئەمەش پێویستە ئامۆژگاریەکانی مارکس و ئەنگڵز و لینین زۆر باش پەیڕەو بکرێن ئەگینا بە چاکی ناتواندرێ بەکاربهێندرێن:

١ – مارکس و ئەنگڵز لە پێشەکی چاپی ئەڵمانی بەیانی حزبی شیوعیدا هینەکەی ساڵی ١٩٧٢ دا کتومت ئەمەی خوارەوەیان ئامۆژگاری کردووە:

(مانیفست خۆی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە جێبەجێ کردنی ئەو سەرەتایانە هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا بەندن بە هەل و مەرج و بار و دۆخی مێژوویی لە کاتێکی دیاریکراودا). واتە سەرەتاکانی ڕاست و ڕەواش نابێ بکرێنە کڵێشە و مۆر، بۆ هەرسات و کاتێک، بۆ هەموو پلە و قۆناغێک، بۆ هەموو گەل و وڵاتێک بێ ڕەچاوکردنی هەل و مەرج و بار و دۆخە تایبەتییەکانی خۆیان. بەڵکو پێویستە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، لە هەموو وڵاتێکدا (هەل و مەرج و بار و دۆخی مێژوویی) ئەو کاتە دیاریکراوە ڕەچاو بکەین و بەو پێیەش سەرەتاکە بەکار بهێنین. چونکە دەشێ سەرەتایەک بۆ هەندێ (هەل و مەرج و باری مێژوویی) ڕاست و ڕەوا و گونجاوبێت، بەڵام بۆ هەندێکی تری جیاواز لەوجۆرە (هەل و مەرج و بارە مێژوویی) یە تەباو گونجاو دەرنەچێت، بۆیە نابێ و ناتواندرێ بەکاربهێنرێن. یان جار هەیە جیاوازی دەبێ لە نێوان (کاتی دیاریکراو) دا ئەوساش ئەو لە (کاتی دیاریکراو)دا بەکارهێنانی ڕاست و ڕەوایە، وادەبێ، کە لە (کاتی دیاریکراو) ێکی تر و جیاوازدا نەڕاست بێت و نەڕەوا.

بۆ وێنە لە سەردەمی خۆیاندا، مارکس و ئەنگڵز پێیان وابوو، کە شۆڕشی سۆسیالستی لە یەک تاکە وڵاتدا سەرناکەوێ، بۆیە دەبێ سەرانسەری بێت لە ئوروپادا، بەڵام لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا لینین نیشانیدا و بە کردەوەش ئیسپاتی کرد، کە شۆڕشەکە لە یەک تاکە وڵاتیش سەردەخرێت ئەوە بۆ خۆشی (وەک سکرتیری حزبی بۆلشەویک) ڕێبەری شۆڕشی سۆسیالستی ئۆکتۆبەری کرد و سەریش کەوت.

٢ – لینین ئامۆژگاریمان دەکات، کە هەمیشە پەرۆشی جەوهەری تیۆریەکەمان بێت و هەمیشەش بیگونجێنین لەگەڵ ژیان و واقیعەکانی ورد و ئاڵۆزی ژیان، هەردەست

بە کلکی تیۆری دوێنێوە نەگرین لەو کاتەشدا، کە کۆمەڵ دێتە جۆش و گەشەکردن و گۆڕان. بەڵکو زۆر بە وردی و زۆر ژیرانە حسابی واقیعی زیندوو بکەین و گوێ بدەینە ئەو ڕاستییانەی ئەو واقیعە زیندووە دەریان دەدا و فێرمان دەکا. لە نامەکانیدا لە سەر تاکتیک، لینین ئەمەی خوارەوەمان فێردەکا: (پێویستە مارکسیست حساب بۆ واقیعی زیندوو و ڕووداوە وردەکانی ژیان بکات، نەک خۆی ببەستێتەوە بە تیۆری دوێنێ، کە وەک هەموو تیۆرییەکانی تر لە چاکترین حاڵەتیدا تەنها ناوەرۆکی گشتی دیاری دەکەن، بەبێ ئەوەی خۆیان لە قەرەی ئاڵۆزی هەمەلایەنەی ژیان بدەن). (تیۆری ڕەنگی خۆڵەمێشیە ئەی هاوڕێ، بەڵام درەختی ژیان هەمیشە سەوزە). بۆیە پێویستە هەمیشە بە چاویلکەی مارکسیزم – لینینیزم بنواڕینە دارە هەمیشە سەوزەکەی ژیان. پێویستە خاسیەتەکانی گەشەکردنی بابەتی کۆمەڵی خۆمان بدۆزینەوە. هەروەک لینین فێرمان دەکات دەبێ هەمیشە ئاگامان لەو ڕاستییە بێت، کە کۆمەڵی هەر گەلە و لە هەر ولاتە، بە ڕێبازی تایبەتی خۆیدا گەشەدەکات و بۆ پێشەوە دەچێت. واتە دەبێ ڕەوت و ڕێبازی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی هەر گەل و هەر ولاتە بدۆزینەوە و ڕەچاویان بکەین و لە سەری بڕۆین و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگەکەی ڕامالین و لابەرین. بۆ وێنە دەبێ مارکسیە لینینیەکانی کوردستان بزانن کۆمەڵی کوردستان چۆن دەگۆڕێت، جولانەوەکەی چییە؟ چۆن بۆ پێشەوە دەچێت؟ بزانن ڕێبازی جولانەوە مێژوو کردەکەی کوردستان کامەیە؟ ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەلایەتی چۆنە و چییە؟ ئینجا دەتوانن بەشداریەکی ڕاست و کاریگەر بکەن لە سەرخستنی جولانەوە کۆمەلایەتییەکە گەشەکردنی مێژوو لە کوردستاندا. ئینجا دەتوانن لەسەر ڕێبازی مێژووکردی جولانەوەکە بڕۆن و ڕێبەری بکەن. نەک خۆیان ببەستنەوە بە ڕستەی فلانە لایەڕەی ئەو باسەی بۆ ولاتێکی تر و لە هەل و مەرجێکی تر و لە بارودۆخی تایبەتی خۆیدا نووسراوە.

٣ – هەروەک و مارکس و ئەنگڵز و لینین فێرمان دەکەن، دەبێ هەر گۆتەیەکی تیۆری هەر سەرەتایەکی سەرەکی بخەینە ناو چوارچیوەی:

* – سەردەمی خۆمان، کە دەبی زۆر باش تێبگەین. وە
* – ئەرکەکانی تێکۆشانی سەردەمی خۆمان. وە
* – پەیوەندییە تایبەتییەکانی نێوان چینەکان و هێزەکانی ولاتی خۆمان. وە
* – خاسیەتە تایبەتەکانی گەشەکردنی بابەتی لە کۆمەڵی خۆماندا، کە هەر ولاتە هی

تایبەتی خۆی هەیە، کە پێویستە لە سەرمان ژیرانە دەرسیان بکەین و بیاندۆزینەوە و بیانخوێنینەوە.

بە پێچەوانەی ئەو ئاموژگاریانەی ئەوانەوە، هەندێ خۆ بە مارکسیزم – لینینیزمزان خۆیان بە لەبەرکردنی هەندێ نووسینی کتێبەکانی مارکس و لینین و هەندێ گۆتەی تیۆرێکەوە خەریک دەکەن، خۆیان دەبەستنەوە بە هەندێ ڕستەی مارکسیزم – لینینیزم و سەرکردەکانییەوە، بێ ڕەچاوکردنی ئەو چوارچێوەی سەردەم، بێ ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی گونجاندنیان لەگەڵ واقیعەکە و لەگەڵ ژیان، بەمجۆرە بەو ڕستانە گیان لەبەر مارکسیزم – لینینیزم دەردەهێنن و دەیکەنە قاڵبی وشک و برینگ بۆ گۆتەی لە ژیان دابڕاو! لینین بەمجۆرە ڕەفتارە دەڵێ خنکاندی جەوهەری مارکسیزم بە بەکارهێنانی ڕستەی مارکسیزم! لەم ڕووەوە ستالینیش دەڵێ: (وشک و تەلمودییەکان مارکسیزم وەرئەگرن و ئەنجام و ڕستەی مارکسیانەی لێ هەڵئەدروون، وەک ئەوەی کۆمەڵە بیروباوەڕێک بێ کە بەرگری نوێترین گۆڕانکاری ناکەن و هەروەها گۆڕانکارییەکانی تر لە هەل و مەرج و گەشەکردنی کۆمەڵیش دا ڕووئەدەن. وە باوەڕیان وایە ئەگەر ئەم ئەنجام و ڕستانە لەبەر بکەن، بە هەڕەمەکی بەکاریان بهێنن، لایان وایە، کە ئەتوانن هەموو گیروگرفتێکی پێ چارەسەر بکەن. هەروەها باوەڕیان وایە، کە ئەم ئەنجام و ڕستە لەبەرکراوانە لە هەموو کات و لە هەموو حاڵەت و لە هەموو بۆنەیەک لە بۆنەکانی ژیاندا خزمەتیان دەکا. بەڵام ئەمە باوەڕی ئەو کەسانەیە، کە تەنها نووسینە مارکسیەکان ئەبینن، کە بە هۆی لەبەرکردنی دەقی ئەنجام و ڕستە مارکسییەکانەوە بە دەستیان هێناوە نەک بە تێگەیشتنی ناوەرۆک و واتاکانی).

واتە پێویستە هەمیشە ئەم ڕاستییەمان لەبیر بێت، کە مارکسیزم – لینینیزم عیلمی ڕێبەری خەبات و گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییە، دەبێ هەمیشە سەردەتاکانی بگونجێنین لەگەڵ ژیان و هەل و مەرجە بابەتی و تایبەتییەکانی خەباتی هەر گەلە و هەر وڵاتە. دەبێ بزانین، کە سەردەتاکانی مارکسیزم – لینینیزم بۆ بەکارهێنان و جێبەجێ کردنن لە ژیان و لە خەباتدا نەک بۆ لەبەرکردن و جوینەوە. مارکسیزم – لینینیزم ئاواز و گۆرانی نییە بۆ لەبەرکردن و لەراندنەوەیان. وەک کتێبە دینییەکان نییە کە یەک جۆرە چارە و وەڵامی هەبێت بۆ یەک مەسەلەی دیاریکراو لە هەموو سات و کات و هەل و مەرجێکدا بە جیاوازی وڵاتان و گەلان و سەردەمەکانی ژیانیشەوە. بەڵکو

مارکسیزم – لینینیزم عیلمی ڕێبەری و سەرخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و ڕەنجدەرانە، چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەلایەتیانە، چەکی گۆڕاندنی کۆمەڵ و بەدیهێنانی داخوازییەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران و کۆمەلانی خەڵکی چەوساوە و زۆرلێکراو، نەک سەردوولکەی گۆڕی شۆڕش و ئاوازی ڕەنجی بابردووە. لەم بابەتەوە ماوتسی تۆنگ دەڵێ: (پێویستە هاوڕێکانمان لەوە بگەن، کە دراسەی مارکسیزم – لینینیزم نە شتێکی سیحراوییە نە بۆ خۆ هەڵکێشانیشە، بەڵکو زانستێکە کێشەی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بەڕەو سەرکەوتن ڕابەری ئەکات. بەلام هێشتا کەسانێکی زۆر هەن لایان وایە، کە هەندێ دەقی پچڕاو لە دانراوەکانی مارکسیزم – لینینیزم دەرمانی سیحری ئامادەکراوە گەر بەدەست هێنرا ئەوا هەموو دەردێک بێ ماندووبوون چارە ئەکرێ. ئەمەش ئەوە دەگەینێ، کە ئەوانە دووچاری نەزانی منالانە بوون، ئەرکی سەرشانمانە مێشکیان ڕۆشن کەینەوە. ئەوانەی مارکسیزم – لینینیزم بە باوەڕێکی دینی وشک دادەنێن لەم جۆرە نەزانانەن. پێویستە بە ڕاشکاوی پێیان بڵێین، کە باوەڕە وشکەکەتان بە کەڵکی هیچ نایەت.

هەمیشە مارکس و ئەنگڵز و لینین و ستالین دووبارەیان کردۆتەوە، کە بۆچوونەکانمان باوەڕی وشک نین و بەڵکو ڕێ نیشاندەری کارکردنن. بەلام وادیارە ئەو کەسانە ئەم گۆتە زۆر گرنگ و پڕ بایەخەیان لە بیرکردووە.[٨٥]

٤ – لەم سەردەمەدا، بە تایبەتی، کە ناکۆکی لە نێوان بەشەکانی جولانەوەی کرێکاران و کۆمۆنیستی پەرەیسەندووە، بە تایبەتی، کە ئێستە یەک تاکە ناوەندی بڕیار لە سەردراو لە لایەن هەموو حزب و هێزە مارکسیە لینینیەکان لە کایەدا نەماوە، لەم سەردەمەدا، بە سەربەستی و سەربەخۆیانە بیرکردنەوە لە تیۆری و گەشەپێدانی تیۆری ئەهمیەتێکی تایبەتی هەیە. هەرچەندە لینین زۆر دەمێکە باسی بە سەربەخۆیی دیراسەت و گەشەپێدانی مارکسیزمی کردووە، بەلام ئەم گۆتەیەی لینین لەم سەردەمەدا باشتر دەگەشێتەوە، سەبارەت بە هەل و مەرج و بارودۆخی جولانەوەی کرێکارانی دنیا و ئالۆزی و پشێوی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. چونکە دەردی لینین دەڵێ: (ئێمەش بڕوامان وایە کە سۆسیالیستەکانی ڕوس بە شێوەیەکی تایبەتی دراسەی تیۆری مارکس بکەن و بە شێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی پێبدەن. چونکە ئەم تیۆرە تەنها بابەتی گشتی ڕێنوێنی

٨٥– ماوتسی تونغ، المؤلفات المختارة، الجزء الثالث، طبعة بكين، ١٩٧٠، ص ٥٤ –٥٥. (مام)

بە دەستەوە ئەدات، کە جێبەجێ کردنیان لە بریتانیا وەکو فەرەنسا نابێت، لە فەرەنساش وەکو ئەڵمانیا نابێت، لە ئەڵمانیاش وەک و ڕوسیا نابێت). جاگەر ئەم جیاوازییە لە بەکارهێنان(تەتبیق)دا لە نێوان ئەو ولاّتە سەرمایەدارە هاوسێیانەدا ئائەوها بێت کە لینین باسیان دەکات – هەر واشە – ئەی دەبێ جیاوازی نێوان ولاّتانی ڕۆژهەلاّت بە گشتی و کوردستانی دواکەوتووی ئێمە بە تایبەتی - چەندە و چۆن بێت لەگەڵ ولاّتانی ئەوروپا، کە تیۆرەکەی لێوە پەیدا بووە و لێوە هاتووە؟ بۆیە خۆنەبەستنەوە، بەیەک جۆر و یەک شێوەی تەتبیق کردنی سەرەتاکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم بەڵکو ژیرانە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێوەی تایبەتی و خۆمانەی تەتبیق کردنی سەرەتاکان و ڕاستییەکانی مارکسیزم – لینینیزم ئەرکێکی زۆر گرنگە، زۆر پیرۆز و پێویست و بایەخدارە – هەروەک پاشان باشتری باس دەکەین. بۆیە سەربەخۆبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی خۆمان و خۆ نەبەستنەوەی بە هیچ دەوڵەتێکی سۆسیالستییەوە، بە چاکی و بە تەواوی لەگەڵ ئەم ئامۆژگارییەی لینیندا دەگونجێت. بگرە بەدیهێنانی ئەو گۆتەی لینینە لە کوردستان و لەم سەردەمەدا.

هەشتەمین: سەربەخۆ بوون لە بیرکردنەوە و دیراسەت و گەشەپێدان و بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزم دەمان گەینێتە ڕۆخی شەرتێکی گرنگی تر(بەڵکو پێکەوەشیان دەبەستێتەوە) بۆ چاک بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزم، کە ئەویش بریتییە لە پێکەوە بەستنەوەی ناوەڕۆکی ئومەمی و شێوەی نیشتمانیی تیۆری، هی سەرەتا سەرەکییەکان و قانوونە گشتییەکان و ڕاستییە گشتییەکانی. چونکە دەردی ماو دەڵێ: (جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی ئینتەرناسیونالستی لە شێوەی نیشتمانیی ڕێبازی ئەو کەسانەیە، کە لە ئینتەرناسیونالیزم ناگەن. بەڵام ڕێبازی ئێمە گرێدانی ئەو دووانەیە بە توند و تۆڵی). ئەمەش سەبارەت بەم ڕاستییە ،کە دەردی لینین گوتەنی: ((تەنها یەک ئینتەرناسیونالی فیعلی هەیە، کە: کارکردنی بێوچانی بۆ گەشەپێدانی جولاّنەوەی شۆڕشگێڕی و خەباتی شۆڕشگێڕانە، کە مرۆڤ لە ولاّتی خۆی پێهەڵدەستێ، پشتیوانیکردنی خودی ئەم خەباتە لە ڕووی (پروپاگەندە و یارمەتی ماددی و مەعنەوی) و کارکردنە بەم پلانە خۆی و تەنها خۆی لە هەموو ولاّتێکدا بەبێ جیاوازی)). جا چونکە ئەو پێکەوە بەستنەوەی ناوەڕۆکی ئەم جۆرە ئومەمیەتە لەگەڵ شێوە نیشتمانییەکەی تیۆری بۆ سەرەتا سەرەکییەکان و

قانوونە گشتییەکانیشەوە، دەبێتە هۆی باشتر بڵاوبوونەوەی تیۆرییەکە و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ولاتەکە چاکتر پێی ئاشنابن و زۆرتر و چاکتر تێیبگەن، بۆیە پێکەوە گرێدانیان هەم بەدیهێنانی ئەرکێکی ئومەمی و هەم چاکتر بەکارهێنانی تیۆرییەکەشە.

سەرەتا سەرەکییەکان و قانوونەکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم گەر بە شێوەی نیشتمانیی، بەبەرگی نیشتمانییەوە، بە زمانی نیشتمانیی خەڵکەکەوە پێیان ڕابگەینرێت ئەوا باشتر و زووتر دەچێتە دڵ و دەروون و مێشکیانەوە، چاکتر و باشتریش دەتواندرێ بەکاربهێندرێ. بۆ نموونە گەر ناوەرۆکی سەرەتا سەرەکییەکان و قانوونەکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم بە شێوەی کوردییەوە، بە بەرگی کوردییەوە، بە زمانی کوردییەوە بڵاوبکرێتەوە ئەوا ڕەنجدەران و خوێندەواران و شۆڕشگێڕانی کوردستان باشتری تێدەگەن و زووتر پێی ئاشنادەبن و چاکتر دەچێتە دڵ و مێشکیانەوە، هەمیش باشتر و چاکتر جێبەجێی دەکرێن و بەکار دەهێندرێن. هەر بەم جۆرەش لەناو ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا، ڕەگ و ڕیشەی خۆیان دادەکوتن و شین دەبن و پەلوپۆ دەهاوێن و باشتریش دەخەملێن. بە تایبەتی کە پێکەوە گونجاندنی ناوەرۆکی ئومەمی و شێوە نیشتمانییەکەش هەم لەگەڵ واجبێکی سەرەکی مارکسیزم – لینینیزمی ئەم سەردەمە یەکدەگرێتەوە و هەم لەگەڵ ئەرکێکی سەرەکی مارکسیە لینینیەکان لە بەکارهێنانیدا: بۆ یەکەمیان لینین ئەمەی خوارەوە دەڵێ: (ئەرکی سەرەکی لەم ساتە مێژوویییە کە هەموو ولاتە پێشکەوتووەکان پێیدا تێپەڕنەبن. نەک هەر تەنها پێشکەوتووەکانیش _ بریتییە لە توێژینەوە و دراسە و تەتەڵەکردن و هەڵهێنجان و تێگەیشتنە لە سیما نەتەوایەتییەکان و سیفەتە نەتەوایەتییەکان لە شێوازە هەستپێکراوەکان، کە هەر ولاتێک ئەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی تاکە ئەرکە ئینتەرناسیونالیستیەکە. بۆ سەرکەوتن بەسەر ئۆپۆرتونیزم و دۆگماتیزمی چەپڕەو لە ناو بزووتنەوەی کرێکاران، بۆ ڕووخاندنی بۆرژوازیەت و دامەزراندنی کۆماری سۆڤێتی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری). [٨٦]

بۆ دووەمیش لینین دەڵێ: (هەمیشە ئەرکەکە بریتییە لە جێبەجێ کردنی سەرەتا گشتی و بنچینییەکانی کۆمۆنیزم بەسەر پەیوەندییە تایبەتییەکانی نێوان چین و پارتەکان، بەسەر تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی بابەتی بەرەو کۆمۆنیزم، ئەو تایبەتمەندییانەی

٨٦- لینین، مرض الطفولي اليساري في الشيوعية، ص، ٨٦. (مام)

کە هەر ولاتێک بە تەنها پێی دەناسـرێ و پێویستە دراسە بکـرێ و بدۆزرێتەوە و هەڵبهێنجرێ).[٨٧]

نۆیەمین: بۆ چاکتر بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزم پێویستمان بە کەلک وەرگرتن و ئالوگۆڕکردنی بەری تاقیکردنەوەی خەباتەکانی ڕەنجدەران و گەلانی دنیاش هەیە. بە تایبەتی بۆ مارکسیە لینینیەکان ئەمە زۆر گرنگ و پێویستە سەبارەت بەوەی، کە جولانەوەی کرێکاران لە ناوەڕۆک و لە دیدی دواڕۆژدا جولانەوەیەکی ئومەمیە و هەر لە سەرەتاوە دروشمەکەی (ئەی کرێکارانی هەموو ولاتان یەکگرن) بووە و پاشان لە سەردەمی کۆمینترندا(ئومەمیەتی سێیەم) بۆتە(ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن). بەلام چۆن کەڵکی پێویست لە تاقیکردنەوەی ولاتانی تر و ڕەنجدەران و گەلانی دنیا وەردەگرین بێئەوەی تووشی لادان بین بەلای قۆپیەکردن و چاولێکترکردن و لاسایی یەکتر کردنەوەدا؟ کە بێگومان ئەم سێ بەلایە، ئەم سێ خەتەرە، هەڕەشەی سیسکردنی گولی خەبات و دامرکاندنەوەی جۆش و خرۆشی چالاکییەکانی ڕەنجدەران و هەڵدێرانی جولانەوەی یان داپراندنی لە کاروانی ژیان و ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەلایەتی و دورکەوتنەوە لە ڕێبازی خەبات و شۆڕش لە مارکسیە لینینیەکان دەکەن!!

دەربارەی چۆنێتی کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی ولاتانی تر لینین ئەمەی خوارەوە دەڵێ: (ئەو جولانەوەیەی لە ولاتێکی تازە پێگەیشتوودا دەست پێدەکات، سەرکەوتوو نابێ ئەگەر لە تاقیکردنەوەی ولاتانی تر نەگات. بۆ گەیشتن بەمەش تەنها تەماشاکردنی ئەو تاقیکردنەوە و کۆپیکردنی دواڕیارەکانی نییە، بەڵکو ئەبێ مرۆڤ ئەو تاقیکردنەوەیە تەتەڵە بکات و بۆ خۆی لێیان بتوێژێتەوە، هەر کەسێک لە ڕادەی بەربلاوی و فراوانی جولانەوەی کرێکارانی هاوچەرخ گەیشتبێ، لەوەش دەگات، کە ئەم ئەرکە چەند پێویستی بە هێز و پاڵپشتی تیۆری و تاقیکردنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕانە هەیە).[٨٨]

دیارە ئیستیعابی. تاقیکردنەوەکانی ولاتانیش دەکاتە باش زانین و تێگەیشتنی خەباتەکانیان و شێوەکانی چالاکییەکانیان فێربوونی بەری خەباتەکان و چالاکییەکانیان و هەڵهێنجانی دەرس و پەندی گشتی و پێویست لێیانەوە، کە بە کەڵکی هەموو گەلان

٨٧- لينين، مرض الطفولي اليساري في الشيوعية، ص، ٨٣. (مام)
٨٨- لينين، ما العمل، طبعة موسكو، ص، ٢٦. (مام)

دێن یان ئەوانەی لە هەل و مەرج و بارودۆخی وەک ئەوان دان بۆیە پێویستە زۆرتر لە نموونەی ئەو گەلانەی بە قۆناغی مێژوویی وەک هینەکەی خۆمان تێپەڕبوون و خەبات و شۆڕشەکەیان وەک هی ئێمە بووە کەڵک وەرگرین و دەرس و پەند هەڵێنجین. بۆ نموونە تاقیکردنەوەی ئەو گەلانەی ژێر دەست و نیشتمان دابەش و داگیرکراون و بە قۆناغی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتیدا تێپەڕبوون بە کەڵکی کوردستانی ئێمە زیاتر دێن هەتا تاقیکردنەوەی ولاتێکی سەرمایەداری سەربەخۆ، کە بەرەو شۆڕشی سۆسیالستی دەچێت. یان نموونەی ولاتێکی ڕزگاربوو بە شەڕی پێشمەرگانە و جەنگی درێژخایەنی گەل زۆرتر بە کەڵکی شەڕی پێشمەرگانەی کوردستان دێن هەتا نموونەی ڕاپەڕینی چەکداری شارەکانی ولاتێکی ئەورووپایی.

تەنانەت لە ولاتە سەرمایەدارەکانیشدا کە جولانەوەی کرێکارانیان بۆ سەرکەوتن خەبات دەکات بەسەر بۆرژوازیدا دیسان قۆپیەکردنی تاقیکردنەوەکانیان ڕاست نییە. چونکە وەک لینین دەڵێ: (لەگەڵ ئەوەی جولانەوەی کرێکاران لە هەموو جێگەیەکدا لە ناوەرۆکدا قوتابخانەی سەرەتایی تێپەڕ دەکات بۆ سەرکەوتنی بەسەر بۆرژوازییەت. بەڵام ئەم جولانەوەیە لە هەر ولاتێکدا بە شێوەی تایبەتی خۆی گەشەدەکات).[٨٩] واتە هەر ولاتە ڕەوتی گەشەکردنی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ولاتە ڕێبازی تایبەتی خۆی، دەردی لینین گوتەنی ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە شۆڕشدا و لە بەرەو سۆسیالیزم چوون و دانانی سۆسیالیزم و شێوەی حوکمڕانی کرێکاران خۆیدا. بۆ وێنە تائێستە مێژووی جولانەوەی کرێکاران نموونەی کۆمۆنەی پاریس و نموونەی سۆڤێتەکانی[٩٠] ڕوسیە و نموونەی دیموکراسی گەلی (دیموکراسی نوێ) پێشکەش کردوون لە جۆری حوکمی کرێکاراندا (وەک شێوەی دیکتایۆریەتی پڕۆلیتاری)، کە ڕەنگە لە دواڕۆژیشدا لە ولاّت و شوێنی جیاجیای دنیاشدا، جۆر و شێوەی نوێتریش پەیدا ببن بۆ حوکمڕانی پڕۆلیتاریا.

بەڵام بۆ چاک کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی ولاتانی دنیادا پێویستە ڕاستییەکانی پێشووی وتارەکەمان زۆر باش ڕەچاو بکەین، تەنانەت لە بەکارهێنانی

٨٩- لینین، مرض الطفولي اليساري في الشيوعية، ص، ٨٥. (مام)

٩٠- سۆڤێتە بریتییە لە ئەنجومەنی سۆسیالستانەی کرێکارانی ڕوسیا، سالی ١٩٠٥ و ١٩١٧ وەک ئامرازێکی نوێنەرایەتی کردنی دیموکراسیانەی کرێکار و جووتیار و سەربازەکان بوو، دواتر بووە پەیکەری حوکمڕانی دەوڵەت پاش شۆڕشی بۆلشەویک پەرەی سەند تا گەیشت بە کۆنگرەی بالای سۆفیەت. وێکیپیدیا. (ئامادەکار).

سەرەتا سەرەکییەکان و ڕاستییە گشتییەکانی ئەوتۆش، کە بە کەڵکی گەلانی تریش دێن و بەشێکن لە تیۆریەکە، گەنجینەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە.

دەیەمین: لە وڵاتێکی وەک کوردستانی ئێمەدا، کە جوڵانەوەیەکی جەماهیری گەورەی تێدایە، جوڵانەوەیەکی بابەتی مێژووکرد، کە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی خەڵکی کوردستانە و جوڵانەوەکە هەڵچوە و گەیشتۆتە پلە و ڕادەی شۆڕشی چەکدار پێویستە زۆر ژیرانە سەرەتا سەرەکییەکان و قانوونەکان و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزم و پەند و دەرسەکانی تاقیکردنەوەی گەلانی ئاسیایی کە بە قۆناغی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتیدا تێپەڕیوون، بەکار بهێنین وەک سەرەتا و قانوونی زیندوو، کە دەشێ و دەبێ بگونجێندرن لەگەڵ هەل و مەرجی بابەتی و تایبەتی کوردستاندا، لەگەڵ خاسیەتە تایبەتییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان چینەکانی کوردستان و ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە کوردستاندا. بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستیانەی کە لەم گۆتە نایابەی لینین دەتکێن (تیۆری شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە باوەڕێکی وشک و برینگ نییە و شێوەی کۆتایی بەخۆیەوە ناگرێت و پێک نایەت مەگەر لە پێکەوە گرێدانی توند و تۆڵ نەبێت لەگەڵ چالاکی بزووتنەوەی جەماوەری ڕاستەقینە، شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە). چونکە وەک لینین خۆی دەڵێ: (پێویستە تیۆری خزمەتی چالاکی عەمەلی بکات و ڕێی بۆ ڕۆشن بکاتەوە، چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکات کە ژیانی سیاسی ئەیانهێنێتە پێشەوە، پێویستە تیۆری وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە چالاکی عەمەلی ئەیانهێنێتە گۆڕێ).

واتە تیۆری شۆڕشگێڕانەی ڕاست(کە تیۆری مارکسیزم – لینینیزم)ە پێویستە چاک تێکەڵ بکرێ و توند ببەسترێتەوە بەو چالاکیە جەماهیریە ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕانە ڕاستەقینەی وا لە کوردستان لە کایەدایە و بە بەرچاوی هەمووانەوە پەرەدەستێنێت و گەشە دەکات، کە ئەویش جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. تیۆری مارکسیزم – لینینیزمیش لە کوردستان هەر بە (پێکەوە گرێدانی توند و تۆڵ) لەگەڵ چالاکیەکانی ئەو جوڵانەوە جەماهیریە کوردستانیە گەشەی پێدەدرێت و شکڵی نیهایی خۆی وەردەگرێت و دەخەملێت. بە پێچەوانەوە داڕینی مارکسیە لینینیەکان لە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

و لە شۆڕشەکەیان و دابڕینی تیۆری مارکسیزم – لینینیزم لێیانەوە (بەهەر بیانوویەک بێت) دەکاتە پوچەڵکردنی تیۆریەکە لە کوردستاندا چونکە ئەو (تیۆریەی نابەستڕێتەوە و تێکەڵاو ناکرێ لەگەڵ واقیعەکان)تیۆریەکی بۆش و پوچەڵ دەبێ، دەردی ماو لە ستالینەوە دەگێڕێتەوە ئەمە سەرەرای ئەو گۆتە نایابەی سەرەوەی لینینیش. هەر وەک جولاّنەوەی کوردایەتیش بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە و بێ تیۆری مارکسیزم – لینینیزم وەک کوێری لێدێت.

چونکە تیۆری شۆڕشگێڕانە چرای ڕێگەی خەباتەکەیەتی و چونکە (هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بێ تیۆری شۆڕشگێڕی نابێت) هەروەها پێویستە مارکسیە لینینیەکانی کوردستان بۆ ئەوەی مارکسیزم – لینینیزم چاک بەکاربهێنن پێویستە لە سەریان تیۆریەکەی بخەنە خزمەتی چالاکیە عەمەلیەکانەوە، وای لێبکەن، کە ڕێگەی چالاکیەکانی جولاّنەوە بابەتیەکەی خەڵکی کوردستان ڕووناک بکاتەوە و چارەی گیروگرفتەکان و کێشەکانی ژیانی سیاسی و خەباتی پێشمەرگانەی کوردستانی پێبکەن و مەسەلە جیاکانی چالاکی عەمەلی پێ لابەلا بکەن. گۆتەیەکی نایابی تری، کە بۆ مارکسیە لینینیەکانی کوردستان و چاک بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزم بە کەڵک و پێویستە ئەمەی خوارەوەیە لەم کاتەدا کە شۆڕش هەیە لە کوردستاندا: (مێژوو بە شێوەیەکی گشتی، مێژووی شۆڕشەکان بە شێوەیەکی تایبەتی هەمیشە دەوڵەمەندترە بە ناوەڕۆک و هەمەجۆر و هەمەلایەنەی تر و زیندووتر و ڕۆشن تریشە لەوەی باشترین حزب و هۆشیارترین پێشڕەوی پێشکەوتوترین چین. ئەمەش مەسەلەیەکی ڕوونە چونکە چاکترین پێشڕەو نوێنەرەوەی هۆش و ئیرادە و هەست و نەستی دەیان هەزارە، لە کاتێکدا، کە شۆڕشەکان سەردەکەون هەموو هێز و توانا مرۆییەکان دەتەقێنەوە و دەگەیەننە پلەیەکی باڵا، ئەمەش بە هۆش و ئیرادە و هەست و نەستی ملیونەها بەدیدێت، کە خەباتی نێوان چینەکان پاڵپێوەنەریانە، لێرەوە دووئەنجامی عەمەلی گرنگ دەرئەکەوێ:

یەکەم: پێویستە لەسەر چینی شۆڕشگێڕ بۆ ئەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات ئەبێ هەموو شێوەکانی چالاکی کۆمەلاّیەتی بەبێ جیاوازی بگرێتە ئەستۆ (وەپاش گرتنە دەستی دەسەلاّتی سیاسی، هەندێجار ڕێگەی پڕ مەترسی و ئەوتۆ بگرێتە بەر کە پێشتر نەیگرتبووە بەر).

دووەم: پێویستە لەسەر چینی شۆڕشگێڕ ساز و ئامادەبێ بۆ خۆگوێزانەوەی ناکاو و

پەلە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر.

جا باش تێگەیشتنی ئەو ئاموژگاریە نایابەی لینین یارمەتیمان ئەدا بۆ ئەوەی باشتر مارکسیزم – لینینیزم بەکار بهێنین لە کاتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جەماهیری گەورەدا، بەوەی هەمیشە واقیعبینی شۆڕشگێڕانە بین باش دەرسی گۆڕانەکان و گەشەکردنەکانی ڕۆژانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جەماهیری بکەین و باشیان تێبگەین. هەمیشە مارکسیزم – لینینیزم وەک عیلمێکی زیندووی گەشەدار بەکار بهێنین.

پێویستە ئەوەش بڵێین، کە بۆ ئەوەی باش مارکسیزم – لینینیزم بەکار بهێنین دەبێ نەک هەر بە قسە بڵێین، کە دەبێ خۆمان لادەین، خۆمان بپارێزین و دوربخەینەوە لە دۆگماتیزم و ڕۆیژنیزم، لە زاتیەت و لاداندا بە لای چەپدا، بەڵکو بە کردەوەش وابکەین. بۆ ئەوەش پێویستە زۆر باش لەم چوار دەرد و بەڵایە بگەین تاکو بتوانین بەسەر فرت و فێڵەکانیان بکەوین و نەهێڵین بەدوای خۆیانەوەمان بکەن. وتارەکە دوایی دەهێنین بەو ڕاستییە، کە هەر وەک (شارەزایی شۆڕشگێڕانە) و (تەڕەدستی ڕێکخراوەیی بە دەست دەهێنرێن، گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی پەروەردە بکات بەو سیفەتە پێویستانە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ کەم و کوڕیەکان دەست نیشان بکات، کە ئەویش لەکاری شۆڕشگێڕانەدا نیوەی چاککردنەوەی کەم و کوڕیەکانە).[٩١]

هەروەهاش پێویستە مرۆڤی مارکسیست – لینینیست خۆی ڕابهێنێت بە بەکارهێنانی مارکسیزم – لینینیزم، هەوڵ و تەقەلای زۆر بدات بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنانیان بێت کەم و کورتی و ناتەواویەکانی خۆشی لەم ڕووەوە ببڕێت و تەواوکات و بەبیر و مێشکی کراوەوە، بە چاوی علمیەوە، بە ڕەخنە لەخۆ گرتن و ڕەخنە گرتنەوە، بەوپەڕی پەرۆش و دڵسوزییەوە ملبداتە هەوڵ و تەقەلای بەکارهێنانی ژیرانەی مارکسیزم – لینینیزم دوای ئەوەی (شارەزایی لە مارکسیزم – لینینیزم و تێگەیشتن لە مارکسیزم – لینینیزم) تەواو دەکات.[٩٢]

٩١- لینین، ما العمل، ص، ٣٥. (مام)

٩٢- کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ٣ خولی، ٣، ساڵی ١٩٨٥.

خۆ پاراستن لە لادان و سەر لێ شێوان[٩٣]

(٤)

بۆ ئەوەی مۆژۆ ببێتە مارکسیست لینینیستێکی ڕاست و ڕەسەن، تاکو وەستایانە و داهێنەرانە فەلسەفەی مارکسیزم - لینینیزم ، وەک چەکێکی کاریگەر و چرای ڕێگەی خەبات و ژیان بەکاری بهێنێت. هەم چاک تێگەیشتن و باش ئیستیعاب کردنی جەوهەری مارکسیزم - لینینیزم پێویستە (بە ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی و قانوونە سەرەکییەکان و ڕاستییە گشتییەکانیشیانەوە) وە هەم زانین و شارەزابوون لە ئوسلوبەکان و هەڵوێستەکان و بۆچوونەکانی مارکسیزم - لینینیزم ڕاست و دروست گونجاندنی قانوونەکان و ڕاستییە گشتییەکانیشی لەگەڵ هەل و مەرجی تایبەتی هەر گەل و وڵاتەش پێویستە. هەروەک خۆلادانیشی پێویستە لە لادان بەلای ڕاست و بەلای چەپدا، لە دۆگماتیزم و ڕقیژنیزم نواڕینی زاتی و ئارەزووی مرۆڤ خۆیەوە. پێشتر باسی چۆنێتی تێگەیشتن و فێربوونی مارکسیزم - لینینیزم و چۆنێتی بەکارهێنانیمان کردووە. ئەوەشمان گوتبوو، کە بۆ پاراستنی مرۆڤی مارکسیست لینینیست لە هەڵە و لادان و سەرلێ شێوان و پشێوی فیکری و هەڵدێری سیاسی و بە فیڕۆنەدانی ڕەنج و خەباتەکەش، پێویستە مارکسیست لینینیستی دڵسۆز و پەرۆش خۆی دووبخاتەوە لە دۆگماتیزم و ڕقیژنیزم و لە لادان بە لای ڕاست و بە لای چەپدا لە خۆ قەتیس دان لە قالبە وشکەکانی تیۆریەکان و خۆ هەڵواسین بە ڕستە ڕوت و قوتەکانی گۆتەکاندا، خۆ پاراستن لە نۆڕینی زاتی و بازدان بەسەر واقیع و جڵەوی خۆدان بە دەست دالّغەی ڕازاوە و ویستە خۆشە تایبەتییەکان و بۆچوونە زاتیەکانەوە. ئەمانەش پێویستیان بە ڕووبەڕووبونەوە هەیە، بۆیە لە خوارەوە هەوڵی پێویستیان لەگەڵ دەدەین:

٩٣- لە تایپکردنەوەی ئەم بەشەی وتارەکە، چەند وشەیەکم بۆ نەدەخوێندرایەوە بەسوپاسەوە بۆ دکتۆر (نەوزاد عەلی ئەحمەد) م نارد لەبەر ڕۆشنایی دەقە ئۆرجینالّەکە بۆی خوێندمەوە و بۆی ناردمەوە لە ڕۆژی ١٠ / ٢ / ٢٠٢٦. (ئامادەکار).

١ – دۆگماتیزم

دۆگماتیزم کە لە عەرەبیدا بە (الجمود العقائدی) تەرجومە دەکرێ دەکاتە قەتیس مانەوە لەناو قالبی تیۆریدا. وە دانانی گۆتە و ڕستەکان بە نەگۆڕ و، هەتا سەر لە هەموو کات و ساتێکدا ڕاست و دروست، بێ ڕەچاوکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی هەل و مەرجە بابەتییەکان و زاتییەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا. دۆگماتیزم دووپات کردنەوە و کاوێژکردنەوەی سەرەتاکان و ڕستەکانی تیۆرییە، دانانیانە بە کلیشە و مۆرێک، کە بە کەڵکی هەموو زەمان و هەموو شوێن و هەموو حاڵەتێک دێن.

دۆگماتیزم لە جیاتی ئەوەی تیۆری مارکسیزم - لینینیزم بە عیلمێکی زیندووی گیانداری گەشەکردوو بزانێت دەیکاتە تیۆریەکی وشک و برینگ و لە گۆڕاندن و گەشەکردن نەهاتوو، کە گۆیا بێ ڕەچاوکردنی هەل و مەرجەکانی زەمان ولاتان و قۆناغە جیاجیاکان و بێگوێدانە گۆڕانەکان و گەشەکردنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و..تاد. دەبێ بێدەسکاری بەکار بهێنرێن و دەبێ پەیڕەوی بکرێن.

دۆگماتیزم بە پێچەوانەی گۆتە دێرینەکەی مارکس و ئەنگڵز تیۆریەکەیان دەکاتە (بیروباوەڕێکی ڕەق و وشک هەڵاتوو) لە جیاتی ئەوەی وەک خۆیان گەرەکیان بووە بکرێتە (ڕێنوێنی کار) لینین باسی ئەوە دەکات، کە ئەوەی مارکس و ئەنگڵز زۆر بەتوندی بەگژیا هاتوون لە جوڵانەوەی سۆسیالستی ئینگلیز و ئەمریکیدا خۆداپرینی بووە لە جوڵانەوەی کرێکاران و تۆمەتە هەرە گەورەکەی ئەیدایە پاڵ سەرکردەکانیان تۆمەتی (گۆڕینی مارکسیزم بە دۆگما – سەرەتایەکی ڕاستی سەخت) تۆمەتی دانانی مارکسیزم بە یاسایەکی ئیمان نەک ڕێنوێنی کار، تۆمەتی نەزانی و خۆگونجاندن لەگەڵ جوڵانەوەی کرێکاری لاواز لە ڕووی تیۆریەوە، بەڵام زیندووی جەماهیری وگەورەی بزێو بەبەرچاویانەوە، دژی دۆگماتیزم و گۆشەگیری لە جوڵانەوەی کرێکاریدا. هەروەک مارکس و ئەنگڵز گوتویانە کە مانیفێست لە دەرچوونیەوە ئەو ڕاستیەی ڕاگەیاندووە، کە جێبەجێ کردنی سەرەتاکانی مانیفێست هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا بەندن بە هەل و مەرج و بارودۆخی مێژوویی لە کاتێکی دیاریکراودا. واتە هەمیشە دەبێ هەل و مەرج و بارودۆخی مێژوویی کات و ساتی دیاریکراوی قۆناغە جیاجیاکانی خەبات ڕەچاوبکرێن بۆ ئەوەی سەرەتاکانیان لەگەڵدا بگونجێندرێن وە ئەگەر پێویستی کرد و گۆڕینی بنچینەیی لە ژیان و لە کۆمەڵدا ڕوویدا بو وە سەرەتاکانیش بەو گۆڕەیە گەشەیان پێبدرێت لەگەڵ هەل و

مەرجی نوێدا بگونجێندرێن. لینینیش هەر زوو ئەم ڕاستیەی خستۆتە ڕوو کە مارکس و ئەنگڵز هەر بناغەی ئەو عیلمەیان دارێژتووە، کە دەبێ هەموو سۆسیالستە ژیرەکان گەشەی پێبدەن و بە بەری تاقیکردنەوە و خەباتی خۆیان و کرێکاران و ڕەنجدەرانی تر دەوڵەمەندیان بکەن. ئەو کار و ئەرکەی لینین زۆر ژیرانە و وەستایانە و داهێنەرانە پێیان هەڵسا. ئەوە بوو، کە بە ڕەچاوکردنی پەیدابوونی سەردەمی ئیمپریالیزم و سەردەمی دەسپێکی شۆڕشی کرێکارانی سۆسیالستی، زۆر گۆتە و ڕستەی لە کارکەوتووی بەلاوەنا و سەرەتا بنچینەییەکانی مارکسیزمیشی پاراست و گەشەی پێیاندا و دەوڵەمەندیشی کردن تا ئەوەی لینینیزمی دارێژت، کە هەر بەڕاستی تەواوکەری مارکسیزم و مارکسیزمی سەردەمەکەیە.

ئەوەی شایانی باسە، گەر لینین ئەوەی نەکردبا نەمارکسیزم گەشەی دەکرد و پەرەی دەسەند و نە شۆڕشی سۆسیالستی پڕۆلیتاریاش سەردەکەوت. بۆ نموونە: گۆتەیەکی کۆنی مارکس و ئەنگڵز هەبوو دەربارەی شۆڕشی سۆسیالستی، کە لە سەردەمی خۆیانا ڕاست بوو دەیگوت، کە لە یەک تاکە وڵاتدا سەرناکەوێت بۆیە هەر دەبێ ئەوروپی بێت واتە لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپادا پێکەوە بکرێت. کەچی لینین ئیسپاتی کرد، – بە تیۆری و بە کردەوە – کە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا شۆڕشی سۆسیالستی لە یەک تاکە وڵاتدا دەشکرێت و سەریش دەکەوێت. جا گەر لینین لە نێو قاڵبی گۆتەی دێرینی مارکس و ئەنگڵزدا قەتیسی بخواردایەوە ئەوا دەبوایە بیر لە گەشەپێدانی مارکسیزم و سەرخستنی شۆڕشی سۆسیالسیتی پڕۆلیتاریا نەکردبایەوە: واتە نە مارکسیزم گەشەی دەکرد نە سۆسیالیزمیش لە دنیا دادەمەزرا. بۆیە دەتوانین لێرەوە باش لەم ڕاستییە بگەین، کە دۆگماتیزم نەک هەر خنکاندنی گیانی زیندووی مارکسیزمە، نەک هەر وازهێنان لە جەوهەرەکەی، لە بەردی بناغەی فەلسەفەکەی، کە ماتریالیزمی دیالەکتیک و ماتریالیزمی مێژوویییە، نەک هەر وشک کردنەوەی مارکسیزمە، نەک هەر (تەحنیت) کردنی فەلسەفە گیاندار و گەشەکردوەکەی مارکسیزمە، بەڵکو دژایەتیکردنی ئامانج و نیازەکانیشیەتی بە بەگژاهاتنی جۆر و شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوون و نۆڕینەکانیشیەتی دەربارەی ژیان و سروشت و کۆمەڵ و بیروباوەڕ. هەروەک دۆگماتیزم مایەی سیسکردن و مردارکردنەوەی جەوهەرەکەی و کۆسپی گەورەی ڕێگەی گەشەکردن و سەرکەوتنیەتی.

هەر بۆیەش مارکسیست لینینیستە ڕەسەن و ڕاستەقینەکان دوژمنی سەرسەختی

دۆگماتیزمن هەر چەندە خۆشی لە ژێر پەردەی دڵسۆزی و پەرۆشی خۆبەستنەوە بە ڕستەکان و سەرەتاکانی مارکسیزم - لینینیزم دەشارێتەوە زۆریش هاژە وهاوار دەکات بۆ پاراستنی مارکسیزم - لینینیزم و خۆ بە ڕەسەن دانان و خۆ بە پارێزەرزان!

دیارە لێرەدا هەر ئەوەندە ماوە هەیە، ئەگینا مەسەلەی دۆگماتیزم مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بە تێر و تەسەڵی باسی بکەین پێویستی بە کتێبێکی تایبەتی هەیە.

٢ – ڕۆیژنیزم – تەحریفیەت:

ڕۆیژنیزم لە وشەی چاوپێداخشاندنەوە هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ماناکەی شێواندن و تێکدانی سەرەتاکانی مارکسیزمە لە کۆڕی فەلسەفی و سیاسی و ئابووریدا، بە بیانوی چاوپێداخشاندنەوە و چاککردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانی ڕۆژگاردا.

ڕۆیژنیزم لادانە لە (چەمکە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم). واتە لادانە لە سەرەتا گرنگەکان و بنچینەکانی مارکسیزم کە لینین لە باسەکەیدا (مارکسیزم و گیانی ڕۆیژنیزم) باسی ئەوە دەکات، کە ڕۆیژنیزم(تەحریفیەت) لە سەر دەستی بەرنشتاین (کۆنە مارکسیستی خۆ بە زۆرزان) دا وای دەستپێکرد، کە گەرەکیەتی هەندێ گۆڕین بکات لە گۆتە و سەرەتاکانی مارکسیدا.

لە کۆڕی فەلسەفیدا ڕۆیژنیزم گەرەکیەتی دەسکاری ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی بکات بە جۆرێک، کە لە بنەڕەتەوە هەڵیتەکێنێتەوە. بە جۆرێک کە مەتریالیزم هەڵوەشێنێتەوە بە هەندێ گۆتەی سازشکارانەی ئایدیالیزم. هەروەک ویستیان ئایین بکەنە (مەسەلەیەکی تایبەتی) و نەک هەر بە نسبەت دەوڵەتەوە بەڵکو بە نسبەت چینی کرێکارانیشەوە.

لە کۆڕی ئابووری و سیاسیدا گەرەکیانە، کە بۆچوونەکانی مارکس دەربارەی بەها(القیمة) و تەنگوچەڵەمەکانی سەرمایەداری و مەسەلەی چەق بەستنی بەرهەم (تمرکز الانتاج) و لادانی بەرهەم هێنانی بچوک لە لایەن بەرهەم هێنانی گەورە. وە لە کشتوکاڵدا ڕووندات و (کارتێلەکان) و (تریستەکانی) بۆرژوازی دەبنە هۆی زاڵبوونی سەرمایەداری بەسەر تەنگ و چەڵەمەکاندا. لە کۆڕی سیاسیشدا ڕۆیژنیزم گەرەکی بوو کە چاو بخشێنتەوە بە بناغەی مارکسیزمدا بە تیۆری خەباتی چینایەتیدا. بە بیانووی ئەوەی گوایە ئازادییە سیاسیەکان و دیموکراسی و مافی دەنگدانی گشتی هیچیان بۆ خەباتی چینایەتی نەهێشتۆتەوە

هەر بۆیەش گۆیا چیکە لە توانادا نییە کە دەوڵەت بە جیهازێکی دەسەلاتداری چینایەتی دابندرێت، چونکە زۆربەی خەڵک دەسەلاتدارن! هەروەک ڕۆیژنیزم دژایەتی کردنیشە لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکداری کرێکاران بە بیانوی دیموکراسی و مافی دەنگدانی گشتییەوە. وەدژایەتی کردنە لەگەڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و خەباتی چەکداری ڕەنجدەران و زۆرلێکراوان بە بیانوی ئەوەی کە(بە ئاشتی و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە) دەکرێ کۆمەڵی مرۆڤ بگوازرێتەوە بۆ سۆسیالیزم. بۆیە گۆیا چیکە پێویستی بە خەباتی چەکدار و زەبر و زەنگی شۆڕشگێڕانە نەماوە. بەمجۆرە دەبینین ڕۆیژنیزم دەست وەردەدات لە تیۆریە گرنگ و بنەڕەتیەکانی مارکسیزم و دەیانشێوێنێت بەم شێوەی خوارەوە:

١ – مەتریالیزمی دیالەکتیکی و مەتریالیزمی مێژوویی ڕەت دەکاتەوە دەیگۆڕێتەوە بە ئایدیالیزم و دژایەتی دیالەکتیک.

٢ – دەوری مێژوویی چینی پرۆلیتاریا لە مێژوودا لە ڕووخاندنی (بە زەبر و زەنگ) سەرمایەداری و دانانی سۆسیالیزمەوە دەگۆڕێ بە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا، بە خەباتی ئاشتی و لەسەرەخۆ و بە شێنەیی و بە خشکەیی بۆ دانانی سۆسیالیزمی پەرلەمانی.

٣ – تیۆری (زێدەبایی) مارکس هەڵدەتەکێنێتەوە.

٤ – خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا بە شێوەی شۆڕشگێڕانە و بەوجۆرەی، کە ئەنجامەکەی لەناوبردنی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی و دانانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بێ بە نیازی نەهێشتنی چینەکان و حوکمڕانی چینێک بەسەر چینێکدا، دەکاتە خەباتی پەرلەمانی و نەقابی کرێکاران بۆ سۆسیالیزمی پەرلەمانی.

واتە ڕۆیژنیزم سەرەتاکان و بنچینەکانی مارکسیزم هەڵدەتەکێنێتەوە، گیانە شۆڕشگێڕیەکەی دەخنکێنیت و شێوەی خەباتی چینایەتییەکەی دەگۆڕێتەوە بە خەباتی سیاسی و ئاشتیخوازانە و پەرلەمانی، نەک لە پێناوی دەسەلاتداری بەردەوام و چەسپاوی کرێکاران و ڕەنجدەراندا بەڵکو بۆ حوکمڕانییەکی پەرلەمانی لەرزۆک و بگۆڕ.

ئەو شێواندنەی سەرەتاکان بەرلە هەموو هەڵوێست وسیاسەت و تەکتیکەکانی تریشدا ڕەنگ دەدەنەوە و خۆ دەنوێنن. بۆ نموونە لە ڕێکخستن و جۆر و شێوەی ڕێکخستنی حزبی چینی کرێکاردا (کە ئەمەش تەکتیکێکە لە تەکتیکەکانی سۆسیالستەکان خۆی وا دەنوێنیت کە بیکاتە ڕێکخستنێکی فشۆڵی بێ سەروبەری نا شۆڕشگێڕ، کە بە کەڵکی

هەڵبژاردن و پەرلەمان و خەباتی نەقابی بێت نەک بە کەلکی شۆڕش و سازدانی کرێکاران و ڕەنجدەران و هاوپەیمانەکانیان بە ڕاپەڕینی چەکدار. هەروەک لە ستراتیژ و تەکتیکەکانی تریشدا ڕەنگ دەداتەوە. هەر بۆیەش ڕۆیژنیزم لە ئەنجامدا مارکسیزم لە بنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنیتەوە و سەرتاپا دەیشێوێنیت. هەر بۆیە لینین خەباتی دژ بە ڕۆیژنیزمی بە شەرتی سەرکەوتنی چینی کرێکار و سۆسیالیزم داناوە بە تایبەتی، کە ڕۆیژنیزم ئامانجە هەرە گەورەکەی جوڵانەوەی سۆسیالستی پێئەوەندە گرنگ نییە لە ئاستی جوڵانەوەی کرێکاراندا. واتە دەردی (بەرنشتاین)ی ڕۆیژنیستی دێرین گوتەنی (دوا ئامانج هیچ نییە بزووتنەوە هەموو شتێکە) هەربەو پێیەش دەبێ هەڵوێست و ڕەفتارەکانی سۆسیالستەکان دابنرێن بەوجۆرەی، کە لینین ئەمەی خوارەوەی لەسەر دەڵێ:

(مرۆڤ ئەبێت ڕێبازی دیاری بکات بە پێی هەموو بارودۆخێک، ئەبێت بگونجێت بە پێی ڕووداوە نزیکەکان، بۆ گۆڕانکارییە سیاسیە بچوکەکان، ئەبێت بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی پرۆلیتاریا و سیفەتە گەوهەریەکانی سەرتاپای ڕژێمی سەرمایەداری و گشت گەشەکردنی سەرمایەداری لە بیربکات، ئەبێت ئەم بەرژەوەندییە بنەڕەتیانە بەخت کات لە پێناوی هەندێک ئازادی کاتیدا، ڕاستی بێت یان دروستکراو، ئەمانەن هێڵە سیاسییەکانی ڕۆیژنیزم.[٩٤]

مایەوە بڵێین، کە ڕۆیژنیزمی ئەم سەردەمەش هەر کاوێژکردنەوەی ڕۆیژنیزمی گۆڕینە بەڵام بە بەرگی ڕازاوەی مۆدەوە! هەرچەندە لە هەندێ شوێنیشدا ئەوەی زیادکردبوو کە گۆیا چیکە ڕێبەری چینی کرێکار و پێشڕەوە مارکسیە لینینیەکەی پێویست نییە بۆ دانانی سۆسیالیزم بە بیانووی ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییەوە.

ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەداری بە شێوە ڕۆیژنیستەکەی کاری گەیاندە ئاستی نەمانی پێویستی بوونی حزبی چینی کرێکار و شۆڕش کردن بۆ دانانی سۆسیالیزم، یان بۆ ڕێبەریکردنی شۆڕشی ڕزگاری دیموکراتی و کردنی ئەمەیان بە شۆڕشی سۆسیالستی بە بیانووی ئەوەی گۆیا حزبە بۆرژوازیە بچوکەکان دەتوانن بەمکارە هەڵسن و ئەم ئەرکەی کرێکاران بگرنە ئەستۆی خۆیان. هەر لەمەشەوە چەندین گۆتەی ڕۆیژنیستی بڵاوبوونەوە، وەک ئەوەی گۆیا حزبی بەعسی عەفلەقی دەشێ و دەتوانێ ببێتە حزبێکی سۆسیالستی عیلمی و ئاڵای مارکسیزم – لینینیزم هەڵبکات و کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم بەرێت، کە

٩٤– لینین، هەڵبژاردەکان، بەرگی سێیەم، چاپی مۆسکۆ، لا، ٤٣٣ . (مام)

ئەمەش نموونە زلە عێراقیەکەی ڕۆیژنیزم بوو لە جولاّنەوەی کرێکارانی عێراقدا. دیارە، کە ئەوەش پێشتر لە هەندێ ولاّتی عەرەبیشدا هەر سەری هەڵدابوو، بەلاّم لە عێراقدا بەمجۆرە خۆی نواند، کە بە ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەداریدا، بێ شۆڕش و بێ ڕێبەری چینی کرێکار و پێشڕەوەکەی بە ڕێبەری بەعسی عەفلەقی دەشێ و دەکرێ (بەهاوکاری کردنی ئەو حزبە لەگەڵ حشع) عێراق بەرەو سۆسیالیزم بچێت و عەفلەقییەکانیش بازدەنە ئەوپەڕی سۆسیالستی عیلمی و ببنە مارکسی لینینی تەواو! بەلاّم دیارە ئەو خەیالپلاّوەش بابردی!

ماکی ڕۆیژنیزمیش (بەشێوە ڕاست و شێوە چەپەکەشیەوە) دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە:

١ - ((لەهەموو ولاّتێکی سەرمایەداریدا، هەمیشە شانبەشانی پڕۆلیتاریاوە چەندین دەستەی فراوان لە وردە بۆرژوا هەن و لە ئارادان لە خاوەن کاری بچوک (بەرهەمهێنانی بچوک بەردەوام و ئێستاش سەرمایەداری لێ ئەبیتەوە و دروستی ئەکات) ئەو بەرهەمهێنەرە بەرگە نوێیانە بە ناچاری پاڵ پێوە ئەنرێن بەرەو ڕیزەکانی پڕۆلیتاریا، بۆیە زۆر شتێکی ئاساییە چەندین چەمک و تێگەیشتنی وردە بۆرژواش بخرێتە ناو ڕیزەکانی پارتە کرێکارییە فراوانەکان)). [٩٥]

ئەمەش تەنانەت ڕاست و دروستە بۆ ولاّتە سۆسیالستەکانیش چونکە دەردی لینین دەڵێ ((بۆیە شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتیە، کە ئەم بارە بەم شێوەیە بێت و هەمیشەش وا ئەمێنێتەوە، تەنانەت لە قۆناغەکانی شۆڕشی پڕۆلیتاریا خۆشیا، چونکە زۆر هەڵەیە وابزانرێت، کە پێویستە زۆربەی زۆری دانیشتوان بەیەکجاری بگۆڕدرێن بە پڕۆلیتاریا بۆ ئەوەی ئەم شۆڕشە ئەنجام بدرێت)). [٩٦]

٢ – پەیدابوونی توێژێکی تێر و تەسەڵ لە ناو پڕۆلیتاریادا سەبارەت بەوەی، کە بۆرژوازی بەشیان دەدات و هەندێ لە سودەکەی خۆشیان بۆ فڕێدەدا! یان سەبارەت بەوەی لە ولاّتە سۆسیالستەکاندا بیرۆکراتی و پسپۆری و پلە وپایەی هەندێک بەرزتریان دەکاتەوە لە ڕەنجدەران و تێر و تەسەڵیان دەکات. ئەم توێژەش نیمچە مشەخۆر و سوودبەرە لە زێدەبایی هەر بۆیەش ژیان و گـوزەرانی ئەو توێژەش لە ســەرمایەدار نزیکـترە هـەتاکــو

٩٥- لینین، هەڵبژاردەکان، بەرگی سێیەم، چاپی مۆسکۆ، لا، ٤٣٣ . (مام)

٩٦- لینین، هەڵبژاردەکان، بەرگی سێیەم، چاپی مۆسکۆ، لا، ٤٣٣ . (مام)

پرۆلیتاریا، بیر و ڕاو هـەڵوێستەکانیشی بەم پێیە لادەدەن بەلای بۆرژوازیدا یان بۆچوونە بۆرژوازی و نا پرۆلیتاریەکاندا. هۆیەکی تریش هەیە لە پەرەسەندنی ڕۆژنیزمدا ئەویش دەوری ئیمپریالیزمی ئەم سەردەمانە هەم لە ترساندن و تۆقاندنی سۆسیالستەکاندا و هەم لە بلاوبوونەوەی بنج و بنەوانی ڕۆژنیزمدا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە.

دیارە بەگژاچوونی ڕۆژنیزم (وەک ئەرکێکی پیرۆزی مارکسیزم - لینینیزمە ڕەسەن و ڕاستەقینەکان) زۆر جیاوازە لە گەشەپێدانی مارکسیزم - لینینیزم کە ئەمەش هەر ئەرکێکی پیرۆز و گرنگی هەموو مارکسیزم - لینینیزمێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە! هەرچەندە گەشەپێدانیش دەبێتە هۆی بەلاوەنانی هەندێ گۆتە و دەست هەڵگرتن لە هەندێ ڕستەی بەسەرچوو، کە وەرزەکەیان بەسەرچووە. هەروەک دەبێتە هۆی داهێنانی هەندێ گۆتە و هەندێ قانوونی نوێ و دۆزینەوەی هەندێ ڕێگە و شوێنی نوێ بۆ خەبات و پەیداکردنی هەندێ تەکتیکی تازە و هەڵوێستی نوێ و تاد.

هەرچی گەشەپێدانە لەسەر بنج و بناغەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی دەبێت. لەسەر بنج و بناغەی سەرەتا گشتییە ئەساسییەکانی مارکسیزم - لینینیزم دەبێت نەک بە هەڵتەکاندنەوەیان وەک ڕۆژنیزم دەیکات. هەرچی گەشەپێدانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دوایی دەبێت کەچی ڕۆژنیزم بۆ بەلاوەنان و دواخستنی ئەو ئامانجانەیە. هەرچی گەشەپێدانە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی، دەکاتە دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی مارکسیزم - لینینیزم کەچی ڕۆژنیزم دەکاتە سیس کردنەوە و هەڵوەران و وشک کردنەوەی مارکسیزم - لینینیزم ، هەر بۆیەش گەشەپێدانی مارکسیزم - لینینیزم لە خزمەتی کرێکاران و ڕەنجدەران دایە کەچی ڕۆژنیزم نۆکەری بۆرژوازیە لە ڕیزەکانیاندا.

ئەوەی ڕاستیبێ بەراوردکردنی گەشەپێدانی مارکسیزم - لینینیزم لەگەڵ ڕۆژنیزمدا باسێکی قووڵ و بەرینە، کە لێرەدا پێمان جێبەجێ ناکرێت. تەنیا هەر بە ئەوەندە نەبێ، کە لە پێشەوە دەستمان بۆ ڕاکێشا. شتێکی، کە پێویست بێ سەرنجی خوێنەرانی بۆ ڕاکێشین ئەمەیە، کە لایەنی لادان بەلای ڕاست لە ڕۆژنیزمدا زۆرتر باوە لە لایەنی لادانەکەی ڕۆژنیزم بە لای چەپدا، چونکە لە سەردەمی لینیندا گیانی ڕۆژنیزمی چەپ (النزعة التحریفیة الیساریة) هەرخۆی لە سەندیکا شۆڕشگێڕەکاندا دەنواند ئەویش لە ولاتە لاتینیەکاندا، کە ئەویش هێشتا - ئەوسا - نەگەیشتبووە پلەی خەملاندنی ڕۆژنیزمی هەڵمەتەکاسەی یەمینییەوە.

بەڵام پاشان ئەو جۆرەش سەری هەڵدایەوە، ئیمڕۆش لە هەندێ گۆتەی چەپڕەوانەی دژ بە لینینیزمدا خۆی دەنوێنێت. بۆیە دەهێنێ لە لایەن دڵسۆزانی مارکسیزم - لینینیزمەوە دیراسەت بکرێت و ڕیسوا بکرێت. بە تایبەتی خۆی لە بەلاوەنانی سەرەتای هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاراندا و لە بەلاوەنانی سەرەتای بە دەستەوەگرتنی جڵەوی شۆڕشی ڕزگاری دیموکراتی و کردنی ئەم شۆڕشە بە (گەشەپێدانی ئەم شۆڕشە) شۆڕشی سۆسیالستی ڕاستەقینە بە ئینکارکردنی چەندین سەرەتای لینینی لەم مەسەلەیەدا. لەمەشدا، کە هەر تەنیا خەباتی کرێکاری و هەول و تەقەلای ناو کرێکاران و گۆیا بەناوی کرێکاران و بۆ کرێکاران بە تەنیا بێ چین و تووێژەکانی تری کۆمەڵ بخرێتە بەرنامەی کاری سۆسیالستەکانەوە. واتە زیندووکردنەوەی گۆتە گۆرینەکەی ئیکۆنۆمیستەکانی ڕوس لە ژێر پەردەی ڕازاوەی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ کرێکاراندا و پێشخستنی ئەو گۆتەی، کە هەر چینی کرێکار (بە تەنیا) شۆڕشگێڕە و کەسی تر ناتوانێت شۆڕشگێر بیت. هەروەک خۆشی لە بازدان بۆ سۆسیالیزمدا دەنوێنیت بە سەر ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتیدا. واتە بێهینانەدی ئەو ئەرکە دێرینانەی شۆڕشی دیموکراتی بازدان بۆ سۆسیالیزم، کە ئەمەش وازهێنانە لە سۆسیالیزمی عیلمی چونکە دەیخاتەوە ژێر ڕکێفی ئاواتی خۆش و ئارەزووی نایابەوە، لەجیاتی ئەوەی بەپێی قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بە ڕێوە ببرێت بەرەوپێش، بەرەودانانی بناغە و هەڵبەستنی بنەوانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی سۆسیالیزم.

بێگومان بەرپەرچدانەوەی دوور و درێژی ڕۆژنیزم کتێبێکی تایبەتی گەرەکە، بۆیێ لێرەدا هەر دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ناونیشانەکانی ڕۆژنیزم.

٣ – لادان بەلای چەپدا

لادان بە لای چەپدا نەخۆشی سەردەمی ساوایی جوڵانەوەی مارکسیزم – لینینیزم و سەر لێشێوانێکی منالانەیە توشی مارکسیە - لینینیە خوێن گەرم و کەم تەجرەبە و کەم هۆشیاری دێن، کە ئارەزووی خۆیان، کە ویستی خۆیان دەخەنە جێی قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سەرەتاکانەوە، کە بە پەلە پەل و هەڵپە هەڵپە گەرەکیانە بازدەن بەسەر واقیعدا، کەشەیدای وشەی ڕازاوەی شێوە چەپی دوور لە ڕاستی و دوور لە واقیعن، کە نە پشووی شۆڕشگێڕانەی درێژیان هەیە و نە لە وزەیاندایە سەرکەشی

و لاساری توند و تیژڕەوانەی خۆیان لغاو بکەن. ئەو لادەرانە بە لای چەپدا شەیدای هەڵکردن و وتنەوەی گۆتەی شۆڕشگێڕانە و ڕستەی شۆڕشگێڕانەن(الجملة الثورية).

لینین (ڕستەی شۆڕشگێڕانە) بەمجۆرەی خوارەوە باس دەکات:

((ڕستەی شۆڕشگێڕانە بریتییە لە وتنەوەی دروشمە شۆڕشگێڕەکان بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخە بابەتییەکان، کە لە کاتی وەرچەرخانێکی دیاریکراوی ڕووداوەکاندا، لە کاتی باڕێکی دیاریکراو پەیدا ئەبن. دروشمە نایاب و سەرنج ڕاکێشەر و سەرخۆشکەرەکان، کە خـاک و خـۆڵ و زەمینەی لـە ژێردا نییە – ئەمەیە ناخ و ناوەڕۆکی ڕستەی شـۆڕشگـێڕانە)).[٩٧]

کەواتە لادەرەکان بەلای چەپدا گۆتەی ڕازاوە و دروشمی دڵفڕێن و نایابی ئەوتۆ هەڵدەکەن و دەڵێنەوە، کە بە هەواوەن، کە ڕەگ و ڕیشەیان دانەکوتاوە لە زەوی واقیعدا. کە هەل و مەرجەکانی بابەتی و زاتی هێنانە کایە و هەڵکردنیان لە ئارادا نییە، کە داخوازیەکانیان پێش وەخت و وەرزی خۆیانن. واتە چەپڕەوەکان بازی گەورەدەن بەرەو پێش، بێئەوەی زەمینەی خۆڕاگرتن و خۆچەسپاندنیان خۆش کردبێت. هەر بۆیەش چەپڕەوی دەبێتە هۆی ملشکانی خاوەنەکانیان و دابڕینی چەپڕەوەکان لەکۆمەڵانی خەڵک و لە ڕەوتی ڕاستەقینەی ژیان و لە تەیاری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی واتە لە قانوونەکانی بابەتی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵ. مەترسی گەورەش بۆ سەر جوڵانەوە و ئەو هێزەی توشی نەخۆشی چەپڕەوی منالانە دێت هەر لەوەی سەرەوەدایە.

مەترسیەکەش بۆ سەر لاوان و خوێندەوارە خوێن گەرم و نەخەملێوەکان و ئەوانەی لە کورەی خەباتی دورودرێژدا قاڵ نەبونەتەوە، هەر لەوانەی سەرەوە دێت بە تایبەتی، کە دروشمەکانی چەپڕەو دەردی لینین دەڵێ (دروشمی نایاب و دڵفڕێن و ڕازاوە و مەستکەرن)، کە زوو لاوەکان و خوێندەوارەکان – کە لە ڕووی چینایەتییەوە لە خانەی بۆرژوازی بچوکیش دان – پێیان هەڵدەخەڵەتێن و فریو دەخۆن. ئەنجامەکەشی بە فیڕۆدانی ڕەنج و هەوڵ و تێکۆشانەکەیانە. دوای زیان گەیاندن بە جوڵانەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران و جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراسی و بەهێزە ڕەسەنە شۆڕشگێڕەکانیش، بە تایبەتی حزبە شۆڕشگێڕە ساوایەکان زۆر بە دەستیانەوە دەنالێن چونکە دەردی لینین گوتەنی:

٩٧- لینین، دەربارەی ڕستەی شۆڕشگێڕانە، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا، ٢٣. (مام)

((ڕستەی شۆڕشگێڕانە زیاتر نەخۆشی ئەو پارتە شۆڕشگێڕانەیە کاتێک ئەم پارتیانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پەیوەندی و کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردن لە نێوان توخمە پڕۆلیتارەکان و توخمەکانی وردە بۆرژوا ئەنجام ئەدەن و کاتێک ڕەوتی ڕوواوە شۆڕشگێڕیەکان چەندین وەرچەرخانی گەورە و خێرا نیشان ئەدەن)). (٩٨)هەندێ لە نموونەکانی چەپڕەوی منالآنە لە کوردستاندا بریتین لە:

١ – ئینکاری ئەم ڕاستیەی، کە شۆڕشەکەمان لەم قۆناغەیدا شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی نوێیە و دانانی شۆڕشەکەمان بە شۆڕشی ڕزگاری و سۆسیالستی وەیان بە شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراتی ئینقلابی شاری. واتە ئینکارکردنی شۆڕش لە لادێ و شاخەکانەوە بە بیانوی ئەوەی سەردەمەکە هی شۆڕشی دیموکراتی ئینقلابیە، کە لە شارەوە کرێکاران پێی هەڵدەستن. ئەمەش دەکاتە ئینکارکردنی ئەم ڕاستییەی، کە ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی هێشتا بەدینەهێنراون.

کامەن ئەو ئەرکانە و کامەیان جێبەجێ کراوە؟ با پەنا بەرینەوە بەر لینین، کە دەڵێ:

((ناوەڕۆکی ئەم شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتیە مانای پاککردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە(سیستەمەکان و دەزگاکان) لە وڵاتدا لە تایبەتمەندیکانی چەرخەکانی ناوەڕاست، لە کۆیلایەتی، لە دەرەبەگایەتی. دیاردە گرنگەکان چین، پاشماوەکان، خڵتەکان، کویلایەتی لە ڕوسیا لە دەمەدەمی ساڵی ١٩١٧دا؟ پاشایەتی، دابەش بوونی کۆمەڵ بەسەر چەندین دەستەی داخراودا، خاوەندارێتی و دەست بەسەراگرتنی زەوی، باری ئافرەت، ئاین، ئازاردانی نەتەوەکان)). (٩٩)جا گەر سەرنجێک لە ولاتی خۆمان، لە کوردستانی خۆمان بدەین بۆمان دەردەکەوێت، کە نەمەسەلەی (خاوەندارێتی و دەست بەسەراگرتنی زەوی بە چاکی و دیموکراتیانە چارە کراوە) نە مەسەلەی (دابەش بوونی کۆمەڵ بەسەر چەندین دەستەی داخراودا) و (ئاین) و (ئازاردانی نەتەوەکان). واتە هیچ یەک لە مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی چارەنەکراون. ئێمە جگە لەوەی، کە لایەنە سیاسیەکەشی، کە دەسەڵاتی نوێنەرانی کۆمەڵانی خەڵکە هی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەرانی تری بیروبازوی شارەکان و هی وردە بۆرژوازی شار هەر چارە نەکراوە.

٩٨– لینین، دەربارەی ڕستەی شۆڕشگێڕانە، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، هەمان لاپەڕەی پێشوو . (مام)

٩٩– (لینین، لە بابەت ڕۆشنبیری و شۆڕشی ڕۆشنبیریدا، چاپی مۆسکۆ، ل ١٤٩). (مام)

دیارە وەک لینینیزمیش نیشانی داوە شۆڕشی دیموکراتی ئەبێ بکرێتە شۆڕشی سۆسیالستی، ئەمەش هـەر بەوە دەکـرێت، کـە بە چـاکترین شێوە ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی جێبەجێ بکرێن ئەویش بە ڕێبەری چینی کرێکار و پێشڕەوەکەی وەک لینین دەڵێ:

((سەبارەت بەم خاڵە من زۆر دڵنیابووم لە ڕاستی و دروستی تێگەیشتنمان بۆ مارکسیزم و لە ڕاستی و دروستی و ڕەچاوکردنی شۆڕشەکانی ڕابردوو لە ماوەی چوار ساڵدا، هەروەک بە تەنیا خۆمان بێ کەسانیتر شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتیمان بەڕێوە برد بەرەو کۆتایی. بە هەموو وریاییەکەوە و بە هەنگاوی پتەو بێ هیچ لادانێک بەڕێوەی ئەبەین بەرەو پێشەوە، بەرەو شۆڕشی سۆسیالیزم چونکە ئەزانین ئەم شۆڕشە داڕاونییە لە شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتی بە شورەیەکی چینی، چونکە ئەزانین تەنیا هەر خەبات ئەو بڕیارە ئەدات کە تا چ ئەندازەیەک پێشکەوتن بە دەست دێت، کە ئەتوانین (لە دوا هەنگاودا) بە دەستی بێنین. ئەندازەی ئەو بەشەی جێبەجێی ئەکەین لە ئەرکە هەرە مەزنەکەماندا، ئەندازەی ئەو بەشەی پتەوی ئەکەین و ئەیچەسپێنین لە سەرکەوتنەکانماندا)).[100]

٢ – ئینکاری دەوری چینەکان لە شۆڕشی ڕزگاریدا، ئینجا لە بەشە دیموکراتییەکەی شۆڕشەکەشدا وەک ئەوەی هەندێ هەر چینی کرێکار بە شۆڕشگێڕ دائەنێن و هەموو چین و توێژەکانی تری گەل بەلاوە دەنێن. ئەمەش دەکات ئینکاری هاوپەیمانی و هاوخەباتی هێزە جیاجیاکانی سیاسی کە نوێنەرایەتی ئەوانە دەکەن. هەر وەک دەکاتە خۆلادان لە خەبات و پڕۆپاگەندەکردن لە ناو چین و توێژەکانی تری گەلدا و هەر خۆ خەریک کردن بە چینی کرێکارانەوە. ڕاستە خۆخەریک کردن بە چینی کرێکارانەوە زۆر زۆر پێویستە بە تایبەتی هاوڕێیانی کۆمەڵە بۆ هۆشیار کردنەوە و ڕێکخستن و جۆشدانی خەباتیان و سازدانیان بۆ بەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی خۆیان لە ڕێبەری جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی گەلەکەماندا بەڵام نابێ هەر لە ناو کرێکاراندا خەباتەکە قەتیس بهێڵینەوە و چین و توێژەکانی تری گەل بەلاوە بنێین و ئیهمال بکەین بەڵکو دەبێ دەردی لینین فێرمان دەکات:

((پێویستە لەسەرمان – ڕووبکەینە گشت چینەکانی دانیشتوان – بەو شێوەیەی تیۆریسنین و بەو شێوەی هاندەرین و بەو شێوەی ڕێکخەرین)). سەبارەت بەوەش کە:

١٠٠– (لینین، لە بابەت ڕۆشنبیری و شۆڕشی ڕۆشنبیریدا، چاپی مۆسکۆ، ل ١٨٦ و ١٨٩). (مام)

((چونکە ئەوە سۆسیال دیموکرات(مارکسیست) نییە، کە ئەوە لەیاد بکات، کە کۆمۆنیستەکان بە کردەوە لایەنگرانی هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەن، ئێمەش بەپێی ئەمە مولتەزمین لە بەردەم هەموو گەلدا پێ لەسەر ئەرکە گشتییەکانی دیموکراتی دائەگرین بێئەوەی بۆ یەک چرکە بیروباوەڕە سۆسیالیستەکە بشارینەوە)). ((ئەوکەسە سۆسیال دیموکرات (مارکسیست) نییە ئەوە لەیاد بکات، کە بە کردەوە ئەبێت یەکەم کەس بێت لە خستنە ڕوو و چارەسەرکردنی هەموو مەسەلەیەک لە مەسەلە گشتییەکانی دیموکراسیەت)).[۱۰۱]

دەربارەی هاوخەباتی و هاوکاریش لەگەڵ هەموو هێزەکانی تری موعارەزە، هەر لینین خۆی فێرمان دەکات کە:

((پێویستە لە سەرمان ئەرکی ڕێکخستنی تێکڕای خەباتی سیاسی بگرینە ئەستۆمان لە ژێر سەرکردایەتی پارتیەکەی خۆماندا بە شێوەیەک بتوانرێت گشت دەستە ئۆپۆزیسیونە جیاجیاکان لە خزمەتی ئەم خەبات و ئەم پارتیەدا بن و وایان لێبکرێت چیان لە باردایە لە یارمەتی پێشکەشی بکەن. پێویستە لە سەرمان لەناو سۆسیال دیموکراتەکاندا (مارکسیستەکان) ،کە لە بواری چالاکیدا کار ئەکەن سەرکردەی سیاسیان لێدروست بکەین، کە بە چاکی سەرکردایەتی گشت دیاردەکانی ئەم خەباتە تێکراییە بکەن بە چاکی لە کاتی لەباری خۆیدا بەرنامەی کاری چاک بسەپێنن بە سەر ئەو خوێندکارانەدا، کە لەکەف و کوڵدان، بەسەر زیمستۆفە ڕق ئەستورەکاندا و بەسەر دۆستە تورەکان و بەسەر ماموستا گەلیە زۆرلێکراوەکاندا...تاد)).[۱۰۲]

دیارە ئەمەش بۆ کارکردنە، هاوکاری کردنە لەگەڵ هەمووان لە دژی دوژمنی موشتەرەکی هەمووان چونکە دەردی لینین دەڵێ: ((بەڵام ئایا ئەتوانرێت یەک چین لە چینەکانی کۆمەڵ دەست نیشانکرێت، کە خاڵی بێت لە کەسان و دەستە و ئەڵقەکان لە بێزار و تورەکان لە بەرامبەر زۆرداری و ستەمدا و پڕوپاگەندەی سۆسیال دیموکرات قبووڵ بکەن – کە دەربڕی پێویست ترین ئاواتە گشتییەکانی دیموکراسیەت – ئەگەر یەکێک ویستی وێنەیەکی هەســت پێکـراو بۆ خۆی دروست بکـەن سـەبارەت بەم هـاندانە سـیاسییەی

۱۰۱- (لینین، ما العمل چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا، ۸۷ –۸۸. (مام)

۱۰۲- (لینین، سەرچاوەی پێشوو، لا، ۹۰(مام)

سۆسیال دیموکرات (مارکسیزم) لە نێو گشت چینەکانی کۆمەڵ و دەستەکانیا، ئەوا ئێمە ڕێنمایی ئەکەین بەرەو ڕێسواکردنی سیاسی بە مانا فراوانەکەی وشەکە. وەک ڕێگەیەکی سەرەکی (بێگومان نەک وەک تاکە ڕێگا) بە ئەم هاندانە)).[١٠٣] بە تایبەتی کەکرێکاران پێویستیان بە هێز کۆکردنەوە و ئاڕاستەکردنی هەیە بە ڕووی دوژمنی گەورەدا، دەردی لینین دەڵێ: ((ئەبێ کرێکاران بەچی هەڵسن، بە کۆکردنەوەی هێزە پێویستەکان بۆ ئەم خەباتە؟ ئایا ڕوون نییە، کە ئەبێت بریتی بێت لە پەروەردەکردنی سیاسیانەی کرێکاران لە بەردەمیاندا گشت دیاردەکانی دیکتاتۆریەتی دزێوی لای خۆمان سوک و سەلیم و ڕیسوا بکەن؟ کە پێویستی بە هاوپەیمانەکان هەیە لەناو ڕیزی لیبڕالەکان و ڕۆشنبیرەکاندا، کە ئامادەبن بەشداریمان بکەن لەو سوک کردنە و ڕیسواکردنەدا بەو هەڵمەتە سیاسیانەی ئەکرێتە سەر زیمستۆفیەکان و سەر مامۆستاکان و سەر شارەزاکان و خوێندکاران ... تاد[١٠٤] ، دیارە هەموو ئەوانەش لەبەر دوو هۆی تریشن یەکەمیان لینین دەڵێ: ((ناکرێت لە زەمانی ئێمەدا هیچ لایەک ببێت بە پێشڕەوی هێزە شۆڕشگێڕیەکان، ئەو پارتیە نەبێت، کە ڕیسوا کردنێکی سیاسیانە ڕێک ئەخات و بە ڕاستی هەموو گەل ڕائەکێشیت، وشەی هەموو گەلیش ناوەڕۆکێکی زۆر گەورەی هەیە)).[١٠٥]

دووەمیان چونکە بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران خۆشیان بۆ تێگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی خۆشیان ئەوە پێویستە لە بەر ئەوەی دەردی لینین دەڵێ:

((هۆشیاری سیاسی چینایەتی ناگاتە کرێکار لەدەرەوە نەبێت، واتە لە دەری خەباتی ئابووری لە دەری پەیوەندییەکانی نێوان کرێکار و خاوەن کارەکان، بواری پەیوەندێکانی گشت چینەکان و دەستەکان لە بەرامبەر دەوڵەت و حکومەتدا، بواری پەیوەندییەکانی گشت چینەکانە لە بەرامبەر یەکتردا)).[١٠٦]

٣ – ئینکارکردنی هاوکاری و هاوخەباتی نێوان کرێکاران و جووتیاران و بەلاوەنانی ئەو ڕاستیەی، کە ئەم هاوخەباتییە بەردی بناغەی بەرەی نیشتمانیی ڕاستەقینەیە بە بەشداری چینی کرێکاران و شەرتێکی سەرەکی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراتی نوێیە و شەرتێکی سەرەکی کردنیەتی بە شۆڕشی سۆسیالستی، هەروەک شەرتی سەرەکی

١٠٣– (لینین،سەرچاوەی پێشوو، لا، ٩٠. (مام)
١٠٤– (لینین، ما العمل چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا، ٩٦ (مام)
١٠٥– (لینین، ما العمل چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا، ٩٤ (مام)
١٠٦– (لینین، ما العمل چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا، ٩٤. (مام)

دەستەبەریکردنی دابین کردنی ڕێبەری چینی کرێکارە لە شۆڕشەکەدا. ئەوەی ڕاست بێت نکۆڵیکردنی ئەهمیەت و پێویستی هاوکاری کرێکاران و جووتیاران هەڵوێستێکی کۆنی مەنشەفیەکان و تڕۆتسکییە پێش ئەوەی لینینیزم قسەی وا بکات، کەچی مارکس و ئەنگڵز هەرزوو ئامۆژگاری پڕۆلیتاریایان کردبوو کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاران پێویستە هاوکاری لەگەڵ جولانەوەی جووتیاران بکەن ئەمەشیان واگوتبوو، کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش چاپێکی نوێی جولانەوەی جووتیارانی ئەڵمان پێویستە. لینینیش ئەو ئامۆژگاریەی مارکس و ئەنگڵزی لە گوێ گرتبوو، زۆریش باش لە ئەهمیەتی هاوکاری و هاوخەباتی کرێکاران و جووتیاران گەیشتبوو، وە خەباتی لە پێناودا کردووە. چونکە لینین دەیزانی، کە پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕی نەبەز بێ هاوکاری لەگەڵ جووتیاران سەرناکەوێت. لەوەش گەیشتبوو گەر پڕۆلیتاریا هاوکاری خۆی لەگەڵ جووتیاران بەدینەهێنێت ئەوا بۆرژوازی سەردەکەوێت و زاڵ دەبێت. هەر بۆیەش لینین دەڵێ:

پڕۆلیتاریا هەر خۆی بە تەنیا ئەتوانێت خەبات بکات لە پێناوی دیموکراسیەتدا، بە گیانی بەردەوامی و لە خۆبووردن، بەڵام ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەم خەباتەدا و لە پێناوی دیموکراتیدا، ئەوکاتە ئەبێت کە جەماوەری جووتیاران ئەرژێنە ناو خەباتی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریاوە، ئەگەر پڕۆلیتاریا هێز وتوانای بە دەست نەهێنا بۆ ئەم مەبەستە، ئەوا بۆرژوا ئەچێتە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشی دیموکراتی و شێوە ڕاڕایی و خۆ ویستییەکەی بە سەردا ئەسەپێنێ، هیچ ڕێگەیەکیش نییە بتوانێت ڕێ لەم چارەنووسە بگرێت، جگە لە دیکتاتۆریەتی دیموکـراتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جووتیاران نەبێت)).[١٠٧]

هەروەک لینینیزم هاوخەباتی پرۆلیتاریا و جووتیاران بۆ هەردوو شۆڕشەکە، شۆڕشی دیموکراتی و شۆڕشی سۆسیالستی هەر بە پێویست دەزانێت. لەم ڕووەشەوە لینین دەڵێ:

((پێویستە لەسەر پڕۆلیتاریا شۆڕشی دیموکراتی تا سەر ئەنجام بدات، بە ڕاکێشانی جەماوەری جووتیاران بۆ شۆڕش، بۆ تێکشکاندنی بەربەرکانێی ئۆتۆکراتیەت و ئیفلیج کردنی رارایی بۆرژوا و پێویستە لەسەر پڕۆلیتاریا شۆڕشی سۆسیالیزم ئەنجام بدات بە ڕاکێشانی جــەماوەری توخمـە نیمچـە پڕۆلـیتاریەکانی ناو دانیشتوان بۆ تێکشـکاندنی

١٠٧- (لینین، هەڵبژاردەکان، بەرگی دوو، چاپی عەرەبی، لا، ٥٠٥.(مام)

بەربەرەکانی بۆرژوا و ئیفلیج کردنی ڕاپرایی جـووتیاران و ورده بۆرژوا)).[١٠٨] دیارە جووتیارانیش یەک چینی موتەجانیس پێک ناهێنن بەڵکو چەند تۆێژێکن هەر بۆیەش لینین بۆ هەر یەک لەو دوو جۆرە شۆڕشە هەندێ تۆێژیان هەڵدەبژێرێت و دەڵێ:

((لەسەرەتادا لەگەڵ هەموو جەماوەری جووتیاراندا دژی ڕژێمی پاشایەتی، دژی خاوەندارە گەورەکانی زەوی، دژی دەرەبەگایەتی، کە بەمجۆرە شۆڕش بە بۆرژوازی و دیموکراتی بۆرژوازی ئەمێنێتەوە پاشان لەگەڵ جووتیارە هەژارەکاندا، لەگەڵ نیمچە پرۆلیتارەکاندا، لەگەڵ گشت چەوساوەکاندا دژی سەرمایەداری بە دەستدارەکانی لادێکان و کۆلاک[١٠٩] و مۆنۆپۆڵەکانیشەوە، بەم چەشنە شۆڕش ئەبێت بە سۆسیالستی)). (دەربارەی هاوخەباتی کرێکاران و جووتیارانیش لە شۆڕشدا هەر زوو گوتویەتی، کە: ((لەڕاستیدا جووتیاران لەم کاتەی ئێستادا، هاوپەیمانی سەرەکین لە شۆڕشدا)).[١١٠] تەنانەت لینین پێش و پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەریش هەر ئەم ڕاستییەی دووپات کردۆتەوە، کە: ((کرێکاران و جووتیاران زۆربەی زۆری دانیشتوانن، هەر ئەمان ئەبێت دەسەلاتیان بە دەستەوە بێت نەک خاوەندارەکانی زەوی و خانوبەرە و سەرمایەداران، کرێکاران و جووتیاران زۆربەی زۆری دانیشتوانن، پێویستە سۆڤیێتەکانی ئەمان فەرمانڕەوابن و کاروباری وڵات بگرنە دەست، نەک فەرمـانبەران، ئەمەیە بیروڕای ئێمە ئەی هـاوڕێیانی نوێنەری جـــووتیاران)).[١١١]

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریاش لە ١٩١٧ لینین ئەمەی خوارەوە دەڵێ: ((بەڵام مەرجی دووەم بریتییە لە پێکهاتن لە نێوان پرۆلیتاریا کە دیکتاتۆریەتەکەی جێبەجێ ئەکات و جڵەوی فەرمانڕەوایی بە دەستەوەیە و لە نێوان زۆربەی زۆری دانیشتوان، جووتیاراندا)).[١١٢]

هەروەها دەربارەی هەمان مەسەلە لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ گۆنگریسی دەیەمینی حزبی شیوعی ڕوسی (بۆلشەوی) ئەمەی خوارەوە دەڵێ:

١٠٨- (لینین، هەڵبژاردەکان، بەرگی دوو، چاپی عەرەبی، لا، ٥٠٦.(مام)

١٠٩- کۆلاک بریتییە لە بورژوازی لادێ، کە لەڕێی کاری کرێ گرتە و بازرگانی و ڕیبا و بەکرێدانی زەوی و کەلوپەلی کشتوکاڵی هێستر و گاجووت وشتی ترەوەسەرمایەیەک بەدەست دێنێ (القاموس السياسي، تأليف ب. ن. بونوماريوف ترجمة عبدالرزاق الصافي، الطبعة الثالثة ١٩٧٦، ص ١٩٤-١٩٥). (ئامادەکار).

١١٠- (لینین، هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران، چاپی مۆسکۆ، لا ١٠٤. (مام)

١١١- (لینین، هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران، چاپی مۆسکۆ، لا ٢٥٠. (مام)

١١٢- (لینین، هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران، چاپی مۆسکۆ، لا ٤٥١. (مام)

((ئێمە بۆیە پشتیوانی لـە جـووتیاران ئەکـــەین و یارمـەتیان ئەدەین، چونکە بەبێ هاوپەیمانیەتی لەگەڵیاندا مەحاڵە دەسەلاتی سیاسی پرۆلیتاریا لە ئارادا بمینێت و پارێزگاری لێبکرێت. پرنسیپی بەرزی دیکتاتۆریەت بریتییە لە پاراستنی هاوپەیمانێتی نێوان پرۆلیتاریا و جووتیاران بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا بتوانێت ڕوو لە سەرکردایەتییەکەی و دەسەلاتەکەی لە دەوڵەتدا بپارێزێت.)).[١١٣]

لەوەی ڕابردووەوە دەردەکەوێت، کە ئەوانەی ئینکاری هاوکاری کرێکاران و جووتیاران دەکەن لە کاتی شۆڕشی دیموکراتیدا چەندە دوورن لە لینینیزم و چەندە دوژمنن لەگەڵیا هەر بۆیەش ئەو ئینکارە نیشانەیەکی گەورەی چەپڕەوی منالانەیە و ڕۆیژنیزمی چەپڕەوانەیە کە بە داخەوە لە کوردستاندا وەک دیاردەیەک سەری هەڵداوە.

٤ – جگە لەمانەی سەرەوە هەندێ دیاردەی چەپڕەوی هەیە لە کارو کردەوەدا لە کوردستاندا بەڵام بایەخێکی ئەوتۆیان نییە لە ڕووی تیۆرییەوە، لە ڕووی دروشمەوە، بەڵکو زۆرتر لە کاری ڕۆژانە و گۆتەی سەرپێیدا خۆیان دەنوێنن. بەڵام دیسان پێویستە ئەم ڕاستییەمان لەبیر بێت، کە لینین گرنگیەکی تایبەتی پێدەدات و دەڵێ:

((ئەرکی ڕاستەوخۆ بریتییە لە: توانای سەرکردایەتی کردنی جەماوەر بەرەو بارودۆخی نوێ کە سەرکەوتنی پێشڕەوی لە شۆڕشدا دابین ئەکات. کە ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت بەبێ ڕیشەکێشکردنی عەقائیدیەتی چەپڕەوانە و بێ زاڵبوون بەسەر هەڵەکانیدا بە شێوەیەکی تەواو دوورکەوتنەوە لەم هەڵانە. ڕوانە – نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا. هەروەک لینین دەیخاتەوە بیر کە دەرکردنی چەپڕەوە لاسارەکان لە ڕیزەکانی پێشڕەودا هۆیەکی سەرکەوتنە لەکاتی شۆڕشدا، لە کاتی سووربوونیان لەسەر هەڵە چەپڕەوانەکانیان.[١١٤]

١١٣– (لینین، هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران، چاپی مۆسکۆ، لا ٨٧ (مام)

١١٤– کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١٠خولی، ٣، کانوونی دووەم ١٩٨٦.

خۆپاراستن لە لادان و سەر لێ شێوان

- ٥ -

لادان بەلای ڕاستدا

لادان بەلای ڕاستدا، لەناو جوڵانەوەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و جوڵانەوەی مارکسیستە لینینیستەکان زیاتر خۆی لە ڕۆیژنیزم (تەحریفیەت) و سەندیکالیزم (نەقابیەت) و ئیکۆنۆمیزم (ئیقتسادیەت)دا خۆی دەنوێنێت. لە کار و ڕەفتار و ڕێبازیشدا دەبێتە وازهێنان لە خەباتی چینایەتی بە شێوە شۆڕشگێڕانەکەی، شێوەی هاندان و مانگرتنی گشتی و ڕاپەڕینی جەماهیری بە گشتی و دەست هەڵگرتن لە شۆڕشی چەکدار بە تایبەتی. لە جیاتی ئەمە پەسندکردنی چالاکی پەرلەمانی و خەباتی ڕۆژنامەگەری و نووسین و دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ بۆرژوازییەکان وەک شێوەی سەرەکی خەبات. ڕەفتار و ڕێباز، کە ئەمەش دەکاتە وازهێنان لە دەسەڵاتداری چەسپاوی هەتا سەر و جێگیری چینی کرێکار و بەلاوەنانی ئەم ڕاستییەی، کە هەموو حوکمێک لە ناوەرۆکیدا دەسەڵاتی چینێکە، واتە دیکتاتۆریەتی چینێکە، جا چ ئەو دیکتاتۆریەتە بە شێوەی پەرلەمانی و ئاسایی ئەنجام بدرێت یان بە زەبر و زەنگ و داپڵۆسین.

ئێمە پێشتر باسی ڕۆیژنیزممان کردووە، بۆیە لێرەدا هەر بەکورتی و پوختی باسی سەندیکالیزم و ئیکۆنۆمیزم دەکەین. ئینجا دێینە سەر شێوە و بابەتە تایبەتییەکانی ولاتی خۆمان لە لادان بەلای ڕاستدا.

ئیکۆنۆمیزم و سەندیکالیزم

ئیکونۆمیزم: تەیارێکی سەر لێشیواوی جوڵانەوەی سۆسیال دیموکراتی(مارکسیستی) ڕوسیا بوو، ئیکۆنۆمیستەکان پێیان وابوو، کە ئەرکی کرێکار هەر خەباتی ئیکۆنۆمیستیە لە پێناوی باشترکردنی هەل و مەرجەکانی کارکردن و زیادکردنی کرێ (الاجور) بە بیانوی

ئەوەی خەباتی سیاسی لە ئەستۆی ئازادیخوازە بۆرژوازیەکانە. هەروەک ئیکۆنۆمیستەکان دەوری پێشڕەوایەتی پارتی چینی کرێکاریان ئینکار دەکرد و پێیان وابوو کە بێگوێدانە تیۆری شۆڕشگێڕانە، حزبی چینی کرێکار هەر دەبێ چاوەدێری گەشەکردنی خۆبەخۆی جوڵانەوەی کرێکاران بکات چونکە گوایە تیۆری شۆڕشگێڕانە لە جوڵانەوەی خۆبەخۆی کرێکارانەوە سەر هەڵدەدات.

سەندیکالیزمیش چالاکی ئیکۆنۆمیستی خەباتی سەندیکا پیشەییەکانە لە پێناوی ئامانجی ئابووری ڕووتدا. واتە ڕێکخستنی زۆربەی کرێکارانە لە سەندیکاکاندا بۆ هەوڵدان لە دژی خاوەن کارەکان و داواکردن لە میری بۆ دانانی هێندێ قانوونی باش بۆ کرێکاران و تا بۆشیان بکرێ چالاکیەکانی سەندیکاکان دەبێ ئاشکرا و قانوونی بێت و خۆشیان دوور بخەنەوە لە چالاکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە. وە لە جوڵانەوەی کرێکاران بگەڕێن تاکو خۆبەخۆ گەشەبکات و هۆشیاری تێدا پەیدا بێت بێ ئەوەی هەوڵی لەگەڵ بدرێت کە لە دەرەوەی خۆیدا ئەوجۆرە هۆشیارییە چینایەتی و شۆڕشگێڕانەیەی بۆ بچێت و بۆ ببرێت.

ئەوەی ڕاست بێ سەندیکالیزم سیاسەت دەکات بەڵام سیاسەتێکی ناشۆڕشگێڕانە و نامارکسیستی، سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن و فریودانی کرێکاران بە بیانووی خەباتی ئابووری بۆ چاکترکردنی ژیانیان تا دوریان بخاتەوە لە چالاکی شۆڕشگێڕانە لە پێناوی ڕزگارکردنیان لە چەوساندنەوە و لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندنی زۆرداری چینایەتی و بڕینی ماکی خوێنمژین و چەوساندنەوە. واتە سیاسەتی سەندیکالی سیاسەتی خزمەتکردنی بۆرژوازیەتە لە جوڵانەوەکەدا. لێرەدا ماوە نییە بە دوور و درێژی باسی هەموو خاسیەتەکانی ئیکۆنۆمیزم بکەین بەڵام لە کەڵک بەدەرنییە، بگرە پێویستیشە هەندێ شتی گرنگی لێبخەینە بەرچاوی خوێندەواری کۆمەڵە، کە لە کوردستانیشدا ڕەنگ دانەوەیان هەیە وەک:

١ – کەمتەرخەمی کردن و بایەخ نەدانی چاک و تەرخان نەکردنی هێز و توانا بۆی، کارکردن لەناو کرێکاراندا لە پێناوی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم و هۆشیاری چینایەتی لە ناویاندا بۆ پەروەردەکردنی کادیری شۆڕشگێڕ و سەرکردایەتی لە ناویاندا. چونکە ئەوجۆرە هۆشیاری چینایەتییە شۆڕشگێڕانەیە و بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم لە خۆیەوە، خۆبەخۆیی لەناو جوڵانەوەی کرێکاراندا پەیدا نابێت و بڵاونابێتەوە سەبارەت بەوەی کە دەردی لینین گوتەنی: (هۆشیاری سۆسیالستی – دیموکراتی لەناو

کرێکاراندا لە خۆیەوە پەیدا نابیت، بەڵکو لە دەرەوی کرێکارانەوە بۆیان دەبرێت). ئەویش چونکە ((چونکە بنەماکانی سۆسیالیزم لە تیۆریە فەلسەفی و مێژوویی و ئابووریەکانەوە هەڵقوڵاوە کە خوێندەوارانی چینە خاوەندارەکان دایان ناوە، ڕۆشنبیرەکان دایان ناوە. دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی هاوچەرخ، مارکس و ئەنگڵز لە ڕووی باری کۆمەڵایەتییەوە ئەچنەوە سەر ڕۆشنبیران هەروەها لە ڕوسیاشدا، کە بیروباوەڕی سۆسیال دیموکرات بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ لە هەڵسانەوەی خۆبەخۆی بزووتنەوەی کرێکارانەوە هەڵقوڵاوە، وەک ئەنجامێکی سروشتی حەتمی گەشەکردنی بیر و مێشکی ڕۆشنبیرە سۆسیالستە شۆڕشگێڕەکان)).[١١٥]

هەربۆیەش پێویستە سەرکردەکان و شۆڕشگێڕە هۆشیارەکان هەول و تەقەلایەکی زۆر بدەن تاکو بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم و شۆڕشگێڕانەی چینایەتی بەرنە ناو کرێکاران و جوڵانەوەی کرێکاری بەو بیروباوەڕە موتوربە بکەن. لەم بابەتەوە ئەنگڵز دەڵێ:

(ئەرکی تایبەتی سەرکردەکان بریتییە لە خۆ پەروەردەکردنی زۆر زیاتر لە هەموو مەسەلە تیوریەکاندا و خۆ ڕزگارکردنی زۆر زیاتر لە کارتێکردنی هەندێک دەق و ڕستەی بەسەرچووی وەرگیراو لە بیروباوەڕە کۆنەکە و ئەوە ڕەچاو بکرێت، کە لەو ڕۆژەی سۆسیالیزم بووە بە زانست پێویستە وەک زانست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. واتە پێویستە لێی بکۆڵدرێتەوە ئەو هۆشیاریەی بەم شێوەیە دەسگیر ئەبێت و زۆرتر ڕوون ئەبێتەوە پێویستە هەمیشە لە ناو جەماوەری کرێکاراندا بە پەرۆشتر بلاوبکرێتەوە، هەروەها پێویستە هەمیشە ڕیزەکانی ڕێکخراوی حزب و ڕێکخراوی سەندیکاکان پتەوتر بکرێت).

ئەوەش هەر بۆ ئەوە نییە، کە لە ڕووی ئابووری و ژیان و گوزەرانەوە هەندێ دەسکەوت بەدەست بهێندرێت بۆ کرێکاران بەڵکو دەردی لینین ئەڵێ:

((سۆسیال – دیموکرات تەنیا سەرکردایەتی خەباتی کرێکار ناکات لە پێناوی هەل و مەرجی چاکتر بۆ فرۆشتنی هێزی کار، بەڵکو لە پێناوی لەناوبردنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەش، کە نەداران ناچار ئەکات خۆیان بفرۆشن بە دەستدارەکان...))هەر بۆیەش ((پێویستە لە سەرمان چالاکانە کاربکەین بۆ پەروەردەکردنی سیاسیانەی چینی کرێکار بە مەبەستی گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیان)).[١١٦]

١١٥- (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا٣٢. (مام)

١١٦- (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا٦٠. (مام)

٢ –گرنگینەدان و گوێنەدان بە خەبات کردن لەناو هەموو کۆمەڵدا، هەموو ئازادیخوازاندا. بە بیانووی خەبات کردن هەر لەناو چینی کرێکاردا، بە بیانووی خەباتی چینایەتی کرێکاران، بە بیانووی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ چینی کرێکار! کە ئەمەش لە ڕاستییدا دەکاتە گوێنەدان و گرنگی نەدان بە هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکار و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لە ناویدا. ئەمەش سەبارەت بەم ڕاستیانەی خوارەوەیە، کە لینین دەریان دەبڕێت: هۆشیاری سیاسی چینایەتی لە دەرەوە نەبێت ناگاتە کرێکار، واتە لە دەری خەباتی ئابووری، لە دەری بازنەی پەیوەندییەکانی نێوان کرێکاران و خاوەن کارەکان، کە گۆڕەپانی پەیوەندییەکانی گشت چین و دەستەکانە بەرامبەر بە دەوڵەت و میری، کە گۆڕەپانی پەیوەندییەکانی گشت چینەکانە لەگەڵ یەکتریدا. بۆ ئەوەی سۆسیال – دیموکراتەکان زانیاری سیاسی بگەیننە کرێکاران، پێویستە لە سەریان تیپەکانی سوپاکەیان بنێرن بۆ گشت لایەک)).[١١٧]

هەروەها لینین ئەمەی خوارەوەش دەکاتە ئەرکی سۆسیال دیموکراتە(مارکسی)ەکان و دەڵێ ((پێویستە لە سەرمان ڕووبکەینە هەموو چینەکانی دانیشتوان، وەک ئەوەی تیۆریی و وەک ئەوەی هەڵگری بیروباوەڕین، وەک ئەوەی هاندەرین و وەک ئەوەی ڕێکخەرین)).[١١٨]

٣ –گوێنەدان و ئینکارکردنی گرنگی و پێویستی هاوکاری کرێکاران لەگەڵ هەموو ئازادیخوازاندا بە ئازادیخوازە بۆرژوازیەکانیشەوە، ئەویش گوایا بە بیانووی بە پەرۆشی بۆ خەباتی چینایەتی کرێکاران وکارکردن هەر لەناو کرێکاراندا. کە لە ڕاستیدا ئەمە نەک هەردەکاتە وەتەق خستنی کرێکاران و لاوازکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و زیان گەیاندن بە خەباتەکەی لە بەرامبەر بۆرژوازی و هێزە کۆنەپەرست و داگیرکەرەکاندا بەڵکو دەگات بە فەوتاندن دانی هێزی کرێکارە هۆشیارەکان لە شەڕێکی سەختی هەمەلایەنە و هەمەجۆردا، کە پێویستی نەک بەهەموو هێزی چینی کرێکار هەیە، بەڵکو بە هەموو هێزەکانی ئازادیخواز و ڕزگاریخواز و دیموکرات و شۆڕشگێڕیش هەیە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە هەر بە ئەندامانی حزبی پێشڕەو خەبات و فیداکارییەکان بکەین نەک بە هێزی هەموو جەماوەر و هەموو کۆمەڵانی خەڵک.

١١٧– (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا٨٤. (مام)

١١٨– (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا٨٧. (مام)

پێشتر باسی کارکردن و هاندان و جۆشدانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلاّنی خەڵک و هەموو توێژە ئازادیخواز و بێزارەکانی ناو کۆمەڵمان کردووە، بۆیە دووپات کردنەوەی پێویست نییە.

بۆیە هەر واباشە لێرەدا باسی هەندێ گۆتەی لینین بکەین دەربارەی گرنگی و پێویستی هاوکاری چینی کرێکار لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەشێ و دەکرێ ببنە دۆست و هاوپەیمان لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا، لەپلەی تایبەتی خەباتە شۆڕشگێڕانەکە خۆیدا. بۆنموونە لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیدا بە دیموکراتی شۆڕشگێڕانە و (دیموکراسی نوێ)شەوە هاوکاری لەگەڵ دیموکراتیە بۆرژوازییەکان و جووتیاران و بۆرژوازی بچوک هەر پێویستە، تەنانەت گەر هەندێ لەو دۆستانەش ڕاڕا و هاوکاریش لەگەڵیان کاتی و ساتی بێت. چونکە وەک لینین دەڵێ: ((نابێت لە پەیمانە کاتیەکان بترسێین، با لەگەڵ کەسانێکیش دابیت متمانەیان پێنەکرێت، تەنیا ئەوانە نەبێت کە بڕوا بەخۆیان ناکەن، هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت بێ ئەمجۆرە پەیمانانە بژی)).[۱۱۹] هەر لەهەمان لاپەڕەدا لینین ئەمەش دەڵێ: ((ئاشکرایە جیابوونەوە بەهۆی ئەوەوە ڕووینەدا کە هاوپەیمانەکان دیموکراتی بۆرژوازین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، نوێنەرانی ئەم ڕێبازەی دوایی هاوپەیمانانی سروشتی شۆسیال – دیموکراتن و ویستراون لەبەر ئەوەی کێشەکە پەیوەندی بە ئەرکە دیموکراتیەکانەوە هەیە، کە بارودۆخەکەی ئێستای ڕوسیا ئەیخاتە ڕیزی یەکەمەوە. بەڵام مەرجی پێویستی ئەم هاوپەیمانییە ئەوەیە، کە ئەبێت سۆسیالستەکان توانای تەواو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بۆ چینی کرێکاری دەربخەن، کە دژایەتییەکی دوژمنکارانە لە نێوان بەرژەوەندیەکانیان و بەرژەوەندیەکانی بۆرژوادا هەیە. هەروەک لینین خۆی گوتویەتی:

((پێویستە لەسەرمان ئەرکی ڕێکخستنی خەباتی سیاسیانەی تێکرایی لە ژێر سەرکردایەتی پارتی خۆمان بخەینە ئەستۆی خۆمان، بەشێوەیەک، کە گشت دەستە ئۆپۆزسیۆنە جیاجیاکان بتوانن یارمەتی پێویست پێشکەش بەم خەبات و بەم حزبە بکەن)).[۱۲۰]

٤ – بە بیانووی ڕێکخراوی پڕۆلیتاری و خەباتی چینایەتی کرێکاران و گوایا لەو ڕێکخراوە کرێکاریەشەوە ڕێکخراوی پێشڕەو، خۆی لەخۆیدا دروست دەبێت، ئینکارکردنی گرنگی و پێویستی دروست کردنی، – ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی پیشەیی – کە لە خوێنەوارە

۱۱۹– (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا۱۸۰. (مام)

۱۲۰ – (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا۹۰. (مام)

شۆڕشگێڕەکان و کرێکارە هۆشیارەکان و هەموو کەسێکی هۆشیار و شۆڕشگێڕی باوەڕکردوو بە مارکسیزم – لینینیزم پێکدێت بێگوێدانە بنجە چینایەتییەکەی. لێرەدا چەند مەسەلەیەک دێتە پێش:

أ – ڕێکخراوی کرێکاران چۆن دەبێ و لەکێ پێکدێ و چی پێدەکرێ؟

ڕێکخراوی کرێکاران بۆ خەباتی ئابووری جیادەبێت لە ڕێکخراوی کرێکاران و شۆڕشگێڕان بۆ خەباتی سیاسی. چونکە دەردی لینین گوتەنی: ((پێویستە ڕێکخراوی کرێکاران یەکەم پیشەیی بێت، دووەم چەند کرا فراوان بێت، سییەم چەند کرا ئاشکرا بیت..)) کەچی ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕان بە شێوەیەکی سەرەکی لەو کەسانە پێکدێت کە چالاکی شۆڕشگێڕانە بۆتە پیشەیان وەک پاشان باسی دەکەین. هەڵوێستی ڕاستیش، هەڵوێستی لینین لەم جۆرە ڕێکخراوەیەی کرێکاران بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئیکۆنۆمیستەکانە کە هەمیشە لە هەڵوێستی مارکسیانەوە هەڵدەخلیسکێن بۆ سەندیکالیزم چ لەڕووی ئەرکە سیاسیەکانەوە بێت یان ئەرکەکانی ڕێکخستن. ئەوە بەلاوە دەنێین، کە خەباتی سۆسیال دیموکرات زۆر فراوانتر و ئاڵۆزترە لە خەباتی ئابووریانەی کرێکاران دژی خاوەن کارەکان و میری. هەروەها (بەپێی ئەمە) پێویستە ڕێکخستنی حزبی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕ بە چەشنێکی تر بێت، جیابێت لە ڕێکخستنی کرێکاران بۆ خەباتی ئابووریانە. هەڵوێستی ڕاستیش لەم جۆرە ڕێکخستنەی کرێکاران ئەمەیە، کە لینین دەیڵێت:

((پێویستەڕێکخراوەکانی کرێکاران، کە تایبەتە بە خەباتی ئابووریانەوە ڕێکخراوی پیشەیی بن و پێویستە لەسەر هەرکرێکارێکی سوسیال دیموکرات بەو پەڕی توانایەوە یارمەتی ئەم ڕێکخراوانە بدات و چالاکانە کاری تێدابکات. ئەمە ڕاستە، بەڵام هەرگیز لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە داوا بکەین ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە پیشەییانە تەنیا لە سۆسیال دیموکراتەکان پێکبێن. چونکە ئەم کارە ئەبێتە مایەی تەسک بوونەوەی کارتێکردنمان لە ناو جــەماوەردا)).[121] بەڵام وەنەبێ هەرئەوەندە کــەڵکیان هەبێت بەڵکــو دەشێ کەڵکی تریشیان هەبێت بۆ هاندانی سیاسی و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە. واتە: ((ڕێکخراوە پیشەییەکان نەک هەر ئەتوانن کەڵکێکی گەورە بە پتەوبوون و گەشەکردنی خەباتی ئــابووریانە پێشــکەش بکــەن، بەڵکــو سەرەڕای ئەمەش ئەتوانن ببن بە فــاکــتەرێکــی

١٢١– (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١١٢. (مام)

یارمەتیدەری گەورەی بایەخدار بۆ هاندانی سیاسی و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە)).[١٢٢]

بەڵام کار و ئەرکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی سیاسی و لەبنەوە هەڵتەکاندنەوەی ڕژێمی زۆرداری و سەرمایەداری و ڕێبەریکردنی شۆڕش هەر بە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانە دەکرێت نەک بە ڕێکخراوی کرێکاران.

ب _ ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕانی پیشەیی لەکێ پێکدێت و بۆچی پێکدێت؟

ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە: ((ڕێکخراوێک پێکهاتبێت لە شۆڕشگێڕە موحتەریفەکان، کە سەرکردە سیاسییە ڕاستەقینەکانی هەموو گەل سەرکردایەتی بکات)).[١٢٣]

ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان، کە بتوانن هێز و توانا و خۆ ڕاگری و بەردەوامی دابین بکەن بۆ خەباتی سیاسی.[١٢٤]

پێویستە لە سەر ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان لە پلەی یەکەمدا و بە شێوەی سەرەکی ئەو کەسانە وەربگرێت، کە پیشەیان چالاکی شۆڕشگێڕانەیە (کەباسی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان ئەکەم، مەبەستم شۆڕشگێڕە سۆسیال دیموکراتەکانە). لە ئاستی ئەم سیفەتە هاوبەشەی نێوان ئەندامانی ئەم جۆرە ڕێکخراوەیە، پێویستە بە تەواوی هەموو جیاوازیەکی نێوان کرێکاران و ڕۆشنبیران نەمێنێت و بسڕێتەوە، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لە نێوان پیشەی ئەوان و ئەماندا هەیە. پێویستە ئەم ڕێکخراوەیە زۆر فراوان نەبێت و تابتوانرێت نهێنی بێت.[١٢٥]

لە سەر سۆسیال دیموکرات پێویستە، لە پێش هەموو شتێکدا بیر لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی لێهاتوو بکاتەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی خەباتی ڕۆژانەی پرۆلیتاریا.[١٢٦] ئەگەر دەستمان کرد بە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی بەهێز و پتەوی شۆڕشگێڕان، ئەوا ئەوسا ئەتوانین بە مسۆگەری هەموو بزووتنەوەکە بچەسپێنین و جێگیر بکەین.[١٢٧]

١٢٢- (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٢٠. (مام)

١٢٣ (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٠٣. (مام)

١٢٤ (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٠٩. (مام)

١٢٥ (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١١٥. (مام)

١٢٦ (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٢١. (مام)

١٢٧ (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٢٣. (مام)

لەمەوە دەرئەکەوێت، کە کارەکە پێویستی بە کۆمیتەیەک هەیە لە شۆڕشگێڕانی موحتەریف، لە کەسانێک کە گەشە بەخۆیان بدەن وەک شۆڕشگێڕێکی موحتەریف، ئیتر دوای ئەمە گرنگ نییە، کە کرێکاربن یان خوێندکار.[١٢٨]

منیش سوورم لەسەر ئەمە و ئەڵێم:

١ – ناکرێت هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خورت لە ئارادا بێت بەبێ ڕێکخراوەیەک، کە لە سەرویەوە دەستەیەکی هەمیشە لە سەرکردەی نەگۆڕ هەبن بەردەوامی و بەڕێوەچوون بپارێزن.

٢ – ئەوەندەی جەماوەرە فراوانەکە خۆبەخۆ ڕائەپەڕن بەرەو خەبات و بناغەی بزووتنەوەکە پێک ئەهێنن و بەشداری تێدا ئەکەن، ئەمەندەش پێویستی بوبێ ڕێکخراوەیەکی لەم چەشنە گرنگتر ئەبێت، کە پێویستە پتە و خورت بێت (ئەگینا بە هەمان ئەندازە ئاسانتر ئەبێت بۆ هەموو دیماگۆگیەک دەستە دواکەوتوەکانی جەماوەر تەفرە بدەن).

٣ – پێویستە ئەم ڕێکخراوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لەوکەسانە پێکبێت، کە چالاکی شۆڕشگێڕانە ئەکەن بە پیشە.

٤ – ئەوەندەی بوار تەسکە لە ولاتێکدا، کە زۆرداری و ستەمکاری باڵی بەسەراکێشاوە ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیەش ئەبێت لەم ئاستەدا بێت، کە نابێت جگە لەو کەسانەی چالاکی شۆڕشگێڕانەیان کردووە بە پیشە بەشداری تێدا بکرێت، ئەوانەی، کە وەک پیشە مەشقیان لەسەر هونەری خەبات کردووە دژی پۆلیسی سیاسی.

٥ – ژمارەی ڕۆڵەکانی چینی کرێکار و چینە کۆمەلایەتییەکانی تر ئەبێت لە پەرەسەندنا بێت، کە ئەتوانن بەشداری لە بزووتنەوەکەدا بکەن، چالاکانە کاری تێدا بکەن)).[١٢٩]

لەوەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لینینیزم بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران ئەم شتانەی خوارەوە بە پێویست دەزانیت:

١ – بوونی دەستەیەکی شارەزا و لێزان و لێهاتووی سەرکردەی نەگۆڕ، کە هەم بۆ پاراستن و هەم بۆ درێژەپێدان و گەشەکردنی ڕێکخراوەکە پێویستن.

٢ – بوونی چەندین دەستە کادیری شۆڕشگێڕ ،کــە پیشەیان هــەر خــەبات و چالاکی

١٢٨– (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٢٦. (مام)

١٢٩– (لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا١٢٨. (مام)

سیاسی شۆڕشگێڕانە بێت تا بڕبڕەی پشتی ڕێکخراوەکە پێکبهێنن.

٣ – ڕێکخراوەکە لە کەسانی شۆڕشگێڕ و نەبەز پێکدێت کە شارەزای شێوەی کاری ڕێکخستن و جۆرەکانی چالاکی سیاسی و ئەتوانێ بەسەر فێڵەکانی پۆلیس و دەزگاکانی جاسوسیدا سەربکەوێ.

٤ – لەو ولاتانەدا کە زوڵم و زۆرداری بەرقەرارە، پێویستە ڕێکخراوەکە کەم و پوخت بێ نەوەکا زۆربێ و بۆربێ، لە کەسانی شۆڕشگێڕی کرێکار و ڕەنجدەر و خوێندەواری شۆڕشگێڕ پێکببێت.

٥ – ڕێکخراوەیەکی وا ئەبێت هەوێن و ڕێبەری جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کرێکاران و ڕەنجدەران و کۆمەڵانی خەڵک بێت. دەبێ نیاز و نەخشەی سەرەکی بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە ڕێبەرایەتی کردنی خەباتی ڕزگاری پڕۆلیتاریا و هەموو خەڵک بێت.

جالێرەدا گەر وردبینەوە دەبینین، کە ئەو دژایەتییەی کەسانی بودەڵە و سەربازی ڕاکردووی چەنەباز و فشەکەرەکانی بە ڕواڵەت چەپی ناو کۆمەڵە دەیانکرد و دەیانواند لەگەڵ سەرکردە نەبەز و ناسراوەکانی کۆمەڵە و (ی. ن. ک) و شۆڕش ڕەنگدانەوەی ئەو دەرد و ڕەوشتە پیسەی دیماگۆگیەتە ئیکۆنۆمیستەکانە لە ناو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕەنجدەرانی خەڵکی کوردستاندا. ئەوانەی ناوخۆشمان هەمان ئەو دیماگۆگیانەن کە لینین بە پیسترین دوژمنی چینی کرێکاریان دەناسێنێت و ئەمەی خوارەوەیان پێدەڵێت:

بێ ماندووبوون ئەیڵیم و ئەیڵێمەوە، کە دیماگۆگیەکان سەرسەختترین دوژمنی چینی کرێکارن.

کوت و مت سەرسەختترین دوژمنی چینی کرێکارن چونکە لە ناو خەڵکیدا ڕەوشت و نەریتی خراپ بڵاو ئەکەنەوە، چونکە کرێکارە دواکەوتووەکان ناتوانن ئەم دوژمنانە بە تەواوی بناسن، کە خۆیان بە دۆستی کرێکاران ئەدەنە قەڵەم، خۆیان بە دڵسۆز ئەدەنە قەڵەم، ئەمانە سەرسەختترین دوژمنن چونکە لە قۆناغی پەرش و بڵاوی و دوودڵیدا، لە قۆناغێکدا، کە هێشتا بزووتنەوەکەمان لە دروست بوونداید، لەوە ئاسانتر نییە، کە لە ڕێگەی دیماگۆگیەتەوە، بە کۆمەڵ کێش بکرێن و ڕاست کردنەوەیان ماندوبوون وچەرمەسەریەکی زۆری بوێت.

جا ئەم دیماگۆگیەتە وا پیس و خراپ بێت هەقە لێی وردبینەوە بزانین چۆن لەوێش، لە ڕوسیاش وەک هینەکەی لای خۆمان لەم شتانەی خوارەوەدا خۆی نواندووە:

دژایەتی کردنی سەرکردە ناسرا و جێگیربووەکان و هەوڵدان بۆ سوککردن و دزێوکردنیان لەلای خەڵکی نەزان و ناهۆشیار و نەفام بە گشتی و لەناو هەڤاڵاندا بە تایبەتی. وە بڵاوکردنەوەی بالۆرەی (پاڵپێوەنانی و وەلانانەوەی کرێکاران لە دەرەوەی خۆیدا) واتە دژایەتی کردنی کادیر و سەرکردە شۆڕشگێڕە خوێندەوار و هۆشیارەکان بە بیانووی ئەوەی کرێکارنین. لینین لە وەڵامی دژایەتی کردنی سەرکردە تاقیکراوە لێهاتووە ناسراوەکاندا نموونەی ئەڵمانەکان بەم جۆرەی خوارەوە دینیتەوە:

((با سەیرێکی ئەڵمانەکان بکەین، بەو هیوایەی لاریتان لەوە نەبێت، کە ڕێکخراو لای ئەوان بریتییە لە کۆمەڵ و هەموو شتێک لای ئەوان بە کۆمەڵ ئەنجام ئەدرێت و بزووتنەوەی کرێکاران فێری پێڕەوکەیی بووە. بەڵام ئەم کۆمەڵە زۆرە چەند بە چاکی ئەو (دەرزەنە) هەڵئەسەنگێنیت لە سەرکردە سیاسییە تاقیکراوەکانی خۆی و چۆن دەستیان پێوە ئەگریت؟ چەندجار نوێنەرانی حزبە نەیارەکان لە پەرلەماندا هەڵسان بۆ هەراسان کردنی سۆسیالستەکان ئەیانووت: ئای چەند دیموکراتیەکی جوانن! بزووتنەوەکەتان بە قسە بزووتنەوەی چینی کرێکارە، بەڵام بە کردەوە هەمیشە هەر هەمان دەستەی سەرکردە دەرکەوتووە کۆنەکەن، بە درێژایی سالاّن و دەیان ساڵ هەر (بێبڵ) ئەبینین نە ئەگۆڕێت و نە لائەچێت، لیبکنخت نە ئەگۆڕێت و نە لائەچێت. ئەو نوێنەرانەی، کە ئەڵێن گوایە هەڵبژێردراوی کرێکارانن لەو فەرمانبەرانە چەسپاوترن، کە ئیمپراتۆر داینناون! بەڵام ئەڵمانەکان بە زەردەخەنەیەکی بە توانجەوە پێشوازیان لەم هەوڵ و تەفرەدانە کرد، کە گەرەکیانە سەرکردەکان بە کۆمەڵ بەربەرەکانی بکەن و غەریزەی خراپی خۆهەڵکێشان لای کۆمەڵانی خەڵک بوروژێنن و بزووتنەوەکە بێبەش بکەن لە پتەوی و قایمی لە ڕێگەی لەقکردنی بڕوای جەماوەر بە دەستە بلیمەتەکە و ئەڵمانەکان لە ئاستێکی گەشەکردووی سیاسی و فیکری ئەوتۆدان، کە تێئەگەن: ناکرێت لە کۆمەلگای ئێستادا هیچ چینێک لە چینەکان بتوانێت خەبات بکات بێ دەستەیەک لە سەرکردە لێهاتووەکان (بلیمەت و لێهاتوو بە سەدان لە دایک نابن)، ئەو تاقیکراوانەی هاوبیر و یەک کەوتوون لە بۆچوونەکاندا، کە گێرمە و کێشە وتاقیکردنەوەی ڕۆژانە قاڵی کردوون.

ئەڵمانەکان لە کۆمەڵگای خۆیاندا چەندین دیماگۆگیان ناسیوە، کە ماستاویان بۆ سەدان گێل ئەکرد و بەرزیان ئەکردنەوە بۆ ئاستی دەستە بلیمەتەکەن ماستاویان بۆ بازووی بە هێزی جەماوەر ئەکرد و هانیان ئەدان و ئەیان وروژاندن (لەسەر ڕێگە و شوێنی

موست و هاسیلمان) بۆ ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕانەی بێسەر و بەر و چاندنی تۆوی گومان لە سەرکردە ڕێک و پێک و نەگۆڕەکان.

سۆسیالیزم لە ئەڵمانیادا ئەم پەرەسەندن و گەشەکردنەی بە خۆیەوە نەئەدی ئەگەر لە ناوەوە خەباتێکی بێباک و لاساری نەکردایە دژی گشت توخمە دیماگۆگیە جیاجیاکان(١٣٠)سەیر ئەوەیە چەپڕەوەکانیش لە دژایەتی کردنی سەرکردە قاڵبووەکان و لێهاتووەکاندا یەکدەگرنەوە لەگەڵ لادەرەکان بەلای ڕاستدا ئەوانیش بە بیانووی دژایەتی جەماوەر لەگەڵ سەرکردەکاندا شتی زۆر حەلەق و مەلەقیان دەربڕیوە. لینین لەسەر ئەوانیش ئەمەی خوارەوە دەڵێ: ((بەڵام کە باس بگاتە ئەو ڕادەیەی کە دیکتاتۆریەتی سەرکردەکان بە ناکۆک دابنرێت لەگەڵ دیکتاتۆریەتی جەماوەر، ئەوا ئەوپەڕی پڕوپوچی و گێلیەتییە و شایستەی پێکەنینە. سەیر ئەوەیە هەرخۆیان هەڵئەستن بە گۆڕینی سەرکردە کۆنەکان کە خاوەنی تێڕوانینێکی مرۆڤانەن لە شتە ساکارەکاندا، بە هەندێک سەرکردەی نوێ لە ژێر پەردەی(پڕوخێ سەرکردەکان)، کە خەریکی هەندێک لێدوانی پڕوپوچ و بێسەر و بەرن)).[١٣١]

ئەنجامی دژایەتی کردنی ئەو سەرکردە لێهاتووە ناسراوە قاڵبووانەش هەرگیزەشێوێنی و تێکدانی ڕیزەکان و بڵاوکردنەوەی بێمتمانەیی و پشێوییە لەناو خەباتگێڕاندا، هەر ئەمەیە، کە لینین دەیڵێ: ((ئەو ئەنجامەی لەم بەربەرەکانیەوە دەست ئەکەوێت بریتییە لە ئینکاری کردنی حزبایەتی و گوێڕایەڵی حزبایەتی، کە ئەمەش ئەکاتە چەککردنی پڕۆلیتاریا چەککردنێکی تەواوەتی بە قازانجی بۆرژوا)).[١٣٢]

ئەوەی ڕاست بێ لە کوردستانی ئێمەدا و لە ناو شۆڕشی ئێمەدا دەکاتە گێڕەشێوێنی لە ڕیزەکانی شۆڕشیش، دەکاتە بڵاوکردنەوەی بێ بڕوایی و نائومێدی و ڕووخاندنی پێشمەرگەش، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین خزمەتە بۆ دوژمنی داگیرکەری ڕەفتار فاشست، کە ئەو خزمەت کردنەش بە دوژمنی ڕەگەزپەرستی فاشیست لە ژێر پەردەی دژایەتی کردنی سەرکردایەتی شۆڕش و ی. ن. ک (بە سەرکردایەتی کۆمەڵەشەوە) تاوانێکی گـەورەیە، بوختانێکی شاخداریشە بە ناوی مارکسیزم – لینینیزم و جـەماوەر و

١٣٠- لینین، ما العمل، چاپی عەرەبی مۆسکۆ، لا،١٣٦. (مام)

١٣١- لینین،مرض الطفولي اليساري في الشيوعية، ص، ٣٠. (مام)

١٣٢- لینین، (لینین،مرض الطفولي اليساري في الشيوعية، ص، ٣١. (مام)

چەپەوە دەکرێ. کە لە ناوەرۆکیشدا لادانێکی سەر لێشێواوانەیە بەلای ڕاستدا. هەروەک هەوڵدانێکی بێسوود و بێ ئەنجام و زیان بەخشیشە بۆ ئەوەی هەندێ خۆ بەزلزانی هیچ لەبارانەبوو، هەندێ هەڵمەتەکاسەی سینگ دەرپەڕێن، هەندێ هاژەهاژکەری نیمچە خوێندەوار، هەندێ کاوێژکەرەوەی گۆتەی پڕوپوچ، خۆیان بخەنە شوێن سەرکردە ژیر و قاڵبووەکان و سەرکردە لێزان و لێوەشاوەکان و سەرکردە بەهۆش و بە تەجروبەکان، کە بە درێژایی چەندین ساڵ گۆی هونەریان لە کۆری خەبات و شۆڕشدا بردۆتەوە.

دوو تێبینی پێویست:

١ – هەندێ شێوەی ئیکۆنۆمیزم لە کوردستاندا بە ڕواڵەت لادانە بەلای چەپدا، بەڵام لە ڕاستیدا، لە ناوەرۆکدا، لادانە بەلای ڕاستدا. لێرەشدا ئەم ڕاستییە دێرینە دووپات دەبێتەوە، کە لادان بەلای چەپدا لادانە بەلای ڕاستدا، هەردووکیان هەر لادانە لە ڕێبازی ڕاست، هەندێ جاریش هەردوولای لادانەکە ئاوێزانی یەکتر دەبن! تێکەڵ بە یەکتر دەبنەوە.

٢ – ئەم سەندیکالیزمەی لێرەدا باسیان کراوە، جیاوازە لەو سەندیکالیزمە چەپڕەوەی لینین بە (ڕۆیژنیزمی چەپڕەوی) دەداتە قەڵەم کە لە هەندێ ولاتی لاتیندا سەری هەڵدابوو. شێوە و بابەتەکانی خۆیی لە لادان بەلای ڕاستدا.

لە کۆمەڵی کوردستانی ئێمەدا، کە هێشتا هەر لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی دایە – با دیموکراتیەکەشی بۆرژوازی کۆنینە نەبێت بەڵکو دیموکراتی نوێ بێت – لادان بەلای ڕاستدا شێوە و بابەتی تایبەتی خۆی هەیە، هی ولاتانی وەک ئێمە و هی ولاتانی خۆمان. دیارە لە ولاتی ئێمەشدا ڕۆیژنیزم بە شێوەی جۆراوجۆر هەر ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لەو سالانەدا کە بالۆرەی (گەشەکردنی نا سەرمایەداری) بە شێوە تەحریفیەکەی گوێچکەی شۆڕشگێڕانی ولاتانی ئاسیا و ئەفریقای کەڕکردبوو. لەو سالانەدا فەرامۆش کردنی دەوری پێشڕەوی و سەرکردایەتی چینی کرێکار و پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەی لە جولانەوەی رزگاری نیشتمانییدا باوبوو، تەنانەت دامەزراندنی سۆسیالیزم بە حزبە نەتەوەپەرستە وردە بۆرژوازییەکان دەسپێردرا هەربۆیەش دەوری تیۆری شۆڕشگێڕانەی ڕەسەن بەلاوە دەندرا تاکو جڵەوی کار بدرێتە دەست تەحریفیەتی سەردەم. جگە لەمە بەناوی کوردایەتی و هاوخەباتی هەموو چینەکان و هاوکاری و یەکێتی هەمووان و ڕیزەکانی گەل دیسان چەندین ڕاستی گرنگ و پێویست فەرامۆش دەکران و دەخرانە پشت گوێ یان دەشێوێندران وەک لە خوارەوە بە کورتی و پوختی باسیان لێدەکەین:

یەکەمین: فەرامۆش کردنی خەباتی چینایەتی و شێواندنی ئەم ڕاستییەی، کە خەباتی ڕزگاری نیشتمانییش لە ناوەرۆکیا هەر چینایەتییە. هەندێک بەناوی یەکێتی گەل و ڕیزەکانی کوردەواری دژی خەباتی چینایەتی دەوەستن. هەندێک بەناوی نەتەوەپەرستیەوە، دژی خەباتی چینایەتین بە بیانووی ئەوەی گوایا خەباتی چینایەتی دەستکردی کۆمۆنیستە ئاژاوەچیەکانە! ئەمانە هەموویان ئەم ڕاستییە دەشێوێنن کە خەباتی چینایەتی خەباتێکی بابەتییە و مێژووکردە و بە ویست و ئارەزووی هیچ کەس و تاقمێک نییە بگرە بە ویستی چینەکان خۆشیان پەیدا نەبووە. بەڵکو لە ئەنجامی جۆر و شێوەی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و جۆری دابەشکردنی سەرمایە و ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان بەسەر هەندێک و بێبەشی زۆربەی خەڵکەکە لێیانەوە، بە هۆی پەیدابوونی مولکداری تایبەتیەوە هاتۆتە کایەوە. بێئەوەی چینەکان خۆشیان دەستیان لە دروست کردن و پەیدابوونیدا هەبوبێت، دیارە چینەکان دەستیان هەیە لە پاراستن و گەشەپێدان و پەرەپێدانی بەڵام چینەکان خۆشیان مێژووکرد و ڕووداو و دیاردەی بابەتی کۆمەڵایەتین.

ناکۆکی نێوان چینەکانیش، دژایەتیان، ململانێیان لەگەڵ یەک و خەباتیان لە دژی یەکتر، هەر بابەتی و مێژوو کردە بەڵام دەوری ئینسان تێیدا بەکارهێنانی ئەم ناکۆکی و خەباتە و شێوەکانیشی لە پێناوی دەسکەوتی خۆیدا، هەرچی زۆردار و چەوسێنەرەکانن، خەباتەکە وا بەڕێوە دەبەن، کە بتوانن درێژە بە دەسەڵات و چەوساندنەوەی خۆیان بدەن و هەر خۆیان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرمایەبن و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری و پۆلیسی و قەزایی وتاد.. هەر لە پێناوی هەمان ئامانجدا بەکار بهێنن.

هەرچی ئینسانە هۆشیار و تێکۆشەرەکانیشن لە پێناوی نەهێشتنی زۆرداری (زۆرداری میللی و چینایەتی) و چەوساندنەوەدا (چەوساندنەوەی میللی و چینایەتی) دەوری سەرەکیان بریتییە لە زانینی ڕاستییەکان و تێگەیشتنی قانوونەکانی بوون و خەباتی چینەکان و قانوونەکانی تری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ئینجا بەکارهێنانی ئەم زانیاری و قانوونە لە پێناوی گۆڕاندنی کۆمەڵدا بە جۆرێک، کە لە ڕەگ و ڕیشەوە، ماکی زۆرداری و چەوساندنەوە نەهێڵیت.

ئەم ڕاستیانەش لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانییدا بەمجۆرە و شێوەی خوارەوە

خۆیان دەنوێنن: کوردستان ولاتێکە داگیر و دابەش کراوە، داگیرکردنی کوردستان بۆ چەوساندنەوەی خەڵکەکەی و تالانکردنی سامانەکەیەتی. داگیرکەران بریتین لە چینە چەوسێنەرەوەکانی نەتەوە کار بەدەستەکانی تورک و عەرەب و فارس. ئەم چینانەش، کە بریتین لە بۆرژوازی کۆمپرادۆر و گەورە و بۆرژوازی بیرۆکراتی مشەخۆر و مولکدارە عەقاریەکانی تورک و عەرەب و فارس، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (کە بریتین لە کرێکاران و ڕەنجدەرانی تری بیروبازوو) وردە بۆرژوازی شاری و جووتیارانی لادێ و بۆرژوازی مام ناوەنجی کوردستان، دەچەوسێننەوە، خوێنیان دەمژن، بەری ڕەنجی هەندێکیان و کەسایەتی هەندێکی تریان دەخۆن و دەگرن، لە بازاری کوردستاندا کالاکانی خۆیان بە نرخی گران دەفرۆشن، کشتوکاڵی (زەراعەتی) کوردستان بە تایبەتی توتن و پەمۆ و گەنم و میوە ...بەنرخی هەرزان تالان دەکەن و ئەوەی تەسنیع دەکرێ بە گرانتر دەفرۆشنەوە، هەروەک سامانی کوردستان بە تایبەتی نەوت و مەعدەنەکانیشی بە تالان دەبەن، بە تەواوی وەک سیاسەتی چەوساندنەوەی ئیستعماریەکان.

بەمجۆرە دەبینین کە چینە چەوسێنەرەکانی بێگانەی داگیرکەر چینی ڕەنجدەر و کاسبکاری خەڵکی کوردستان دەچەوسێننەوە، زۆرداری داگیرکەرانیش هەر بۆ درێژەپێدانی ئەو چەوساندنەوە و تالانکردنی سامانی کوردستان و بەداگیر و دابەشکراوی هێشتنەوەی نیشتمانیی کوردە. خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانیش هەر دژی ئەو چینە چەوسێنەر و داگیرکەرانەیە، کە گرێدراوی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانین بۆیە لەم ڕووەوە دژی ئەوانیشە، بۆ ڕزگاربوونە لە چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستان و تالانکردنی سامانەکانی کوردستان و بۆ لابردنی داگیرکردن و دابەش کردنی کوردستانە. واتە خەباتێکە لە نێوان چینەکانی خەڵکی کوردستان و چینە چەوسێنەرەوە داگیرکەرەکان، واتە خەباتێکی چینایەتییە. هەر بۆیەش خەباتی ڕزگاری نیشتمانیی (کوردستان) خەباتێکی چینایەتییە با لەلایەن چەندین چینی خۆماڵی و چەندین چینی بێگانەی داگیرکەریشەوە بێت.

لێرەدا دوو جۆر هەڵە و لادان دێتە بەرچاو:

١ – لادانی چەپڕەوەکانە، کە دژی کوردایەتی کردنن بە بیانووی ئەوەی کە خەباتی چینایەتی لەخۆیدا دەنوێنیتەوە و لەناو دەبات. گوایا کوردایەتی کردن خەباتی چینایەتی کردن نییە.

٢ – لادانی ڕاستڕەوەکان و نەتەوەپەرستە کورتبینەکان، کە پێیان وایە نابێ باسی خەباتی چینایەتی ناوخۆیی بکرێت بە بیانووی کوردایەتی کردنەوە. هەڵەی گەورەی ئەمانە خۆی لەوەدا دەنوێنێ، کە ناکۆکی ناوخۆیی هی نێوان چینەکانی کوردستان فەرامۆش دەکەن و نەدیتراوی دەگرن وەک لە خوارەوە، لە دووەمیندا ڕوونی دەکەینەوە.

دووەمین: هەڵەی گەورەی دووەم نەزانین و ڕەچاونەکردنی ئەم ڕاستییەیە، کە لەنێوان چینەکانی کۆمەڵی کوردستان، لە چینەکانی خەڵکی کوردستانیشدا ناکۆکی و دژایەتی هەرهەیە. جا نەک هەر نەزانین و ڕەچاونەکردن و کارپێنەکردنی کارێکی نادروست و هەڵەیە، بەڵکو زۆر پێویستە ئەم خەباتە چینایەتییە ڕێبەری بکرێ و بە جۆرێکی ڕاستیش ئاڕاستە بکرێت لە دژی دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە بە چاکیش لە چوارچیوەی خەباتی ڕزگاری نیشتمانییدا جێگەی شایستەی خۆی پێبدرێت چۆن؟ لە کوردستانی ئێمەدا جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی لە ناوەڕۆکیا خەباتی چینە زۆرلێکراوەکانی خەڵکی کوردستانە لە دژی چینە چەوسێنەرەوەکان و خوێنمژەکانی نەتەوەکاربەدەستەکان، دەوڵەتە داگیرکەرەکان. ئەمەیان ڕەوڕەوەیەکە لە دوو ڕەوڕەوەکەی مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، ڕەوڕەوەکەی تریشی خەباتی چینایەتی نێوان کرێکار و ڕەنجدەرانی تره دژی بۆرژوازی بیرۆکراتی بێگانە و بۆرژوازی مشەخۆری خۆماڵی و خەباتی چینایەتی نێوان جووتیاران و ڕەنجدەرانی لادێیە لە دژی دەرەبەگایەتی، بە دەرەبەگەکان و پەیوەندیەکانی خێڵەکی و شوێنەواری دەرەبەگایەتییەوە، بە تایبەتی، کە ئەم دووچینە کوردیە بۆرژوازی مشەخۆر و دەرەبەگەکان بونەتە بەشێک لە دوژمن، لە هێزەکانی دوژمن، لە ڕژێمی داگیرکەر، بۆیە خەباتی چینایەتی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەرانی تر لە دژیان تەنانەت خەباتی ڕوونی چینایەتی خۆشیان لە لایەکی تردە شێوەیەکی خەباتی نیشتمانییش بەخۆیەوە دەگرێت بەو مانایەی، کە دژایەتیکردنی بەشێکی هێزی دوژمن و گۆپاڵەکانی خۆماڵی ناو دەستی داگیرکەرانە. ئەمەیە خاسیەتی بابەتی و خۆیی لە کوردستاندا، کە جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی خەڵکی کوردستان هەم لە ناوەڕۆکیدا خەباتێکی چینایەتییە بە شێوەی نیشتمانیی هەم لە ناوخۆیدا خەباتە چینایەتییەکەی نێوان چینە خۆماڵیەکانیش خەباتێکی چینایەتییە، کە دەبێتە بەشێک لە خەباتی نیشتمانییش.

بۆیە بەشداری کردنی ژیرانە لە گۆڕاندنی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە

کوردستاندا واتە دانەبڕان لە ڕەوتی ژیان و مێژوو، دانەبڕان لە قانوونە بابەتییەکانی هەمیشە لە گەڕدابووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بگرە بە باشی زانین و ژیرانە و وەستایانە بەکارهێنانی ئەم قانوونە بابەتیانە –کە ئەمەش ئەرکی سەرشانی ئینسانە لە خەبات و گەشەکردندا – پێویستیان بەم شتانەی خوارەوە هەیە:

١ – بەشداری چالاکانە و ژیرانە لە خەباتی نیشتمانیی کوردستاندا نەک بەلاوەنانی لە ژێر پەردەی عێراقچیەتی و ئیرانچیەتی و تورکیاچیەتیدا وەک هەندێ چەپڕەو دەیکەن.

٢ – بەشداری چالاکانە و ژیرانە لە خەباتی چینایەتی کرێکاران و جووتیاران و ڕەنجدەرانی شار و لادێدا لە دژی بۆرژوازی مشەخۆر و دەرەبەگایەتی خۆماڵیدا نەک بەلاوەنانی ئەم خەباتە ڕاست و ڕەوا و پێویستە بە بیانووی کوردبوون و یەکێتی هەموو کوردان وەک هەندێ لادەر بەلای ڕاستدا دەیکەن.

٣ – زانین و بەکارهێنانی ئەم ڕاستییەش کە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی خەڵکی کوردستان بۆتە جوڵانەوەیەکی دیموکراتیش واتە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی خەڵکی کوردستانە (کوردایەتی) نوێیە بەم مانایەش، کە دیموکراتیەکە هەرچەندە بەدیهێنانی ئەرکە دێرینەکانی شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوازی دەگرێتەوە، بەڵام ئیمڕۆ – لەم سەردەمەدا – چیدیکە دیموکراتی بورژوازی نەماوە، بەڵکو بۆتە دیموکراتی نوێ (یان دیموکراتی شۆڕشگێڕانە) بە مانا عیلمیەکەی فەرامۆش کردن و بەکارنەهێنانی دەوری چینەکانی کۆمەڵی کوردستانە لە خەباتی ڕزگاری دیموکراتیدا.

سێیەمین: کۆمەڵی کوردستانیش فرەچینە، چینە خوێنمژە زلەکان وەک بۆرژوازی مشەخۆر و دەرەبەگەکان نیشتمان فرۆش و خۆفرۆشن، بونەتە بەشێک لە ڕژێمی داگیرکەر و بونەتە ئالەتی دەستی دوژمن بۆیە خەبات کردن دژی ئەو چینانە هەر لە ڕیسواکردن و ئافەڕۆز کردنیانەوە بگرە تا سەر سزادان و لە ناوبردنیان ئەرکێکی پیرۆزی جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستانە.

کەچی چینی کرێکار چینێکی شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەر و پێشڕەوە لە خەباتی ڕزگاری و دیموکراتی کوردستاندا، بۆیە دەبێ هەوڵ و کۆششی پێویست بدرێت بۆ ئەوەی ئەو توانا و لێوەشاوەییەی هەیەتی بۆ پێشڕەوایەتی ببێتە ڕاستییەکی زیندوو واتە بەکار و کردەوەش ببێتە پێشڕەو. لێرەدا بەهێزکردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە ڕێکخراو و پێشڕەوی سیاسی چینی کرێکارانی کوردستانە و ڕەگ و ڕیشە داکوتانی کۆمەڵە لە ناو

کرێکاراندا و پەلو پۆ هاویشتنی کۆمەڵە لەناو هەموو بەشەکانی بەرهەمهێنانداا مەرجێکی سەرەکی و گرنگی بەدیهێنانی ئەو دەوری پێشڕەوایەتیەی چینی کرێکاری کوردستانە.

هەروەها جووتیارانیش دەوری خۆیان هەیە بۆیە دەبێ هەوڵی پێویست بدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی جووتیاران لە ڕووی چینایەتی و نیشتمانییەوە، پێویستە هەوڵدەین بۆ هاندانی جووتیاران لە دەرەبەگەکانیان و هۆشیارکردنەوەیان بەم ڕاستییە، کە دەرەبەگەکان دوژمنی سەرسەختی جووتیارانن، خوێنمژیانن، ڕێگرانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەرزی و ژیانی کامەرانیانن. ئەم خەباتە چینایەتییەش لە ڕاستیدا ئەهمیەتێکی نیشتمانیی گەورەی هەیە، چونکە دەرەبەگەکان بە ژیاندنەوەی خێڵەکایەتی و پەیوەندیەکانی خێڵەکی بوونەتە هۆی دروست کردنی دەیان هەزار جاش لە جووتیاران. حوکمی داگیرکەری بۆرژوازی عێراقیش بە پێی نەخشەی دێرینی ئیمپریالیزمی بریتانیا دەرەبەگایەتی کردۆتە ئەستوندەیەکی گرنگی هێشتنەوەی دەسەلاتی خۆی لە کوردستاندا.

بۆیە ئیمڕۆ لەم کات و ساتەدا، هەرجۆرە فەرامۆش کردنێکی خەباتی چینایەتی لە ناو جووتیاران و لەناو خێڵەکانی کوردستاندا بە زیان و زەرەری کوردایەتی و شۆڕش و ڕزگاری نیشتمانیی تەواو دەبێت هەربۆیەش هەوڵی بۆرژوازیانە و نەتەوەپەرستانەی تەنگبین بۆ ڕێگەگرتن لە جۆشدانی خەباتی چینایەتی جووتیاران دژی دەرەبەگایەتی لادانێکی، بگرە هەڵدێرانێکی سامناکە بەلای ڕاستدا.

مایەوە زانین و بایەخدان بە ڕۆڵی ڕەنجدەرانی تری بیر و بازوو لە کوردستاندا و هی بۆرژوازی بچوک و ئەو توێژە نابینەی بۆرژوازی نیشتمانیی کوردستان، کە بریتییە لە جووتیارانی دەوڵەمەند و پارێزەر و دکتۆر و موهەندیسە دەوڵەمەندەکان. ڕۆڵی هەریەک لەم توێژ و چینانەش، کە دەشێ و دەبێ شۆڕشگێرانە و نیشتمانپەروەرانەبێ بە تایبەتی لەم کات و ساتەدا، کە دوژمنی داگیرکەر سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و لەناوبردنی کوردەواری و تەعریب کردنی کوردستان و ڕاگوێزتنی دێهاتەکان و سوتاندنی دێیەکان پەیڕەو دەکات.

بەڵام نابێت ماوەی لادان بدرێت بەلای ڕاستدا بەوەی کە پێشڕەوایەتی بدرێت بە ورده بۆرژوازی و نوێنەرە سیاسی و فیکریەکانیان. چونکە نەک هەر بۆرژوازی بگرە ورده بۆرژوازیش سەبارەت بە سروشتی چینایەتی خۆی ناتوانێت ببێتە پێشڕەو.

دیارە لێرەدا ماوەی ئەوە نییە باسی ئەوەبکەین چۆن و بۆچی هەریەک لەم چینانە

ئەوەیە دەوریان لە خەباتی گەلەکەماندا. ئەوی ڕاست بێ لەسەر مەسەلەی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی باس و لێکۆڵینەوەی تایبەتی و تێروتەسەڵ پێویستە بۆیێ هیوادارین کۆمەڵە بەمەش هەڵسێت بەڵام لە دەرفەت و هەلی خۆیدا.

چوارەمین: هەڵەی لادان بەلای ڕاستدا ئەم بالۆرە پوچەیە کە ڕۆیژنیزمی ئەم سەردەمە بۆ حزبە نیشتمانییە وردە بۆرژوازیەکانی لێدەدا ،کە گوایا دەتوانن ببنە پێشڕەوی جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی گەلەکەیان بگرە تا سۆسیالیزمیشی بەرن، وەک ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بۆ حزبی بەعسی لێدەدا لە عێراقدا، کە پاشان بوو بە حزبی مشەخۆر لە جیاتی ئەوەی ببێتە حزبی پڕۆلیتاریای عێراق. واتە دیسان هەر ئەو ڕاستیە دووپات بۆتەوە، کە حزبە نەتەوەپەرستە وردە بۆرژوازیەکان ناتوانن ببنە پێشڕەوی شۆڕش و جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی بەو مانایەی، کە هەموو ئەرکەکانی شۆڕشی ڕزگاری و گۆڕاندنە دیموکراتیەکانی بە ئەنجامی خۆیان بگەینن و شۆڕشەکە بگوازنەوە بۆ قۆناغی سۆسیالیزم بەڵکو ئەو دەوری پێشڕەوایەتییە هەتا سەر و لە تاقیکردنەوە دەرچووەکاندا هەر بە حزبە پێشڕەوە مارکسیزم – لینینیزمەکان کراوە.

بەڵام لێرەدا پێویستە سەرنجێکی دووربینانە و وردبینانە لەم دیاردە زیندووەش بدەین، کە لە هەندێ وڵاتدا جوڵانەوە و شۆڕشی ڕزگاری دیموکراتی بە ڕێبەرایەتی ئەو ڕێکخراو و حزبە شۆڕشگێڕانە بووە، کە سەرکردایەتییەکەیان مارکسیزم – لینینیزم پەسندی کردووە بەڵام خۆیان لە ڕووی پێکهاتنەوە حزبی چینی کرێکاران نەبوون. بۆ نموونە لە لاوس، یەمەنی خواروو، زیمبابۆی، ئەنگۆلا، مۆزامبیق دا (لەکوردستانی ئێمەشدا نموونەی هەیە). ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە ڕێبەرەکان حزبی پڕۆلیتاری کلاسیکی نەبوون، بەڵکو لە ڕووی پێکهاتنەوە دیموکراتی شۆڕشگێڕبوون، کە مارکسیزم – لینینیزمیان پەسند کردووە، یان مارکسیزم – لینینیزمەکان دەوری ڕێبەریان تێدا هەبوو.

بۆ نموونە ڕێکخراوی یەکێتیی نیشتمانیی زیمبابۆی ڕێکخراوێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی جەماهیرییە، کە ڕابەرایەتییەکەی مارکسیزم – لینینیزمیان پەسند کردووە.

حزبی لاوسیش هەر ڕێکخراوێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕە، کە مارکسیزم – لینینیزمی پەسند کردووە.

لە ئەنگۆلا و مۆزامبیقیشدا ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانیان، کە ڕێبەری سەرکەوتوانەی شۆڕشیان کردووە هەر لە ڕووی پێکهاتنیانەوە دیموکرات و شۆڕشگێڕ بوون بەڵام مارکسیزم

– لینینیزمیان پەسند کردووە.

لە کوردستانی ئێمەشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هێزە سەرەکییەکەی پێکهێناوە و توانی کوردایەتی و شۆڕش ببوژێنێتەوە و جۆشداتەوە و تائیمڕۆش و تا ئەم پلەیەش ڕێبەری بکات ئەویش سەبارەت بەمەی کە:

١ – کۆمەڵەی ڕەنجدەران هێزێکی سەرەکی و گرنگ بووە.

٢ – باڵەکانی تریش شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازبوون کە سۆسیالستی میللیان سەلماندووە.

٣ – ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێی تیۆری زانستی مارکسیزم – لینینیزم نەخشەی کێشراوە.

٤ – لێکدانەوەکانی چینەکانی کۆمەڵی کوردستان و سەلماندنی ڕۆڵی چینەکانی و دانانی دروشمەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەبەر تیشکی ئەم تیۆرە زانستیە بووە.

٥ – بۆرژوازی مشەخۆر و دەرەبەگەکان دوژمنی بابەتی شۆڕشەکە و جولاّنەوەکەن.

دیارە هێشتا ماویەتی حوکمی نیهایی لەسەر ئەم تاقیکردنەوانە دەرچێت بە سەرکەوتنی سەدی سەد و هەتا سەری ئەم تاقیکردنەوانە. چونکە گرنگی و بابەتی ئەم تاقیکردنەوەیە هەر بەتەنها لە ڕێبەری کردنی خەبات و شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانییدا نییە بە تەنها بەڵکو ئەوەشە و ڕێبەری کردنی بەدیهێنانی ئەرکە دیموکراتییەکانی شۆڕشەکە و گەیاندنیشیانە بە سۆسیالیزمی ڕاستەقینە. هەر ئەوسا ئەو تاقیکردنەوە بە سەرکەوتنی تەواو و هەتا سەر بەدەست دەهێنێت. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا پێویستە – لەم دیاردە زیندووە گەشەکردوەی ئەو ولاّتانە ورد بینەوە و ناکرێ و ناتواندرێ نادیدەی بگرین و یان وەک هەندێ چەپڕەوی نەفام بە فیزێکەوە فتیان بکەین بەڵکو ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهانی و لە لایەن جولاّنەوەی مارکسیزم – لینینیزمیەوە پەسند کراوە و بە ڕێبەری شۆڕشی ولاّتانی خۆیان قبووڵکراون. وادێ وردە وردە بۆ کوردستانیش ئەم ڕاستیانە دەسەلمێندرێن و هەندێکیشیان سەلماندویانە.

پێنجەمین: هەڵە و لادان بە لای ڕاستدا بریتییە لە فەرامۆش کردنی ڕۆڵی گرنگ و پربایەخی تیۆری شۆڕشگێڕانە، گوێ نەدانە بە تیۆری و خۆپەروەردەنەکردنە پێی، لەکاتێکدا هیچ جولاّنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە سەرناکەوێت چونکە

تیۆری شۆڕشگێڕانە لە سەرێکەوە چرای ڕێگەی خەباتە، ڕوونکەرەوەی ڕێگەی ژیان و شۆڕشە، ڕێبەری کار و کردەوەی ڕاست و ڕەوای کۆمەڵانی خەڵکە. هەروەک تیۆری شۆڕشگێڕانە گەر لەناو خەڵکدا بڵاوبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی پێپەروەردە بکرێت ئەوا هێزێکی گەورەی جەماهیری پێکدێنێت و ئەو هێزە گەورەیەی پێ دەهێندرێتە جۆش و خرۆش هەروەها تیۆری شۆڕشگێڕانە دەتوانێ ڕێنوێنی لێکدانەوە وشیکردنەوەی ڕاست و دروستی ڕووداوەکان و دیاردەکان بێت. دەتوانێ ڕێگەی خەبات و شۆڕشمان بۆ ڕووناک بکاتەوە و دەستی خەباتگێڕان بگرێت و نەهێڵێت توشی سەر لێشێوان و هەڵدێران ببن.

هەر بۆیەش دەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە بکەینە ڕابەر و ڕێنوێنی خەبات و شۆڕشەکەمان و کادیرەکان و خەباتگێڕە چالاکەکانی پێ پەروەردە بکەین، دیارە پێشتریش باسی چۆنیەتی تێگەیشتن و بەکارهێنانی تیۆری شۆڕشگێڕانەمان کردووە بۆیە چیدکەی لەسەر ناڕۆین

شەشەمین: لادان بەلای ڕاستدا بریتییە لە سەر لێشێوان لە ناسین و دەست نیشانکردنی دۆست و دوژمن، هاوپەیمان و ناحەزەکان، ناسین و زانینی ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی ئەساسی و ناکۆکیەکانی تر. دیارە ئەمەش لادانێکی چەند لایەنەیە بەڵام لایەنە ڕاستڕەوەکەی ئەوەبوو، کە لە شۆڕشی کوردستان و جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسی خەڵکی کوردستاندا ڕوویدا و کەتا ئێستاش شوێنەواری هەرماوە، کە لەباتی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێراندا، خۆی بەشای ئیران و ساڤاک و نەخشە و پلانەکانیانەوە بەستەوە، تەنانەت تا ڕادەی ئاشبەتاڵیش دڵسۆزیان بوو.

هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالستەکان و دەوڵەتە پێشکەوتنخوازەکانی گۆڕیەوە بە دەست تێکەڵاوکردن و خۆبەستنەوە بە ئەمریکا و سیا و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی تر‌ەوە. ئەمەیان لە دەرەوەی وڵاتدا لە ناو وڵاتیشدا ژیاندنەوەی دەرەبەگایەتی و خێڵەکایەتی و شێوە کۆنین و دواکەوتەکانی خەباتی چەکدارانە و پشتکردنە کرێکاران و ڕەنجدەران و جووتیاران و بەلاوەنانی شێوەی نوێی شەڕی پێشمەرگانە و قانوونەکانی پشت بەخۆ و بە گەل بەستن و جەنگی گەلی ئەم سەردەمە، شێوەی ئێستەشی دەست تێکەڵاوکردن و خۆبەستنەوەیە بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە دژی خەڵکی ئەوبەشانەی کوردستان و بەلاوەنانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی بەشەکانی تری کوردستان لە پێناوی چەک

و پارە و دەسکەوتی ڕۆژانەی کورت خایەندا، واتە فتکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی بۆ دۆستایەتیەکی کاتی و ساتی لەرزۆک و بێ ئایە ومایە. هەر بۆیەش پێویستە دۆست و هاوپەیمان و ناحەز و دوژمنی ناوەوە و دەرەوەی وڵات زۆر باش بناسین و بە چاکی لەیەکیان جیابکەینەوە، ئەگینا هەر لە گێژاوی سەر لێشێواندا دەخولێینەوە بەرەو ئاشبەتاڵێکی تر بگرە زۆریش خراپتر لە ئاشبەتاڵەکەی پێشوو. زانینی ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی ئەساسی و ناکۆکیەکانی تریش زۆر گرنگە هەم بۆ دیاریکردنی دۆست و هاوپەیمان و ناحەز و دوژمن (کە ئەویش خۆی لە خۆیدا شەرتێکی سەرکەوتنە) و هەم بۆ سازدان و یەکخستنی هێزەکانی کۆمەڵانی خەڵک، بە ڕێگەی ڕاستدا ئاڕاستەکردنی وزە و تواناکانیان لە خەبات و شۆڕشدا. زانینی ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی ئەساسی و ناکۆکیەکانی تری کۆمەڵیش لە هەل و مەرجێکی ئاڵۆز و پڕگرێ و گۆڵی کوردستاندا کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی سەبارەت بە گۆڕان و جێگۆڕکێی ناکۆکیەکانیش، ئەمە زۆریش پێویستە بۆ دانانی نەخشەی ستراتیژی و پلانی ستراتیژی و ڕێبازی ڕاستی سیاسی و پێشمەرگانە.

لە کۆمەڵی کوردستانی داگیر و دابەشکراوی دواکەوتەدا چەندین ناکۆکی گرنگ (سەرەکی – ئەساسی) و چەندین ناکۆکی تریش هەن. یەکێک لەو ناکۆکیە گرنگانە بۆتە ناکۆکی سەرەکی، کە ئەویش ناکۆکی نێوان داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرانیانە لە لایەک وە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی داگیرکراو لە لایەکی ترەوە. چونکە کلیلی کردنەوەی گرێکوێرەی هەموو ئاڵۆزی و پشێوی و ناکۆکیەکانی تر بە دەست ئەم ناکۆکیە گرنگەوەیە. نەناسینی ناکۆکیەکانی سەرەکی و بنەڕەتی و تاد. مرۆڤ دووچاری لادانی شێوە ڕاست و شێوە چەپ دەکات. دوو نموونەی گەورە لێرەدا دێتە بەرچاو:

(١)- لادان بەلای چەپدا بەوەی لە کوردستاندا و لەم قۆناغەی خەباتیدا ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە بەناکۆکی سەرەکی دابنرێت.

ڕاستە لەسەر ئاستی جیهان ئەم ناکۆکیە ناکۆکی سەرەکییە، بەڵام، کە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی یان شۆڕشی دیموکراتی بوو بە (دیموکراتی ئینقلابی و دیموکراتی گەلی و نوێ)شەوە ناکرێ و نابێ ناکۆکی سەرەکی ئەوەی چارەکردنی ئەرکی سەرەکی بێت بۆ خەباتگێڕان بکرێتە ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە چونکە ئەوسا شۆڕش دەبێتە شۆڕشی سۆسیالستی یا خەبات لە پێناوی ڕزگاری و زەویدا، خەباتێکی دیموکراتیە هەروەک خەبات بۆ تێکشکاندنی سەرمایە خەباتێکی سۆسیالستیە. جا کە گوتمان شۆڕشی

دیموکراتی (بەهەرسێ چەشن و ناوەکەیەوە) ئەوا ناکۆکی هەرگیز ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە نابێت.

دیارە ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە باس و وتاری تایبەتی گەرەکە، کە هیوادارین کۆمەڵە پێی هەڵسێت.

(٢) – لادان بەلای ڕاستدا کە ناکۆکی سەرەکی لەوەدا ببینیت کە ناکۆکییە لەگەڵ ئیمپریالیزم ئەمەشیان هەر تێخزانی ناکۆکی سەرەکی ئاستی جیهانە بۆ ناو قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان. واتە هەردوو هەڵە و لادانەکە بەلای ڕاست و چەپدا هەر قۆپیەکردنی دروشمی سەرەکی شۆڕشی سۆسیالستی جیهانە لەناو تاقیکردنەوەی شۆڕشی کوردستاندا، کە هەرچەندە بەشێکە لە شۆڕشی سۆسیالستی جیهان، بەڵام خۆی شۆڕشێکی ڕزگاری و دیموکراتی نوێیە، کە لە ئەنجامدا دەبێتە سۆسیالستی.

هەردوو لادانەکەش لەوەشدا یەک دەگرنەوە کە ناکۆکی سەرەکی نابینن، کە ناکۆکی نێوان داگیرکەران و نۆکەرانیانە لە کوردستاندا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

حەوتەمین: هەڵە و لادانی خۆیی بەلای ڕاستدا کە زۆر زیانی لە جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستان داوە و تا ئێستەش بەدەستیەوە دەناڵێنیت و هەل و دەرفەتی مێژوویی زۆر باشی لە دەست داوە، ئەو لادانەیە، کە خۆی لە سەپاندنی سەرکردایەتی خێڵەکی و ئاینی و وردەبۆرژوازی بۆ (متبرجز – موتەبەرجیز) دەنوێنیت بەسەر حزبەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا. ئەم دیاردەیە لە چەرخی نۆزدەمیندا زۆر سەیر و ناجور نەبوو بەڵکو لە پلەیەکی خەباتی کورددا شتێکی ئاسایی و بابەتی بووە. لە چارەکی یەکەمی چەرخی بیستەمیشدا تاڕادەیەک زەمینەی ئەوە مابوو، هەربۆیەش بنەماڵەکانی بەدرخان پاشا و شێخ سەعید و شەمزینی و جەمیل پاشای دیاربەکر و شێخ مەحموودی حەفید بووبوونە سەرکردایەتی. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی شەشی ڕەشی ئەیلوولەوە لە کوردستانی عێراق (ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرای سلێمانی) گۆڕپانێکی گرنگ ڕوویدا ئەویش گواستنەوەی مەڵبەندی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بوو لە لادێی کوردستانەوە بۆ شار، ئەویش هاتنە کایەی خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و وردە بۆرژوازی شار لە ڕیزی پێشەوەی جوڵانەوەکەدا لەوە بەدواوە ئیتر حزب و ڕێکخراوی کوردی لە جیاتی ئەوەی وەک جاری جاران لەلایەن خانەدان و بنەماڵە خێڵەکی و ئاینیەکانەوە ڕێبەری

بکرێن ئیتر بوونە خاوەنی سەرکردایەتی خوێندەواری وردەبۆرژوازی، وەک حزبی (هیوا) و (ژ . ک) لە کوردستانی عێراق و ئێراندا.

لەکاتی دووەم جەنگی جیهانیدا سەبارەت بە گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواری و هاتنی لەشکری سووری سۆڤیاتی بۆ بەشێکی کوردستان و جۆشدانی خەبات لە دژی فاشیزم بە ڕێبەری یەکێتیی سۆڤیاتی بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزمیش لە کوردستاندا پەرەی سەند و لە ئەنجامدا حزبی شیوعی کوردستانی عێراق (شۆڕش) پێکهات و بە یارمەتی ئەویش حزبی ڕزگاری کورد (ڕزگاری) لە نیشتمانپەروەرانی پێشکەوتنخواز پێکهات.

بەڵام سەپاندنی سەرکردایەتیەکی ئاینی مولکدار (خێڵەکی و ئاینی) بەسەر حزبی دیموکراتی کوردستاندا و سەپاندنی سەرۆکایەتییەکی خێڵەکی لە سێ پیاوی ئاینی – مولکداری کوردا بە سەر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردی عێراقدا سەرەتای پاشەکشەیەکی گەورە بوو(بەرەو دواوە) لە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی کوردستاندا کە لە کوردستانی ئێراندا بووە هۆی بەربەرەکانی نەکردن و بلاوەلێکردنی حزب و کۆماری کوردستان لە بەرامبەر هێرشی ئێراندا لە جیاتی بەربەرەکانی کردن و شەڕی پێشمەرگانە کردن، لە کوردستانی عێراقیشدا بووە هۆی کارەساتە نەنگینەکەی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ و بەفیڕۆدانی بەری ڕەنج و خەبات و خوێن و فرمێسکی دەیان هەزار تێکۆشەر و خەباتگێڕ و شەهیدی کوردستان.

سەرکردایەتی خێڵەکی لە کوردستانی تورکیە و ئێران و لە سوریەشدا دەوریان تەواو بووە و وەک بنەماڵەی سەرکردە لە کایەدا نەماون، بەڵکو ڕۆڵەکانی بنەماڵە سەرکردەکانی دێرینیش ئەوەی خەباتگێڕە وەک ڕۆڵەیەکی دڵسۆز لە کایەدایە بەبێ ئەوەی جڵەوی سەرکردایەتیان بە دەستەوە بێت. بەڵام لە کوردستانی عێراقدا هێشتا سەرکردایەتی (خێڵەکی – بە بۆرژوازی بوو) دەرس و پەندەکانی ئاشبەتاڵیان ئیستیعاب نەکردووە و هەر بە دوای کلاوی بابرودا ڕادەکەن بە نیازی ئەوەی جارێکی تریش جڵەوی سەرکردایەتی جوڵانەوە و شۆڕشی ڕزگاری کوردستان بگرنەوە دەست.

دیارە سەرکردایەتی (خێڵەکی – بە بۆرژوازی بوو) ئەوەی لە باردا نەماوە کەلەم سەردەمەدا، لە کۆتایی چەرخی بیستەمدا لە کاتێک کە خەباتگێڕان لەسەر ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە، یان ناکۆکی نێوان داگیر کەران و کۆمەڵانی خەڵکدا کێشەیانە تازە سەر لەنوێ ببیتەوە بە ڕێبەری جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی گەلی کورد و شۆڕشی

کوردستان، ئیمڕۆ کۆمەڵانی خەڵکی هۆشیار بە سەرکردایەتی وردە بۆرژوازی ڕازی نابن چجای سەرکردایەتی خێڵەکی بە بۆرژوازی بوو. چونکە ئەو جۆرە سەرکردایەتییە خێڵەکی بە بۆرژوازی بووە نەک هەر پێچەوانەی سروشت و گیانی سەردەمەکەمانە، بەڵکو پێچەوانەی سروشت و پێکهاتنی بابەتی و گیانی زیندووی جوڵانەوی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشە. چونکە شتێکی کۆنینەی دواکەوتەیە، شێوەی پاشایەتی کۆن کە پشتاوپشت حوکمڕانینان دەکرد، بەخۆیەوە دەگرێ، چونکە نە لە ڕووی بابەتییەوە نە لە ڕووی زاتیەوە، توانا و شایستەیی سەرکردایەتیان نەماوە.

بەڵام سەیر ئەمەیە کە هەندێ خوێندەواری خۆ بە پێشکەوتنخواز و بگرە خۆ بە مارکسیست لینینیست زانیش ئەم دیاردە کۆنە دواکەوتەیان پەسند کردووە و لە دوایەوە دەڕون.

سەیرتر ئەمەیە کە حزبێکی خۆ بە (شیوعی) زان کە لافی پێشڕەوی پڕۆلیتاریا لێدەدا ئەویش شاباش هەڵدەدا بە سەر ئەو سەرکردایەتییە خێڵەکیە بە بۆرژوازی بووەدا و بە شان و باڵی هەڵدەڵێت لە جیاتی ئەوەی ڕاستییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕوونبکاتەوە، کە ئەمجۆرە سەرکردایەتییە دەور و زەمانی بە سەرچووە و مێژوو گەندەڵی کردووە و بەلایەوە ناوە. تەنها پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی و سات و سەودای دەوڵەتەکان بە کێشەی کوردیانەوە هێشتۆتەوە لە کۆڕەکەدا ئەویش بە نیازی گەمەیەکی تر لە کوردستاندا.

سەیر و عەنتیکەشە کە فس فس پاڵەوانە خائینە دەرکراوەکەی ریزی کۆمەڵە و شۆڕشیش گەرەکیەتی بە یارمەتی و ئێستگەی ئەو جۆرە سەرکردایەتییە خێڵەکییە بە بۆرژوازی بووە، جڵەوی جوڵانەوەی پڕۆلیتاریای کوردستان بگرێتە دەست و ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە چارە بکات لە کوردستاندا. بەڵێ ئەو خائینە ڕەفتار جاسوسە ڕیسوا بوەش، دەیەوێ لە باوەش و بەکلکایەتی کردنی ئەو سەرکردایەتییە خێڵەکیە بە بۆرژوازی بووە کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەڵتەکێنێت و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەناو بەرێت و ئاشبەتاڵ بە شۆڕشەکەمان بکات، تا ڕێگەی ڕاپەڕینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار خۆشکات و شۆڕشی دیموکراتی ئینقلابی لە شارەکاندا بەرپابێت، بە ڕاستی سەرلێشێوان و خۆلێگۆڕان و خلۆربوونەوە لە هەڵدێری هەزار بە هەزار بەرەو چاڵی نەمان و ڕێسوایی یەکجارەکی هەروادەبێت.[١٣٣]

١٣٣- کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١٣ خولی ٣ ، ئایاری ١٩٨٦.

یەکەم سەر وتاری ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ

ڕێبازی نوێش وەک (الشرارة) ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بە زمانی شیرینی کوردی بۆ جەماهیری گەل بڵاوئەبێتەوە. بەنیازی باشتر ڕوونکردنەوەی ڕێگە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە پێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

ڕێبازی نوێ مەشخەڵی ڕێبازێکی نوێیە، کە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان گرتویانەتە بەر شانبەشانی بزووتنەوەکانی ئازادی و ڕزگاری و دیموکراسیی گەلانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و نەتەوەی دۆست و برای عەرەبمان بە تایبەتی، کە لەبەر تیشکیا دوژمنە خوێنینەکانی گەلەکەمان، کە ئیمپریالیزم و چینە مولّکدار و بۆرژوازییە کۆمپرادۆری و بیرۆکراتەکانی گەلانی دەسەلاّتدارن. وە دەرەبەگایەتی و بۆرژوازی سەر بە بێگانەی کوردستانن، بۆ خەڵک ڕیسوا ئەکرێن و دۆست و هاوپەیمانەکانمان دێنە ڕوو، کە بریتین لە کرێکار و جووتیار و ڕەنجدەرانی تر و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووی گەلانی هاونیشتمانییمان. هەروەک لەبەر تیشکیا هێزی سەرەکی شۆڕشەکەمان، کە جووتیارانن و هێزی پێشڕەو، کە چینی کرێکار و هێزە دۆست و سوێند خۆرەکان بە خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ و بۆرژوازی بچوک و سەرمایەداری نیشتمانیپەروەرەوە ئەخرێنە ڕوو تاکو خەباتمان ئاراستەی ڕاپەڕاندن و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنیان بکەین بەسەر ئەم ڕێبازە نوێیەدا، کە بەخوێنی گەشی شەهیدەکانمان مەشخەڵەکەی هەڵکراوە.

ڕێبازی نوێمان ڕیبازی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلەکەمان پشت ئەستوور بە هێزی زۆر و زەبەندی گەلەکەمان و دڵنیا لە هاوخەباتی لەگەڵ هێز و پارتی و تاقمە پێشکەوتووەکانی تری عێراق، کە پێویستە لە بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوودا هەموویان کۆبکرێنەوە، تاکو خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانەوە ڕابەری بکات دژی دیکتاتۆریەتی فاشیسەکانی بەغدا بۆ هێنانە سەرکاری حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات، کە دەستەبەری سەربەستییە

دیموکراتییەکان بێت بۆ گەلی عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عێراق.

ڕێبازی نوێمان ڕێبازی خەباتی بێوچانە دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت و دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستیی خۆماڵی و بێگانە. ڕێبازی هاوکارییە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کوردستان بەرپەرەی پشتیێتی و کوردایەتیی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوو ئەشێ و ئەبێ یەکخەر و بەیەکدی گەیێنەری خەباتیان بێت دژی دوژمنانی هەموو لایەک.

ڕێبازی نوێ ڕێبازی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب و هەموو هاونیشتمانییەکانی عێراقە، ڕێبازی بەگژاچوونی شۆڤینیزم و تاکڕەوی نەتەوایەتییە، ڕێبازی دوژمنایەتی کردنی ئیلحاق و جیابوونەوەخوازییە، ڕێبازی پەروەردەکردنی جەماوەری گەلە بە گیانی هاوەردی و هاوخەباتی و یەکێتیی دەسکەوت و چارەنووس لەگەڵ جەماوەری گەلی عەرەب بە تایبەتی و جەماوەری گەلانی تری ڕۆژهەڵاتەکەمان بەگشتی.

ڕێبازی نوێمان ڕێبازی شۆڕشی نوێی گەلە، کە لە کێوەکانی کوردستانەوە بڵێسەکەی بەرزئەبێتەوە تا مەشخەڵەکەی هەموو عێراق دائەگرێت و پڕیشکەکانی دەشت و دۆڵەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقیش گڕ پێ ئەگرێت و فاشیزمی خوێنڕێژی پێ زیندە بەچاڵ ئەکرێ.

ئەم شۆڕشەی، کە بۆتە شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ و بەشێک لە شۆڕشی سۆسیالستی جیهان، بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکانی و گواستنەوە بۆ قۆناغی سۆسیالیزم، هێنانەدی هەموو ئامانجەکانی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی لە توانادا نییە. بۆیە ڕێبازی نوێمان ڕێبازی شۆڕشی دیموکراتی نوێیە لە سەرانسەری عێراقدا با دەستپێکیشی لە کوردستان بێت.

ڕێبازی نوێ ڕێبازی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکی مێژوویییە، کە بە تاقیکردنەوەی گەلان و خەباتە خوێناوییەکانی خۆشمان ئیسپات کراوە، ئەو ڕاستییەی دووپاتی ئەکاتەوە، کە هەر بە بوونی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە و یەکێتیی نیشتمانیی و هێزی پێشمەرگەی گەل و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی گەلی عەرەب و هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتی لە کوردستاندا ئەتواندرێ گەلەکەمان لە هێرش و شاڵاوی لەناوبردنی نەتەوایەتیی کورد و تیاچووانی کوردستان ڕزگاربکرێت و مافی ڕەوای بە سەربەستی چارەنووسین بە شێوەی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە لە چوارچیوەی کۆماریکی

دیموکراتی عێراقیدا بهێنرێته دی.

ڕێبازی نوێ ڕێبازه دێرینه به ئەنجام گەیێنەرەکەی گەلانی ڕزگار و ئازادی دنیایه، که له ولاتی ئێمەشدا به شێوەی تایبەتی خۆی و هەمان ناوەڕۆکی مێژوویینی خۆی ئەبێ پەیڕەو بکرێ چونکه هەر بەو شەرتەی، که ڕێبازێکی سیاسی و عەسکەریی ڕاستمان هەبێت له شۆڕشدا سەر ئەکەوین.

ڕێبازی نوێ ڕێبازی باوەڕی تەواوه به سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری گەل هەرچەندە خەباتێکی سەختی درێژخایەنی پڕ له کوێرەوەری و فیداکاریشه، ڕێبازی باوەڕی توند و تۆڵە بەو ڕاستییەی، که فاشیستەکان و هاوپەیمانه ئیمپریالیستەکانیان بەگشتی و ئیمپریالیزمی ئەمریکا به تایبەتی شێرە بەفرینەن، به گڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر ئەتوێنەوە. بۆیه پێویستە هەموو هێز و توانامان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی خەباتی جەماوەر بهێنینەوە جۆش و خرۆش و شۆڕشی جەماوەری گەل ببوژێنینەوە بۆ ڕزگارکردنی گەل و نیشتمانەکەمان.

بۆ پێشەوە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری، شانبەشانی هێزە پێشکەوتووەکانی تری عێراق ڕووە و هێنانەدی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان به ڕێبازێکی نوێ ڕێبازی سەربەرزی سەرکەوتن.[١٣٤]

١٣٤- ڕێبازی نوێ، ژمارە یەک، کانوونی دووەم، ساڵی ١٩٧٦. بڕوانە: ڕێبازی نوێ ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ،خولی یەکەم ١٩٧٦، ئامادەکردنی، زیادگەردی، پێشەکی، فەرید ئەسەسەرد، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٣، لا، ٩ – ١٠. (ئامادەکار).

دووەم سەر وتاری ڕێبازی نوێ

دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداربە شێوەی جەنگی پارتیزانی لە زۆر شوێنی کوردستاندا نیشانەیەکی تری ئەو ڕاستییە مێژوویینەیە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێیەوە بۆ دامەزرا، ڕاستیی بوونی بزووتنەوەی مێژووکردی کوردایەتی، کە ناوەرۆکەکەی خەباتی چینە ڕەنجدەر و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانە دژی ئیمپریالیزم و کۆڵونیالیزمی نوێ و چینە مۆڵکدارو بۆرژوازییە کۆمپرادۆر و بۆرژوازییە بیرۆکراتەکانی گەلانی کاربەدەست و دەرەبەگایەتی و بۆرژوازی خۆفرۆشی خۆماڵیش، لە پێناوی دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزمی نوێ و ڕووخاندنی حکومەتە کۆنەپەرست و فاشیستەکانی سوێندخۆر و دۆستیان و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراتی و پێشکەوتووی وا، کە مافە دیموکراتییەکانی گەلان بە مافی ئۆتۆنۆمی کوردستانیشەوە دابین بکات.

کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا خەباتی چینە ڕەنجدەر و نیشتمانپەروەرەکانی گەلەکەمانە دژی کۆڵۆنیالیزمی نوێ و حوکمی فاشستی بەغدا و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری نیشتمان فرۆشی کورد، واتە خەباتێکی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراتییە، دیموکراتییەکی نوێ.

ئەم خەباتە مێژووکردە خەباتی ناوەرۆک چینایەتی و شێوە نیشتمانییە، کە پێویستیەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گەرەکیانە. بۆیە هیچ هێزێ نییە بتوانێ بیفەوتێنێت. هەر بۆیەش نە ڕاکردنە پڕشەرمەزارییەکەی سەرکردایەتی خێڵەکی و ئاشبەتاڵەکەی شۆڕش دوایی پێهینا و نەزەبر و زۆری شەڕی لەناوبردنی حوکمی بەغداش بڕاندییەوە.

کوردایەتی دەستچێنی هیچ پارتی و هیچ سەرکردایەتییەک نەبووە بە پێچەوانەوە، سەرچاوەی هەموو پارتییەکی نیشتمانپەروەر و ڕێکخراوێکی پێشکەوتوو بووە و دروستکەری سەرکردایەتی جۆربەجۆر بووە لە مێژووی خۆیدا. بۆیە بە ڕووخان و بلاوەپێکردنی پارتی و ڕێکخراوە جیاجیاکان، یان کۆڵدان و هەڵاتنی سەرکردە خێڵەکی و بۆرژوازییە بەزیوەکان نەبڕاوەتەوە، بگرە هەڵساوەتەوە و بە شێوەیەکی پێشکەوتووانەتر.

ڕووخانی هیوا لە کوردستانی عێراق پارتیی بەدوادا هات، کە هەنگاوێکی زۆر گەورە و پێشکەوتووانە بوو بۆ پێشەوە. ڕووخانی پارتیش لە لایەن سەرکردایەتییە خێڵەکییەکەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە دوا ڕسکا، کە هەنگاوێکی تری گەورەیە بۆ پێشەوە، ڕووە و ڕێکخستنەوەی هێز و تواناکانی کوردایەتی و خستنەوە گەڕی شۆڕشەکەی. بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەو دەرس و پەندانەی پاشەکەوتی کردوون لە مێژووی ئەو خەباتە پڕ فیداکاری و درێژخایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی، کە سەرکردایەتیی خێڵەکیی بەفیڕۆی دا و کردی بەو کارەساتە بێوێنەیەی مێژوو، کە بەسەر کورد و کوردستانی هێنا و بە خەبات کردن بۆ هێنانەدی مەرجەکانی سەرکەوتنی، کە بریتین لە یەکگرتنی پیل و هێزە نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و دیموکرات و مارکسی – لینینی ناو کوردایەتی لە یەکێتییەکی نیشتمانیی ئەوتۆدا کە ماوەی پێکەوە ژیان و پێکەوە خەبات کردنییان ئەدات و زەمینە خۆش ئەکات بۆ لە دایک بوونی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، بە ڕابەرایەتی کردنی خەباتی کوردایەتی شانبەشانی هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکانی تری عێراق لە پێناوی ڕووخاندنی فاشیزم و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکرات کە دەستەبەری دیموکراسی بێت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق. ئەمە جگە لە شەرتەکانی هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتی لە سەرانسەری کوردستاندا و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزەکانی شۆڕشی سۆسیالستی جیهانیدا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی نەگۆڕی بەو ڕاستییە هەبوو، کە کوردایەتی نەبەزیوو و خەباتەکەی زۆری پێناچی هەڵئەگیرسێتەوە، بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و چەکدار. سەبارەت بەوەی فاشیزم هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نەهێشتبووەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە بۆ کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕە نەبەزەکان و خستنەوە گەڕیان بە شێوەی خەباتی پارتیزانانە (پێشمەرگانە)، کە لە پێشەوە لەتاقمی چەکداری هۆشیار و ئازا و دلێرەوە دەست پێئەکات بۆ ڕاپەڕاندنەوە و هێنانەوە جۆش و خرۆشی جەماوەر بەگشتی و پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان بە تایبەتی، بە ڕێبازی نوێ و سەرکردایەتییەکی پێشکەوتووی نوێ ئەوەبوو توانرا هەر زوو دوای ساڵێک لە ئاشبەتاڵەکەی سەرکردایەتیی خێڵەکی بە شۆڕش و پارتی و پێشمەرگەی کوردستان، چەندین دەستەی چەکداری تێکۆشەر بخرێتە شاخەکانی کوردستان.

لە مایسی ئەم ساڵ لە بادینان چەندین تاقمی شۆڕشگێڕ بە سەرکردایەتی ڕۆڵەی

تێکۆشەر نەقیب ئیبراهیم عەزۆ محەمەد و هاوڕێ تێکۆشەرەکانی: عیزەت ئیسماعیل شەنگاری و قاسم محەمەد عەلی تەلەعفەری و فەیسەڵ کاشان و جەلیل عەبدال شەهباز کەوتنە چالاکی. لە ناوچەی سلێمانیش تێکۆشەرانی کوردایەتی کاک نەجم عەزیزو کاک جەمال عەلی باپیر و هاوڕێکانیان لە لادێ و دەشتەکاندا کەوتنە چالاکی.

لەناوچەی هەولێریش جووتیارانی ناوچەی باڵەکایەتی دلێرانە دژی هێرشی ڕاگواستن و دامرکاندنەوەی فاشیستانە وەستان و دەیان تێکۆشەر دەستیان گەیاندۆتە تفەنگ و دایانە کێوەکان بە سەرکردایەتی مامە شێخە و کاک ئەحمەد نەبی و زۆری پێنەچوو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان کاک عومەر دەبابە و کاک عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید سەعید و کاک تاهیر عەلی والی و کاک سەعدی گچکە و کاک سەیدکاکە و هاوڕێ تێکۆشەرەکانیشیان دایانە شاخ و دەستیان بە خەباتی چەکدارانە کردەوە لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانیدا.

بەمجۆرە ئەمڕۆ لە زۆر شوێنی ولاّتدا خەباتی پێشمەرگانەی چەکدار دەستی پێکردۆتەوە بە هیوای هێنانەوە جۆش و خرۆشی پێشمەرگە نەبەزەکان و ڕۆڵە هۆشیارەکانی گەلەکەمان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە کوردستاندا، بەڵام شۆڕشێکی عێراقی، شۆڕشێکی دیموکراتی دوژمن بە ئیمپریالیزم و فاشیزم و کۆنەپەرستی، کە با بڵێسەکەشی لە لوتکەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بەرزبێتەوە بەڵام مەشخەڵەکەی ئەبێ هەموو عێراق دابگرێتەوە. ئەبێ نەک هەر لە ڕووی سروشت و ئامانجەوە، نەک هەر بە دروشم، بگرە لە ڕووی فراوانی و پەرەسەندنیشەوە، بە کردەوەش بکرێت بە شۆڕشێکی عێراقیی دیموکرات، شۆڕشی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسووری و هەموو هاونیشتمانییەکی دیموکرات و ئازادیخواز.

بۆئەم مەبەستە پیرۆزەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بانگی هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق ئەکات، ئەوانەی لەناو کۆڕی نیشتمانیی عێراقدان، یا لە دەرەوەن، بۆ هاوبەشی و هاوکاری کردن لەم شۆڕشی دیموکراتییەدا، بۆ کردنی بە شۆڕشی گەلی عێراق لە پێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق.

سەرکەوتووبێت شۆڕشە عێراقییە دیموکراتەکەمان.[١٣٥]

١٣٥- بڕوانە: ڕێبازی نوێ ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ،خولی یەکەم ١٩٧٦، ئامادەکردنی، زیادگەردی، پێشەکی، فەرید ئەسەسەرد، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٣، لا، ٢٣ -٢٥. (ئامادەکار).

باری ئێستای خەباتمان

تێبینی: ئەمە ڕاپۆرتێکە یەکێک لە هەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بارەی باری ئێستای خەباتمانەوە پێشکەش بە یەکێ لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دامەزرێنەری کردووە.

دەستەی دامەزرێنەر دوای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بڕیاریدا بڵاوبکرێتەوە، ئەو بەشانەی نەبێ، کە جارێ بەهۆی پاراستنی نهێنییەکانی ڕێکخستن و کاری سیاسی و پێشمەرگەیی ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان نادا.

بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە هەندێ لایەنی گرنگی ڕێبازی نوێی خەباتی گەلەکەمان لە باری سەرنجی یەکێتییەکەمانەوە ڕوون ئەکاتەوە. هیوادارین هەڤاڵانی یەکێتیی و تێکۆشەرانی تری کوردستان بەشداری بکەن لە لێدوان و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لێگرتنیا بەتایبەتی بە نووسین چ بۆ ڕێکخراوەکانی یەکێتیی، چ بۆ ئۆرگانەکانی (الشرارة) و (ڕێبازی نوێ). [١٣٦].

هەڤاڵانی تێکۆشەر!

بەگەرمی بەخێرهاتنتان ئەکەم، هیوام وایە ئەم کۆبوونەوە گرنگەمان سەرکەوێت لە بەجێهێنانی فرمانەکانیا، لە چاکتر ڕوونکردنەوەی ڕێبازی یەکێتییەکەماندا و دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ کردنیان و گەلاڵەکردنی پڕۆژەی پڕۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ بۆ یەکێتییەکەمان، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی هاتوونەتە ڕێگەمان.

١ – دامەزراندن و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بە هۆیەکی گرنگی هەڵساندنەوە و بوژاندنەوەی کوردایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی ولاّتدا، هەروەک

١٣٦ – نامیلکەیەک بە ناونیشانی (باری ئێستای خەباتمان) ڕاپۆرتێکە مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی دامەزرێنەردا خوێندییەوە، پاش هەڵسەنگاندن وهەندێ ئاڵوگۆڕی کەم بڵاوکرایەوە. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ – دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق، ١٩٧٥ – ١٩٧٨، بەرلین، بێ سالّی چاپ، لا، ٧٣. (ئامادەکار).

هاوبەشیەکی دیاریش بوو لە خستنە گەڕی بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتووی عێراقدا. مایەی شانازییە کە لە ماوەیەکی کەمدا وە لە دوای هەرەسهێنانی ڕابەرایەتی خێڵەکی دواکەوتوو. وە دواهێنان بەو شۆڕشەی گەلەکەمان چواردەساڵ بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبوردن و کوێرەوەرییەوە، بەخوێن و فرمێسک فرچکیدا، مایەی شانازییە، کە لە دوای بەزین و ڕاکردنی ڕابەرایەتی خێلەکی لە کۆڕی تێکۆشان و لە کوردستان، بە کوێرایی چاوی دوژمنان و بە پێچەوانەی پرۆپاگەندە ژەهراوییەکانی ئیمپریالیزم و فاشستەکان، ڕۆڵە تێکۆشەرە نەبەزەکانی گەلەکەمان دەست بخەنەوە ناو دەستی یەکتر و قۆڵ و بازووی جوامێری و دلێری لێهەڵماڵنەوە و دەست بکەنەوە بە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ڕاستکردنەوەی باری کوردایەتی و باشتر هۆشیارکردنەوەی جەماوەری گەل و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی تێکۆشەرەکان و سازدانەوەیان بۆ درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە بە باوەڕێکی نەگۆڕ و تووندوتۆڵەوە بە هێزی زۆر و زەبەندی گەلەکەمان و بە ڕێبازی شۆڕشگێڕی جەماوەریدا شانبەشانی هێزە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی تری گەلی عێراق لە پێناوی هێنانەدی دروشمە مێژوویییەکەی شۆڕشی کوردستاندا، دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. بێئەوەی شکان و بەزینی ڕابەرایەتی خێڵەکی و کارەساتی دواهێنان بە شۆڕشی کوردستان و سەرکەوتنی موەقەتی دوژمن توانیبێتی کار بکاتە سەر وڕە و باوەڕیان بە گەل و مافە ڕەواکانی، بە خەبات و پێویستی درێژەپێدانی تا سەرکەوتن بەدەست دێنن.

ئەمەش بووە هۆی ژیاندنەوەی هیوای گەلەکەمان بە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی، بە هەڵساندنەوە و بوژاندنەوەی وڕە و زاتی جەماوەری گەلەکەمان و خۆ گرتنەوەی کوردایەتی، بە جۆرێکی، کە لە شەوەزەنگی حوکمی شومی فاشی کاربەدەستانی بەغدا بەسەر کوردستاندا هیوایەک، کە لە دامەزران و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیدا بوو وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی نیشتماندا ئەدرەوشێتەوە,

٢ – دامەزراندن و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو پرۆپاگەندە ژەهراوییەی تاقمە فاشیستە تکریتییەکەی بەغدا بەدرۆ ئەخاتەوە، کە گەرەکیەتی کوردایەتی و شۆڕشەکەی بە دەستنێژ و دەستکردی بێگانە بداتە قەڵەم. ئەم ڕاستییە گەورەیە لە ژێر پەردەی ڕەشی بوختان و درۆ و دەڵەسەکانیاندا بشارنەوە کە: کوردایەتی – بزووتنەوەی مێژووکردی ڕزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستانە. نۆبەرەی خەباتی

چینایەتی گەلی کوردستانە دژی ئیمپریالیستەکان و هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان کە نوێنەری مولْکدار و بۆرجوازییە کۆمپرادۆر و بیرۆکراتەکانی دەوڵەتەکانی ئەو ولاتانەی کوردستانیان بەسەرا دابەش کراوە. واتە کوردایەتی تەییاری گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا ئەنوێنی، هەروەک شۆڕشەکەشی ڕاپەڕین و تەقینەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلە بەگشتی وەهی جەماوەری ڕەنجدەرە بە تایبەتی لە ڕووی ئیمپریالیزم و حوکمەتە زۆردارەکان و دەرەبەگایەتییدا. بۆ سەندنەوەی مافی ڕەوای سەربەستی چارەی خۆنووسین. و ڕزگارکردنی نیشتمان لە ئیمپریالیزم و ئازادکردنی جەماوەری گەل لە دەرەبەگایەتی و حوکمی کۆنەپەرستانەی چینە مولْکدار و بۆرجوازییە کۆمپرادۆر و بیرۆکراتەکانی نەتەوە دەسەلاتدارەکان، کە ڕەنجدەرانی گەلەکانی خۆیان و گەلەکەی ئێمەش ئەچەوسێننەوە و یەخسیر ئەکەن.

بۆیە بزووتنەوەی کوردایەتی و شۆڕشەکەی دەستنێژ و دەستکردی هیچ هێزێکی بێگانە و هیچ تاقمێکی خۆمالّیش نین تا بەوازهێنانی ئەوان کوردایەتی و شۆڕشەکەی هەرەسی یەکجارەکی بهێنن. بە پێچەوانەوە، دەست کێشانەوەی هێزە ئیمپریالیست وبێگانەکان لە کوردایەتی خۆی لەخۆیا سەرکەوتنێکی گەورەیە هەرچەندە بووە هۆی هەرەسهێنانی ڕابەرایەتی خێڵەکی و دواهێنانی موەقەتی شۆڕشی کوردستانیش.

دەست بڕینی نەک کێشانەوەی ئیمپریالیستەکان بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و بێگانە و کۆنەپەرستەکان بە تایبەتی ڕژێمی کۆنەپەرست و دوژمن بەکوردی تاران، یەکێکە لە ئامانجەکانی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانی کوردستان، کە بە لێکدانەوەی زانستی و بە تاقیکردنەوەی ئەمجارەش بۆیان ڕوون بۆتەوە، کە ئەمانە دوژمنی کورد و کوردستانن و نیازیان یاریکردنە بە کوردایەتی و بەکارهێنانی زۆلّانەی مەسەلەی کوردە دژی گەلی کورد بۆ ئامانجە گلّاوەکانی خۆیان. تەنانەت هەرەسهێنانی ڕابەرایەتی خێڵەکی (هەرچەندە بووە هۆی دامرکاندنەوەیەکی موەقەتی شۆڕشی کوردستان) بەلّام لە ڕووی ستراتیجی و سەرەتاییەوە دەرگاش بە کراوەیی بەجێ ئەهێڵێت بۆ بوژاندنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕێک و پێک و هێنانەوەی کوردایەتی بۆ سەر ڕێبازی ڕاست و هاتنەوە کایەی هێزی دیموکرات و پێشکەوتوو و پێشڕەوی کوردستانیش. واتە کارەساتەکە ئەشێ ئاوەژوو بکرێتەوە و بیکەین بە سەرەتای گۆڕاندنێکی نەوعی لە کوردایەتییدا ڕووە و ڕزگارکردنی یەکجارەکی کوردایەتی لە داو و ئاینوئۆینەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان

و ڕابەرایەتی خێڵەکی دواکەوتوو. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە لە خەباتی پیرۆزیدا.

جا دامەزراندن و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریخست کە خۆهاویشتنە باوەشی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و کۆنەپەرستانی ئیرانی، فاشیستەکانی بەغدا ڕزگار ناکات لە زەبر و زەنگی کوردایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕەکانی کوردستان پەکناخات. بە پێچەوانەوە زۆرتر هانیان ئەدات بۆ درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ئەو فاشیستانەی، کە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان هەموو جۆرە نیشتمان فرۆشییەک و هاوکارییەک لەگەڵ ئیمپریالیزم حەلاّل ئەکەن.

پەیدابوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جارێکی تردەریئەخاتەوە، کە فاشیستەکانی بەغدا هەرچەندە خۆیان نزیک بکەنەوە لە ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستانی ئیران، تەنانەت ئەگەر سەریش کەون لە ڕاگرتن و تەراندنی ڕابەرایەتی خێڵەکی و هەڵئەنگوتنی کوردایەتییدا ناتوانن گیانی شۆڕشگێڕی و ویستی نەگۆڕی تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی بمرێنن بە هاوکاری لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ئیرانی، بگرە زیاتر پاڵیان پێوە ئەنێن بەرەو خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەرەو فیداکاری و خۆبەخت کردن بۆ ڕووخاندنی حوکمی فاشیستەکان و هێنانەدی ئامانجەکانی کورد و عەرەب لە عێراقدا.

باهەر خۆیان بخەنە باوەشی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە، باهەر دەست بکەنە ملی کۆنەپەرستانی ئیرانییەوە، باهەر ڕابەرایەتی خێڵەکی ناچارکەن بەهۆی ئیمپریالیزم و ئیرانەوە، کە دەستەوستان لە کۆڕی تێکۆشاندا دابمێنێت. بەڵام تێکۆشەرانی گەلەکەمان ئەمجارە، باشتر، ژیرانەتر، هۆشیارانەتر، بەڕێگەی ڕاست و دروستدا دێنەوە کۆڕی خەبات و بەربەرەکانی کردنی پیلانە گڵاوەکانیان. بۆیە دامەزراندن و کەوتنەگەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خوێنێکی گەشی نوێی لە لەشی کوردایەتیدا گێڕا. ڕێبازی بەرەو سەرکەوتن بردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلی کوردی شانبەشانی هێزە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی تری عێراق و بەهاوکاری لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی گەلانی عەرەب و ڕۆژهەلاّت و دنیای بۆ کوردایەتی ڕوونتر کردەوە، تاکو بیخاتە سەری. بەمەش کوردایەتی هەنگاوی یەکەم ئەهاوێژیت بەرەو سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزم و کاربەدەستانی فاشیستی بەغدا و هاوپەیمانە ئیرانییە خوێنڕێژەکانی گەلەکەماندا، بەرەو گەیشتنە ئامانجە پیرۆزەکانیان، بە تایبەتی دوای ڕێسوابوونی حوکمی فاشیستی بەغدا

پاش ئەو نیشتمان فرۆشیەی خۆی، کە ئەو ڕابەرایەتی خێڵەکی پێ ئیتیهام ئەکرد، کە هاوکاری و خۆفڕێدانە باوەشی ئەمریکا و ئیرانە.

٣ – پەیدابوون و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە هۆی زیندە بەچاڵکردنی هیوای ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و فاشیستەکانی بەغدا و شۆڤینییەکانی تارانی، کە کوردایەتی دابمرکێتەوە و شۆڕشی کوردستان بکوژێتەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە پێی نەخشەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕۆژهەلاّت بە پێی دەسکەوتەکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستی، ئەمانە بەخەیاڵی خاوی خۆیان وایانزانی، کە بە فریودان و ڕاکردنی ڕابەرایەتی خێڵەکی کوردایەتی و بە ڕاکردنی ئەم ڕابەرایەتییە لە خەبات و ناچارکردنی بە دواهێنان بە شۆڕش ئیتر کوردستان ئارام ئەبێتەوە و دەوڵەتەکانی عێراق و ئیران و تورکیەش بۆخۆیان بێخەم سەرئەنێنەوە و ئیتر (ئاژاوە و گێچەڵ) لەو ناوچە گرنگەی ڕۆژهەلاّتدا (کوردستان) نامێنێ.

بەڵێ ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و کۆنەپەرستانی ئیرانی توانیان ڕابەرایەتی خێڵەکی کورد فریو بدەن، توانیان ئەم ڕابەرایەتیە والێبکەن شۆڕشی کوردستان بوەستێنێت و دەیان هەزار پێشمەرگەی دڵسۆز ناچار بکات بەسەرکزی بگەڕێنەوە بۆ شوێن و کاری پێشوویان یان بخرێنە تەلبەندەکانی ئیران و خواروی عێراقەوە. بەڵام بەمە نەکوردایەتی دوایی هات ونە خەباتی شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی کوردایەتی وەستا. بگرە ئەم کوردایەتی و خەباتە لە لایەکی ترەوە، بە شێوەیەکی هۆشیارانەتر و ژیرانەتر و شۆڕشگێڕانەتر هەلیدایەوە، ئەویش بە هۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بە جۆرێک، کە ئەم کوردایەتییە نەک جڵەوەکەی لە دەستی ئەوان و دۆستەکانیدا نەماوە، بگرە بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دوژمن بەوان و هاوپەیمانەکانیشیانەوە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕیسوابوونی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و کاربەدەستانی ئیران وەک دوژمنی خوێنەخۆری کورد و کوردستان، ئەو پەنگەی ئەوان بە کوردایەتی و ڕابەرایەتی خێڵەکی کوردیاندا بوونە هۆیەکی گرنگی گێڕانەوەی کوردایەتی لە ڕووی (مەوزوعیەوە) بۆ شوێنی تەبیعی خۆی لە بەرەی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی گەلانی ڕۆژهەلاّتدا، بۆ ئەوەی لەسەر بنجی خۆی بڕوێتەوە وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاری و دیموکراتی گەلێکی زۆرلێکراو و بەشخوراو. وەک بزووتنەوەیەکی دوژمن بە ئیمپریالیزم و شۆڤینیەتی و حوکمی چینە مولکدار و بۆرجوازی کۆمپرادۆر و بیرۆکراتی گەلانی کاربەدەست و دەرەبەگایەتی و

بۆرجوازی کۆمپرادۆری خۆماڵی.

٤ – پەیدابوون و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە هۆی ئەوەی، کە:

أ – لە لایەکەوە دەرس و پەندە هەڵهێنجراوەکان لە گوڵاوی خوێن و فرمێسکی شۆڕشە بەفیرۆ لە دەست دراوەکەی کوردستان کۆبکرێنەوە و بخرێنە بەرچاوی تێکۆشەرانی کوردستان. ئەمانەی، کە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەم شێوەی خوارەوە کورت کراوەتەوە:

(کە بۆرجوازی بیرۆکراتی عێراقی، کە سروشتی شۆڤینییە ناتوانێت مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی ڕەوا چارەسەر بکات. هەر وەک و ئەو ڕووداوانەی بە دوایشیا هاتن بێ کارەیی ڕابەرایەتی خێڵەکی و بۆرجوازی ڕاستڕەوی سەوداکەر و ژێر کەوتنیان دووبارە کردەوە لە ڕابەریکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردا. وە دیسانەوە ئیسپاتیان کردەوە، کە داو و دەزگا ئیمپریالیستەکان لە سەرو هەموویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و کۆنەپەرستانی داگیرکەری خاکی کوردستان لە پێش هەموویانەوە حکومەتی ئیران، دوژمنی خوێنەخۆڕی گەلی کورد و هەموو گەلانی تری ناوچەکەن، چەند هونەر بنوێنن لە فێڵ و فەرەج و چەواشەکرندا، چەند وریابن لە پیلانگێڕان و یاری دیبلۆماسیدا و هەرچی جلێکی ڕەنگا و ڕەنگ بپۆشن، جگە لە دیلایەتی و بێبەشکردنی لە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی هیچی تری بۆ ناخوازن نامەردی و بەدفەڕی نەبێت هیچی تریان لە دڵدا نییە بەرامبەری).

ب – لە لایەکی تریەوە، کە ڕێگەی ڕزگاری و وەدەستهێنانی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی ڕێگەی (کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری جۆشدراو لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا لە بەرەیەکی یەکگرتووی تێکۆشەرانەدا ڕێگەمانە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراتی ئیئتیلافی) بۆ جەماوەری گەل ڕوون بکرێتەوە تاکو دووریان بخەینەوە لە کوێرەوەری تاکڕەوی نەتەوایەتی و پشت بەستن بە بێگانە و خۆبەستنەوە بە پاشکۆی بێگانەوە. تەنانەت ئەگەر ئەم بێگانەیە دۆست یان پێشکەوتووش بێت، ئەمە لە کاتێکدا بێگانەکەی ڕابەرایەتی خێڵەکی کوردایەتی خۆی پێوە گرێدابوو ئیمپریالیست و خوێنمژ و دوژمن بە کوردبوو.

لێرەدا پێویستە مەسەلەی پشت بەخۆبەستن بە شێوەی ڕاست بخەینەوە یاد.

سەرەتای پشت بەخۆبەستن سەرەتایەکی ڕاست و پیرۆزە بۆیە ئەبێ هەمیشە لە یادمان بێت و هەردەم پەیڕەوی بکەین. ئەم سەرەتایە مانای ئەوەیە، کە ئێمە سیاسەتی خۆمان بە گوێرەی لێکدانەوە و وەزعی ولاّتی خۆمان و هێز و توانای خۆمان و دوژمن نەخشە بکێشین. مانای ئەوەیە، کە پیلان و نەخشەکانی خۆمان بەپێی توانا و دەسەلاّتی خۆمان و گەلەکەمان دابنێین. مانای ئەوەیە، کە ئێمە گەلی خۆمان بە سەرچاوەی هێز و توانای بنچینەیی خۆمان بزانین، هەروەک مانای ئەوەیە، کە مێشک و هۆشیاری و لێزانینی خۆمان بەکاربهێنین بۆ لێکۆڵینەوەی وەزع و زروفی ولاّتی خۆمان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بزووتنەوەکەمان.

بەڵام سەرەتای پشت بەخۆ بەستن مانای گۆشەگیری و تاکڕەوی نەتەوایەتی و خۆدابڕین لە گەلان و هاوپەیمانی پێشکەوتووی دراوسێ و دنیا نییە، بە پێچەوانەوە مانای دروستکردنی چاکترین و ڕاست ترین و بەهێزترین شێوەی هاوپەیمانی و هاوکارییە لە گەڵیاندا.

سەرەتای پشت بەخۆبەستن مانای دەست بە خەبات کردنە بە پێی توانای خۆمان و گەلەکەمان و پێ ڕاکێشانە بەقەد بەڕەی خۆمان. مانای خۆگوشینەوە و خۆهاندانە بۆ زۆرتر و چاکتر بیرکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست و دروست بۆ گیروگرفتە تایبەتێکانی خۆمان، بۆ زۆرتر و پتر خۆماندوکردن و فیداکاری کردن و خۆبەخت کردن لە پێناوی هێنانە دی ئامانجەکانی خۆماندا. واتە چاکتر کەڵک لە هێز و توانای خۆ وەرگرتن، باشتر خۆ ڕێکخستن و خۆ هێنانە جۆش و خرۆش.

بێگومان ئەمە مانای ئەوەش نییە کە بە تەمای یارمەتی دەرەوە بین، بگرە ئەبێ ئەم ڕاستیەش بزانین کە ئەمڕۆ خەباتی گەلان توند پێکەوە بەستراوە، دوژمنانی گەلان ئیمپریالیست و خوێنمژ و زۆردارەکان توند کلکیان لەگەڵ یەک گرێداوە بۆیە ئەبێ گەلانیش هاوخەباتی و هاوئامانجی و هاوەردی خۆیان لە هاریکاریکردنی یەکتری و ئالوگۆڕکردنی کۆمەک و یارمەتیدا بنوێنن. بەڵام ئەبێ پلانی بنچینەیی و نەخشەی سەرەکی خۆمان بە پێی توانا و دەسەلاّتی خۆمان بکێشین. لە هەمان کاتدا هەرچی پێویستە بیکەین بۆ پتەوکردنی هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی دراوسێ و جیهاندا.

پشت بەخۆبەستن دیسان بە پێچەوانەی یەکێتیی تێکۆشان و ئالوگۆڕکردنی یارمەتی نییە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عێراقدا، مانای کەڵک وەرگرتنە لەو ڕاستیەی،

کە یەکێتیی تێکۆشان و هاوخەباتی و هاودەرد و دوژمنی لە گەڵیاندا. ئالوگۆڕکردنی یارمەتی لە نێوانیاندا شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی هەمووانە. هەروەها لەگەڵ توند خۆبەستنەوە بە سەرەتای پشت بەخۆبەستن و دەست پێوەگرتنیەوە لەسەرمان پێویستە، کە جغزێ بکێشین لە نێوان خۆبەستنەوە بە دەوڵەتە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانەوە و هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکان، کە ئەمانە لە جەوهەریاندا دوژمنی گەلەکەمانن، لەگەڵ هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق و عەرەب و ڕۆژهەڵات و دنیا. لێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین، کە پاشماوەی ڕابەرایەتی خێڵەکی بەزیو لە کۆڕی خەباتدا. بۆ پاکانەکردن بۆ پاشەڵ پیسی خۆی، ڕامانکێشی بۆ گۆشەگیری و تاکڕەوی نەتەوایەتی بە بیانووی پەلاماردانی پشت بە خەڵک بەستنەوە. چونکە پشت بەخۆبەستن بە تەواوی ئەگونجێت لەگەڵ هاوخەباتی و هاوکاری و ئالوگۆڕکردنی یارمەتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی گەلانی دراوسێ و جیهاندا.

جا دوای وەرگرتنی ئەم پەند و دەرسە بەنرخانە و ڕوونکردنەوەی ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدەکۆشیت بۆ چاکتر ڕوونکردنەوەی ڕێگەی ڕزگاریش. واتە بۆ هێنانەدی شەرت و مەرجەکانی سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیریمان.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم، کە سەرنجتان بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشم کە سەبارەت بە داگیر و دابەشکرانی کوردستان لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا وە سەبارەت بە یەکێتیی دەسکەوتی هەموو گەلی کوردستان لە لایەک و یەکیەتی ئامانجی داگیرکەرانەی دەوڵەتەکانیش لە لایەکی تردەوە، وەزعی کوردایەتی وایلێهات، کە هەر سێ شەرتەکەی قانوونە ناوداراە شۆڕشگێڕیەکەی بەس نەبێت. واتە هەرچەندە ئەم سێ شەرتە زۆر زۆر پێویست و بەکەڵکن بەڵام دوو شەرتی تریشیان ئەچێتە سەر وەک لە خوارەوە باسیان ئەکەین:

قانوونە شۆڕشگێڕە ناسراوەکە پێویستەکانی سەرکەوتنی خەباتی گەلان پوختە ئەکاتەوە بە:

١ – بوونی پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ.

٢ – بوونی یەکگرتنێکی نیشتمانیی، کە هێزی زۆر و زەبەندی گەل بە هەر چوار چینە نیشتمانییەکەیەوە کۆبکاتەوە، واتە بە کرێکار و جووتیار و وردە بۆرجوازی و بۆرجوازی

نیشتمانپەروەرەوە.

٣ – بوونی هێزی چەکداری گەل، کە کورد پێی ئەڵێ هێزی پێشمەرگە.

ئەمانە بە گشتی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراسی هەموو گەلانی ژێر دەستەی دنیای سێیەم پێویستن بەڵام بۆ کوردستانی ئێمە دوو شەرتی زۆر گرنگی تریشیان ئەچێتە سەر:

١ – یەکیەتی تێکۆشانە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ئەو گەلەی یان ئەوگەلانەی بەشی داپڕاوی گەلەکەمان لەناو یەک دەوڵەتدا لە گەڵیان ئەژی. واتە بۆ ئێمە لە عێراقدا یەکێتی تێکۆشان لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق زۆر زۆر پێویستە وە شەرتێکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتییە. ئەمە لە دوایدا باشتر باسی ئەکەین.

٢ – هاوخەباتییە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. ئەمەش بێگومان بە ڕەچاوکردنی وەزعی تایبەتی هەر پارچەیە، بە ڕەچاوکردنی سەرەتاکانی سەربەخۆیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هاوکاری هەڤالانە و ئالوگۆڕکردنی یارمەتی لە نێوانیاندا نەک بە شێوەی نۆکەری و بەدواکەوتن و لە دووڕۆیشتنی کوێرانە وەک ڕابەرایەتی خێڵەکی سەپاندبووی بەسەر زۆربەی ڕێکخراوەکانی کوردستاندا، نەک لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی دەسکەوتی یەکلا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دڵ ئارەزووی ئەمەیە، کە بەهێزترین پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی کوردستاندا. تاکو بیروڕا و یارمەتیان لەگەڵدا ئالوگۆڕ بکات. وە بۆ ئەوەی باسی مەسەلەی گشتی و ئەو ڕووداوە گرنگانە بکەین پێکەوە، کە چارەی گەلەکەمانی پێ ئەنووسرێتەوە.

ئێمە پڕ بەدڵ حەز بە هاوخەباتی و هاریکاری یەکتری کردن ئەکەین لەگەڵ هەموو پارتی و تاقمە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو و دیموکراتییەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەوەندەی ئەکرێ هەڵوێست یەکخەین و چارەی ڕاست بدۆزینەوە بۆ گیروگرفتەکانی نەتەوایەتی و هەرێمیش. بەڵام ئێمە بە تۆندی دژی بیروباوەڕی کوێخایەتی کردنین بەسەر پارچەکانی کوردستاندا. پێویستە بە تەواوی پارتی و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە کۆت و زنجیرەکانی شوێنڕەوی و خۆ بە کوردستانی عێراقەوە بەستن بە گشتی و لە بەدواکەوتنی کوێرانەی ڕابەرایەتی خێڵەکی بە تایبەتی ڕزگارکەین. پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەم پارتی و تاقمانە لەسەر بناغەی هەڤالایەتی و سەربەستی بیرکردنەوە و سەربەخۆیی ڕێکخستن و ئالوگۆڕکردنی یارمەتی بێت. بۆ مەسەلەی گشتی نەتەوایەتی و شێوەی پەیوەندی لە

نێوان پارتی و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا. پێویستە هەموو لایەک بەشداری بکەین لە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و بیروڕا دەربڕین بە سەربەستی تاکو بە ڕەئی هەموو لایەک بگەینە ئەنجامی پێویست.

لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانەشدا ئێمە باوەڕی تەواومان وایە، کە پێویستە بایەخێکی تایبەتی بە کوردستانی تورکیا، ئینجا کوردستانی ئیران بدرێت. سەبارەت بە ئەهمیەتی گەورەیان لە بوژاندنەوەی کوردایەتی و یەکخستنی هەوڵ و تەقەللای دەوڵەتەکانیان دژی کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا. پێویستە ئەو ڕاستییە باش بزانین، کە بەبێ بوژانەوە و گەشەپێکردنی کوردایەتی لەسەر ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی تورکیا و لە کوردستانی ئیراندا. مەسەلەی سەندنەوەی مافی سەربەستی چارەنووسی نەتەوەی کورد زۆرتر دوا ئەکەوێت، کوردستانی عێراقیش هەمیشە لە ژێر مەترسی هاوکاری ئیران و عێراق و تورکیەدا ئەبێت. جگە لەمە هاوخەباتی بەشەکانی کوردایەتی لە پارچەکانی کوردستاندا بەلای ئێمەوە ئەهمیەتێکی مێژوویی تریشی هەیە، کە بریتییە لە یەکخستنی خەباتی گەلانی ڕۆژهەلآت دژی دوژمنە گەورەکانمان، کە ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆریەکانن. چونکە ئەمڕۆ دوای دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزم لە هیند و چیندا وەپاش هەرەسهێنانی ڕژیمی ئیمپریالستی لە زۆر ولآتی ئاسیا و ئەفریقا دا سەبارەت بە سامانی نەوتی و ناوچەی ستراتیجی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست ئیمپریالیستەکان چاوی تەماح و چلێسی خۆیان بڕیوەتە ڕۆژهەلآتەکەی ئێمە و گەرەکیانە هەتا بۆیان بلوێت گەلانمان بچەوسێننەوە و سامانی ولآتەکانمان بە تایبەتی نەوت بە تالآن بەرن.

ئیمپریالیستەکان هەرچەندە لە ناوخۆیاندا ناکۆکن بەلآم هەر هەوڵی یەکخستنی کۆشش و تەقەللای خۆیان ئەدەن دژی گەلانی ڕۆژهەلآتەکەمان، بۆیە سەبارەت بە یەکێتیی دەسکەوت و ئامانجی گەلەکانمان پێویستە خەباتی گەلانی هەرێمەکەمان بە جۆرێک یەکخەین کە پیلان و نەخشەکانیان پەکبخەین.

لەم مەیدانەدا کوردایەتی شۆڕشگێڕانەی دوژمن بە ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت و کۆنەپەرستی و دیکتاتۆریەت ئەتوانی شەرەفی یەکخستنی خەباتی گەلەکانمان و چاکتر بەیەکەوە گرێدانیان بۆخۆی وەربگرێت، بە یەکێتیی تێکۆشانی لەگەڵ گەلانی ئیران و عەرەب و تورکیا لە لایەک و یەکێتیی خەباتی پارچەکانی کوردایەتیش لەناو خۆیاندا لە لایەکی تردە.

بەجۆرێک کە کوردایەتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا ئەتوانێ بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتەکەمان پێکەوە گرێ بدات و ببێتە هۆ و ڕێگەی پێکگەیشتن و هاوخەباتییان. ئەمەش نەک هەر شەرەفێکی گەورەی مێژوویی بۆ گەلەکەمان بەڵکو چاکترین شێوەی تۆڵە سەندنەوەشە لەو دەوڵەتە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستانەی کوردستانیان داگیر و دابەشکردووە.

دیارە ئەم شەرەفە مێژوویی نرخی خۆیشی گەرەکە. واتە زۆرتر چالاکی و پتر هۆشیاری و زۆرتر فیداکاری لە ئێمەوە پێویستن بۆ وەدەستهێنانی ئەم شەرەفە مێژوویی. هەروەک پێویستە هەمیشە یەکێتیی تێکۆشانی خۆمان لەگەڵ گەلانی عەرەب و تورک و فارس و ئازەر و گەلانی تری ڕۆژهەلاتدا بەهێز بکەین و چاکترین شێوەی پەیوەندی ببەستین لەگەڵ هێزە دیموکرات و پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکانیاندا.

٥ – دامەزراندن و کەوتنە گەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری خۆیشی کردە سەر بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیموکراتی عێراق. ڕووخانی ڕابەرایەتی خێڵەکی و ڕاکردنی لە کۆڕی خەباتدا و دواهێنانی بە شۆڕشی کوردستان، حوکمی فاشیستی بەغدای زاڵترکرد بەسەر بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیموکراتی عێراقدا. داو دەزگای حوکمی فاشیستی بەغدا کەوتنە پڕۆپاگەندە کردن بۆ (حوکمی لە ڕووخاندن نەهاتوو)یان، بە هیوای بلاوکردنەوەی گیانی ناهومێدی و هێنانە خواری وەرەی تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی عێراق. بەڵام پەیدابوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەر لەنوێ بەرزکردنەوەی بانگی برایەتی و یەکێتی تێکۆشانی کورد و عەرەب لە لایەن یەکێتییەکەمانەوە، بوونەوە هۆی بەرزبوونەوەی وەرەی جەماوەری گەلی عێراق و پەیدابوونەوەی هیوای هەڵساندنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتووی کورد و عەرەب، کە دەمێ ساڵە، ڕابەرایەتی خێڵەکی و حوکمی شۆڤینی بەغدا بە ڕەفتار و کردەوەی نەتەوەپەرستانەی کوێرانە و خۆبەستنەوە بە ئیمپریالیزم و بێگانە کۆنەپەرستەکانەوە و پشت بە بێگانەی کۆنەپەرست بەستنەوە بۆ چارەسەرکردنی گیر و گرفتەکانی خۆیان، زۆر کز و بێهێزیان کردبوو. جا ژیاندنەوە و هەڵکردنەوەی دروشمی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە لایەک و ئەو پێشوازییە گەرمەی هێزە پێشکەوتووەکانی عەرەبی عێراق هێندێ هێزی پێشکەوتووی عەرەب لە یەکێتییەکەمان و ڕێبازەکەیان لەلایەکی ترەوە بوونە هۆی بەگەڕخستنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقیش. وە

هەوڵدانیان بۆ چاکتر کۆکردنەوە و باشتر خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەو حوکمە فاشیستەی باڵی ڕەشی بەسەرتاسەری عێراقدا (بەکوردستانیشەوە) کێشاوە و هەموو گەلی عێراقی لە هەموو مافە دیموکراتی و نەتەوایەتێکانی بێبەش کردووە و سەدان ڕۆڵەی تێکۆشەری عێراقی لەناوبردووە و سەدانی تر لە زیندانە تاریکەکانیا ئەڕزێنێ. هەروەک عێراقیشی داپڕیوە لە کاروانی ڕزگاری عەرەب و بۆتە هۆی ڕێخۆشکردن بۆ تێپەڕاندنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت بەسەر نەتەوەی عەرەبدا.

پەیدابوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنەوەی چالاکی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی هاندەر و پاڵ پێوەنەر بوو بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیموکراتی عێراقیش. هەروەک پێشوازی و هاوکاری کردن و یارمەتی دانی (مادی و مەعنەوی) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن برا بەعسیە چەپەکان و ناسڕیەکان و بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی و مارکسیە لینینیە تێکۆشەرەکانەوە بوونە هۆی ئاسان کردن و چاکتر ماوە پێدانمان بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردایەتی لە ژێر ئالای یەکێتییەکەماندا، ئەمەش یارمەتییەکی زۆر گرنگ بوو، کە لە ڕۆژی تەنگانەدا لە لایەن برا عەرەبەکانمانەوە پێمان گەیشت. ئەم ئالوگۆڕ کردنەوەی یارمەتی و هاوکاری لە نێوانماندا نەک هەر ڕاستی و پێویستی دروشمی برایەتی و یەکێتی تێکۆشانی کورد و عەرەبمان بۆ دووپات ئەکاتەوە، بەڵکو دیسان دەری ئەبڕێتەوە، کە برایەتی کورد و عەرەب زۆر بەهێزتر لەوەی ئیمپریالیست و فاشیستەکان و ڕابەرایەتی خێڵەکی بتوانن لەناوی بەرن یان پەکی بخەن.

یارمەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی (چەپ) و ناسڕیەکان و بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی و مارکسیە لینینیەکان بۆ ئێمە، بۆتە هۆیەکی گرنگ لە زوو خۆگرتنەوە و خێرا هێز کۆکردنەوە و وەرە بەرزکردنەوە و بەگەڕهێنانەوەی کوردایەتی وە ئەمەش یارمەتییەکی لەبیر نەچووە بۆ تێکۆشەرانی کوردایەتی، بە جۆرێک، کە ئەبێ هاندەرێکی تریش بێت لە بەهێز کردنی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب و ژیرانە ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانە شان بە شانی هێزە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی عەرەب لە عێراقدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیموکراتی عێراق، کە کوردایەتی باڵی دووەمیەتی، بەڵام خاوەنی ئەهمیەتێکی تایبەتی و کاریگەرە لەم قۆناغەیدا.

بەم بۆنەیەوە ئیجازەتان لێ ئەخوازم، کە بەناوی ئێوەوە، بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، سوپاسی گەرمی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەو هاوپەیمان و هەڤاڵ و دۆستانە بکەین، کە دەستی یارمەتی و هاریکارییان بۆ درێژ کردین لە لێقەوماندا، پەیمانیان لەگەڵ نوێ بکەینەوە، کە تاسەر، تا گەیشتن بە عێراقێکی دیموکرات و ڕزگار و هێنانە دی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، شانبەشانیان خەبات بکەین وە تادێ برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کورد و عەرەب پتەوتر بکەین. بێگومان هیچ خۆهەڵکێشانی تێدانییە، کە پەیدابوون و کەوتنەگەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەورێکی باشی هەبووە لە هاندانی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقدا بە گشتی و لە (التجمع الوطني العراقي)دا بەتایبەتی بۆ خۆکۆکردنەوە و خۆسازدانەوە و تێهەڵچوونەوە لە خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی کاریگەردا لە دژی حوکمی فاشیستی و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و کۆنەپەرستی ئیرانی. لامولیە ئەم ڕاستییەش ئەوەندە دیار و ئاشکرایە، کە هەموو لایەک بەچاوی خۆیان ئەیبینن وە هەموو دڵسۆزانیش بایەخی پێویستی خۆی ئەدەنێ.

هەڤاڵانی تێکۆشەر!

لەمەی ڕابوورد بۆمان دەرئەکەوێت، کە پەیدابوون و کەوتنەگەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چ کارێکی گرنگی کرد و چ دەورێکی بایەخداری بووە لە خۆگرتنەوە و هەڵسانەوە و بوژانەوەی کوردایەتیدا بە تایبەتی و لە خستنەگەڕی بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیموکراتی عێراقیشدا بە گشتی. بەڵام ئەمە هەمووی بە هەموو گرنگی و بایەخی زۆری خۆیەوە، هەر زەمینە خۆشکردنە، هەر سەرەتای دەست پێکردنە بۆ ئەو فرمانە گرنگە مێژوویییەی بەرەنگارمان ئەبێت و ئەبێ خۆمانی بۆ تەرخان بکەین، کە ئەویش بوژاندنەوەی شۆڕشە لە کوردستاندا بۆ جێبەجێ کردنی دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

جاچۆن ئەم فرمانەمان جێبەجێ ئەکەین؟ لە کوێوە دەست پێ ئەکەین؟ بەچی دەست پێ ئەکەین؟

بێگومان هەموو ئەیزانین، کە یەکێتییەکەمان خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری یەکگرتوو لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق لە بەرەیەکی نیشتمانیی تێکۆشەرانەدا بە ڕێگەی ڕزگار کردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت و هێنانە سەرکاری حوکمی حکومەتێکی

دیموکراتی ئیئتیلافی دائەنێت، تا لەم ڕێگەیەوە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان بینیتە دی. کەواتە هێنانە جۆش و خرۆشی ئەم خەباتە جەماهیریە شۆڕشگێڕانەیە (کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتییە) و بەستنەوەی بە خەباتی هێزە پێشکەوتووەکانی تری عێراقەوە لەناو بەرەیەکی نیشتمانیی تێکۆشەرانەدا، بە ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ئەزانین. بۆیە ئێمە بەشی خۆمان و لەلای خۆمانەوە، فرمانەکەمان هێنانەوە جۆش و خرۆشی کوردایەتییە بە جۆرێکی شۆڕشگێڕانە و بە ڕێبازی خەباتی جەماهیریدا، کە بریتییە لە هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و خستنەگەڕی جەماهیری گەل تا پشت بە هیزی زۆر و زەبەندی گەل و بە هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانمان، لە ژێر ئالای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەڕابەری پێشڕەوی ڕاستەقینە ڕێگەی دوور و درێژی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی و دیموکراسی ببڕین. بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە، کە ئێمە ئەبێ خۆمان ببەستینەوە بە ڕێگەی خەباتی سیاسی تاکو پارتی پێشڕەو دێتەدی و بەرەی نیشتمانیی تێکۆشەرانە پەیدا ئەبێت. ئینجا دەست بکەین بە خەباتی چەکدارانە؟ یان یەکسەر دەست بکەینەوە بە خەباتی چەکدارانە؟

بەلای منەوە پێویستە ئەم ڕاستییە بخەینەوە یاد، کە چ پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە و چ بەرەی نیشتمانیی تێکۆشەرانە هەر تەنیا لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری گەلدا پەیدا ئەبن و دێنە کایەوە. بۆیە لە زروفی ئێستەی ئێمەدا خەباتی چەکدارانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و ژیرانە وە دوای خۆ بۆسازدان و خۆ ئامادەکردن بۆی ئەبێتە هۆی لە دایک بوونی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە لە کۆڕی خەباتدا. هەروەک بەرەی نیشتمانیی تێکۆشەرانە بەوجوود ئەهێنێت، کە هەردووکیان شەرتی بنچینەیین بۆ بڕینی قۆناغی دوور و درێژی شۆڕشی دیموکراسی و گەیاندنی بە ئامانجی سەرکەوتووی خۆی.

بۆیە دەست پێکردنەوەمان ئەبێ دەستکردن بێت بە بەهێزکردنی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شانبەشانی خۆسازدان و ئامادەکردن بۆ دەست کردنەوە بە شەڕی پێشمەرگانە بەو شێوەیەی، کە پاشان باسی ئەکەین. بێ ئەم خەباتە نە ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی بەهێزتر ئەبێت و نە خۆشی پێ ئەگیرێت لە بەرامبەر شالاوی هێرشی فاشیستەکانی بەغدا و نە پارتی پێشڕەویش وەلادەت ئەکات بەڵکو لەبار ئەبرێت تەنانەت ئەگەر (نەواتێکی) باشیشی بۆ دروست بکرێت.

لە ولاّتی ئێمەدا خەباتی چەکدارانەی جەماهیری ئەو مامانەیە، کە لە باوەشیا پارتی پێشڕەو لەدایک ئەبێت، چونکە ئەمڕۆ (شێوەی سەرەکی خەباتی مومکینە) لە ولاّتی ئێمەدا، ئەو ولاّتەی، کە تاچەند مانگێک مەڵبەندی شۆڕشێکی زۆر گەورە و فراوانی ئەوتۆ بوو کە نەک بەشکان و ڕووخانی خۆی لەناوچوو، بەڵکو بە ڕاکردن و وازهێنانی ڕابەرایەتییە خێڵەکییەکەی، بە فیتی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانی ئیران و ئاینوئۆینی نۆکەران و دۆستەکانیان بلاّوەی پێکراوە، لە کاتێکدا جەماوەری پێشمەرگە و کۆمەلاّنی خەڵک زۆر بەگەرمی لایەنگری درێژەدان بوون بە شۆڕش و ئێستەش هەر بەهیوای ژیاندنەوەی شۆڕشن ئەمە خاسیەتێکی گرنگی تایبەتی ولاّتی ئێمەیە، کە ئەبێ بە وردی ڕەچاوی بکەین و هەرگیز لە بیری نەکەین. واتە ئامادەبوونی جەماهیری بۆ شۆڕش هەڵگیرساندن هەر زۆرە.

خاسیەتی دووەم: ئەوەیە، کە هەموو شەرتە مەوزوعییەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش لە کوردستاندا هەن. دوژمن تا دێت بە ڕەفتاری فاشیستانەی خۆی، بە درێژەدانی دڕندانە و بێ شەرم و پەردەی خۆی بە سیاسەتی بە زۆر بە عەرەبکردنی ناوچە ستراییجی و نەوتییەکانی کوردستان، بە زۆر ڕاگوێزتنی دەیان هەزار کورد لە ماڵ و لادێ و شوێنی هەزارسالّەی باوک و باپیرانیان، تا دێت کۆمەلاّنی خەڵک توڕەتر و بێزارتر ئەکەن، هەرتەنیا ڕێگەی خەباتی چەکدارانە بۆ جەماوەر ئەهێڵنەوە بێئەوەی تەنانەت بۆ (تەنفیس) و خەڵک فریودانیش ماوەی چالاکیەکی سیاسی بە نۆکەرانی سەر بە خۆشیان بدەن.

خاسیەتی سێیەم: ئەوەیە کە لە کوردستاندا ڕێکخراو و ڕێکخستن هەیە، کۆمەڵ کۆمەڵی بچوکی تێکۆشەران سەریان پێکەوە ناوە و خەریکی خۆئامادەکردن و خۆسازدانەوەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی ولاّت ڕێکخستنی هەیە و (جەو) یش بە چاکی ئامادەیە بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی.

خاسیەتی چوارەم: ئەوەیە کە چەندین هێز و تاقمی پێشکەوتووی عەرەبی و عێراقی هەن ئامادەن بەشداربن لەو خەباتە چەکدارانەیەدا. وە ئەوەندەی لە دەستیان دێت یارمەتی بۆ پەیدا بکەن. کە ئەمەش لە ڕووی (نەوعی)یەتەوە و لە ڕووی سیاسی و دەنگدانەوە و ناو و ناتۆرەوە زۆر کاریگەر ئەبێت، لە دوایدا لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی خەباتی چەکدارانەدا لە کوردستان دەور و ئەهمیەت و تەئسیریان زۆر زۆرتر زیاد ئەبێت. ئەم چوار خاسیەتەی لە ولاّتی ئێمەدا هەن وامان تێئەگەینیت کە ئەو خەباتە چەکدارانەی ئێمە

داوای ئەکەین وەک مەسەلەی (البؤرة الثورية)کەی لەمەڕ ئەمریکای لاتینی نییە، بگرە زۆرتر لە وەزعێکی وەک کامبۆدیا و لاووس و یەمەنی خواروو ئەچێت، هەتا تەنانەت وەزعێکی وەک جەزایر و هەندێ ولاتی تری ئەفریقاییش.

بۆیە لەبەر تیشکی ئەم ڕاستیانە و بە هەڵسەنگاندنی توانای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئامادەیی چەندین پارتی و تاقمی عێراقی بۆ بەشداری کردن لە گەڵمان لە خەباتی چەکدارانەدا بە ڕەچاوکردنی ئاسۆی ئەرخەوانی گەشەکردنی خەباتی چەکدارانە لە ولاتدا ئەتوانین بڵێین، کە ئەم خەباتە چەکدارانەیە ئەمڕۆ تاکە ڕێگەی ڕزگاری گەلەکەمانە لەو شالاوی هێرشی فاشیستانەی شەڕی تەفر و تونا کردنی بە خشکەیی و هێمنی، کە کاربەدەستانی بەغدا دەستیان داوەتێ، هەروەک تاکە ڕێگەشە بۆ بوژاندنەوەی کوردایەتی و پەیدابوونی پارتی پێشڕەو، بۆ بوژاندنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی گەلی عێراق و پەیدابوونی بەرەی نیشتمانیی تێکۆشەرانەی پێویستیش.

هەڤالانی تێکۆشەر!

بۆ چاکتر ڕوون بوونەوەی ڕێبازی یەکێتییەکەمان و بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانمان، بۆ دیارکردن و ڕاستکردنەوەی تەکتیک و ڕێوشوێنەکانی دایئەنێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرک و فرمانەکانمان، پێویستییەکی زۆرمان بە خەباتی فیکری هەیە بەو شەرتەی ئەم خەباتە ڕێگەی ڕاست بگرێت.

لەناو یەکێتییدا ئەبێ زەمینەیەکی دیموکراتی و (جەو)ێکی پڕ لە سەربەستی دروست بکەین بۆ ئەوەی هەڤالانمان بیر و ڕای خۆیان بە سەربەستی دەربڕن، ئەبێ چەکەکەی ئەم خەباتەش تەنیا هەر چەکی هۆشیارکردنەوە و چەکی پێ سەڵماندن و چەکی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن و چەکی دەربڕینی ڕاستی بێت. پێویستە هەموو جۆرە ئوسلوبێکی بیروکراتی و سەپاندن لە سەرەوە و دامرکاندنەوەی ڕەخنە و سەربەستی بیروڕا بە تووندی بەربەرەکانی بکەین و ماوەی پەیدابوونیان بە هیچ جۆرێک لە ریزەکانماندا نەدەین.

بەڵای منەوە زۆر پەسندە ئەگەر بتوانین گۆڤارێکی هۆشیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەربەست بڵاوبکەینەوە، کە تیایا لە چوارچیوەی ڕێبازی گشتی یەکێتییماندا ماوەی ڕەئی جیاجیا و ئیجتتیهادی جیاواز و لێکدانەوەی جۆر بەجۆر بدەین.

بۆ ڕۆژنامەکانی خۆشمان (الشرارة) و (ڕێبازی نوێ) ئەبێ ماوەیەکی باشی سەربەستی و

ئازادی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی جیاجیای تیابێت بەو شەرتەی لە چوارچیوەی بیروباوەڕ و ڕێبازی یەکێتیی دابێت. ئەبێ هەمیشە ئوسلوبی خەباتی جەماهیری لە ڕیزەکانی خۆشماندا بەکاربهێنین، فرمان و ئەرکە گرنگەکانمان لە ناو خۆماندا بە سەربەستی باس بکەین و مناقەشەی عیلمیان لەسەر بکەین. پێویستە بە تەواوی شوێنەواری ئوسلوبی کۆنینەی بیرۆکراتی و عەشایەری لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنا بسڕینەوە لەناو خۆماندا. لە خەباتی فیکری دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا پێویستە زۆر ژیرانە و هوشیارانە و بە (تواضع)ەوە خەباتی خۆمان دربڕژە پێبدەین دژی بیروڕا چەوتەکانی ناو کوردایەتی بەگشتی وە(مفاهیم) و بیروڕاکان و شێوەی ڕابەرایەتی خێڵەکی بە تایبەتی.

لە بەگژاچوونی (مفاهیم) و بیروڕای ڕابەرایەتی خێڵەکی و لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندنیان لە ریزەکانی کوردایەتییدا پێویستە زۆر ژیرانە و هۆشیارانە ڕەفتار بکەین، بەهیچ جۆرێک ماوە نەدەین ڕووی ڕاستی عیلمی و شیکردنەوەی چینایەتی و لێکدانەوەی سیاسی خۆی ونکات و توشی گێژاوی شەری لابەلا و هێرشی فەردی بە گشتی پەلاماردانی بارزانی مستەفا بەتایبەتی ببێت. چونکە ئێمە وەرچەرخاندنەوەی ئەم خەباتە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و چینایەتییە بەهێرش بردنە سەر بارزانی مستەفا بە کارێکی زۆر چەوت و ناڕاست دائەنێین و ئەنجامەکەی سەر لێشێواندنی تێکۆشەرانە. بەرزانی سەرکردەیەکی کورد بووە کە لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا پەیدابووە، لە ماوەی ٣٠ -٤٠ ساڵی ڕابوردودا ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، لە خەباتدا لایەنی ئیجابی و سەلبی هەبووە، لە سەرەتای هاوکاری کردنیا لەگەڵ کوردایەتی لایەنی ئیجابی زۆری هەبووە، تا پاشان وردە وردە لایەنە سەلبیەکانی زاڵ بوون و پەرەیان سەند. ئەوەبوو خۆی بوو بە تاکە ڕابەری بزووتنەوەی کورد و ئەنجامەکەشی ئەو کارەساتە بوو، کە لە مێژووی گەلی کورد و گەلانی ڕۆژهەلاتدا وێنەی نەبووە، کە شۆڕشێکی واگەورە و فراوان، کە هەموو خەڵک لەژێر ئالاکەیدا کۆببونەوە و دەیان هەزار پێشمەرگە و دەیان هەزار لەشکری بەرگری میللی و دەیان ملیۆن دیناری هەبوو کەچی وا بەخوتو خۆڕایی بە فیڕۆ چوو.

ئەبێ بەوپەڕی سەربەستییەوە دەریخەین، کە خەباتی فیکری ئێمە دژی (مفاهیم) و جۆری بیرکردنەوە و عەقڵیەت و ڕەفتار و کرداری عەشایەرییە. هەرکەسێک ئەیانکات و پەیڕەویان بکات زیان و زەرەر بە کوردایەتی ئەگەینێ. پێویستە هەڤاڵانمان زۆر هۆشیارانە

و وریایانە خۆیان بپارێزن لەو داوەی هەندێ لە پەیڕەوی کەرانی (ڕەوتی خێڵەکی) و خۆ هەڵپەساردوەکان بە پاشکۆی ڕابەرایەتی خێڵەکییەوە بۆیان ئەنێنەوە، داوی وەرگیرانەوەی ئەم خەباتەی ئەمڕۆ لە ناو کوردستاندا هەیە لە بەینی ڕێبازی خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانە و ڕەوتی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی ڕزیودا، ئاوەژوو کردنەوەی ئەم خەباتە و شێواندنی لە خەڵک بە نیشاندانی هەروەک ژیاندنەوەی ئەو ناکۆکیە بێت لە ساڵەکانی ١٩٦٤ – ١٩٧٠دا لەناو ریزەکانی کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا تەقیەوە، بۆ سوککردنی ناوی (مەلایی) و (جەلالی) لێنرا، چونکە ئێمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەوپەڕی سەربەستییەوە بڵاوی ئەکەینەوە، کە یەکێتییەکەی ئێمە درێژەپێدانی هیچ یەکێ لەم دوو لایەنە نییە، بیروڕا و ڕێباز و هەڵوێستەکانی لەگەڵ هەندێکی هەردوو لاکە زۆر جیاوازە و ئێمە خۆمان بە بە میراتگری هیچ لایەک نازانین. لەکاتی هەڵسەنگاندنی مێژووی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە ڕەخنەمان لە هەردوو لاهەیە. بەڵێ ڕاستە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاکترین ڕۆڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێش دووبەرەکی و دوای دووبەرەکیش کۆکردۆتەوە، بەوەش شانازی ئەکەین. هەروەک بەوەشەوە شانازی ئەکەین، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بە میراتگری تێکۆشانی کوردایەتی ئەزانێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە، بە تایبەتی لە دامەزراندنی پارتییەوە، کە لە حزبی شیوعی کوردستانی عێراق و حزبی ڕزگاری کورد پێکهات و تا ماوەیەکی زۆر وەک پارتییەکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو لە ریزی پێشەوەی گەلی کوردا خەباتی درێژە پێداوە.

بەڵام ئێمە خۆمان بە میراتگری لایەنە سەلبی و لادانەکانی سەرکردایەتیکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێبازی خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانە و خۆ بەستنەوە بە هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانەوە نازانین و دژی ئەم ڕەوت و ڕەفتارانەین، هەروەک دژی وەرگێڕاندنی پارتی بووین بە حزبێکی بۆرجوازی و کۆنەپەرست، کە لەو سالانەی دواییدا بە ئاشکرا خۆی نواند، بیروباوەڕمان بە پێچەوانەی ڕابەرایەتی خێڵەکی و ڕێباز و مەفاهیم و لێکدانەوەکانیەوەیەتی. لە خەباتی فیکری و سیاسیماندا ئەبێ زۆر بەتوندی بچین بەگژ بیروباوەڕی شۆڤینی نەتەوەی دەسەلاتدار و تاکڕەوی و گۆشەگیری نەتەوەیی بچوکیش، ئەبێ بە هەموو توانایەکمانەوە دژی بیروباوەڕی پشت کردنە جەماوەر و خۆ بەبێگانەوە هەڵواسین خەبات بکەین. ئەبێ هەمیشە دژی بیروڕای ئیلحاقی و تواندنەوە و جیابوونەوەخوازیش بوەستین و جەماوەری گەلەکەمان بە بیروباوەڕی برایەتی و

یەکێتیی تێکۆشانی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی عەرەب و ئیران و تورکیە پەروەردە بکەین.

ئەبێ هەمیشە یەکێتییەکەمان بە خۆشویستنی گەلەکەمان و هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات و دنیا پەروەردە بکەین، ئەبێ هەمیشە بیروڕای یەکێتیی دەسکەوت و خەبات و یەکێتیی دوژمنانی گەلان بڵاوبکەینەوە، هەمیشە دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت و فاشیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی بین. پێویستە یەکێتییەکەمان بە خۆشویستنی جەماوەر و گیانی خزمەتکردنی جەماوەر و خۆبەختکردن لە پێناوی گەل و نیشتماندا پەروەردە بکەین. هەمیشە باوەڕێکی نەگۆڕ و تەواومان بە گەلەکەمان و هێز و توانای لەبن نەهاتووی جەماوەرەکەی هەبێت. پێویستە هەمیشە خەباتی فیکری و سیاسی دژی هەموو چەوتی و لەڕێ لادانێک و سەرلێشێواندنێک دربژە پێبدەین و باوەڕمان بەو ڕاستییە هەبێت: کە ڕاستی و هەر ڕاستی سەر ئەکەوێت، کە لەسەر بناغەی سەرەتایەکی ڕاست دارێژرابێت.

هەڤاڵانی تێکۆشەر!

مایەوە مەسەلەی گەاڵڵەکردنی پڕۆژەی پڕۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێگەی خەباتمان، مەسەلەی چاککردنی ناتەواویەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و نەهێشتنی کەم و کورتییەکان، کە ئەوانیش بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و بیروباوەڕی ئێوە بەجێ ئەمێنن.

هیوام وایە، زۆر بە سەربەستی و جورئەتەوە، زۆر ژیرانە و هۆشیارانە پێکەوە هەموومان لەو ڕاپۆرتە بکۆڵینەوە و بگەینە ئەنجامی باش و ڕاست بە جۆرێک، کە ببنە پاڵپێوەنەرێکی گەورەی یەکێتییەکەمان ڕووە و بەجێهێنانی ئەرک و فرمانە مێژوویییەکانی، ڕووە و بوژاندنەوە و هێنانەوە جۆش و خرۆشی کوردایەتی، ڕووە و بوژاندنەوە و هێنانەوە جۆش و خرۆشی شۆڕشەکەمان و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی تێکۆشەرانە بۆ ڕابەری کردنی خەباتی کورد و عەرەب لە پێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئیتر بۆ پێشەوە!

لە باڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

– ٢ –

کانوونی دووەمی ١٩٧٦

زەبەلاحە ڕەشەکە لە خەوی قوولّ بێدار دەبێتەوە

دەبێت ئەفریقا ئازاد بێت، ئەوە ئەو بانگەوازەیە، کە زەبەلاحە ڕەشەکە دوای بێداربوونەوەی لە خەوی قوولّیدا، لەو کۆنفرانسەدا وروژاندی، کە گەلانی ئەفریقا بە ئامادەبوونی٣٠٠ مەندوب بە نوێنەرایەتی ٦٢ ڕێکخراو لە ٢٨ ولاّتی ئەفریقا لە شاری ئاکرا بەڕێوەی برد ، تا ئێستاش لە بێزۆنەوە تا کیپ تاون دەنگ دەداتەوە.

ئەگەر سەیری دەرەنجامەکانی خەباتی زەبەلاحە ڕەشەکە بکەین – هەڵسانە سەرپێی ئەفریقای نوێ – دەبینین لیبیا لە ساڵی١٩٥٠دا سەربەخۆیی بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٥٦دا هەریەک لە سودان و مەغریب و تونس سەربەخۆییان بە دەست هێنا، غاناش لە ساڵی ١٩٥٧دا وغینیا لە ساڵی ١٩٥٨دا سەربەخۆییان بەدەستهێنا و بەمجۆرە ولاّتانی سەربەخۆی ئەفریقا زیاتر لە یەک لەسەر سێی کیشوەری ئەفریقا پێکدەهێنن و نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ئەفریقا لە خۆ دەگرن کە دانیشتوانی ئەفریقا ٢٠٠ ملیۆن کەسە.

خەباتی گەلانی ئەفریقا بە خێرایی گەشەدەکات و سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت لە بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم و یەکخستن و هەماهەنگی خەباتی چەکدارانی ئەفریقایی.

کۆنفرانسی ئاکرا هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پتەوکردنی یەکڕیزی خەباتی ئەفریقا، ئەو دروشمانەی، کە بە دیوارەکانی هۆڵی کۆنفرانسەوە هەڵواسرابوو (گەلانی ئەفریقا یەکگرن، لەکۆت وبەندی دەستمان بەولاوە چیتر لە دەست نادەین، مافی ئازادی و کەرامەتمان هەیە با بەدەستی بێنیین) بە ڕوونی گوزارشت کردنە لەو هەست و سۆزەی لەناو گەلانی زەبەلاحە ڕەشەکە باوە.

هیچ ڕۆژیک تێناپەڕێت، کە جیهان بە هەواڵی وروژێنەر لە ئەفریقاوە بە ئاگا نەیەت، جا هەواڵی سەرکەوتنێکی نوێی زەبەلاحە ڕەشەکە بێت یان هەواڵی کۆمەڵکوژییەکی ترسناکی نوێ بێت کە کۆلۆنیستەکان لەدژی ئازادیخوازان جێبەجێیان کردووە، یان شەڕێک لە نێوان هێزە شەڕانگێز و خراپەکاران و هێزەکانی چاکە و ئازادیدا بەڕێوە چووە.

کەواتە خوێنەری ئازیز لەم ژمارەیەدا خەباتی کۆنگوی شۆڕشگێڕت بۆ دەخەمە ڕوو، لە

ژمارەی داهاتوودا گەشتێکی ترم دەبێت بۆت لە کەوشەنی سەرهەڵدانی ئەفریقا، کە لەوێ سەردانی کامیرۆن دەکەین.

کۆنگۆی یاخیبوو

لەم ڕۆژانەدا بەرداشی شەڕێکی توند لە نێوان گەلی کۆنگۆ، کە داوای ئازادی و مافە نەتەوەیی و دیموکراسی وژیواریەکانیان دەکەن لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی بەلجیکی، کە ئیمپریالیزمی جیهانی پشتگیری دەکات، بەڕێوەدەچێت. ئەمە شەڕی کەرامەتی نیشتمانییە، کە تێیدا ئازادیخوازانی کۆنگۆ بەخۆڕاگریەوە لە دژی داروودەستە دڕندەکانی کۆلۆنیالیزم وەستاونەتەوە و پێداگری لەسەر بەدەستهێنانەوەی سەروەری تەواوی نیشتمان و پاککردنەوەی لە قێزەونییەکانی داگیرکەران و گەڕاندنەوەی سامانی زۆر و زەوەندی دزراویان دەکەن بۆ بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی گەلی بەدبەخت، برسی، ستەملێکراو و بێبەش لە خۆشیەکانی ژیانی بەختەوەرانە. گومانی تێدانییە خوێنەری ئازیز تۆش لەگەڵ ئێمەی دیموکراسیخوازە پێشەنگەکانی کورد پشتیوانی لە خەباتی گەلی کۆنگۆ دەکەین و بەیەکەوە توڕەییمان بەسەر داگیرکەران و ئەوانەی تێنوی خوێن ڕشتنن دادەبارێنین.

چیرۆکی ئیمپریالیزم لە کۆنگۆ

چیرۆکەکە لە ساڵانی١٨٧٧ – ١٨٧٨دا دەست پێدەکات کاتێک (ستانلی) دۆزینەوە و پشکنینەکانی بۆ تەواوی حەوزی کۆنگۆ تەواوکرد و ویستی دۆزینەوەکەی بە ئینگلتەرا بفرۆشێت، بەڵام – گلاّدستۆن – ی سەرەک وەزیرانی ئەوکاتە ئەمەی ڕەت کردەوە چونکە ولاّتەکەی چیتر توانای سەرەڕۆیی نوێی نەبوو لەبەر ئەوەی جەنگی بۆبریەکان ماندووی کردبوو.

ستانلی بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕا، لەم کاتەشدا بەلجیکا یەکیگرتبوو، دەوڵەتە بۆرژوا مۆدێرنەکەی بە دوای بازار پەیداکردن و دەست خستنی سەرپشکی بوو، کە (لیۆپۆڵد) ی پاشای تێبینی ئەوەی کرد، کە بریتانیا و فەرەنسا لە ڕۆژئاوای ئەفریقا زۆر سەرقاڵن، لەوکاتەش ئەڵمانیا لە ڕۆژهەلاّتی ئەفریقا سەرقاڵ بوو بڕیاریدا لە ژێر سەرکردایەتی خۆی یەکێتیی ئەفریقای نێودەوڵەتی دابمەزرێنی و لە بەرلین ساڵی ١٨٨٠دا، لیۆپۆڵد ڕەزامەندی

کۆنگرەی بەدەست هێنا بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی یەکێتیی ئەفریقا بۆ دەوڵەتی نوێی کۆنگۆ، کە بڕیاردرا لە کۆنفرگرەکەدا دابمەزرێت پاشان بەلجیکا دەستی کرد بە فراوانکردنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر هەموو ئەو زەویانەدا، کە ئێستا بە کۆنگۆی بەلجیکی ناسراون.

بەلجیکای سەرمایەداری دەستی بە تالان کردنی کۆنگۆ و بە چەوسانەوەی گەلەکەی کرد و منداڵەکانیانی وەک کویلە بۆ بازارەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دەنارد بۆ ئەوەی لەوێ بیانفرۆشن، هەروەها کانزا و سەرچاوەی تریان لە زەوی دەردەهێنا و دواتر سەرمایەدارە بەلجیکییە دزەکان بردیانە ولاتەکەی خۆیان.

خەباتەکانی گەلی کۆنگۆ

لە ساڵی ١٨٩١دا یەکەم ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە دژ بە بەلجیکییە داگیرکارەکان دەستیپێکرد، کاتێک لیۆپۆڵد دەسەلاتی دەوڵەتەکەی بە سەر زەویەکاندا سەپاند و مافی خاوەندارییەتی خۆی بەسەر بەرهەمەکان بەتایبەت ساج و لاستیک، ڕاگەیاند، بەڵام ڕاپەڕین کۆنگۆی نوقمی خوێن کرد و بە درندانەترین شێوە سەرکوت کرا بە نموونە هەر سەربازێکی بەلجیکی ناچاربوو سەر یان دەستێکی بڕاو بۆ هەر فیشەکێکی تەقێندراو بە تفەنگەکەی، ڕادەست بکات. ئەو کاتە لەسەر ئەم دڕاندایەتییە شێوە ئەوروپییە مرۆڤایەتی یاخی بوو.

لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا و لە ژێر کاریگەری بارودۆخی ناوخۆ و نێو دەوڵەتی بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوت و شەڕی ئازادی بە هێز و چڕییەکی زیاترەوە بەردەوام بوو دەشبوایە وەک شۆڕشێکی بەرفراوان لێی بڕوانرێ. لە ساڵی ١٩٤٤دا دوو سەرکردە لە سەرکردەکانی عەشیرەت بەناوی(یەسوعی مەسیح) و (هێلیلۆ) سەرکردایەتی دوو گروپی چەکداریان کرد بە ئامانجی لەناوبردنی سەربازە کۆلۆنیالیستەکان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بۆیە هەردووک لە سێدارەدران.

لە ساڵی ١٩٤٧دا دوو ڕاپەڕین لە ناوچەکانی(لولوابۆرگ) و (مەنیما) ڕوویدا، ڕاپەڕینی یەکەمیان ڕەنگدانەوەی سەرەتای بزووتنەوەی نیشتمانیی بوو بە ڕابەرایەتی چینی ناوەند، بەڵام بەرئەنجامی سەرکوتکردنەکەی سێ هەزار و هەشت سەت و هەژدە زیندانی سیاسی بوو جگە لە کوژرانی هەزاران کەسی بێتاوان. لە نێوان ساڵانی١٩٥٥ – ١٩٥٦دا ژمارەی زیندانیان لە ١٨١،٦٥٣ کەسەوە بەرز بووەوە بۆ ٢٠٩،٢٢١ کەس.

لەو هەڵبژاردنەی لە نیسانی ١٩٥٨دا بەڕێوەچوو نیوەی ئەندامەکان لە کاندیدانی بزووتنەوەی (ئاباکۆ) واتە یەکێتیی کۆنکۆی نزیک سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. بۆ یەکەمجاریش بوو لە مێژوو، (کازاڤۆوبو)ی سەرکردەی بزووتنەوەکە، سەربەخۆیی وەک ئامانجی هەموو گەل ڕابگەینێت و بڵێت: (ئێمە دەست بەجێ داوای ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆبوونەوە دەکەین).

دیموکراسیەت لە کۆنگۆ ئەوکاتە بە ئامانج دەگات، کە سەربەخۆیی بە دەست بهێنێت. بزووتنەوەی نیشتمانیی بەردەوام بوو لە پێشکەوتن، لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨دا کاتێک سێ سەرکردەی کۆنگۆ لە کۆنگرەی ئاکرا گەڕانەوە، حزبی بزووتنەوەی نیشتمانیی کۆنگۆیان بە سەرۆکایەتی ئارسەر بێنزی – موختاری گەڕەکی کالۆمای میللی لە پایتەخت – دامەزراند. داواکارییە نیشتمانییەکان دەستیان بە نوێبوونەوەکرد، لە ناویاندا، ئۆتۆنۆمی وەک هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی تەواو، دابینکردنی هەلی کار بۆ بێکاران، هەڵبژاردنی دیموکراسییانە. بڕیاربوو لایەنگرانی ئەباکۆ و بزووتنەوەی نیشتمانیی کۆنگۆ ڕۆژی یەکشەممە ٤ ی کانوونی دووەم ١٩٥٩ کۆببنەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەم داخوازیانە. کاتێک خەڵکەکە بۆ گوێگرتن لە قسەی سەرکردەکان بە هۆکاری نەهامەتی وهەژاری ودواکەوتن و چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەستیان پێکرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئوتۆمبێلە زرێپۆشەکان، کە بە دۆشکەیان لەسەر بەستراوە. سوپای کۆلۆنیالی مەتەرێزی لە شەقامەکان دامەزراند و کەوتە تەقەکردن لە ئەنجامدا هەزاران کەس شەهیدبوون و جارێکی تر مرۆڤایەتی هەژا بە هۆی گەورەیی ئەم تاوانەی لەلایەن کۆلۆنیالیستە بەلجیکییەکان ئەنجامدرا. تاوانێک قێزەونییەکەی لەو تاوانەیان کەمتر نەبوو کە لە سەدەی نۆزدە دژی هەمان ئەم گەلە ئاشتیخوازە ئەنجامدرابوو. ئیتر ناڕەزایەتی لە هەموو گۆشەکانی ئاوەدانییەوە بەسەریان ڕژا. کۆلۆنیالیزم جارێکی تر ڕووی تاریکی لەبەر چاوی دنیای ئازادا ڕیسوا بویەوە و ڕوخسارە ڕاستەقینە درندانەکەیان و کەڵبەکانیان دەرکەوتن، کە خوێنیان لێ دەتکا، خوێنی گەلانی بێتاوان.

سلاوی شەهیدانی عێراق، شەهیدانی فوڕات و حەی. و کوردستان، شەهیدانی پرد، زیندانەکان، گۆڕەپانەکانی بەغدا و دەربەندی بازیان و گاورباغی بۆ شەهیدە نەمرەکانی کۆنگۆ. بۆ گەلی ئازا و شۆڕشگێڕی کۆنگۆ، لەناخەوە هاوسۆزی و پشتیوانی دڵسۆزانە و هاوپشتی برایانەی ئێمەی پێشڕەوانی دیموکراسیخوازی کورد بەمە گوزارشت لە هاوسۆزی

و پشتیوانی کارای گەلی کوردمان بۆ گەلانی ستەملێکراو دەردەبڕین. .[١٣٧]

١٣٧- گۆڤاری رزگاری، ژمارە ٢ – ٣ ، نیسانی ١٩٥٩.

سەرچاوەی وتارەکان

گۆڤارەکان

گۆڤار، ڕێبازی نوێ، ژمارە (١) لە ١٩٩٣، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی(ی . ن . ک).

گۆڤار، ڕێبازی نوێ، ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٤ گۆڤاری بیری سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن و مەکتەبی ڕێکخستن.

گۆڤار، کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١ خولی ١ پایزی ١٩٧٨.

گۆڤار، کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١ خولی ٣، کانوونی دووەمی ١٩٨٥.

گۆڤار، کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ٣ خولی، ٣، ساڵی ١٩٨٥.

گۆڤار، کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١٠خولی، ٣، کانوونی دووەم ١٩٨٦.

گۆڤار، کۆمەڵە ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە ١٣ خولی ٣ ، ئایاری ١٩٨٦.

گۆڤار، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە ٢ – ٣ ، نیسانی ١٩٥٩.

ڕۆژنامەکان

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی التآخی ژمارە (٧٠١) لە ٥ نیسانی ١٩٧١.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی النور، ژمارەکانی: ٣٦٣-٣٦٤-٣٦٥-٣٦٦-٣٦٧ لە٢٦ / کانوونی یەکەم تا٣٠ / کانوونی یەکەم /١٩٦٩.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی النور، ژمارە ٤١٨، بەرواری ٦/ئازار/١٩٧٠.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٥٩ لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦١.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٧ لە ٧/ ئەیلوول / ١٩٦٠.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٨ لە ٨ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١١ لە ١٢ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٢ لە ١٣ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٣ لە ١٥ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە٣١٤ لە ١٦/ ئەیلوول / ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٥ لە ١٨ / ئەیلوول / ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٨ لە ٢١/ ئەیلوول / ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٦ لە ١٩ ی ئەیلوولی ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٨ لە ٢١ ی ئەیلوولی ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٤ لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٧٩، بەرواری ٤ی ئابی ١٩٦٠.

رۆژنامە، رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢١٢، ٩ی ئایاری ١٩٦٠.

رۆژنامە، رێبازی نوێ، ژمارە یەک، کانوونی دووەم، ساڵی ١٩٧٦.

رۆژنامە، رێبازی نوێ، ژمارە دوو، تشرینی دووەم، ساڵی ١٩٧٦.

نامیلکە

نامیلکە، دکتۆر ئەتاسی و کێشەی کورد.

نامیلکە، سۆسیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لە عێراقدا.

نامیلکە، باری ئێستای خەباتمان، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، – ٢ – کانوونی دووەمی ١٩٧٦.

بەڵگەنامەکان



خەبات

النضال

جريدة الحزب الديموقراطى الكوردستانى

العدد ٣٠٧ الاربعاء ٧ ايلول ١٩٦٠السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا

الزاوية الثقيفية

حول ضرورة وجود حزبنا الطليعى

ـ ١ ـ

مقدمة

الصحيح ، ان سير حياة جماهير كوردستان ، وسير تاريخ

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٠٧ لە ٧ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی یەکەم لە وتاری دەربارەی بوونی پارتی پێشڕەومان.



خەبات

النضال

جريدة الحزب الديموقراطى الكوردستانى

العدد ٣٠٨ الخميس ٨ ايلول ١٩٦٠السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا

ص ٥ ـ خەبات

نبراس النضال

الثقافة

حول ضرورة وجود حزبنا الطليعى

-٢-

وما هو الدور الطليعى ؟

ان اساس الدور الطليعى لاى‌حزب فى المجتمع هو :

وظيفة نشرية تفضـ

السياسى ... سرب ... نظرية

الاتحاد السوفيتى ان تلبى طلبهما

والتجنس ومعاملتهما كمواطنين

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٠٨ لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی دووەم. ڕۆڵی پێشڕەو چییە؟


خەبات
النضال
جريدة الحزب الديموقراطى الكوردستانى
العدد ٣١١ الاثنين ١٢ ايلول ١٩٦٠ السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا
النضال
الكفاح التحررى القومي ، اي
« كوردايەتي »
-٣-
جميع انحاء البلاد الا انه قال ان
فترة الانتقال تعتبر ضرورية
استنكار العدوان

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣١١ لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی سێیەم. تێکۆشانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، واتە کوردایەتی.


خەبات
النضال
جريدة الحزب الديموقراطي الكوردستاني
العدد ٣١٢ الثلاثاء ١٣ أيلول ١٩٦٠السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا
ص ٦ ـ خەبات
نبراس النضال
الثقافة
الكفاح التحرري القومي،
ای « کوردایەتی »
ـ ٤ ـ
ومن الواضح ان هذا الحزب يكون حزبا كردستانيا فحسب

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣١٢ لە ١٣ی ئەیلوولی١٩٦٠، بەشی چوارەم. تیکۆشانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، واتە کوردایەتی.



خەبات

النضال

جريدة الحزب الديموقراطى الكوردستانى

العدد ٣١٣ الخميس ١٥ ايلول ١٩٦٠ السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا

الثقافة

نبراس النضال

الكفاح التحررى القومى ،

اى « كوردايەتى »

ـ ٥ ـ

٣ ـ نتيجة لعنف ووحشية الاضطهاد القومى المسلط على الشعب الكردى ، وبما ان الشعب الكردى المحروم من كيانه السياسى وفى هذه الايام التى تحمل الينا باضطراد اخبار انتصار

المترتبة عن تصدير النفط الخام .

وان اى تذبذب فى اسعاره لا يعرقل

وفقدان

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣١٣ لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی پێنجەم. تێکۆشانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، واتە کوردایەتی.


خەبات
النضال
جريدة الحزب الديموقراطى الكوردستانى
العدد ٣١٤ الجمعة ١٦ ايلول ١٩٦٠السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا
ص ٥ ـ خەبات
الثقافة
نبراس النضال
الحزب الطليعي لكردستان لايمكن الا
ان يكون حزباً ديموقراطياً تقدمياً ثورياً
ـ ٦ ـ


ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣١٤ لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی شەشەم. پارتی پێشڕەوی کوردستان هەر دەبێ حیزبێکی دیموکراسی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕ بیت


خەبات
النضال
جريدة الحزب الديموقراطى الكوردستانى
العدد ٣١٥ الاحد ١٨ ايلول ١٩٦٠السنة الثانية ـ الثمن ١٦ فلسا
الثقافة
نبراس النضال
الاضرار الاخرى الناجمة عن وجود
الحزب الشيوعي في كردستان
ـ ٧ ـ
١ ـ ان وجود الحزب الشيوعي يؤدي الى عزل قسم من جماهير
وفي مقدمتهم اللواء الركن وعماله الى الجيش السوفياتي

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣١٥ لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی حەوتەم. زیانەکانی تری بوونی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان.


خەبات
النضال
جريدة الحزب الديموقراطي الكوردستاني
الثقافة
نبراس النضال
لماذا يلصق المستعمرون تهمة الشيوعية
بالحركة التحررية الكردية
-٨-
واهلها وتاييدا مني لحركة السلم داخل
الجمهورية العراقية الخالدة وتاييدا مني

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣١٨ لە ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٠، بەشی هەشتەم. بۆچی ئیمپریالیستەکان تۆمەتی کۆمۆنیزم بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە دەلکێنن؟



كلة حزبنا الديمقراطي الكردستاني
في حفلة عيـــد نوروز المجيد

القى الاستاذ جلال الطالبانى عضو المكتب السياسى لحزب
الديمقراطى الكردستانى كلمة الحزب التالية في الاحتفال
اقامه فرع حزبنا في بغداد مساء يوم ٢١ اذار الجارى في قاعة
الخلد بمناسبة عيد نوروز المجيد .

ايها الحفل الكريم :

يشرفنى أن ارحب بكم باسم الحزب الديمقراطى
الكردستانى - ترحيبا حارا ، شاكرا لكم تفضلكم بحضور
الاحتفال بعيد النوروز المجيد ، عيد التحرر والربيع . هذا
الذى اعتاد الشعب الكردى الاحتفال به فى مثل هذا
من كل عام تمجيدا لذكرى انتصار الثورة الشعبية الك
قادها العامل الحداد (كاوه) للاطاحة بحكم ظالم ، سف
الشعب العذاب واغتصب حقوقه وحرياته ، وسخره لاغراض
ومطامعه الجشعة ، وتخليدا لذكرى شهداء الحرية والك

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٥٩ لە٢٣ ئادار ١٩٦٠ وتاری جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاهەنگی نەورۆزدا.



في بلغاريا الجديدة

في مصنع لنيـــين للتعدين

بقلم : جلال الطالبانى

استيقظنا صبيحة ٧-٩-١٩٦٠ مبكرا . والفندق الذى ننزل فيـ
فندق بلغاريا يعد من الفنـــادق الجميلة وهو واقع على شـــا
رئيسى ، لذا ذهبت الى شـــرفة الغرفة لانظر الى الناس البلغـ
متوجهين بجد ونشاط الى اعمالهم وكان الجو لطيفا ، يشبه جو بـ
بارس فى كوردستان من حيـــث الهواء والمناخ .
ثم رجعت الى غرفتى لاعيد النظر فى المقالة التى كتبتها أمس الـ
جريدة الفلاحى وكانت ـ نبذة عن نضالات الفلاحين فى الجمهـ
العراقية ـ .
وبعد فترة خابرنى سكرتيـــر اتحاد الصحفيين الاستاذ اكـ
عن مناضل ثورى قديم تعرض للسجن والتشريد والعذاب

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢١٨ لە٢٥ ئەیلوولی١٩٦٠، گەشتێک بە بولگاریای نوێدا، بەشی دووەم بە ناونیشانی لە کارگەی کانزاسازی لینین.



ارحلوا عن بلدنا أيها البارزانيون

« ارحلوا عن بلدنا ايها البارزانيون » شعار ردد بوجه عشرات البارزانيين الاحرار من الابطال الذين قارعوا الاستعمار والنظام الملكى الرجعى سنين عديدة ولم يبخلوا على شعبهم ووطنهم باى غال او نفيس ، هؤلاء الذين ناضلوا ببسالة ضد الاستعمار واذنابه ومن اجل عراق حر مستقل ديمقراطى يضمن لقوميته العربية والكردية وسائر الاقليات المتحابة الحياة الحرة الكريمة والحريات الديمقراطية ، هؤلاء الذين لم ينسوا يوما واحدا ضرورة تعزيز وتمتين الاخوة العربية الكردية ووحدة كفاحهما المشترك بل ارتفع صوتهم فى خضم المعارك الرهيبة وبين ازيز الطائرات التى كانت تلقى عليهم الحمم والقنابل ، على لسان بطلها الجسور مصطفى البارزانى داعيا « الشعبين الكردى والعربى على السواء ليتكاتفا ويوحدا جهودهما فى النضال المشترك ضد العدو

رۆژنامەی خەبات، ژمارە٢١٣ لە ٩ی مایس ١٩٦٠، وتاری ئێوەی بارزانی ولاتەکەمان جێبهێڵن! ئەم وتارە بە ئیمزای پیرۆت لە گۆشەی یومیاتی بلاوکراوەتەوە.



جولة في بلغاريا الجديدة

الاقلية التركيـــة في بلغاريا

بقلم : جلال طالباني


ومع كل ذلك فان الشعـــب البلغاري المتحرر ، ربي في العهد الجديد روح ديموقراطية شعبية، بروحيه حب الشعوب وكـــره المستعمرين والحكام الرجعيين . ولم يؤثر كل ذلك قطعا على احرار بلغاريا وقادة بلغاريا الجديدة ولا على موقفهم الاخوي الودي مـــن الاتراك .

فالمواطنون الاتراك يتمتعـــون بجميع حقوق المواطنة وكافـــة الحقوق والحريات الديموقراطية ، والحقوق القومية كافة . واكثر من ذلك فالدولة البلغارية تبذل جهودا قيمة وتخصص اموالا طائلة لرفع مستوى الاتراك الثقافي والسياسي

وبعد عودتي من النجوال فـــي بلغاريا الى صوفيا اجتمعت بالسيد رايكوف السكرتير الاول للمجلس الوطني لجبهة الوطن البلغاريـــة وكان معه السيد احمد هارونوف نائب رئيس لجنة شئون الاقليات القومية وهو تركي وقد حدثاني كثيرا عن الاتراك واعربت لهما عن رغبتي في زيارة الاتراك المقفين في صوفيا ....

وفي المساء اخبرت بان ثلة من الاتراك ينتظرون زيارتي لهم فـــي بناية الصحف البلغارية حيث مقر الصحف التركية . وعلى ذكـــر الصحف ، فللاتراك في بلغاريـــا سبع صحف ، اشهر جريدة « يني ايشك ـ النور الجديد » و « يني

رۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٣٤ لە١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠، گەشتێک بە بولگاریای نوێدا، بەشی سێیەم بە ناونیشانی کەمینەی تورک لە بولگاریا.



النور

يومية سياسية

لا حركة ثورية دون حزب طليعي

خطاب جلال الطالباني في اجتماع عمالي واسع

وان الطبقة العاملة تنال حقوقها عندما تحرر الطبقات الاخرى من المجتمع معها وتصل بالشعب الى المرحلة التي تقلع فيها من الجذور الاستغلال والاضطهاد القومي والطبقي ، وهكذا تستطيع الطبقة العاملة ان تتحرر ، وهذا هو السبب في كونها الطبقة الاكثر ثورية في هذا العصر وهذا هو ما يعطيها القدرة على قيادة النضالات الثورية للشعوب قاطبة ولشعبها بشكل خاص وتسير بها نحو التقدم وليست هناك اية طبقة اخرى في المجتمع ، مثقفين كانوا ام كسبة او فلاحين ، تستطيع من تحمل هذا الدور القيادي ، فالطبقة العاملة هي الطليعة وهي الطبقة الثورية المناضلة ، والتي تتحمل الصمود بوجه الظلم والطغيان والاضطهاد وارهاب الاعداء ، وهي الطبقة التي تستطيع مواصلة النضال بلا كلل او ملل ، وان تقود نضالها ونضال الطبقات الكادحة من الجماهير الشعبية نحو النصر ونحو

مسؤولية تقع تاريخيا على عاتق الطبقة العاملة ولهذا ينبغي ان يدرك اخواني العمال هذه الحقيقة ادراكا تاما وان يثبتوها في اعمالهم كونهم الطبقة الثورية الجديدة ولكي تتمكن الطبقة ممارسة دورها القيادي في النضال الثوري ينبغي معرفة هذه الحقائق انه بدون حزب طليعي ثوري حزب يستطيع توحيد مصالح العمال والفلاحين الفقراء والمثقفين الثوريين وبوحدهم في النضال الثوري بدون ذلك الحزب الطليعي الثوري ذي الايمان الثوري وذي المبادىء الاشتراكية العلمية لا تتمكن الطبقة العاملة ممارسة دورها القيادي في الجماهير الشعبية ، ولهذا فان وجود حزب طليعي هو شرط اساسي لكي تتمكن الطبقة العاملة من ممارسة دورها القيادي قد تزداد الروح الثورية لدى العمال وتتصاعد الطاقات والقدرات الثورية فهم وتتعمق روح التضحية والاطاعة والنضال فيهم ولكنهم لا

النام مع الفلاحين الفقراء فبهذه الوسيلة فقط تستطيع الشعوب ان تتحرر وان تنهي عصر الامبريالية والاستغلال الطبقي والاضطهاد القومي وهذا ما يفرض على العمال ليس فقط مواصلة النضال الطبقي وبناء حزب سياسي طليعي لهم والالتفاف حوله حسب بل ان على جميع العمال الثوريين العمل من اجل خلق تعاون مشترك وتوحيد النضال بين الطبقة العاملة والفلاحين والكادحين في كردستان وتجسيد تلك الوحدة الحقيقية وحدة جميع القوى التقدمية لشعبنا وتحت قيادة الطبقة العاملة وحزبها الطليعي تستطيع الجماهير ان تبلغ اهدافها وتستطيع ان تحقق انتصارات كبيرة وتتحرر ليست الطبقة العاملة حسب بل وكل الجماهير الشعبية والطبقات الثورية في بلدنا .


اذن فان تحرير شعبنا وانتصار

رۆژنامەی ئەلنور ژمارە ٤١٨ لە ٦ی شوبات ١٩٧٠ وتاری هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەبێ حیزبی پێشڕەو نییە.



الفلاحون
ومراتبهم ومواقفهم
من الثورة الوطنية الديمقراطية

رۆژنامەی التآخی ژمارە٧٠١ لە ٥ی نیسانی ١٩٧١، جووتیاران پلە وهەڵوێستیان لە شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانییدا، بە ئیمزای پیرۆت.



گۆڤاری ڕزگاری ژمارەی ٢ ساڵی ١٩٥٩، تیایدا وتاری زەبەلاحە ڕەشەکە لە خەوی قووڵ بێدار دەبێتەوە، بڵاوکراوەتەوە.



كفاح الشعوب

المـــارد الاســـود يستيقظ من سباته العميق

بقلم : ج. ط.

« أفريقيا يجب ان تتحرر » هذا هو النداء الذي أطلقه المارد الاسود بعد ان استيقظ من سباته العميق ، في المؤتمر الذي عقدته شعوب افريقيا والذي حضره (٣٠٠) مندوب يمثلون (٦٢) منظمة في (٢٨) قطراً أفريقياً في مدينة اكرا ، وهذا النداء مايزال صداه يتردد من بيرته الى رأس الرجاء الصالح .

واذا القينا نظرة على حصيلة نضال المارد الاسود - أفريقيا الجديدة

وفي عام ١٩٥٦ استقلت كل من السودان ومراكش وتونس ، واستقلت غانا عام ١٩٥٧ وغينيا عام ١٩٥٨ ، وهكذا فان الدول الافريقية المستقلة تشكل اكثر من ثلث القارة الافريقية وتضم مايقرب من نصف سكان افريقيا البالغ (٢٠٠) مليون نسمة .


ويتطور كفاح الشعوب الافريقية بسرعة محرزاً النجاحات في مقارعة الاستعمار وتوحيد وتنسيق جهود

أكرا ، خطوة هامة في تعزيز وحدة الكفاح الافريقي وكانت الشعارات المعلقة على جدران قاعة المؤتمر ، شعارات « ياشعوب افريقيا اتحدي ، لاتخسر شيئاً سوى قيودنا ، لنا الحرية والكرامة لنكسبها » تعبر بوضوح عن الشعور والعواطف السائدة بين شعوب المارد الاسود .


وما من يوم يمر إلا والعالم يستيقظ على خبر مثير من إفريقيا ، سواءً كان خبر انتصار جديد للمارد الاسود ،

البقية على صفحة ١١

گۆڤاری ڕزگاری ژمارەی ٢ ساڵی ١٩٥٩، وتاری زەبەلاحە ڕەشەکە لە خەوی قووڵ بێدار دەبێتەوە.



وێنەی ئۆرجینالّی بەرگی چەند ڕایەک لەسەر مەسەلەی کورد، لە بڵاوکراوەی رۆژنامەی ئەلنور سالّی ١٩٧٠.



وێنەی بەرگی نامیلکەی سۆسیالیزم و کێشەی نەتەوەیی و پرسی کورد لە عێراقدا.

الدكتور الأتاسي والقضية الكردية

● جلال الطالباني ●

في تقديمه لكتاب الصديق المقدم " منذر الموصلي" (*عرب وأكراد ، رؤية عربية للقضية الكردية*) يطرح الأخ الدكتور جمال أتاسي، الشخصية العربية السورية المعروفة والمناضل العربي الوحدوي " الخارج من البعث والخارج على البعث " على حد تعبيره ، ويقدم رؤيته للقضية الكردية ومفاهيمه عنها وتصوراته لإيجاد حل معقول وعادل لها منطلقا من قناعاته بأن " القضية الكردية هي ايضا قضية عربية خاصة " " ر القضية الوطنية الكردية واحدة من المسائل الوطنية الأساسية لهذه المنطقة وفتح ملفها ودعوة القوى السياسية العربية الى الحوار من حولها وتحديد الموقف منها ، انما يتناول بالضرورة قضيتنا القومية العربية ذاتها ومقوماتها ومبادئها كما يتناول مسائل وحدتنا العربية وسبل تحقيقها " (١) كما يؤكد هو في القدمة التي سطرها في الكتاب.

والحقيقة أن الدكتور جمال أتاسي يظل منسجما مع قناعته هذه ومعبراً عنها خلال سرده لمفاهيم المؤلف وتصوراته حيال القضية الكردية وكذلك أثناء بيانه رأيه ومقولاته ومرقفه هو ايضاً حول القضية الكردية التى يعتبرها بحق " من المسائل الوطنية

1 _____

وێنەی بەرگی کتێبی دکتۆر ئەتاسی و کیشەی کورد، نووسینی جەلال تاڵەبانی.

الدكتور الأتاسي والقضية الكردية


• جلال الطالباني •

في تقديمه لكتاب الصديق المقدم " منذر الموصلي" (*عرب وأكراد ، رؤية عربية للقضية الكردية*) يطرح الأخ الدكتور جمال أتاسي، الشخصية العربية السورية المعروفة والمناضل العربي الوحدوي " الخارج من البعث والخارج على البعث " على حد تعبيره ، ويقدم رؤيته للقضية الكردية ومفاهيمه عنها وتصوراته لإيجاد حل معقول وعادل لها منطلقا من قناعاته بأن " القضية الكردية هي ايضا قضية عربية خاصة " "و القضية الوطنية الكردية واحدة من المسائل الوطنية الأساسية لهذه المنطقة وفتح ملفها ودعوة القوى السياسية العربية الى الحوار من حولها وتحديد الموقف منها ، انما يتناول بالضرورة قضيتنا القومية العربية ذاتها ومقوماتها ومبادئها كما يتناول مسائل وحدتنا العربية وسبل تحقيقها " (١) كما يؤكد هو في المقدمة التي سطرها في الكتاب.

والحقيقة أن الدكتور جمال أتاسي يظل منسجما مع قناعته هذه ومعبراً عنها خلال سرده لمفاهيم المؤلف وتصوراته حيال القضية الكردية وكذلك أثناء بيانه رأيه ومقولاته وموقفه هو ايضاً حول القضية الكردية التى يعتبرها بحق " من المسائل الوطنية

1 _____

ئۆرجینالّی لاپەڕەی یەکەمی کتێبی دکتۆر ئەتاسی و کیشەی کورد



التنفير

تصدر عن

الحركة الاسلامية في كردستان العراق

في هذا العدد

المحتويات — الصفحة

العراق واسرائيل والغرب	٤
بيان ونداء من الحركة	١١ - ١٢
متابعات وراء الاخبار	١٣
الحركة الاسلامية خطوة على	
طريق العمل الاسلامي الجماهيري	٢١
حوار مع جلال الطالباني	٢٥
اسماء صدام التسع والتسعون	٣٤
الجهاد رهبانية الاسلام	٣٦
حكاية لاطفال القرون الآتية	٤٠
الانفجار (قصة قصيرة)	٤١
خاطرة (الشعب طاقة كامنة)	٤٤
صدام قرمط يدعو الى الجهاد	٤٦
قراءة في كتاب	٤٧
نبـات	٥١
وقفات	٥٣
أضواء على طريق الاستقامة	٥٤

عنوان المراسلات

U . P . O . BOX 733
Peshawar - Pakistan

الاشتراك ل (١٢) عددا
(٢٠) دولارا للدول العربية ودول اوربا وامريكا
(١٥) دولارا بقية الدول

الحساب البنكي - بالروبية الباكستانية

AC/NO.4617-77
Habib Bank Limited
Peshawar Cantt.
Pakistan.

الحساب البنكي بالدولار

Bank of Oman
A/C No. 574
PESHAWAR - PAKISTAN

بڵاوکراوەی ئەلنەفیر ، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ساڵانی ١٩٨٨ – ١٩٩١ لە پاکستان دەریچواندووە.



لقاءات

حوار مع الأستاذ :
جلال الطالباني
السكرتير العام
للإتحاد الوطني
الكوردستاني

• بسم الله الرحمن الرحيم •


يسر النفير أن تكون ساحةً لتبادل الآراء حول القضايا الاسلامية العامة أو مناقشة قضية أو مشكلة معينة في العالم الاسلامي ، و قضية الشعب الكردي من القضايا المهمة في العالم الاسلامي ، ومن مشكلاته التي تتطلب الوقوف عندها بجدية واهتمام وتقديم الحلول الناجعة لها ، ونحن وإن كنا نعتقد بان الحل لهذه القضية ، كما هو حال كل القضايا الاخرى في العالم الاسلامي لايكون خارج اطار المنهج الاسلامي ، المنبثق من العقيدة الاسلامية التي ينتمي اليها الشعب الكردي كما تنتمي اليها الشعوب التي تجاور هذا الشعب وتتعايش معه .

مع اعتقادنا هذا فاننا نؤمن بضرورة الحوار الموضوعي الهادىء ، مع كل الاطراف التي تحمل تصوّرات أخرى تخالف التصور الاسلامي لهذه القضية بقليل أو كثير ، وهدفنا الآخر هو تبصير الشعب الكردي والشعوب الاسلامية الاخرى المجاورة له بشكل خاص ، بالحلول المطروحة لحل هذه المشكلة ، لتؤدي دورها ومسؤوليتها تجاه هذه القضية ضمن الاطار الذي يمكن أن يوصل الى الحل الصحيح ، الذي يضمن حقوق هذه الشعوب و يحيي الاواصر والروابط التي تجمع بينها والتي ادت عوامل كثيرة على انقطاعها في كثير من الاحيان ، ومن هذا المنطلق فقد التقى مراسل النفير بالاستاذ جلال الطالباني قائد الاتحاد الوطني الكردستاني واجرى معه هذا الحوار ..

النفير : بناءً على قناعتكم الجديدة حسب ما ذكر في مجلة (الإسلام) بالرجوع عن الماركسية كحل للقضية الكردية ، هل في نيتكم احداث تغييرات استراتيجية في حركتكم ؟

الطالباني : بسم الله الرحمن الرحيم وباسم الشعب الكردي الثائر الكريم !(١) اشكركم على

ژمارە شەش لە بڵاوکراوەی ئەلنەفیر کە بەشی یەکەمی چاوپێکەوتنی لەگەڵ مام جەلال بڵاوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٠.



لقاءات

حوار مع الأستاذ
جلال الطالباني
السكرتير العام
للإتحاد الوطني
الكردستاني
القسم الثاني والاخير

من يقف مع الشعب الكردي ؟


النفير : من خلال تجربتك الطويلة في المجال السياسي . هل وجدتم بعد بحول العالم حليفا حقيقيا للشعب الكردي ؟

الطالباني : بكل الاسف وبكل مرارة القول لك لا . لا يوجد بين الدول حليف حقيقي للشعب الكردي . توجد دول تدعي او تبين احيانا او تظهر احيانا المودة او التعاطف مع الشعب الكردي . اما ان تكون هذه الدولة حليفا حقيقيا كما كان مثلا فيتنام الشمالية حليفا حقيقيا لفيتنام الجنوبية . فانا لم اجد في الشرق او الغرب في العالمين الاسلامي والمسيحي أية دولة تتولى او تقوم بدور الحليف الحقيقي والمؤيد الحقيقي للشعب الكردي . انا الشعب الكردي بدأ يكسب في العالم العطف و التأييد من جانب العديد من الحركات الاسلامية . في العالم العربي الآن تتعاطف معنا الحركة الاسلامية الحركة الشيوعية الى حد ما الحركة الناصرية . الحركات التي تحمل راية التحرر والديمقراطية . ومع ذلك كان المفروض ان يكون التيار الاسلامي في العالم العربي والاسلامي هو الداعية والطليعة والقوة الاسنادية الحقيقية الامامية للشعب الكردي لان الشعب الكردي شعب مسلم وضحى في سبيل الاسلام كثيرا وهو الان يعاني مايعاني بسبب اسلاميته وبسبب دوره في الاسلام . ان الحقد الصهيوني العفلقي . ان الحقد العفلقي الذي ادى الى حرب الابادة على الشعب الكردي هو في الحقيقة تجديد للحرب الصليبية ضد الشعب الكردي . انتقام من شعب صلاح الدين الذي قاتل ضد الغزو الصليبي وضد الحملة الصليبية . فالصليبيون الجدد امثال ميشيل عفلق وزمرته يأتون باسم العروبة . ينتقمون من الشعب الكردي بسبب دوره في الدفاع عن الاسلام . والعالم الاسلامي ساكت واحيانا مصفق واحيانا مؤيد لهذه الجرائم التي ترتكب ضد الشعب الكردي فالجرائم الفضيعة التي ارتكبت ضد الشعب الكردي في حلبجة باستعمال الاسلحة الكيمياوية ضد المسلمين الاكراد . كيف يمكن ان تقبل او تفسر سكوت الحركات الاسلامية والدول الاسلامية والمنظمات الاسلامية في العالم امام هذه الجريمة الفضيعة في العالم . ماذا يمكن ان يقال ؟ مثلا ان هنالك عديد من الدول تدعي الاسلام باكستان رسميا دولة اسلامية . المملكة العربية السعودية دولة اسلامية هذه الدول بدلا ان تساند الشعب الكردي ساندت الحكومة العراقية بالاموال والاسلحة والمعدات لإبادة الشعب الكردي . هل لا يتناقض هذا الموقف مع احكام الاسلام ومبادئه ؟!


النفير : إذن الشعب الكردي باق لوحده يعتمد على نفسه . فهل هناك صيغة لتوحيد صفوف المعارضة لمواجهة النظام العراقي ؟ وما هو الإساس الذي تبنو عليه ؟

الطالباني : انا لا اعتقد ان الشعب الكردي باق لوحده . انا اعتقد أن الشعب الكردي قد كسب العديد من الاصدقاء . سؤالكم كان حول


ژمارە حەوت لە بڵاوکراوەی ئەلنەفیر کە بەشی دووەمی چاوپێکەوتنی لەگەڵ مام جەلال بڵاوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٠.




چۆن مارکسیزم لێنینیزم فێر ئەبین، گۆڤاری کۆمەڵە ن ژمارە ١ ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩.



وێنەی ئۆرجینالی بەرگی گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە یەک ساڵی ١٩٧٨ – ١٩٧٩.



وێنەی ئۆرجینالّی بەرگی گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە دە، ساڵی ١٩٨٦،



مارکسیزم - لینینیزم
چۆن بەکاردێنین ؟

توانا


هەر لە سەرەتای پەیدا
نیەوە ، وەک فەلسەفەیەکی عیلمی
زیندوی گەشەکردو ، مارکسیزم
ستیە گشتیەکانی لە واقیع و
داوەکان و ژیان و ناکۆکیەکانی
ەڵایەتیەوە هەڵێنجاوە و سەرەتاو
ونەکانی لێهاتەوە داڕشتوە ،
ەک تاکە نیاز ئەویش بەکار
انیانە بۆ گۆڕاندن وگەشەپێدانی
ەڵ و سروشت ، بەهیوای رزگار
نی مرۆڤ لە جەوساندنەوە و
جۆرە زوڵموزۆر و جیاوازی و
زنجیرێک کە پەکی گەشەکردنی
بی کۆمەڵ و بیرو سروشت
ن .

زۆر زوو کارل مارکس گۆتوبەتی
ئێستە فەیلەسوفەکان هەر
ان شی کردۆتەوە و لێک


داوەتەوە ، کەچی ئیتر پێویستە
بۆ گۆڕاندنی هەوڵدەن . دەربارەی
تیۆریەکەی خۆشیان مارکس وئەنگلز
چەندین جار ئەم راستیەیان دوو
پات کردۆتەوە کە تیۆری یەکەی
ئەوان بیروباوەڕی وشک و بریندگ
نیە بەڵکو ڕێنوێنی کارکردنە .
واتە ئیکردنەوە و لێکدانەوەی
کۆمەڵ و سروشت و زانینی
پەیوەندیەکانی ناوخۆیشیان،ناسینی
هێزە و جۆرەکانی دیاردەو ڕووداوە
کانیشیان ، فێربونی قانونەکانی
گۆڕان و گەشەکردنیشیان ، هەر
بۆ بەکارهێنان و جێ بە جێ کردنی
ئەو راستیە گشتیانە و ئەو
قانونانەی گۆڕان وگەشەکردنیانن .
واتە ئەرکی هەرە گرنگ بەکار
هێنان و جێ بە جێ کردنیانە و

کۆمەڵ/ ژ ٣/ ئازاری ١٩٨٥

چۆن مارکسیزم لینینیزم بەکاردێنین، لە ژمارە٣ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٥.



بۆپاراستن لە لادان و سەرلێشێوان، لە ژمارە ١٠ خولی ٣ سالّی ١٩٨٦.



کۆمەڵە

گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان


ژمارە ٣
خولی ٣

ئازاری ١٩٨٥
خاکەلێوەی ١٣٦٤

لەم ژمارەیەدا :

* ڕونی ستراتیجیەت و
دەوری لە قۆڵ کردنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕی دا
* شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسی
* مارکسیزم ـ لینینیزم چۆن بەکار دێنین ؟
* "ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەداری "
لە نێوان گوتە فیکریەکان و سەلماندنی لەواقیعدا

وێنەی ئۆرجینالّی گۆڤاری کۆمەڵە، خولی ٢، ژمارە ٢، ئازار ١٩٨٥.



کۆمەڵە


گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ژمارە ١
خولی ٣

ناوەرۆک :

- بۆچی گفتوگۆ کۆنابێ هات ؟
- سێیەمین کۆنگرەنسی کۆمەڵە .
- مەسەلەی جاشایەتی لە کوردستانی عیراق دا .
- تەلبەندکردنی نۆردوگاکان بۆچی ؟
- بەرنامە و پڕۆژەو ... چەند هەستەیەکی ڕێکخراوەیی .
- جەنگ وبنەما سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی .
- چۆن مارکسیزم لینینزم تێ دەگەین .
- چەند هەواڵێک .

وێنەی ئۆرجینالّی گۆڤاری کۆمەڵە، خولی ٣، ژمارە ١، کانوونی دووەم ١٩٨٥.



تیۆری

چۆن مارکسیزم-لینینیزم تێدەگەین ؟

توانا

لە وتارێکی پێشودا بە ناونیشانی چۆن مارکسیزم - لینینیزم فێر دەبین (بروانە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ١) بەکورتی و بوختی دەرمان خست کە م.ل چی یە و ئوتمان :

فەلسەفەی مارکسیزم تۆرێنێکی گەتی زانستی ڕاست و دروستە بۆ: سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤ، کە کاکڵەی یاسا هەرە گشتیەکانی بەیەکبون و گۆڕان و گەشەکردنی ئەو جۆرێکی زانستی داڕشتون، ناکۆ بەکار هێنەرێن لەپێناوی ڕزگار کردنی بەکجارەکی مرۆڤدا لە هەموجۆرە زۆرداری و چەوساندنەوەیەکی جیناپەتی و ئازاردانێکی نەتەوایەتی و جیاوازیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزایەتی دا، لە پێناوی ستنی جۆرێکی ڕەنجدەران و زۆرلێکراوان دا، جۆرێکی ڕزگاری نەتەمانی و دیموکراتی، جۆرێکی پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم و ئینجا کۆمەڵی بێچینەن و چەوساندەوە.


لینینیزمیش :

هەر مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم و جۆرێکی پرۆلیتاریایە، کە تیۆری جۆرێکی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای بەتەواوی دارشتوە و ستراتیژ و تاکتیکەکانیشی هەمانددوە.

جا گەر بمانەوێ مارکسیزم-لینینیزم پێکەوە بەکورتی تەعریف بکەین دەبێ بڵێین :

مارکسیزم - لینینیزم :

چۆن مارکسیزم لینینیزم تێدەگەین، لە ژمارە ١ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٥.



کۆمەڵە

ژمارە ١٣
خولی ٣

ئایاری ١٩٨٦

گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

لەم ژمارەیەدا :

☆ نیمپریالیست و داگیرکەرانن تیرۆریست نەک گەلانی ڕزگاریخواز


☆ ئایا ڕوخاندنی ڕژیمی دروشمی جولانەوەی کوردە ؟

☆ لادان بە لای ڕاستدا

☆ نەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی لە وتاریکی لینین دا

☆ دوو نامە لە زیندانی فاشیستەکانەوە

وێنەی ئۆرجینالی گۆڤاری کۆمەڵە، خولی ٣، ژمارە ١٣، ئایاری ١٩٨٦.



٢٧٧

خۆپاراستن لە لادان و سەرلێشێواون

(٥)

لادان بەلای راستدا

توان

لادان بەلای راستدا ، لە ئاو
هزاندەوەی گرێکارانی خورهەڵگیرو هەواداری
(م.ل) زیاتر خۆی لە رەقمزنیزم
(تەرەقەت) و سەندیکالیزم (ئقلیمیت)
و ئیکونومیزم (ئقتصادیەت) دا هەوی
دەوڵەتیت ، لە کارو هەڵسوکەوتی رۆژانەدا
دەبینە وازهێنان لە خەباتی چینایەتی
بەمەبەستی خورهەڵگیرانەکەی ، هەمووەی
هاندان و ماندگرتنی گەنج و رابەرێکی
جەماهیری بە گەشتی و دەستەوەگرتن لە
خورهەڵگیری چەکدار بەناپەیەتی ، وەڵمجیاتی
ئەمە پەسندکردنی جالاکی پەرلەمانتی و
خەباتی رۆژنامەگەری و نووسین و دەست
تێکەڵاوکردنی ئەگەل بورژوازیەکان وەک
هەردو سەرەکی حەبات ، رەفتارو
بیار ، کە ئەمەی دەکاتە وازهێنان لە
دەستاندنی جەماوەری هەتا ...

جەنگی چینی کرێکار و بەڵاوە نانی ئەم
راستی یەی کە هەموو حوکمێک لە
ناومرۆڤیدا دەبێتی چینێکە وانە
دیکتاتۆریەتی چینێکە و جا ئەو
دیکتاتۆریەتە بەشێوەی پەرلەمانتی و
ناسایی ئەنجام بدرێت یان بەزەبر و
ڕەنگ و داپلۆسین .

ئیمەر پەستر باسی ڕقمزنیزمەکان
کردوە ، بڕیە لێرەدا هەر بە کورتتی و
پوختی باسی سەندیکالیزم و ئیکونومیزم
دەکەین . ئنجا دێینە سەر هەموو
بابەتە ناپەیەتی یەکانی ڕاڤی هەڵسان
لەلادان بەلای راستدا .


ئیکونومیزم و سەندیکالیزم

ئیکونومیزم : ئەبارەکی سەر ...

خۆپاراستن لە لادان و سەرلێشێواون، لە ژمارە١٣ خولی ٣ ساڵی ١٩٨٦ی کۆڤاری کۆمەڵە.



وێنەی بەرگی گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٣، تیایدا بەشی یەكەمی وتاری پوختە باسێك دەربارەی سۆشیال دیموكرات بە پێنووسی زانا.



پوختە باسێك دەربارەی سۆشیال دیموکراسی


زانا

لەوەتەی لەناو کومەڵ مرۆڤدا زوڵم زۆرداری و خوێن مژین پەیدابووە، دژایەتی زۆرداری و خوێنمژینیش لێیانەوە پەیدا بووە. لەو ناکۆکی یەی کە لەنێوان زۆرداران و خوێنمژان لەلایەك، وە زۆرلێکراوان و خوێنمژراوان لە لایەکی تریەوە لەو ناکۆکی یەوە خەباتێك هاتۆتە کایەوە. واتە نەو خەباتە مێژووکردەو دەستکردنەبووە. واتە خەباتێکی بابەتی یە بە ناچاری،رووەدا .

جا لەو خەباتە بابەتی یە مێژوو کردە، بەناچاری یەوە ململانێیەك پەیدا دەبێ کە زۆر لە کۆنەوە زانایان و پیاوچاکان بیروڕای جیاجیاو بۆچوونی جۆراو جۆریان هەبووە لەسەری. هەندێکیان وتویانە نەو خەباتە، ململانێی نێوان چاکەو خراپەیە. خێرو شەرە، حەقو ناڕەوایی یە. هی دادو زۆرداری یە. لە نیسلامی خۆماندا ناوی «طغیان»و «مستضعفین» هاتووە.

لە نەوروپاش زۆر دەمێکە، بگرە هەر لە زەمانی یۆنانی کۆنەوە، لەو خەباتە دواون. زۆریشیان بیر لە نەهێشتنی زۆرداری و چەوساندنەوەو خوێنمژین کردۆتەوە. هەر چەندە بەشێوەی جیاوازو بەجۆرێك بووە کە لەگەڵ ناستی کەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زانیاری هەر سەردەمە جۆر بوو بێت. واتە نەتواندراوە، لێك دانەوەو شی کردنەوەی دیاردەی زۆرداری و خوێنمژین و چەوساندنەوەکە یان چارەکردنیان بۆیان، لەجغزی هەلومەرجەکانی

پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکرات ، بەشی یەکەم.



نەهێشتنی بەرەللایی

توانا


چەکی ململانێی نایدۆلۆجی لە ناوخۆدا -بەشێوەیەکی سازندەو نیجابی- چەکێکی زۆر گرنگو پێویستە بۆ پاراستنو پتەوکردنی یەکێتیی ریزەکانی رێکخستنمان، بۆ دوژمنەوەی لادانو کەمو کورتیەکانو پرکردنەوەی ناتەواویەکانو لابردنی هەڵەو چەوتیەکانو بۆ هێنانە جۆشو خرۆشی هەڵانو رێکخستن. هەر بۆیەش هەمو هەڵایێکی هۆشیاری تێکوشەر دەبێ نەو چەکە بە دەستەوە بگرێتو ژیرانەو هۆشیارانەش بەکاری بهێنێت. دیارە هەمو تیغو چەکێکیش کەر باش رەنیو نەهێندرێ نەوا ژەنگ هەڵدێنێتو کەر راست ناراستە نەکرێت نەوا رەنگە خاوەنەکەشی بریندار بکاتو زیان بەخۆمان بگەیێنێت نەك بەدوژمن. یەکێك لە گەورەترین دوژمنانی ململانێی نایدۆلۆجی سازندەو نیجابیشی لەناو خۆماندا بەرەللاییە کە هەم ناژاوەو هەم سستیو خاوو خلیچیو هەم کێشە شێوێنیو پشێویو هەم هەڵەتەکانیو هەم فەوتاندنی کیانی حزبایەتیو هەڵایەتیو هەم پەکخستنی سیاسەتو هەڵوێستەکانی لێ دەبێتەوە. هەر بۆیەش بەرەللایی لەناو رێکخستنە شورشگێرو پێشکەوتنخوازەکاندا زۆر زیانبەخشو خراپە مایەی هەڵتەکاندنەوەی یەکێتیی ریزەکانو کزکردنی پەیوەندیەکانو تێکدانی نیوانی هەڵانو پەست کردنو ساردکردنەوەیان دەبێت. نەنجامەکەشی دابرینی رێکخراوەکانی رێکخستن لەجەماوەرو دابرینیشیانە لەخەباتی کۆمەڵانی خەڵك.

رێبازی نوێ

نەهێشتنی بەرەڵایی ، رێبازی نوێ سالی ١٩٩٣




وێنەی بەرگی گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە ٣، ساڵی ١٩٩٤، تیایدا بەشی دووەمی وتاری پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکرات به پێنووسی زانا.



لەم ژمارەیەدا

- سەروتار ..... ل 5
- دەربارەی سوشیال دیموکراسی ..... ل 10
- کاک کوسرەت بو ریبازی نوی دەدویت ..... ل 24
- کوردستان ، روژهەلاتی ناوەراست و پەیوەندیە نیو دەولەتیەکان..... ل 30
- تیشکیک بو سەر مەسەلە دەروونیەکان و کەسیەتی کورد ..... ل 48
- لە پەراویزی مەسەلە ئایدیولوژیەکاندا کیشەی نەتەوایەتی سەربەخویی خوی دەچەسپینی ..... ل 54
- مافی بریار دانی چارەی خو نوسین ..... ل 57
- گورانکاریەکانی یەکیتی سوفیەتی جاران و ئاسایشی ئەوروپا ..... ل 75
- رامانیک لە شکستی حزبی سوسیالیستی فەرانسە لە هەلبژاردنی گشتیی سالی ۱۹۹۳ ..... ل 84
- سایکولوجیەتی ریکخستن یان رولی فاکتەری دەروونی لە ریکخستندا.ل 90
- پەنجەرەی ریبازی نوی
- ئیتالیا و سەرکەوتنی سوسیال دیموکرات ..... ل 109
- بەرنامەی هەلبژاردنەکانی ئەوروپا ..... ل 111
- ئیرلەندە : کیشەیەکی دوو لایەنی چارەسەر نەکراو..... ل 113

پێرستی ژمارە ۳ی گۆڤاری ڕێبازی نوێ.



دەربارەی سۆشیال دیموکراسی

ژانا

بەشی دووەم

لە بەشی یەکەمدا کە لە ژمارە (١)ی ڕێبازی نوێ‌دا بڵاو کرایەوە ، باسی چۆنیەتی پەیدا بوونی بیر و باوەڕی سۆشیالیستی و چۆنیەتی گەشە کردنەکەی لە سەرەتایی و نوێوایە بۆ سۆشیالزمی عیلمی مان کرد .

لە نیوەی دووەمی شەستەکان دا جوڵانەوەیی کرێکارانی ئەوروپا جارێکی تر بوژانەوە . ژێرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان کە کرێکاران تێیدا دەوری دیاریان نواند و مارکس و ئەنگلیز هیوایەکی زۆریان بە شۆڕشەکەی ئەلمانیا هەبوو ، کە هەرچەندە لە ناوەڕۆکیا شۆڕشی بۆرژوازی بوو، بەڵام هیوایان زۆر بە دەوری دیار و تایبەتی کرێکاران هەبوو .

کە شۆڕش دامرکایەوە ، خەباتی شۆڕشگێڕانەی مێژوو کرد نیشتەوە، دەبوایە شێوە و جۆری خەباتی سیاسی هۆشیارانیش بگۆڕێت و بگونجێت لەگەڵ ڕاستیەکان و توانای ڕاستەقینەی جوڵانەوەی کرێکاران . لەو کاتەدا ئەدەکرا دریژە بە هاندان و ڕاپەڕاندنی جوڵانەوەیی دامرکایەوە ، بدرێت .

بۆیە وەک تێکۆشەرانی عیلمی و واقیعی ، مارکس و ئەنگلزیش ملیان نایە خەباتی فیکری و خۆسازدان بۆ کاتو ساتی بوژانەوە و هەڵچوونەوەی جوڵانەوەی کرێکاران بەتایبەتی و جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی بە گشتی . بەتایبەتی لە هێشتا ئەرکی داڕێژتنی تیۆری سۆشیالیستی عیلمیان بەتەوای بەجێ نەهێنابوو ، هێشتا خەملاندنی تیۆری و بیر و ڕاکانیان مابووی . بۆیە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی کاروباری تیۆری و سیاسی بوون . خەریکی ڕێکخستنەوەی ڕێکخستن و سازدان و کادر پەروەردەکردن بوون لە هەر کوێیەکی بۆیان لوا بێت و ڕێگایان کرا بێت . واتە نێوانیان هەر تونـد و تیژ مابووە لەگەڵ هوشیارترین و شۆڕشگێڕترین کەسانی جوڵانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕی لە ئەوروپادا . هەر لەش لە یەکەمین هەڵی لە باری مێژوویی دا دەستیان کردەوە بە ڕێکخستنەوەی جوڵانەوەی کرێکارانی ئەوروپا . ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی ٢٨ / ئەیلوولی ١٨٦٤ دا کە لە لەندەن لە هۆڵی سانت مارتینیز بەسترا بۆ ناڕەزایی لە دژی دامرکاندنەوەی زۆردارانەی شۆڕشی پۆلۆنیا کە لە ساڵی ١ دا هەڵگیرسا بووە ، مارکس هەڵەکەی قوستەوە و بە هاوکاری هەندێ ئینگلیز و فەرەنسا و ئەڵمان نێو نەتەوەیی یەکەمیان دامەزراند . سەرەکی یەکەشی ڕێکخستنی جوڵانەوەی کرێکاران بوو بە جیاوازی بیر و (بێ گوێ دانە بۆ چونە تایبەتیکانی خۆیان) و بە جیاوازی شوێن و

ازی نوێ، ژمارە ٢ ، ١٩٩٤

پوختە باسێک دەربارەی سۆشیال دیموکرات ، بەشی دووەم.



عیراقیکو دیموکرات و کوردستانیکو نوتونوم

ڕیبازی نوێ

ئۆرگانی پەکێتی سێشەمانی کوردستان

ژمارە ـ ١ ـ کانونی دووەمی ١٩٧٦

هەر وتار

چیای لالش بە

شۆڤێنیەکان ناگوێزرێتەوە

49



سەرکەوتووبێ شۆڕشە دیموکراتی‌یە عیراقی‌یە کەمان

عیراقێکی دێموکرات و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم

ڕێبازی نوێ

ئۆرگانی یەکێتی‌یەتیشتمانی‌ی کوردستان

ژمارە ٢/ پێنجی‌ی دووەم ١٩٧١

خەباتی چەماوەری شۆرشگێڕانەی یەکجار گەورەی دوای ئەگەلی مێژە پێشکەوتن جوانەکانی عیراقیا لە بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا . پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ پتەوکردنی عیراق لە نێوبردنی دیموکراتی نیشتمانی .

وتەکەی ژمارە

دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریە شێوەی جەنگی پارتیزانی لە زۆر شوێنی کوردستاندا نیشانەیەکی ئەوە بوو کە ئیرادەی جەماوەری کوردستان بڕیاری بەردەوامی شۆڕشگێڕانەی دا . ئەم بڕیارە بەتایبەتی لە ڕۆژانی یەکەمی دەستپێکردنی شۆڕشەکەدا بە ڕوونی دەرکەوت . ئەو ڕاستیەی کە ئەم بڕیارە لە ناخی جەماوەرەوە سەرچاوەی گرتووە و بە ئیرادەی ئازادی خوازانەی خەڵکی کوردستان دێتە دی ، ئەو ڕاستیەی کە ئەم بڕیارە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی ورد و وردبینانەی بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەروەها لە ئەنجامی ئەزموونی ڕابردووی شۆڕشی ئەیلوڵ و ئەزموونی ئەو شۆڕشانەی لە جیهاندا ڕوویانداوە ، دێتە دی ، ئەو ڕاستیەی کە ئەم بڕیارە لە ئەنجامی ئەو هەموو ئامادەکاریانەی کە ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوون

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری سااڵنی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٦)

ز	ناوی بڵاوکراوە	نووسەر - وەرگێڕ	ژ. لاپەڕە	زمان	ساڵی چاپ
١-	الدولة الفاشلة	عدنان منصور	١٧٦	عەرەبی	٢٠٢٤
٢ -	پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا	محمد فاتح	٤٢٠	کوردی	٢٠٢٤
٣ -	مواقف و آراء	جلال طالباني	٣١٢	عەرەبی	٢٠٢٤
٤ -	شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا	جەلال تاڵەبانی	٢٩٤		٢٠٢٤
٥ -	الهم الوطني - دوو بەرگ	اعداد: محمد شيخ عثمان	٩٦٩	عەرەبی	٢٠٢٤
٦ -	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رەهەندەکانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر-ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری	فەرید ئەسەسەرد	٩٤	کوردی	٢٠٢٤
٧ -	پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - ژ. (٢) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری	ڕێکەوت اسماعیل	٦٤	کوردی	٢٠٢٤
٨ -	بیرەوەرییەکانم	نەجمەدین گلی	٢٢٤	کوردی	٢٠٢٤
٩ -	دەرکەوتن لە میدیا - ڕێنمایی سەرەتایی بۆ کاندید	بەهێز حسێن	٣٦	کوردی	٢٠٢٤
١٠ -	سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان	د. ئەکرەم میهرداد	٦٢	کوردی	٢٠٢٤
١١ -	بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان – بەرگی یەکەم	سامی قادر	٢٩٤	کوردی	٢٠٢٤
١٢ -	تۆماری سەروەری (٨ بەرگ)	ئازاد سەراوی	٥٢٣٠	کوردی	٢٠٢٤
١٣ -	جەنگی سارد	ڕێکەوت ئیسماعیل	٥١٠	کوردی	٢٠٢٤

١٤ -	رەهەندی تەندروستی - بەرگی دووەم	گۆران سەلام محمد	٥٥٢	کوردی	٢٠٢٥
١٥ -	رەهەندی تەندروستی - بەرگی سێهەم	گۆران سەلام	٥٤٠	کوردی	٢٠٢٥
١٦ -	الشرارة – دوو بەرگ	پرۆژەی هاوبەش – بنکەی ژین	١٥٢٧	عەرەبی	٢٠٢٥
١٧-	راگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا	عەباس عەبدولڕەزاق	٢٠٩	کوردی	٢٠٢٥
١٨ -	شۆڕشەک ژ هەلەمورا شۆڕشەکێ ٣٨ کاروانێ شۆڕەشگێڕان	ن: بلند شالی کوردیکرن: محسن عەبدولرەحمان	١٢٨	کوردی	٢٠٢٥
١٩ –	پارتیزانەکانی دوای ئەنفال	محمد تەقی	٤٥١	کوردی	٢٠٢٥
٢٠ –	فەرهەنگی سیاسی	برایم جەلال	٢٣٦	کوردی	٢٠٢٥
٢١ –	سەروەرانی زیندانیانی موسڵ	ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد	٢٥٧	کوردی	٢٠٢٥
٢٢ –	شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ	محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی	٥٧٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٣ –	في ادبيات حركة الكردايتي	ن: ستران عبدالله ت: علي شمدين	٥٣	عەرەبی	٢٠٢٥
٢٤ –	کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد	جەلال تالّەبانی	٤٥٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٥ –	یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا	دەقی عەرەبی: جەلال تالّەبانی وەرگێڕان: شاسوار جەلال	٩٢	کوردی	٢٠٢٥
٢٦ –	سەنگەر و خوێن	ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد	٤٤٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٧ –	بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر	ئەمیرە محەمەد	٤٣٨	کوردی	٢٠٢٥

٢٨ –	گەشتێک بەناو فیکر و فەلسەفەی جیهاندا	ئەردەڵان عەندوڵڵا	٥٧٦	کوردی	٢٠٢٥
٢٩ –	كركوك الهدف الخفي و هوية المكان	لطيف فاتح فرج	١٥٨	عەرەبی	٢٠٢٥
٣٠ –	نامیلکەی مام جەلال – لەپەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە– ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری	ستران عەبدوڵڵا	٣٤	کوردی	٢٠٢٥
٣١ –	شەوێک لە شازدە مانگەی ئینفرادی ئەمنی هەولێر	محەمەد مەنگوڕی	٩٤	کوردی	٢٠٢٥
٣٢ –	چراکانی شاخ – چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ	محەمەد حەمە تەقی	٢٣٨	کوردی	٢٠٢٥
٣٣ –	نەفرەتا زێڕێ رەش – ئەزمونا حوکڵرانی یا کوردی	د. هاشم زێباری	٢٣٤	کوردی	٢٠٢٥
٣٤ –	مؤتمرات المعارضة العراقية و خطاب مام جلال الوحدوي – مؤتمر لندن نموذجا	عەدالەت عەبدوڵڵا	٨٤	عەرەبی	٢٠٢٥
٣٥	مقالات صحفية	جلال طالباني اعداد و كتابة الهوامش سامي قادر		عربی	٢٠٢٥
٣٦	هونەری ژیانێکی باش	وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمەکەریم		کوردی	٢٠٢٥
٣٧	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – مانیفێستی شۆڕشی برادۆست	نەوزاد عەلی ئەحمەد		کوردی	٢٠٢٥
٣٨	ئەدەبیاتی مام جەلال – کلیلێک بۆ مام ناسی	ستران عەبدوڵڵا		کوردی	٢٠٢٥
٣٩	شکاندنی زیندانیانی سێدارەی موسڵ	دەرسیم پێشەوا		کوردی	٢٠٢٥
٤٠	خەرمانی خزمەت – بیرەوەرییەکانی شێخ بایز تاڵەبانی	ئامادەکردنی بارام سوبحی – هێمن کامیل		کوردی	٢٠٢٥

٤١-	وهج التاريخ	عماد احمد ترجمه: د. بندر علی اکبر شاکه		عربی	٢٠٢٦
٤٢-	کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان	ئاوات محەمەد ئەمین		کوردی	٢٠٢٦
٤٣-	طریق الحریر	عدنان منصور		کوردی	٢٠٢٦
٤٤-	دەربارەی جینۆسایدی ئەرمەن	وەرگێڕانی: محمد حەمەسالّح توفیق		کوردی	٢٠٢٦
٤٥-	میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا	ڕێژنە ئەبوبەکر		کوردی	٢٠٢٦
٤٦-	ڤێدانا ڕۆژێن ئەز ژبیر کریم – بێدارا تەمەنەکی	سەلام لیناڤایی		بادینی	٢٠٢٦
٤٧-	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاراوگە (١٩٧٥ – ٢٠٠٥)	نەوزاد عەلی ئەحمەد		کوردی	٢٠٢٦


یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
یەکێتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاری